هاوڕێ باخەوان

# وشە پەرتەوازەکان

بەرگی دووەم



ناوی پەڕتووک: وشە پەڕتەوازەکان

نووسەر: هاوڕێ باخەوان

**بابەت: کۆمەڵە وتار و دیمانە**

**بەرگ: دووەم**



**هاوڕێ باخەوان**

# وشە پەڕتەوازەکان

**بەرگی دووەم**

سەرجەمی ئەو وتار و دیمانانەیە کە لە ساڵی 2005ەوە تاوەکو سێپتێمبەری 2009 لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردییەکانی کوردستان و هەندەراندا بڵاوکراونەتەوە

# ناوەڕۆك


**ناوەڕۆك** ........ 3

**وتەیەك** ........ 9

**دیسان مارشی نەتەوەکەم** ........ 11

**یان دەنگبدە! یان سەرلێشێواویت و لە کوردستان بڕۆ دەرەوە!** ........ 13

**ڕەسوڵە خڕەی باخەوان نەخوێندەوارێکی ڕووناکبیر! 1897 - 1958** ........ 17

**زمان و ڕێزمانی کوردی لە سایەی هەڵبژاردندا!** ........ 25

**لە دادگای میلۆسۆڤیچەوە بۆ دادگاییکردنی سەددام** ........ 28

**کرۆنۆلۆژیایەکی بەرفراوان بۆ مانگی مارت** ........ 51

**جەلال تاڵەبانی لە هاوڕێنامەدا** ........ 52

**ئەنفال لە هاوڕێنامەدا** ........ 53

**ژن لە هاوڕێنامەدا** ........ 54

**شاری دوو حاکم!** ........ 55

**خەڵاتی ئەم دواییەی بیابان و بیری بێگانە** ........ 58

**ئەوە چ بیرێکە؟ ئێمەش چ بیرێکمان هەیە!** ........ 59

**پشدەر لە هاوڕێنامەدا** ........ 61







**مامەڵەی بەرامبەر** ........ 62

**مژدەی گیرانی ئاکۆ محەمەدی تیرۆریست!** ........ 64

**کورد و هەڵپەرکێ!** ........ 68

**ئەنفال - وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەی زەنگ** ........ 70

بانگەوازێك لە گروپی (ئی-فەرهەنگ)ەوە ........ 73

**ڕووبەڕوویەك لەگەڵ گۆڤاری زنار** ........ 77

INTERVIEW MET HAWREH BAKHAWAN DEEL I ........ 90

INTERVIEW MET HAWREH BAKHAWAN DEEL II ........ 93

**جەنگی ناوخۆ... بەخێرهاتیت!** ........ 96

BURGERORLOOG ........ 101

**مەرگی کاسترۆ, مەرگی کۆمۆنیزمە لە کوبا!** ........ 103

**ئەو وشانەی دوو "حکومەت" لێی دەترسن!** ........ 108

**دیسان مامەڵەی بەرامبەر!** ........ 117

**نووسەری هاوڕێنامە بۆ لڤین** ........ 119

**نەفرەت لە کۆمۆنیزم! (دەروازەیەك بۆ کەمبۆدیا)** ........ 131

**گفتووگۆیەك لە تەوەری یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان** ........ 155

**تەوەرەی کەرکووك و شکستی ماددەی 140** ........ 159

**زوومی کامێراکانتان کوێربێتەوە!** ........ 163

**وەزیری ئەخلاق!** ........ 167

زۆربەی بەرتەکەکان بۆ کوشتنی ئەییوب دڕندانە بوون! ...... 173
زمانی وێنە - کچە ئەتککراوەکانی خورماڵ ...... 178
ببوورە ماندێلا! ...... 195
دیمانەی بونیاد لەگەڵ هاوڕێ باخەوان ...... 198
زمانی وێنە - دەبێت ئەم خەوە چەندی تێچووبێت؟! ...... 205
لە هەولێرەوە بۆ ئایندهۆڤن ...... 209
ئەوسا و ئێستا ...... 214
تەوەرێك لەسەر چەمکی ئازادی ...... 278
ئەگەر ئێمەش دوو تۆپ بتەقێنین! چی دەبێت؟! ...... 283
سکاڵای مەلاکان بۆ گیرفانیانە! ...... 285
لە هۆڵی "پێشەوا" یادی تاوانەکانی خومەینی کرایەوە! ...... 295
سزای شەرعیی ناو سکاڵای مەلاکان بەم شێوەیەیە! ...... 300
من و تۆ! ...... 318
نەفرەت لە یاسا! ...... 321
ئێمە 1400 ساڵە ژێردەستەی ئەمانەین! ...... 323
هەڤپەیڤین لەگەڵ رووداو ...... 333
مەلای ئەوسا و مەلای ئێستا! ...... 341
کەرکوك، گەرماوگەرم ...... 347
چەند خولەکێك لەگەڵ (ئازاد هەورامی)دا ...... 350



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

هەڤپەیڤین لەگەڵ گۆڤاری هەڵبوون – سازدانی شەنکار عەبدوڵڵا! ...... 353
هەڤپەیڤین لەگەڵ رۆژنامەی بەدرخان – سازدانی هەڵۆ مەرگەیی ...... 361
ئیتر ئیسلامییەکان چییان دەوێت! ...... 383
هەولێر، گوندێکی گەورەی دوواکەوتوو! ...... 391
دیمانەیەك لەگەڵ رۆژنامەی میدیا – سازدانی ئیبراهیم عەباس ...... 398
ئەگەر حکومەتەکەی شێخ مەحموود سەریگرتبا! ...... 409
کورد و .. تیرۆرانینی کوردناس و گەڕیدەکان ...... 415
بۆ ئەوانەی کوردستان ناناسن! ...... 420
من ئەو وتارەم نەنووسیوە! ...... 428
دەسڕی توالێت! ...... 431
لێدەن دوو رۆژی دیش پشووە! ...... 434
چیرۆکە نهێنییەکانی بەیانیانی یەکشەممە! ...... 436
دیمانە لەگەڵ هەفتەنامەی بارزان – سازدانی شوان سدیق ... 441
ئیدی لۆمەی فەلەکانی عەینکاوە ناکەم! ...... 453
دیمانە لەگەڵ هەفتەنامەی سۆلیدارێتی خوێندکاران – کامەران برایم ...... 457
وامزانی مۆتەکیش بەدەردی ڤیلدەرز دەچێت! ...... 463

پاش 21 ساڵی کارەسات و 18 ساڵی ئازادی! .................... 466
ئەگەر یەکەکە لە قەندیل نەبایە! .................... 470
باش بوو پاسۆك نەما, ئەگینا ئەویش چەند کەرت دەبوو! ..... 472
چەند نووسەر هەیە, هێندە ڕێنووسیش هەیە! .................... 476
دیمانە دەربارەی لیژنەکانی پەڕلەمان .................... 480
دەنگ بەکێ دەدەم؟ .................... 484
من لە دهۆکیش هەر ناوم "هاوڕێ"یە! .................... 487
چی بە پارتی و یەکێتی دەگووترێت! .................... 489
کێ بکرێتە وەزیری ئەنفال و شەهیدان! .................... 492
دیمانە لەگەڵ گۆڤاری شەقام – سازدانی شەنگار عەبدوڵڵا ..... 495
هەڵبژاردنی پیران و بەکارهێنانی گەنج و ژن! .................... 504
مێژوو ئەو "گومڕایینامە"یە نییە کە دەستەڵات دەینووسێتەوە! .................... 508
دەنگدان بە پرۆژەیاساکان لە ماوەی درێژکراوەی پەڕلەماندا نایاساییە – رادیۆی نەوا – ئامادەکردنی هادی رەحمان ...... 511
دیمانە لەگەڵ گۆڤاری کۆوار – سازدانی محەمەدی حاجی کەریم .................... 514
بەشداریکردنی تەوەرێك لە ماڵپەڕی "ئیلاف"ی عەرەبیدا – سازدانی ڤینۆس فایەق .................... 518





ئایا پەرلەمانی داهاتوو لە کوردستان چۆن دەبێت - رادیۆی نەوا – ئامادەکردنی هادی رەحمان .................... 522
دیمانە لەگەڵ گۆڤاری چاوگ – سازدانی فەرمان .................... 524
سوودەکانی ئەم هەڵبژاردنە – ئەوە چی بوو روویدا! .......... 536
لایەك درۆ دەکات! .................... 544
فایلەکان هەڵدەنەوە! .................... 549
هەوڵی پێکهێنانی دادگای ئازاد لە کوردستان – رادیۆی نەوا – ئامادەکردنی هادی رەحمان .................... 552
گەندەڵانی بێسنوور! .................... 555
دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی ئاڵای ئازادی سەبارەت بە هەڵبژاردن .................... 558
لەسەر دوا بڕیار لەسەر ئانرات – سازدانی عەلی مەحموود محەمەد .................... 563
پرۆژەیاسایەکی نوێ بۆ پەڕلەمانی نوێ! .................... 568
دەستووری هەرێم بۆچی ئامانجێکی سیاسی نوسراوەتەوە؟ 571
جاش و باش و پرسیارێك! .................... 582
دۆبلاج یان ژێرنووس؟! .................... 587
دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی رووماڵ – ئەسەلان مەحمود ............ 591
لیستەی گۆڤار, رۆژنامە و ماڵپەڕەکان .................... 594
پەرتووکەکانی نووسەر .................... 597

# وتەیەك

هزری مرۆ, بیرکردنەوەی, هەڵسوکەوتی و هەموو دیاردە مرۆییەکانی تری وەك هەنگامەکانی تەمەنێتی. منداڵێکی شیرەخۆرە زۆرترینی هزر و بیرکردنەوەی بۆ شیرەکەیەتی, هزر و هەڵسوکەوتی مێرمنداڵێك لە زۆربەی کاتدا یاخی و سەرکەشە. بەڵام پاش خۆناسینی ئەو مێرمنداڵە, ئەو بیرکردنەوەیە هێمن دەبێتەوە و تاوای لێدێت لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەو بیرەش لە چوارچێوەیەکدا خۆیدەگرێت.

دیارە ئەم هاوکێشەیە بەسەر هەموو مرۆڤێکدا ناسەپێت و مرۆڤایەتی و کوردایەتی گەلێك ریزپەڕی بەخۆیەوە دیتووە.

لە ڕەوەندی هزری ئێمەدا کەسانێکمان هەن خاوەن هزری لەرزۆك و بەپێی هەر کات و ساتێك و لەبەرژەوەندیی خۆیان, هەر جارەی رەنگێکیان لەخۆیانداوە, هزر و بیرکردنەوەی ئەوانە ئەگەرچیش لەباری فیزیکییەوە تەمەنیان بەرەوخوارچووە, بەڵام بیریان لە چوارچێوەیەکی ئاشکرا و هێڵێکی یەکئاڕاستەدا خۆیی نەبینیوەتەوە. زۆر جارانیش ئەم هزرە لەرزۆکە کارەساتی گەورەی نەك تەنها بۆ خودی ئەو مرۆڤە, بەڵکو بۆ نەتەوەکەشمانی لێکەوتووەتەوە.

مایەی خۆشبەختی و شانازیمە, کە بیرکردنەوەم هەر لە سەردەمی مێرمنداڵیمەوە لەیەك ئاڕاستەدا خۆیی بینیوەتەوە. تەواوی ئەو نووسین و وتار و کورتە لێکۆڵینەوانەشی کە پێشکەشی خوێنەرانم کردووە,





هیچیان ئەم سەنگەر و ئەو سەنگەر نین و هەموویان سەنگەری نەتەوەکەمن..[1]

هاوڕێ باخەوان
2003-06-16

[1] زۆربەی ئەو وتارانەی کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکان و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە, دەستم نەکەوتوون و هەندێکیانم لە رێی ئنتەرنێتەوە بینیوە. هەر بۆیە کۆکردنەوەیانم لەم پەرتووکەدا بەپێویست زانی و ناویشم نا "وشە پەرتەوازەکان".. هەندێك نووسینم لە جارێك زۆرتر بڵاوکراوەتەوە, هەندێکیشیان بە ویستی خۆم نەبووە و هەندێك رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ سەربەخۆ و بەبێ پرسی من بڵاویان کردووەتەوە. هەربۆیە لێرەوە تکا لەو کەناڵە بەڕێزانە دەکەم کە بەبێ پرسی خۆم هیچ نووسینێکم بڵاونەکەنەوە. ئەمە مافی رەوای خۆمە و هیوادارم رەچاوی بکەن.
شایانی باسە کە شێوەی ڕێکخستنی وتارەکان بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەیانە.
هەندێك نووسینم بەبێ رەزامەندیی خۆم لەکاتی بڵاوکردنەوەدا دەستکاریکراون, هەندێکیان بەجۆرێکی واهی شێوێنراون کە مەبەستەکەی منیان تێیدا تێکداوە. بەڵام لێرەدا تەواوی نووسینەکان وەك خۆی کاتی خۆی چۆنم نووسیوون, هەرواهیش بڵاومکردوونەتەوە.
لەگەڵ زۆربەی دیمانەکانم پڕۆفایلی خۆم بڵاوکراوەتەوە, بەڵام لێرەدا لەبەر جێگرتن بەپێویستم نەزانی ئەو پڕۆفایلانە دووبارە ببنەوە و لامبردوون.

# دیسان مارشی نەتەوەکەم[1]

له لاپەڕە 703ی هەمبانه بۆرینەی مام هەژاردا لە واتای "گوجەر"دا نووسراوە, گوجەر: کز و دالگۆشت و بێ هێز. لە لاپەڕە 725دا نووسراوە, گەجەر: کز, دالگۆشت. لەبەرامبەر گەجەر و گوجەریشدا نووسراوە, گەجەر گوجەر: 1) ئاژەڵە کزەکان, 2) برێتی لە خۆڕی و تۆڕی.

دەمزانی دەستەواژەی گەجەر و گوجەر زۆر نێگەتیڤە, بەڵام بۆ ئەوەی پڕاوپڕی واتا و لێکدانەوەکەی ببیستم ناچار بووم پەنا بەرمە بەر هەمبانە بۆرینە.

دەستەواژەی گەجەر و گوجەر, یان خۆڕی و تۆڕی لە فەرهەنگی ئەو کەسانەی کە ئەدەبی ئەدەبییان تێدا نییە بەو کەسانە دەگووترێت کە:

- بەرگری لە مارشی نەتەوەیی دەکەن.
- دەڵێن مارشی نەتەوەیی پیرۆزییەکی تایبەتیی هەیە و نابێت دەسکاریی بکرێت و بکرێتە تەنز.
- لە جیاتی مەدالیا و رێزلێنان بە خێزانی هۆزانەوان دڵدار دەگوترێت, چونکە ئەو نووسەری ئەو مارشە نەتەوەییەیە[2].

---

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 06-01-2005.

[2] بڕوانە: مەهاباد کوردی – هەندێ پرسیار و بەس! – ماڵپەڕی کوردستان نێت رۆژی 30-12-2004. شایانی باسە من چیرۆکی ئەو گەجەر و گوجەرەم لە نووسینەکەی کاك مەهابادەوە بیست.





پاش تێکدان و ئەتککردنی سروودی ئەی رەقیب لەلایەن کەسانێکەوە کە بەداخەوە زمانی دایکییان کوردییە! و پاشانیش هەندێك لە هاوکارانیشیان داکۆکییان لەم ئەتکردنە کرد, من یەکەم کەس بووم لەسەر ئەم هێڵی سوور پەڕاندنە هەڵم دایێ و لەلایەن هەندێك بەڕێزی تریشەوە ئەو ئەتککردنە رسواکرا...

ئێستا ماوەیەکی باش بەسەر ئەو داکۆکیکردنەی هەندێك لە نووسەران و هەڵچوون و جنێونامەکانی ئەواندا تێپەڕیوە, کەچی یەکێکی تریان تازە بەو کەسانەی کە بەرگرییان لە مارشی نەتەوەکەیانکردووە دەڵێت: گەجەر و گوجەر!.

دیارە لێرە من تەنها کارم بە مارشی نەتەوەیی و خودی خۆمەوە هەیە, بۆیە دەڵێم خاوەنی ئەو قسانە سووکانە هەر کەسێك بێت و هەرچییەك بێت پێویستە خۆی فێری ئەدەبی ئەدەبی بکات و رووی دەمم دەکەمە خوێنەری بەڕێزیش: ئایا هەیە لە نووسیندا دەستەواژەی خۆڕی و تۆڕی یان گەجەر و گوجەر بەکاربهێنێت! بەمەرجێك تاوانی نووسینەکەی من تەنها ئەوەیە کە گووتوومە "ئەتکردنی مارشی ئەی رەقیب تێپەڕاندنی هێڵی سووری کوردە و ئەم کارە نابێت لە کوردێك بووەشێتەوە"؟!.

2005-01-03

# یان دەنگبدە! یان سەرلێشێواویت و لە كوردستان بڕۆ دەرەوە![1]

دەنگدان, بۆ هەرچییەك بێت و لە هەر كوێیەك بێت, لەم ئەگەرانە تێپەڕ ناكات:

- كەسانێك هەن بەپێی یاسایەكی رەگەزپەرستانە بۆیان نییە دەنگ بدەن. بۆ نموونە سەدان هەزار دەنگدەری كورد لە كوردستانی بندەستی داگیركەری سووریا رەگەزنامەی سوورییان نییە و بەو پێیەش مافی دەنگدانییان نییە.
- هەیە مافی دەنگدانی نییە چونكە رەگەزنامەی ئەو وڵاتەی نییە كە تێیدا نیشتەنییە. بۆ نموونە خەڵكی وڵاتێكی ترە و لە وڵاتێكی تر دادەنیشێت, یانە پەنابەرە.
- هەیە لەبەرئەوەی ژنە! مافی دەنگدانی نییە. نموونەش هەندێك دەوڵەتی دواكەوتووی عەرەبیی ئیسلامییە.
- هەندێك لەبەرئەوەی تەمەنی یاساییان تەواو نەكردووە و بۆ نموونە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان, لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵەوەن بۆیان نییە دەنگبدەن. بەڵام هەشە لە خوار ئەو تەمەنەوەیە و مافی دەنگدانی هەیە, بۆ نموونە منداڵانی پۆلێكی

[1] ماڵپەڕی كوردستان نێت – 15-01-2005.
ماڵپەڕی كلاوڕۆژنە – ژەنیوەریی 2005.





قوتابخانە لەدەنگدانـدا چـاودێر, یـان رابـەری پۆلەكـەیان هەڵدەبژێرن.

- هەیە مافی دەنگدانی هەیە و دەنگ دەدات. ئەمەیان دەكرێت پۆلێن بكرێت بۆ دەنگدەری ئاسایی و وەك رووداوێكی رۆتینی تێپەڕ دەنگ دەدات. هەشە زۆر دەمارگیرە بۆیی و ماوەیەكی باش خۆیی بۆ ئامادە دەكات و خۆی رەنگ دەكات, ئاڵای بەدەستەوەیە, هاوار دەكات, دژایەتیی ئەوانە دەكات كە دەنگ بۆ پاڵێوراوەكەی نادات و زۆریتر و زۆرجاریش كێشەی لێدەكەوێتەوە, هەندێك جار لەسەر هەقە و هەندێك جاریش دەمارگیرێكی كوێرە.
- هەیە مافی دەنگدانی هەیە و دەنگ نادات, نەك لەبەرئەوەی دژە بەڵكو كەنارگیرە و بەپێویستی نازانێت.
- هەیە مافی دەنگدانی هەیە بەڵام دەنگ نادات و دژییەتی, بەڵام كەچی بەزۆر دەنگی پێدەدەن, یان بێ ئەوەی بنكەی هەڵبژاردنەكەی دیبێت! دەنگەكەی بە (بەڵێ) نووسراوە و تۆماركراوە!.
- هەیە مافی دەنگدانی هەیە بەڵام دەنگ نادات. لەبەرئەوەی دژی ئەو دەنگدانەیە. ئەم ئەگەرەیان هەندێك جار دژایەتی دەكرێت و سزادەدرێت كە بۆچی دەنگ نادات!.

ئەو ئەگەرانەی باسکران چەند دانەیەکیان نەبێت, ئەوانی تر مافێکی سروشتی و دیموکراتیی مرۆڤن بۆ هەر پڕۆسەیەکی "دیموکراسی". ئەگەرچی ئەوانەی تریشیان بەهۆی یاسا شۆڤێنییەکان و نووسراوە ئایینییەکان بڕوبیانووی ڕەوایەتییان بۆ دێننەوە و بەتۆپزی دەیکەنە دیموکراسی, بەڵام دیارە ئاشکرایە کام ئەگەرەیان دەچێتە خانەی دیموکراسییەوە.

هەڵبژاردن و دەنگدانی ئەم دواییەی ئێراق بووەتە ڕۆژەڤی ڕاگەیاندنەکانی بێگانە و کوردستان.

من دەنگ نادەم. چونکە ئەمە مافێکی دیموکراتیی سروشتیی خۆمە وەك مرۆڤێك بۆ پڕۆسەیەکی "دیموکراتی". لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەندامێکی سەرکردایەتیی حیزبێك لەسەر ئەوەی دەنگ نادەم مافی هاوولاتیی کوردستانی بوونم لێبستێنێتەوە و رامبگوێزێت! خۆ من نیازم هەیە دیسانەوە بوخچەکەم بدەمەوە بەکۆڵمدا و بڕۆمەوە لە کوردستان بژیم و لەوێش بمرم.

من دیسان دەنگ نادەم. چونکە ئەمە دیسانەوە مافێکی دیموکراتیی سروشتیی خۆمە وەك مرۆڤێك بۆ پڕۆسەیەکی "دیموکراتی". لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەندامێکی سەرکردایەتیی حیزبێکی تر لەسەرئەوەی دیسانەوە دەنگ نادەم, بیری من بە بیرێکی سەرلێشێواو دابنێت. ئایا






بیری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بیرێکی سەرلێشێواوە؟!.

- من دەنگ نادەم. چونکە نامەوێت جارێکی تر تێکەڵی کلتووری تیرۆر و سەربڕین ببمەوە.
- من دەنگ نادەم. چونکە نامەوێت سێ شاری سەربەستی باشووری وڵاتەکەم بلکێنمەوە بە داگیرکەری ئێراقی عەرەبییەوە.
- من دەنگ نادەم. چونکە نامەوێت بەعەرەبکردنی کەرکوك, خانەقین, شەنگاڵ و مەخموور و ناوچەکانی تری باشووری وڵاتەکەم بکەمە ئەمری واقیع بەسەر خۆمەوە.
- من دەنگ نادەم. چونکە هەرچی بڕوا هەبێت نیمە بە چوارچێوەی ئێراقی و سیاسەتمەدارە عەرەبییەکان, لەبەرئەوەی ٪99یان شۆڤێنین و هەڵبژاردن و پڕۆسەی دیموکراتی لەگەڵ ئەوانەدا هیچ کەڵکێکی نییە و پێم وانییە پڕۆسەی دیموکراتی و دەنگدان کاریان لێبکات.
- من دەنگ نادەم. ئیتر تۆ بە سەرلێشێواوم بزانە. تۆ جارێکی تر رامبگوێزە...
- من دەنگ نادەم, دیسانەوە دەنگ نادەم...

2005-01-13

# ڕەسوڵە خڕەی باخەوان نەخوێندەواریكی ڕووناكبیر! 1897 - 1958[1]



ڕەسوڵ مەحمود وەیس 1897–1958

زۆرجار گووتوومە ڕووناكبیری نە بەوەیە بزانیت بخوێنیتەوە و بنووسیت، نە بەوەشە بڕوانامەی دكتۆرات هەبێت. زۆرڕەویم نەكردووە ئەگەر بڵێم تەنانەت نووسەری چەند كتێبێكیش بێت.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 178 – 15–01–2005– لاپەڕە 5 – كوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی كلاوڕۆژنە – ژەنیوەریی 2005.





هەموومان بینیومانە كەسانێك لەو ئەورووپای خۆرهەلاتە بەكەڵەك و ساختە دكتۆرایان هێناوە و ئێستا پێتی (د)یان كردۆتە پێشگری ناوەكەیان بەبێ ئەوەی سەرە واوێك لە مێشكیاندا ببێت! . تەنانەت هەندێك لەو خاوەن (د)ە ساختانە ئێستا مامۆستای زانكۆن و نەوەی داهاتوومان لەسەر دەستی هەندێك لەو مامۆستایانەدا پەروەردە دەكرێن! .

ڕووناكبیری نەبە خوێندەوارییە، نەبە وەدەستهێنانی بڕوانامە. بەڵكو خوێندەواری دەبێتە هۆكارێكی بچووكی ڕووناكبیری.

لە مێژووی ئێمەدا گەلێك ڕووناكبیری نەخوێندەوارمان بووە. زۆربەی ئەم ڕووناكبیرە نەخوێندەوارانەی كە گەشتی ژیانیان لە پێش نیوەی سەدەی رابردوودا بووە. بەڵام لەبەرئەوەی نەخوێندەواربوون، نەیانتوانیوە زادەی بیریان بۆ ئێمە تۆمار بكەن و ئێمەی نەوەكانی دوای ئەوان سوودمان لێیان وەربگرتایە و ببووایەتە بەشێكی گرنگ لە مێژووی كوردەواریمان.

یەكێك لەو سەربازە ونە ڕووناكبیرە نەخوێندەوارانەمان ڕەوانشاد (ڕەسوڵە خڕەی باخەوان)ە.

پێش ئەوەی كەمێك باس لە ڕووناكبیریی ئەم ڕووناكبیرە نەخوێندەوارە بكەم، پێم باشە كورتەیەكی بیۆگرافییەكەی بخەمە بەردەستی خوێنەران:

رەوانشاد رەسوڵە خرە، ناوی رەسوڵ کوڕی (مەحمود وەیس)ە. لە ساڵی 1897 لە گوندی (نوورەدین)ی ناوچەی پژدەر لەدایکبووە. بنەماڵەی باوکی (مەحمود وەیس) نزیکەی هەژدە کەس بوون، خەڵکی گوندی نوورەدین بوون. باوکی زۆر دەوڵەمەند بووە و کێشەیەکی زۆری لەگەڵ ئاغاکانی نوورەدین و پژدەردا هەبووە، کە وەك دوایی بۆم دەرکەوتووە دوژمنەکانی میراودەلییەکان بوون. ئەم کێشەیە گەورە بووە و ئاغاکان مەحمود وەیس و هەموو بنەماڵەکەی بە گەورە و بچووکەوە دەکوژن و تەنیا رەسوڵە خرە کە ئەوکات مێرمنداڵ بووە دەمێنێتەوە و پاش ئەوەی بە کۆڵەکەیەکەوە دەیبەستنەوە لە دەست پیاوانی ئاغا هەڵدێت و لە گوندی ژاژڵەی نزیك ماوەت دەگیرسێتەوە و دەچێتە ماڵی حاجی مەحموودی جەیران. ئەم حاجی مەحمودە وەك منداڵی خۆی بەخێوی کردووە و لە گوندی قامیشی ناوچەی شینکایەتی کچێکی بۆدەهێنێت کە ناوی (مریەم) دەبێت و هەردووکیان لە گوندی (کۆلکە) نیشتەجێ دەبن و لەوێ پاش ئەوەی منداڵێکیان دەبێت، دەگوێزنەوە بۆ سلێمانی و لەوێ بەردەوامی دەدەن بە گەشتی ژیانیان.

دیارە لە زۆربەی کاتدا هۆی لانە گواستنەوە لە گوندەوە بۆ شار دەستکورتی و بژێوی ژیان بووە. رەسوڵە خرە و مریەمی خێزانی و مەولودی کوڕیان بەمەبەستی ژیانێکی باشتر لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمدا هاتوونەتە سلێمانی و لە گەڕەکی مەزاتخانە و پاشان لە گەڕەکی (گونجێ)دا نیشتەجێبوون. وەك دەگێڕنەوە خاتوو مریەمی خێزانی رەسوڵە خرەی زۆر زۆر خۆشویستووە، بەڕادەیەك کە زستانان





مێردەکەی بانگوشیی کردووە و لە کاتی بەفر و سەرمادا بەفری ماڵیوە ئەویش لەبەر بەفرەکە وەستاوە و دراوسێکانی پێیان وتووە "مریەم بۆ ناچیتە ژوورەوە و بەم بەفرە چیدەکەیت لە حەوشە، ئەویش لە وەڵامدا وتوویەتی چۆن من بچمە ژوورەوە و لەبەر زۆپا دانیشم و رەسوڵیش بەم سەرمایە بەفر بماڵێت"!..

رەسوڵە خرە پاش ئەوەی لە سلێمانی 2 کوڕ و کچێکی دەبێت، مریەمی خێزانی زۆر بەگەنجی دەمرێت و منداڵەکانیشی ورد دەبن. پاش ماوەیەك خوشکەزایەکی مریەم بەناوی (رەحمە)وە دەخوازێت و لەویش 3 کوڕ و 3 کچی تری دەبێت و خێزانێکی گەورەی لەبەری دوو ژن دەکەوێت بەسەردا و ناچارە شەو و رۆژ خەریکی بژێوییان بێت. ژنهێنانی دووەمی زۆرتر بە خواهیشی خزمەکانی مریەم بووە، چونکە منداڵەکانی ورد بوون و ویستوویانە هەر خزمێکی مریەم بیبێتەوە هاوسەری رەسوڵە خرە.

رەسوڵە خرە لە ژیانیدا زۆر کاری قوورسی کردووە لەوانە کرێکاری و پاشان بووەتە وەستای خشت و بەردکاری[1]. زۆرجار زستانان لەبەردەستکورتی کەلوپەلی بەنناییەکەی فرۆشتووە و هاوینان کڕیویەتییەوە. بەڵام زۆربەی ژیانی خۆیی بە باخەوانییەوە[2]

[1] بڕوانە: شاری سلێمانی – لیستەی وەستای خشت و بەردکاری – بەرگی یەکەم – ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە.

[2] هەر لە سەرچاوەی پێشوودا و لە لیستی باخەوانەکانی شاری سلێمانیدا ناوی رەوانشادی تێدایە.

بەسەربردووە و ساڵانێکی زۆر لەگەڵ (فەرەجی حەمە مراو)دا باخەکەی ماڵی عەزمی بەگیان بەکرێ گرتووە و کاهوویان تیادا چاندووە. ڕەسوڵە خڕەش لە ماڵەوە سرکەی زۆری کردووە و ڕۆژانە بردوویەتی بۆ باخەکە و ئەو خەڵکانەی کە کاهوویان کڕیوە هەندێکجار سرکەشیان لێ کڕیون بۆ مەزەی خواردنەوە. ئەو باخە کە پێی گووتراوە (باخەکەی فەرەج) ئێستا دواناوەندیی کچانی سلێمانیی تێدایە لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی.

سەرباری وەستایەتی و باخەوانی زستانان بەهۆی بێکارییەوە بانگووشیی کردووە. ماوەیەکیش دەمڕاستی (حاجی برایمی سەڕراج) بووە, جەڵەبی لە سلێمانییەوە بەپێ بۆ بردووە بۆ موسڵ و لەو سەرەوە پارەکەیی بۆ هێناوەتەوە.

ڕەسوڵە خڕە بەو شێوەیە ژیانی بەسەربردووە تا لە کۆتایی ساڵی 1958دا بە نەخۆشیی ئاوبەنگ کۆچی دوایی کردووە و لە گردی ناوەڕاستی شاری سلێمانی نێژراوە. هۆی نەخۆشکەوتنی ڕەسوڵە خڕە بەهۆی گیرانی کوڕە گەورەکەیەوە بووە (مەولود ڕەسوڵ) لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە کە ئەوکات ئەندامێکی بەرزی حیزبی شیوعیی ئێراقی بووە, بەگیرانی کوڕەکەی تووشی خورپە بووە و ئیتر وەك جاران نەهاتووەتەوە سەرخۆی تاوەکو کۆچی دوایی کردووە. پاش ڕەسوڵە خڕە کوڕەکانی بوونەتە یەکێك لە باشترین وەستاکانی سلێمانی. (مەولود ڕەسوڵ — وەستای چاککردنەوەی تەلەڤزیۆن و رادیۆ لە جادەی کاوە, محەمەد ڕەسوڵی دارتاش — وەستای مۆبێلە دروستکردن





لە جادەی کاوە, قادر ڕەسوڵ — وەستای بیناسازی و پاشان کۆنتراکچی و سینەمانی دڵشاد و ژمارەیەك لە گەرماوەکانی سلێمانی ئەم دروستیکردوون و مەحمود ڕەسوڵ مەحمود — وەستای قاڵببەست). نەوەکانی ڕەسوڵە خڕە لە شاری سلێمانیدا لەم کاتەدا لە 150 کەس تێپەڕیکردووە.

ئەوە کورتەیەکی گەشتی ژیانی ڕەسوڵە خڕە بوو.

- نێوبراو یەکێك بوو لە دەستپاکەکانی شاری سلێمانی, دەوڵەمەندەکانی شار کاروباری داراییان پێی سپاردووە و ئەگەرچی لەزۆر کاتدا دەستکوورت بووە بەڵام لە هیچ کات و بارێکدا عانەیەکی ئەو دەوڵەمەندانە لای ئەو کورتی نەهێناوە.
- هەمیشە باوەڕی بە یەکسانیی پیاو و ژن بووە و زۆرجار فەزڵی کچەکەی (فاتمەخان)ی داوە بەسەر کوڕەکانیدا. لە کاتی شووکردنی کچەکەشیدا پرسی بەکەس نەکردووە تەنها بەخۆی نەبێت و ئەگەرچی هەندێك لە کوڕەکانی بەو شووکردنە رازینەبوون بەڵام ئەو گوێی پێنەداوە و وتوویەتی لەبەرئەوەی کچەکەم دڵی بەو کوڕەوەیە دەبێت شووی پێبکات و ئەو تەنها خۆی بڕیار دەدات..
- هەمیشە وتوویەتی ئاگاتان لە قسەکردن بێت. قسە وەك گولله وایە و ناگەڕێتەوە. لەبەرئەوە (قسە پێش کردنی دەبێت زۆرباش بیبێژن ئنجا بیوێژن).

- له ژیانیدا نوێژی نەکردووە و ڕەحمەخانی خێزانی دووەمی زۆرجار شەڕی لەگەڵدا کردووە کە بۆچی نوێژ ناکات.
- لە کۆتایی ساڵی 1958دا کە نەخۆشیی ئاوبەنگ زۆری بۆدێنێت و لە جێگادا دەیخات و لە گیانەڵڵادا دەبێت, خزم و خوێش مەلایەکی بۆ دێنن تاوەکو یاسینی بخوێنێت و شایەتمان بهێنێت. بەڵام ئەو ڕازی نابێت و مەلاکە دەردەکات و دەڵێت من باوەڕم بەم شتانە نییە.

ڕەوانشادی باپیرم نە نوێژی دەکرد, نە حاجی بوو و نە سەید. بەڵام کەسێکی دەستپاک و ڕەنجدەرێکی بەردەوام بوو و باوەڕی تەواوی بەیەکسانی هەبوو. ئایینی ئەو دەستپاکی و ڕاستگۆیی و کارکردن و بژێویی خێزانی و یەکسانی بوو. بیری ڕووناک بەبێ ئەوەی بتوانێت تەنانەت ناوی خۆشی بنووسێت. هەربۆیە بەبێ دوودڵی دەتوانم بڵێم ڕەسوڵە خڕە ڕووناکبیرێکی ونی نەخوێندەواری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بوو.

یادت بەخێر باپیرەگیان.. هەرچەندە تەنها وێنەکەتم دیوە, بەڵام زۆر هاوڕێتم... زۆر هاوبیرتم...

---

سەرچاوەکانی ئەم نووسینە بریتییە لە کۆمەڵێك گفتوگۆ لەگەڵ:

- باوکی بەڕێزم: قادر ڕەسوڵ مەحمود
- پووری بەڕێزم: فاتمە ڕەسوڵ مەحمود





- مامی بەڕێزم: مەحمود ڕەسوڵ مەحمود

2004-12-26

# زمان و ڕێزمانی کوردی لە سایەی هەڵبژاردندا![1]

جار جار لە کەناڵەکانی کوردسات و کوردستان تی.ڤی, ئەو ڕێکلام و پرۆپاگەندانەم دەبینی کە باسی ئێراقی ئایندە و ئێراقی هیوا و ئاشتییان دەکرد زۆر پەست دەبووم. چونکە جگە لەوەی باسی ئێڕاق و پیشاندانی ئاڵای ناشرین و خوێناوی ئێڕاق بوو, هەروەها زمان و ڕێزمانە کوردییەکەشی زۆر کۆڵەوار بوو. ئەو ڕێکلامانە ئەوەندە دووربوون لە هەست و سۆز و زمان و ڕێزمانی کوردییەوە هەر دەتگووت بەرنامەیەکی سۆفتوێری بێ هەست و سۆزی کوردەواری وەریگێڕاوە !.

لێ ساڵ بەساڵ خۆزگەمان بەپار. ئێستا ناوەندەکانی هەڵبژاردن پرۆپاگەندە بۆ وێبسایتێك دەکەن کە ڕێنیشاندەری "ئێڕاقییەکان"ە لە دەرەوەی "ئێڕاق" بۆ دەنگدان و هەڵبژاردن[2]. منیش بۆئەوەی بزانم لەو ماڵپەڕە چ باسە سەردانێکیم کرد و کلیکێکم لەسەر لینکە کوردییەکەی کرد کە ئەویشیان بەهەڵە نووسیوە !. پاش چاوپێداخشاندنی هەندێك دۆکومێنتی ئەو ماڵپەڕە, بەزەییم بە زمانەکەمدا هاتەوە کە بەو جۆرە دیارە بەمەبەستەوەیە سووکایەتیی پێکراوە و پێیدەکرێت, هەر بۆ نموونە بڕواننە ئەم بڕگەیەی خوارەوە کە لەو ماڵپەرە وەرمگرتووە:

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 18-01-2005.

[2] ئەمە ناونیشانی ئەو ماڵپەڕەیە: http://www.iraqocv.org






برنامه ي ده نگداني ده ره وه ي وولات
بيانامه ى جايه مه ني ريكه وتني وولات
21 ديسمبر 2004

عيراقيه كاني ناو ئوستوراليا ماوه ئه درين بوبشداربون له هه لبزاردني كو مه له ي نيشتيماني عيراقي له كانووي دوهه مي 2005 به بي ريكه وتنامه يه ك له بيني حكومه تي ئوستورالي وكوميته ي دولي ئه واره بون له جينيف.

ئەو زمانە باوەڕناکەم تەنانەت کوردیی پەنجاکانیش بێت. لەخۆم دەپرسم ئایا کوردێت هەبێت لەم کاتەدا ئەوە زمان و نووسینی بێت؟. ئایا دەبێت زمانی دووەمی ولاتێك بەو شێوەیە بکرێتە نوکتە و گاڵتەجاڕی؟. دەبێت ئێمە ئەمە وا بەئاسانی بەسەرماندا تێبپەڕێت؟. ئایا ئەمە تێپەڕاندنی هێڵێکی سووری ترمان نییە؟..

کە ئەو دۆکومێنتە "کوردی"یانەم بەو شێوە داشکاوە بینی کە نە زمانی زمانە و نەڕێزمانی کوردییە و نە ڕێنووسیشی کوردییە, باشتر لە پاشەڕۆژی کورد لەو ئێڕاقەدا دڵنیابووم. باشتر بۆم دەرکەوت کە سەنگی کورد لەو ئێڕاقەدا لەو زمانەی باشتر نابێت. تکایە سەردانی ئەو ماڵپەڕە بکەن و بزانن کە چۆن لە ئێڕاقێکی بێهێزدا هێشتا چ شتێك نەبووە

سووکایەتیمان پێدەکرێت!. ئەی ئەگەر ببنەوە خاوەنی خۆیان دەبێت بەچی بگەین!...

2005-01-15





# لە دادگای میلۆسۆڤیچەوە بۆ دادگاییکردنی سەددام[1]

<u>کورتە باکگراوندێکی ژیۆپۆلیتیکی:</u>

یۆگۆسلاڤیای پێشوو بریتی بوو لەو وڵاتەی کە لە نێوان بولگاریا و ڕۆمانیاوە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا تاسەر کەنارەکانی دەریای ئەدریاتیکی درێژ دەبووەوە. لە ساڵی 1945وە لەلایەن جەنەڕاڵ تیتۆوە دامەزرا.

دانیشتووانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو بریتی بوو لە تێکەڵەیەکی ئەتنی و ئایینیی وا کە دەکرا بە وڵاتێکی وەك ئێراق یان ئێران بەراورد بکرێت و پێی بگووترێت مۆزەخانەی توخمەکان. لە یۆگۆسلاڤیای پێشوودا چەند ڕەگەزی ئەتنی هەبوون, ئەوانیش:

- سرب: ئەمانە ڕەگەزێکی زاڵی یۆگۆسلاڤیای پێشوو بوون و زۆرینەی پایە گرنگەکانی سیاسەت و سوپا لە مێژوودا بەدەست ئەمانەوە بووە. بەزۆری لە ناوچەی سربیا و مۆنتێنەگرۆدا دەژین, بەڵام لە ناوچەکانی کرواتیا و بۆسنە – هەرزەگۆڤیناشدا ژمارەیان کەم نەبووە. چونکە ئایینزایان ئەرسۆدۆکس بووە وایکردووە هەمیشە لە

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 179 – 28-01-2005- لاپەڕە 3 – کوردستان – هەولێر.

ڕووسیاوە نزیکن. دەتوانین لە ڕووی سیاسەت و سوپاوە بەراوردی سرب بکەین بە عەرەب لە ئێراقدا و فارس لە ئێراندا.

- کروات: ئەمانە ڕۆمانیی کاسۆلیکن و زۆرتر خۆیان بە خۆرئاوایی دەزانن و هەست و سۆزێکی ئەوتۆیان بۆ ڕووس نییە وەك سربەکان.
- بۆسنەییەکان: ئەمانەش ڕەگەزێکی تری یۆگۆسلاڤیای ئەوسا بوون کە لە ناوچەکانی بۆسنە – هەرزەگۆڤینا دەژیان و زۆربەیان موسڵمانن.
- سلۆڤینییەکان: لەوپەڕی باکووری یۆگۆسلاڤیای پێشوو دەژیان و سنووریان بە باشووری نەمساوەیە.
- مەسەدۆنیا: کەوتۆتە بەشی باشووری یۆگۆسلاڤیای پێشووەوە. مەسەدۆنیا هەرێمێکی داخراوە و بە وڵاتانی ئەلبانیا, یۆنان و بولگاریا دەورەدراوە.
- هەرێمی کۆسۆڤۆ: ئەم هەرێمە تاوەکو ئێستا لە سنووری جیۆگرافیی سربیا – مۆنتێنەگرۆدایە و بارودۆخێکی تایبەتیی هەیە و لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوەدەبرێت.








نەخشەی یۆگۆسلاڤیای پێشوو

هەرێمی کروات کەوتبووە باکووری خۆرئاوای یۆگۆسلاڤیای پێشووەوە و بۆسنە – هەرزەگۆڤیناش کەوتووەتە بەری خۆرئاوای و زەوییەکانی کروات بەسەر دەریای ئەدریاتیکیدا درێژ دەبێتەوە و لە باکوور و خۆرئاوادا باوشی کردووە بە بۆسنە – هەرزەگۆڤینیادا. سلۆڤینیاش دەکەوێتە باکووری کرواتیاوە.

کورتە مێژوویەکی سەرەتای کێشەکان:

زۆرینەی ئەو ئەدەبیاتە خۆرئاواییانەی کە باسی کێشەکانی ناو یۆگۆسلاڤیای پێشوو دەکەن, بەبێ دوو دڵی دەڵێن کێشەکانی ناو یۆگۆسلاڤیای پێشوو گەورەترین جەنگی ژینۆساید و پێشێلکردنی مافی مرۆڤە لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە. دیارە ئەمە ڕاست نییە.

چونکە پێش ڕووداوەکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو لە کوردستاندا ڕووداوەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و سەرنگوومکردنی بارزانییەکان و ڕاگواستنی فەیلییەکان ڕوویانداوە کە بە ماوەیەکی کاتیی کەمتر لەوەی یۆگۆسلاڤیای پێشوو ڕوویداوە و ژمارەی قوربانییانیش ئەگەر لەوەی یۆگۆسلاڤیای پێشوو زۆرتر نەبن, کەمتر نین.



وێرانکارییەکانی ئەم جەنگە







کامپە زۆرەملێیەکان

جەنگی ناو یۆگۆسلاڤیای پێشوو لە ناوەڕاستی ساڵی 1991ەوە دەستیپێکرد و تا ساڵی 1995ی خایاند. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا نزیکەی 200 هەزار کەس بوونە قوربانیی ئەو جەنگە. هەندێك سەرچاوەی تر باسی ژمارەیەکی کەمتری قوربانی دەکەن, کە زۆربەیان خەڵکی هەرێمی بۆسنە – هەرزەگۆڤینا بوون. بەڵام جەنگی ساڵی 1995ی نێوان سرب و کروات نزیکەی 20 هەزار کوژراوی لێکەوتەوە کە زۆربەیان کروات بوون.

دیارە هەموومان دەزانین لە کۆتایی هەشتاکاندا و بەهۆی چاکسازییەکانی پێریسترۆیکا و جوودابوونەوەی هەندێك هەرێمی ئۆتۆنۆمیداری سەربە یەکێتیی سۆڤیەت, نەخشەی ناوچەکە بەتەواوەتی

گۆڕانی بەسەرداهات و کۆمەڵە نەتەوەیەکی زۆری ناو سنووری یەکێتیی سۆڤیەت (دیارە بێجگە لە کورد) دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانیان پێکهێنا.

هەر لەم روانگەیەوە و بەوپێیەی یۆگۆسلاڤیاش بچوکراوەیەکی یەکێتیی سۆڤیەت بوو لەباری ئەتنییەوە, هەربۆیە لە رۆژی 25ی ژوونی 1991دا هەردوو کروات و سلۆڤینیا سەربەخۆییی خۆیانیان راگەیاند. دوو رۆژ پاش ئەم راگەیاندنە سربەکانی ناو کرواتیا لەگەڵ کرواتەکان دایان بەیەکدا و جەنگی نێوخۆ دەستیپێکرد. لە مانگی دیسەمبەری هەمان ساڵیشدا پشێوی کەوتە نێوان سرب و بۆسنییەکانەوە. لەم جەنگەدا درندەترین شێوەکانی کوشت و کوشتار لەدژی خەڵکی سیڤیل بەکارهێنرا. ئەم پێشێلکردنەی ماف مرۆڤە لەم بەشەی ئەوروپادا گەیشتە رادەیەکی وا کە هەر لە سەرەتای ساڵی 1993وە هەردوو رێکخراوی ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان هێزەکانی خۆیانیان بردە ناوچەکە بۆ راگرتن و چاودێریکردنی پێشێلکردنی ماف مرۆڤ. دیارە ئەمانیش بەتایبەتی ناتۆ لە هەندێك کات و باردا بوونە هۆی پێشێلکردنی ماف مرۆڤ لە ناوچەکەدا, ئەمە باسێکی بەناوبانگە و مەبەستی ئەم نووسینە نییە.

سەرباری هەوڵەکانی ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان, جەنگی ناوخۆ هەر بەردەوام بوو و زۆرینەی قوربانییانیش خەڵکی سیڤیلی بۆسنە بوون کە رۆژانە سەدان و بگرە هەزارانیان لێدەکوژرا و رۆژانە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دەشاردرانەوە. بەهۆی ئەم جەنگەوە چەندین هەرێم وێران بوون. خانوو, مزگەوت, کڵێسا, نەخۆشخانە و شوێنە گشتییەکان





بەپێوە نەمان. جگە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و رەوی سەدان هەزار پەناهاندەی ئەو ناوچانە بۆ وڵاتانی دەوروبەر و بەتایبەتی خۆرئاوا.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهەموو شێوەیەك مەبەستی بوو ئەو جەنگە بووەستێنێت. بەتایبەتی ئەو جەنگە ناوەڕاستی ئەوروپای گرتبووەوە و ببووە نائارامیی تەواوی کیشوەری ئەوروپا. هەربۆیە بە هەوڵی خۆرئاوا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئامریکا لە 14ی دیسەمبەری 1995دا لە شاری پاریس لایەنە رکەبەرەکان رێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد و بەو جۆرە جەنگ وەستا و یۆگۆسلاڤیاش دابەشبوو بەسەر کرواتیا, سلۆڤینیا, بۆسنە — هەرزەگۆڤینا, سربیا و مۆنتەنێگرۆ, مەسەدۆنیا و "هەرێمی کۆسۆڤۆ". ئەمەی کۆتاییان وەك باسکرا هێشتا دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و لە سنووری سربیا و مۆنتەنێگرۆدایە و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوەدەبرێت.

## دادگاییکردنی تاوانباران:

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەر زوو بە زوو و لەکاتی جەنگەکەدا هەوڵی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەم جەنگەیدا, هەربۆیە هێشتا جەنگ دوو ساڵی مابوو تەواو ببێت, ئەنجوومەنی ئاسایشی سەربە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری 827ی لە رۆژی 25 مایی 1993دا دەرکرد. بەپێی ئەم بڕیارە دادگایەکی کاتی بۆ ماوەی 12 ساڵ بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگی ناوخۆی یۆگۆسلاڤیای پێشوو دادەمەزرێت. دادگاکە ناوی نرا (دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانبارانی

یۆگۆسلاڤیای پێشوو International Criminal Tribunal for the former Yugoslavia).

نیشانی دادگای یۆگۆسلاڤیای پێشوو ICTY

## دادگای یۆگۆسلاڤیای پێشوو و کارەکانی:

گرنگیی دامەزراندنی ئەم دادگایە لەوەدا بوو کە هێشتا جەنگی ناوخۆی یۆگۆسلاڤیای پێشوو لە پۆپەدا بوو, هاتە دروستکردن. ساڵی یەکەمی دادگاکە واتە ساڵی 1993 تەنها ساڵی دامەزراندن و کاروباری کارگێری بوو. دادگاکە لە شاری لاهایی هۆڵندا بە بودجەی 276.000 دۆلار دەستپێکرد و ژمارەی هاوکارانی ستافەکەی تەنها 101 کەس بوو. بەڵام کاری فەرمیی دادگاکە لە ساڵی 1994ەوە دەستپێدەکات کە بودجەکەی 10.080.000 دۆلار و ژمارەی ستافەکەشی گەییشتە



وشە پەرتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاورێ باخەوان

197 کەس. ئێستا کە 11هەمین ساڵی دادگاکەیە, بودجەکەی گەیشتووەتە 271.854.000 دۆلار و ژمارەی ستافەکەشی گەیشتووەتە 1246 کەس. ستافی دادگاکە خەڵکی تێکەڵن و هەریەکەیان لە کونجێکی ئەم جیهانەوە هاتوون. لە ماوەی ئەو 11 ساڵەی تەمەنی دادگاکەدا نەمبیستووە و نەمبینیوە کە کوردێك لەو دادگایە کاربکات, جگە لە نووسەری ئەم بابەتە.


دادگای یۆگۆسلاڤیا هەرچەندە رێکخراوێکی کاتییە, بەڵام بووەتە بەشێکی زۆر گرنگی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەم دادگایە لە شاری لاهایی هۆڵندا خاوەنی چوار باڵەخانەی گەورەیە:

- باڵەخانەی ماین: ئەم باڵەخانەیە زۆر گەورەیە و تەواوی بەڵگە تاوانکارییەکانی جەنگی ژینۆسایدی یۆگۆسلاڤیای پێشووی تێدا پارێزراوە و ئەرشیفێکی گەورەی تێدایە کە بە ملیۆنان دۆکومێنتی لەسەر جەنگی ناوخۆ تێدایە. ئەمە جگە لە هەزاران کاسێتی تەیپ و ڤیدیۆ و کەرەستەی دیجیتاڵی تر کە هەموویان لە بەشی بەڵگەکان هەڵگیراون و پارێزراون. هەر لەم باڵەخانەیەدا هۆڵی دادگاییەکانی تێدایە و هەموو کەسێك دەتوانێت ناوی خۆی تۆمار بکات و کەی نۆرەی هات دەتوانێت لەیەکێك لە دانیشتنەکانی دادگا ئامادەبێت.



باڵەخانەی سەرەکیی دادگاکە

- بەندیخانەی سخەیفەنینگن: ئەم بەندیخانەیە لەلایەن حکومەتی هۆڵەندییەوە دراوەتە دادگا بۆ بەندکردنی تاوانباران. خودی میلۆسۆڤیچ لەم بەندیخانەیەدا زیندانییە. ئەم بەندیخانەیە بە نوێترین کەرەستەی ئەلەکترۆنیی سەردەم پاسدەکرێت.



سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ

- باڵەخانەی ئەدمین: ئەم باڵەخانەیە کاروباری کارگێڕی و بەرنامەکردنی ئەو بەرنامانەی تێدا دەکرێت کە دادگا





بەکاریدێنێت، جگە لە کاری وەرگێڕان لە زمانی (BCS – زمانەکانی بۆسنە، کروات و سرب) بۆ ئینگلیزی و فەڕەنسی و بەپێچەوانەشەوە.

- باڵەخانەی بیچ: ئەم باڵەخانەیە کە کەوتووەتە سەر دەریای باکوور لە شاری لاهای بەزۆری ئەو کارمەندانەی تێدایە کە زۆرتر کار لەو دۆکومێنتە BCS نەدا دەکەن کە تاوانەکانی ژینۆساید دەردەخەن. هەروەها هەر لەم شوێنەشدا پۆلیسەکانی دادگا ڕاهێنانی خۆیان دەکەن.
- بێجگە لەم چوار باڵەخانەیە، لە شاری (زاگرب)ی پایتەختی کرواتیاش نووسینگەیەکی دادگاکە هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگە تاوانبارییەکان و ناردنیان بۆ شاری لاهای، هەروەها ئاسانکردنی پەیوەندیی نێوان دادگاکە و حکومەتەکانی ناوچەکەش یەکێکە لە کارەکانی ئەم نووسینگەیە.


تەواوی باڵەخانەکانی دادگا بەنوێترین تەکنەلۆژیای ئەلەکترۆنیی سەردەم پاسدەکرێن. ئەمە جگە لەوەی کە بەردەوام هەردوو پۆلیسی هۆڵندی و نەتەوە یەکگرتووەکان پاسەوانیی باڵەخانەکان و کارمەندانی دادگاکە دەکەن.

دادگاکە لە ڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ سەدان تاوانباری دادگایی کردووە. لەوانە هەندێکیان بەبێ تاوان دەرچوون و

ئەوانەشی تاوانی ژینۆسایدیان بەسەردا سەپاوە سزای خۆیانیان وەرگرتووە یان وەردەگرن و لە زینداندان.

راکێشانی هەردوو (میلۆسۆڤیچ) و (بلیانابلاڤسیچ)ی خانمە سەرۆکی سربی بۆسنەییەکان بۆ دادگاکە, گەورەترین سەرکەوتن بوو. بەتایبەتی ئەمەی دواییان کە لە دادگاکەدا بەتەواوەتی تاوانەکانی سربییەکانی لە جەنگی ژینۆسایدا خستەڕوو و چەندین بەڵگەی ئەو جەنگە نەگریسەی خستە بەردەمی دادگا و پەشیمانیی خۆیی دەربڕی لەو کارانەی کە کردوویەتی.

تاوەکو ئێستا ئەم دادگایە تۆژینەوەی لەگەڵ هەزاران گەواهی جەنگی ژینۆسایدی یۆگۆسلاڤیای پێشوو کردووە. تەواوی ئەو گەواهنامە و دۆکومێنتانە بە زمانەکانی BCS و ئینگلیزی و هەندێکیشیان بە فەرەنسی لە ئەرشیفی دادگاکە پارێزراون.



ئەرشیڤی دادگای یۆگۆسلاڤیای پێشوو





دادگاکە تەواوی کەیسی تاوانباران بەشێوازێکی هاوچەرخانە مامەڵە دەکات و بۆ هەموو ئەو کەیسانە سێرچ ئەنجنی (ماشێنی گەڕان) ئەلەکترۆنیی دروستکراوە. بەجۆرێك هەر دادوەرێك, لێتۆژەرێکی یاسایی یان پارێزەرێك بە چەند کلیکێکی کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەی دەتوانێت تەواوی تاوانی تاوانبارێك و بەڵگەی تاوانەکانی و گەواهنامەکانی لەسەر سکرینەکەی ببینێت.

لە ماوەی ساڵانی رابردوودا دادگاکە دادگایی گەلێك لە تاوانبارانی وەك (میاکیچ, مردا, ستانیسیچ, یۆڤانۆڤیچ, بۆشکۆڤسکی و کراشیسنیك و هتد) کردووە کە دەکرێت زۆرینەی ئەمانە بە کەسێکی وەك عەلی حەسەن مەجید کیمیاویی یۆگۆسلاڤیای پێشوو دابنرێت چونکە دەستێکی باڵایان هەبووە لە جەنگی ژینۆسایددا.



یەکێك لە هۆڵەکانی دادگاکە

ئەگەرچی دادگاکە بەشێوەیەکی فەرمی تا ساڵی 2008 دەخایەنێت. بەڵام لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا هەردوو تاوانباران ملادیچ

و رادۆڤان کارادیچ و هەندێکی تر نەگیراون و دادگایی نەکراون, دەنگۆی ئەوە هەیە کە بە دڵنیاییەوە ماوەی دادگاکە بۆ تا ساڵی 2012 یان درێژتر, درێژبکرێتەوە.



لەڕاستەوە بۆ چەپ: تاوانباران رادۆڤان کاراجیچ و راتکۆ ملادیچ

گرنگییەکانی ئەم دادگایە:

- دادگایەکی فەرمیی نێودەوڵەتییە و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە یارمەتیی دەدرێت و بودجەی بۆ تەرخاندەکرێت.
- ئەم دادگایە هاوکات لەگەڵ رووداوە خوێناوییەکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو دامەزرا.
- دادگاکە بە هەزاران و بگرە ملیۆنان بەڵگەی یاسایی لە دۆکومێنت, چەك, وێنە, کاسێتی دەنگ و رەنگ و





گەواهنامەی لەسەر تاوانەکانی جەنگی ژینۆسایدی یۆگۆسلاڤیای پێشوو کۆکردووەتەوە.

- دادگاکە ژمارەیەکی زۆری سەرانی تاوانباری جەنگی ناوخۆی دادگایی کردووە.
- هەمان دادگا کاریش بۆ بژاردنەوەی قوربانییەکانی ئەم جەنگە دەکات و هەر زیانلێکەوتوویەکی ئەو جەنگە بۆی هەیە سکاڵای خۆی لە رێی دادگاوە تۆمار بکات.
- دادگاکە و دادگاییکردنی تاوانباران هۆیەکی ئەو ئاشتی و ئاسوودەییەیە کە ئێستا ناوچەکەی گرتووەتەوە.
- ئەم دادگایە گورێکی تر بوو بۆ چەسپاندنی یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان, ئەویش پاراستنی ئاشتی و ئاساییشی جیهانییە و گەلێکی تریش...

هەڵبەت دادگاییکردنی تەواوی تاوانبارانی جەنگی یۆگۆسلاڤیا لەلایەن دادگاکەوە کارێکی ئەستەمە. بەڵام دادگاییکردنی هێماکانی ئەو جەنگە کارێکە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات و بە هیوای گیران و راپێچکردنی دوو هێما گەورەکەی تری ئەو جەنگە نەگریسە دژبە مرۆڤایەتییە کە ئەوانیش کاراجیچ و ملادیچن...

دیارە تاوانبارانی جەنگی ناوخۆی یۆگۆسلاڤیای پێشوو یەکەمین تاوانبار نەبوون و نین کە لەلایەن دادگایەکی نێودەوڵەتییەوە دادگایی

بکرێن بەڵکو پێش ئەوانیش تاوانبارانی نازیی جەنگی جیهانیی دووەم لە دادگای نۆرنبێرگدا دادگایی کران و ماوەیەکیشە هەموو مرۆڤایەتی چاوەڕوانی دادگاییکردنی سەرانی بەعسی ئێڕاقییە...

هەر پاش رووخانی بەغدا و گیرانی هەندێك لە سەرانی تاوانباری بەعس هەندێك چاودێر وای بۆچوون کە ئەم تاوانبارانەش وەك ئەوانەی یۆگۆسلاڤیای پێشوو بدرێنە دادگایەکی نێودەوڵەتی و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و وەك ئەو دادگایەی یۆگۆسلاڤیا, دادگایەکی نێودەوڵەتیی تایبەت بە ئێڕاقەوە دابمەزرێت. بەڵام دیارە ئەمە رووینەدا و پاش گیرانی تاوانبار سەددام حسێنیش هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی نەیویست سەددام و تاوانبارانی تر بدرێنە دادگایەکی نێودەوڵەتی, بەڵکو دادگاییکردنەکە بەوە شکایەوە کە لەلایەن دادگایەکی لۆکاڵی "ئێڕاقی"یەوە دادگایی بکرێن و تاوەکو ئێستا کەس نازانێت ئەم تاوانبارانە لەکوێ زیندانین و کێ تۆژینەوەی یاسایی لەگەڵدا کردوون و چۆن؟ تەنانەت تاوەکو ئێستا گوێ لەیەك گەواهی تاوانەکانیشیان نەگیراوە, تەنها ئەوەندە نەبێت لە تۆژینەوەیەکی کارتۆنیدا سەددام و 11 تاوانباری تری داروەدستەکەی خرانە سەر سکرینەکان و بەرەوڕووی چەند تاوانێکی گشتی کرانەوە؟!.

تاوانبارانی بەعس تەنها لەلایەن ئامریکاوە تاوانبارکران و ژمارەیان پەنجا کەسێکە. زیانلێکەوتووانی چەکی کیمیاویی و فرەکوژ و گۆڕە بەکۆمەڵەکان بۆیان نەبوو تاوانباران دەستنیشان بکەن. دیارە نابێت و





ناکرێت ئەو هەموو تاوانەی چەکی کیمیاوی و جەنگی ژینۆساید و ئەنفالە لەلایەن تەنها پەنجا تاوانبارەوە ئەنجامدرابێت و کەسی تری تێوە نەگلێت. بۆ نموونە لە ئێڕاقی سەردەمی بەعسییەکاندا تەنها ئەندامانی سەرانی بەعس, سەرۆکی فەرمانگەی ئاسایشەکان, ژێنەڕاڵە سەربازییەکان, سەرۆکی دەزگا هەواڵدەرییەکان و هتد بژمێردرێن, نەك تەنها پەنجا تاوانبار بەڵکو خۆی دەدات لە سەدان و هەزارانیش. هەربۆیە ئێستا هەزاران تاوانبارانی بەعس لە دەرەوەی زینداندان و هەندێکیشیان توانیوویانە هەڵبێن و لە یەکێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا بگیرسێنەوە, بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان بەرەوڕوو کرابێتەوە؟!.

دانەمەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی بەعس زیانێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی دادپەروەریی جیهانی, چونکە وا بۆ ماوەیەکی زۆرە دەیان لە تاوانبارترینی ئەم دووایییەی مرۆڤایەتی بەهەڵواسراوی و بەبێ دادگاییکردن ماونەتەوە و پاشەڕۆژی ئەو دادگا ئێڕاقییەش نادیارە.

ئەم هەڵواسراویی دادگاییکردنە و دانەمەزراندنی دادگایەکی جیهانی بۆ تاوانباران کارێکی وای کردووە کە ڕای گشتیی جیهانی تاڕادەیەك تاوانی تاوانباران و دادگاییکردنیان بیربچێتەوە. بەتایبەتی ئێستا هەموو ڕای گشتیی جیهانی خۆیی ئاڕاستەی رووداوە تیرۆریستییەکانی ناو ئێڕاق و پرۆسەی هەڵبژاردن و مانەوەی هێزە فرەڕەگەزەکان کردووە لە ئێڕاقدا. هەروەها کارەساتی تسونامیی کۆتایی ساڵی 2004یش

بەتەواوەتی وای لە ڕای گشتیی جیهانی کرد کە بەجارێك گرنگی بەم کارەساتە بدات و دادگایی تاوانبارانیش بەتەواوەتی فەرامۆش بکات.

دەکرێت هۆیەکانی دانەمەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوانبارانی بەعس بگەڕێنرێتەوە بۆ چەندین هۆ کە ئەمانە هەندێکییانە:

- دانەبەشبوونی دەوڵەتی ئێڕاق بۆ چەند دەوڵەتێك وەك ئەوەی لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو روویدا. لە یۆگۆسلاڤیای پێشوودا هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی دادگاکەدا سلۆڤینیا و کرواتیا دوو دەوڵەتی سەربەخۆ بوون و نەدەکرا دادگاییکردنەکە لەلایەن دادگایەکی لۆکاڵەوە بەڕێوەبچێت و زیانلێکەوتووان بریتیبوون لە چەند دەوڵەتێکی تر. بەڵام ئێڕاق هێشتا هەمان چوارچێوەی رامیاریی فەرمیی ماوە و هەموو لایەنە ئەتنییە زیانلێکەوتووەکان هێشتا هەر لەچوارچێوەی ئێڕاقدان, لەوانە کورد و شیعە.
- ئەگەرچی هەردوو دەوڵەتی کووەیت و داگیرکەری ئێران دوو دەوڵەتی زیانلێکەوتووی سەرانی بەعس بوون, بەڵام داگیرکەری ئێران وڵاتێکە کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵتیدا گوێی لێناگیرێت و کووەیتیش هیچ هەوڵێکی باشی نەدا بۆ دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی.
- دادگاییکردنی سەددام و تاوانبارانی بەعس زۆر لەوەی تاوانبارانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو ئاڵۆزترە چونکە لایەنی تری تێوەگلاوە و پێویستیشی بە بودجەیەکی گەورە هەیە و





ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەم کاتەدا سەرباری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ICC کە دادگایەکی هەمیشەییە, دوو دادگایی تریش بەڕێوەدەبات کە ئەوانیش دادگای تاوانبارانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو و تاوانبارانی رواندان.

- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئامریکا و خۆرئاوا نەیویست سەددام و تاوانبارانی بەعس بدرێنە دادگایەکی نێودەوڵەتی و تەواوی بەڵگەکانی چەکی کیمیاوی و فرەکوژ بکەوێتە دەست ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی, لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەو چەکە کیمیاوی و فرەکوژانە لەلایەن خودی خۆرهەڵاتەوە دراوەتە ئەو تاوانبارانە و ئەمانیش بەجۆرێك لە جۆرەکان تاوانبارن لەو هەموو فرەکوژی و گۆڕە بەکۆمەڵانە و دیارە نایانەوێت لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا ئەو کارتانە ئاشکرا بێن. بەتایبەتی زلهێزێکی وەك ئامریکا کە ئەو هەموو تاوانانەی خۆیی لەژێر پەردەی درۆی رزگاریکردنی ئێڕاق و هێنانی ئازادی و دیموکراتیدا شاردووەتەوە.
- لایەنە زیانلێکەوتووەکانی تاوانبارانی بەعس بە تایبەتی کورد و شیعە هیچ کارێکی ئەوتۆیان نەکرد بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی والێبکەن کە پێویستە دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەم تاوانبارانە دابمەزرێت. ئەو لایەنانە هەر لەپاش رووخانی بەغداوە کەوتوونەتە ململانێی دەستەڵات و گەمەی هەڵبژاردنەوە و بەجارێك دادگاییکردنی تاوانبارانیان نەك

لەلایەن دادگایەکی نێودەوڵەتییەوە بەڵکو لەلایەن دادگایەکی ئێراقیشەوە بیرچووەتەوە !...

- پاش گیرانی تاوانبار سەددام حسێن، لەلایەن ئامریکاوە ڕاگەیەنرا کە نێوبراو دیلی جەنگە. ئەم کردەوەیەی ئامریکا کە زۆرتر دووربینیی ئامریکایە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و ئاشکرانەبوونی کارتەکان، بەڵام پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا ئاڵۆزتر کرد. چونکە تاوانبار بووەتە دیلی جەنگ، نەك تاوانباری جەنگ! دیلی جەنگیش دەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان ئازادبکرێت.

دەکرێت گەلێك هۆی تریش باسبکرێت بۆ دانەمەزرانی ئەو دادگا نێودەوڵەتییە، بەڵام ناکرێت هێشتا بێ هیوابین لە دامەزراندنی ئەو دادگایە. بەتایبەتی هێشتا هیوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی ئێراق هەیە و ئەگەری دابەشکردنیشی بۆ سێ دەوڵەتی کوردی و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە یەکێکە لەو پاشەڕۆژانەی کە چاودێران پێشبینیی بۆدەکەن و دیارە ئەم دابەشبوونەش دەبێتە هۆیەکی گرنگی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوانبارانی بەعس، چونکە ئەوکات زیانلێکەوتووان چەند دەوڵەتێکن نەك هاووڵاتییانی یەك دەوڵەت.

دانەمەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگی فرەکوژی، گۆڕی بەکۆمەڵ و ئەنفال لە چوارچێوەی ئێراقدا





ترسێکی گەورەیە بۆ دادپەروەریی مرۆڤایەتی، چونکە ئەگەر لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا پرۆسەی دادگاییکردنەکە بەڕێوەبچووایە، تاوەکو ئێستا دادگاکە پێشکەوتنی زۆری بەدەستهێنابوو و زۆرینەی تاوانەکانی سەرانی بەعس کۆکرابوونەوە و ئارشیف کرابوون و هەزاران گەواهینامەش نووسرابوون و دەکرا تاوەکو ئێستا دادگاییی زۆربەی ئەوانەش بکرایە کە لە زیندانەکانی ئامریکادان... سەرباری ئەوەش هەموو مرۆڤایەتی ئاگاداریی گۆڕانکارییەکانی دادگاییەکە دەبوو، وەك ئەوەی کە ئێستا لە دادگای یۆگۆسلاڤیای پێشوودا ڕوودەدات و ئەم دادگایە زوو زوو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی و ڕاپۆرتی ساڵانە دەردەکات تاوەکو مرۆڤایەتی ئاگاداری ڕەوتی دادگاییکردنەکە ببێت.

ئێستا زۆرینەی تاوانبارانی بەعس لە دەرەوەی زینداندان و ئازادن و لەو هەموو هەزاران تاوانبارە تەنها دەیانیان بەفەرمی کراونەتە تاوانبار و زیندانین و چاوەڕێی "دادگاییکردن" دەکەن. دادگاییکردنی تاوانبارانی بەعس شێواز و پاشەڕۆژێکی نادیاری هەیە، ئەم دواخستن و نادیارییە تاوانێکی ترە لە زیانلێکەوتووانی تاوانبارانی بەعس دەکرێت. دیسانەوە کورد ئەنفال دەکرێتەوە... ئەم نادیاری و دواخستنە هێرشێکی کیمیاویی ترە بۆ شاری هەڵەبجە.. دیسانەوە بارزانییەکانی قوشتەپە سەرەونگوون دەکرێنەوە... کەرکوك بەعەرەب دەکرێتەوە و ژمارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانمان زۆرتر دەکەن...



تاوانبار سەددام حسێن لە تۆژینەوە کارتۆنییەکەدا

من گومانی زۆرم لەم دادگاییکردنە و شێوازەکەی هەیە و هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم بەم شێوەیە سەرانی بەعس سزای تاوانەکانیان بکێشن و بەدووریشی نازانم بۆ شوێنونیی تاوانەکانی خۆرئاوا, هاکا ببیستین سەددام لە زینداندا مردووە !, تەنانەت ئەحمەد چەلەبی لەم دواییانەدا رایگەیاند کە دادوەری دادگای سەددام کۆنە بەعسییە. هەربۆیە دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی سەرانی بەعس پێویستییەکی مێژووییە بۆ رەوتی دادپەروەریی مرۆڤایەتی و بنەماکانی دادپەروەریی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش باشتر دەچەسپێنێت کە بەو ئامانجەوە دامەزراون و یەکێکە لە پایە گرنگەکانی هۆکاری دامەزراندنیان و ستراتیژی کارکردنیان...

سەرچاوەکان:





- راپۆرتی ساڵانەی ساڵی 2003 و 2004ی دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانبارانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو بە زمانی ئینگلیزی.
- Tribunet, the official ICTY intranet portal ئنترانێتی تایبەتیی دادگاکە کە تایبەتە بەو کەسانەی لە دادگاکەدا کاردەکەن.
- چەند گفتوگۆیەك لەگەڵ هەندێك لە هاوکارانم کە خەڵکی یۆگۆسلاڤیای پێشوون.

ژەنیوەریی 2005

# کرۆنۆلۆژیایەکی بەرفراوان بۆ مانگی مارت

کرۆنۆلۆژیای رووداوەکانی مانگی مارتە بەدرێژایی مێژوو، لە هاوڕێنامە وەرگیراوە. لە رۆژی 2005-03-15 لە ماڵپەڕی کوردستانێت و ماڵپەڕی کورد ئای تی لە ئیتالیا بڵاوکراوەتەوە.

بڕوانە هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد.





# جەلال تاڵەبانی لە هاوڕێنامەدا

ژیاننامەی جەلال تاڵەبانییە بەدرێژایی مێژوو، لە هاوڕێنامە وەرگیراوە. لە رۆژی 2005-04-13 لە ماڵپەڕی کوردستانێت بڵاوکراوەتەوە.

بڕوانە هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد.

# ئەنفال لە هاوڕێنامەدا

کرۆنۆلۆژیای ئەنفال بەدرێژایی مێژوو, لە هاوڕێنامە وەرگیراوە. لە ڕۆژی 2005–04–16 لە ماڵپەڕی کوردستانێت بڵاوکراوەتەوە.

بڕوانە هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد.





# ژن لە هاوڕێنامەدا

کرۆنۆلۆژیای ژنی کورد بەدرێژایی مێژوو, لە هاوڕێنامە وەرگیراوە. لە ڕۆژی 2005–05–00 لە ماڵپەڕی ژننامە بڵاوکراوەتەوە.

بڕوانە هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد.

# شاری دوو حاکم![1]

پاش هەڵبژاردنـەکانی ئێـراق و کوردسـتان, ماوەیـەکی باشـە خـەڵکی چــاوەڕوانی ســەرئەنجامەکانی ئــەو هەڵبژاردنانــەن. هەنــدێك هــەبوون لەســەرەتادا زۆر گــەش بــین بــوون بــە ســەرکەوتن و ڕۆڵــی کــورد لــە ســەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانــدا. بــەڵام بەدواکــەوتنی پراکتیزەکردنــی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە حکومەتی نـوێی ئێڕاقـدا و باشـتر دەرکـەوتنی ڕووە راســتینەکەی شــیعەی کۆنــە دۆســتمان و ڕووهــەڵماڵینی بــیرە شۆڤێنییە دژبەکوردەکانیان, تاڕادەیەك ئەم گەشبینییە کەم بووەوە.

دیارە کارێکی تاڕادەیەك ئاساییە دروستکردنی حکومـەتی ئێـڕاق بـەو جـۆرە چەندوچـونی لەسـەر بکرێـت, بـەهۆی ئـەوەی کـە چوارچـێوەی داگیرکـەری ئێـڕاق وەك مۆزەخانـەی توخمـەکان وایـە و هەریـەك لەلایـەك دەیـەوێت لـەو حکومەتـەدا کارمەنـدێك و چـەند ملیـۆن دۆلارێـك زۆرتـری بەدەست بکەوێت. دیـارە ئەمـەش نـەك لـە بەرژەوەنـدیی ئـەو نەتـەوە و ئایینزایانەیە کە نوێنەرایەتیی دەکەن! بەڵکو تەنها بۆ بەرژەوەنـدیی ئـەو گروپـە رامیارییانەیـە کـە ئـەوان دەمڕاسـین. هەڵبـەت لـەناو ئـەو گروپـە رامیارییانەشــدا بەرژەوەنــدیی بنەماڵــەیی و کەســی ڕۆڵێکــی کاریگــەر دەبینێت و هەریـەك لەلایـەن خۆیـەوە خوازیـاری ئەوەیـە یـان خـۆی یـان

[1] ڕۆژنامەی میدیا - ژمارە 189- 03-05-2005- لاپەڕە 3 - هەولێر - کوردستان.
ماڵپەڕی کوردستان نێت - 03-05-2005.
ماڵپەڕی خاك نێت.





کوڕی, ئەگەر هـەر نـەبوو ئـەوا کچـەکەی, زاواکـەی, ئاوەڵزاواکـەی ببێتـە خـاوەنی پۆسـتێکی کاریگـەر بـۆ بەدەسـتهێنانی چـەند ملیـۆن دۆلارێکـی دی..

پاش هەڵبژاردنـەکانی کوردسـتان خـەڵکی بەنائارامییـەوە چاوەڕوانی نوێکردنەوەی پەرلەمان و یەکگرتنەوەی کارگێڕییەکانی هەردوو سـلێمانی و هەولێر بوون. لێ ئەمەش هەروەك پێشتر بـووە پرۆسـەیەکی ئـاڵۆزی وا کـە نـەك ئێمـە بـەڵکو ترۆپکـی ئـەو دوو لایەنـەش نـازانن کـەی ئـەو دوو کارگێڕییە دەگەنەوە بەیەك و حکومەتێکی یەکگرتوو پێکدێنن.

ئاشــکرایە هاوکــات لەگــەڵ هەڵبــژاردنی پەرلــەمانی کوردســتان, هەڵبژاردنی شـارەوانییەکانی کوردسـتانیش سـنووقێکی تایبـەتیی لەتـەك پەرلەمانی کوردستان و ئێڕاق و ریفراندۆمدا هـەبوو. شـارەوانییەکان هـەر زووبەزوو سەرئەنجامەکانیان ئاشکراکرا و ئەنجوومەنـەکانیان کەوتنـەکار. لە سلێمانی یەکێتی زۆرینە و لە هەولێریش پارتی.

ئــەم دوولایەنــەی لەمــەڕخۆمان زۆر شــانازی بــە ئاســتی پرۆســەی دیمـوکراتی لـە کوردسـتاندا دەکـەن و بـەجۆرێك باسـی لێوەدەکـەن کـە بێونەیە لە خۆرهەڵاتی ناوین. بەڵام پاش هەڵبژاردنەکانی شـارەوانییەکان و هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانییەکانی هەردوو شاری سلێمانی و هـەولێر لەلایەن ئەنجوومەنی شارەوانییەکانەوە, هێشتا ئەو شارانە دوو حاکمیـان هەیە, هێشتا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیاندا پارێزگـاری سـلێمانی کەسـێکی پارتییە و لە هەولێریش یەکێتی. لەمەوە بڕواننە ئەوەی کـە ئایـا (کـەی و چۆن) کوردستان و حکومەتەکەی دەبنە یەك حاکم...

2005-04-23





# خەڵاتی ئەم دوواییەی بیابان و بیری بێگانە

کرۆنۆلۆژیای تیرۆری عەرەبە بەرامبەر بە کورد لەم دوو ساڵەی دوواییدا, لە هاوڕێنامە وەرگیراوە. لە رۆژی 05-05-2005 لە ماڵپەری کوردستان نێت بڵاوکراوەتەوە.

بڕوانە هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد.

# ئەوە چ بیرێکە؟ ئێمەش چ بیرێکمان هەیە![1]

ئەم بەیانییەش, وەك زۆر بەیانیانی تر لەسەر کارەکەم بە چەند هەواڵێکی ناخۆش سەرودڵم گیرا. لەلایەکەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندێك لە کوردستان و لەلایەکی ترەوە کۆچی دوایی نووسەرێك لە هەندەران. دیارە ئەو دوو هەواڵە ڕووداوێکی سروشتین و دەستەڵات نییە. بەڵام ئەوەی سروشتی نییە, ئەوەیە کە ئەم بەیانییە لە هەولێر ڕوویدا. هەروەك پێشتریش ڕوویداوە و دیارە پاشتریش (بەهۆی هەڵەکانی خۆمانەوە بەدڵنیاییەوە) هەر ڕوودەدات!.

بەدەم کارکردن و خۆخواردنەوە و تووڕەییەوە, لەخۆمم دەپرسی ئەوە چ بیرێکە تیرۆرماندەکات, ئەوە کێیە دەمانکوژێت, ئەوە کێیە ئەوەندە رکی لێمانە خۆیمان پێدا دەتەقێنێتەوە و گۆشت و خوێنی خۆیمان لەگەڵدا تێکەڵ دەکات و دێتە گۆڕەکەشەوە لەگەڵماندا!.

هەر بەو خۆخواردنەوە و تووڕەییەوە کەوتمە ئەم ماڵپەڕ و ئەو پۆرتاڵ. کاتێك کە بینیم لەسەر ماڵپەڕی پەیامنێر, ناوی هەندێك لە کوژراوان و بریندارانی کارەساتەکەی ئەم بەیانییە پەخشکرا, ئەوەندەی تر گڕمگرت!. زۆرینەی ئەو ناوانە بەو زمانە بوون کە بووە هۆی تیرۆرکردنیان. ئەو ناوانەی بەرچاوم کەوتن بریتی بوون لە تەها, محەمەد, شەعبان, کەریم, سەباح, شەهاب, خالید و سەنعان و زۆریتر... دیارە ئەگەر لە ناوە کوردییەکان زۆرتر نەبووبن, ئەوا کەمتر نەبوون..

ئەو بیرە بەئاشکرا دەڵێت: با ناویشت تەنانەت لە سی جزمەی قورئانیشدا ببێت, با پێنج فەرزە نوێژیش بکەیت بە کۆمەڵێك رکاعەتی سوننەتەوە, بەڵام لەبەرئەوەی کوردیت! غەزات دەکەین, دەتکوژین و لەو دنیاش ڕەوانەی دۆزەخت دەکەین و بیئسەلمەسیرت لە چارە دەنووسین.

لەبەرامبەر ئەم هەموو "نەرم و نیانییەیاندا"!, هێشتا ئێمە بۆیان دەپاڕێینەوە, هێشتا ئێمە وابیردەکەینەوە کە بیری ئەوان بەو شێوەیە نییە کە تیرۆرمان دەکات. هێشتا بەرگرییان لێدەکەین و دەڵێین ئەوان وا نین و ئەو کەسانە دەیانەوێت ناویان بزڕێنن. هێشتا لەو هەولێرە پان و بەرینە یەك ملیۆن کەسییەدا! کەسمان چنگ ناکەوێت بیخەینە سەر تەلەڤزیۆن, تەنها ئەوانە نەبێت کە بە هەمان سەروسیمای ئەوانەوە بە زمانی کوردی پاکانەیان بۆدەکەن و دەڵێن: ئەمە دوورە لەوانەوە... هێشتا شەڕمانە لەسەر ئەوەی کاممان برا بچوکیانین و کاممان زۆرتر کار بۆ ئەوە دەکەین ببینەوە بە ئێراقی عەرەبی و لە خەیاڵ پڵاوی ساویلکانەی خۆماندا "فیدڕاڵی"!...

منیش بێ زۆربلێیی تر و قسەی ناو کتێب و درێژدادڕی, دەڵێم: گەر ئەوان ئەوە بیریان بێت و ئێمەش ئاوا, تۆ بڵێی شایانی لەمە خراتر نەبین!...

2005-05-04

[1] کوردستان نێت - 2005-05-05.
ڕۆژنامەی میدیا - ژمارە 190- 2005-05-10- لاپەڕە 5 - هەولێر - کوردستان.



وشه پەڕتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

# پشدەر لە هاوڕێنامەدا

کرۆنۆلۆژیای ناوچەی پشدەرە بەدرێژایی مێژوو, لە هاوڕێنامە وەرگیراوە. لە 2005-05-00 لە ماڵپەڕی پشدەر بڵاوکراوەتەوە.

بڕوانە هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد.





# مامەڵەی بەرامبەر[1]

بەڕێز هەفتەنامەی میدیا سڵاو..

هەفتەنامەکەتان ئەگەر باشترین بڵاوکراوەی کوردستان نەبێت, ئەوا یەکێکە لەوانەی کە زۆر باشن. لەو ڕووەوە دەستخۆشیتان لێدەکەم و هیوادارم میدیا بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی بڵاوکراوە کوردییەکان بێت.

لێ بەداخەوە ماوەیەکە تێبینیی ئەوە دەکەم لە لاپەڕە 12دا هەندێك دەنگوباسی گۆرانیبێژ و ئەکتەرە عەرەبەکان و وێنەکانیان بڵاودەکەنەوە, وەکو ئەوەی بابەتتان لانەبێت و ڕۆڵی پڕکردنەوە ببینن! یان ئێمەی خوێنەر "بەلایەنی کەمەوە خودی من و زۆر لەوانەی دەیانناسم و خوێنەرتانن" بەتامەزۆی پاسکال مەشعەلانی و نانسی عەجرەم بزانن! یاخود وێنەی چۆپی و تارا ڕەسوڵتان لادەست ناکەوێت؟!.

بەڕێزینە: نەمبینیوە و نەمبیستووە, لەو مێژووە درێژەی ڕۆژنامەگەریی عەرەبی, وێنەیەکی ئایشەشان و گوڵبەهار و مەرزیەیان بڵاوکردبێتەوە و باسی کارەکانیان و کلیپەکانیانیان کردبێت. بەڵام

[1] ڕۆژنامەی میدیا - ژمارە 200- 2005-07-19- لاپەڕە 12 - هەولێر - کوردستان.
ماڵپەڕی کوردستان نێت - 2005-08-09.

لەوەناگەم کە بۆچی بەڕێزتان ئەو کارە دەکەن و هەمان مامەڵەی بەرامبەر ئەنجام نادەن.

بڕوا بفەرموون بە بڵاوکردنەوەی وێنەی "تەویلەی رانەمەڕێکی گوندێکی ئەو دەشتی هەولێرە" لەجیاتی ئەو وێنە بێگانانە، خزمەتی زۆرتر بەهەفتەنامەکەشتان و وڵاتەکەشمان دەکەن. لەباتی ئەوەی پەخشی کاروکردەوەی کەسانێکمان بۆبکەن کە ئەگەر مایکڵ جاکسنیش کورد بێت! ئەوا دڵنیابن باسی ناکەن. تکایە بائەوان چۆن مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن، ئێمەش وابکەین.

تکایە ئاگاداربن و زۆر سوپاس..

لەگەڵ رێزمدا..

2005-07-12





# مژدەی گیرانی ئاکۆ محەمەدی تیرۆریست![1]

بەیانێك لە وەزارەتە تێکۆشەرەکەمانەوە:

مژدە ئەی گەلی کورد مژدە...

ئەمڕۆ 09-08-2005، هێزە ئازاکانی بنکەی پۆلیسی خانەقا لە هەولێری پایتەخت، بەپێی پلانێکی نەخشەبۆکێشراوی رێکوپێك هەڵیانکوتایە سەر ماڵی تیرۆریستان ئاکۆ محەمەدی سەرنووسەری هەفتەنامەی میدیا و موسا ئەحمەدی بەرپرسی پەیمانگای کوردستان بۆ راپرسییە سیاسییەکان.

ئەم تاوانبارانە، سەرپەرشتیی باندێکی تیرۆریستیی بەرفراوانیان دەکرد کە لەچاو ئەوەی (شێخ زانا)دا بەراورد ناکرێت. شایانی باسە هاوکات لەگەڵ گرتنی سەرۆکی ئەم باندە بەناوی ئاکۆ محەمەد، ماڵەکەشی لەلایەن پۆلیسە ئازا و جەربەزەکانی بنکەی خانەقاوە پشکنرا و لە ئەنجامدا چەندین تەقەمەنی و کەرەستەی تیرۆریستیان لە ماڵەکەیدا دۆزییەوە لەوانە:

- 12 حەشوەی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی لە جۆری گەورە.
- دەیان کەبسولی بیری نەتەوەیی کوردی لە جۆری نەبەز.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 10-08-2005.
کوورتەیەکی ئەم وتارە لە (رۆژنامەی میدیا – ژمارە 204- 16-08-2005- لاپەڕە 5 – هەولێر – کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە.

- سەدان گوللە لە مێژووی کوردستان و کورد کە گەورەترینیان لە جۆری ئەمین زەکی بەگە.
- ژمارەیەك لە ریمۆت کۆنترۆڵی وەك مرۆڤ و دەوروبەر، ئادەمیزاد لە کۆمەڵگای کوردەواریدا و چیم دی و زۆری تر.
- چەندین پارچە چەکی هەمەجۆرەی وەك هەفتەنامەی میدیا، هاولاتی، هاوبیر و هتد.
- دوانزە وانە بۆ منداڵەکان لە جۆری پەشێو.
- سەدان کیلۆمەتر وایەری شاپلێتەی تەقینەوە لە جۆری: دژایەتیی چەکی کیمیاوی، راگواستن، بەعەرەبکردن، گێڕانەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بۆسەر سنووری کوردستان، مافی ئافرەت و قەدەغەکردنی فرەژنی و هتد.
- جێی باسە کە ئەمە هەموو ئەو کەرەستە تیرۆریستییانە نییە کە لە ماڵی ئەم تیرۆریستەدا گیراوە، بەڵکو تاوەکو ئامادەکردنی ئەم هەواڵە شارەزایانی بواری تەقینەوە خەریکی دروستکردنی ئاماری تەواوی کەرەستەکانن و لە بەیانەکانی داهاتوودا ئێوەی بەڕێزی لێ ئاگادار دەکەین.

بەپێی پشکنینەکانی دەزگای پۆلیس و پۆلیسی تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ، ئەم باندە تیرۆریستە پەیوەندییەکی بەرفراوانی لەگەڵ تیرۆریستانی ناوەوەی ولات و دەرەوەدا هەیە، سەرچاوە بەراییەکانمان





وایدەردەخەن کە تیرۆریستگەلێك لە هەندەران لە هەمان باندا کاردەکەن کە ئەمە هەندێك لە ناوەکانیانە:

- جەمال نەبەز: راوێژکاری باندەکە.
- عەبدوڵڵا پەشێو
- کاوە ئەمین
- هێمن عەبدوڵڵا
- عومەر فارس عەزیز
- تامان شاکیر
- هیشام ئاکرەیی
- بەختیاری شەمەیی
- ئەمجەد شاکەلی
- نورەدین سەعید وەیسی[1]
- هاوڕێ باخەوان و زۆریتر...

بۆ دەستگیرکردنی ئەمانەش وەزارەتی ناوخۆ لە پەیوەندیی بەردەوامدایە لەگەڵ ئنتەرپۆڵ تاوەکو ئەمانیش وەك ئاکۆ و موسا راپێچی بنکەی پۆلیسی خانەقا بکرێن بۆ لێپێچینەوەی یاسایی و گەیاندنیان بەسزای گەل و نیشتمان.

[1] داوای لێبووردن لەو بەڕێزانە دەکەم کە بەبێ پرس ناویانم خستە ئەم نووسینەوە.

لە کۆتاییدا بە بەڕێزتان رادەگەیەنین کە دانپیانانەکانی ئەم تیرۆریستانەتان لە داهاتوودا بەزنجیرەیەك لە کەناڵی ئاسمانییەوە پیشان دەدەین. بەڵام تکا دەکەین کە ئەو فیلمانە بۆ کەسانی لەخوار هەشتا ساڵییەوە باش نییە و تکایە ئاگاداربن.

و النصر من الله و فتح قريب...

2005-08-09





# کورد و هەڵپەڕکێ![1]

هەڵپەڕکێ, هەڵپەڕکێ و دیسانیش هەڵپەڕکێ..

ئەمە بووەتە رۆتینێکی سەیروسەمەرەی ژیانی ڕۆژانەمان! تەلەڤزیۆنەکان هەر هەڵپەڕکێ! رادیۆکان بەهەمان شێوە! ئەگەر رۆژنامەکانیش سیستمی ئاودیۆیان ببوایە! ئەوا ئەوانیش هەر هەڵپەڕکێ..

کاتی راپەڕین هەر هەڵپەڕکێیە, هەڵبژاردن هەر هەڵپەڕکێیە, تەنانە لەکاتی گیرانی ئوجەلان و پیشاندانی لەبەردەم ئالآیەکی تورکدا هەر هەڵپەڕکێ بوو...

دووا هەڵپەڕکێی بێبناغەمان, دیارە دڵنیام دواهەمین هەڵپەڕکێمان نییە, هاوکات بوو لەگەڵ دادگاییکردنی تاوانبار فرانس فان ئانڕاتی بازرگانی چەکی کورد کوژیدا. هێشتا دادوەر بەتەواوەتی وشەی پازدە ساڵ زیندانیی تەواو نەکردبوو! لەدەرەوە و لەبەردەمی دادگادا دەستگیرابوو و دەهۆڵ و زوڕناش ئامادەبوو.. زۆربەی ئەوانەی

---

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 28-12-2005.
رۆژنامەی میدیا – ژمارە 223- 03-01-2006- لاپەڕە 5 – هەولێر – کوردستان.
ماڵپەڕی هاوبیران.

هەڵدەپەڕین، هەرئەوانەبوون چەند ڕۆژێك پێشتر بۆ باشتر پێوەلکاندنی کوردستان بە ئێراقەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دیسان دەستیان گرتبوو. لەوانەیە تیایاندا بووبێت هێشتا ئارەقەی ئەو ڕۆژەی پێوەبووبێت..

لێ ئەمجارەشیان وەك جاری پێشوو هەر بەهەڵە هەڵدەپەڕی و نەیدەزانی تەواوی تاوانەکانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی و ژاربارانی هەڵەبجە و سەردەشت و شوێنەکانی تر لە کەسێکی وەك فرانس فان ئانراتدا بچووککرایەوە و بەشێك لە تاوانبارە ڕاستەقینەکان کەئەوانیش ئەو کۆمپانیا خۆرئاواییانەن کە بەفەرمانی خودی خۆرئاوا ئەو چەکانەیان داوەتە ڕژێمی ئێراق، دیسانەوە لەبیربرانەوە. نە ئەوان دەیانزانی ئەو بڕیاری دادگایە (بڕیارێکی رامیاری)یە و نە ڕێکخەرانی خودی ئەو هەڵپەڕکێیە !..

ئەوانەی کە تەنها بۆ هەڵپەڕکێ هاتبوون! تەنانەت نەشیانهێشت ئێمەمانان بە ئاسوودەیی گوێ لە بڕیارەکەی دادوەر بگرین! لەوێشدا هەرقسە بوو، پێکەنین بوو، گفتووگۆ بوو!.. سەربادانی هۆڵندییە ئامادەبووەکان بوو!.. دیارە پەلەی هەڵپەڕکێکەی دەرەوەیان بوو...

منیش لەخەمی بێخەمیی ئەو کۆمپانیا تاوانبارانە و رامیاریی خۆرئاوا و ڕەشبەڵەکی ناپێویستی هاوزمانانم.. بەرەوماڵ بوومەوە..

2005-12-27

هۆڵندا





# ئەنفال - وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامەی زەنگ[1]

بەڕێز ڕۆژنامەی زەنگی خۆشەویست و کاك سامان کەریم سڵاو...
سوپاس بۆ ناردنی ئەو پرسیارانە و ئەمانەی خوارەوە وەڵامەکانی منە زۆر بەکورتی:

## خوێندنەوەت بۆ ئەنفال چییە؟

ئەنفال، زریانێکی لماوییە و زۆرتر لە هەزار ساڵە هەرجارە و بەجۆرێك ڕوو لە کوردستان دەکات. ئەم زریانە لە هەموو کات و ساتێکدا دژی وڵاتی کوردەواری بووە. زۆرجار لە زۆر کەناڵ و لە زۆر لاوە گوێبیستی ئەوە دەبین کە ئەم زریانە لە ساڵی 1988ەوە هەڵیکردووە! ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەی مێژووییە و دوورە لە هەموو ڕاستییەکەوە. یەکەمین ئەنفال پێش 1400 ساڵ لە کوردستاندا ئەنجامدرا. ئەگەر لەم ئەنفالە نوێیەی 1988دا کورد لە کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێراقدا گوندەکانی و نزیکەی 200 هەزار مرۆڤی لەدەستدابێت. ئەوا لەو ئەنفالەی دیدا کورد، بیر و ئایین و بنەماکانی دەوڵەتی لەدەستدا. هێزکاری ئەو ئەنفالە تاڕۆژی ئەمڕۆ هەرماوە و ڕێخۆشکەریش بووە بۆ ئەنفالە نوێیەکەی ئەم دوواییە. لەو ئەنفالەدا بەهەزاران ئافرەتی کورد

[1] ئەم پرسیارانە لەلایەن ڕۆژنامەی زەنگەوە لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (سامان کەریم) بۆم نێردرا و چۆن و کەی بڵاوکراوەتەوە ! ئاگادارنیم..

بەدیلی برانە بیابانەکان و کرانە کەرەستەی شەوە سوورەکانی تیرۆریستان.

ئەنفال تەمەنی 18 ساڵ نییە و زریانێکی 14 سەدەییە.. تابەر بەبیری تیرۆریستیی ئەم زریانە نەگیرێت, ئەستەمە وڵاتی کوردەواری ئاسوودەیی بەخۆوە ببینێت.

## بەڕای تۆ ئەنفال کراوەتە پرسێك بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرکردن و بەمێژووکردنی؟

لێکۆڵینەوە لە ئەنفال کراوە. بەڵام وەك پێویست نییە چونکە ئەو لێکۆڵینەوانە یان لەلایەن تاکەکەسەوە یان لەلایەن دامەزراوێکی حیزبییەوە ئەنجامدراوە. ئەنفال دەبێت دامەزراوێکی کوردیی حکومیی دوور لە حیزب و دوور لە مۆتەکەی ترسی بیری بیابان ئەنجامبدرێت. ئەو لێکۆڵینەوە و بەمێژووکردنە دەبێت لەیەکەم زریانی کوژاندنەوەی یەکەم ئاگرمانەوە تاوەکو رۆژی ئەمڕۆ و لەو زریانانەش بکۆڵێتەوە کە ئێستا خۆیی ئامادەکردووە دیسانەوە هەڵبکاتەوە سەر وڵاتی کوردەواری.

## دوای ئاشکرابوونی چارەنووسی ئەنفالەکانمان, داوای چییان بۆبکەین؟

ئێمە, بەهەموو لایەکمانەوە زۆر کەمتەرخەمین بەرامبەر ئەنفال و چارەنووسیان. دەبووایە هەر لە رۆژی رووخانی داگیرکەری بەعسەوە تارۆژی ئەمڕۆ, هەریەك لە ئێمە ئەگەر بە نینۆکیش بووایە تەواوی





بیابانەکانمان بۆیان بپشکنییایە. بەڵام ئەوەی تاوەکو ئێستا دۆزراونەتەوە بەشێکی کەمی قوربانییەکانمانن.

زۆرینەی ئەوانەی تا ئێستا بۆ ئەنفال کراوە, تەنها تەندەرێك بووە و بۆ دەوڵەمەندبوونی چەند کەسانێکی ئەنفالچی بوون و کارتێك بووە بەکارهێنراوە بۆ وتاری رامیاری و بەرژەوەندیی پارتایەتی.


ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا جوولەکەیەکی ئامریکی زۆر خزمەتی دۆزی جولەکەی کردووە. گۆڕی ئەم جوولەکەیە بووەتە ژێرباڵەخانەیەکی گەورەوە لە ئامریکا. جوولەکەکان بۆ ئەوەی تەرمەکەی بەرنەوە بۆ وڵاتی ئیسرائیل و وەك رێزلێنانێك لە کاروکردەوەکانی, ئەو باڵەخانە گەورەیە دەکڕن و دەیڕووخێنن و هێسکی جوولەکەکە دەگوێزنەوە بۆ ئیسرائیل.

ئێمە بۆ هەر ئەنفالکراوێك کارێکی لەو جۆرە بکەین هێشتا هەر زۆر زۆر کەمە...

2006-04-10

هۆڵندا

# بانگەوازێك لە گروپی (ئی-فەرهەنگ)ەوە



هاوزمانانی بەڕێز:
وەك هەندێکتان ئاگادارن ماڵپەڕی ئی-فەرهەنگ **http://www.eFerheng.com**لە مانگی ژەنیوەریی ساڵی 2005ەوە کەوتوتە کارکردن. ئی-فەرهەنگ، سیستەمێکی خێرا و ئاسانە بۆ وەرگێران لە زمانی کوردییەوە بۆ چەندین زمانی دیکە.

ئی-فەرهەنگ, لەو ماوەی کارکردنەیدا زۆرتر لە **30** هاوکاری خۆبەخشی بۆ پەیدا بووە، ئەم هاوکارانە کاریان لە زۆرتر لە **20** زماندا کردووە و تاوەکو ئێستا زۆرتر لە **60 هەزار** وشەمان وەرگێڕاوە. دەکرێت بگووترێت کە ئەو وەرگێڕانانە سوودێکی زۆری بە میوانانی ماڵپەڕەکەمان گەیاندووە، چونکە هەر مانگێك بەلایەنی کەمەوە بەتێکڕایی **4 هەزار** جار سەردانی ماڵپەڕی ئی-فەرهەنگ





کراوە و پەیام و دەستخۆشانەیەکی زۆریشمان لەو میوانانەوە پێگەیشتووە، ئەمە جگە لە ناردنی ڕەخنە و پێشنیاز و ڕاستکردنەوەی وەرگێڕانە هەڵەکانمان کە گوڕێکی تر بوون بۆ بەرەو کارکردنێکی باشتر.

پرۆژەی ئی-فەرهەنگ پرۆژەیەکی گەورەیە و دیارە ئێمە هەر بەوەوە ناوەستین و لە ماوەی داهاتوودا جگە لەوەی کە هەر بەردەوام دەبین لە تۆمارکردن و کۆکردنەوەی وشەی کوردی بەهەموو شێوەزمانەکان و وەرگێڕانیان بەو زمانانەی کە هاوکارانمان کاریان تێدا دەکەن، هەروەها دەشمانەوێت لە داهاتوودا:

1- بەردەوام خەریکی پاکسازیی داتابەیسی ئی-فەرهەنگ دەبین تاوەکو وەرگێڕانی هەڵەو وشە دووبارەکان لاببەین.
2- باشترکردنی لاپەڕەکانی هەردوو بەشی جەماوەر و بەڕێوەبردن تاوەکو کاریان بەئاسانی تێدابکرێت و جەماوەریش بەئاسانتر وەرگێڕانی وشەیەکی خوازراو بدۆزنەوە.
3- دوورستکردنی پرۆسێسێك بۆ وەرگێڕانی پڕگەیەك یان دۆکومێنتێك لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر و بەپێچەوانەشەوە، ئەم پرۆسەیە تێهەڵکێش دەکەین بە کۆمەڵێك لۆژیکی زمانەوانی و بەرنامەوانی هەروەکو ئەوانەی کە لە فەرهەنگە دیجیتاڵە جیهانییەکاندا هەیە.
4- هەروەها چاپکردنی زنجیرە فەرهەنگێك لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر، هەروەك

پرۆژەی (پریسما)ی ئەوروپی و ئەم زنجیرە فەرهەنگە بەردەوام چاکتر و پاکژتر دەکرێت و ئامادەدەکرێتەوە بۆ چاپکردن و بەناوی هاوکارانی بەشداربووی ئەو زمانانەوە بڵاودەکرێتەوە.

5- ماوەی مانگێکە پرۆسەیەکمان بەناوی (سیستمی ئی-فەرهەنگ)ەوە درووستکردووە، ئەم سیستمە بەرنامەیەکە و لەسەر سێرڤەری ئی-فەرهەنگ کاردەکات و کاری وەرگێرانی ئەو وشانەیە کە لە داتابەیسە ئازادەکانی سەر ئنتەرنێتدا دەیاندۆزێتەوە و هەروەها ئەو وشە کوردییانەشی کە بە تیپی عەرەبی تۆمارکراون دەیانکاتە لاتینی. ئەم پرۆسەیە لە سەرەتایدایە و بەردەوام باشتر دەکرێت، بەڵام دیارە چەند باشبکرێت بەدەر نابێت لە هەڵە و دووبارەبوونەوە، هەربۆیە ئێستا پرۆسەی پاکژکردنەوە لەهەموو کاتێك پێویسترە و لەمەشدا هیوامان بە بیر و پێشنیازەکانی ئێوەی بەڕێزە.

هاوزمانانی بەڕێز, بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە پێویستیمان بە هاوکاری زۆرتر و یارمەتیدانی ئێوە و زمانەوانانی کورد هەیە. پرۆژەکەمان پرۆژەیەکی ناوکۆییە و دەمانەوێت بە لێزانی و بیرتیژیی بەڕێزتان باشتر و باشتری بکەین. هەربۆیە تکاتان لێدەکەین کە یارمەتیمان بدەن و ئەگەر لەخۆتان ڕادەبینن و دەزانن لە یەکێك لە شێوەزمانەکانی کوردی یان زمانێکی بێگانەدا شارەزاییتان هەیە و دەتوانن ببنە هاوکاری خۆبەخشی ئی-فەرهەنگ پەیوەندییمان پێوەبکەن. یان هەر لە ماڵپەڕی ئی-فەرهەنگەوە کلیك لە (هاوکاری نوێ) بکە و ناوی خۆتان و





ئەو زمانە بنووسن کە دەتانەوێت لە ئی-فەرهەنگدا کاری تێدا بکەین، پاشان بەزووترین کات پەیوەندیتان پێوە دەکەین و ئەکاونتی کارکردنتان لە لاپەڕەی بەڕێوەبردنی ئی-فەرهەنگەوە بۆ درووستدەکەین.

دڵنیاین لە هاوکاریی ئێوە و بەهیوای ئی-فەرهەنگێکی وەهاین لە داهاتوودا, کە ملیۆنان وشە لەخۆ بگرێت و هاوزمانانی کورد بەهەموو زمانانی دنیا ئاشنا بکەین و ئەو بێگانانەشی دەیانەوێت فێری زمانی کوردی ببن، ئی-فەرهەنگ ببێتە پردێکی باش بۆیان.

چاوەڕێتانین و زۆر سوپاس..

هاورێ باخەوان
لەجیاتیی گروپی ئی-فەرهەنگ
05-04-2006

**http://www.eFerheng.com**
**postmaster@eFerheng.com**

# رووبەڕوویەك لەگەڵ گۆڤاری زنار[1]

*برای بەڕێز هاوڕێ باخەوان*

*ئەم کاتەتان باش، بەهیوای ساغو سەلامەتیتان. من (هەڵۆ مەرگەی)یم پەیامنێری رۆژنامەی ﴿میدیا﴾و ئێستا لە رانیە لەگەڵ کۆمەڵێك گەنج گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی مانگانە دەردەکەین بەناوی ﴿زنار﴾و تا ئێستا شەش ژمارەمان لێدەرکردووەو لەسەر سایتی دەنگەکانو کوردستان نێت پەیجمان هەیە لە بڵاوەکراوە کوردیەکاندا. بۆ ئەم ژمارەیە بەڕێزتانمان بەمەبەستی دیدارێکی تایبەت دەستنیشان کردووە بەو هیوایەی ئەو دەرفەتەتان هەبێتو وەلامی پرسیارەکانمان بدەنەوە.*

*پرسیارەکان ئەمانەن:-*

## * چۆن هاوڕی باخەوان خۆیمان پێدەناسێنێ و باس لەمنداڵی و ژیانی تایبەتی خۆی دەکات؟.

هاوڕێ باخەوان لە رۆژێکی سارد و بەفراویی وەك 28 فێبریوەریی 1966 لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە. زۆر بەمنداڵی خراومەتە بەر خوێندن و تەنانەت پێنج ساڵانیشم تەواو نەکردبوو! هەربۆیە کاتێك چوومە موسڵ بۆ خوێندنی زانکۆ هێشتا هەر هەڤدە ساڵ دەبووم!. من زۆر منداڵ بووم کە دایکم تووشی نەخۆشییەکی گران بوو

[1] گۆڤاری زنار ژمارە 7 – ژوونی 2007 – کوردستان – لاپەڕە 24 بۆ 26.





و ناچار بوو بۆ ماوەی دوو ساڵێك لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی بەغدا بکەوێت. هەربۆیە بەو رووداوە زۆر شیرازەی خێزانیی ئێمە تێکچوو و خۆم و خوشك و براکانی ترم لە ماڵی باپیرم و پوورم داڵدەدراین و بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئەوەی کە پێی دەگووترێت خێزان تیاماندا بەدی نەدەکرا. ئەو رووداوە و ئەو چەند ساڵە هەردەم لە خولیامدایە و هێزکاری زۆریشی کردووەتە سەر بیرکردنەوە و دانانی کەسایەتیم. بەڵام پاشتر خۆشبەختانە دایکم بەرەو باشترچوو و وردە وردە ئێمەش جارێکی تر خێزانەکەمان دامەزرایەوە.

خوێندنی سەرەتایی و دوواناوەندییی رشتەی وێژەییم لە سلێمانی تەواوکردووە و گەر بمەوێت دەربارەی ئەو ساڵانەم بنووسم کات و کاری زۆری دەوێت و خوێنەرانی بەڕێزتان بەوانەوە خەریك ناکەم و ئێستاش باوی نووسینی درێژ نەماوە و خوێنەر کاتی ئەوەی نییە. هەرچۆنێك بێت بەهۆی ئەوەی کە پلەیەکی باشم لە رشتەی وێژەییدا بەدەستهێنا, لە کۆلیژی یاسای زانکۆی موسڵ وەرگیرام و بە شەش ساڵ کۆلیژم تەواوکرد و لەسەر کاغەز بوومە پارێزەر!. دەڵێم بەشەش ساڵ چونکە دوو ساڵی خوێندنم بەتەڕنی بەشدارینەکردنم لە راهێنانی هاوینەی قادسیەی عروبەدا فەوتا.

## * ئاشنا بوونی هاوڕێ باخەوان بە دونیای سیاسەتو حزبایەتی بۆکەی دەگەڕێتەوەو سەرەتای ئینتیماو پێشمەرگایەتی چۆن دەستپێکردووە؟.

من هەر لە پۆلی شەشی سەرەتاییمەوە دەستم کردووەتە خوێندنەوە و زۆر حەزم لە نووسینی هەڵبەست کردووە و هەر لەو کاتەشەوە دەستم کردووەتە هەڵبەست نووسین, بەڵام بەهۆی سووتانی خانووەکەمانەوە دەفتەری هەڵبەستەکەم سووتاوە و ئەگەرچی ئەوکات زۆر زۆرم پێناخۆش بوو, بەڵام ئیدی ببڕای ببڕ بەلای هەڵبەستدا نەڕۆیشتمەوە تا ساڵی پار کە باوکم کۆچی دوایی کرد ئەم دوو دێڕەم بۆی نووسی و ئێستا لەسەر کێلەکەی نووسراوە:

**لە شادی و ناشادیدا, بیرت دەکەین**
**لە هەرکات و هەرجێیەك بین, بیرت دەکەین**
**هەر بەبیر و بازووی تۆ بوو وا گەورە بووین**
**دڵنیابە ئێمەش هەردەم وەك تۆ دەکەین**

دیارە ئەو دێڕانە جگە لەدەربڕینی کوڵ و کۆڤانی خۆم بەرامبەر بە ڕەوانشادی باوکم هیچی تر نین و ناکرێت پێیان بگوترێت هەڵبەست.

لەهەنگاوی دوواناوەندیمدا زۆر بەچڕی دەستم کردە خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسی و هەر ئەو خوێندنەوانەشم بوو کەتێکەڵاوی سیاسەتی کردم, پاشتر لە موسڵ کەوتمە خوێندنەوەیەکی چڕتری مێژوو و سیاسەت بەڵام ئەمجارەیان بەزمانی عارەبی و ساڵی 1985 بەشێوەیەکی فەرمی پەیوەندیم کرد بە پاسۆکەوە. گووتم





بەفەرمی ئەگینا من چ وەك هاوڕێیەتی و چ وەك پەیوەندیی خێزانی کەسێکی نزیکی پاسۆك و بیری پاسۆك بووم.

دەربارەی هەڵبژاردنی پاسۆك هەر دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەکانی ئەو کاتەم کە نەتەوەییانە بیرم دەکردەوە, ئەویش زۆرتر سەرئەنجامی خوێندنەوەکانم بوو لە بیری مارکسی و ئیسلامیدا و بیری نەتەوەییم لە هەردووکیان پێ باشتر و لۆژیکییانەتر بوو و ئێستاش هەرهەمان بیرم هەیە.

ساڵی 1986 کە لە خوێندنی زانکۆ دەرکرام ماوەیەکی گەلێك ناخۆش بوو بۆ من و کارکردنیشم لە ڕێکخستندا پێ کارێکی خاو و بێهودە بوو, هەربۆیە لەسەرەتای ساڵی 1987 بوومە پێشمەرگەی پاسۆك و بەهۆیەوە باشتر لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی حیزبەکان گەیشتم..

*** بە پێی زانیاری ئێمە بەڕێزتان کادیرێکی سەربازیو سیاسی دیاری ناو (پاسۆك)بوون کە دواتر لەناو حزبی یەکگرتندا توایەوە، ئایا هیچ پرۆژەیەکتان هەیە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو حزبە لە ئێستادا؟.**

من لە ژیانمدا فیشەکێکم نەتەقاندووە تاوەکو پێم بگوترێت کادێرێکی سەربازی! بەڵام ساڵی 1987 کە بوومە پێشمەرگە کاك ئازاد مستەفای سکرتێری ئەوکاتی پاسۆك من و هاوبیرێکی تر بەناوی سەلاح عەبدول (سەرکۆ)ی وەك دوو کادێری پێشکەووی حیزب ناوزەد کرد و من لە کەرتی ڕاگەیاندندا کارم دەکرد و ئەویش لە ڕێکخستن.

من و سەرکۆ هەر لەسەر کارەکانی خۆمان ماینەوە تاوەکو لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بەهۆی کێشەیەکی ناوخۆیی پاسۆکەوە کە لێرەدا جێی باسکردنی نییە بەخشکەیی خۆمان کردەوە بەشاردا!. پاش راپەڕین هەمان من و سەرکۆ پێکەوە تێهەڵچووینەوە, بەڵام من پێش ئەوەی پاسۆك لە یەکگرتندا بتوێتەوە, خۆشبەختانە کەنارگیریی تەواوەتیی خۆمم لە نۆڤەمبەری ساڵی 1991دا راگەیاند و بەشداریی ئەو گەمەی یەکگرتن و کڕین و فرۆشتنەم نەکرد! و تاوەکو ئێستا نەچوومەتەوە بەلای حیزبایەتیدا.

پرۆژەی من بۆ زیندووکردنەوەی پارتێکی نەتەوەیی زۆرتر ئەو کتێبەمە کە ساڵی 1994 لە هەندەران لەچاپمدا و لە هەولێریش لەلایەن رۆژنامەی میدیاوە دووبارە لەچاپدرایەوە. من زۆرینەی هێڵە گشتییەکانی خۆمم دەربارەی زیندووکردنەوە یان دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەی لەو نووسینەدا خستووەتەڕوو. بەڵام دیارە لێرە و
لەوێ لەگەڵ کۆنە هاوبیرانمدا هەوڵمان هەر هەبووە, بەڵام هەموویان نەزۆك بوون و ئەویش پەیوەندیی بەخودی ژێرێتیی خۆمانەوە هەیە وەك کورد و پاشان ئێمەی نەتەوەی کە بەداخەوە خراپترینمان خۆی بە هەڵبژاردە — نوخبە دەزانێت بەبێ ئەوەی هیچی واهیمان لەباردا ببێت.

*** لە دیدارێکی گۆڤاری(زنار) لەگەڵ (ڕێبین هەردی) دەڵێت (لەهەندێ بۆچوونی کادیرەکانی پاسۆك دا بیری نەتەوەیی لە بیری فاشی نزیك دەبۆوە) ئێوە**





**چۆن لەو قسەیە دەڕوانن، پێتان وایە لەو سەردەمی عەولەمەو گفتوگۆو کرانەوەو نەمانی سنوور لە نێوان نەتەوەکاندا حزبێك بتوانێ بەم جۆرە بیرو بۆچوونە جێگای خۆی بکاتەوە**؟.

ئەو کاك ڕێبین هەردییە لە ساڵی 1987دا بۆماوەیەکی کورت پێکەوە پێشمەرگەی پاسۆك بووین و هەر لەو کاتەوە نەمدیوەتەوە. من خۆم گوێم لێبووە لەناو پاسۆکدا وتراوە ئەوەی بە نان بڵێت خوبز بیکوژە! دیارە ئەمە ئەوپەڕی دوواکەوتوویی و رەگەزپەرستییە. بەڵام هەرچۆنێك بێت بیری پاسۆك خۆی بیرێکی فاشی نەبووە, چونکە بیر کاتێك دەبێتە فاشی کە نەتەوەیەکی سەردەست و حکومەتێکی بەدەستەڵات نوێنەرایەتیی بکات. دیارە نە کورد رۆژێك لە رۆژان نەتەوەیەکی سەردەست بووە و نە بەمزووانەش حکومەتێکی بەدەستەڵاتی دەبێت. ناشبێت قسە و رەفتاری پێشمەرگەیەك یان کادرێك یان تەنانەت ئەندامێکی نەزانی سەرکردایەتیی پاسۆك بکرێتە ماڵ بەسەر بیری نەتەوەییەوە. وابزانم کاك ڕێبین باش تێمدەگات!. نەشمبیستووە پاسۆك ئەو کات کەسێکی لەسەر ئەوە کوشتبێت کە عەرەب یان فارس یان تورك بووە.

بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت دەڵێم ئێمە زۆر دواکەوتووین, ئێمە مێژوو جێی هێشتووین و پێگەیشتنەوەی یان ئەستەمە یان مەگەر لۆتۆمان بۆدەربچێت!. دیارە منیش لەگەڵتدام ئەوە زۆرگرانە و عەولەمە و تەکنەلۆژیای نوێ بیری نەتەوەیی بەبارێکی تردابردووە بەتایبەتی

لەلایەن کورد خۆیەوە, چونکە ناتوانم بەخۆمان بڵێم نەتەوە, ئەگەر نەتەوە بووینایە ئێستا ژێردەستەی ئەو عەرەبانە نەدەبووین کە ڕۆژانە دەیان کەس بەدڕندانەترین شێوە لەیەکدی دەکوژن. لەمبارەیەوە کۆمەڵێك نووسین و ڕاوبۆچوونم کۆکردووەتەوە و بەنیازم وەك کتێبێك بڵاویبکەمەوە.

*** زۆرێك لە ڕۆشنبیرە نەتەوەییەکان (کاژیك نامە) بە فەلسەفەی بیری نەتەوایەتی دەزانن، لە هەمان کاتیشدا ڕایەکی پێچەوانە هەیە، ئێوە چی دەڵێن؟.**

بەر لەهەر شتێك کاژیکنامە منی نەکردووەتە نەتەوەیی, کاژیکنامە نە فەلسەفەیە و نە نووسینێکی بیریی بەهێز. ئەم خوێندنەوەیەم لەوانەیە کەمێك جیاوازتربێت لەوانی پێشووم. کاژیکنامە بریتییە لە ڕاپۆرتێك کە لەلایەن چەند کەسانێکی جیاوازەوە نووسراوە و لەسەدا نەوەدیشی دژایەتیی شیوعییەکانە. بەڵام هەرچۆنێك بێت ناکرێت ڕۆڵی ئەم نووسینە فەرامۆش بکرێت. من جارێکی تر کاژیکنامەم تایپکردووەتەوە و خەریکی کۆکردنەوەی تەواوی ئەدەبیاتی کاژیکم و بەهیوام بەم نزیکانە چاپ و بڵاویبکەمەوە ئەگەر بهێڵن!.

*** بەلای ئێوەوە گرنگی (کاژیك نامە) لە چیدایە؟.**

کاژیکنامە گرنگە. چونکە بزوێنەری خودی کاژیك بووە و کاژیکیش وەك یەکەمین ڕێکخراوی نەتەوەیی هێزکارێکی کەمی هەر هەبووە و هەر





ئەویش بووە کە بووەتە یەکێك لە هۆیە گرنگەکانی دامەزراندنی پاسۆك لە ساڵی 1975دا. ئەوەی لە گرنگی کاژیکنامە کەمدەکاتەوە, تەماشاکردنییەتی وەکو قوئان لەلایەن کۆنە کاژیکەکانەوە, هەربۆیە هیچ هەوڵێکی باشترکردن و بەرەوپێشخستن و پووختەکردنی نەدراوە. هەر بیرێکیش خزمەتی نەکرێت دیارە پێش ناکەوێت و وەك بیرێکی دۆگمایی دەمێنێتەوە و دەچێتە مۆزەخانەی بیرەکانەوە. ئەم کاژیکنامەیە وای بەسەرهات تەنانەت دانەیەکیشی بۆ دەرمان دەستنەدەکەوت. لەم دوادواییەدا بەهۆی ئنتەرنێت و تەکنەلۆژیای نوێوە سەرلەنوێ بڵاومانکردەوە. لەوەدا هاوبیرم بەختیاری شەمەیی ئەرکی زۆری کێشا بۆ سکێنکردنی هەردوو کاژیکنامە عەرەبی و کوردییەکە و بڵاوکردنەوەی لەسەر ماڵپەڕە کوردییەکان..

*** تۆ لە کتێبی (ئاڵای کورد)دا هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی دەگەڕێنیەوە بۆ ئاین کە هۆکارێکی سەرەکی بووە، ئەی لەو سەردەمەدا پێت وایە هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی تا ئێستا چیە؟ ئایا پێت وایە سەرکردەیەکی کاریزمایی لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هەڵکەوێ ئەو خەونە بکات بە واقیع؟.**

ئێستا کات و سەردەمێکی ترە, کورد بەهۆی ئایینەوە هیچی پێنەکرا و پێشی ناکرێت, چونکە کورد خاوەنی ئایینێك نییە کە لەخزمەتی بیری

نەتەوەیی کوردیدا بێت. باوی سەرکردەی کاریزماییش نەماوە و زۆر لەو سەرکردانەمان لەمێژووەکەماندا بینیوە و زۆریان گەورەترین تێکشکانیان بەسەر بزووتنەوەکەماندا هێناوە.

من پێم وایە کورد دەبێت ببێتە نەتەوە پاشان خەونەکەی دەبێتە راستینە. یەکێك لە پایە گرنگەکانی نەتەوە, بەرژەوەندیی هاوبەشە کە بەدرێژایی مێژوو لە ناو کوردا نەبووە. کورد بریتی بووە لە کۆمەڵێك میرنشین. یان سۆران بووە یان ئەردەڵان و یان بۆتان. لەلایەکی ترەوە یان جاف بووە یان زێبار و بارزان. ئێستاش کورد نییە بەڵکو پارتییە, یەکێتییە و پێکاکایە و زۆری ترە. ئێمە دەبێت ببینە کورد! ببینە نەتەوە! ئنجا خەونمان دەبێتە راستی. ئەم بابەتی نانەتەوەییە بەدرێژی لەو کتێبەدا باسی دەکەم کە پێشتر ئاماژەم پێی کرد.

*** بۆچارەسەری دۆزی کورد زۆر کەس پێی وایە پێویستە هەر پارچەیەی بە گوێرەی واقیعو بارودۆخی سیاسی ئەویَ چارەسەر بکرێت، بەواتای پارچە پارچەکردنێکی دیکەی مەسەلەیەك کەلەهەمووکاتێك زیاتر پێویستی بەیەکدەنگیو کۆدەنگی هەیە، ئێوە لەو بارەیەوە راتان چییە؟.**

کوردستانی گەورە ئەو خەیاڵە نییە کە سەرۆك کۆماری داگیرکەری ئێراق پێیوایە. ئەمە دەکرێت لەداهاتوودا بێتەدی. دیارە کێشەی کورد یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکانی جیهان و چارەسەری بەو ئاسانییە نییە و منیش





پێم وایە کە دەبێت کورد لە هەرپارچەیەك ستراتیژێکی تایبەت بەخۆیی ببێت, بەمەرجێك زیان بە بەشەکانی تر نەگەیەنێت و ستراتیژی نزیك و دووری یەك کوردستان بێت و نابێت بەخەیاڵ ناوزەد بکرێت. هەروەها تێگەیشتنی بەرژەوەندییە هەرێمی نێودەوڵەتییەکانیش لەبەرچاوبگرێت.

*** ئێوە وەکو یاساناسێكو ئەندامێکی دادگای لاهای، دادگایی کردنی سەرانی عێراق بەرامبەر بە تاوانی جینۆسایدکردنی کورد لە دۆسیەی ئەنفالدا چۆن دەبینن، ئایا لە سێدارەدانی سەدام لەکاریگەری ئەو دۆسیەیەی کەمنەکردەوە بە تایبەتی ناساندنی ئەم پرۆسەیە وەکو تاوانی جینۆساید؟.**

من یاساناسم بەڵێ, بەڵام ئەندامی دادگای لاهای نیم! من یەکێکم لەو هەزار ستافەی دادگای یۆگۆسلاڤیای نێودەوڵەتی لەلاهای. لێرە ئەندامی دادگاش بەو شێوەیەی لای شێوازی یاسای داگیرکەری ئێراقی نییە و سیستمەکە زۆر جیاوازە!.

دادگاییکردنی سەدام دارودەستەکەی وەك ئەوە نەبوو کە چاوەڕوانی بووم! بەتایبەتی من لێرە دەزانم کە تاوانبارانی جەنگی جینۆساید چۆن دادگایی دەکرێن. پێشتر لە هەفتەنامەی میدیادا باسێکی تاڕادەیەك درێژم لەسەر دادگای لاهای نووسیوە و تێیدا بەراوردیشم کردووە لەگەڵ ئەوەی سەدامدا.

نامەوێ دیسان دووبارەیان بکەمەوە بەڵام ئەوە دەڵێم دادگاییەکەی سەدام بریتی بوو لە یاریەکی نەگریس تاوەکو ئەو دەستانە هەڵنەماڵرێن کە ئەو جەنگانەیان بەسەدامی تاوانبار هەڵگیرساند و ئەو جۆرە چەکانەیان دایە!. نەمانی سەدام و بەردەوامنەبوونی لەدادگایی ئەنفالدا زیانێکی گەورە بوو بە ناساندنی پڕۆسەی ئەنفال وەکو ژینۆساید. بەداخەوە دەبووایە سەرانی کورد باشتر لەم مەسەلەیەدا توند بوونایە. بەڵام ئەوەی من بزانم ئەوانیش هەر وەکو من و تۆ ئاگایان لە لەسێدارەدانەکەی بووە. ئائەمەیە زیانی نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش لەناو گروپێکی ئەتنیکیدا کەبەخۆی دەڵێت نەتەوە!.

*** ئایا پڕۆژەی هاوڕێنامە لەلایەك پێشوازیەکی باشی لێکراو لەلایەکی دیکەشەوە دژایەتی دەکرا، ئایا لەبەرنامەتاندا هەیە درێژەی پێبدەن؟.**

سوپاس بۆ ئەوانەی پێشوازییان لێی کردو سوپاسی زۆرتریش بۆ ئەوانەی دژایەتییانکرد. ئەگەر ئەوانە دژایەتییان نەکردایە بەوشێوەیە دەنگی نەدەدایەوە و خەڵك بەدووی نەدەکەوت, تاوەکو بزانن ئەوانەی کە دژایەتیی دەکەن چ نامەیەکی کاریان لە ناو هاوڕێنامەدا هەیە. ئەو کاتەی هاوڕێنامە دەرچوو وەك لە زۆر لاوە بیستمەوە هەرچی لێپرسراوان هەبوون سەرودانەیان چنگ خستووە بۆئەوەی بزانن چ شتێکی خراپی ئەوانی تێدایە. هەرئەوەش هۆیەکەی بوو کە هەندێك





لێپرسراو هاوڕێنامەی پێ قووت نەچوو و بڕیاری کۆکردنەوەیاندا لە کتێبخانەکاندا و مەگەر هەر خۆیان بزانن چییان لێکرد.

هاوڕێنامە ئێستا دووهەندە زۆرتری ئەوەی ئەوسایە و تاساڵی 2005 ڕووداوی نوێم کۆکردووەتەوە و کۆنەکانیشم دەست پێداهێناوە و پوختەمکردووە و ئێستا ئامادەی چاپە و نزیکەی هەزار و دووسەد لاپەڕەی خورشیدییە.

*** وەکو ئاگادارن سەرباری هەموو ئەو بەربەستانەی لەبەردەم ئازادی ڕادەبڕینو ڕۆژنامەگەریدا لە باشووری کوردستان هەیە، بەڵام چەندین گەنجی بەهەڵوێستو خاوەن خامە بە چەند پڕۆژەیەکەوە لەهەوڵی بەردەوامدان، ئێوە ئایندەی ڕۆژنامەگەری لەم بەشەی کوردستاندا چۆن دەبینن؟.**

ئەوەی من بینیبێتم و هەستم پێکردبێت لە کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێراق, ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین نییە! زۆرینەی هەرە زۆری بڵاوکراوەکان یان پارتین یان یەکێتی. بەڵام پێویستە گەنجە بەهەڵوێست و خاوەن خامەکان زۆرتر خۆیان ماندوو بکەن تاوەکو ئایندەی ڕۆژنامەگەری لەو بەشەی وڵاتدا بەرەو باشتر بچێت.

زۆر گرنگە هەر شتێك دەنووسن پشت ئەستووری بکەن بەبەڵگە و سەرچاوە و ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی سەردەم بن. من سەرباری ئەو هەموو سانسۆرەی هەردوولا بەڵام گەشبینم بە ئایندەی ڕۆژنامەگەری و

هیوادارم ئەوانیش کە دەڵێن "هەرێم"ی کوردستان تاکە هەرێمی دیموکراتییە لە خۆرهەڵاتی ناویندا!, هەستیش بەوەبکەن کە نەهێڵانی سانسۆر بەشێکە لە دیموکراتی.

*** ماوەیەك لەو سنوورە( بیتوێن - پشدەر) بەرپرسیاریەتی پێشمەرگایەتیتان هەبووە، چ بیرەوەری و یادگاریەکت هەیە؟.**

من هەموو ساڵی 1991 لە ناوچەکانی ڕەواندز, دیانا و شەقڵاوا بووم. جارجارێکیش سەردانی بیتوێن–پشدەرم دەکرد بۆلای هاوبیرانم کە ئەوکات کاك ئومێدی مەلا بەکر لە رانیە بوو. ئەو ماوەیە زۆر شت فێربووم و خەڵکی زۆر باشم ناسی و تا ئێستاش پەیوەندیم لەگەڵ هەندێکیاندا هەرماوە. کەمجار ڕوویداوە هاتبێتمەوە کوردستان و سەردانی ئەوانەم نەکردبێت, بەتایبەتی هاوبیری زۆر خۆشەویستم کاك شێخمحەمەدی باڵەك کە هەموو جارێك بەمیواندریی دەوڵەمەندی لە باڵەکایەتی قەرزاربارم دەکات. خۆزگە لە ژیاندا تووشی ئەم تاراوگەیە نەدەبووم و لە کەچە خانوویەکی ناو رەواندز یان گوندی وەڵژێی باڵەکایەتی دوور لە کێشە و سەرەقاڵێی ژیانی قەرەباڵخ و دووبارەی ئێرە بژیامایە.. سوپاس و سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ گۆڤاری زناری خۆشەویست.

2007–06–11





# Interview met Hawreh Bakhawan Deel I

## مالپەڕی ئازادی بەزمانی هۆڵندی: 2006

**(Door Halwest Rashid en Zjir Rashaan)**

*Hawreh Bakhawan is een Koerdische schrijver en intellectueel. ook is hij jarenlang in de politiek actief geweest in Koerdistan. Hier volgt deel I van het interview, binnenkort volgt deel II.*

Wie is Hawreh Bakhawan?

Mijn naam is Hawreh Bakhawan, ik ben op 22 februari 1966 in de stad Slemani in Zuid-Koerdistan geboren. Ik heb alle leerfases in Slemani doorlopen en in 1983 ben ik in Mosul rechten gaan studeren. Tussen 1986 en 1988 heb ik geweigert deel te nemen aan de zogenaamde "zomertrainingen" van de Ba'ath partij, hierdoor heeft men mij van school gestuurd.

Op jonge leeftijd ben ik al begonnen met schrijven. Eerst schreef ik gedichten, maar dit heb ik niet voort kunnen zetten later. Ik was vooral geinteresseerd in boeken over politiek en geschiedenis. In 1984 heb ik over Arabische chauvinisme geschreven, de Koerdische Socialistische partij (PASOK) heeft geprobeerd het uit te geven, maar door de oorlog en de Anfal was dit onmogelijk geworden.

In 1986 ben ik begonnen met het schrijven van het boek over de geschiedenis van de Sumeriërs, maar drukken was toentertijd in Koerdistan niet mogelijk. In Nederland ben ik het onderwerp verder gaan onderzoeken, uiteindelijk is het uitgeven van het boek ook gerealiseerd. Het heeft uiteindelijk veel geld en moeite gekost om het boek uit te geven.

Ik ben in mijn jeugd lid en later Peshmerga geweest van de Koerdische Socialistische partij (PASOK). Ik hang het Koerdische nationalisme aan en ben van mening dat het Koerdische nationalisme de weg vrij kan maken voor een onafhankelijk groot-Koerdistan, wat naar mijn mening de enige oplossing is voor de Koerdische kwestie.

In 1991 heb ik over de gebeurtenissen rond de volksopstand van 1991 in Zuid-Koerdistan in Rawanduz een seminaar gehouden. Dit was vooral vanuit een academisch en politiek perspectief.

In 1995 heb ik een boek geschreven, onder de titel “Het projectvoorstel voor stichting van de Koerdische Nationalistische partij PAN-KURD”. In dit boek geef ik een korte toelichting over de geschiedenis van de Koerdische nationalisme en ook de opkomst en ondergang van bijvoorbeeld een partij zoals de Koerdische Socialistische partij (PASOK). Ook stel ik een nieuwe partij voor als een nieuw project dat de kloof kan dichten, dat ontstaan is tussen de

verschillende groepen Koerdische nationalisten.

Ook ben ik bezig geweest met het project “Hawrename”, wat letterlijk levensgids betekent en is afgeleid van het beroemde boek “Sharafname” van Sherefxan Bidlisi. Sharafname was het eerste echte boek wat verscheen over de geschiedenis van de Koerden en Koerdistan. Hawrename is een project dat de gebeurtenissen rond Koerden en Koerdistan in een chronologische volgrode bijhoudt, soms tot het uur nauwkeurig. Er zijn bij Hawrehname koerdisch ongeveer 10,000 gebeurtenissen bijgehouden, aanvankelijk wilde ik het in Koerdistan uitgeven, maar dit was moeilijk. Uiteindelijk zijn er 1000 exemplaren uitgegeven, vooral de Patriottische Unie van Koerdistan (PUK) was zeer kritisch over het boek, vanwege voor de partij gevoelige gebeurtenissen, zoals wat er allemaal tijdens de burgeroorlog tussen de KDP en PUK is gebeurd.

De PUK heeft het boek in haar eigen regio het boek uit de handel gehaald. Vervolgens na censuur het boek opnieuw uitgegeven. De KDP heeft het boek zelfs zonder mijn toestemming uitgegeven.

Ik heb ook samen met anderen een Koerdische tijdschrift uitgebracht onder de titel “Zurwan”. Het blad telde meer dan 200 pagina’s en ging vooral over de Koerdische lobby, maar vanwege tekort aan allerlei middelen is er maar één oplage geweest van het tijdschrift.

Kunt u wellicht vertellen waarom er zo weinig terug te vinden is van de Koerdische geschiedenis?

Om te beginnen, we zijn een verdeeld volk en ons thuisland is verdeeld over vier staten die de afgelopen eeuw er alles aan hebben gedaan om ons volk nog meer verdeeld te laten raken dan het was en de Koerdische identiteit met al haar elementen te vernietigen.”

We hebben als Koerden ook geen eigen staat, waar we nationale instituten, instanties, onderzoekers en anderen hebben die onderzoek kunnen doen naar ons verleden en de geschiedenis van Koerdistan in kaart kunnen brengen en het voor de toekomstige generaties kunnen bewaren, zoals het bij alle soevereine naties wel het geval is. Als wij een eigen staat hadden, kon de staat academische instituten oprichten, die zonder eigen belang en interesses de geschiedenis van de Koerden en Koerdistan konden onderzoeken en opnieuw in kaart brengen. De partijen in Zuid-Koerdistan bijvoorbeeld hebben geen overkoepelende plan voor het archiveren van de nationale geschiedenis, maar zijn steeds bezig deeltjes van de geschiedenis in kaart brengen die interessant zijn voor hun eigen partijbelangen in plaats van het nationale belang.

De laatste 1400 jaar heeft de Islam een grote nadelige invloed gehad op de Koerdische identiteit, veel Koerden waren en zijn nog steeds meer bezig met het geloof dan met het land Koerdistan. Ook gaat vrijwel alle Koerdische litteratuur tot de 19e eeuw over de Islam en andere kwesties rond het geloof,





in plaats over de geschiedenis en identiteit van de Koerden en Koerdistan. De hiervoor genoemde elementen hebben een belangrijke rol gespeeld bij de vergroting van de verdeeldheid onder de Koerden, onze verdeeldheid is naar mijn mening één van de belangrijkste redenen geweest voor het feit dat wij nog steeds geen nationale staat hebben.

Ook is onze geschiedenis vaak “herschreven” door Midden-Oosten deskundigen, zij hebben over het algemeen meer oog voor achterstelling. Zo heeft Rich een reis gemaakt naar Koerdistan en heeft het boek “Reis van Rich naar Koerdistan” geschreven, hierin heeft hij meer gekeken naar het leven van de “gewone” Koerd. Vooral Duitse geschiedkundigen zijn vaak erg negatief over de Koerden en hun achtergrond.

U heeft het boek “Koerdistan; Eerste woonplaats van de Sumeriërs” geschreven, waarin u aangeeft dat Koerdistan de eerste woonplaats was van de mensen die het wiel uitgevonden zouden hebben, hoe is dit boek ontstaan en is de bewijsvoering academisch?

Voor ik inga op uw vraag, wil ik graag melden dat ik vanaf kinds af aan een grote interesse heb gehad voor de geschiedenis van Koerdistan, en heb daarom er veel over gelezen. Ook vond ik het interessant om te kijken wat de invloeden zijn geweest van het geloof [De Islam] op de Koerdische identiteit. Geschiedenis en geloof kon ik goed samenvoegen bij het verleden van de Sumeriërs, die in Koerdistan waren gevestigd. Ik heb daarom veel onderzoek moeten doen naar de Sumeriërs, door archeologische plekken, musea te bezoeken en veel in bestaande literatuur over het onderwerp te snuffelen. Ik ben na jaren van onderzoek tot de conclusie gekomen dat de Sumeriërs hun oorsprong in Koerdistan vinden, uiteindelijk is het boek in 1986 geschreven, en de eerste druk is in 1995 in Nederland uitgebracht. Ik heb veel positieve reacties gekregen en nog steeds is het onderwerp voor vooral jongeren interrestant die op zoek zijn naar de geschiedenis van hun land.

Wat kunnen de Koerden doen om de geschiedenis van hun land opnieuw in kaart te brengen en te bewaren voor de volgende generaties?

Simpelweg moeten de Koerden om te beginnen verenigen, dit klinkt misschien als een cliché, maar vereniging is naar mijn mening de sleutel naar een vrije en onafhankelijke Koerdistan waar de nationale historie wordt onderzocht en onderhouden. Als de Koerden eenmaal een eenheid vormen, kunnen zij academisch onderzoek doen naar de geschiedenis van Koerdistan, men moet dan onafhankelijke lichamen aanstellen die onderzoek kunnen doen naar ons verleden en dit vervolgens in kaart kunnen brengen en kunnen bewaren voor de komende generaties. Zodra we eigen belangen opzij zetten en naar eenheid en landsbelang streven, zullen we in alles slagen.

Binnenkort deel II van het interview met Dhr. Bakhawan, waarin hij nader ingaat op het Koerdische nationalisme in [Zuid] Koerdistan, de opkomst en de ondergang ervan.

# Interview met Hawreh Bakhawan Deel II

ماڵپەڕی ئازادی بەزمانی هۆڵەندی: 2006

**(Door Halwest Rashid en Zjir Rashaan)**

Hawreh Bakhawan is een Koerdische schrijver en intellectueel. Ook is hij jarenlang in de politiek actief geweest in Koerdistan. Hier volgt deel twee van het interview.

**Een van uw bekendste boeken is zonder twijfel "Het projectvoorstel voor stichting van de Koerdische Nationalistische Partij (PAN-KURD)". Wat probeert u precies met dit boek bereiken?**

In de moderne geschiedenis van Zuid-Koerdistan waren er twee nationalistische partijen, die het meeste invloed hebben gehad op de nationalistische beweging in Zuid-Koerdistan. Aan het begin was dat KAJK en daarna was dat PASOK. Zoals ik eerder zei, ben ik lid geweest van PASOK. In dit boek probeer ik vooral de vraagstukken ter discussie stellen of zelf oplossen, die naar toe hebben geleid dat de Koerdische nationalisme in Zuid-Koerdistan gefaald heeft. Dit boek moet ervoor zorgen, dat de toekomstige nationalistische Koerdische partijen niet dezelfde fouten maken, die KAJK en PASOK hebben gemaakt. Alleen op die manier zou een toekomstige nationalistische partij in staat kunnen zijn om te concurreren met de huidige Koerdische partijen.

**Wat zijn de oorzaken die naar toe hebben geleid dat de Koerdische nationalisme in Zuid-Koerdistan gefaald heeft?**

Om te beginnen is het Koerdische volk nog geen volledige natie. Een van de belangrijkste kenmerken van natie ontbreekt in de Koerden namelijk: het hebben van gemeenschappelijk doel. De Koerden hebben altijd meer belangen gehad bij de vijand, dan bij Koerden zelf. Nooit is bij Koerden opgekomen om toch voor zichzelf te kiezen, ondanks de consequenties.

**Kunnen we concluderen dat de Koerdische nationalisme gefaald heeft, vooral in Zuid-Koerdistan?**

Het nationalistische gevoel is altijd aanwezig geweest bij de Koerden. Maar vooral het uitoefenen ervan is vanaf het begin van de 21ste eeuw onvolledig geweest. Tot de dag van vandaag is niet echt een ideologie/ idee die het nationalisme binnen de Koerden betere structuur geeft. Ondanks de onvolledige idee van nationalisme binnen de Koerden, is er heel vaak zelfs misbruik gemaakt van deze onvolledige ideologie. De zogenaamde leiders waren/zijn geen echte dienaars van de Koerdische nationalisme geweest. Tot de dag van vandaag wordt er misbruikt gemaakt van identiteit van Koerden door de zogenaamde leiders. Dit allemaal in het kader van behouden van eigen macht.





**In hoeverre zal nationalisme leiden tot bevrijding van het Koerdische volk van zijn bezetters?**

Om een eerlijk beeld van de politieke rol van verschillende Koerdische partijen te krijgen, moeten we kijken welke partijen tot nu toe de kans hebben gehad om ons volk te bevrijden van de bezetters. De Islamitische Koerdische partijen hebben hun kans gehad om de Koerdische natie te bevrijden uit zijn lijden. Hun ideaal is absoluut niet gelukt. In tegendeel: zij waren eerder een instrument in de handen van de bezetters, dan een partij, die opkomt voor de belangen van het Koerdische volk.
De huidige Koerdische partijen, die eerder een verzameling van een groep belanghebbenden zijn, dan een partij dat op basis van bepaalde principes functioneert, zullen ook weinig betekenen voor de Koerden.

Alleen een nationalistische Koerdische partij heeft niet echt de kans gehad om een poging te doen voor de bevrijding van de Koerdische volk. Er waren natuurlijk wel nationalistische partijen in Zuid-Koerdistan, maar deze partijen waren nooit zo veel invloed gekregen om te mogen beslissen over het lot van het Koerdische volk.

**U refereert naar de huidige Koerdische partijen in Zuid-Koerdistan. Welke effect hebben PUK en KDP op nationalisme in Zuid-Koerdistan?**

Dit is een moeilijk vraagstuk, omdat de effecten ervan nog niet helemaal duidelijk zijn. Men moet niet vergeten dat deze twee partijen die sinds langere tijd Zuid-Koerdistan domineren, altijd hun best hebben gedaan om elkaar te vernietigen. Hoe kunnen partijen met zulke 'idealen' het Koerdische nationalisme in stand houden? Hoe kun je vechten voor identiteit van je volk, terwijl je je best doet om je broeders af te maken?

Door hun onderlinge ruzies hebben deze partijen vaak geen tijd gehad om belangrijke kansen te grijpen, die van invloed waren op de bevrijding van het Koerdische volk. De resultaat van hen bedrijven van politiek in Zuid-Koerdistan heeft niet ertoe geleid dat er eenheid zou komen tussen de Koerden. Sterker nog, ze hebben de Koerdische natie in Zuid-Koerdistan verdeeld over twee kampen: PUK- en KDP-kamp.

**Als we de media mogen geloven, dan zijn PUK en KDP wel degelijk van positief invloed op de Koerdische nationalisme. Zo laat PUK toe dat studenten uit West-Koerdistan mogen studeren in zijn gebieden en KDP helpt, vooral financieel, de intellectuelen van Noord-Koerdistan.**

Natuurlijk zijn er voorbeeld, die pleiten voor hen inzet voor de Koerdische volk. Maar het blijft, helaas, bij voorbeelden. Wat ik bijvoorbeeld ook heel schandalig vind, is dat noch PUK noch KDP iets zei over de opstanden van de Koerden in Noord-Koerdistan. In Zuid-Koerdistan was men hier ook niet echt

mee bezig, simpelweg omdat de Koerdische media in Zuid-Koerdistan weinig aandacht gaf aan deze issue.





# جەنگی ناوخۆ... بەخێرهاتیت![1]

هەر لەڕۆژانی کەوتنی ئەو شارەی کە دەمێکە ناوم ناوە (دار الشر – خانەی شەڕ)! لە جیاتیی بەغدا و (دار السلام – خانەی ئاشتی)!, بەردەوام خەریکی چاودێریی بارودۆخەکە بووم, تاوەکو بزانم بەکوێ دەگات و نەتەوەکەم لەو گۆڕانکارییانە چیی دەستدەکەوێت یان بابڵێم چیی بۆ دەگەڕێتەوە..

لێ ئەوەی کە من و ملیۆنانی تری هاوزمانم بەهیوای بووین و چاوەڕوانی بووین نەهاتەدی و هەندێکیشیان بەهۆی نەزانیی خۆمان و ئەوانەوە بوو کە رێچکەی بارودۆخەکەیان بەدەستەوەبوو و لەترسی کورسی و ململانێی نێوخۆییی خۆیان بەبارێکی خراپتری تردا بردیان و تاوەکو ئێستا ئەگەری زۆری ئەوە هەبووە کە ناوچەکانی کەرکوك و موسڵمان لە کیس چووبێتن.

بەڵام خۆشبەختانە! ئێستا لە هەموو کاتێك زۆرتر ئەگەری روودانی جەنگی ناوخۆ لەنێوان عەرەبی سوننە و شیعەی ئێڕاقیدا هەیە و رۆژانە

[1] رۆژنامەی میدیا – ژمارە 249– 18–07–2006– لاپەڕە 5 – هەولێر – کوردستان.
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 20–07–2006.
ماڵپەڕی کلاورۆژنە – 19–07–2006.
هەمان وتار لەسەر تەلەڤزیۆنی سەحەری داگیرکەری ئێرانی هەر لەم مانگەدا خوێنرایەوە.

دەیان کەس دەبنە قوربانیی بەرابیی ئەم جەنگە و تەنانە مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانیشیانی گرتووەتەوە و زۆرڕەویم نەکردووە کە بڵێم ڕۆژانە مزگەوتێك بە میحراب و نووسراوەکانی نێوییەوە بەئاسماندا دەچێت و دەبێتە خۆڵەمێشی پاش ئەو ئاگرەی کە هەندێك لە عەرەب ناویان ناوە بەرگری و ئەلجیهاد و هەندێکی تریشیان ناویان ناوە تیرۆر...

هەرچۆنێك بێت ئەلجیهاد بێت یان تیرۆر, بارودۆخەکەی بەتەواوەتی تێکداوە و جەنگی ناوخۆ لە ئێڕاقدا لە دروستبوون و گەییندایە !. دیارە لەم جەنگەدا بمانەوێت و نەمانەوێت, تێوەیگلاوین و نێچیری خۆشتڤیی هەردوو بەرەی سوونە و شیعەی عەرەبی ئێڕاقین و بەهەردوو بەرەی ئەلجیهاد و دژەتیرۆریانەوە, هەروەکو چۆن سەددامی هاوزمانیان جیاوازیی نێوان پێشمەرگە و جاشی کوردی نەدەکرد..

لەم تێوەگلانەماندا تکام لە سەرانی کورد هەیە کەمێك ژیری بەکاربهێنن و باوەڕ بەوە بهێنن کە ئەمە دوا هەلی زێڕینی کوردە بۆئەوەی بەلایەنی کەمەوە کەرکوکمان دەست بکەێتەوە و سنوورمان ببەینەوە سەر کێوەکانی هەمرین..

ئەو جەنگە گەییەوەی کە لەوبڕوایەدام لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕوودەدات, ئەگەر ئێستا جەنگەکە لەئارادا نەبێت! چوارچێوەی ئێڕاقی ئێستای پێ هەڵدەوەشێتەوە و دەتوانم بڵێم کە:





- زۆرترین بەریەککەوتنەکانی کورد لە ناوچە سنوورییەکانی کەرکوك و موسڵ و خانەقین دەبێت و هەرسێ شارەکانی هەولێر, سلێمانی و دهۆك وەك ئەوە وایە نەبایان دیبێت و نەباران.. ئەمە هەر لەئێستاوە دەستکەوتە بۆ کورد. ئەگەر بەراورد بکرێت بە شارە عەرەب و کوردییە داگیرکراوەکان.
- لە کەرکوکدا پێکدادانێکی گەورە ڕوودەدات و کورد و زۆرینەی فەلەکان تاکە بەرەن کە دژی عەرەبی هاوردە و تورکمانەکان بەشەڕدێن و گەر سەری ڕەش و قەڵاچوالان کەمێك یەکگرتووبن و یارمەتیی ئەو بەرەیە بدەن ئەوا بەدڵنیاییەوە کەرکوك هاتووەتەوە سەر باشووری کوردستان.
- زۆرترین زیانمەند لە کەرکوکدا لایەنی تورکمانییە چونکە ئەمانە وەك عەرەبی هاوردە نین بگەڕێنەوە ناوچە بیابانییەکانی خۆیان و لە کەرکوك زۆرتر هیچ شوێنێکیان نییە.. و بڕیاری کاروکردەوەکانیشیان لەدەستی خۆیاندا نییە و زۆربەیان لەگەڵ هەر بەرەیەکدان کە دژی کورد و کوردستانیبوونی کەرکوك بێت.
- ناوچەکانی باشووری خانەقین و ئەوانەی کە سەربە پارێزگای بەعقوبەن, پێکدادانی زۆری تێدادەبێت و دەتوانرێت زۆربەیان بگەڕێندرێتەوە سەر باشووری کوردستان, بەڵام بەهۆی زۆرینەی عەرەبە سوننیە سەلەفییەکانەوە ئەستەمە تەواوی زەوییەکانی ئەو ناوچانەمان دەستبکەوێتەوە.

- موسڵ ئەو شارە کوردستانییەیە کەدەبووایە ! لەپاش کەوتنی دارولشەڕەوە گەورەترین ململانێی کورد و داگیرکەری نوێی ئێراقی بووایە نەك کەرکوك, بەڵام وەك بەوشێوەیە نەبوو, ئەوا لە جەنگی ناوخۆدا پریشکی زۆری بەردەکەوێت و ئەو شارە و هەندێك ناوچەی دەوروبەری لە دوو بەرەی کورد و عەرەب زۆرتر هیچی ئەوتۆی تێدانییە کە شایانی باس بێت و دەبێت کارێکی واهی بکرێت ئەم شارە لە ئەنجامی ئەو جەنگە ناوخۆییەدا بکرێتە دووبەشەوە و رووباری دیجلەش ببێتە سنووری نەتەوەیی کورد و عەرەبی هاوردەی موسڵ. تاوەکو کوردەکانی موسڵ دوور لە تیرۆری عەرەب لە بەشێکی شارەکەیاندا بژین و کۆتایی بە جەنگی کوردکوژی بهێنرێت لەو شارەدا. دیارە گەورەترین زیان و خوێن لەو جەنگەدا کورد لە شاری موسڵدا دەیدات, بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری عەرەبی سەلەفی — دوواکەوتوو لەو شارەدا هەن و کوردیش بە ئەلکافیروبیللا دادەنێت و لە روانگەی بیر و ئایینیانەوە کوشتنی کوردان دەست سەوزبوون و وەرگرتنی هەفتا ژنی جوانی لە ئەلقیامەدا ! بەدوواوەیە.
- بەپێی هەموو بیروبۆچوونەکان و ئەو رووداوانەی کە پەیوەندییان بەجەنگی ناوخۆوە هەیە, ئەم جەنگە دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە ناوچەکەدا و بەپێی زۆرینەی گریمانەکانیش ئێراقی ئەمڕۆ بەلایەنی کەمەوە دەبێتە سێ قەوارەی جوودا. دیارە یەکەمینی ئەو سێ قەوارەیە کوردە.



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

جەنگی ناوخۆ بەڕێوەیە و بەهیوای رژانی کەمترین خوێنی کورد و زۆرترین دەستکەوتی کورد...

2006-07-14

هۆڵندا

# Burgerorloog

ئەمە وەرگێڕانی وتاری (جەنگی ناوخۆ بەخێرهاتیت!)ە, لەلایەن کاك هەڵوێست ڕەشیدەوە کورتەیەکی وەرگێڕدراوە و لە ماڵپەڕی ئازادیدا بڵاوکراوەتەوە.

Azady.nl 25/07/2006 – De Koerdische schrijver en intellectueel, Hawreh Bakhawan meent dat de huidige onofficiële burgeroorlog die gaande is tussen de Iraakse sjiieten en soennieten een grote kans biedt aan de Koerden om een aantal doelstellingen te behalen.

Ook al menen dagelijks Iraakse en Koerdische politici dat "het nieuwe Irak" op weg is naar succes en men vorderingen maakt met het opnieuw opzetten van het land, zien we dat iedere dag tientallen mensen (vooral Arabische sjiieten en soennieten) het slachtoffer worden van geweld tussen beide groepen Irakezen.

Er wordt volgens Bakhawan niets achter de hand gehouden door beide groepen, zelfs heilige plaatsen zoals Moskeen worden opgeblazen. Door sommige Arabieren wordt het Jihad (heilige oorlog) genoemd en andere noemen het weer terreur.

Bakhawan is van mening dat de burgeroorlog die nu gaande is tussen de Irakezen, een onmisbare kans biedt voor de Koerden om een aantal doelstellingen te behalen. Zo kunnen de Koerden, vooral de Koerdische politici en Peshmerga leger ervoor zorgen dat de Koerdische gebieden van Kerkuk, Mosul en Khaneqin weer bij Koerdistan worden gevoegd.

Volgens Bakhawan moeten de Koerdische leiders beseffen dat dit een laatste kans is voor de Koerden om een aantal historische fouten recht te zetten en recht te doen aan de honderdduizenden Koerden die in deze regio's al jaren onder bezetting, uitbuiting en kolonisatie leven. "Dit is de laatste kans om de grenzen van Koerdistan weer achter de Hamrin gebergten te plaatsen", aldus Hawreh Bakhawan.

Bakhawan meent dat de huidige burgeroorlog die gaande is in Irak ervoor zal zorgen dat het land uit elkaar zal vallen en dat:

- In Kerkuk een grote oorlog kan uitbreken tussen aan de ene kant de Koerden en hun bondgenoten, en aan de andere kant de Arabieren, Turkmenen en de kolonisten. Uiteindelijk kan met behulp van buiten en vanuit de Koerdische strijdkrachten Kerkuk zich weer bij Zuid-Koerdistan voegen.





- De grote verliezers in Kerkuk de Turkmenen zullen zijn, deze kunnen zoals de Arabische kolonisten niet terug naar plaats van herkomst en kunnen dus geen kant op. Hun activiteiten hebben ze zelf niet in handen en zullen zich bij iedere Anti-Koerdische alliantie aansluiten.

- De regio's die ten zuiden van Khaneqin vallen (regio Baquba), kan weer bij Zuid-Koerdistan gevoegd worden, maar door de aanwezigheid van veel Arabische kolonisten zullen delen van deze regio's niet bij Koerdistan gevoegd kunnen worden.

- Mosul is die Koerdische stad waarvoor de Koerden na de val van het Iraakse regime zich veel meer moesten inzetten dan dat voor Kerkuk gebeurde. Buiten de Koerden en Arabieren kent Mosul en de omliggende regio geen grote etniciteit, tijdens de huidige burgeroorlog kan de stad in tweeën worden gedeeld; een Koerdische deel en een Arabische deel en de rivier Tigris moet de grens worden.

- De huidige burgeroorlog in Irak zal voor grote veranderingen zorgen in Irak zelf en de regio, uiteindelijk zal het land in drie delen uiteen vallen, waarvan natuurlijk een Koerdische deel. De Koerden moeten het sprookje dat Irak heet uit hun hoofd zetten, en het beste uit de huidige situatie halen.

Azady.nl heeft onlangs een interview afgenomen met Hawreh Bakhawan, hier kunt u beide delen lezen

# مەرگی کاسترۆ, مەرگی کۆمۆنیزمە لە کوبا![1]

کورد دەڵێت "لە هەولێر کۆنترە", ئەم پەندە بۆ هەرشتێك بەکاردەهێنرێت کە زۆر کۆن یان پیر بێت. نازانم ئەگەر لەناو کوباییەکاندا پەندێکی لەوجۆرە ببێت! بەڵام ئەگەر نەبوو, ئەوا پێشنیازی "لە کاسترۆ کۆنترە" یان بۆدەکەم!.

نەك من! بەڵكو کەسانی پێش نەوەی منیش لەوەتەی هەن ناوی کاسترۆیان بیستووە وەك سەرۆکی کوبا. ئەم کاسترۆیە نزیکەی پەنجا ساڵە لە کوبا دیکتاتۆرە, پێشتر هاوڕێی گیڤارا بووە و پێکەوە جەنگی سەربەخۆبوونی کوبایان هەڵگیرساندووە.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ گیڤارا, بەڵام ئەگەر ئەویش بمایە "لەوانە بوو" ئێستا کاسترۆیەك بووایە بۆخۆی!. دیارە زۆرجار لەخۆم دەپرسم, لەکاتێکدا لەیەکێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەنگوباسی "شەهید"ی نەمر, "شەهید"ی گەورە, "شەهید"ی سەرکردە و هتد دەبیستم, بەخۆم دەڵێم (باشە ئەگەر ئەو "شەهید"ە تادوای کاتی ڕاپەڕین بمایە! ئایا پاشان بەشداریی بەرەی دێگەڵەی نەدەکرد! ئایا ئەو "شەهید"ە قارەمانە ئێستا ملیۆنەر نەدەبوو, ئایا ئێستا شەوانە لە باخەکەی دەرەوەی شاریدا تاوەکو بەیانی خەریکی خواردنەوە و شەوانی پەمەیی نەدەبوو؟!.. ئایا هاوسەنگەرە "شەهید"ەکانی تری بیردەما! ئەی

[1] ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە





ئەنفالی بیردەما! ئایا ئەو "شەهید"ە یەکەم کاری هێنانی ژنی دووەمی نەدەبوو! پاشان سێیەم! وەك وەفایەك بۆ ژنی یەکەمی کە چەندین ساڵ شاخە و شاخ و دێ بە دێ لەگەڵیدا بووە و ڕۆژی واهەبووە نانی دەیان بگرە سەدان پێشمەرگەی دەدا؟!..

زۆری تر لەو خولیا و پرسیارانە دێن بەمێشکمدا. هەربۆیە بەو باوەڕە گەیشتووم مرۆ لە کاتێك لە کاتەکان و بەشێوەیەك لە شێوەکان چەند قارەمان و چەند بەهەڵوێست بووبێت, لێ ئەگەر ئەو قارەمانێتی و بەهەڵوێستییە تاسەر نەبووبێت, ئەوا پولێك ناهێنێت و چیی باشی کردبێت هەمووی دەشوواتەوە..

نکوڵیم لە گەورەیی شۆڕشی کاسترۆ و هاوڕێیانی نەبووە و نییە لەکاتی خۆیدا, بەڵام ئەو بیرە و ئەو ژیانە ئازاد و یەکسانەی کە هاوڕێ گیانپاکەکانی کاسترۆ لەکاتی خۆیدا گیانیان بۆی بەختکرد, هەر لەیەکەم ڕۆژی دانانی بناغەی کوبای کۆمۆنیستەوە لەلایەن خودی کاسترۆوە بووە قوربانی بەرژەوەندییە نەخۆشەکانی کاسترۆ و ئەندێشەی کۆمۆنیزم!.

هەزارانی ئەو کەسانە نەیاندەزانی کۆمۆنیست چییە! لێ هەموو بەهیوای ئازادی و ژیانێکی یەکسان و کامەران بوون. بەڵام کاتێك پراکتیککردنی کۆمۆنیزم لە وڵاتەکەیاندا بووە ڕاستینە, هەموو زانییان کۆمۆنیزم بریتییە لە برسێتی, سووکێتی, بەربادیی کۆمەڵایەتی, دوواکەوتن, دزی, بێڕەوشتی, دەوڵەمەندبوونی سەرکردەکان لەسەر

ورگی برسییە کوباییەکان و ئەندێشەیەکی واهی کە پراکتیککردنی زۆر ئەستەمە..

کاتی خۆی (دوور لەئێستام!) کە لەسەر کوبا و گیڤارا و شۆڕشەکانی ناوچەکانی دەریای کاریبی دەمخوێندەوە, ئەوەندەم خۆزگە بەو میللەتانە دەبرد کەوا رزگاربوون و هیواخوازبووم کە رۆژێك لەرۆژان میللەتەکەشم بەوجۆرە رزگاری ببێت. بەڵام ئێستا بێ دوودڵی دەتوانم بڵێم هیچ جیاوازییەکی نێوان کورد و کوبییەکان نییە! چونکە ئەوانیش وەك ئێمە ژێردەستە بوون و رزگاریان نەبووە.. شۆڕشەکەشیان بریتی بووە لە بزووتنەوەیەکی درۆیینە بۆ دەوڵەمەندبوونی چەند کەسانێك بەناوی کۆمۆنیزم و یەکسانی و سەربەستییەوە..

نزیکەی پەنجا ساڵە کاسترۆی دیکتاتۆر گەلی کوبا دەچەوسێنێتەوە, لەم پەنجا ساڵەدا زۆرتر لە دوو ملیۆن کوبی بەهەزار دەردیسەری و ماڵوێرانی خۆیان دەربازی ئامریکا کردووە و لەوێ دەژین. شایانی باسە یەکێك لەو دوو ملیۆن کەسە "ئالینا"ی کچی خودی کاسترۆیە کە لەدەست چەوساندنەوەی زەبروزەنگی باوکی بۆ ئامریکا رایکرد و داوای مافی پەناهاندەییی کرد!..

تێڕامێنن, ئێستا ساڵی 2006ە و رێژەی داهاتی مانگانەی کەسێك لە کوربا هێشتا 19 دۆلاری ئامریکییە! واتە بایی چارەکی چارەکی ئەو سیگارە تایبەتییە چەند سەد دۆلارییەی کە کاسترۆ لە چەند خولەکێکدا فتی دەکات! نزیکەی 60٪ داهاتی کوبا لە سوپادا خەرجدەکرێت, یان بەجۆرێکی تر دەچێتە گیرفانی ژێنەڕاڵەکانی سوپای داوەشاو و بێهێزی





کوباوە.. لە 40٪کەی تری دەمێنێتەوە بۆ کاسترۆ و کوبا!.. ئەگەر کاسترۆ تەنها! لە 30٪ بەرێت بۆخۆی و خێزان و کەسوکاری ئەوا تەنها هەرچەندە کەمیشم وتووە! 10٪ دەمێنێتەوە بۆ 11 ملیۆن کوبایی!..

ئێستا ئەم دیکتاتۆرە ملهوڕەی کۆنە هاوڕێی گیانی بە گیانیی سەددام, بووەتە هەشتا ساڵ و نەخۆشە و هەر لەئێستاوە کوبییەکان خەریکی ئاهەنگگێڕانن بەو بۆنەیەوە.

ڤیدیڵی نەخۆش نەوەکو کورسیی پارە و دەستەڵاتی ئەو کۆمپانیایەی کە ناوی کوبایە لەدەست بنەماڵەکەی بێتەدەرەوە, بۆیە پێش مردنی تەواوی دەستەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی کوبای دایە راوڵی برای! لەمەیاندا لەگەڵ سەرۆك و سکرتێرەکانی حیزبەکانی کوردستاندا زۆر تەبان! ئەمانیش مەگەر مەرگ لە کورسییەکانیان جوودایان بکاتەوە!.. حیزبی دێموکراتی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران لێدەرچێت, هیچ حیزبێك لە کوردستاندا بەهەڵبژاردن سەرۆکی یان سکرتێری نەگۆڕدراوە. دیارە ئەویش گەر مەرگی قاسملوی رەوانشاد نەبووایە, ئەوا تاوەکو ئێستا بەبێ دوودڵی هەرخۆی سەرکردە و سکرتێر دەبوو.. بەکوردییە تەعریبکراوەکەی خۆمان بڵێین! هێشتا هەر کول ف کول بوو..

راول کاسترۆش پیرەمێردێکی 75 ساڵەیە و بۆ کۆمەڵگەی کوبی سەری لە گوێی قەبر دەلەرزێت و هاکا ئەویش مرد و کوڕێکی بووە

سەرۆکی کۆمپانیاکە.. بەڵام بەمردنی ڤیدل کاسترۆ و بەپێی بۆچوونی هەموو چاودێرەکان باری نێوخۆیی کوبا بەتەواوەتی تێکدەچێت و کۆتایی بە دێوەزمەی کاسترۆ و کۆمۆنیزیم لە کوبا دێت..

بەهیوای ئەو ڕۆژە و ئاسوودەیی کوبییەکان و پیادەکردنی مافی مرۆڤی کوبی و ژیانێکی ئاسوودە و کامەران بۆ ئەو کوبایەی کە پەنجا ساڵە بەهۆی شێرپەنجەی کاسترۆ و کۆمۆنیزمەوە دەناڵێنێت... هەمان هیواش بۆ چین و کۆریای باکوور دەخوازم..

2006-07-02

هۆڵندا





# ئەو وشانەی دوو "حکومەت" لێی دەترسن!

ماوەی دوو ساڵێکە نزیکەی 100 وتار و کورتە لێکۆڵینەوەی خۆمم لە دوو توێی کتێبێدا کۆکردووەتەوە. سەرجەمی ئەو نووسینانەم لەنێوان ساڵانی 1995 و 2005 لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕە کوردی و بیانییەکاندا بەزمانی کوردی و بێگانە بڵاوکردووەتەوە. ئەم کتێبەم ناو ناوە "وشە پەڕتەوازەکان" و ماوەیەکیشە وەکو بەرگی یەکەم لەسەر ماڵپەڕەکەی خۆم دامناوە. بەرگی دووەمیشی هەر درێژەپێدانی کۆکردنەوەی نووسینە کورتەکانی خۆمە لە ساڵی 2005ەوە, بەڵام جارێ هێشتا وا گەشەی نەکردووە کە بکرێتە کتێبێک و ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوە ببێت.

مانگی مایی ساڵی پار دۆستێکم بەناوی کاک کاوە پێنجوێنی پێی ڕاگەیاندم کە چاپخانەی هەیە و کاری چاپەمەنی و وەشان دەکات و ئەگەر بمەوێت, ئەوا پێی خۆشە کە کتێبێکم بۆ چاپ بکات. منیش یەکسەر بیرم لە چاپکردنی ئەم وشە پەڕتەوازانە کردەوە و ئەویش خۆشحاڵیی خۆیی نیشاندام. هەربۆیە پاش ماوەیەکی کورت تەواوی بەرگی یەکەمم بەشێوەیەکی دیجیتاڵ بۆ نارد تاوەکو دەست بەکاربێت. ئیتر لەو کاتەوە هیچم لێی نەبیستەوە.


مانگی مایی ئەمساڵ بە گەشتێکی کتوپڕ و کورت چوومەوە کوردستان و لە سلێمانی بۆ چاپی ئەو کتێبەم دیسانەوە کاک کاوەم دییەوە و وتی چاپی کتێبەکە دەمێکە ئامادەیە, لێ (بەڕێوەبەری چاپ و

بڵاوکراوەی سلێمانی) ئامادە نییە ژمارەی سپاردن بداتە کتێبەکەت. چونکە لەلایەن "شارەزا"ی ئەو فەرمانگەیەوە هێڵێکی راست و چەپی بەسەردا هاتووە.

منیش دەستبەجێ خۆمم گەیاندە ئەو فەرمانگەیە و لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەیدا دەربارەی هۆی نەدانی ژمارەی سپاردن کەوتمە گفتوگۆ. ئەو یەکسەر نەدانی ژمارەی سپاردنی لەسەر خۆی لابرد و لە ناو فایلێکدا راپۆرتێکی کورتی بۆ دەرهێنام، کە گوایا بەناو شارەزای فەرمانگەکەی کتێبەکەم بەباش نازانێت و بڵاوکردنەوەشی بەتاوان دەزانێت!. ئەمە راپۆرتی ئەو "شارەزا"یەیە کە دەربارەی کتێبەکەی من پێشکەشی بەڕێوەبەری کردووە:






٣/٥/٢٠٠٧

بۆ: بەڕێز ... بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی

بابەت: ژمارەی سپاردن

ناوی کتێب: وشە پەڕتەوازەکان

ئەمە سەر لەنوێ نووسینەوەی راپۆرتی ئەو شارەزایەیە وەکو خۆی:

3/5/2007

بۆ: بەڕێز بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی

بابەت: ژمارەی سپاردن

ناوی کتێب: ووشە پەڕتەوازەکان

به هەلسەنگاندن و خوێندنەوەی دەقی ئاماژە پێکراو ئەم تێبینیانەی خوارەوە بەمەبەستی وەرگرتنی بریاری پێویست ئاراستەی جەنابتان دەکەم.

1) هەر وەك نووسەر خۆیشی ئاماژەی پێداوە دەقەکە کۆمەڵێك ووشەی پەرتەوازە و بێ سەروبنن و لە هەندێ شوێن بەبێ بەڵگە و لەبەرچاو گرتنی راستیەکان زانیاریی ناڕاست دەرخواردی خوێنەر دەدات.

2) هێرش کردنی توند و نالوژیکیانە و تۆمەت و سووکایەتی لەئاست هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستان و رێبەران و سەرکردە کوردەکان ناچێتە خانەی رۆشنبیری و رۆشنگەرییەوە.





چاپ و بڵاوکردنەوەی ووشە پەرتەوازەکان؟! نەتەنیا هیچ سوودێك بە مێژو و کەلتوور و روشنبیری گەلەکەمان ناگەیەنیّ بەڵکو تاوانێکە لە ئاست مێژو و خەباتی گەلەکەمان

2/5/2007

شارەزا

جاریّ واز لە نەشارەزاییی ئەم شارەزایە دێنم و بازدەدەم بۆسەر رووداوێکی تر و لە کۆتاییدا لەگەڵ ئەم شارەزایەی لەمەڕ چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانیدا گرێی دەدەمەوە.

ساڵی 1999 کە دەزگای سەردەم لە سلێمانی کتێبی هاوڕێنامەی بۆ چاپ کردم, پاش ماوەیەك بانگەوازێکم بڵاوکردەوە کە دەمەوێت هاوڕێنامە زۆر فراوانتر و باشتر بکەم و بۆ ئەو مەبەستەش یارمەتیی هەموو کەس و لایەنێکم پێویستە. جاریّ باس لە کۆکردنەوەی هاوڕێنامە ناکەم لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە و ئەو قسانەی کە سەرۆکی دەزگای سەردەم لە هۆڵندا بۆی کردم و ئەوە لە پێشەکیی چاپی دووەمی هاوڕێنامەدا باسدەکەم. بەڵام بانگەوازەکەم بەهۆی چەند هاوبیرێکمەوە گەیاندە کوردستان تاوەکو لە گۆڤار و رۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوبکرێتەوە, هاوبیرێکم کە سەرنووسەری کوردستانی نویّ زۆر هاوڕێیەتی, چوو بووە لای و بانگەوازەکەی منی دابوو پێی تاوەکو لە کوردستانی نوێدا بڵاوببێتەوە, بەڵام ئەو یەکسەر راشکاوانە پێی گووتبوو (کاکە بەپێی بڕیاری سەرۆکی دەزگای راگەیاندنی ناوەندی

یەکێتی، یەك وشەی هاوڕێ باخەوان لە دەزگاکانی یەکێتیدا نابێت بڵاوبکرێتەوە)!.

ئێستا هەشت ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕ بووە. لەو ماوەیەدا چەندین گۆڕانکاری لە وڵاتدا ڕوویداوە، هەر لە یەکگرتنەوەی هەدوو پارتی و یەکێتییەوە تاوەکو ڕووخانی بەغدا و زۆر ڕووداوی تر. کەچی هێشتا بڕیارەکەی دەزگای ڕاگەیاندنی ناوەندیی سلێمانی هەر کاری پێدەکرێت و ژمارەی سپاردن نادرێتە کتێبەکەم!!.

دیارە بڕیاری نەدانی ژمارەی سپاردن بەنووسینی من بڕیارێکی سیاسیە و پەیوەندیی بەناوەڕۆکی نووسینەکەمەوە نییە. بەڵکو پەیوەندیی بەو ڕووداوانەوە هەیە کە من لە هاوڕێنامەدا بێباکانە باسم کردوون.

وشە پەڕتەوازەکان بریتین لە کۆمەڵێك وتار و کورتە لێکۆڵینەوە کە زۆربەیان باس لە ڕووداوەکانی ئەو دە ساڵەی مێژووی نەتەوەکەم دەکەن. ئەو وتارانە بریتین لە دژایەتیکردنی براکوژی و گەندەڵی، هۆیەکن بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ڕامیاری لە کوردستاندا و زۆرینەیان باس لە ڕۆژەڤەکانی ئەو کاتە دەکەن، دژی تیرۆرن، باسی ئەنفال و ئەنفالچی و دژایەتیکردنی فایلدارانن و گورێکن بۆ پتەوترکردنی یەکانگیربوونی نەتەوەییمان و زۆریتر...





نەشارەزاکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ئەوەندە کۆڵەوارە تەنانەت ناوی کتێبەکەشمی دووجار بەهەڵە نووسیوە و "وشە"ی بە دوو "واو" نووسیوە کە ئەمە ئەلفوبێی ڕێنووسی کوردییە. لەوەوە بڕواننە ئەوەی کە ئەم بەناو شارەزایە چەندێك شارەزایە.

بەلای ئەم "شارەزا"یەوە دژایەتیی شەڕی براکوژی و گەندەڵی و تیرۆر و ڕەخنە لە ڕابەرانی کورد تاوانە. چونکە چاپکردنی کتێبەکەی من بەڕای ئەو تاوانێکە لە ئاست مێژوو و خەباتی گەلی کورد!..

ئەی نەشارەزاکەی چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی و فەرمانگەکەشت! من لەبەرئەوەی خۆم بەکەسێکی خوێندەوار دەزانم، ویستم لەڕێگای یاساییەوە کتێبەکەم چاپ بکەم. بەڵام تۆ (بڵێیت و نەڵێیت) من "وشە پەڕتەوازەکان" هەر چاپ دەکەم و دەیخەمە بازاڕەوە، ئەوسا خوێنەریش بۆی دەردەکەوێت کە ڕاپۆرتەکەی تۆ چەند ناهەقییە و چەند پەیوەندیی بەجێبەجێکردنی بڕیارێکی سیاسییەوە هەیە.

بەڵام من لێت ناشارمەوە یەك داخم هەیە، لەوانەیە تۆ یەکێك بیت لەو نووسەرانەی سەردەمی بەعس کە بۆ قادسیەت دەنووسی، لەوانەیە بەشان و باهووی هێرشی ئەنفالیشدا هەڵتدابێت، خۆ ئێستا کێ بەکێیە! کۆنە موستەشار ئێستا هەر فەوجەکەی ماوە، فایلداران هەر لەسەر کارەکانی خۆیانن و تۆش وەکو ئەوان ئەوساش دەتخوارد و ئێستاش نووسینەکانی من بەتاوان دەزانیت لە ئاست مێژوو و خەباتی گەلەکەتدا!.

پاش ئەوەی لە بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی بێهیوا بووم, ناچار بۆ وەرگرتنی ژمارەی سپاردن رووم کردە هەولێر و بەهۆی هاوبیرم کاك (بەختیاری شەمەیی)یەوە لە رۆژی 2007-07-03 کاك (ئاسۆ حەسەن)ی بەڕێوەبەری چاپ و کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی دایە کتێبەکەم. بەڵام ئەوان نەیانزانی کە من دەمەوێت لەلایەن چاپخانەی (سیما)وە لە سلێمانی بەڵێنی چاپکردنی کتێبەکەمم وەرگرتووە و ئەوان ناوی چاپخانەی "شەهاب"یان لە هەولێر خستبووەسەر. ناچار جارێکی تر بۆ رۆژی دوایی هەر بەهۆی هەمان هاوبیرمەوە رووم لە بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و کتێبخانەکان نایەوە و کارمەندانی ئەویٚ یەکسەر پسووڵەی ژمارەی سپاردنەکەیان لەو هاوبیرەم وەرگرتبوو و کتێبەکەشیان لێوەرگرتبوو و نەیاندابووەوە, بەبیانووی ئەوەی کە ئەوان بەهەڵە ژمارەی سپاردنیان داوەتە کتێبەکەی من و من لەو کتێبەمدا هەندێك شتم باسکردووە کە ئەوان ژمارەی سپاردنی نادەنیٚ!.

ئەم رووداوە زۆر من و کاك بەختیاری پەست کردوو و کاك بەختیار ناچار بۆ رۆژی دوایی واتە 2007-07-05 سەردانی کاك ئاسۆ حەسەنی کردەوە تاوەکو بزانێت کێشەکە چییە! ئەویش کتێبەکەی دابووەوە و پێی گووتبوو کە ناتوانن ژمارەی سپاردن بدەنە کتێبەکەم چونکە من هەندێك شتم نووسیوە کە زیانی بۆ پەزەکان هەیە و پێشتریش نەمانزانی بوو بۆیە ژمارەی سپاردنمان دابوویە!.





پرسیارەکە لێرەدایە: ئایا دەبێت کتێبێت لەماوەی 24 کاژێردا ژمارەی سپاردنی بدرێتیٚ و پاشان لێی وەربگیرێتەوە! ئەمە کردەوەیەکە مەگەر هەر لە "حکومەت"ی کوردستان بوەشێتەوە.

من پێشتر بەڵێنم بە حکومەتی سلێمانی دا, ئێوە بڵێن و نەڵێن من کتێبەکەم هەر چاپ دەکەم. ئیتر لەسەر ئەم کێشەیە درێژدادڕی ناکەم و هەر ئەوەندە دەڵێم "حکومەت"ی هەولێر: تۆش بڵێیت و نەڵێت من کتێبەکەم هەر چاپ دەکەم و لەتەنیشت ژمارەی سپاردنەکەشیەوە دەنووسم: ئەم کتێبە لەلایەن هەردوو حکومەتی هەولێر و سلێمانییەوە ژمارەی سپاردنی پێنەدرا! چونکە هەردووکیان لە وشەی راست دەترسن!.

2007-07-08

هۆڵندا

# دیسان مامەڵەی بەرامبەرا![1]

لە ئەڵمانیا, هەر منداڵێك لەدایك ببێت, دەبێت ئەو ناوەی کە لێی دەنرێت لەو کتێبە تایبەتییەدا بێت کە تایبەتە بە ناوی منداڵانی ئەڵمانی و لەلایەن دەستەڵاتی ئەڵمانییەوە پەسەندکراوە. ئەم ناوانە زۆرجار ناوی منداڵانی بێگانەی نائەڵمانیش دەگرێتەوە کە لەسەر خاکی ئەڵمانی لەدایك دەبن و زۆرجار باوانی بێگانە دەبێت پسووڵەیەکی فەرمی لە کاربەدەستانی وڵاتەکەیانەوە بهێنن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئایا ئەو ناوە چ دەگەیەنێت! نەوەکو ئەو منداڵە لە پاشەڕۆژدا ببێتە ئەڵمانی و ناوەکەی ناوێکی سەیروسەمەرە بێت بۆ ئەڵمانیا و ئەڵمانییەکان!.

لە کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێراق, شاری هەولێر بووەتە پایتەخت و خەڵکانێکی زۆر رووی تێدەن و زۆر لەبەرچاودایە. لەم شارەدا ناوی سەیر و سەمەرە هەیە کە زۆربەیان بێگانەن. بۆ نموونە لەناو شاری هەولێردا سەرتاشخانەیەك بۆردێکی هەڵواسیوە و بەزمانی بێگانەی عەرەبی نووسیوویەتی (حلاقە اسماعیل لصاحبها اسماعیل الحلاق – واتە سەرتاشخانەی سمایل خاوەی سمایلی سەرتاش)!. ئەمە مەگەر هەر لە عەممارە و ناسرییە کاری واهیت بەرچاو بکەوێت. دیارە بۆ ئەوان ئاساییە و زمان زمانی خۆیانە و ناویش ناوی خۆیان!.

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە و ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەکەییم لەبیرنەماوە.





چوارڕای بەحرکە بووە چوارڕای کورد و عەرەب! لەم ڕۆژانەدا شەقامێکی دوورودرێژیان بەناوی مەلایەکی عەرەبەوە ناوناو کردیانە ئەلحەکیم! هەروەها مانگی رابردوو پارکێکی ئەو شارەیان ناونا پارکی منارە!.

ئەمە سووکایەتییە و لەلایەن خۆمانەوە بە وڵات و زمانەکەمان دەکرێت!. نازانم ئێمە بۆ ئەوەندە خۆمان بەسووك دەزانین!. باشە بۆچی لە بەغدا و شارەکانی تری ئێراقی عەرەبی ناوێکی کوردی بەهیچ شوێنێکەوە نابینین! بۆ ئێمە شەقامێکی خۆمان تەعریب بکەین و ناوی بنێین ئەلحەکیم!. ئەی بۆچی ناوی پارکێك بەناوی هێمای شۆڤێنیزمی عەرەبییەوە ناوبنێین! چما لە کوردیدا ناوبڕاوە...

ئەوەی ئەو ناوانەی هەڵبژارد بەعسیش هەروا بیری دەکردەوە و ناکرێت و نابێت پاش ئەوەی بەو زمانە و بەبیری ئەو زمانە ئەنفال کراین هێشتا شەقامێکی خۆمان ناوبنێین ئەلحەکیم و پارکێکی شاریش بکەینە منارە!. دەبێت لەجیاتی ریشەکێشکردنی تەعریب! خۆمان بەردەوامی بە تەعریب بدەین!..

بەداخەوە زۆر جار و لە زۆر نووسینمدا باسی مامەڵەی بەرامبەرم کردووە!. پێویستە ئەوان چۆنن بەرامبەرمان ئێمەش واهی بین! ئەگەرنا سووك دەبین سووك... ئەگەر نەبووبین...

2006-07-30

هۆڵندا

# نووسەری هاوڕێنامە بۆ لڤین[1]

ئینتەرڤیو

لڤین

نووسینەوەی مێژووی شەڕی ناوخۆ و بە دیکۆمێنتکردنی بە شێوەیەکی بابەتیانە یەکێکە لە ئەرکە هەرە بنەڕەتییەکانی رۆشنبیری کورد, چونکە هەولێکی ترسناك هەیە بۆئەوەی ئەو لاپەڕە رەشە لە مێژووی گەلەکەماندا بشێوێنێت و بە ئاڕاستەیەکی ناتەندروستدا بیبات, لەبەرامبەر ئەو هەوڵە ترسناکەدا, دەستێکی سپی و خەم خۆر هەیە کە دەیەوێت رەوتی رووداوەکان بە ئاڕاستیەکی راستدا بروات و رووداوەکانی مێژوو وەك خۆی و بێ روتوش بۆ ئەمڕۆ و داهاتوو بگوازرێتەوە.

گۆڤاری (لڤین) لەسێ ژمارەی رابردوودا هەولێداوە بابەتیانە بەشێکی ئەو مێژووە تاڵە بە دیکۆمێنت بکات لە چوارچێوەی بڵاوکردنەوەی فایلی قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ و بڵاوکردنەوەی تەوەرەیەکی بەرفراوان لە بارەیەوە و سازدانی ئەم دیدارەش لەگەڵ نووسەر و رۆشنبیر (هاوڕێ باخەوان) دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە.

[1] گۆڤاری لڤین – ژمارە 43, ئۆگەستی 2006, لاپەڕە 40 بۆ 42.
کوردستان نێت 24-08-2006





(هاوڕێ باخەوان) یەکەمین کەسە کە دوور لە هەموو هەستێکی خودی و بێ لایەنانە هەستاوە بە تۆمارکردنی رووداوەکانی رۆژانەی شەڕی ناوخۆ لە چوارچێوەی کتێبی (هاوڕێ نامە)دا, ئەم کارەی نووسەر یەکێکە لەو کارە دانسقانەی کە لەسەر شەڕی ناوخۆ نووسراوە و بەڵگەیەکی گرنگە لەسەر گێڕانەوەی شەڕی ناوخۆ وەك خۆی.

خوێنەری (لڤین) لەم دیدارەدا بۆچوونەکانی نووسەر لەسەر کتێبی (هاوڕێ نامە) بەتایبەتی و شەڕی ناوخۆ و قەڵەمەکانی شەڕ بەگشتی دەخوێنێتەوە.

**<u>پ: تۆ کەسێکیت و یەکەمینیشیت کە لە دیکۆمێنتکردن و نوسینەوەی روداوەکانی شەڕی براکوژیدا لە هاوڕێنامەکەتدا گرنگیت بە نوسینەوەی روداوەکان داوە, ئەم کارەت چۆن کرد و بۆچی کردت؟</u>**

و: ساڵی 1995 دەستمکرد بە نووسین یان دانانی هاوڕێنامە, دیارە پێشتر بە چەندین ساڵ خەریکی کۆکردنەوەی رووداو و سەرچاوەکانی بووم. بەڵام لەو ساڵەدا بەشێوەیەکی کارا دەستم دایە ئەو پرۆژەیە و لە ساڵی 1999 چاپێکی تاقیکردنەوەییم خستە بەرچاوی هاوزمانانم. هەڵبەت زۆرم حەزدەکرد کە لەو پرۆژەیەمدا هەر خەریکی کۆکردنەوەی کار و کردەوە شانازییەکانی نەتەوەکەم و وڵاتەکەم بوومایە! بەڵام بەداخەوە زۆر بەڕاشکاوییەوە دەتوانم بڵێم کە ئێمە "نەتەوە"یەکین کە

خاوەنی شانازی نین! شانازی, مەبەستم لەوەیە کە کارێکی واهی کە ئێمە وەك کورد شانازیی پێوەبکەین..

لە کۆکردنەوە و نووسینەوەی رووداوەکانی هاوڕێنامە زۆر هەوڵمداوە زۆر بابەتی بم. هەربۆیە چاك و خراپم تۆمارکردووە. دیارە خراپترینی ئەو خراپانە شەڕی براکوژییە, هەر لە هارپاك و یەزدانشێرەوە تاوەکو دەگاتە ئەو دووا چەکدارە ترسنۆکەی کە لە دێگەڵە کوژرا و ئێستاش لە یەکێك لە دەزگای "شەهیدان" زەوی و مانگانەی پێوەردەگیرێت. ئیتر ئەو چەکدارە پارتی بێت یان یەکێتی, ئەوا بۆ من یەکە و لە شەڕی کوردکوژیدا کوژراوە.. دیارە من بەمەبەستەوە ئەوەی بەردەستم کەوتبێت تۆمارم کردووە, چونکە زۆرباش وەك ئێوە دەمزانی کە ئەو کوردکوژییە چ زیانێکی هەیە و چۆن لە کوردایەتی و پێشکەوتن و بەدەستهێنانی ژیانێکی ئازاد و یەکسان دووامان دەخات و ئێستاش ئەوەی لەو وڵاتەی ئێمە دەیبینن و بەکارێکی درێوی دەزانن بێ سێ و دوو بەرهەمی ئەو کوردکوژییەیە.

**پ: هەندێك لەگەڵ ئەوەدان کە روداوەکانی شەڕی براکوژی لەبیرکرێن تا "زامی کۆن نەکولێنرێتەوە" ئایا ئەمە لەبیرکردنی مێژوویەکی کارەساتاوی کە زۆرکات ئەگەری دوبارەبوونەوەی لێدەکرێت؟**





و: من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەو رووداوانە لەبیر بکرێن. دیارە بەرلەوە ئێمە بەگشتی نەتەوەیەکین کە زۆر زوو رابردووی خۆمان لەبیردەکەین, پێم بڵێن کێ باسی ئەنفال دەکات! ئێمە ئەگەر میللەت بووینایە دەبووایە پاش کەوتنی بەغداد بست بە بستی بیابانەکانمان هەڵبدایەتەوە بۆ ئەنفالکراوەکان و هەر بە جل و پێڵاوەکانیان گەورەترین مۆزەخانەمان بۆ دابنانایە!.

شەڕی براکوژی درێوترین دیاردەی مێژووەکەمانە و بیرکردنی کارێکی خراپە و پێویستە ورد و درشتی تۆماربکرێن و بخرێنە بەردەستی خەڵکی! تاوەکو هەمووان بزان ئەو شەڕە چۆن بووە و کێ کردوویەتی و هۆیەکان و هۆیەکانی بەردەوامبوونی چی بوون و کێ بوون.. دیارە ئێمە ئەوانە بزانین ئەوا دووبارەبوونەوەی کارێکی ئاسان نییە. هەربۆیە "زامی کۆن کولاندنەوە" لەم بابەتەدا کارێك و قسەیەکی نابەجێیە..

**پ: لەو قۆناغەدا کە هەستای بە نوسینەوەی لاپەڕەکانی مێژووی شەڕی براکوژی تووشی چ کۆسپ هاتی؟ بەتایبەت لای دەسەڵاتداران و دو حیزبەکەوە روبەڕوی هیچ نەبویتەوە؟ کارێکی مەترسیدار نەبوو؟**

و: دیارە کۆسپ زۆر بوو. یەکێك لە کۆسپەکان سەرچاوە بوو. رووداوەکانیش زۆربوون و من دەمویست رووداوێك تۆمارنەکەم کە سەرچاوەم بۆی نەبێت, یاخود سەرچاوەکە باوەڕپێکراو نەبێت. زۆرجار

دەربارەی رووداوێکی براکوژی پرسیارم لە دۆستان و هاوبیرانم دەکرد تاوەکو وردەکاریی زۆرتر و پوختترم دەستبکەوێت. ئەوانیش ئاگاداریان دەکردمەوە کە ئەوە بڤەیە و بڵاوینەکەمەوە! بەڵام من بێباکانە تۆمارم کردوون. تاوەکو خەڵکی بزانێت ئەو پاڵەوانانە کێ بوون!.

بۆ ئەوکات ئاسان نەبوو, بەڵام ئێستا ئەوانە سیوابییان بووەتەوە و گوێ بەهیچ نادەن. من بەهۆی هاوڕێنامەوە هێڵێکی ڕاستوچەپ لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەدەموچاومداهات! بەڵام دیارە بەوە شەرەفمەند بووم و پێوەرەکەشی ئەوەیە کە ناوی من لەلیستەکەی ئێوەدا نییە.

هەربەهۆی هاوڕێنامەوە بوو کە سەرۆکی دەزگای راگەیاندنی ناوەندیی لایەنێکی دەستەڵاتدار فەرمانێکی بەعسییانەی دەرکرد کە تاکە وشەیەکی هاوڕێ باخەوان لە هیچ شوێنێکی ناو دەزگاکەیدا بڵاونەکرێتەوە! وایاندەزانی خەبات و کوردستانی نوێ نەبێت ئیتر کەس دەنگ و بیری هاوڕێ باخەوان نابیستێت!.

بەوەشەوە نەوەستان ئەمجارەیان سەرۆکی دەزگای راگەیاندنی ناوەندیی لایەکەی تریان کە بەڕێکەوت بینیم و بە شایەدیی چەند کەسێك راشکاوانە داوای لێکردم کە هاوڕێنامەم لێبکڕن!! وەکو من فرۆشیاری وشکە بم و ئەویش زەخیرەی زستان بخات!. تاوەکو بەئارەزووی خۆیان و لایەنەکەی گۆڕانکاری لە هاوڕێنامەدا بکەن و بڵاوییکەنەوە. بەڵام دیارە پێویست ناکات بڵێم کە بە (نەخێر) وەڵامم داوەتەوە. لەو باسوخواسانە زۆرن و لێدانی بنی کولەکەکەش جارێ بەپێویست نازانم.





## پ: **لە چاپکردنی هاوڕێنامە و بڵاوکردنەوەیدا هیچ ڕێگری و پلان و کۆسپێك نەهاتە ڕێت کە ڕێگریت لێبکرێ؟**

و: بڕوابکەن ئەمە یەکەمجارە کە باسی هاوڕێنامە و چاپ و کۆسپەکانی دەکەم, بەڵام ماوەیەك لەمەوبەر بەزمانی هۆڵەندی لە چاوپێکەوتنێکدا هەندێك شتی هاوڕێنامەم باسکردبوو.

ئەوەی بەسەر هاوڕێنامەدا هات! زۆر نووسەر هەبوو بەپارە دیکڕی! تاوەکو بەهۆیەوە ناوبانگێك دەربکات و بەخراپ بەکارییبهێنێت. زۆرجار پێیان دەگوتم ئەوە کتێبەکەتیان کۆکردەوە بۆ لەسەریان نانووسی بەڵام من گوێم پێ نەدەدا!. چونکە دەمزانی کۆکردنەوەی چاپی تاقیکردنەوەی هاوڕێنامە لە کتێبخانەکاندا, دەبێتە رووداوێکی دزێوی تر و دەچێتە ناو چاپی دووەمی هاوڕێنامەوە!.

من ئەو کاتەی ویستم هاوڕێنامە چاپ بکەم, هەموویم تایپ و پووختە و مۆنتاژ و تەنانەت بەرگەکەشی خۆم دروستم کردبوو. واتە کاری چاپخانە ئەوە بوو کە تەنها وێنەی بگرێتەوە و دەرزییەك لە بەرگەکەی بدات و بڵاوییکاتەوە و هیچی تر. پاش ناردنەوەی بۆ کوردستان گەیشتە دەست دەزگای سەردەم و بێ ئەوەی بە من بڵێن پێشەکییەکی کورتیان بۆ نووسیبوو و چاپیان کردبوو و خستبوویانە کتێبخانەکانەوە. پاش ئەوەی دەزگای زانیاری پێی دەزانن کە ئەمە شتی خراپی تێدایە بۆ

ئەوان, هاتن هەموویان کۆکردەوە لە کتێبخانەکاندا و ئەو پێشەکییەیان لێکردەوە و پێشەکییەکی تریان بۆ نووسی و دیارە ئەمەشیان بەبێ ئاگاداریی من! دووبارە خستیانەوە ناو کتێبخانەکان!. خۆ ئەگەر دەزگای سەردەم بڵێت ئەمە درۆیە (هەروەکو شێرکۆ بێکەس لە هۆڵندا پێی وتم!) ئەوە ئێستا من لێرە هەردوو کتێبەکەم بە دوو پێشەکیی جیاوازەوە لەلایە! و پیشانیان دەدەم. کەچی پاش ئەوەش هێشتا لە کتێبخانەکان کۆیانکردەوە. بەڵام خۆشبەختانە لەو کەینوبەینەدا ژمارەیەکی باشی گەیشتبووە دەستی خوێنەران و تەنانەت گەیشتبووە کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێرانیش و لەوێوە نامە و دەستخۆشانەم پێگەیشت. کتێبەکە کارێکی واهیی کرد, هەروەکو پاشتر بیستمەوە لێپرسراو نەبووە دانەیەکی دەست نەخستبێت و لەسەر مێزەکەی داینەنابێت! تاوەکو بزانێت هیچی خراپی دەربارەی خۆی تێدا نییە!.

کۆسپی زۆر بوو و ئەوە زۆر بەکورتی بوو. بەڵام پاشانیش هاوڕێنامە لە هەولێر و بەرەزامەندیی پارتی دیسانەوە بەلایەنی کەمەوە هەزار دانەی لێچاپکرایەوە و لەماوەی تەنها یەك هەفتە لە بازاڕدا نەما. ئەو کارە چەند قاچاخچییەکی کتێب کردیان و وەك لەو کاتەدا حسابمانکرد نزیکەی 150 هەزار دیناری ئەو کاتەیان تێدا قازانج کردبوو و دیارە ناوی ئەو قاچاخچییانەم لەلایە و هەر کاتێك یاسا سەروەر بوو! لە وڵاتدا ئەوا سڵاوێکیان لێدەکەم.. سڵاوەکەم بۆ قازانجەکەیان نییە, بەڵکو بۆ دزییەکەیانە.





ئێستا هاوڕێنامە نزیکەی 1400 لاپەڕەی ئەی چوارە و کۆسپەکان هەربەردەوامن! چونکە لە هەولێر ناتوانم چاپی بکەم لەبەرئەوەی باسی 31ی ئۆگەستم کردووە و لە سلێمانیش نابێت چونکە باسی 66م کردووە!. بێجگە لە داستانەکانی شەڕی براکوژییان!. بەڵام هەرکەسێك ویستی ببینێت ئەوا لەسەر باخەوان دۆت کۆم ئامادەیە.

دەمەوێت ئەوەش بڵێم هەردوو تەلەڤزیۆنی کوردسات و کوردستان تی ڤی, ساڵانێی زۆر هاوڕێنامە وەك یەکەمین سەرچاوە بۆ هەردوو بەرنامەی (ئەمڕۆ لە مێژوودا) و (لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا) بەکاردەهێنن بەبێ ئەوەی ڕۆژێ لەڕۆژان ناویان بردبێت. بەڵام یەکجار لە تەلەڤزیۆنی کوردستان تی ڤی یەوە بەڕێزێك بەناوی کاك مۆریاسی ئیمێڵێکی بۆناردم وەك سوپاسێك کە هاوڕێنامەی کردووەتە سەرچاوەی بەرنامەکەی و هیچی تر!!.

ئێستا من ماوەی ساڵێکی رێکە لە تۆمارکردنی ڕووداوە نوێیەکان وەستاوم, چونکە ئێستا ترسی فەوتاندنی ڕووداوە نوێیەکان نەماوە و هەروەها ڕووداوەکانیش زۆر زۆرن و لە هاوڕێنامەدا جێیان نابێتەوە و خۆشم بەراستی لەبەر پرکاری کاتی تۆمارکردنی ئەو هەموو ڕووداوەم نییە.. ئەوە لە وزەی تاکە کەسێکی تەنیا باڵی وەك من چووەتە دەرەوە و پێویستی بە دامەزراوێکە.

## **پ: پێت وایە قەڵەمەکانی شەڕی براکوژی تا چەند کاریگەریان هەبووە لەو شەڕەماڵوێرانکەرەدا؟**

من زۆرجار وتوومە (گرفتی کورد گرفی ڕۆشنبیرانێتی)! چوونکە زۆرینەی ڕۆشنبیرەکانمان تاریکبیرن! لەخۆبووردوونین! کوڕی ڕۆژن و خۆپەرستن. بیستوومە دەڵێن مەلا بەختیار وتوویەتی خەمی نووسەرانتان نەبێت من هەموویانتان بە بووتڵێك عارەقی فەل! ئێوارە بۆ کۆدەکەمەوە. ئەم قسەیە ئەگەر بۆ مەلا بەختیاریشیان هەڵبەستبێت ئەوا هەر ڕاستە! چونکە زۆربەیان بۆ مانگانەیەك یان پارچە زەوییەك یان بۆ سەفتە دینارێکی بێنرخ شتی زۆر خراپیان کردووە, تەنانەت پارچە هۆنراوەشیان بۆ مردوو نووسیوە!.

قەڵەمەکانی شەڕی براکوژی کاریگەریی خراپیان لەو شەڕەدا هەبوو, چونکە پێش ئەوەی چەکدارەکانی هەردوولا بکەونە گیانی یەکتری, ئەمان دەستیان کردە شەڕە قسە و تاوایانلێکرد کە بینیمان. بەڵام بەداخەوە ئەوەی من لەلیستەکەدا نایانبینم ئەو بێژەرانەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی هەردوولایە کە وەکو هار! ڕۆژانە بەنزینیان دەکرد بە کوردکوژیدا و هەروەها ئەوانەشی کە ئەو وتارە ئاگراوییانەیان دەنووسی! دەبێت بخرێنە سەری سەرەوەی لیستەکەوە.. چونکە هێزکاری ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو لە هی خوێندراو زۆرترە.





## **پ: تا چەند ئەوانیش ئەچنە ڕیزی ئەو تاوانبارانەی جەنگەوە و چەندێك هاوبەشن لە هەڵگیرساندن و گەرمکردنی ئەو جەنگەدا؟ تا چەند دادگایی کردنیان بە پێویست دەزانی وەك تۆمەتبارانی جەنگ و بەفیڕۆدانی خوێن؟**

و: بێگومان ئەوانە هەموو تاوانبارن, هەرچەندە لەلیستەکەدا کەسی نزیك و هاوڕێی نزیکی منی تێدایە بەڵام بێ دوودڵی دەڵێم ئەوەی ڕۆژێك هانی شەڕی براکوژیی دابێت تاوانبارە, ئیتر وەزیر بێت یان کۆنە وەزیر, گزیر بێت یان هەرچییەکی تر!. بەڵام ئەمانە وەك تاوانباری جەنگ ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت ئەوە کارێکی ئاسان نییە! چونکە لەلیستەکەی ئێوەدا ماسیی گەورەی تێدایە و ناوهێنانیان بەپێویست نازانم. ئەوانە ئەمڕۆ هەندێکیان خۆیان وەك فیرعەون یاسان و بیانەوێت بەنووکە قەڵەمێك گۆڤارەکەی ئێوەش دادەخەن. ئەگەر ئێستا خەریکی داخستنی نەبن!.

بشمبوورن کە ئەم پرسیارەم خوێندەوە پێکەنینم هات! لەساڵی هەشتاکاندا لەبەردەم قوتابخانەی ڕۆشنبیر لە سلێمانی 4 گەنجی کوردیان گوللەباران کرد. لەکاتی تەقاندنی گوللەکاندا تاوانبار شێخ جەعفەری پارێزگاری سلێمانی چەپڵەی لێدا و بەزمانی بێگانە هاواری کرد (یەحیا لعەدل) واتە بژی دادپەروەری!. ئەم تاوانبارە پاش کەوتنی بەغدا گەیشتە هەولێر و دادگای نەبینی! لەوێشەوە کەس نەیزانی چۆن و بۆ کوێ بۆی دەرچوو!. ئیتر دادگایی چی و تاوانباری جەنگی چی؟!.

ئەگەر تاوانباری جەنگ هەبێت! یەکەمینیان تۆپی هەردوولان. ئنجا پرسیارەکە لێرەدایە دەکرێت ئەوانە دادگایی خۆیان بکەن؟!.

**پ: هەڵوێستت لەبارەی بڵاوکردنەوەی قەڵەمەکانی شەڕی براکوژی لە گۆڤاری لڤیندا چۆنە؟ پێت وایە ئەمەش بەشێك بێت لە نوسینەوە و ناسینەوەی ئەو قەڵەمە مەترسیدارانەی کە رۆژانێك جەنگیان هەڵگیرساند یان جەنگیان گەرمتر کرد لە کاتێکدا رۆشنبیر دەبێت ئەرکی پێچەوانەی ئەمە ببینێت؟**

و: کەمێکم وەڵامی ئەم پرسیارە لە بەشەکانی پێشوودا دایەوە, بەڵام سەرەتا پێم سەیر بوو! ئێستاش هەر پێم سەیرە کە لیستێکی واهی دەبینم. ببورن ئەگەر بڵێم هیوادارم ئەم لیستەیەش وەك ئەو گەمەیەی فایلدارانی ناو هەفتەنامەی هاوڵاتی نەبێت!. فایلدار بە وێنە و بەبەڵگەوە لەو رۆژنامەیەدا بڵاوکرایەوە! کەچی کاکی فایلدار هەر بەرپرسیارە و هەر لەمن و لەتۆش قسەی زۆرتر دەڕوات..

**پ: چۆن ئەڕوانیتە ئەو قەڵەم و رۆشنبیرانەی کە دوێنێ رۆڵیان هەبوو لە شەڕی براکوژیدا و هەر ئەوان ئەمڕۆ پێشڕەوی ئاشتین, ئەمڕۆش پۆستی گەورە و گرنگیان لە حکومەتدا پێسپێرراوە وەك دەسخۆشانەی حزبەکەیان؟**





و: ئەگەر ئەوانە پێشڕەوی ئاشتی بن! ئەوا دڵنیا بن کە ئاشتییەکەمان ئاشتییەکی درۆیینەیە. ئەو پۆستانەشی کە ئەوانە هەیانە, شێرەبەفرینەیەکە و هاکا هەتاوی تووڕەیی حزبەکانیان تواندیاندنەوە و خزمێکی خۆیانیان لەجێیان دانان.

باوەڕناکەم هیچ نەتەوەیەك هەبێت هێندەی کورد هێڵی سووری خۆیی تێپەڕاندبێت. بەڵکو ئێمە خۆمان هەر هێڵی سوورین!. بوونی ئەوان وەك پێشڕەوی ئاشتی و وەرگرتنی پۆستە گەورەکانی هەولێر, چەند هێڵێکی سووری ترن و ئەوەندەی تر دەمانبات بەناخی زەویدا و ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئێستا دەیبینین..

لە کۆتاییدا سوپاس بۆ پرسیارەکانتان و نەمویست درێژدادڕی بکەم و وەك دەڵێن ئێستا باوی وتار و نووسینی کورتە. ئەگینا بڕوابکەن وەڵامەکان لە ناملیکەش تێدەپەڕێت و منیش لە نووسیندا پشوودرێژم.. هیوادارم وەڵامەکانم زیانی بۆ پەزەکان نەبێت! و بەبڵاوبوونەوەی ئاگادارمبکەنەوە.

هەرشادبن و چاوەڕوانی ئەو کتێبەم کە دەتانەوێت لەسەر قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ بڵاویبکەنەوە. ڤیروسیا با ئەوەندەی تر ناخۆشحاڵ ببم!!..

2006-07-30

# نەفرەت لە کۆمۆنیزم! (دەروازەیەك بۆ کەمبۆدیا)[1]

نۆم پێن – کەمبۆدیا
2007-11-20

مانگی ئۆکتۆبەر, لەلایەن دادگای نێودەوڵەتیی تاوانبارانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو (UN ICTY)ەوە هەڵبژێردرام تاوەکو وەك نێردەیەکی فەرمیی لە دادگای کەمبۆدیا سیستمی خشتەی دادگاییەکان ڕێکبخەم.

بۆ ئەو مەبەستە لەپاشنیوەڕۆی ڕۆژی 5ی نۆڤەمبەرەوە بۆ ئەو گەشتە دوورودرێژە لە ئامستەردامەوە کەوتمەڕێ و سەرلەئێوارەی ڕۆژی

[1] ئەم وتارە لە ژمارە 319ی ڕۆژی 17-12-2007 ڕۆژنامەی میدیادا بڵاوکراوەتەوە – لاپەڕە: 13, شایانی باسە هەموو وێنەکانی ئەم بابەتە بەهۆی کەمی شوێنەوە بڵاونەکرانەوە. هەمان وتار پێشتر لە ماڵپەڕی کوردستان نێت لە ڕۆژی 12-12-2007 بڵاوکراوەتەوە.
لەڕاستیدا ئەم وتارە چەپەکانی کوردستان و کۆنە شیوعییەکانی زۆر تووڕەکردبوو. بەڕادەیەك بە سەرنووسەری میدیایان گوتبوو: هاوڕێ بەفیتی پارتی و یەکێتی ئەمەی نووسیوە!. زۆر ناخۆشە کەسانێك هەبن نەتوانن بە وشە وەڵامت بدەنەوە و لە بێدەستەڵاتی و نەزانینیاندا تاوانی درۆت بۆ هەڵببەستن.





6ی نۆڤەمبەر لە بانکۆکەوە گەیشتمە فڕۆکەخانەی نۆم پێنی پایتەختی کەمبۆدیا.

لە فڕۆکەخانە هاوکارانم هاتن بەدووامدا و بردیانم بۆ ئەو هوتێلەی کە بۆ ماوەی سێ هەفتە بۆیانگرتبووم. بۆ سبەی بەیانی زوو هاوکارم (بروس لارسن) هات بەدوامدا بۆ هۆتێل و بە ئاپۆڕایەکی سەیری ئۆتومبیل و مۆتۆرسایکلێکی بێژمار و پیادەڕەویدا جێبەکەیی لێدەخوڕی و پاش یەك کاژێر و بڕینی نزیکەی بیست کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری نۆم پێنەوە گەیاندمییە دادگای نائاساییی کەمبۆدیا. پۆلیسە کەمبۆدییەکانی دەروازەی دادگاکە کە چاویان بە ئۆتومبیلەکە کەوت جادەکەیان گرت!. پێم سەیر بوو! چونکە ئەوەم تەنها لە بەعسییەکان و لێپرسراوەکانی لەمەڕ خۆمان بینیوە کە جادەیەکی گشتی لەخەڵکی دەگرن لەبەرچاوی کاڵی لێپرسراوێك!.

پاش تێپەڕبوونی کۆنتڕۆڵێکی تری سوپای کەمبۆدی و یەکێکی تری پۆلیسی نەتەوەیەکگرتووەکان گەیشتمە ناو باڵەخانەی دادگای نائاساییی کەمبۆدیا. یەکسەر لەگەڵ هاوکارانی ئەوێمدا یەکترمان ناسی و باجی چوونەژوورەوەی دادگایان بۆدروستکردم و ژوور و مێزی کارکردنیان بۆ نیشانەکردم. هەروەها هاوکارێکی کەمبۆدی و یەکێکی کرواسییان بۆ دەستنیشانکردم تاوەکو پاش گەڕانەوەی من سیستمی خشتەی دادگاییەکان ڕێکبخەن و لەو ماوەی سێ هەفتەیەدا ڕاپانبهێنم.

من هەرلە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونمەوە هاوکات لەگەڵ کاری ئاساییی ناو دادگادا دەمویست شتی زۆرتر لەسەر کەمبۆدیا و پۆل پۆت

بزانم. زوو زووش بیری حیزبی دێموکراتی خۆمانم دەکەوتەوە کە بە کۆمەڵەی ئێرانچیی دەگووت کۆمەڵەی پۆل پۆت و لەبەرخۆمەوە زەردەخەنەیەك دەیگرتم.

دادگای کەمبۆدیا ناوی (Extraordinary Chambers in the Courts of Cambodia) کورتکراوەکەی (ECCC)ە و بەواتای دادگای نائاسایی کەمبۆدیا دێت و ساڵی 2005 دامەزراوە. ئەو دادگایە دادگایەکی ناوکۆیی نێوان حکومەتی پادشانشینی کەمبۆدی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە. ئەو بەشەی کە سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە ناوی (United Nations Assistance to the Khmer Rouge Trials)ە و کورتکراوەکەی (UNAKRT)ە و بەواتای (یاریدەدەری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دادگاییەکانی خمێر ڕوج) دێت و ئامانجی پشتگیریکردنی دادگاکەیە.

دادگاکە هێشتا ساوایە و بەتەواوەتی نەکەوتووەتە سەرخۆی. هەربۆیە زۆرجار دەستی یارمەتی بۆ دادگای نێودەوڵەتیی لاهای درێژ دەکەن و چوونی منیش هەر بەمەبەستی ئەو پشتگیرییەوە بووە.

باڵەخانەکانی دادگا پێشتر بنکەیەکی سەربازیی سوپای کەمبۆدیا بووە. لەبەر نەبوونی شوێنێکی گونجاو ناچار بنکەکەیان چۆڵکردووە و کراوەتە دادگا! ئەگەرچی لە هەندێك لایەنەوە زۆر گونجاو نییە، چونکە زۆر دەرەوەی شارە و بەئاسانی نایگەیتێ. هەروەها لەلایەنی سنووری





کارگێڕیشەوە سەربە دەرەوەی شاری نۆم پێن بووە. بەڵام لەبەرئەوەی ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی کەمبۆدیا و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەو شێوەیە بووە کە دادگاکە لەناو شاری نۆم پێندا بێت، حکومەتی نۆم پێن ئەو شوێنە دوورەی بەفەرمی خستووەتە سەر کارگێڕیی پایتەخت نۆم پێن. دیارە ئەوێش لەباری گەندەڵییەوە وەکو لای خۆمان وایە کەچۆن زەویی کشتوکاڵی بۆ لێپرسراوان دەکرێتە موڵکداری و دەیاندرێتێ! نوکە قەڵەمێکە ئەمنا! ئەو...



یەکێك لە باڵەخانەکانی دادگا — هۆڵی دادگاییەکان

دادگاکە بریتییە لە سێ باڵەخانە. یەکەمیان زۆر گەورەیە و بریتییە لە ئۆفیسی هەموو بەشەکانی دادگا بە هەردوو فەرمانبەرانی کەمبۆدی و نەتەوەیەکگرتووەکانەوە. دووەمیان کەکاتی خۆی بەمەبەستی هۆڵی

ئاهەنگگێڕان و سیرەمۆنیی سەربازی دروستکراوە, کراوەتە هۆڵی دادگاکان و بەشی ڕاگەیاندن و کانتینی نانخواردن و بەشی فریاکەوتنی سەرەتایی. سێیەمیان کەلە هەموویان بچووکترە بریتییە لە زیندان و شوێنی لێپێچینەوەی تاوانبارانی ڕژێمی پۆل پۆت.

باڵەخانەکانی دادگا لەلایەن پۆلیس و سەربازی کەمبۆدییەوە بەردەوام پاسەوانی دەکرێن و لەدیوی ناویشەوە پاسەوانی نەتەوەیەکگرتووەکانی تێدایە و چواردەوریشی بەتەلبەند گیراوە و دیوی پشتەوەی کەناڵە ئاوێکی هەڵکەندراوە.

لەو ماوەی مانەوەیەم لە کەمبۆدیا دووجار چەکم دیوە. یەکێکیان بەپاسەوانی دادگاکە و جارێکی تریش لە شوێنێکی تر. تەنانەت پاسەوانانی بەر کۆشکی پادشاییش چەکیان بەئاشکرا پێنییە. ئەمەم پێ سەیر بوو و پرسیم بۆ ئەم وڵاتە تەنانەت پۆلیسەکانیش چەکیان پێنییە؟!. لەوەڵامدا وتیان ئێمە زۆرمان ناخۆشی و کوشتار بینیوە بەهۆی چەکەوە هەربۆیە چەند ساڵ بەرلە ئێستا زۆربەی چەکەکانمان لەناوبردوون و دیاردەی چەکداریمان نەهێشتووە. سەیرە لەو وڵاتەدا پۆلیس تەنها دارێك و کۆتێکی دەستی بەقەدییەوە و رادیۆیەکی بێتەل زۆرتر هیچی تری پێنییە!.

کەمبۆدیا وڵاتێکی تاڕادەیەك گەورەیە و ڕووبەرەکەی نزیکەی 181 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. بەشێکە لەو وڵاتانەی کەپێی دەگووترێت هندی چینی (Indo-China). شوێنکەوتەی جوگرافیاییەکەی گرنگەو لەلای باکوورییەوە وڵاتی تایلاند و لاوسە و





لەلای خۆرهەڵات و باشوورییەوە ڤێتنامە و بەشی خۆرئاواشی لەسەر دەریایە و کەوتووەتەسەر کەنداوەکانی سیام و تایلاند. ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی 13 ملیۆن دەبێت و گەورەترین شاری پایتەختەکەیەتی کەناوی نۆم پێنە و نزیکەی 2 ملیۆن کەس دانیشتووانییەتی[1].

ئایینی فەرمیی ئەم وڵاتە بوزاییە و نزیکەی ٪90ی پەیڕەویی دەکەن و ئەوانی تریش موسوڵمان و کریستیان و ئایینە ناوخۆییەکانی ترن[2].

زمانی خەڵکی کەمبۆدی ناوی (خمێر)ە. خمێر ناوی نەتەوەی کەمبۆدیاشە و زۆرترینی خەڵکی کەمبۆدی پێکدەهێنن و کەمینەیەکی زۆر کەمی چینی و ڤێتنامی و گروپی ئەتنیکیی تریشی تێدایە.

ئاووهەوای ئەم وڵاتە هی نزیك هێڵی یەکسانییە و بەدرێژاییی ساڵ تێکڕای پلەی گەرمیی نزیکەی لەنێوان 25 تا 30 پلەی سەدییە.

1 بڕوانە لاپەڕە 12ی Cambodia a world of Treasures بڵاوکراوەی وەزارەتی گەشتوگوزاریی کەمبۆدیا.

2 ئەوەی پاشتر بیستم موسڵمانەکان تەنها ٪2ی خەڵکی کەمبۆدیا پێکدێنن, کەچی یەکەم شەوم لە کەمبۆدیا و ئەگەرچی خەویشم زۆر پچڕ پچڕ بوو بەهۆی کاتگۆڕکێوە, دەمەوبەیان لە بانگ و هەرایەکی سەیر بەئاگاهاتمەوە و تومەس ئەو ٪2ی خەڵکی کەمبۆدیایە و بەمایکرۆفۆن لە مزگەوتەکانیانەوە بانگ دەدەن. دەمێك بوو گوێم لە شتی وانەبوو بوو و وامزانی سنووورداش بوومەتەوە بۆ شێخەڵڵای هەولێر, بەڵام دوایی بۆمدەرکەوت مەسەلە چییە. هەرچی ئەو ٪90ی بوزاییەکانە بەبێ دەنگ بوخوردەکانی خۆیان دادەگیرسێنن و کەس دەنگیان نابیستێت!.

کەمبۆدیا ناوێکی بەئیگلیزی کراوە و خەڵکی خمێر بەوڵاتەکەی خۆیان دەڵێن (کەمپووچییە).

ئەم وڵاتە تازە خەریکە بەخۆیدادێتەوە و یەکێکە لەو وڵاتانەی کەپێیاندەگووترێت جیهانی سێیەم. بەڵام بۆ رادەی پێشکەوتن بەراورد ناکرێت لەگەڵ تایلاند و ڤێتنامدا. بەڵام وەك خەڵکەکەی دەڵێن کەمبۆدیا لە وڵاتی لاوس پێشکەوتووترە.

کەمبۆدیا لەسەدەی 1 تا شەشی زایینەوە پێی گووتراوە پادشانشینی فونان. پاشان بەهۆی ئایینی بوزاییەوە هێزێکی زۆری لەناوچەکەدا پەیداکردووە و لەسەدەی 9ی زایینەوە سەدەی ئەنکۆرەکان تێیدا دەستپێدەکات. ئەنکۆر وشەیەکی خمێرییە و واتای تێمپڵ, کۆشك یان پەرستگای بوزاییەکان دەدات. لە سەردەمی ئەنکۆرەکاندا کەمبۆدیا ئیمپراتۆرێکی زۆر بەهێزی ناوچە بووە و حوکمی زۆربەی ناوچەکانی باشووری هیندوچینی کردووە. لە هەندێك سەرچاوەدا بەم سەدەی ئەنکۆرانە دەگووترێت سەردەمی ئیمپراتۆری خمێر[1].

1 بروانە پەڕتووکی (Cambodia) نووسینی (Nick Ray) – ISBN .1-74059-525-4







تێمپڵی (ئەنکۆر ڤات) لە شاری سییەم ریپ – لە سەردەمی (سوریافارمانی دووەم 1112–1152ز) دروستکراوە

ئیمپراتۆری کەمبۆدیا بۆ چەند سەدەیەکی زۆر بەردەوام و بەهێز بووە. تاوەکو بەشێوەیەك لە شێوەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە لاواز دەبێت و دەکەوێتە بەر مەترسیی داگیرکاریی تایلاندەوە, هەربۆیە پادشای کەمبۆدیا بەناوی نۆرۆدۆم لەساڵی 1863دا رێکەوتننامەیەك بۆ ماوەی 95 ساڵ لەگەڵ فەڕەنسادا مۆردەکات تاوەکو فەڕەنسا کەمبۆدیا بخاتە ژێر ماندانی خۆیەوە و وڵاتانی دراوسێ داگیری نەکەن. لە ساڵی 1945دا ژاپۆنییەکان لە جەنگی جیهانیی دووەمدا فەڕەنسییەکان لە کەمبۆدیا دەکەنە دەرەوە. لە ساڵی 1953 پادشا نۆردۆن شانۆوك دەبێتە پادشای وڵات و هەموو دەستەڵاتێك دەگرێتە دەست. ئەم پادشایە لەساڵی 1970دا لەلایەن

سوپای کەمبۆدییەوە لادەبرێت. کەمبۆدیا بۆ ماوەی 5 ساڵ لەلایەن ڕژێمێکی سەربازییەوە بەڕێوەدەبرێت, تاوەکو لە 17ی ئاپریلی ساڵی 1975 تا ساڵی 1979 کۆمۆنیستەکان بەسەرۆکایەتیی پۆل پۆت دەستەڵاتی کەمبۆدیا دەگرنە دەست. لە ساڵی 1979 تا ساڵی 1989 کۆماری خەڵکی کەمبۆدیا دادەمەزرێت و ڤێتنام یەکێك بووە لەو وڵاتانەی کە پشتگیرییەکی زۆری کردووە. ساڵی 1993 بەپشتگیریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لە کەمبۆدیا دەکرێت و دیسانەوە ڕژێمی پادشایەتی لەو وڵاتەدا دادەمەزرێتەوە و پادشا شیناۆوك دەبێتەوە پادشای ئەو وڵاتە و ئێستا کوڕەکەی پادشایە.

ئەمڕۆ کەمبۆدیا وڵاتێکە لە پێشکەوتندایە و لەلایەن پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوەوە بەڕێوەدەبرێت. گەورەترین پارتی ناو پەرلەمان پارتی خەڵکی کەمبۆدیایە و کۆمۆنیزم جگە لە کارە دزێو و خوێناوییەکانی! هیچ هێزێکی تری لەو وڵاتەدا نەماوە. ئەوەی جێی تێبینییە لەو وڵاتەدا دیاردەی گەندەڵی و لەشفرۆشییە کە زۆر بڵاوە, هەروەها دیاردەی سێکسی منداڵانیش بڵاوە و زۆرجار لە ڕۆژنامە ئەوروپییەکاندا بینیومە باسی لێوەکراوە. دیارە ئەمانە هەموویان دەسکەگوڵی کۆمۆنیستن بۆ ئەو وڵاتە. چونکە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ڕژێمێکی کۆمۆنیستی فەرمانڕەواییی کردووە, دیاردەی لەشفرۆشیی ئافرەتانی زۆر زۆر تێدا بڵاوە. ئەگەرچی من هیچ وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ئەوروپام نەدیوە و تەنها بەڕێبواری چوومەتە بولگاریا, بەڵام ئەوەی ڕێی کەوتبێتە ئەو وڵاتە





کۆمۆنیستییانە هەر لەڕێوە دیاردەی لەشفرۆشیی بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو بۆدەرکەوتووە. ئەمەش بەهۆی ئەوەوەوەیە کە ڕژێمی کۆمۆنیزم ریشە ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگە هەڵدەتەکێنێت و هیچ ئاکار و ڕەوشتێك ناهێڵێت. بەکورتییەکەی کۆمۆنیزم بریتییە لە بێڕەوشتی و سووکایەتی بە مرۆڤ.

ماوەی نێوان ساڵانی 1975–1979 بەترسناکترین قۆناغی مێژووی کەمبۆدیا دادەنرێت. لەم ساڵانەدا کەمبۆدیا بووە وڵاتێکی کۆمۆنیست و لەلایەن پۆل پۆتەوە بەڕێوەدەبرا.




تاوانبار: سالوس سار (پۆل پۆت)

پۆل پۆت یەکێکە لە دیکتاتۆرە بەناوبانگەکانی جیهان و بەدڵنیاییەوە لەڕیزی دیکتاتۆرەکانی تری وەك لینین, ستالین, ماوتسی تۆنگ, هێتلەر, ڤیدڵ کاسترۆ و سەددام حسێن و هتد.. دایە. پۆل پۆت ناوی (سالوس سار)ە لە 19ی مایی 1925 لە ناوچەی (کامپۆنگ توم)ی باکووری نۆم پێن لەدایکبووە. ناوی پۆل پۆت ناوی نهێنیی بووە و بەزمانی خمێر واتە برای ژمارە یەك, یان یەکەم برا. لە ساڵی 1931 لەگەڵ خێزانەکەیدا دەگوێزنەوە بۆ شاری نۆم پێن. ساڵی 1946 پەیوەندیی کردووە بەڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستی هیندوچینەوە. ساڵی 1949 دەچێتە پاریس بۆ خوێندنی ئەلەکترۆنیکا, بەڵام تەواوی نەکردووە. ساڵی 1951 پارتی کۆمۆنیستی هیندوچین دەبێتە سێ یەکە, لەوانە ڤێتنام و لاوس و کەمبۆدیا. ئەو بەشەی کەمبۆدیا دەبێتە پارتی خەڵکی شۆڕشگێڕ. لە ساڵی 1960 پۆل پۆت بەیارمەتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی پاریس رکێفی پارتەکە دەگرنەدەست و ناوەکەی دەگۆڕن بۆ پارتی کرێکارانی کەمبۆدیا. ساڵی 1963 پۆل پۆت دەبێتە سکرتێری گشتیی پارتەکە. تا ساڵی 1968 لە نێوان چین و ڤێتنامدا دەمێنێتەوە. ساڵی 1967 دەکەونە شەڕی پارتیزانی و (خمێر رۆج – خمێری سوور) دادەمەزرێنن. بەوشێوەیە ساڵ بە ساڵ دەستدەگرن بەسەر زۆربەی ناوچەکانی نێوان ڤێتنام و کەمبۆدیادا. ژمارەی چەکدارەکان لەسەرەتادا 5 هەزاربوون و پاشان بوونە نزیکەی 100 هەزار. خمێری سوور بەردەوام یارمەتیی لە ڤێتنام و چینی کۆمۆنیستەوە وەردەگرت. ساڵی 1974 چەکدارە کۆمۆنیستەکان





نزیکی نۆم پێنی پایتەخت بوونەوە و زۆربەی ناوچەکانی کەمبۆدیایان کەوتەدەست. لە رۆژی 17ی ئاپریلی ساڵی 1975 نۆم پێنی پایتەختیشیان کەوتەدەست و بەوجۆرە کۆماری خمێری سووریان دامەزراند کە پێشی دەگووترێت کۆماری کەمبۆدیای دیموکرات. ئەم رژێمە نزیکەی چوار ساڵی خایاند. بەهۆی ململانێی پاشتری توندی نێوان کەمبۆدیا و ڤێتنامەوە, ڤێتنام لە رۆژی 7ی ژەنیوەریی 1979دا نۆم پێنی گرت و رژێمی خمێری سوور رووخا و لەجێیدا ڤێتنام کۆماری خەڵکی کەمبۆدیای دامەزراند[1].

ماوەی ئەو چوار ساڵەی پۆل پۆت لە کەمبۆدیا گەورەترین مۆتەکەی خەڵکی کەمبۆدیا بووە. پۆل پۆت و خمێر روج ئەندێشەیان ئەوەبوو دەیانویست کەمبۆدیایەکی کشتوکاڵیی دروستبکەن کە ببێتە یەکەم وڵاتی جیهان لەناردنەدەرەوەی برنجدا. ئاووهەوای کەمبۆدیا زۆرلەبارە بۆ چاندنی برنج, چونکە ئاوی زۆرە و زەوییەکانیشی زۆر بەپیتن. بۆ ئەم مەبەستە هەر بەزۆر ملیۆنان خەڵکیان خستە خزمەتی کێڵگەکانی برنجەوە. جووتیاران کە پێکهاتبوون لە پیاو و ژن و منداڵانی گوندنشین, دەبووایە بەردەوام خەریکی برنج چاندن بوونایە. بەرامبەر دوو ژەمە خواردن کە ئەویش شۆربای برنج بوو. هەربۆیە ژمارەیەکی زۆریان لەو کێڵگانەدا تووشی نەخۆشی و برسییەتی بوون و رۆژانە بەسەدان و بگرە

1 بڕوانە بیبلۆگرافیای پۆل پۆت (بەزمانی ئینگلیزی): http://www.moreorless.au.com/killers/pot.html

زۆرتریشیان لێدەمرد. هەر جووتیارێکیش بێفەرمانییەکی بکردایە, لە شوێنی خۆیدا بەبێ هیچ مەرجێك دەکوژرا.



پاشماوەی ئەو جووتیارانەی کە لە کێڵگە زۆرەملێیەکاندا مردوون یان گوولەباران کراون

شایانی باسە کەمبۆدیا لە ڕێژەی مین و قوربانییانی میندا لە ریزی هەرە پێشەوەی وڵاتەکانی دنیادایە. ڕژێمی پۆل پۆت بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵاتنی جووتیاران لە کێڵگە زۆرەملێیەکان بە ملیۆنان مینی چاندووە. هەروەها بەدرێژاییی سنوورەکانی کەمبۆدیا و ڤێتنام ملیۆنان مین هەن کە تاوەکو ئێستا دەرنەهێنراون. ئەم مینانە ژمارەیەکی زۆری قوربانیی لێکەوتووەتەوە و تاوەکو ئێستاش بەردەوام مرۆڤی کەمبۆدی بەهۆی مینەوە ژیانی یان بەلایەنی کەمەوە ئەندامێکی لەدەستدەدات. هەربۆیە





لەهەر سات و هەر شوێنێکی کەمبۆدیادا زۆر ئاسایی کەسانی کەمئەندام دەبینی بەهۆی مینەکانی ڕژێمی خمێر ڕوجەوە.



دوو گەنجی کەمبۆدی بەهۆی مینەکانی پۆل پۆتەوە قاچیان لەدەستداوە و سواڵدەکەن



هەندێك کەللسەری جووتیاری کەمبۆدی لە بەندیخانەی ئێس 21 کە لەلایەن خمێر روجەوە کوژراون

لەناو شارەکانیشدا خمێر روج سەری هەرکەسێکی پاندەکردەوە کە دژی پۆل پۆت و خمێری سوور بوەستایەتەوە, یان تەنانەت گومانیشیان لێی بکردایە. شایانی باسە ئەگەر خمێر روج گومانی لەهەر کەسێك بکردایە بەماڵومنداڵەوە راپێچی زیندانیان دەکرد و کەسیان بەزیندوویی نەدەبینرانەوە.

باڵەخانەی (S-21) کەکاتی خۆی قوتابخانە بووە و ئێستا کراوەتە مۆزەخانەی ژینۆساید لە شاری نۆم پێن. یەکێکە لە زیندانە بەناوبانگەکانی کەمبۆدیا لەسەردەمی خمێر روجدا.







لایەکی بەندیخانەی (ئێس – 21) لە شاری نۆم پێن

لەم زیندانەدا بە ژمارە و بە دێکومێنت نزیکەی 14 هەزار کەس پاش ئەشکەنجەدانێکی سەیر و سەمەرە کە مەگەر هەر لە کۆمۆنیستەکان بوەشێتەوە, کوژراوە. ئەو شێوازی ئەشکەنجانەی لەم زیندانەدا بەکارهاتوون بریتیبوون لە کارەباڵێدان, لێدان تا مردن, بەستنەوە, هەڵواسین, برسی و تونیکردن, پەنجەقرتاندن, دەستدرێژیی سێکسی تەنانەت بۆسەر منداڵانیش و زۆریتر.. شایانی باسە ئەوەی هاتبێتە ناو ئەم باڵەخانەیەوە دەرەوەی نەدیووەتەوە! لەکۆی ئەو ژمارەیەی سەرەوە تەنها سێ تا چوار کەس بەرێکەوت رزگاریان بووە. لەمەوە بۆ درندەیی کۆمۆنیستەکانی کەمبۆدیا بەراوردێکی خمێر روج بکە بە رژێمی بەعس! بەعسییەکان لەماوەی 35 ساڵی فەرمانڕەواییاندا باوەڕناکەم نیوملیۆن کوردیان کوشتبێت. ئەوان لەماوەی کەمتر لە


چوارساڵدا دوو ملیۆن خمێریان کوشتووە. بەعسییەکان عەرەب بوون. کۆمۆنیستەکانی کەمبۆدیا خمێر بوون خەڵکی خمێریان ژینۆسایددەکرد. مەرج نەبوو لەلایەن بەعسییەکانەوە بگیرایتایە یەکسەر بکوژرایتایە, بۆ نموونە من سێ برام لەکات و شوێنی جیاوازدا لەلایەن بەعسییەکانەوە گیران بەڵام پاشتر ئازادبوون, بەڵام لای کۆمۆنیستەکانی کەمبۆدیا کە گیرایت واتا تەواو بوویت.



هەندێك وێنەی زیندانییانی بەندیخانەی (ئێس 21), بڕوانە تەمەن و رەگەزیان!







هەندێك ئامرازی ئەشکەنجەی زیندانی ئێس 21



کۆتی قاچ و دەستی زیندانییان لە بەندیخانەی ئێس 21



چەند زیندانێکی تاکەکەسی لە بەندیخانەی ئێس 21

کۆمەڵگەی کەمبۆدی کۆمەڵگەیەکی زۆر ئایینییە و زۆرینەی خەڵکەکەی بوزایین. پۆل پۆتەکان ئەم ئایینەیان لە وڵاتدا قەدەغەکردووە و ژمارەیەکی زۆری مۆنکەکانیشیان (پیاوی ئایینیی بوزی) کوشتووە.

بەپێی هەندێك ئاماری کەمبۆدی ژمارەی ئەو کەمبۆدییانەی لەو کەمتر لە چوار ساڵەدا لەلایەن خمێر روجەوە کوژراون لە سێ ملیۆن کەس زۆرترە. بەڵام هەندێك ئاماری جیهانی و نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارەی ئەو کەسانەی لەنێوان ملیۆنێك و نیو تا دوو ملیۆندایە.

ئەگەر کەمترین ژمارەیان وەربگرین و وایدانێین ژمارەی کوژراوانی کەمبۆدیا بەدەستی کۆمۆنیستەکان ملیۆن و نیوێك بێت, ئەوا لەو نزیکەی 1350 رۆژەی فەرمانڕەوایی کۆمۆنیستەکان لە کەمبۆدیادا





بەتێکڕا رۆژانە زۆرتر لە هەزار و سەد مرۆڤی کەمبۆدیان کوشتووە!.

لەڕاستیدا ئەم ژمارەیە و ئەم ژینۆسایدە ترسناکترین کارەساتی مرۆڤایەتییە لە مێژووی نوێدا و شانبەشانی ئەنفالی کوردستان و ژینۆسایدی یۆگۆسلاڤیای پێشوو و ژینۆسایدی موسوڵمانە سودانییەکان بۆ خەڵکی دارفوور پەڵەیەکی ناشرینی چەوسانەوەی مرۆڤە بۆ مرۆڤایەتی.

هەر گەشتیارێك, هەر رێبوارێك رێی بکەوێتە کەمبۆدیا دەبێت سەردانی بەندیخانەی ئێس 21 بکات. تاوەکو بەچاوی خۆی ببینێت کۆمۆنیزم چییە و چۆن دوژمنی منداڵە, دوژمنی ژنی دووگیانە, دوژمنی خەڵکی پیرە و چۆن دوژمنی هەموو مرۆڤێکە.

ئەگەرچی ژینۆسایدی ئەو ملیۆنان کەسە ژمارەیەکی زۆری تاوانبارانی دەوێت و دەبووایە هەموو ئەندامامە کۆمۆنیستەکانی رژێمی خمێر روج دادگاییبکرێت, بەڵام ئەمڕۆ لە زیندانی دادگای نائاسایی کەمبۆدیا تەنها پێنج تاوانبار دەبینین. ئەم پێنجە لەگەڵ پۆل پۆتدا کەسانی لووتکەی رژێمی کۆمۆنیستیی خمێر روج بوون و یەکەمین تاوانبارن لەبەرامبەر ژینۆسایدکردنی ئەو دوو ملیۆن کەسەی کەمبۆدیا.

شایانی باسە پۆل پۆت لە رۆژی 15ی ئاپریلی 1998دا مرد و تائێستا هۆی مردنەکەی نەزانراوە. پێنجەکەی هاوتاوانیشی ئێستا چاوەڕێی دادگاییکردنن.

پێنج تاوانبارەکەی تریش بریتین لە (کاینگ گویك ئێاف) و ناسراوە بە دویچ. ئەم تاوانبارە تەمەنی 66 ساڵە و سەرۆکی بەندیخانەی ئێس

21 بووە. کەسێکی نزیکی پۆل پۆت بووە و زۆر دڵسۆزی ڕژێمی خمێر ڕوج بووە. وەك شاهێدحاڵان باسی دەکەن لەزۆربەی کاتدا خۆی چاودێریی ئەشکەنجە و لەناوبردنی زیندانییانی ئێس 21ی کردووە[1].



تاوانبار دویچ – سەرۆکی بەندیخانەی ئێس 21

1 بڕوانە فیلمی دیکومێنتەریی ( S-21 The Khmer Rouge Killing Machine). لەلایەن ( Institute National de l’ Audiovisual Presents arte France Cinema Production) دەرهێنراوە. فلیمەکە باسی ژیانی ناو بەندیخانەی ئێس 21 دەکات و کۆمەڵێك ڕووبەڕووی گرنگی تێدایە لەگەڵ زیندانییان و جەللادەکانی سەردەمی خمێر ڕوج.





ئەم تاوانبارە لە دانیشتنی دادگایی ڕۆژی 20ی نۆڤەمبەری 2007دا ئامادەبوو, کەدەبێتە یەکەمین دانیشتنی ئاشکرای دادگای نائاساییی کەمبۆدیا[1].

تاوانباری دووەم بریتییە لە نوۆن چییا, ئەمە یەکەمین باوەڕپێکراوی پۆل پۆت و ڕژێمی خمێر ڕوج بووە و پێیشی وتراوە برای ژمارە دوو.

تاوانباری سێیەم (خییو سامفان)ی تەمەن 76 ساڵ, سەرۆکی پەڕلەمانی خمێر ڕوج بووە و لە ڕژۆی 19ی نۆڤەمبەری 2007دا گیرا و ڕاپێچی زیندانی دادگای نائاساییی کەمبۆدیا کرا. (ئەو ڕۆژە من لە دادگای کەمبۆدیا بووم کە ئەم تاوانبارەیان بەگیراوی هێنا).

تاوانباری پێنجەم (ئینگ ساری)ی وەزیری دەرەوەی کەمبۆدیای سەردەمی خمێر ڕوج بووە.

تاوانباری پێنجەم (ئینگ تیریت)ی هاوسەری ئینگ ساری و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیی سەردەمی خمێر ڕوج بووە[2].

بەهیوای سەرکەوتنی دادگاییکردنی ئەم تاوانبارانەم و هیواشم ئەوەیە تاوانبارانی تری وەك ڕابەرانی چینی کۆمۆنیستیش دادگایی بکرێن, چونکە ئەوانە هەریەك ملیار مرۆڤی چینی و تبتی

1 بڕوانە ڕۆژنامەی (The Cambodia Daily)ی ڕۆژی 21-11-2007 لاپەڕە یەك.

2 بڕوانە ڕۆژنامەی (The Cambodia Daily)ی ڕۆژەکانی 20-11-2007 و 22-11-2007. هەروەها بڕوانە ڕۆژنامەی هۆڵەندی ( De Telegraaf) ڕۆژی 21-11-2007.

ناچەوسێننەوە, بەڵکو یەکەمین وڵاتی بەرهەمهێنەری دووەم ئۆکسیدی کاربۆنن و ئەویش بەجێی خۆی جۆرێکە لە ژینۆساید و تاوانی دژبە مرۆڤایەتی.. دیارە نابێت تاوانبار ڤیدڵ کاسترۆ و سەرانی ڕژێمەکەشیمان بیربچێت کە دەیان ساڵە خەڵکی کوبایان لە زیندانی کۆمۆنیزمدا بەندکردووە.

هەروەك چۆن ناوی ئەنفال و بەعس بوونەتە مۆتەکەی خەڵکی کورد و بەبیستنیان مووی لەشمان ڕاستدەبێتەوە, بەوجۆرەش ناوی کۆمۆنیزم و پۆل پۆت و خمێری سوور مۆتەکەی بەردەوامی خەڵکی کەمبۆدیان و بەبیستنیان تاوانەکانی ئەوکاتیان بەبیردێتەوە. ئێستا خەڵکی کەمبۆدیا گەلێك خۆشحاڵن بەدادگاییکردنی ئەو تاوانبارانە.

ئەگەرچی دەربارەی کەمبۆدیا و ڕژێمی خمێر ڕوج و کۆمۆنیستەکانی سەردەمی پۆل پۆت گەلێم لاماوە, بەڵام ئێستا کە خاکی کەمبۆدیا بەجێدێڵم و بەرەو بانکۆك و تاراوگە هەمیشەییەکەی هۆڵندام دەفرم, جارێ هیچی تر ناڵێم و هەر بەوەندە کۆتایی بەم نووسینەم دەهێنم کە بڵێم: نەفرەت لە کۆمۆنیزم, نەفرەت لە کۆمۆنیزم, دیسانیش نەفرەت لە کۆمۆنیزم.

تێبینی:





* جگە لە وێنەکانی تاوانباران پۆل پۆت و دویچ, هەموو وێنەکانی تر لەلایەن نووسەرەوە گیراون.

* ئەم وتارە هیچ تایبەتمەندییەکی فەرمیی نییە و تەنها نووسەر لێی بەرپرسە.

* جگە لەو سەرچاوانەی کە ئاماژەیان پێکراوە, نووسەر چەندین ڕووبەرووی لەگەڵ کارمەندانی دادگا و خەڵکی کەمبۆدیدا کردووە و بوونەتە سەرچاوەیەکی ئەم وتارە.

# گفتووگۆیەك لە تەوەری یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان[1]

سازدانی گفتووگۆ: ئاسۆ ئەحمەد بەڕێوەبەری گۆڤاری نێوەند
2007-12-09

پرسیار :یەکێك لە برگە کانی پرۆژەیاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە ئێستا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە  با س لەوە دەکات کە دەبێت ڕۆژنامە نوسان لەکوردستان ئەو هەواڵ و زانیاریانە بلاو نەکەنەوە کەزیانی بۆ ئاسایشی نەتەوەی دەبێت ، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەو پرۆژەیاسایەدا ئەوەروون نەکراوەتەوە کە ئاسایشی نەتەوەی چیە  تا ڕۆژنامە نوسان خۆیانی لێ بەدوور بگرن .پرسیارەکەی من ئەوە یە  بونی ئە برگەیە لەم یاسایەدا نابێتە  کۆت و بەند بۆ ئازادی ڕاگەیاندن لەکوردستان.

هاوڕێ باخەوان: سەرەتا ئاسایشی نەتەوەیی بەلای لێپرسراوانی کوردەوە تەنها پاراستنی ژیانی خۆیانە و بەس, تەنها زۆرکردن و تەیارکردن و زۆرتر چاوکراوەیی پاسەوانەکانیانە و بەس. ئەگینا

[1] کوردستان نێت ڕۆژی 15-12-2007.
ڕۆژنامەی ئاڵا.





دەبووایە هەربۆ نموونە گۆرانیی کوردی بەشێکی گرنگی ئاساییشی نەتەوەیی بووایە و بەو جۆرەی ئێستا بەتورکییان نەکردایە ! ! . نامەوێت زۆر قوڵ ببمەوە لە ئاساییشی نەتەوەییدا, دەنا ئابووریی نەتەوەیی گەورەترین و ترسناکترین پایەی ئاساییشی نەتەوەییە. گەر ئەوان هێندە دڵیان بە ئاساییشی نەتەوەیی دەسووتێت! ئەی کووا پشتگیرییان بۆ ئابووری و وەبەرهێنانی خۆماڵی! ئەی بۆ کوردستانیان کردووەتە باشترین بازاڕی بەکارهێنی شمەکە تورکی و ئێرانی و چینییەکان. وابزانم کەرەستەی خۆماڵی تەنها کلاشی هۆرامان ماوە! ئەویش هاکا لەلایەن بازرگانێکی هاوبەشی لێپرسراوێکەوە لە کارخانەیەکی چینی بۆمان ئمپۆرتکرا! ! .
بێگومان برگەیەکی لەو بارەیەوە دەبێتە کۆتێك بۆ ئازادیی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا, ئەویش ئەگەر تاوەکو ئێستا ئازادیی ڕۆژنامەگەری هەبووبێت یان ببێت! لێپرسراوان و پەرلەمانتاران پێویستە فێری ئەلف و بای ئاساییشی نەتەوەیی ببن و چیدی ئەو ئاساییشە لەبنەڕەتەوە هەڵنەتەکێنن, ئنجا با بێن باسی ئاساییشی نەتەوەیی بکەن! . .

پرسیار: لە پرۆژەیاسای سەندیکدا هاتووە کە نابێت ڕۆژنامەنوسان بابەتێك یان هەواڵێك بلاو بکەنەوە کە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا لەکەدار بکات  پیتان وایا ئەم برگەیە لەم یاسایەدا ئامانج لێی بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکانی ڕۆژنامەنوسان بێت لەکوردستان.

<u>هاوڕێ باخەوان</u>: بێگومان بەرتەسککردنەوەیەکی تەواوەتییە. بەڵام ئەمجارەشیان دەڵێم پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا چین و دەبووایە ئەو یاسایە دیاریی بکردایە!. هەڵبەت وەك کورد دەڵێت ئەوی لە مشك بێت جەواڵ دەدرێت, چونکە ئەم پرۆژەیاسایە بەپێی دەستووری هەرێمی کوردستانی "ئێراق" دەرچووە و خودی ئەو دەستوورەش بەپێی دەستووری داگیرکەری ئێراقی دەرچووە و لەو دەستوورەشدا لە دەیان شوێندا کەباسی گرفتێك یان پرۆسەیەك دەکات بەبێ ئەوەی هیچی دیاریکردبێت دەڵێت بەپێی یاسا دیاریدەکرێت!! ئیتر چۆن و کەی و بەچ شێوەیەك و لە قازانجی کێدا! ئەوەیان کەس نایزانێت. ئەم یاساۆکەیەی لەمەڕ خۆشمان بەو شێوەیەیە و کۆمەڵێکی نەشارەزای کۆنسێرڤاتیڤی پیر هاتوون شەلم کوێرم قسەیان ریزکردووە و ناویان ناوە یاسا!.

پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا, ئەگەر خەتەنەکردنی رەگەزی مێ بێت, یان جنێونەدان بێت بەبەرپرسان و تەنانەت رەخنە لێنەگرتنیشیان, پرسیارنەکردنی چۆنییەتیی خەرجکردن و داهاتی لێپرسراوان بێت یان هەر شتێکی تر, یان فرەژنی بێت, ئەوە دەبێتە خەتەرێك بۆسەر رۆژنامەنووسان. چونکە ئەوان ئەو دوو بەندەی ئاساییشی نەتەوەیی و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا زۆر بەخراپی بەکاردەهێنن و ئێمەی نووسەر و رۆژنامەنووسی پێدەبەستنەوە.

من لە زۆر نووسینی تردا باسی ئەوەم کردووە کە هێزی یاسا لە جێبەجێکردنییایەتی. جێبەجێکردنی یاساش لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا





(دیارە بەباشووری کوردستانیشەوە) هەر ئەو برگانەیەتی کە رژێمەکان دەهێڵنەوە و ئەوانی تریشی زۆر گوێی پێنادرێت. لەو یاسای رۆژنامەنووسانەدا ئەوەی من بزانم ئەو دووخاڵە پەیوەندیی بەئاساییشی بەرپرسانەوە هەیە و لە هەموویان زۆرتر جێبەجێ دەکرێت و ئەوانی تریشی باوەڕناکەم گوێ بەسەرپێچیی بدەن.

دەربارەی یاسا و جێبەجێکردنی زۆر بەسادەیی دەڵێم: هەرکاتێك وەزیرێك یان گزیرێك گوێی بە تڕفیکلایتی سوور نەدا و ئوتومبیلەکەیی رانەگرت و هەردووکیان وەك یەك سزادران, ئەوکات دڵم بەیاساکانی کوردستان خۆشە و کە بەرپرسێکیش دەڵێت (هەر کەسێك بێت ئەو بەرپرسە) ئێرە وڵاتی یاسایە و "یاسا سەروەرە" ئینجا من باوەڕی پێدەکەم.

# تەوەرەی کەرکووك و شکستی ماددەی 140

سڵاو و ڕێز :

ئێمە لەگۆڤاری (نێوەند) بڕیارمانداوە بۆ ژمارە(46)ی گۆڤارەکەمان کە لەڕۆژی 10\12\2007 دەردەچێت تەوەرێك ئامادە بکەین لەمەڕ چارەنووسی شاری کەرکووك و بەبنبەست گەیشتنی ماددەی 140 دەستووری هەمیشەیی عێراق .

بۆ ئەو مەبەستە بەڕێزتان دیاریکراون بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تەوەرەکەمان،ئەگەر ڕەزامەندیتان نیشاندا بۆ وەڵامدانەوە تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن :

- وەڵامەکە لە 5 لاپەڕە زیاتر نەبێت ، ئێمە پێمان باشە 3 لاپەڕە بێت .
- وەڵامەکان 2 وێنەی لەگەڵدا بێت کەبەکەڵکی بڵاوکردنەوە بێت .
- دوا مۆڵەت بۆ وەڵامدانەوە رۆژی 7\12\2007 ە .

پرسیارەکان :

**1-** ئایا بردنی دۆزی کەرکووك و بچووککردنەوەی بۆ نێو بەشێکی ماددەیەکی دەستووری عێراق(140) بەمانای شکستی کورد نییە لەمەڕ گێڕانەوەی ئەو شارە بۆسەر کوردستان ؟ئایا رازی بوونی سەرکردایەتی کورد بۆ ئەوەی فایلی کەرکووك لەرێی ئەو ماددەیەوەوە یەکلایی بکرێتەوە بەمانایەك لەماناکان لاوازیی کورد دەرناخات؟.





وەڵام:

کەرکوك ئەو کاتە بچووککرایەوە کە کاتێك داگیرکەری بەعس ماڵێکی سەربە یەکێتیی بۆ هەولێر دەردەکرد, کاکی پارتیش دیسان ئاوارەی دەکردەوە بۆ سلێمانی و پێی دەگووتن ئێوە جێتان لێرە نابێتەوە. کەرکوك ئەو کاتە بچووککرایەوە کە کاتێك داگیرکەری بەعس ماڵێکی سەربە پارتیی بەمەبەستەوە بۆ سلێمانی دەردەکرد, کاکی یەکێتیش دیسانەوە ئاوارەی دەکردەوە بۆ هەولێر و پێی دەگووتن ئێوە لە سلێمانی جێتان نابێتەوە و بچن بۆ هەولێر چونکە ئێوە بۆنی پارتیان لێدێت.

کەرکوك ئەو کاتە بچووککرایەوە کە دەمێکە بەڕێوەبەری پۆلیسی نییە چونکە هەردوو پارتی و یەکێتی ناتەبان لەسەر دانانی کەسێك بۆ ئەو پۆستە, چونکە ئەم دەڵێت با بۆ من بێت و ئەویش دەڵێت نەخێر ئەی من!.

کەرکوك ئەوکاتە بچووککرایەوە کە جەلال تاڵەبانی کۆمیتە چوار شەشییەکەی بۆ هەر چوار نەتەوەکەی ئەو شارە دانا!.

کەرکوك ئەوکاتە بچووککرایەوە کە دوای پرۆسەی رزگارکردنی ئێراق, لێپرسراوان جگە لە دزی لە شاری کەرکوکدا گوێیان بە هیچ شتێکی تر نەدا.

کەرکوك لەسەرەتاوە لەلایەن خۆمانەوە بچووککراوەتەوە و سەرهەڵدانی مادەی ریسوای 140یش هەر لەو سووکایەتییەی خۆمانەوە هاتووە بۆ کەرکوك. ئەمەش لەوەوە هاتووە کە ئێمە,

بەتایبەتی ئەوانی نوێنەرایەتیی کورد دەکەن لە بەغدا کەسانی بێهێز و نەزانین, ئەوانە جگە لەپاڕانەوە کاری تر نازانن. ئەوانە نازانن چۆن مەرجی خۆیان لەبەغدا بسەپێنن. ئەوانە هێشتا فێری ئەلف و بێی سیاسەت نەبوون کە چۆن دەبێت مامەڵەی بەرامبەر پیادە بکەن لەبەرامبەر عەرەبەکاندا. ئەوانە کۆمەڵێك بازرگان و خۆژیێنن و چاو و بیریان لە گیرفانیان تێپەڕناکات. کە گوێشت لێدەبێت دەڵێن کەرکوك دڵ یان تەرەماشی کوردستانە! ئەوا تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندنە! ئەگینا لە تەپڵی سەریانەوە تاوەکو بەری پێیان درۆدەکەن. چونکە هەموومان دەزانین کە دۆلار و ئافرەت دڵ و قودسی زۆربەیانە.

**2–** ماوەی کەمتر لەمانگێك لەبەردەممان‌دا ماوە بۆ تەواوبوونی ماوەی دیاریکراوی جێبەجێکردنی ماددەی 140،بەڵگە نەویستە بەم بیست رۆژە بڕگەکانی ماددەی 140 کەلەسێ قۆناغ پێکهاتووە جێبەجێ نابن،ئایا لەدۆخێکی وادا چارەنووسی کەرکوك بەکوێ دەگات ؟دەبێت ئەدای سیاسەتی کورد چۆن بێت بۆ وەرگرتنەوەی کەرکوك لەدوای کۆتایی هاتنی ساڵی 2007؟ .

وەڵام:

بەم بارودۆخەی ئێستاوە و بەم بازرگانانەی کە نوێنەرایەتیی کوردیان داگیرکردووە! نەك بیست رۆژ بەڵکو بە بڕوای من لە





ماوەی بیست ساڵی داهاتووشدا هیچ نابێت. کورت و کرمانجی سیاسەتی کورد دەبێت بە 180 هەشتا پلەی ئێستایدا بگۆڕێت. لەپێش هەموو شتێکدا دەبێت هەرچی ئەندام پەرلەمان و وەزیر و گزیری کورد هەیە دیارە بەسەرۆك کۆماریشەوە, بەغدا بەجێبهێڵن و بێنەوە کوردستان. تاوەکو کەرکوك نەیەتەوە سەر هەرێمی کوردستان بەشداریی هیچ کارێکی سیاسیی ئێراقی نەکەن.

بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە ئایا ئەوانە کەرکووکیان لەلا گرنگە یان کورسی و پارە... من هیوادارم کەرکووك بێت!.

# زوومی کامێراکانتان کوێربێتەوە![1]

لاهای – هۆڵندا
2007-12-23

شێرە تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکانی باشووری کوردستان کاتێك عەگالبەسەرێکی عەرەبی ئەنفالچی بۆ بەشداریی کۆبوونەوەیەك یان کۆنفرانسێك دێتە هەولێر یان سلێمانی لە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرەدا بە پارەی من و تۆ و ئەو دەلەوەڕێت!, وەك هەنگوینیان لەداردا دۆزیبێتەوە! دەکەونە فلیمکردنی و چەندین رووبەڕووی لەگەڵدا سازدەکەن و شەوانە زاخاوی لماوی و ئەنفالاوییمانی پێدەدەنەوە.

هەڵۆ تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکانی باشووری کوردستان رۆژانە خەریکی فیلمکردنی مەراسیمی دانانی ئەو بەردی بناغەی پڕۆژانەن کە دەبێتە هۆی ئاوەدانی کوردستان و پاش ماوەیەکیش دەردەکەوێت کە پڕۆژەکە درۆیینە بووە و تەنها بۆ ئەوە بووە کە چەند لێپرسراوێکی دزی پێوە دەوڵەمەندتر بن!. لەو مەراسیمانەدا لێپرسراوێك وەکو کوڕەئازاکەی فیلمی هندی بەمقەستێکەوە پشتوێنێکی سەوز یان زەرد دەقرتێنێت و کۆمەڵێك لێپرسراوی کاسەلێسی تریش چەپڵەی بۆلێدەدەن و کامێراکانیش هەر خەریکی فیلمکردنن و شەوانە کوردستانمان لێدەکەنە دوبەیی دووەم!.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2007-12-24





دیارە باسی ئەوە ناکەم کە هەرئەو شێر و هەڵۆ تەلەڤزیۆنانە بوون گوڕیان بەشەڕی کوردکوژی دەدا و ئاگری شەڕی ناوخۆیان خۆشتر دەکرد.

چەند رۆژێك لەمەوبەر دەبووایە کامێرای ئەو تەلەڤزیۆنانە بەشێوەیەکی زیندوو هێرشەکەی تۆرانییەکانیان بۆ بەرچاوی ئێمە و جیهان بگرتایە و ئایشێ خانی گوندی "مارادوێ"یان وابەکەساسی و بەتەنیا بەدیار کامێرایەکی ئەماتۆرەوە بەجێنەهێشتایە!.. باعەباعی ئەو مەڕەداماوە برینداراناەی بناری قەندیلیان باشتر بۆمان تۆماربکردایە.

ئەی کتێبە دووبەرگییەکەی "رێباز"تان بیرچووەوە کە دەڵێت قەندیل بەغدای هەژاند! دەبا وەفایەکتان بۆ قەندیل هەبووایە کە کاتی خۆی دالدەی لێپرسراوەکانتانیدا و بووە هەنگاوی یەکەمی ئەم سەڵتەنەتەی کە ئێستا تێیدان.

ئەی فەرهاد سەنگاوی خۆ تۆ قوڕگی خۆتت دەرهێنابوو و دەتگووت "قەندیل حوکمی بەغدا دەکات"! دەبا کە فڕۆکە تورکەکان هاتن هاوارێکت لە حاکمەکەی بەغدا بکردایە و بتگووتایە ئەوە لە قەندیل دەدەن و کامێراکانت بنێرە!..

ئەی بیرتان چووەوە لەوەتەی قەندیل و بەعس هەبوون, قەندیل هەر گەمارۆی لەسەربوو. گەمارۆی ئەوسای بەعس لەسەر پێشمەرگە بوو و گەمارۆی ئێستای ئێوەش هەر لەسەر پێشمەرگەیە.. ئەگەر ئێوە ئەوسا پێشمەرگە بووبن, ئەی دەبێت ئێستا چی بن!..

ئێوە وەفاتان بۆ قەندیل نەبێت! دڵنیام بۆ ئەزمەڕ و سەفینیش هەروادەبن..

---

پاش بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە ئەم نامەیەم لەلایەن دوو ڕۆژنامەنووسی بەڕێزی شاری کەرکوکەوە پێگەیشت:

## نەك زوومی کامێراکانیان، سۆمای چاوەکانیشیان کوێر بێت!

چەپکە پەڤێکی پڕ لە میهرو خۆشەویستی بۆ هەڵوێستەکانی هاوڕێ باخەوان

بەڕێز!.. لە باشووری کوردستانی نغرۆبووی دەستی بازاڕی ڕەشی بەناو ئازادی قاچاخچییە گیرفان هەرگیز پڕ نەبووەکانی ئەم پارچە کۆستکەوتووەی نیشتیمانی دایکەوە، چەپکە پەیڤێکی فرمێسکاویت پێشکەش. ڕێز بۆ بۆچوونە پیرۆزەکانت.. دەستت دەگوشین‌و ماندوونەبی.

ئێوە چانییە لە دەرەوەی کوردستانن، وەلێ ئێمەی بەندکراوی ئەم باشووری کوردستانە بەند کراوە، بە چاوی خۆمان پوکانەوەی گیانی کوردایەتی لە ڕۆح‌و جەستەی خانەوادەی شەهیدان‌و تاکە دڵسۆزەکانی ئەم دەڤەرە پرزەی لەبەر بڕیوین‌و هەراسانی





کردووین. خۆتان وتەنی: (ئەوەی وەفای بۆ قەندیل نەبێت)، هەرگیز وەفای بۆ گوڵ‌و پێشمەرگەو گەریللا نابێت...

بەڕێز... زومی کامێراکان لەم دەڤەرەی ئێمەدا تەنها (ریك) لەسەر گرتەی گەپی گەورەکان دەکەن... لە کاتێکدا قەندیل‌و گوند و گەریللا و ئایشێ خانی مارادوێ، بە تێزاب‌و فسفۆرو ئاگر هەتا بەفرەکەشی قرچەی دەهات، ئەمان لێرە شەوداوەتیان تنۆك تنۆك شەرمەزارییان لێ دەچۆڕا.

دووبارە سڵاو لە هەڵوێستت.... هەنگاوەکانت پتەوترو ئاسۆی سەرنجت گەشت تر..

لە دوو ڕۆژنامەنووسی کەرکووکییەوە

رابەر رەشید/ رزگار حەساری

2007/12/24

# وەزیری ئەخلاق![1]

لاهای – هۆڵندا
2008-02-18

کابینەی پێشووی ئەوەی پێی دەگووترێت "حکوومەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق" لە چل وەزیر زۆرتر بوو. لەم کابینەیەی ئێستا ئەگەرچی هەر هەمان تاس و حەمامی ئەوەی پێشووە بە سەرۆك و مەرۆکییەوە، دەنگۆی ئەوە هەیە کە بکرێتە نزیکەی بیست وەزیر. واتە زۆرتر لە بیست وەزیر لادەبرێن.

من باسی ئەوە ناکەم کە ئەو ماوەیەی پێشوو ئەو بیست وەزیر و وەزارەت و دەستوپێوەندانەیان چیی تێ چووە و چییان دزیوە و چەندێك هێزکاری خراپی بۆسەر ئابووری و باری کۆمەڵایەتیی کوردستان هەبووە و لێی دەگەڕێم بۆ هەلێکی تر. لێ لێرەدا باسی ئەوە دەکەم کە ئەمجارەش گرنگترین وەزیر و وەزارەت لە حکوومەتەکەدا لەبیرکرا! ئەویش "وەزیری ئەخلاق"ە. بێجگە لەم وەزیرە ناهەقم مەگرن کە گاڵتەم بەهەموو وەزیر و وەزارەتێك بێت لەو کابینانەدا. چونکە نازانم دەبێت ئێمە وەزیری کارەبا و وەزارەتی و دەستوپێوەندەکانیمان بۆچی بێت ئەگەر کوردستان کارەبای نەبێت. لەمەیان گەڕێن ئەی دەبێت

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2008-02-19
ماڵپەڕی کلاورۆژنە – 2008-02-20





وەزیری پیشەسازیمان بۆچی بێت! کە ئەو کوردستانە لەسەدا هەزار لەسەر شمەکی هاوردە بژێت و تاکە بەرهەمی خۆماڵیی کڵاشی هەورامان بێت!. ئەی دەبێت وەزیری کشتوکاڵمان بۆچی بێت کە کەوەر و کەرەوزیشمان لە ئێران و وڵاتانی ترەوە بۆ بێت.

ناهەقیشم مەگرن کە گاڵتەشم بە وەزیری رۆشنبیریش بێت، چونکە رۆشنبیریی کوردی لەم کاتەیدا بە هەنگاوێکی ترسناکدا تێدەپەڕێت، سەیری ئەو هەموو گۆڤار و رۆژنامە و کتێبە وەرگێڕدراوانەی کوردستان مەکەن! چونکە ئێستا لە کوردستان دەکرێت ببیتە وەرگێڕ بەبێ ئەوەی زمانی سەرچاوەکە بزانیت!.

ئەی دەبێت وەزیری پێشمەرگەمان بۆچی بێت کە تورك بەئارەزووی خۆی تەراتێنی بێت بە وڵاتەکەماندا و هەر ناوێرن باسیشی بکەن.

لێرەدا ئەو چل وەزیر و وەزارەتەم بۆ ریزناکرێت و دێمە سەر ئەو وەزارەتەی کە زۆر پێویستە و ئەویش وەزارەتی ئەخلاقە!. ئەم وەزارەتە دەبووایە ببوایەتە وەزارەتێکی گرنگی ناو کابینەکە و بەسەر کۆمەڵێك بەشی گرنگ و سەرەکیدا دابەشبکرایە. ئەوانیش بەشی هونەر، پێشمەرگە، رۆشنبیری، گوزەرانی خەڵکی، لێپرسراوان، ژیانی گەنجان، ئازادیی رادەربڕین، مافی ئافرەت و چۆنێتیی جووڵانەوە لەگەڵ دراوسێکاندا و زۆریتر... چونکە هەرچی ئەو بەشانە هەیە لەسایەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ناشارەزایی کاربەدەستان و وەزیرانەوە بێئەخلاقییەکی زۆری تێکەوتووە و بەڕادەیەکی وا بووەتە پاشاگەردانی کە هەندێکیان دەیان ساڵ و زۆرتری پێویستە بۆ باشتربوونیان...

دەزانم لەسەدا نەوەدونۆی کاربەدەستان هەر کەباسی ئەخلاق دەکەیت یەکسەر پارچە گۆشتێکیان بەخەیاڵدا دێت و بسکەی سمێڵی رەشکراوەیان دەیانگرێت!, چونکە ئەوە بووەتە خولیای شەوتابەیانیان و هەر ئەوەندە لە ئەخلاق تێگەیشتوون. هەر بۆیەشە ئەخلاقم بە عەرەبییەکەی نووسی! چونکە هەیانە هەرنازانێت رەوشت کوردییە یان عیبری! بەڵام من لێرەدا ئەخلاق بە واتا فەلسەفییەکەی دەڵێم و کردنەوەی بەشێکی پێویستی تریش لەو وەزارەتە بۆ تێگەیشتن لە ئەخلاق بە کارێکی گرنگ دەزانم! چونکە ئەخلاق فرِی بەسەر ئەو پارچە گۆشتەوە نییە کە کاربەدەستانی ئێمە تێیگەیشتوون...

---

ئەو کۆمێنتانەی کەلەسەر ئەم وتارە لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت نووسران:

**1. مه ردوخ** | 2008 -02-19 - 20:04

بزيت هاورى باخه وان.. به لام به داخه وه له مه رجه كاني بيداني بوستدا انتي اخلاق دانراوه .

هەمان وتار لەلایەن کاك کەمال میراودەلییەوە کراوەتە ئینگلیزی و لە ماڵپەڕی کوردیش میدیادا لە 2008–02–20 بڵاوکراوەتەوە:

Kurds cry out against corruption-15: A minister for morality !

By Hawre Bakhawan

Translated by Dr Kamal Mirawdeli





Published on www.kurdistannet.info on 19 February 2008

http://kurdistannet.info/index.php/babeti-jimare-1550.html

The former cabinet of the so-called "Kurdistan regional government" had more than 40 ministers. It is said that the new cabinet would be different although it is the same shape and content of the previous one with the same PM, deputy and so on. There is a rumour that it will have only 20 ministers. This means more than 20 ministers would be removed .

I do not want to talk about what, in their time in office, these 40 ministers, ministries and their staff and servants cost, what and how much they have stolen, and how much bad impact they had on the economic and social conditions in Kurdistan. I will leave all this for another opportunity .

In this article I talk about the most important Minister that it is again ignored in this cabinet: a minster for morality! Except for this one I laugh at all the other minsters in this cabinet. Why do we need a minster, a ministry and all these offices and staff for electricity, if Kurdistan never has minimum power supply ؟

Even stranger than this: Why do we need a minister for industry with all his entourage, if we export everything from abroad and cannot even produce shoes locally? Why do we need a minister and ministry of agriculture, when even basic vegetable is imported from Iran and

other countries? I even laugh at Minister of Culture because Kurdish culture now is undergoing a dangerous phase. Don’t judge by all these magazines and translated books. In Kurdistan you can now become a professional translator even without knowing the language you translate from!

Then why do we need Minister of Peshmarga when the Turks roam and bomb around in the country as they wish, and [Kurdish authorities] are too cowardly even to report what is happening!

Here I cannot talk about all the 40 ministries. I come back to my point: a Minster for Morality! This ministry should have become the most important one in the cabinet with the remit to supervise all other ministries and government activities: culture, peshmarga, people’s living conditions, the conduct of officials, living conditions of young people, freedom of expression, women’s rights, dealing with neighbours, etc . This is the most important task because all these aspects of life in Kurdistan, under the rule of ‘Kurdistan regional government’ and the ignorance and incompetence of officials, have been afflicted with great immorality and anarchy and lawlessness have been embedded so powerfully that some of these aspects need tens of years to improve .

I know when we talk about morality, 99 per cent of the officials [in Kurdistan region] just think of a piece of flesh and their black-painted moustaches smile with joy, because this is what has become their sole vocation and this is their only understanding of morality! That is why I used the word ‘Akhlaq’ (morality) in Arabic because some of them do not know whether [the Kurdish word for morality] ‘rawsht’





is a Kurdish or a Hebrew word. But here I use the word ‘morality’ in its philosophical sense and believe that establishing a department for morality in every ministry to make the officials understand the meaning of morality, is a very important task. For the issue of morality has nothing to do with the piece of flesh our officials understand so well!

KurdishMedia.com - By Dr Kamal Mirawdeli
20/02/2008 00:00:00

# زۆربەی بەرتەکەکان[1] بۆ کوشتنی ئەییوب دڕندانە بوون![2]

**لاهای - هۆڵندا**

2008-02-21

ئەگەرچی من نامەوێت لەهەموو دیزەیەکدا ئەسوێ بم و لەهەموو بوویەرێکدا کاتی خوێنەرانم بگرم و ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکان بە وتار دابگرمەوە! بەڵام لەمەیاندا دەمەوێت شتێك بڵێم کە زۆر لە کوشتنی ئەیوبی منداڵ کارەساتاویترە.

منیش وەك تۆ بەبینینی وێنەکانی دوعا و ئەییوب و هیی تریش کە لە پاشەڕۆژدا ڕوودەدەن دڵگران دەبم! بەڵام ئەوەی من هەمیشە بیری لێدەکەمەوە چارەسەرە. چونکە ئەگەر چارەسەری کێشەکان نەکرێن هەڵبەت لە پاشەڕۆژدا هی لەوانەی کە ڕوویانداوە زۆر خراپتریش ڕوودەدەن.

پاش بیستنی کوڕژانی ئەو منداڵەی کە ناوی ئەییوبە لەلایەن باوك و باوەژنەکەیەوە بەهۆی هەواڵێك کە کاك نامیق هەورامی بڵاویکردبووەوە لە ماڵپەڕی کوردستان نێتدا, زۆر دڵگران بووم. چونکە ئەو منداڵە هەر

[1] رد الفعل

[2] ماڵپەڕی کوردستان نێت 24-02-2008.

ڕۆژنامەی میدیا ژمارە 328ی ڕۆژی 26-02-2008, لاپەڕە 8.





بەکارەسات ژیانی دەستیپێکردووە لەبەرئەوەی ناویان ناوە ئەییوب لەجیاتیی ئەو هەموو ناوە کوردییانە!. بەڵام ئەوەی زۆرتر دڵگرانیی کردم نووسینی ئەو هەموو کۆمێنتە خوێناویی و زولفەقارییانە بوو کە خوێنەرانی ئەو هەواڵە لە پەراوێزەکەدا نووسیبوویان و نزیکەی 150 دانەیەك دەبێت.

ئەمە کورتەیەکی هەرە کورتی ئەو کۆمێنتە خوێناوییانەیە:

- سزای مردن بۆ بکوژان.
- دەبێت لەهەمان جێگای ئەییوب بیانبەستنەوە و نانیان نەدەنێ تاوەکو دەمرن.
- حاشا لە کوردایەتی, شەرم دەکەم کە کوردم.
- کوردستان جەنگەڵستانە و زۆر قسەی تری نێگەتیڤ بەرامبەر وڵات.
- دەبێت باوکی ئەییوب تادەمرێت بەجگەرە گیانی داخ بکەیت.
- توندترین سزا تاوەکو ببنە عیبرەتی زەمانە.
- منداڵی هار ئاوای لێبکەی باشترە! (ئێمە لە نوکتەشدا هێڵی سوور دەپەڕێنین!)
- دایك و باوکی لەبەر قەڵا! بکرێن بەداردا. وەکو ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیکات!.

- دەبێت بەدوای ئوتومبیلدا رابکێشرێن و لەسەر جادە ببەسترێنەوە تاوەکو لەبەرسا دەمرن و خەڵك بەردبارانیان بکەن..

هەرچۆنێك بێت تاوەکو کۆمێنێکی رێکوپێك دەخوێنیتەوە دە دانە لەم هەڕەشە خوێناوییانە دەخوێنیتەوە کە هیچی لێ شین نابێت و تەنها کردەوەکانی ئوسامەی کوڕی لادن و زولفەقارییەکانمان بیردەخاتەوە.

منیش داوای سزادانی ئەو باوك و دایکە دەکەم بەڵام نەك بەو شێوە ئیسلامییەی کە ئەوانە داوایدەکەن. نەبێت بە قسەکەی مام جەلال! لەکاتی لەسێدارەدانی سەددامدا, سزای لەسێدارەدان و کوشتنی ئەو باوك و دایکە هیچ چارەسەرێکی ئەو کێشەیە ناکات, بەڵکو ئاڵۆزتری دەکات. دەبێت هۆیەکانی ئەو کارەساتە دەستنیشان بکرێت و پێش سزادانی باوك و دایکی ئەییوب دەبێت دەستەڵات بەرەورپوو بکرێتەوە و بکرێتە یەکەمین لێپرسراوی ئەو کارەساتە کۆمەڵایەتییانە. چونکە تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیی کوردستان و نەمانی رەوشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا سیستەمی بەڕێوەبەر لێی بەرپرسیارە کە خۆی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێراقدا دەبینێتەوە.

باوك و باوەژنی ئەییوب دەسکەگوڵی دەستی ئەو سیستەمە دوواکەوتووەن.





باوەژنی ئەییوب ئەو سیستەمە دوواکەوتووە وەکو دووەمین ژنی باوکی ئەییوب بۆ باوکی ئەییوبی دەستەبەرکردووە.

ناوی ئەییوب ئەو سیستەمە دوواکەوتووە رێگەی بە فەرمانگەی ناونووسینی هەولێر داوە تاوەکو ببێتە پێناسی ئەو منداڵە کوردە.

تەمەنی کورتی ئەییوبیش ئەو سیستەمە دوواکەوتووە زۆرتر بەرپرسیارێتی تاوەکو دایك و باوکی.

ئەییوب ئەو منداڵە کوردەیە کە ئەو سیستەمە دوواکەوتووە پێش لەدایکبوونی ! نەخشەی ئەو پاشەڕۆژە خەمناکەی بۆ دارشت.

ئەوانەشی کە ئەو کۆمێنتارە خوێناوییانە دەنووسن, قوربانیی دەستی ئەو سیستەمە دوواکەوتووەن و ئەوەندەی تر بە لێڕەواری دوواکەوتنماندا دەبەن و هۆکارەکانی ئەو کارەساتانەمان لێ وندەکەن..

---

ئەو کۆمێنتانەی کەلەسەر ئەم وتارە لەسەر ماڵپەری کوردستان نێت نووسران:

**.2** halwest2@gmail.com | 2008 -02-25 - 22:45

ده ست خۆش کاک باخه وا ن، زۆر ڕاسته براکه م تاکه تاکه ی
مرۆڤه کانی ئه م ده ڤه ره قوربانی ئه و سیستمه قۆڕه ن که تا
ئێستاش هه ر به رده وامه له کوردستان، ئه و سیستمه ی که هه
زاران ئه یوب و دوعای کردۆته قوربانی،ئه وه ی ئه م کۆمێنتانه شی
نوسیوه هه ر قوربانی ده ستی ئه م سیستمه یه و هه ر ئه مانه
شن که ئه م رووداوانه یان له ده ست دێت....
هیوا م سه رکه وتن و به رده وامیته

**.1** شه ما ڵ | 2008 -02-25 - 14:16

کا که ها وڕێ قسه کا نت قسه ی کتێبن ئه ی بێ گوما ن خه ڵکی ڕه ئی وایه ئه وانه سزا بدرێن به ڵا م دیا ره تۆ له جیها نێکی تره وه ها تویت .





# زمانی وێنه - کچه ئەتککراوەکانی خورماڵ[1]

لاهای – هۆڵندا
2008-03-04



ئەو وێنەیەی سەرەوە نه قوتابخانەیەکی شاری قومی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە, نه قوتابخانەیەکی شاری کابولی ئەفگانستانە و نه قوتابخانەیەکی ئیسلامیی یەکێك لە شارە دوواکەوتووەکانی کەربەلا و نەجەفە! بەڵکو قوتابخانەیەکی شارۆچکەی خورماڵ و قوتابییەکانیشی کۆمەڵێك کچی ئەتککراوی کوردن!.

[1] کوردستان نێت – 2008-03-05

بابوباپیری ئەمانە لە پێش ڕاپەڕیندا هەزارویەك کەرەت چەرمەسەریی شمشێری لماوی و تۆپباران و بۆردومانی کیمیاوی و ڕاگواستنیان بەخۆیانەوە دیوە. پاش ڕاپەڕینیش بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بوونە نێچیرێکی هاسانی پارتە ئیسلامییە دوواکەوتووەکان و ئنجا هەربەهۆی شەڕی ناوخۆ و لاوازیی ئەوەی پێی دەگووترا حکومەتی سلێمانی بوونە ژێردەستەی ئەنسارولئیسلامی تیرۆریست. بەکوتییەکەی ئەمانە یەکێکن لە گەورەترین قوربانییەکانی هەموو دوواکەوتن و داگیرکاری و نەزانییەکانی خۆمان.

پاش ئەوەی چاوشینە لەدوورەوەهاتووەکان ئەنسارولئیسلامی لێ دوورخستنەوە, وەنەبێت بەرنامەیەکی نەخشەبۆکێشراوی نەتەوەییانەمان بۆ ئەو قوربانییانە هەبێت! بەڵکو پێشتر چۆن بوو, ئێستا خراپترە! بڕواننە سەرپۆشە ڕەشەکانی ئەو ئەتککراوانە! بڕواننە دەموچاوی خەمگینیان! خۆ باسی ئەوەیان ناکەم کە بەبێ دوودڵی 99٪یان خەتەنەکراون و هەندێکیان هێشتا ئەو ئازارەیان پێوەماوە و کاریشی کردووەتەسەر بیرکردنەوە و تەنانەت ڕۆیشتنیشیان.

ئەمانە هێشتا ئەو ژیانەشیان پێ ڕەوانەبینرا و کۆمەڵێك مامۆستای دروستکراوی دەستی ئەم سیستەمە سەقەتەی کوردستان جارێکی تر ئەتکیانکردنەوە و سەروگوێلاکیان بەبیانووی پرچبەردانەوە و بێ ئایینی هەڵپاچین...

ئەگەرچی ڕۆژانی ڕابردوو زۆر سۆراخی هێرشەکەی تورك و بێدەنگی و نەزانیی سەرانی باشوور بووم, بەڵام لەسەرێکیشەوە هەر مێشکم لای



وشە پەرتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

ئەو کچە ئەتککراوانەی خورماڵ بوو و چونکە ئەو تراژیدیایە زۆر لەوەی هێرشەکەی تورك بەگەورەتر دەزانم...

تورك هات و پاشەکشەی کرد... بەڵام کچانی ئەتککراوی خورماڵ هەر بەئەتککراوی مانەوە. ئەوانە دەبنە دایکی نەوەی نوێمان, ئەوانە ئێستاش هەربە ئەتککراوی لەقوتابخانەکانیاندا وانەی بەدر و ئوحود دەخوێنن!. دەستەڵاتی نەزانیش لەباتی هەموو پێشگیرییەك بۆ ئەو ئەتککردنە مامۆستاکانیانی دوورخستەوە, بەبێ ئەوەی لەخۆیان بپرسن چ سیستەمێك ئەو مامۆستایانەی دروستکردووە و هەڵەکە لە کوێدایە!.... دیارە دوورخستنەوەی ئەو مامۆستایانە کێشەکە چارەسەرناکات..

ئەتککردنی ئەو کچانە لەباری پراکتیکەوە بەدەستی ئەو مامۆستایانە بوو کەوەك ڕۆبۆت وابوون! بەڵام لەڕاستیدا ئەتککەری ڕاستینەیان ئەو سیستەمە دوواکەوتووە خۆبژێنە نانەتەوەییەیە کە جگە لە ورگ و گیرفان و شەوگەردی تاوەکو ئێستا هیچی نەکردووە کە پێمانەوە دیاربێت... کۆمەڵگەش چیی بەسەردێت و منداڵانیشمان چۆن پەروەردە دەبن بەهیچ جۆرێك کێشەی ئەوان نەبووە و نییە..

بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە کەسێك بەناوی جەنگی حەسەن لە بەریتانیاوە وتارێکی بەناونیشانی (کچە هەتککراوەکان.. یان چاونەشمیلەکانی خورماڵ؟! وەڵام بۆ کاك هاوڕێ باخەوان) لە کوردستان نێتدا لە ڕۆژی 06-03-2008 بڵاوکردەوە. وەڵامەکەی وەڵامێکی ئیسلامی و خەڵکانێکی زۆریش کۆمێنتیان لەسەر نووسیبوو.

**لەگەڵ سوپاس بۆ ئەو هاوبیرانەی لە کۆمێنتەکانیاندا لەبەرگریی نووسینەکەی مندا وەڵامی کاك جەنگییان.**

**ئەو کۆمێنتانەی کەلەسەر ئەم وتارە لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت نووسران:**

---

**.10** عثمان خالد - هولندا | 06-03- 2008 - 14:38

بەلی بوچانەکانت زۆر راستە ، ئیمە پیوستمان بە سیستیمیکی مۆدیرن هەیە بۆ گۆرینی ژیانمان بە عەقلیکی رونترەوە ، بۆ ئەوەی بتوانین سیستیمیکی مۆدیرن بەکار بهینین پیوستمان بە ولاتیکی سەربەخۆ هەیە ، لەگەل سوپاسی مندا ، هەر سەرکەوتو بیت .

**.9** کوردە | 06-03- 2008 - 09:48

دەستەکان خۆش بێت ، گرنگ نیە خوێنەر چۆن بیر ئەکاتەوە ، ئەوەی تۆ نوسیوتە ، خەم خواردن و دڵسۆزییە بۆ کچی کوردان و نەتەوەکەت ، ئەمەش جێی سەربەرزییە ، چونکە ئیمڕۆ بەدەگمەن بەهرەی خۆشەویستی بۆ کوردستان هەیە لە ناو تاکی کوردا ، هەر یەکە بیر لە خۆی ئەکاتەوە چۆن دەستکەوتێکی هەبێت لای لایەنێك چی ئیسلامی بێت ،دوژمنی کورد بێت ،یان پارتی و یەکێتی ، ئەوەی خەمخۆری کورد بێت هێرش ئەکرێتە سەری ، سەرکەوتوو بیت و جێی شانازی ئێمەیت ، ڕێزی تۆ لای من زۆرە

**.8** زاهیر توفیق/مالمۆ /سوی ... | 05-03- 2008 - 23:16

هەرکەسێک ئەم هەواڵە بلاوبکاتەوە یان بیروڕای خۆی لەسەر بنوسێت ئەتوانێت بە ئارەزووی خۆی و لەروانگەو گۆشەنیگای خۆیەوە بۆ هەرمەبەستێک بێت چی بوێت بینوسێت ، بۆ نمونە ئەگەر ئەوکەسە سەر بەگروپە ئیسلامییەکان بێت ئەوا ئەلێت ئەو کجانە سزای خۆیان وەرگرتووە چونکە پەرچەمیان لێ بەرداوەتەوە و خەریک بووە بکەونە سەر خەتی ئەشق و ئەڤینی ،وە کۆمەنیستێکیش بینوسییایە نەفرەتی لەئیسلام و ئەرەب ئەکرد ، وە ئەگەر کەسێکیی دل رەش و دژ بەپارتی و یەکێتی بینوسیایە ئەوا





هێرشێکی بێ پەردەی ئەکردە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وە ئەگەر کەسێکی ناحالی سەر بە یەکێتی یان پارتی بینوسیایە ئەوا ئەبوو دوای بلاوبونەوەی هەوالەکە شەری ناوخۆ دەستی پێبکردایەتەوە هەر لە گردی گۆوە تا کلاوقاسم و بنەسلاوە تا هەولێر . ببینن کاکە هاورێ باخەوان چۆن لەسەر هەوالەکەی نووسیوە و بەدلنیاییەوەئە
لێت 99%ی کچانی رەشپۆشی ناو وێنەکە خەتەنە کراون ، وە کاکە شڤان خورمالی لەشوێنێکی کەی [ک.ن] دا نووسیویەتی و ئەلێت 25 لەکۆی30 کچی ئەتک کراو سەر بە پارتین ، وە ئەگەر ئەم رێژەیە وەرگرین و راست بێت کەواتە رەوشێ پارتیمان لەو شارۆچکە چەپەک و سنورییەدا روولە باشییە . وە دەستەی هەور .... هەر لە [ک.ن] دا نووسیویەتی و داوایکردووە کە سزای نارەوای ئەو 4 مامۆستایە نەدرێت . ئەپرسم ئایا ئەو وێنە ی کچە قوتابیە روشپۆشانە هی ئێستایە یان هی پێش سالی2003 یە، ئەگەر نوێ بێت ئەوا ئەلێم کەواتە کارەساتە لەوناوچەیە و وەزارەتی پەروەردە ئێوارەتان باش .لە کۆتایی ئەلێم نەک هەر ئەم روداوە بەلکو سەدان رووداوی چەپەلی تر پێویستی بە لێکۆلینەوە و بەدواداچون و لێپێچینەوەی وورد هەیە. نازانم چۆن لە 8 ی مارس دا پیرۆزبایی لە ئافرەتانی کوردستان بکەین . زاهیر توفیق/ مالمۆ / سوید .

**.7** arian | 05-03- 2008 - 18:00

ببورە ئە زیز جە نابت شە لم کویرم نا باریزم بە لامار مە یە بە ریزت لە راستی روداوە کان(کە شکە ك سلاوات)

**.6** ماریا | 05-03- 2008 - 15:39

دیارە هە مومان نیکە رانین بە م روداوە ناشارستانیە راستە لە ئە نجامی شە رو بیلانی دووحیزبی حوکمرانی کوردستان کومە لیك بە ناو ئیسلام ئە ناوجە یە ی بە رە وسە ردە می نە زانی و دواکە وتویی کە راندە وە بە لام بابپرسین کام ماموستان بە م کارە دوور لە هە مو ماناکانی مافی مروف وئازادی و دیموکراسی هە ستاون ئە وانە ئە ندامی ئە وحیزبانە نکە بانکە شە ی عیلمانیە ت دە کە ن بانکە شە ی ئازادی و مافی ئافرە ت دە کە ن لومە و کازندە ئاراستە ی ئە وماموستا داماوانە مە کە ن کە مبین دزی ئە وحیزبانە بیکبهینن کە ئە ندامە کانیان ئاراسە یباشو شارستانی ناکە ن ئە

وحیزبانە ی وە ك حیزبی بە عس تە نها تزکیە ی حیزبی مە بە
ستیە تی بو دامە زرادن و توقاندنی ئە ندامە کانی بە برینی فورمی
خوراك ئە کە ردە نك بە غە یری خویان بدە نئیتر دوای ئە ودووکارە
هیچ خویان ناکە نبە خاوە نیان ئە بی ئیستا کومیتە وناوجە کە یان
سزا بدرین جونکە ئە ماموستایانە بە روە ردە ی ئە وانن تکایە
راسیە کان مە شیوینن

**5.** rawyar ali | 2008-03-05 - 15:23

sllaw kak bakhawani barez...dast xosh bo babatakat..ballam wabe zanyaryakant hallan..awai prchi aw qutabyanai pem yakyati nishtmani kurdistann nak briwa 4 andami rekxstni ..gashtooi....supas islami ka barezt wa te
Rawyar Ali- xurmal

**4.** asan | 2008-03-05 - 13:30

ئەوە لەبەر بێ کارەبایی و هەژاریە رەنگ زەردن . هەقە نوسەرانی خۆرماڵ قسە لەسەر ئەم رووداوە بکەن.

**3.** ئاوارە | 2008-03-05 - 07:02

لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەتم، ئەوەندەی کە لەسەرت نووسیوە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت. لەوەدا دەست خۆشیت لێدەکەم. بەڵام لەگەڵ شێوازی نووسینەکەت نیم لە چوار چێوەی ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەوان تێیدا دەژین!!.
من وای بۆ دەچم پەلەت کردبێت لەو نووسینە!! یان لەوەیە مەرامێکی ترت هەبووبێت و ووات بەباشتر زانیبێت کە بەو شێوازە بینووسی تاکوو زیاتر مەبەستی تۆ بپێکێت. بە بێ ئەوەی بیر بکەیەوە ئاخۆ نووسینەکەت تاکو چ ڕادەیەک زەرەروو قازانجی بۆ ئەو کەسانە هەیە کە بابەتەکەت لەسەریان نووسیوە!!

هیوادارم لەمەبەستم گەیشتبی.
.





**2.** goran | 2008-03-05 - 03:30

كاك ها ورى با خة وا ن من نا زا نم جة نا بت دة تة وي خؤ ل بكة
يتة جا وي خو ينة رة وة ئةم كيشة ية دوو روو نزيك بة يوة ندي بة
ئيسلا مىية كا نة وةنيية ئة وا نة ئةكا رة شيان كردوة سة ر بة
حيزبي دة سة لات دا رن و جة نا بيشت با ش دة زا ني بة لام نا تة
وي را ستيية كا ن بليت وة بة دريزا ي حو كمي ئسلا مىية كا نيش
كا رى كى وا ما ن نة بيستوة بؤ ية هيوا دا رم تفة نك بة تا ريكيية وة
نة نييت

**1.** سامان کەرکوکی لەن ... | 2008-03-05 - 02:02

بەڕێز کاك هاورێ:
سەرنجەکانت زۆر جوان و ڕاستن ، بەڵام ئەم چەپەڵانەی حوکمی کوردستان دەکەن ئایا ئەوە مەسەلەیەکی گرنگ و چارەنووسسازە بۆ ئەوان.....لێرەوە ڕووی دەمم لە هەموو ڕێکخراوە بە ناو (ژنان )و (ئافرەتان ) دەکەم ئەگەر ئێوە بە ڕاستی نوێنەری توێژەکەی خۆتان و دەسکەلایەکی زەلیلی حیزبەکان نین هەڵوێستتان چییە لەم تاوانە یان ئێوەش وەکو ڕێکخراوەکەی مەنال ئالوسی (اتحاد نسا، العراق) هەر خەریکی دزی و چەپڵە لێدان و وەکو ئەرکێکی "شۆڕشگێڕی" هەندێ جار چاوێکتان لە مەسئوولەکانە بۆ دۆزینەوەی کچی جوان...

له ماڵپەڕی کوردستان نێتدا ئەم دژە وتارەی لەسەر بڵاوکرایەوە:

**کچە هەتککراوەکان ... یان چاو نەشمیلەکانی خورماڵ؟!**
**وەڵام بۆ کاک هاورێ باخەوان**

**جەنگی حەسەن/ بەریتانیا**
**March 6, 2008, 00:05:00**

چۆنیەتی بیر کردنەوەو پۆشینی جل و بەرگ و چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیانی خود بەشێکن لە ئازادیە تاکە کەسیەکانی مرۆڤ و

کەسێکی تر ناتوانێت زەوتیان بکات. ئەو مامۆستا بەڕێزانەش هەڵەیان کردووە بەوەی پرچی ئەو خوێنکارانەیان بڕیوە، هەرچەندە لە وتەکانیاندا دڵسۆزی بەدی دەکریت لەو کارەی ئەنجامیان داوە. بۆیە دەگونجێت ئەو مامۆستایانە سزا بدرێن بە گواستنەوەیان بۆ خوێندنگەی تر، بەڵام دەخوازم فەصل نەکرێن. چونکە سوتاندنی بەرهەمی 16 ساڵ خوێندنی چەند مامۆستایەک لە پای هەڵەیەکدا بڕیارێکی تەواو نادادگەرانەیە، لەکاتێکدا ڕۆژانە هەموومان شایەتی هەڵەی زۆرلەوە گەورەترین، بەڵام کەممان هەستیان پێ دەکەین! نامەوێت زیاتر لەو مەسەلە بدوێم، هەروەک زیادی لەسەر وتراو نوسرا. بەلام دەمەوێت شیکارو ڕەخنەی بابەتێکی کاک هاوڕی باخەوان بکەم کە لەژێر ناونیشانی "زمانی وێنە - کچە ئەتککراوەکانی خورماڵ" نوسیویەتی .

دوای ئەوەی کاک هاوڕی بەبەتی " نەفرەت لە کۆمۆنیزم" ی بڵاو کردەوە زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی کوردێک پەندی لە کوشتن و بڕین و خوێن ڕێژی کۆمۆنیزم وەرگرتووە و بە عەقڵێکی مرۆف دۆستانە بیر دەکاتەوە... بەڵام بەم بابەتەی هەموو بۆچوونەکانی ڕەت کردەوە... هەر لەسەرەتای بآبەتەکەتەوە ئیهانە بە کچانی خورماڵ دەکات و بە " هەتک کراو" لەقەڵەمیان دەدات! هەروەک نوسیویەتی:" بەڵکو قوتابخانەیەکی شارۆچکەی خورماڵە و قوتابییەکانیشی کۆمەڵێك کچی ئەتککراوی کوردن!." بە داخەوە بۆئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، بە چ عەقڵێک کچانی دەڤەرێک بە هەتککراو وەسف دەکەیت؟ ئەمە سوکایەتیەو ئەوەندە بەسە بۆ بەدادگا گەیاندنت، خۆشت دەبێت باش لەکارو باری یاسایی شارەزا بیت بە و پێودانگەی کراوی بە نوێنەری دادگا لە وڵاتان!

نوسیوتە: "...جارێکی تر ئەتکیانکردنەوە و سەروگوێلاکیان بەبیانووی پرچبەردانەوە و بێ ئایینی هەڵپاچین..." ئەگەر یەکێک لەو چوار مامۆستایە داوای یاساییت لەسەر تۆمار بکات بەوەی تۆمەتی بێ بنەما دەدەیتە پاڵیان، لە کاتێکدا خۆیان کەسانی ئایینی نین، ئایا وەڵامت چی دەبێت بۆ قسە بێ بنەماکانت؟! ئەوەندە بەسە بۆ پووچ کردنەوەی قسەکانت کە ئەو مامۆستایانە کەسانی ئایینی نین، تیایاندایە سافیرەیە، ئیدی "بیانووی بێ ئایینی" تۆمەتێکی بێ بنەمایە.

من لە خانەوادەیەکم هیچ کام لە ئەندامانی خێزانەکەم حیجاب نیە، تەنانەت دایکیشم کە تەمەنی نزیکەی 60 ساڵە، حیجاب نیە. بەڵام هەر مرۆڤێک ئازادە لەوەی حیجاب دەپۆشێت یان نا. منیش





تەحەددای تۆش و هەر کەسێکی تریش دەکەم کە هەر کچێکی چاو نەشمیل لەو کچانە کە لە وێنەکەدا بڵاو کراونەتەوە، لەژێر هێزدا لەچکی لەسەر کردبێت. مەبەستم ئەو وێنەیەیە کە نازانم بە چ بڕگەیەکی یاسایی و بەکام دەسەڵاتی یاسایی لە تۆڕی ئینتەرنێت دا بڵاوی دەکەیتەوە؟ مەگەر نازانیت کارێکی نایاساییت کردووە بەوەی وێنەی کچی خەڵکت بڵاو کردووەتەوە؟ هەڵوێستت چی دەبێت ئەگەر من وێنەی خوشکێکت لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاو بکەمەوەو لەسەری بنوسم کچە هەتککراوەکە؟! (لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو کچێکی کورد(

تۆکە ماڵت لە هێللانە جاڵجاڵۆکەیە، بەرد لە پەنچەرەی خەلکی مەگرە! باسی خوێندنگەیەکی شاری قومی ئیرانت کردووە. هەموو ثەقافەتی تۆ ئەوەیە کچی کورد بەهەتتکراو وەسفی بکەیت ئیتر گاڵتەی چی بە ئێران دەکەیت؟! تا ساڵی 2009 دا کەشتی ئاسمانی ئێرانی بەناوی Omed Space Satellite)) بەرەو فەزا بەڕێدەکەوێت، دوای چەند ساڵێکیتر چەکی ئەتۆی ئیرانی دواقۆناغی تەواو دەبێت! ئیتر حەقی چی بەخۆت دەدیت گاڵتە بەخوێندنگەی ئیرانی بکەیت؟!

گاڵتە بە خوێنگاکانی شاری نەجەف و کەر بەلا دەکەیت؟! بە خوێندنگا دواکەوتووەکان نوایاندەبەیت؟! من خوێنکاری زانکۆی (مێرسی سايد)م لەبەریتانیا لە کۆی 20000 خوێنکار تەنها من کوردم، لەکاتێکدا دەیان خوێنکاری ماستەرو دکتۆرا، لە بوارەکانی:
( (Medical Engineering, Mechanical Engineering, Electronic Engineering
لەهەمان زانکۆ دەخوێنن هەموویان خەڵکی نەجەف و کەربەلا و دیوانیەن!

پێم سەیرە تۆ لە هۆڵەندە دەژیت و بەلای کەمەوە ئەوە فێرنەبوویت هەر مرۆڤێک ئازادە چۆن ژیان پیادە دەکات، بە مەرجێک ئازادی ئەم لەسەر حسابی ئازادی کەسێکی تر نەبێت. هەرچەند من لەگەڵ ئەوەدانیم کچان بە زۆر خەتەنە بکرێن، بەڵام ئەوە کەی کێشەی تۆیە 99% کچانی خورماڵ خەتەنە کراون یان نا؟! ئەگەر ڕاست دەکەیت لەخەمی نەوەی نوێدایت، ئە وا پرۆفیسۆرێکی وەک دکتۆر عەلی قەرەداغی ، لەمەوەی 15 ساڵی ڕابردوو تا ئێستا یارمەتی بۆ دەیان هەزار مناڵی بێ باوک کۆکردووەتەوەو مانگانە دەیبەخشێت پیان، تۆش باغیرەت بتگرێ، تەنها یارمەتی 10 مناڵی بێباوکی خورماڵ بدە مانگانە، نەک 10000 مناڵ، ئەو کات ڕاستگۆییت

دەردەکەوێت. بەڵام کورد وتەنی؛ قسەی زل فەقیرە هەموو کەس پێی دەوێرێت !

بەردەوامیت لە سوکایەتیەکانت بەرامبەر بە کچانی خورماڵ و نووسیەتە:" ئەوانە ئێستاش هەربە ئەتککراوی لەقوتابخانەکانیاندا وانەی بەدر و ئوحود دەخوێنن!" باش بزانە من لە خانەوادەیەک پەروەردە بووم دایکم لە 50 سالێدا کە نوێژی نەدەکرد، پێی دەوتم:" کوڕم تا پیر دەبیت هەرگیز نوێژ نەکەت، نوێژ کاری پیرەکانە!" باوکیشم دەیوت:" هەرگیز ئەهلی نوێژو مزگەوت مەبە، ئەوە پیشەی هەژارەکانە" بەڵام ئەوە بە کەم و کورتی عەقڵ دەزانم، سوکایەتی بە بەدرو ئوحود بکرێت. بەدرو ئوحود دوو جەنگ نین نمایشی شمشیر و خوێنمان بۆ بکەن ئیمەش تەماشاچی بین. بەدرو ئوحود مەیدانی یەکلایی کە رەوەی دوو هێزن؛ هێزی مرۆڤ دۆستی و هێزی شەڕ خوازی، هێزی هەنگاو بەرەو پێشەوەو هێزی مل نەدان بۆ گۆڕانی ئیجابی. لەلای من بەدرو ئوحود پارسەنگی مرۆڤایەتیان گۆڕی لە جەهلە وە بۆ عیلم، لە زوڵمەوە بۆ دادگەری، لە تاریکیەوە بۆ ڕووناکی، لە هێزی کپ کردنەوەی دەنگی گەلەوە بەدەست چەند فەرمانڕەوایەک بۆ هەڵبڕینی دەنگی ناخە پەنگخواردووەکان، بیستی دەنگە فەرامۆشکراوەکان ....

لە قسەکانت دا پێمان دەڵێیت:"ئەتککردنی ئەو کچانە لەباری پراکتیکەوە بەدەستی ئەو مامۆستایانە بوو کەوەك رۆبۆت وابوون!" لەلام سەیرە چەندین ساڵ مامۆستایانی بەڕێز بە موچەی 200 دینار مانگانە وانەیان وتەوە، ئەگەر میوەفرۆشیان کردبایە بۆ هەر ڕۆژێک 100 دینار دەکەوتن... ئەمە چیە ئەم نهێنیە کەوا بەهەژاری و لە ژێر باری قورسی گەمارۆی ئابوری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئەم مامۆستایانە سەنگەری خویندنیان چۆڵ نەکرد؟ مەگەر هەر دڵسۆزیان نیە بۆ پیشەی مامۆستایی؟ بۆ ئەو بەناو ڕۆشنبیرانەی ئەمڕۆ دەنوسن جورئەتیان نەبووە تا ئیستا بۆ جارێکیش بیت بە نوسینێک سوپاسی ئەرک وماندوبوونی بێ بەرمبەری مامۆستایان بکەن، کەچی ئەمڕۆ بەڕاست و بەچەپ بەر بوونەتە گیانی مامۆستا، هەروەک بەڕێزت بە "ڕۆبۆت" ناویان دەبەیت؟! ئایا بەڕێزتان یەکەم وانەی خوێندن لە سەردەستی مامۆستایەکی هاوشێوە فێر نەبوویت؟ ئەمەیە وەفاو ڕێزت بۆ مامۆستا؟! تۆ لەکوێ و شمشیر بەدەستەکەی بیابانی لماوی لە کوێ، کە لە وتە ئاڵتوونیەکەیدا دەڵێت: " من علمنی حرفا ملکنی عبدا".





تکایە بائەوەندەش دۆگما نەبین، لەژێر پۆستاڵی جەندەرمەی کەمالیزم و لە ژێر کیمیاباران و لە تاو ئازاری ئەنفالدا بەدەستی بەعسی ئیشتیراکی، هیچ لەدەست نەهاتووانە، پەلاماری شمشیر بدەینەوە و نەفرەتی لێ بکەین. باباش بزابین ئەو شمشێرە کە بێ بەریە لەوەی دژ بە کورد کراوەو دەکرێت، شمشێرە لە پیناو ئاشتیدا. هەر وەک جۆرج بوش ووتی:" ئیمە جەنگ لە پێناو ئاشتیدا دەکەین"، بەڵام جیاوازیان لەوەدایە کە شمشێرەکەی ئیسلام بەحەقیقەت سەلمانوویەتی کە لەپێناو ئاشتیدایە، بەڵام بوش نەیتوانیوەو ناشتوانێ ئاشتیەکەی بیسەلمێنێت.

من هەمیشە گوی بۆ ووتەو نوسراوی ڕۆشنبیرە ڕۆژئاواییە کان دەگرم، چونکە ڕاستگۆن. لەوانەش جیۆرج دو لاسی ئیڤانس، جەنەڕاڵ لە سوپای بەریتانی لەسەدەی نۆزدەدا کە دواتر بۆ ماوەی 30 ساڵ ئە ندامی پەرلەمانی بەریتانی بوو، ووتوویەتی:" .... ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاو بووەتەوەو سەپێنراوە بەسەر گەلە فەتح کراوەکاندا یەکێکە لەو خورافە بێ بنەمایە توندڕەوانەی کە تا ئێستاش مێژونووسان دوبارەی دەکەنەوە." (ڕوانە The Sword of Islamلاپەڕە 7 ).

بەڵێ دو لاسی ئیڤانس ڕاستگۆبوو کە تا سەدەی 19 ش هەندێ لە مێژوونووسان ئەم خورافە بێ بنەمایەیان دووبارەکردووەتەوە، ئەمڕۆش لەسەدەی 21 دا، کەسانێک هەن هەمان خورافە و بێ بەڵگە دووبارەو دەبارە دەکەنەوە، تەنانەت ئەگەر باسەکە ئەوەش هەڵنەگرێ و باس لە شتێکی تر بکات !

کوردستان نیت 2008-03-06

**ئەم کۆمێنتانەش لەسەر ئەم دژە وتارە نووسران:**

**10.** دڵشاد | 07-03- 2008 - 13:01

ئافەرم کاک جەنگی..بەڕاستی خوێندکارێکی خوێنەواری کوردی..تۆی برادەری نەجەفی و کەربەلایی وعەرەبەکان..تۆی

سەرسام بە جمهوری ئیسلامی ومانگە دەستکردەکەی..
گوناحەدوای تەواو بونی خوێندنەکەت،نەکر
یتە سەفیری ژیانەوەی ئیسلام گەری لە نێوان
جمهوری ئیسلامی و کەربەلاو نەجەفدا ..تۆ بەم نوسینەت لەسەر
کاک هاوڕی کە هەر بەقەد تۆ دەیناسم..دەستی خۆت و بیری خۆت
خستە روو.بەڕاستی تۆ زۆر سیاسیت..من پرسەارێکم هەیە لە
بەڕێزتان،،فاتحە کان ئیسلامە عەرەبەکانی کە خاکەکەی تۆیان
داگیر کردو نوێژی عەرەبییان فێری نەنک و باپەری تۆکرد..شمشێری
وشکیان خستەوە نێوکێلان یان شمشیری تەڕی خوێناوی..؟..پێم
ناڵێی (عەباعوبەیدەی جەڕاح) لە عەبابەیلێ ی لای
هەڵەبجەوە چی ئەکات لەوێ کەوتوە..کوردی کوشتوە یان
نا..؟هەزاران وەک ئەو کە کوردی داماوبە حسابی ئەسحابە دەچنە
زیارەتی شمشێری وشکیان نەکردۆتەوە بەکێلانا..تۆ باسی چی
دەکەی کوڕم..چی لە مێژوو دەزانێ..هەزارانی وەک تۆ کە
دکتۆراشیان هە یە دەشێ و دەکرێن بە شاگرد بۆ نمونە تۆ خۆتت
نیشان دا کە تامەزرۆی شاگردێکی ڕەسەنی یەکێکی وەک مەلا
کرێکار بیت..حەز ئەکەم پێت بڵێم نەک کاک هاوڕێ شوانێکی کورد
زۆر لە تۆو شەهادەکە تۆ دڵسۆزترو بەوەفا ترە سود مەند ترە بۆ
کورد..هەزاران شەهادەیوەکی تۆ دەتوانن خزمەت بە جمهوری
ئیسولامی بکەن ..تۆۆ نمونەی وەک تۆ پڕوانەکەم لە گەڵ کورد و
کوردوستانیاندا بگونجێن..ئها وشەش فەقیرە ..هەمو کەسێک پێی
ئەوێرێ ..تۆش

## 9. دارا | 06-03- 2008 - 23:54

ئەوەی گێل نەبێت باش تێ دەگات کە هەمو ئەوانەی خۆیان بە
ئایینی ئیسلامدا هەڵواسیوە تەنها و تەنها بەرژەوەندی خۆیان بەلاوە
گرنگە و نە خوا و نە پێغەمبەرەکەیی و نە قورئانیش ئەو نرخە
گرنگەی نیە لای ئەوان!! گەر بە مێژوی وڵاتانیکی وەك پاکستان و
تورکیای پاشماوەی دەسەڵاتی عوسمانی و ئێران و چەند وڵاتێکی
تری بەناو ئیسلامیدا بچینەوە بە ڕوونی دیارە کە تا چەند ئیسلام و
توندو تیژیەکەی بونەتە داردەستێك بۆ هەر یەك لەو وڵاتانە تاوەکو
نەتەوەپەرستی و دەمارگیریی خۆیانی پێ بسەپێنن.. لە خۆڕا نییە
ڕۆشنفکرەکان و نوخبەی بیرمەندەکانی ئێران مێزەرێکیان کردۆتە
سەر و من و تۆی پێ هەڵدەخەڵەتێنن..





هەروا بە گاڵتە نییە ئەردۆگان و حکومەتەکەی لەچك بەسەر
ئافرەتانی تورکیادا دەبەخشێتەوە لە کاتێکدا تورکیا لە دەروازەی
ئەوروپادا بەرگری لە ئازادیە ئایینی و تاکە کەسیەکانی وڵاتە
ئەوروپیەکان دەکات و بە کردەوەش ئەوروپا بەهێزترین چەک و
جبەخانەی سەربازی خستۆتە ژێر دەستیەوە تاوەکو ئەوروپا لە پەتا
و تیرۆر و توندڕەوی ئایینی بپارێزێت.. نازانم ئەم کوردەی ئێمە کەی
لەم ڕاستیە سادەیە دەگات و ئەوەندەی خەمی خواو پێغەمبەر و
ئایینەکەیەتی نیو ئەوەندەش خەمی نەتەوەکەی دەخوات کە هەر
ڕۆژەی برا موسڵمانێك شەقی تێ هەڵدەدات.. هەتا خومەینی بوو
کورد دوای کلیلی بەهەشتەکەی کەوتبوو.. ئێستاکەش دەبێت
دوای مێزەر بەسەرەکانی تاران و ئیخوان موسلمینی ئەنقەرە و
برایانی مەقەست بەدەستی یەکگرتوو بکەوین!! مەگەر هەر ئەو
خوا بەدەسەڵاتەی ئەوان فریای کورد کەوێت ئەگینا ئەمریکاش
چاری کوردی نەزانی پێ ناکرێت...

## 8. ئامانج | 06-03- 2008 - 16:38

ناکرێت هێمنانە دیالۆگ بکەین؟ کاک دلێر من دژی قسەکانت نییم،
بەلآم خۆزگە بە هێمنی ئەو شتانەت دەردەبڕی، چونکە کاک
جەنگییش ئازادە چی دەنووسێت. من خۆم لەگەڵ ئەوەدا نییم کە
عەرەب و ئیسلام ئەوەندە بێگوناه بە خەڵکی کوردستان
بناسرێندرێن. ئەوانە لەناو ماڵی خۆیان و لەسەردەمی خەلیفەکانی
پێغەمبەردا چەندین شەڕی خۆێناوییان لە دژی یەک کردووە.
هەزارەها منداڵ و ژنی یەکتریان سەرپڕیوە. مێژونووسەکانی خۆیان
وا دەڵێن. باشە بۆچی ئێمە ئەوەندەی عەرەب خۆی ڕاستییەکانی
ئەو مێژووە نەزانین؟ بۆ تەنها لایەنە گەشەکانیان بە تاکی کوردی
بڵێین و ئەوانەی دیکەیان لێ بشارینەوە؟ کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە
بکات، کە ئیسلام سەرەتا بەچاکی کاری کرد و دوایی هەر لە
سەردەمی خەلیفەکان هەمووشتێک شێوا. بۆچی باسی ئەو
شێوان و وێرانکارییە بۆ خوێنەری خۆمان نەکەین؟ بۆچی وەکو
مێژوونووسە ئیسلامییەکان باسی سەروەت و سامانە زۆرەکەیان
نەکەین، هی ئەو ئەسحابانەی سوێند بە گۆڕەکانیان دەخۆین و
ناویان لە منداڵەکانمان دەنێین؟ ناوەکانیشیان زۆربەی هی
سەردەمی جاهیلیین. بۆ نموونە عثمان ماناى تیرە مارە، ئایا بۆ
دەبێت منداڵێکی کورد ئەو ناوەی لێ بێت؟ ئایا موسڵمانەکان هەر
خۆیان عوسمانیان نەکوشت، چونکە زوڵمی کرد و تەنها پارەی کۆ

دەکردەوە؟ هاوڕێیان با ڕاستییەکان لە خۆمان و لە خەڵکی کوردستان نەشارینەوە. ڕێزم بۆ هەمووتان.

**7.** kurdo | 2008 -03-06 - 16:07

دەست خۆشیت لێدەکەم وە سەرکەوتو بیت قسەکانت هەقە بۆیە ڕەقە چەند کەسانێك وەڵامیان نوسیوە با منیش وەڵامیان بەمەوە ئایا ئەوە حکومەتی ئیسلامیە حوکمی کوردستان دەکات یان کۆمەنیستەکانن ئیسلام هات مرۆڤی لە کۆیلەی ڕزگار کرد نەوەك ئێمە بکات بە کۆیلە ..ناشەرەزایەك کە مستەوای نییە وەڵامی بەیتەوە بەڵام بۆ ڕونکردنەوە ئێران بە ئیسلامی دەزانێت نەك ئیسلام نییە بەڵکو دوژمنێکی سەرەکی ئیسلامە لە یەهود خراپترە یەهود زۆر لە ئێران و شیعە باشترن..
بۆ ئەوەی کە ئایەتێکی نوسیوە وا دیارە دکتۆرای زمانەوانیت پڕۆ مێژوو بخوێنەوە کێ بوو یەکەم جار حاکمیەتی دانا کێ بوو یەکەم جار فەلسەفەی جەبری دانا کێ بوو یەکەم جار زانستی پزیشکی دۆزیەوە
وا بزانم تۆ بوی
لە کۆتایدا دەڵێم خوا تەمەنی مام جەلال و کاك مەسعود درێژ کات با ئەوەندەی کە کورد بۆ دواوە بگەڕێتەوە
تکایە کوردستان نێت تۆش مەبە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی و پارتی هەرچی بەدڵت نەبێت بڵاوی نەکەیتەوە باوەکو جەزیرەو عەرەبییە لایەنگری کەس نەبیت سوپاس

**6.** rebwar | 2008 -03-06 - 14:37

بەرێز کاک جەنگی، بابەتەکەت زۆر جوانە، دەستت خۆش....
بەتایبەت ئەم وتەیەت:
(تکایە بائەوەندەش دۆگما نەبین، لەژێر پۆستاڵی جەندەرمەی کەمالیزم و لە ژێر کیمیاباران و لە تاو ئازاری ئەنفالدا بەدەستی بەعسی ئیشتیراکی، هیچ لەدەست نەهاتووانە، پەلاماری شمشیر بدەینەوە و نەفرەتی لێ بکەین. باباش بزابین ئەو شمشێرە کە بێ بەریە لەوەی دژ بە کورد کراوەو دەکرێت، شـمشێرە لە پیناو ئاشتیدا.)



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

سەرکەوتوبیت............
......

**5.** shne | 2008 -03-06 - 13:14

سڵاو... هەرچەندە من نوسحنەکەی کاك هاوڕیم نەخویندۆتەوە، بەڵام یەک وەڵمم بۆ کاک جەنگی هەیە کە ئیران زۆر بەپیشکەوتوو دەزانی و خویدندكاري نەجەف و کەربەلا زۆر بە زیرەک، من دەڵیم خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز ئەڵی <لقد انزلنا القرآن عربیآ لعلکم تعقلون> کە تا ئيستاشی لەسەر بیت ئەم *تعقلون* ڕوینەداوە، رۆژ بە رۆژ بەرەو دواوە ئەچن، بە دەخەوە نیوەی کوردیشیان پیوە نوساوە، بۆ ئیرانیش ، لەوەتەی مەملەکەتی مەلا دروست بوە ، هەموو دونیا.. هەموو دنیا شەڕ و کوشتن زیاتر هیچی قازانج نەکردوە..... ئیتر نەک یەك 100 ساروخیش بنیریتە دەرەوە وەك مریشکەکە وایە... هیلکەش ئەکا و ڕڕڕیقنەش...

**4.** کوردە | 2008 -03-06 - 09:31

تا بڵێی وەڵامێکی بێ سەر وبەر و شەرمەزارییە ، پیاو نەك بەزەیی بە تۆدا دێتەوە ، بەزەیی بە میللەتی کوردیشدا دێتەوە کە خاوەنی گەنجی وەك تۆیە ،بۆیە تا ئێستا خاوەنی دەوڵەتی کوردستان نین ، هەموو مێژوو گەواهی ئەوە ئەدەن ، عەرەب لە کەلتوری سەرپڕین بە شمشێر هیچی تریان نیە ، واز لە بیروبۆچونە کۆنانە بهێنەو فێری هەستی کوردایەتی بە ، پڕواش بە تاکێکی ئەوروپی مەکە چی دەڵێ ،ڕاستیەکان لەبەرچاون ئیسلام تەنها بۆ بیری شۆڤێنی عەرەب بەکار هاتووە و چەندین گەنجی وەك تۆی لە خشتە بردووە ، کە خۆت باسی ئازادی دەکەی واز لە خەڵک بهێنە چۆن بیر لە ڕەشەکوژی ئیسلام ئەکاتەوە ،هەر پیرۆز بە خۆت بێت ئەو خزمەتکارییە.

**3.** هاوڕێ باخەوان - هۆڵە ... | 2008 -03-06 - 09:13

كاك جەنگی سڵاو،
بابەتەکەتم خوێندەوە و گریانم بۆ بیرکردنەوەی گەنجێکی زانکۆیی!
وەك تۆ دێت!
بەڵام ئەو كاك دلێرە باش وەڵامی داویتەوە و من هەرچییەك بڵێم لە زیادەیە.

هیوای چاکبوونەوەت بۆ دەخوازم..

**2.** هیوا نوری | 2008 -03-06 - 03:52

بەڕێز کاک جەنگی بەڕاستی بابەتەکەت جوانە... دەستت خۆش بێت. بەڵام نازانم بۆ ئەو بەڕێزەی پێشتر تەعلیقی نوسیووە بۆ وا پەلەقاژەیەتی، پێدەچێت باش کاری تێکردبێت، بێ گومان.... هەر سەکەوتوو بیت، دوبارە دەستت خۆش... هیوا نوری

**1.** دلێر | 2008 -03-06 - 01:28

ئەرێ ئازیزم تۆ شەرم ناکەی بەو شمشێرەدا هەڵدەڵێی، کە ئێمەی پێ کۆیلە کرا؟ ئینجا بۆ هەندێک بە شان و باڵی عەلی کیماوییشدا هەڵنالێی؟ خۆ عەلی کیمیکەڵ هەر ئەوەی تەواو کرد، کە باپیرانی دەستیان پێ کردبوو. باوەڕ بکە تۆ نەخۆشی، چونکە چێژ لە وێرانکردنی نەتەوەکەت دەبینی. هەمووومان دەزانین ئەو چەند مامۆستایەش قوربانی دەستی ئەو عەقڵیەتەن، کە ئیسلام 1400 ساڵ لەمەوبەر دایڕشتووە. ئێمە ئەو فکرەی عرووبە، کە هەتا ئێستاش دان بە هیچ فکرێکی دیکەدا نانێت، بە تاوانبار دەزانین. ئێوە تاوانبارن، کە ئایدۆلۆجیای عومەر و حەجاج و عەلی کیمیاییتان کردۆتە بەرنامەی حزبی خۆتان. ئەگەر شەڕی ئوحود لەپەنا خوا کرا، بۆچی خوا بە فریای ئەو کۆمەڵە جەردەیە نەکەوت و شەڕەکەی پێ دۆراندن؟ ئازیزم ئێوە خزمەتی عرووبە و کەمالیزم دەکەن و ئەمڕۆ بەتایبەتی لەو هێرشەی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان دەستەکەتان کەوتە ڕوو. ئێوە خۆتان قەت باورتان بە ئازادیی بیر و ڕا نییە، بەلآم ئەوەتا ئازادیی سایتی کوردستانێت دەقۆزنەوە و بە شان و باڵی عومەر و حەجاج و عەلی کیمیکەڵدا هەڵدەڵێن. باشە ئێوە نەبوون بە ئەمری شێخ زانای سەرۆکتان تێزبتان بە لەشی



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

ئافرەتدا دەکرد؟ ئێوە نین ئەمڕۆ قژی کچان هەڵدەپاچن؟ ئەمە پەلەقاژەیە و زۆرتان نەماوە لەوەش ڕیسواتر بن. ئێوە لە باشووری کوردستان لە پێناوی خزمەتکردنی زیاتری ئایدۆلۆجیای ئەنفالدا هەر ئەوەندەتان پێکرا و نەتانتوانی دڵی شێخەکانی شعودیە و بن لادن و مەلا مێشکپووتەکانی ئەزهەر ڕازی بکەن.

# ببووره ماندێلا![1]

**لاهای – هۆڵندا**

2008-03-10

خەڵاتی ئەتاتورك بۆ ئاشتی! ساڵانه لەلایەن تورکەکانەوه دەدرێته کەسێك. تورکەکان ساڵی 1992 بە نێلسۆن ماندێلای سەرۆکی باشووری ئافریکایان راگەیاند که بفەرموێت بۆ تورکیا بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە.

ماندێلا بەبێ سێ و دوو له رۆژی 8ی ئاپریلی 1992 بەفەڕمی بە تورکەکانی راگەیاند که نایەته تورکیا و خەڵاتی ئەتاتورکیش رەفز دەکات. تاکه بەهانەی ماندێلا بۆ رەفرزکردنی ئەو خەڵاته رەفتاری فاشیانەی دەولەتی تورکیا بوو له دژی کورد. ئەم هەڵوێستەی ماندێلا لەلایەن هێزه ئاشتیخوازەکان و بەتایبەتی کوردەوه زۆر بەخێرهاتنی لێکرا و لێ لای تورکەکان نازناوی "تیرۆریسته ئافریکییه ناشرینەکە"ی وەرگرت.

جەلال تاڵەبانی رۆژی 7ی مارت لەسەر بانگهێشتنی عەبدوڵڵا گیول گەیشته ئانکەره و هەردوو سەرۆکی داگیرکەرانی تورك و ئێراق کۆبوونەوه, بۆ رۆژی دوایی مام جەلال سەردانی گۆڕی مستەفا کەمالی کوردکوژی کرد و ئەم وشانەی له دەفتەری میواناندا نووسی:

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت 2008-03-12





له سەر ناوی خۆم و شاندی هاوڕێم، ئامادەبوونمان له حوزور سەرۆکی گەورەی تورکیا مستەفا کەماڵ پاشا ئەتاتورک، شانازییەکی گەورەیە.
ئەو دامەزرێنەری کۆماری تورکیا و ژیانی نوێی تورکیایە. ئێمە له ئێراق ڕێز و حورمەتی زۆرمان بۆی هەیە. له سەردەمی ڕزگارکردنی تورکیادا که لەبن دەستدرێژیی دەرەکیدا بوو و بۆ پەژراندنی (بەفەرمی ناسینی) ئێراقی نوێ که بەشیک بوو له ئیمراتۆریی عوسمانی.

ئێمه بۆ ئەو ڕۆڵه مەزنەی که ئەو گێڕابووی ڕێز دادەنێین. ئێمه له بارەگای خودای تەعالا دەپاڕێینەوه جێگای بەهەشت بێت.

جەلال تاڵەبانی

سەرۆک کۆماری ئێراق[1]



جەلال تاڵەبانی لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ سەر گۆڕی مستەفا کەمال و خەریکی نووسینی پەیامەکەیەتی له دەفتەری میواناندا

[1] دەقی پەیام و وێنەکەی جەلال تاڵەبانی له ئنتەرنێتەوه وەرگیراوه.

پرسیاری من ئەوەیە ئایا دەبێت ئێستا ماندێلا چیمان پێ بڵێت؟ من لەلایەن خۆمەوە هەر ئەوەندە دەتوانم پێی بڵێم ببوورە ماندێلا!.





# دیمانەی بونیاد لەگەڵ هاوڕێ باخەوان[1]

سازدانی سەردەشت حەمەساڵح

سەرنوسەری رۆژنامەی بونیاد

## * بەو پێیەی باخەوان لەهەندەرانە، دەپرسین کەدەسەڵاتی کوردی لەدەرەوە چۆن ناسراوە؟

وەڵام:

ئەگەر بەپێی تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان تی ڤی و کوردسات و زاگرۆس و هەروەها رۆژنامەکانی خەبات و کوردستانی نوێ بێت, ئەوا دەسەڵاتی کوردی بەوە ناسراوە کە زۆر دیموکراتییە, خولیای ئەو هەڤدە ساڵەی رابردووی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان بووە لە کوردستاندا, کوردستانی کردووەتە دووبەیی دووەم و ئەوەی پێی بگووترێت گەندەڵی, بێکاری, نایەکسانی بوونی نییە!. شەوانە گوێم لە دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی زۆر باش دەبێت و بەپێی ئەوان زۆر پرۆژەش تەواودەبن, خەڵکانێك دەبینم لەسەر ئەو تەلەڤزیۆنانە کە زۆر سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن لەبەرامبەر ئەو پرۆژانە. بەڕادەیەك ئەگەر ئامارێکی ئەو پرۆژانە بکرێت کە ئەو تەلەڤزیۆنانە لەماوەی چەند

[1] لە ژمارە 11ی بونیاد رۆژی 19-03-2008, لاپەڕە 4 بڵاوکراوەتەوە.
هەمان رۆژ لە ماڵپەڕی کلاورۆژنەدا بڵاوکراوەتەوە.

سالّی رابردوودا بانگەشە و رێکلامیان بۆکردووە. دەبێت کوردستان بەراستی دوبەی بێت.

بەلام ئەگەر بەپێی وتاری نووسەران و وەلامی ئەو تەلەفونانە بێت کە لێرەوە بۆ کەسوکار و هاوڕێیانمانی دەکەین. کوردستان بریتییە لە ولاتێکی داڕووخاو و دەستەلاتی کوردیش بریتییە لە دەستەلاتێکی دز و جەردە و گەندەڵ. دەستەلاتێك کە جگە لە خۆی بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە. من خودی خۆم دەسەلاتی کوردی بە دوو مافیا دادەنێم کە لە دوو دوورگەدا کۆبوونەتەوە و نێوانی ئەوان و خەلکیش زەریایەکە, رووبەری ئەو دوورگانەش رۆژ بە رۆژ بچووکدەبێتەوە و دەریاکەش رۆژ بە رۆژ شەپۆلەکانی تووڕەتر و بەرزتردەبن و هاکا ئەو دوورگانەی نوغرۆکرد.

ئەمە دەربارەی خەلکی کورد لە هەندەران, بەلام ئەگەر مەبەستی پرسیارەکەت ئەوە بێت کە دەستەلاتی کوردی لە دەرەوە واتە بۆ نموونە لای ئەورووپییەکان چۆن ناسراوە؟ ئەوا بۆ ئەمەشیان وەلامێکی زۆر جیاوازم نییە, چونکە دلّنیابن ئەوان لە من و تۆ باشتر دەزانن چی لە کوردستان روودەدات, هەر بۆ نموونە چۆن کچ بە بلۆك دەکوژرێت!. بەلام کە جارێ بێدەنگییان هەلّبژاردووە! ئەوە چاوەڕوانی ئەو بارودۆخەی ناوچەکەن بزانن چیی بەسەردێت و لەوانەیە هێشتا لە بەرژەوەندییاندا نەبێت کە دژایەتیی ئەو دەستەلاتە گەندەلەی کوردستان بکەن. چونکە ئێستا کۆمەلێك گرێبەستی گرنگ لە نێوانیاندا هەیە و هەریەکەشیان بۆ خۆی بنکەیەکی دیپلۆماسیی بۆ پاراستنی





بەرژەوەندییەکانی لە هەولێر دامەزراندووە. دیارە بوونی ئەو بنکانە لە کوردستاندا بەسە بۆ کۆکردنەوەی ئەو رووداوانەی لە کوردستاندا روودەدەن و لە نزیکەوە باشتر ناسینی خەلّکی کوردستان و بەتایبەتی دەستەلاتی کوردی.

*** پێت وایە یەکێتیو پارتی پێویستە بەخۆیاندا بچنەوە، یاخود دۆخی ئێستا ئۆپۆزسیۆن دەخوازێ؟**

وەلام:

بەخۆداچوونەوەی یەکێتی و پارتی بەئەستەم دەزانم, چونکە من هیچ جیاوازییەك نابینم لە کاتی شەڕی براکوژی و ئێستایاندا. ئەوکات یەکترییان دەکوشت بەلام ئێستا بەجۆرێکی تر یەکتری دەکوژن. بەلگەش بۆ ئەوە یەکنەگرتنەوەی وەزارەتە دەبلّەکانە!. یەکێتی و پارتی کاتێك دەتوانن بەخۆیاندا بچنەوە کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە هی پارتایەتی بە بەرزتر بزانن, کەی گەیشتن بەو رادەیە ئەوکات ئەگەری بەخۆداچوونەوەیان هەیە.

بەلام ئەوەی من دەیبینم ئەو دوو حیزبە لەو ماوەیەی رابردوویاندا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی حیزبیانەیان رۆژێك سازشیان بۆ داگیرکەری ئێراق کردووە و رۆژێك بۆ ئێران یان داگیرکەری تورك, لە دژی ئەوی تریان تاوەکو خۆی بەبەهێزی بمێنێتەوە..

ئێستا لە باشووری کوردستان جگە لە ناڕەزایی زۆری خەلك هیچ شتێك نییە پێی بگوترێت ئۆپۆزیسیۆن. ئۆپۆزیسیۆنی فەرمی هەر لەسەرەتای راپەڕینەوە بەهۆی نەهێشتنی پارتە بچووکەکان و تواندنەوەیان لە پارتی

یەکگرتندا بوونی نەما. ئێستا ئەو حیزبە بچکۆلانەی تر ناکرێت پێیان بگووترێت ئۆپۆزیسیۆن, چونکە یان سەربە یەکێتین یان سەربە پارتی, یان سەری خۆیانیان کزکردووە بۆ مانگانەکانیان!.

هەموومان ئاگاداری ئەو یاداشتە بووین کە چەند رۆژێك لەمەوبەر چوار حیزبی بەناو ئۆپۆزیسیۆن پێشکەشی پارتی و یەکێتییان کرد. بەڵام دوواییی ئەوە دەرکەوت کە ئەو حیزبانەش مەبەستیان دەسکەوتی زۆرتری مادیە و دەیانەوێت وەزارەتی گرنگییان لە کابینە "نوێ"یەکەدا پێ بدرێت.. دیارە نابێت دوو پارتی ئیسلامیی سەلەفی و یەکێکی خێڵەکی و یەکی وردە بۆرژوا لەبەرەیەکدا کۆببنەوە! ئەگەر دەستکەوتی مادی نەبێت.

بەڵێ نەك هەر بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان ئۆپۆزیسیۆن پێویستە! بەڵکو بۆ هەموو بارودۆخێکی کۆمەڵگەیەکی سیڤیل و دێموکرات, ئۆپۆزیسیۆن پێویستە. چونکە بوونی ئۆپۆزیسیۆن یەکێکە لە پایە گرنگەکانی کۆمەڵگەیەکی سیڤیل و دێموکرات.

*** هاوڕێ باخەوان لەمێژوودا شارەزایە، ئایا ئەم بێزار بوونی خەڵکە لەدەسەڵات بەرەو کوێمان دەبات؟ پێمان ناڵێی ئەمە لەمێژوودا دووبارە بۆتەوەو دەرەنجامەکانی چی بوون؟**

وەڵام:

بەداخەوە لە ژیانمدا هێندەی ئێستام رەشبین نەبووم بەرامبەر بەو بارودۆخەی کوردستان, هۆیەکەشی تەنها بۆ نەزانیی خۆمانی





دەگەڕێنمەوە و هیچی تر. هیوادارم من هەڵە بم و وادەرنەچێت و بارەکان بەلایەکی باشتردا بکەوێت.

من دەمێکە گووتوومە ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەیبینین بەردەوامی یان دووبارەبوونەوەی سەردەمی میرنشینەکانە بەڵام بەشێوەیەکی تر. زۆرجار لەمێژووی ئەو میرنشینانە ئەوە روویداوە کە یەکێکیان بۆ مانەوەی خۆی و لاوازکردنی میرنشینەکەی بەرامبەری هانای بۆ سەفەوی یان تورکی عوسمانی بردووە, لەم ئەزموونە نوێیەشماندا هەمان هێڵی سوور تێپەڕێندراوە بەڵام تەنها ناوەکان لە میرنشینەوە بوونەتە حیزب و سەفەوی و عوسمانیش بوونەتە داگیرکەرانی ئێراق و ئێران و تورکیا.

ئەوەندەی من لێی تێگەیشتبم, مێژوو پێماندەڵێت: بێزاربوونی خەڵك لە دەسەڵات سێ سەرئەنجام یان گریمانی هەیە:

- دەسەڵات بەخۆیدا دەچێتەوە و داواکارییەکانی خەڵك جێبەجێ دەکات و بێزاریی خەڵکی دەڕەوێتەوە. کە ئەمە باشترینیانە بۆ ئەمڕۆی کوردستان.
- بێزاربوونی خەڵکی راپەڕینی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی رووخانی دەسەڵات و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نوێ کە داواکارییەکانی خەڵك دەستەبەربکات. ئەمەشیان لە هەندێك باردا زۆر باشە بەڵام بۆ ئەو بارودۆخەی ئێستای کوردستان بەباشی نازانم.
- دەستەڵات بەخۆیدا ناچێتەوە و نارەزایی خەڵکیش ناتوانێت دەستەڵاتێکی نوێ دابمەزرێنێت و هەردوولا پێکەوە دەبنە

نێچیرێکی هاسان بۆ لایەنی بێگانە تاوەکو دەسەڵاتەکە لەناوبەرێت و ناڕەزاییی خەڵکیش لە هی خۆماڵییەوە بگوێزرێتەوە بۆ ناڕەزایی دژبە داگیرکەر. ئەمەیان هەر زۆرخراپە بۆ ئەو بارودۆخەی کوردستان و ئەگەری ڕوودانیشی هەیە. بەڵگەش بۆ ئەوە هێرشەکەی ئەم دوواددواییەی تورک بوو کە دەستەڵاتی کوردی تەنانەت وتاریشی یەك نەبوو چ جای بەرگری.

*** تورکیا هێرشی کردو گەڕایەوە، دڵنیاینو دواجار نییەو چەند بارە دەبێتەوە، کەچی خەڵك گڕوتینی نەبوو، تەنانەت هەندێ کەس، بگرە هەندێ لایەن پێشیان خۆش بوو، ئایا ئەم زەنگە سامناکە بۆ کوێمان دەباتو تووشی چی دەبین؟ چارەسەرەکان چین؟**

وەڵام:

زۆربەمان زۆرباش بیرمانە کە یەکێتی بەتەنیا 3 تا 4 مانگ لەبەرەی قەیوان–ماوەت بەرەنگاری هێرشی بەعس بووەوە. پارتی لە خواکوڕك جەنگێکی زۆر گەورەی بەرامبەر بە هێرشی داگیرکەری بەعس کرد. نموونەی لەم بابەتەمان زۆرە تەنانەت بچووکترینی ئەو هێزانە کە پاسۆك بوو! خاوەنی نەبەردی زۆر گەورە بوو لە کاتی خۆیدا. بەڵام ئێستا گڕوتینی ئەوسا نەماوە. دیارە ئەمە زەنگێکی زۆر ترسناکە.





داگیرکەری بەعس ئەنفالی کردین گوندەکانی ڕووخاندین. بەڵام نەیتوانی ئەنفالی مێشکمان بکات, ئەنفالی گڕوتینمان بکات. بەڵام لەو ماوەی هەڤدە ساڵەی ڕابردوودا ئەنفالی مێشك و بیرکردنەوەی کورد کرا. ئەوەیە ترسناکیی بێ نەخشەیی و نانەتەوەیی دەسەڵات. سەرەنجامەکەشی ئەو ساردییەیە کە لە دژی داگیرکاریی ئەم دوواییەی تورك هەمانبوو.

وەك گووتم ڕەشبینم و ئەگەر ئەو بارودۆخە وابڕوات تووشی کێشەی زۆر گەورە دەبین. چارەسەریش لێکگەیشتنی دەسەڵاتە لە جەماوەر و دانانی نەخشە و ستراتیژێکی نەتەوەییە بۆ ئەو قەوارەیەی کە پێی دەگووترێت حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق.. هەروەها گەنجکردنەوەی ئەو دەستەڵاتە زۆر بەگرنگ دەزانم و پێویستە پیرەکان خانەنشین بن و گەنجەکان بەبیری نوێوە دەسەڵات بگرنەدەست..

---

تێبینی: پاش بڵاوکردنەوەی ئەم هەڤپەیڤینە, تەلەفونیان بۆ ڕۆژنامەی بونیاد کردبوو و جنێو و قسەی ناشرینیان بە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دابوو.

# زمانی وێنە - دەبێت ئەم خەوە چەندی تێچووبێت؟![1]

**لاهای – هۆڵندا**

2008-03-17




[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت 21-03-2008.
ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 332 – لاپەڕە 8. کوردستان – هەولێر.





من نەباسی هۆکار و لایەنە خراپەکان و هەموو تێچوونەکانی کۆبوونەوەی پەرڵەمانتارانی عەرەبتان بۆ دەکەم لە هەولێر! نەباسی ئەوەشتان بۆ دەکەم کە چۆن کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێراقی لەلایەن ئەو پەرڵەمانتارە شۆڤێنییانەوە لە خاکی خۆماندا و بەبەرچاوی هەردوو سەرۆکی هەرێم و داگیرکەری ئێراقییەوە کرایەوە بەشێکی دانەبڕاوەی نیشتمانی عەرەب! نەزۆری تر کەبوونەتە خولیا و بیرکردنەوەی شەو و ڕۆژم..

تەنها دەمەوێت باسی ئەوەتان بۆبکەم کە خەوی یان سەرخەوی ئەم خانمە بەنزیکی چەندی تێچووە و چەند کەوتووە لەسەرمان.

ئەگەرچی هەرچۆنێك بەراوردی بکەیت بەرامبەر ئەوە ناوەستێتەوە کە ئێمەیان بەفەرمی کردەوە عەرەب و بەشێکی خاکەکەی, بەڵام بەوە دەستپێدەکەم ئەم خانمە کە رقی لەیەکێك بێت و بیەوێت جنێوی پێبدات یەکسەر ئیستیکرادی دەکات, چونکە کورد بوون لە کلتووری میسریدا جنێوە. بەکوردبوون یان ئیستیکراد لە کلتووری میسریدا بەواتای سووکایەتی دێت.

هاتنی ئەم خانمە کۆنسێرڤاتیڤە دوواکەوتووە میسرییە بۆ هەولێر تاوەکو لە کۆنگرەی پەرڵەمانتارانی عەرەبدا پرخەی بێت, وایبۆدەچم کە پێش ئەوەی پێی خستبێتە ناو فرۆکەوە بەرەو هەولێر بەتەنیا چەند سەد هەزار دۆلارێکی تێچووبێت!. بەو پێیە سەرخەوەکەشی ئەگەر کەمم نەگووتبێت! "دەفتەر"ە دۆلارێکی هەر تێچووە!.

لەوانەیە بڵێن ئەمە زۆرڕەوییە و چۆن هێنانی ئەم خانمە ئەوەندە پارەی تێدەچێت. دەڵێم, ئەم خەرجییانەی خوارەوە دابەش بکە بەسەر ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەدا و بزانن چەند کەمم وتووە:

- ئەو هەموو پەیوەندی و پاڕانەوانەی کە ماوەیەکی زۆرە بۆ بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە هەولێر دەکرێت.
- هێنانی ئەو ئەندامانە و پاسەوانەکانیان بەفڕۆکەی تایبەتی بۆ هەولێر.
- خزمەتکردنێکی بێ وێنەی ئەو ئەندامانە لە ماوەی ئەو چەند رۆژەدا.
- هەریەك لەوانە چەند دیارییان لەگەڵ خۆیاندا بردەوە و وەك بیستوومە هەندێکیان پارەی مۆڵیشیان وەرگرتووە تاوەکو پێشگیریی هەر هێرشێکی تری تورك بکەن! و لە بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێم لێدوانی سیاسی بدەن!.
- ناردنەوەی خۆیان و پاسەوانەکانیان بە فڕۆکەی تایبەتی بۆ وڵاتانی خۆیان.
- لەکارکەوتنی جموجۆڵی ناوشاری هەولێر لەماوەی ئەو رۆژانەی کە کۆنگرەکەی تێدا بەسترا و زیانێکی زۆر لە هاوڵاتیان و بازرگانیی شاری هەولێر کەوت.
- توندترکردنی ئاسایشی هەولێر و دەوروبەری و ژمارەیەکی زۆری هێزی چەکداریان بۆ خرابووە ئینزارەوە. کەئەمەش پارەیەکی زۆر لەسەر حکومەتی هەرێم کەوتووە.





- ئەو رۆژانە زۆربەی رۆژنامەکان, رادیۆکان, تەلەڤزیۆنەکان و کەناڵەکانی تری راگەیاندن بەو کۆنگرەیەوە خەریکبوون. ئەمە لەکاتێکدا دەبووایە هەر خەریکی هێرشەکەی تورك و رەنگدانەوە باش و خراپەکانی بوونایە. تێڕامێنن کە نرخی خولەکێکی تەلەڤزیۆنێکی ئاسمانی چەندە و چۆن لەو رۆژانەدا هەر لە خزمەتی کۆنگرەکەدا بوون.

بەڵام لەسەروو ئەمانەوە کە کۆنگرە بڕیاری ئەوەیدا "ئێراق بەشێکی دانەبڕاوی نیشتمان و نەتەوەی عەرەبە", ئەو خانمە یەکسەر لە خەوەکەیدا راچڵەکی و دەستی رەزامەندیی بەرزکردەوە... ئەگینا خەوەکەی گرانتر لەسەرمان دەوەستا!...

# لە هەولێرەوە بۆ ئایندهۆڤن[1]

**لاهای – هۆڵندا**

2008-05-25

پاش مانەوەی نزیك سێ هەفتە لە کوردستان، بەمەبەستی گەڕانەوەمان بۆ هۆڵندا کاتژمێر 4ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی 21ی مای لە فڕۆکەخانەی هەولێر کە پێی دەگووترێت ئەربیلی نێودەوڵەتی ئامادەبووین. من ئەمە هەشتەم جارم بوو لەو فڕۆکەخانەیەوە بێم و بچم. ئەمجارەشیان هەمان سەرنجی جارانی پێشووم هەبوو کە نیوەی زۆری کوردستان بێکارە کەچی ئەوانەی لە فڕۆکەخانەکەدا کاردەکەن زۆربەیان خەڵکی بەنگلادیش یان سریلانکان. بەڵام لەمەیان ناخۆشتر ئەوەیە کە فڕۆکەخانەکە تەنها یەك قاوەخانەی تێدایە کەچی خاوەنەکەی یان ئەوەی بەڕێوەیدەبات عەرەبێکی ئێراقییە و دیارە پێویست ناکات کە بڵێم کوردی نازانێت. بۆیە من ناچار بەزمانی ئینگلیزی قسەم لەگەڵ کرد. چونکە قسەکردن لەگەڵیاندا بەزمانی سێیەم بەباشتر دەزانم وەك لەوەی بەزمانی عەرەبی قسەیان لەگەڵدا بکەم و سووکایەتی بەخۆشم و نەتەوەکەشم بکەم.

---

[1] ڕۆژنامەی ڕووداو – ژمارە 8 – لاپەڕە 19 – 2008-05-26 – کوردستان – هەولێر.

ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2008-05-29.





هەرچۆنێك بێت پاش سێ جار کوژانەوەی کارەبا لە فڕۆکەخانەکەدا کەیەکێکیان نزیکەی 40 خولەکی خایاند! جانتاکانمان لەکۆڵبووەوە و بۆردینگ کاردمان وەرگرت. ئەگەرچی ئێمە کاتی گەشتەکەمان 7ی بەیانی بوو، بەڵام نزیکی کاتژمێر 9 کراینە ئەو هۆڵەی کە دەیبردینە بەردەمی فڕۆکەکە. لەو هۆڵەدا کاتژمێرێك وەستاین هیچ لەگۆڕێ نەبوو. بوو بە دووان هەرهیچ! نەخێر بوو بەسیان! تاوەکو مقۆ مقۆ و گریانی منداڵ و ناڕەزاییی گەشتوەران بەرزبووەوە. ئاسایشی فڕۆکەخانە زانیی خەڵکی تووڕەن ناچار شانۆگەرییەکیان سازکرد و چێکی چەند پاسپۆرتێکیان کرد و بەرەو فڕۆکەکەیان ڕەوانە کردن، تاوەکو کەمێك هیوا بە گەشتووەران بدەن و ناڕەزاییەکە کەم بکەنەوە. بەڵام هەرزوو ئەوانەیان گەڕاندەوە بۆ هۆڵی چاوەڕوانی. دیسانەوە کەوتینەوە چاوەڕوانی و نەماندەزانی کەی بەڕێدەکەوین و کێشەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ ئەوانەی کۆنێکشنیان هەبوو لە ئەسیناوە بۆ وڵاتانی تری ئەورووپا.

گەشتەکەی ئێمە لە هەولێرەوە بۆ ئەسینا بوو و لەوێوە بۆ ئامستەردام. نزیکی کاتژمێری 1ی پاشنیوەڕۆ بووینەوە و هەموو کراینە فڕۆکەیەکی لوبنانیی کۆنی شەقوشڕەوە. دەرگای فڕۆکەیان داخست و پێیان گووتین کە تورکیا ڕێنادات ئاسمانی بەکاربهێنین و بچین بۆ ئەسینا، لەبەرئەوەی دەتانبەینە بەیروت! و لەوێشەوە بۆ ئامستەردام. ئەمە کێشەیەکی ئەوتۆ نەبوو بۆ ئێمە لەبەرئەوەی خۆمان بۆ هۆڵندا

دەچووین بەڵام بۆ ئەوانەی لە ئەسیناوە بۆ شوێنی تر دەچوون کێشەیەکی گەورە بوو.

ئەگەرچی من زۆرتر لە 50 تا 60 جار فڕیووم، بەڵام لە ژیانمدا هەڵسانی واهیی فڕۆکەم نەدیوە و بەهیچ جۆرێك بەتەمای ئەوە نەبووم پێیەکانم زەوی بگرێتەوە. بەڕاستی ترسناك بوو و بەوشێوەیە بڕوات و گەشتی فڕۆکەخانەکانمان باشتر نەکرێت لە پاشەڕۆژدا کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

هەرچۆنێك بێت نزیکەی 3ی پاشنیوەڕۆ گەیشتینە بەیروت! کە چەند رۆژێك لەوەوبەر مەیدانی شەڕی ئیسلامییەکان و بەرەی پێشکەوتنخوازی لوبنانی بوو. لەوێش نزیکەی 2 کاژێر لەو گەرمایەدا و لە فڕۆکەکەدا هێشتینیانەوە و ئەوانەی بۆ ئەسینا دەچوون دایانبەزاندن. نزیکەی 5ی پاشنیوەڕۆ فڕۆکە هەڵستایەوە و لە جیاتی ئامستەردام بەرەو فڕۆکەخانەی ئایندهۆڤنی باشووری هۆڵندا کەوتەڕێ و نزیکە 9ی ئێوارە گەیشتینە شاری ئایندهۆڤن. تاوەکو لە فڕۆکەخانە هاتینەدەرەوە و نزیکەی 2 کاژێر رێی نێوان ئایندهۆڤن و لاهایمان بڕی دوای دوازدەی شەو بە 18 کاژێر ماندوو و شەکەت و تووڕە گەیشتینە ماڵەوە.

کورتەی ئەو درۆ و بێبەڵێنییانەی لەو گەشتەدا روویاندا لەم خاڵانەدا چڕدەکەمەوە:





- گەشتی هەولێر – ئەسینا دەبووایە کاتژمێر 1ی شەو دەستپێبردایە.
- گەشتەکە دواخرا بۆ 7ی بەیانیی 21-05
- نزیکی 9ی بەیانی براینە هۆڵێکی ترەوە بۆ سوواربوونی فڕۆکە
- فڕۆکەکە 1ی پاشنیوەڕۆ کەوتە فڕین
- فڕۆکەکە بەرەو ئەسینا رێی نەکرد بەڵکو چووە بەیروت
- فڕۆکەکە یۆنانی نەبوو و لوبنانی بوو
- فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی ئامستەردام نەنیشتەوە بەڵکو لە خڕۆکەخانەی ئایندهۆڤن نیشتەوە

سەرباری خراپیی فڕۆکەکە و پیس و کۆنیی و خراپیی و ترسناکیی بەرزبوونەوەی لە هەولێر. ئێمە لە کاتژمێر 4ی بەیانییەوە تاوەکو 1ی پاشنیوەڕۆ لەلایەن کارمەندانی فڕۆکەخانەوە دەستیدەستیمان پێدەکرا و بەدرۆ بەڕێکراین و کەسمان نەگەیەنراینە شوێنی مەبەست.

کاتی خۆی لەخۆشیی رزگاربوونم لەبەکارهێنانی خاکی تورك و فارس و عەرەب بۆ گەڕانەوەم بۆ کوردستان بەهۆی کردنەوەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە وتارێکم نووسی و تێیدا نووسیبووم "لەبەرت مرم فڕۆکەخانەی هەولێر" بەڵام ئێستا من بەشبەحاڵی خۆم دەڵێم "ئای کە خەڵەتابووم"، تا ئەو بارودۆخی فڕۆکەخانەیە باشتر نەبێت و هێڵێکی

ئاسمانیی باشتر نەبێت سەرنەکەمەوە بە کوردستاندا, مەگەر خوانەخواستە زۆر پێویست بێت..





# ئەوسا و ئێستا

زنجیرەیەکی بەراوردکاریی تێکەڵوپێکەڵە لە ماڵپەڕی کوردستان نێتدا بڵاوکراونەتەوە

ئەوسا: واتا (بەری, پێشی, بەرلەئێستا, جاران, کاتی خۆی و هتد.. بەڵام من لێرەدا مەبەستم لە ئەوسا کاتی پێش راپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستانە, (سەردەمی داگیرکەری عەرەبی ئێراقی).

ئێستا: واتا (هەنووکە, هەنکە, لەم کاتەدا و هتد.. بەڵام من لێرەدا مەبەستم لە ئێستا کاتی دوای راپەڕینەکەی

بەهاری 1991ی باشووری کوردستانە تاوەکو ئێستا, (سەردەمی فەرمانڕەوایی کورد).

لاهای – هۆڵندا
2007-09-28

بەشی 1ەم:

ئەوسا   ئێستا

ئەوسا لەو وڵاتەی کە پێی   ئێستا نەك لە هەموو چوارچێوەی

| | |
|---|---|
| دەگووترا ئێڕاق و باشووری کوردستانیشی دەگرتەوە, دوو هەرزەکار هەبوون ناویان عودەی و قوسەی بوو. ئەمانە بۆیان هەبوو هەموو شتێکیان ببێت و هەموو شتێکیش بکەن. | ئێڕاق, بەڵکو تەنها لە باشووری کوردستان! دەیان نەخێر سەدان عودەی و قوسەی هەیە. ئەمانە ئەگەر هەریەکیان لە هەردوو عودەی و قوسەی خراتر نەکەن ئەوا کەمتر ناکەن. تەنانەت هەندێك لەم عودەی و قوسەیانەی کوردستان زیندانی تایبەتیی خۆشیان هەیە!. |
| ئەوسا ئەنفال بریتی بوو لە زیندەبەچاڵکردن, وێرانکاری و سووتاندن. | ئێستا ئەنفال بریتییە لە سڕینەوەی کەسایەتیی کورد و سووککردنی و بگرە نەهێشتنیشی!. |
| ئەوسا ئەوەی ئەنفالی دەکرد بەعسی بوو, عەرەب بوو, جاش بوو. | ئێستا ئەوەی ئەنفال دەکات کوردە, سەرکردەیە, شۆڕشگێڕە, هەڵۆی سوورە, شێرە کوڕە و ئەوانەن کە ئەوسا پێیان دەگووترا "پێشمەرگە". |
| ئەوسا سیخوور و پیاوانی بەعس لە هەموو شوێنێك دیاربوون و پەنجەی سووکایەتییان بۆ | ئێستا هەر ئەوانەن لە ریزی شێرە کوڕان و هەڵۆی سووردان و هەندێکیشیان لە لیستی شەهیدان |





| | |
|---|---|
| رادەکێشرا. | و ئەنفالکراوەکاندان. |
| ئەوسا دەگووترا: هەموو شتێك هەر پێشمەرگە. | ئێستا ئەوەی ریسوایە هەر پێشمەرگە. |
| ئەوسا دەگووترا: تەنها رزگارمان بێت لە بەعس, ئیدی چی دەبێت بابێت. | ئێستا دەگووترێت: تەنها رزگارمان بێت لە مافیاکانی کورد, ئیدی چی دەبێت بابێت. |
| ئەوسا زۆر بەدەگمەن ئەگەر ئافرەتێکی کورد بکوژرایە یان خۆیی بسووتانایە. | ئێستا سەدان نەخێر هەزاران و لەوانەیە زۆرتریش کوژرابن و سووتابن و بەردەوامیش دەکوژرێن و دەسووتێن. |
| ئەوسا گاڵتەمان بە عەرەب دەکرد کە کاتی خۆی کچیان زیندەبەچاڵ کردووە. | ئێستا ئێمە نەك بەساوایی! بەڵکو بە هەژدەساڵی بەرد و بلۆك بارانی دەکەین. |
| ئەوسا لەناو حیزبەکاندا تەنانەت لە کاتی براکوژیشدا کەمێك رەوشت و ئاکار هەبوو. | ئێستا ئەوەی بڵێی رەوشت و ئاکار لە ناو حیزبە کوردییەکاندا نییە. |
| جاران رزگاری, کەرکوك, شنگار و خانەقین و ئەوانی تر کرابوونە ئامانجی سەرەکیی ئەو حیزبانە و رێبەرانی. | ئێستا لە پارە زۆرتر هیچ ئامانجێکی تریان نییە. |
| جاران هەندێك لەبەرپرسان شەو | ئێستا تەواوی بەرپرسان لە |

| | |
|---|---|
| تادرەنگ لەگەڵ پێشمەرگە و گوندییەکاندا دادەنیشتن. | کێڵگەکانی دەرەوەی شاردا خەریکی ئافرەت و قومار و کاتبەسەربردنن. |
| ئەوسا سلێمانی شارێکی نەک پاکژی باشووری کوردستان, بەڵکو هی ئێڕاقیش بوو. | ئێستا ئەوەندە چەپەڵە بووەتە سەرچاوەی نەخۆشیی کولێرای نەک باشووری کوردستان, بەڵکو هی هەموو ئێڕاق. |
| ئەوسا سلێمانی لە رووی ئەتنیکییەوە تەنها کوردی تێدا دەژیا و کەمێك کلدانیش. | ئێستا سلێمانی بەلایەنی کەمەوە لە ٪15ی عەرەبە!. |
| ئەوسا تەعریب عەرەب دەیکرد. | ئێستا تەعریب کورد خۆی دەیکات. |
| جاران دەکرا بەهەولێر بگووترێت شار لە رووی رووخساری خەڵکەکەیەوە. | ئێستا لە کابووڵ سەرپۆش بەسەری زۆرتر تێدایە. |
| جاران سەرۆك جاش چەکدار بوو و خەڵکی بەدوواوە بوو و زۆری لە خەڵك دەکرد. | ئێستاش هەمان سەرۆك جاش چەکدارە و خەڵکی بەدوواوەیە و زۆری زۆرتر لە خەڵك دەکات. |
| جاران جووتیارانی کورد بە سەرما, گەرما و تەنانەت تۆپبارانیش دەچوونە سەر | ئێستا هیچ شتێك نەماوە پێی بگووترێت کشتوکاڵ, ئێستا کەوەر و کەرەوزیش خەڵکی ئەو وڵاتە نین |





| | |
|---|---|
| کێڵگەکانیان و بەرهەمیان هەبوو. | و لە دەرەوە بۆمان دێت. |

لاهای – هۆڵندا

2007-10-09

بەشی 2ەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| ئەوسا ئاوی خواردنەوەمان پاك بوو و تاڕادەیەك بەردەوام لوولەی ماڵەکان پڕ ئاو بوو, تانکی ئاوەکان بەردەوام کلۆریان تێدەکرا و بەباشی پاسەوانی دەکران. | ئێستا ئەو ئاوەی کە لە بوتڵدایە و پێی دەڵێن ئاوی کانزایی! زۆربەیان بۆ خواردنەوە دەستنادەن و ئێکسپایەر بوون. ئەوە باسی شێرەی ئاوی ماڵان هەر ناکەم. لە تانکی ئاوەکاندا زۆر ئاسایی مشکی تۆپیو, پیسایی مرۆڤ دەبینرێن. |
| ئەوسا شارەوانییەکان بەردەوام زبڵی ماڵانیان کۆدەکردەوە. | ئێستا لە هەندێك شوێن پارەش بدەی کەس نایەت بەلاتا و دەبێت خۆت چارەسەری خۆت بکەیت. کەڵەکەبوون و لەناونەبردنی زبڵی ماڵان یەکێکە لە سەرچاوەکانی |

کولێرای کوردستان.

ئەوسا خەڵکی ولاتی خۆشدەویست و کەم کەس هەبوو بیری لە کۆچکردن بکردایەتەوە. هەندێك کەس دەیانگووت: تۆپ تۆپ تەیارە دەرمانناکات لەم شارە..

ئێستا کۆچکردن بووەتە دیاردەیەکی بەرچاوی ناو ولات و یەکێك لە هیوا گەورەکانی زۆرینەی گەنجان بەجێهێشتنی ولاتە و گەیشتنە بەبەهەشتی هەندەران!.

ئەوسا حیزبی ئیسلامی نەبوو. یان دانە و دووانێکی بێهێز هەبوو.

ئێستا حیزبی ئیسلامی و عەرەبایەتی دیاردەیەکی بەرچاوی سیاسەتی کوردییە.

جاران گاڵتەکردن بە پیرۆزییەکانی نەتەوە تابوو بوو و لێخۆشبوونی نەبوو.

ئێستا لەناو پەرلەمانی کوردستاندا گاڵتە بە ئەیرەقیب دەکرێت و لە کاتی لێدانی مارشی نەتەوەییدا ڕیشدرێژە مێشك عەرەبەکان لەبەری هەڵناستن و کەچی هەر خاوەن ڕێزیشتن و بەشێکی بودجەی کوردستانیش بۆ ئەوانە.

جاران کوردییەکەمان باشتر بوو، زۆرکەس هەوڵی ئەوەی دەدا بە کوردیی پەتی قسان بکات.

ئێستا ئەوەی عەرەبی نەزانێت! لە کوردییەکەی عەدنان موفتیی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و





فازیل مەتنیی ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی ناگات!!.

ئەوسا بەهاران بچوویتایە بازاڕ، بۆ خواردنی بەیانیان پەنیری کوردی ماستی فرێشی گوندەکان و زۆر بەرهەمی سپیایی ترت بەرچاو دەکەوت.

ئێستا هەموویان هی قووتوون و زۆربەشیان ئێکسپایەرن.

ئەوسا لێپرسراوان تەنها یەك ژنیان هەبوو، خێزانەکانیان بەردەوام ئەم گوند و ئەو گوندیان دەکرد لەگەڵیاندا.

ئێستا ژمارەیەکی بەرچاوی لێپرسراوان دوو ژن و سێ ژن و بگرە زۆرتریشیان هەیە. کەسێك ئەمەکی بۆ ژنی خۆی نەبێت، دیارە بۆ دووەم ژن و نەتەوەکەشی هیچی نابێت. ئەوانی لەیەك ژن زۆرتریان هەیە سەردەمانێك پرۆپاگەندەی مارکسیایەتی و چەپایەتیشیان دەکرد!.

جاران لە شارێکی وەك سلێمانیدا چەند کەژاوەیەکی ئۆتومبێلت دەبینی. ئەوانیش هی تاوانباران پارێزگار و سەرۆکی دەزگای

ئێستا هەر لێپرسراوە و کەژاوەیەکی لەگەڵدایە. ئەمانیش وەك ئەوان خێران و گوێ بە کێلەڕێ و پیادەڕەوو نادەن و

| | |
|---|---|
| ئاساییش و ڕێکخراوی بەعس بوون. | چراڕێی سووریش بۆ ئەمان سەوزی تێرە. |
| جاران سەرۆك کۆماری داگیرکەری ئێڕاقی عەرەب بوو. عەرەبێکی شۆڤێنی. | ئێستا سەرۆك کۆماری داگیرکەری ئێڕاقی کوردە. |
| ئەوسا فایلدار نەبوو, یان کەس نەیدەزانی بەو شێوەیە لە ناو تۆپی ئەو حیزبانەدا هەن. | ئێستا نازانی کێ پیاوچاکە, کێ فایلدارە, کێ فایلەکەی ژێرەوژوور کراوە و کێش فایلەکەی هەڵگێراوە بۆ ڕۆژی خۆی!. تاوەکو هەرکاتێك کلکی بەرزکردەوە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بۆی بلاویکەنەوە. |

لاهای – هۆڵندا
2007-10-10

بەشی 3ەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| ئەوسا خێزانی شەهیدان زۆر ڕێزیان لێدەگیرا و جێگایەکی تایبەتییان لەهەموو شوێنێك هەبوو. | ئێستا مانگانەی خێزانی مامە ریشە لەوانە کەمترە کە کاتی خۆی جاش و بکوژی مامە ریشە بوون. (بکوژانی مامە ریشە ئێستا |





| | |
|---|---|
| | پێشمەرگەن). |
| ئەوسا وامانده‌زانی هەرکە ڕزگاربووین هەرچی گۆڕی هەڵەبجەییەکانی ئێران هەیە لە ڕێوڕەسمێکی مێژووییدا دەیانهێنینەوە بۆ هەڵەبجە. | ئێستا لەناو خودی هەڵەبجەدا هێشتا خانوو هەیە لاشەی کاتی کیمیابارانەکەی لەژێردایە و کەسیش نایەوێت بزانێت ئەوانە کێن و بیانخاتە ناو گۆڕێکی ئاساییەوە. |
| ئەوسا تورکمانەکانی کەرکوك نە حیزبیان هەبوو و نە بەرە. | ئێستا لەوانە بوونەتەوە و داوای کەرکوك و هەولێریش دەکەن. |
| جاران کورد نە ئەنسارولئیسلامی هەبوو نە ئەندامی قاعیدەش بوو. | ئێستا سەدان و هەزارانمان دەرچووی زانکۆ ئیسلامییەکانی ئەفغانستان و هەولێرستانن. |
| جاران تیمە هونەرییەکانی سلێمانی و هەولێر زۆرجار لە ڤیستیڤاڵەکانی بەغدا یەکەم و دووەمی ئێڕاق بوون. | ئێستا لە شتی تردا یەکەمین! بۆ نموونە هەولێر لە ئافرەت کوشتندا و سلێمانیش لە خۆسووتاندن یان سووتاندنی ژندا! یەکەمن. |
| ئەوسا بەدەگمەن گوێت لە گۆرانی تورکی دەبوو. | ئێستا زۆرینەی ئاواز و شێوە و کلیپی گۆرانییە کوردییە نوێیەکان تورکی و تۆرانین. |
| ئەوسا لە دهۆك کەم تا زۆر هەندێك کەس ڕۆژنامەی کوردییان | ئێستا خەڵکی بۆ خوانی نانخواردنیش ڕۆژنامەیەکی کوردی |

| | |
|---|---|
| دەخوێندەوە. لەوانە هاوکاری و بزاڤ کە لە بەغدا دەردەچوون. | ناکرێت. تەنانەت ڕۆژنامە کوردییەکانی پارتیش لەوێ سەرف نابێت. |
| ئەوسا حیزبی دێموکراتی کوردستانی "ئێران" کە لە باشووری کوردستاندان یەك حیزب و یەك "بەش" بوون. | ئێستا ئەندامانی خۆشیان نازانن چەند بەش و چەند کوتلەن!. |
| جاران یەکێتی "یارمەتی"ی حیزبی دێموکراتی دەدا لە دژی داگیرکەری ئێرانی. | ئێستا پاسداریان بۆ دەهێنێتە کۆیە و کارەبای سلێمانیش دەکوژێنێتەوە تاوەکو هێزەکانی داگیرکەری ئێرانی بە سلێمانیدا دزەبکەن. |
| ئەوسا سەری ڕەش هاوینەهەوار و زستانەهەوارێکی گشتی بوو و هەموو کەس بۆی هەبوو سەردانی بکات و تێیدا کاتی خۆش بەسەر بەرێت. | ئێستا ئەگەر لەوێش داواکرابێتی و میوان بیت دەبێت بە چەندین کۆنترۆڵ و سکێنەردا بڕۆیت تا دەیگەیتێ!. |
| ئەوسا باوای دابنێین ژمارەی هاوینەهەوارەکان 10 دانەبوون. | ئێستا بوونەتە 7. چوونکە دوکان و قەڵاچوالان و سەری ڕەش بوونەتە موڵکی شەخسی!. |
| جاران چوارڕێیانێك هەبوو لە | ئێستا هەمان چوارڕێیان ماوە |





| | |
|---|---|
| تەیراوای هەولێر ناوی چوارڕێیانی بەحرکە بوو. | بەڵام ناوەکەی کراوەتە چوارڕێیانی کورد و عەرەب. بەحرکە زۆر لە لێکدراوی ناماقوڵی کورد و عەرەب جوانتربوو بۆ ئەو شوێنە. کورد ئێستاش هەر لە خەیاڵپڵاوی برایەتیی کورد و عەرەبدایە!. |
| جارانساڵێك وشك بووایە, خەڵکی خەمی لێدەهات چونکە کشتوکاڵ و دانەوێڵە زیانی زۆری پێدەکەوت و گرانی و برسییەتیی لێدەکەوتەوە. | ئێستا ئەو خەمە نەماوە چونکە کەس گوێ بەکشتوکاڵ نادات و زۆربەی جووتیارەکانمان بوونەتە شاری! بەڵام خەمی بێبارانییەکە تەنها بۆ ئەوەیە کە کارەبا کەمدەکاتەوە و بەنداوەکان پڕنابنەوە.. |
| جاران بەدەگمەن پردێك بڕووخایە. | ئێستا بەبارانێکی زۆر لە باتی پردێك دووان و سییان دەڕووخێن. |
| جاران واماندەزانی ئازادی هەرئەوەیە لەدەست بەعسییان رزگارمان ببێت. | ئێستا دەزانین ئازادی هەر ئەوە نییە, ئازادی ئەوەیە ژیانێکی کامەران و یەکسانت ببێت, ئازادی ئەوەیە کەرامەتت پارێزراو بێت, ئازادی ئەوەیە هەلی کارکردنت |

ببێت. ئازادی ئەوەیە کە کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاودا بێت. ئازادی ئەوەیە یاسا هەبێت و جێبەجێبکرێت. ئازادی ئەوەیە بزانیت سامان و بودجەی وڵاتەکەت چیی لێدێت و بۆچی خەرج دەکرێت. ئازادی ئەوەیە حکومەت پلانی هەبێت.

لاهای — هۆڵندا
2007-10-11

بەشی 4ەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| ئەوسا خەونمان بەهەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی بەزۆر دروستکراوی داگیرکەری ئێراقییەوە دەبینی. | ئێستا دەوڵەتی ئێراق هەڵوەشاوە یان هەڵوەشابوو کەچی ئێمە دەروستمانکردەوە یان دروستی دەکەینەوە. |
| ئەوسا کەس پێی خۆش نەبوو دراوسێی ماڵە لێپرسراو یان سیخوڕ و جاشێکی بەعس بێت. | ئێستا هەندێك هەیە پێیان خۆشە چونکە ئەگەر دراوسێی ماڵە لێپرسراوێك بیت ئەوا چەند شتێك |





| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| چونکە بەڕاستی کێشە بوو و هەر ترسناکیش بوو. | هەیە بە ئۆتۆماتیکی بۆت دابیندەکرێت: لەوانە قیرتاوکردنی کۆڵانەکەت, بیستوچوار کاژێر کارەبات دەبێت و بەردەوام زبڵەکانت لەلایەن شارەوانییەوە دەبرێت و لەوانەیە هەندێك ئەرێنیی تریشی هەبێت. بەڵام هەندێکیش هەیە پێیی ناخۆشە چونکە لەوانەیە ئەو لێپرسراوە مرخ لە کچەکانی خۆش بکات و هەر بەزۆر لەگەڵیاندا رابووێرێت و لە نەخۆشخانەش بەهۆی نەشتەرگەرییەکەوە هەر بەزۆر بۆیان بکاتەوە بە کچ!. |
| جاران کە نەخۆشدەکەوتیت و دەچوویت بۆلای پزیشك خۆت بەتەنیا دەچوویتە ژوورەوە بۆلای و دەیپشکنیت. ئەمە مافی هەموو نەخۆشێکە چونکە لەوانەیە نەخۆشییەکەت زۆر تایبەتی بێت و پێت خۆشنەبێت بێجگە لە خۆت و | ئێستا پزیشکەکان بوونەتە دامپزیشك و نەخۆشەکانیش مێگەل. ئێستا پزیشکەکان چوار چوار نەخۆش دەکەنە ژوورەوە بۆ پشکنین تاوەکو لەماوەیەکی کەمدا زۆرترین پارەیان دەستبکەوێت. بەبێ ئەوەی |

| | |
|---|---|
| پزیشکەکەت کەس پێی بزانێت. | گوێبدەنە سەرەتاکانی پرایڤەسی. ئەو پزیشکە بێڕەوشتانەی بەمجۆرە خەڵکی رووتدەکەنەوە وابزانم تەنها لە باشووری کوردستاندا هەن. نەمبینیوە و نەمبیستووە لە هیچ شوێنێك پزیشك چوار چوار نەخۆش بپشکنێت. |
| جاران دەمانگووت میزاجی کوردەواری تێکچووە. | دەبێت یاران ئێستا چی بڵێین!. |
| ئەوسا ئەمنە سوورەکە هەبوو. | ئێستا ئەمنی سەوز و زەردیش هەن. |
| ئەوسا کە دەگیرایت و دەبرایت بۆ ئەمن هەرلەڕێوە بەر کێبڵیان دەدایت. | ئێستا کە دەگیرێت هەرلەڕێوە کۆمەڵێك جەللاد هەربە گاز دەتپچڕن!. |
| ئەوسا ژنهێنان و شووکردنی سیغە نەبوو. | ئێستا هەیە. |
| ئەوسا بە هاوسەرگیریمان دەگووت ژنهێنان, شووکردن یان مێردکردن. | ئێستا پێشکەوتووین و پێیدەڵێین زەواج. |
| ئەوسا بەعس زۆر شتی تری | ئێستا هەمووی خۆمان وەك |





| | |
|---|---|
| دەویست بیکات, بەڵام خۆشبەختانە بۆی تەواونەکرا. | (بەعسییەکی خۆبەخش)! بەزیادیشەوە بۆمان تەواوکردن. |
| ئەوسا کتێب و بڵاوکراوەی حیزبی بەعس بەئاشکرا لە کتێبخانەکاندا دەفرۆشران و کەس نەیدەکڕین. | ئێستا لە شارێکی وەك هەولێر ئەو کتێبانە لە هەندێك کتێبخانە بەنهێنی دەفرۆشرێن. بەڵام ئایا تاچ رادەیەك دەکڕدرێن ئەوەیان نازانم. |
| ئەوسا بۆردی دوکان و کۆگاکان بە کوردی و عەرەبی بوون. | ئێستا هەندێکیان تەنها عەرەبین و کوردیی پێوە نییە. |
| جاران مەلها و قەحپەخانە نەبوون. ئەگەر بشبووبان زۆر نهێنی بوون. | ئێستا ئەوەندە ئاشکرایە کە جادەیەکی دووروودرێژی هەولێریان ناوناوە جادەی مەلهاکان. |
| | با ئەمانە بن, خۆ لە هەموو شوێنێك هەن! بەڵام نەك بەو شێوەیەی کوردستان. |
| ئەوسا "باوکی شازاد" نووسەر نەبوو. | ئێستا باوکی شازاد نووسەرە و لە خزمەت و ستایشی بەرپرساندایە و رۆژانە لە "وتار"ێك زۆرتر دەنووسێت!. |

لاهای — هۆڵندا

2007-10-14

بەشی 5ەم:

| ئەوسا | ئێستا |
| --- | --- |
| ئەوسا رێژەی بێکاری زۆر بوو. | ئێستا رێژەی بێکاری زۆر زۆرترە. |
| ئەوسا جاشقەڵەمەکان لە رۆژنامەکانی بەعسدا دەیاننووسی و بەشانوباهووی بەعسدا هەڵیاندەدا. | ئێستا هەمان ئەو جاشقەڵەمانە لە رۆژنامەکانی ئێستادا دەنووسن و بەدەسەڵاتدا هەڵدەدەن و زۆریشیان پلەوپایە و گوزەرانی ژیانیان لەوسایان باشترە. |
| ئەوسا فرۆکەخانەمان نەبوو. ئەوەی بەغدا تەنها حاجی و نەخۆش و بەعسی رێی تێیاندەکەوت. | ئێستا خۆشبەختانە لەباتی یەکێك دووانمان هەیە و کێ دەڵێت پلانی دوورستکردنی سێیەمیش لە دهۆك نییە ئەگەر شاخەکان بهێڵن. |
| ئەوسا رێژەی منداڵ و مێردمنداڵانی کارگەر زۆر بوون. | ئێستا ئەو رێژەیە زۆر زۆر لە جاران زۆرترە !. |
| جاران رێژەی نەخوێندەواری دیاردەیەکی زۆر بەرچاو نەبوو و گەورەکانیش دەبووایە بەزۆر بیانخوێندایە. | ئێستا رێژەی نەخوێندەواری دیاردەیەکی بەرچاوە و رێژەیەکی زۆری منداڵان و مێردمنداڵان نەخوێندەوارن. |
| جاران خەونمان بە دادگاییکردنی | ئێستا ئەو رۆژە هات و گرنگییەکی |





| | |
| --- | --- |
| تاوانبارانی ئەنفالەوە دەدی و دەمانگووت ئاخۆ ئەو رۆژە کەی بێت؟!. | ئەوتۆمان پێنەدا. تەنانەت سازشیشمان لەسەر دامەزراندنی وەرگێڕەکانی ناو دادگاکەدا دەکرد. گەر یەکێکیان سەربە پارتی بووایە دەبووایە ئەوی تریان سەربە یەکێتی بووایە. هەر بۆیە ئەو وەرگێڕە سەقەتانە لە دادگاکەدا کاریاندەکرد و سیریان بە پیاز بۆ زمانی ئەنفال وەردەگێڕا و بەپێچەوانەشەوە. |
| جاران وامدەزانی ئێمەی کورد زۆر ئازاین !. | ئێستا دەزانم ئازایەتی ئەوەیە دەوڵەتت هەبووایە و ببێت. ئازایەتی ئەوەیە سنوور و پاسپۆرتت ببێت. ئازایەتی ئەوەیە نەتەوە بیت. ئازایەتی ئەوەیە بەرژەوەندیی هاوبەشت هەبێت و ... |
| جاران رانکوچۆغە و شەڕواڵ و مرادخانی و ستارخانی و جلە کوردییەکانی تر لەلایەن بەرگدرووی کوردەوە دەدووردران | ئێستا ئەو جلانەمان لە وڵاتی چینەوە بۆ دێت. |

و ببووە داهاتێکی باش بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە کاسبکاران.

| | |
|---|---|
| جاران حیزبەکان و بەرپرسەکان هەردەم کێشەیان هەبوو لە ناردنەدەرەوەی ئەو سامانانەی کە لە میللەتیان دزیوە. چونکە دەبوایە یان لە ڕێگای داگیرکەری تورکەوە یان داگیرکەرانی ئێران و سووریاوە ئەو دزییەیان بکردایە و هەندێک جاریش هەندێک لەو سەرمایە دزییانە دەکەوتە دەست داگیرکەران. | ئێستا ئەو کێشەیە نەماوە و لە جیاتی فڕۆکەخانەیەک دووانمان هەیە و لەوێوە زۆر بەهاسانی ئەو سەرمایە دزییە دەبەنە دەرەوە. جارجارە بەڕێکەوت هەندێک لەو سەرمایانە ڕوویانهەڵدەماڵرێت و خەڵکی پێی دەزانێت. بەڵام ئەوانە ئێستا لەوە بوونەتەوە گوێبدەنە تانە و تەشەری خەڵکی. |
| جاران کەم کەس ڕوویدەکردە نەخۆشخانەی ئەهلی, چونکە نەخۆشخانەکانی تر سیستمێکی وایان هەبوو کە لە چاوئەوسادا پێی بگووترێت نەخۆشخانە. | ئێستا ئەوەی توانای نەخۆشخانەی ئەهلیی نەبێت, ئەوا بچێت هەفت گەز خام بۆ خۆی بکڕێت. گەر لە نەخۆشخانەی میری بکەویت دەبێت زۆپا, پێخەف و نیمچە ماڵێک لەگەڵ خۆت بەریت. ئەمە جگە لەو بەرتیلانەی دەیدەیتە کارمەندانی ئەو نەخۆشخانەیە بۆ هەندێک |





| | |
|---|---|
| | کارئاسانی!. |
| جاران ئەنفال هەموو ڕۆژێک نەبوو. | ئێستا هەموو ڕۆژێک هەر ئەنفالە. ئەنفالی ڕۆشنبیری, ئەنفالی هونەری, ئەنفالی ڕەوشت, ئەنفالی سووککردنی کەسایەتیی کورد, ئەنفالی بێکارەبایی, ئەنفالی ئاوی پیس و زۆر ئەنفالی تر.. |

لاهای — هۆڵندا
2007-10-15

بەشی 6ەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| ئەوسا بەبەردەم دووکانی زێڕنگەرێکدا بڕۆیشتیتایە, زۆرینەی ئەو خشڵانەی لە پیشانگاکەیدا دانابوو کوردەواری بوون. لەوانە گۆبەرۆک, حێلومێخەک, دوگمە و دۆلاب و لوولەوزنجیر و مەلەلیرە و زۆریتر کەمن ناویان نازانم.. | ئێستا لەو جۆرە خشڵانە لای زێڕنگەران نەماون و لەوانەیە هەندێکیان هەر نەشزانن دروستی بکەن. ئێستا پیشانگاکانیان تژی تاقمی خلیجی و عەرەبییە. ئێستا ٪99ی ئافرەتی کورد ئەگەر خشڵ بکڕێت و پارەی ببێت ئەوا خشڵی خلیجی و عەرەبی دەکڕێت. خشڵە |

| | |
|---|---|
| | کوردەوارییەکان داوای لەسەر نەماوە و تەنها لەلایەن ژن–ئافرەتانی هەندەرانەوە داوادەکرێن!.. |
| ئەوسا جیاوازی لەنێوان مێیینەی کوردا نەبوو. ئافرەت و ژن لای هەمووان بەکاردەهێنران بەبێئەوەی ئاماژە بۆ لایەنێکی سیاسی بکات. | ئێستا مێیینەی کورد کە نیوەی کوردە بووەتە دوو بەش. بەشێکیان ئافرەت و بەشەکەی تریش ژن. ئێستا ژن چارەکی کۆمەڵگەی کوردەوارییە و ئافرەتیش چارەکەکەی تر!. |
| ئەوسا ناو رەبییەکان جاش و دوژمنی تێدا بوو و پێشمەرگە هێرشی بۆدەکردن. | ئێستا پێشمەرگە لەناو رەبییەدایە و ئەنسارولئیسلام هێرشیاندەکاتەسەر. |
| جاران دەمانگووت ساڵ بە ساڵ خۆزگەمان بەپار!. | ئێستاش هەروا دەڵێین!. |
| ئەوسا بەگزادەکان سەرۆك جاش و ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کارتۆنی و خاوەنی دیوەخان بوون. | ئێستاش هەر سەرکردە و دەستەڵاتدار و خاوەنی دیوەخانن. |
| جاران هەرچی نووکتە و قسەی سووك و قەشمەرییاتی عەرەب | ئێستاش هەروایە و خراپتریش, بەڕادەیەك لە بەغدا بەئەندامە |





| | |
|---|---|
| هەبوو لەسەر کەرێتیی کورد بوو. چونکە کورد بریتییە لە پاڵەوانی گەمژەیەتی و کەرێتی لە نووکتە عەرەبییەکاندا. | کوردەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئێڕاقی دەڵێن ئێوە خەڵکی ئەم وڵاتە نین و بۆ ناچنەوە وڵاتی خۆتان! کەچی ئەوان بە پێکەنینەوە دەڵێن: (هی. هی. هی. ئێمەش ئێڕاقین). |
| جاران دەبووایە چەند ساڵێك پێشمەرگە بوویتایە و چەند دەورت دیبوویایە و چەند جارێکیش بریندار بکرایتایە! ئنجا ئەگەر ببوویتایەتە یان دەبیتە فەرماندەی مەفرەزە!. خۆ ئەگەر سەرلك یان فەرماندەی کەرت بوویتایە ئەوا جێی شانازیی نەك خزمەکانت بەڵکو دراوسێکانیشت بوویت. | ئێستا ئەگەر باوکت یان برات سەرۆکی حیزب بێت, خۆت ئۆتۆماتیکی ئەندامی کارای سەرکردایەتیی حیزبەکەی باوکتی. لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حیزبەکەی باوکت. ئەگەر باوکت ئەندامی سەرکردایەتی بێت ئەوا خۆت دەبیتە سەرۆکی بۆ نموونە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی. ئەگەر باوکتت لە 1ی شوباتدا لە کیسچووبێت ئەوا دەبیتە وەزیر یان مودیر عام یانیش هەر هیچ نەبێت ئەندام پەرڵەمانییەکەت مسۆگەرە و بۆخۆت لێدە... |

| | |
|---|---|
| ئەوسا ناوی عەرەبی بۆ منداڵان زۆر کەمببووەوە. | ئێستا ناوی عەرەبی بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو. دەشێت لە شارێکی وەکو هەولێردا منداڵێکی بچووك ببینیت ناوی ئوسامە بێت!. |
| جاران لە تەلەڤزیۆندا کەدەمانبینی (خەڵکانێك لە بەنگلادیش و هندستان و وڵاتە هەژارەکانی ئاسیای دوور بژێوی ژیانیان لەسەر ئەو زبڵ و خۆڵانەیە کە کۆدەکرێنەوە و ئەوانیش بەناوی دەکەون هەرشتێك فلسێکی بکردایە لە هەگبەکەیاندا کۆیاندەکردەوە بۆ فرۆشتن)! زۆرمان پێ سەیر بوو!. | ئێستا سەیر نییە چونکە خەڵکانێك ئێستا لە کوردستان هەن ئەوەندە هەژارن لەسەر کۆکردنەوەی ئەو زبڵخانانە دەژین!. |
| ئەوسا لە کوردستان نەخۆشیی ئایدز تەنها لە رادیۆ و رۆژنامەکانەوە دەبیسترا. | ئێستا بەهۆی خوشکانی عەرەبی چاوڕەشەوە کە لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا هەن, ئایدزیش لە زۆر شوێن هەیە. |

لاهای – هۆڵندا





2007–10–16

بەشی 7ەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| ئەوسا لە شارێکی وەك سلێمانیدا شانۆ شۆڕشێك بوو بۆخۆی, زۆر پێشکەوتوو بوو, بەڕادەیەك ئێستا بەوکاتانە دەگووترێت سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردی!. | ئێستا شانۆ ئەو گڕوتینەی جارانی نەماوە و شانۆی کوردی و شانۆکارانیشی بەر ئەم ئەنفالە نوێیە کەوتوون. ئەگەر ئەوکات سەردەمی زێڕینی شانۆی کوردی بووایە! دەبووایە ئێستا شانۆی کوردی لە لووتکەدا بووایە. |
| جاران نەمبینیوە هونەرمەندێکی عەرەبی ئێراقی بێتە کوردستان و ئاهەنگ سازبکات. | ئێستا ئەوانەی کەکاتی خۆی بۆ سەددام و قادسیە گۆرانییان دەگووت! لە کوردستان شاباش دەکرێن و خەڵکیش تادەمەوبەیان بەسەمای عەرەبی پێیان لە زەوی نابڕێت. ئێستا لە هۆڵی ئاهەنگەکان زۆر شەو, دەگگە و رەقسی عەرەبی جێگای شێخانی و گاوانی دەگرێتەوە. ئەی ئەمە ئەنفال نییە!. |

| | |
|---|---|
| جاران کەسوکاری شەهیدان شانازییان بەشەهیدبوون و بوونی شەهیدەکەیان لە لیستی شەهیداندا دەکرد. | ئێستا هەندێك لە کەسوکاری شەهیدان دەیانەوێت ناوی شەهیدەکانیان لە لیستی شەهیداندا بسڕنەوە. لەبەرئەوەی لیستی شەهیدانیش بە ناوی جاش و سیخوڕانی بەعس ئەنفالکراوە. |
| ئەوسا یەکێك لەناو شۆڕشدا تفەنگێکی بفرۆشتایە, سڕیاندەکرد و حەیاوشەرەف دەچوو و لێیاندەکردە کۆڵەکەکەی عەولا!. | ئێستا بەسەدان دۆنمە زەوی بفرۆشە, نەخێر کارگەی چیمەتۆ بفرۆشە, نەخێر بەستی بەخمە بفرۆشە! هەر سەرکردەیت! هەر شۆڕشگێڕیت و هەر لە شوێنی خۆتدایت. |
| ئەوسا بە پیتی عەرەبی دەماننووسی و دەمانگووت هەرکە ڕزگاربووین پیتی ئەنفال نامێنێت و دەیانگۆڕین. | ئێستاش هەربە پیتی زمانی ئەنفال دەنووسین. |
| ئەوسا بچوویتایەتە شارەزووری سەربە سلێمانی جامێك (دۆ)ت دەستدەکەوت بیخۆیتەوە. | ئێستا لەوێ دۆی ناو بوتڵی ئێکسپاریەربووی لە ئێرانەوە هاتووی دروستکراوی دەستی ئازەرییەکانت بۆ دێنن!. |
| جاران سواڵکەر زۆر بوو. | ئێستا سواڵکەران زۆر لە جاران |





| | |
|---|---|
| | زۆرترە. بەڕادەیەك هەر ماوەیەکی کورت و کەمینێکیان بۆ داناویت!. |
| جاران زاراوەی فایل تەنها لە فەرمانگەکاندا بەکاردەهێنرا و هێشتا وشەی داڕێژراوی "فایلدار"مان لێدانەڕشتبوو. | ئێستا وشەکانی فایل و فایلداران, زۆر بەکاردێن. ئێستا ئەم وشانە لەگەڵ ناوی بەرپرسێکدا نەبێت! ناونابرێن. ئێستاش فایلداران هەر سەرکردە و شۆڕگێڕ و دەوڵەمەندن. |
| جاران داگیرکەرانی ئێران و تورکیا بەشێوەیەك لە شێوەکان حیسابێکیان بۆدەکردین. | ئێستا بوونی ئامریکییەکان نەبێت ژەندرمەی تورك بە ماوەیەکی کەم لە دەرگای قەندیل دەدات. |
| جاران پێش ژەندرمەی تورك نەدەکەوتین. | ئێستا خۆمان پێشیانکەوتین تاوەکو دەروازەی قەندیل. |
| ئەوسا زۆرینەی ژن–ئافرەتی کورد بەڕێگای سرووشتی منداڵی دەبوو. | ئێستا نەمبیستووە ژن–ئافرەتێك بەشێوەی سرووشتی منداڵی ببێت. ژن–ئافرەتەکە هێشتا ژانی نەگرتووە! ژووری قەسابخانەیان بۆ کردووەتەوە تاوەکو نەشتەرگەریی کەیزەریی بۆ بکەن. زۆر منداڵ و دایك بەهۆی ئەمەوە گیانیان لەدەستداوە یان بەهۆی |

ئەو نەشتەرگەرییە سەقەتانەی پزیشك و برینپێچە نەزانەکانمانەوە, زۆر دایك ئێستا لەش بەبار بوون و توانای جووڵەی ئاساییان نییە..

لاهای — هۆڵندا
2007-10-17

بەشی 8ەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| ئەوسا ماڵی خانزاد نەبوو. | ئێستا ماڵی خانزاد هەیە. وەما ئەدراکە مالماڵی خانزادو فیلئەربیلی!. |
| جاران لەسەر چیای ئەزمەڕەوە سەیری شاری سلێمانیت بکردایە, بەڕۆژ شارێکی جوان و پاك و بەشەویش دەتگووت کراسی سوورمەیە!. چونکە هەموو خەڵك کارەبای هەبوو. | ئێستا بەڕۆژ تەمێکی پیس بەسەر ئەو شارەوەیە و ئاماژەی پیسیی ژینگەکەی دەکات و بەشەویش لە بێکارەباییدا وەك گوندێکی گەورە دێتەبەرچاو. |
| جاران شتێکت دەربارەی | ئێستا بێجگە لە کاسەلێسی ئەو |





| | |
|---|---|
| حیزبێك یان لێپرسراوێك بگووتایە, هەمووان بەرەنگارت دەبوونەوە و دەیانگووت (ئەی بەعس باشە؟!, هەرچییەك بێت خۆ ئەمان کوردن!). دیارە خۆشم یەکێك بووم لەو هەموانە. | حیزب و لێپرسراوانە, هەمووان دەستخۆشیت لێدەکەن. هەربەم بۆنەیەوە زۆر سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ ناسیاو و نەدیو و نەناسیوانە دەکەم کەبە ئیمێڵ دەستخۆشانەیان لەم زنجیرە نووسینەم کردووە و دەکەن... |
| جاران ئەوەی لە راپەڕین دەترسا بەعسی بوو, پیاوی بەعس بوو, دوور لە ئێستا جاش و سەرۆك جاش بوو. | ئێستا ئەوەی لە راپەڕین دەترسێت لێپرسراوانی خۆمانن. ئێستا ئەوان تەنانەت ترسی ئەوەیشیان هەیە ماڵەکانیشیان تالانبکرێت. لەراستیدا ترسی ئەوان و خۆشویستنیان بۆ ژیان و پارێزگاریکردنیان یەکێکە لەهۆیە هەرە گرنگەکانی ئاسایشی کوردستان. ئەو ئاساییشەی کوردستان بەهۆی پاراستنی ژیان و سامانی لێپرسراوانەوەیە نەك بۆ پاراستنی خەڵکی و بەهۆیشییەوە چەند گوڵە جۆیەکی وەکو خەڵکی ئاودەخۆنەوە... |
| جاران سلێمانی چوار تا پێنج | ئێستاش هەرئەوەندەیە. |

ترافیك–لایتی تێدا بوو.

| | |
|---|---|
| جاران ماڵ یان چادری لێپرسراوێك فانۆسێکی تێدابوو و ئەگەر زۆر بەختەوەر بووایە لۆکسی دەبوو. | ئێستا نیوەی کارەبای کوردستان بۆ سوورەییا و ڕووناککردنەوەی باخی ماڵی لێپرسراوەکانە. دەبێت شەوتابەیان ڕووناك بێت چونکە لە تاریکی دەترسن نەوەکا ئەنسارولئیسلام! خویەکیان لێبکات. |
| ئەوسا ماڵ ماڵ بوو و مزگەوتیش مزگەوت. | ئێستا ئەوەی جێی سەرسووڕمانە زۆربەی ماڵەکانی کوردستان بەدیوارەکانی دەرەوەی ماڵەکانیان ئایەتێکی عەرەبیی لە بەردی مەڕمەڕ یان لە بەردی حەللانی هەڵکەندراو هەڵواسیوە!.. لێپرسراوانیش ئەم خویەیان گرتووە و هەندێکیان نووسیویانە (هازا من فەزڵی ڕەببی)!, لە سووچی لای چەپی خوارەوەشیدا نووسراوە (جەللە جەلالەهوو). |
| ئەوسا کرێچی زۆر بوو. | ئێستا کرێچی ئەوەندە زۆرە هەرباسی ناکرێت. |





| | |
|---|---|
| جاران ئەگەر 100 دینار مانگانەکەت بووایە, لەوانەبوو هەر 50 دینارت بدایەتە کرێخانوو. | ئێستا ئەگەر مانگانەکەت 100 دینار بێت, ئەوا دەبێت 500 دینار بدەیتە کرێخانوو. نزیکەی (ناقیس 400) دینارت بۆ ژیان و تکتی ئەو پزیشکانە بۆ دەمێنێتەوە کە لەگەڵ سێ کەسی تردا دەتپشکنن و هەندێك دەرمانی ئێکسپایەری ئێرانیشت بۆ دەنووسن. |
| جاران بە (مەلا)یان دەگووت مەلا یان خەڵکی ڕێزیان لێدەگرتن و دەیانگووت مامۆستا. | ئێستا مەلا بووەتە زانا. ئەی دەبێت ئەنیشتاین و ئەدیسۆن چ بن یاران!. |
| جاران مەلا بە دینار پارەی پرسە و خوێندنی مەولوودی وەردەگرت. | ئێستا ئەوانیش فێری دۆلار بوون. خۆ ئەگەر دووربا پرسەیەکت ببێت ئەوا دەبێت هەرلەڕێوە چەند سەد دۆلارێك بۆ ئەم زانایانە دابنێیت. بەکورتییەکەی سەریشت دەچێت و ماڵیشت. ئێستاش فێری ئەوە نەبووین لەجیاتی بەخێوکردنی ئەمانە و پارەپێدانیان کاسێتێك بەکاربهێنین لەپرسەکاندا.. |

**لاهای – هۆڵندا**

2007-10-18

**بەشی 9یەم:**

| ئەوسا | ئێستا |
| --- | --- |
| ئەوسا: نەمبیستووە کە کادرێك یان ئەندامێکی حیزبی دێموکرات یان کۆمەڵەی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێرانی لە دیوی ئێمە تیرۆربکرێت. | ئێستا: سەدان کادر و ئەندامانی ئەو دوو حیزبە و ئەوانی تر لای ئێمە تیرۆرکران. ئەوەیە شەرمەزاری!. بەپێی هەندێك ئامار ژمارەی ئەو ئەندامانەی حدکا و کۆمەڵە کە لە دیوی کوردستانی "ئازاد" تیرۆرکراون خۆیان لە سەروو 300 کەس دەدەن. تاوەکو ئێستا بکوژی هیچ کامێك لەوانە دەستنیشان و دادگایی نەکراوە. کەسیشیان هەرخۆیان تێك نەداوە بۆ تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە لەو زنجیرە تیرۆرەی بەرامبەر ئەو سەدان مرۆڤە کوردە ئاوارەیە کراوە. ئەستەمە تیرۆرکردنی ئەو 300 ئەندامە بەهۆی هاوکاریی هەندێك لە |





| | |
| --- | --- |
| | لێپرسراوانی کوردستانی ئازادەوە نەبووبێت!.. هەرهیچ نەبێت ئەوان پشتگیریی لۆژیستییان بۆ پیاوانی داگیرکەری ئێران کردووە. |
| جاران لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە وانەی (دارا دوو داری دی)مان دەخوێند. | ئێستاش هەر ئەوە دەخوێنین. |
| ئەوسا دوو هێڵی سوور هەبوو کە زوو زوو دەمانپەڕاند. ئەوانیش براکوژی و گفتوگۆ بوو لەگەڵ داگیرکەراندا. | ئێستا هێڵی سوور نەماوە نەیپەڕێنین. لێپرسراو هەیە لەو کوردستانە کوڕەکەی خۆیی کوشتووە لەبەرئەوەی دەستی لەگەڵ ژنی چوارەمیدا تێکەڵکردووە. |
| جاران خێزانێك لە کەرکوك دەربکرایە, زۆر ڕێزمان لێدەگرتن. چ نەبێت لەلایەن خەڵکییەوە, چونکە لێپرسراوان لە شاخ بوون. | ئێستا ئەگەر ماڵێکی کورد لە کەرکوك دەربکرایە و بۆنی یەکێتیی لێبهاتایە! بەعس بەرەو هەولێر دەریدەکرد و ئەوانیش لە هەولێر پشتملیان دەگرتن و بەرەو سلێمانی راویاندەنان. خۆ ئەگەر بۆنی پارتیشیان لێبهاتایە ئەوا چونکە بەعس دەیزانی چ دەکات و کڵاوی ئەمانەی لای خۆمانی پێوابوو! |

ڕەوانەی سلێمانیی دەکردن و ئەمانیش لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر ئاوارەیاندەکردنەوە.
لەمەوە بزانە کەرکوک تاچ رادەیەک دڵ و قودسی کوردستانە لایان..

جاران گەڕەکە کوردەکانی کەرکوک کەلاوە بوو و رژێم هیچ گرنگییەکی پێنەدەدا.

ئێستاش هەروایە و لە زۆر شوێن خراپتریشە.

جاران دەمگووت خۆزگە فلان کەس شەهید نەدەبوو و ئێستا دەما.

ئێستا دەڵێم نەخێر باشتر نەما! چونکە لەوانەیە ئێستا ئەویش ملیۆنەر بووایە! دوو ژنی بەسەر بێوەژنەکەی ئێستایدا بهێنایە و لەدەرەوەی شاریش باخێکی 100 دۆنمیی داگیربکردایە و تەنانەت لە رۆژی نەورۆزیشدا بیری جلی کوردیی نەکەوتایەتەوە..
لەسەرێکیشەوە دەڵێم کاشکی بمایە و نەخرایەتە ناو ئەو لیستی شەهیدانەی کە جاش و بەعسیی تێدایە و بەوشێوەیە سووکایەتیی پێنەکرابایە!.





جاران هەندێك لە لێپرسراوان فەسادییان دەکرد و تیاشیاندا هەبوو تەنانەت هەتیوباز بوو. (هەتیوباز بەواتا کوردییەکەی نەك هۆمۆ–سێکشوێڵ).

ئێستا لێپرسراوی فاسد لە ژمارە نایەت! بەڕادەیەك هەندێکیان بە فرۆکە ئافرەت لە وڵاتانی دراوسێوە دێنن. هەندێکیشیان بەتایبەتی ئافرەتی سەماکەر لە میسرەوە بۆ باخەکانیان دێنن. خۆ باسی کارەکەرە ئەسیوپی و فیلیپپینییەکانیان ناکەم! ئەوەیان هەڵدەگرم بۆ بەراوردێکی تر..

جاران کەم کەس هەبوو رۆژنامەکانی بەعس بخوێنێتەوە.

ئێستاش کەم کەس هەیە رۆژنامەی حیزبەکانی خۆمان بخوێنێتەوە. مەگەر خەڵکی سەیری بەشی (پێناسە ونبووەکان) بکات و دانەیەکی بکات بە فایلی داواکردنی پێناسێکی نوێوە.. چونکە بەپێی یاسای بەعس ئەگەر پێناسەکەت ونبوو دەبێت لە رۆژنامەی فەرمیدا بانگەوازی بۆ بکەیت! ئێستا رۆژنامەی ئەلسەورەی بەعس بووە بەهینەکانی ئەمان و لێ یاساکە هەر یاساکەی بەعسە و نەگۆڕدراوە.

لاهای – هۆڵندا

2007-10-19

بەشی 10یەم:

| ئەوسا | ئێستا |
| --- | --- |
| ئەوسا دەمگووت ئاخۆ کەی بێت لەدەست بەعسییەکان رزگارمانبێت. | ئێستا لەو خۆزگەیەم پەشیمان نیم بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بارودۆخی ئێستام لەوسا زۆر پێباشتر بێت!. |
| ئەوسا لای ئێمە کۆمپانیای تورکی نەبوو. | ئێستا نزیکەی 80٪ی ئەو کۆمپانیایانەی لە کوردستان کاردەکەن, تورکی و تۆرانین. بەهۆی ئەمانەوە ژمارەیەکی زۆری میت و سیخووری تورکان لە کوردستاندایە. چۆنایەتیی ئەو پرۆژانەی کە لە کوردستاندا دروستی دەکەن زۆر نزمە و بەدڵنیاییەوە لە پاشەرۆژێکی نزیکدا کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە! لەوانە رووخانی ئەو پرد و |





| ئەوسا | ئێستا |
| --- | --- |
| | باڵاخانانەی کە دروستیانکردووە. چونکە هیچیان بە پێوەری جیهانی دروستنەکراون و لێپرسراوانیش گوێنادەنە ئەمە! چونکە خۆشیان هاوبەشی قازانجی ئەو پرۆژانەن. |
| جاران لە کوردستان یەك جۆرە سیخوڕ هەبوو, ئەوانیش پیاوان و بەکرێگیراوانی بەعس بوون. ئەگەر جۆری تریش هەبووایە ئەوا شاردراوە بوون و لەترسی شەقی بەعس نەیاندەتوانی هیچ بکەن. | ئێستا هەر باسناکرێت! کوردستان بووەتە مۆزەخانەی سیخووڕان و لەهەموو بابەتێکت تێیدا دەستدەکەوێت. هەر بەئاشکرا: ئیتلاعاتی داگیرکەری ئێرانت دەوێت! بارەگای تایبەتی و ئاشکرای خۆیانیان هەیە!. میتی تورکیشت دەوێت ئەوانیش هەربە ئاشکرا بارەگایان هەیە! ئەمە بێجگە لە کۆمپانیا تورکییەکان!. موخابەراتی سووریت دەوێت ئەوانیش هەر بەئاشکرا کاردەکەن. (سی ئای ئەی)یت دەوێت ئەوا هیچ لێپرسراوێك نییە لەئاستییاندا بڵێت لەل. دەزگای هەواڵدەریی مۆساد و رووسی و ئینگلیزی و فەڕەنسیت |

| | |
|---|---|
| | دەوێت! ئەوانیش هەر هەن. تەنانەت دەڵێن هۆڵندا بەو بچووکییە ئەویش بەشی خۆیی لەوێ هەیە! خۆ باسی موخابەراتی عەرەبستانی سعودیە و میسر و وڵاتانی تری عەرەبی هەر ناکەم کە چۆن لەلایەن حیزبە ئیسلامییەکانەوە ڕێیان بۆخۆشکراوە و دەستەڵاتی کوردیش لەسەریرکردن زۆرتر هیچی لەدەستنایەت!. |
| جاران لێپرسراوان گەنج بوون. | ئێستا لێپرسراوان پیرن. هەندێکیان نەک پیرن بەڵکو پیرەمێردیشن. زۆریان تێدایە ئەگەرچی ڕۆژانە سەرتاپای مووەکانی لەشی ڕەشدەکاتەوە! بەڵام لەڕاستیدا بەدەرمان بەندە! کەچی هێشتا واز لە کورسییەکەی ناهێنێت. |
| جاران لێپرسراوان بەتەمەن بچووک و بە مێشک گەورە. | ئێستا پێچەوانە بووەتەوە. تەمەنیان زۆر لەژوورە و مێشک و |





| | |
|---|---|
| | بیرکردنەوەیان هەرئەوەی ئەوسایە و بەکەڵکی ئەم ڕۆژەی ئێستای کورد نایەت! کارەساتەکە لەوەدایە هیچیان خۆیان بە نێڵسۆن ماندێللا ناگۆڕنەوە و بواری کەسی تریش نادەن کە شتێکی لەوان زۆرتر پێیە!. |
| جاران سەرکردەیەک یان لێپرسراوێک بە زمانەکانی ئینگلیزی یان فارسی تەنانەت عەرەبی قسەیدەکرد! وامدەزانی ئەو زمانانە باش دەزانن!. | ئێستا زۆر باش دەزانم کە ئەوانە نەک ئەو زمانانە! تەنانەت زمانی دایکی خۆشیان باش نازانن. |

لاهای – هۆڵندا
2007-10-22

بەشی 11یەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| جاران لە تەمەنی شەست ساڵیدا خانەنشین دەبوویت. ئەگەر بتویستایە زووتریش دەبوو!. | ئێستا ئەگەر لێپرسراوبیت! خانەنشین نابیت و هەربەردەوامیت لەسەر دزی و خۆژیاندن! |

| | |
|---|---|
| | بەڕادەیەك تەمەنی خانەنشینی لای لێپرسراوان ئەو ڕۆژەیە کە دەمرێت. ئیتر هەفتا ساڵە یان هەشتا! هیچ کێشەیەك نییە و هەر لەسەر کورسییەکەی خۆیەتی. خۆ ئەگەر سکرتێر یان سەرۆکی حیزبێك بیت ئەوا خانەنشین هەر بوونی نییە و پاش مردنیشت میراتگری کورسییەکەت کوڕەکەتە. خۆ ئەگەر وەجاخیشت کورێر بوو ئەوا برازاکەت یان هەر خزمێکی ترت! تاوەکو ئەو دەستەڵات و سامانەی بەهۆی حیزبەکەتەوە کۆتکردووەتەوە هەر لەناو بنەماڵەکەی خۆتدا بمێنێتەوە. |
| جاران هەندێکجار حکومەتی بەعس نرخی شتومەکی دادەنا و لیستەی نرخەکانی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاودەکردەوە و بۆ ڕۆژی دادێ کوڕم دەویست ئەو | ئێستا هەر دووکانە و نەخێر هەر عەرەبانەیەکی دەستی حکوومەتێکە بۆخۆی و بەئارەزووی خۆی نرخ دادەنێت. ئێستا لە هەموو شوێنێك کۆمەڵێك |





| | |
|---|---|
| شمەکە بە فلسێك زۆرتر بفرۆشێت! یەکسەر ڕاپێچ دەکرا و دووکانەکەیان دادەخست. | مافیا نرخ دادەنێن و بەئارەزووی خۆیان یاری بە بازاڕ و نرخ و گیرفانی هاووڵاتییانەوە دەکەن و حکوومەتیش وەك بینەر وایە و بچووکترین هێزکاری لەسەر بازاڕ و نرخ نییە. بگرە هێزکاری داگیرکەرانی تورك و ئێرانی زۆر زۆرترە لەسەر بازاڕەکانی کوردستان و هەڵبەز و دابەزی نرخەکان. |
| ئەوسا هاوسەرگیریی میسیار نەبوو. | ئێستا ئەوەشمان لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە بۆ هاتووە و بووەتە دیاردەیەك وەکو هەموو دیاردە نوێیە ناشرینە نامۆکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردەواری. |
| جاران پارتی و یەکێتی بەیەکەوە! پێش داگیرکەری تورك نەدەکەوتن و لەدژی پ.ێ. کا. کا. نەدەجەنگان. | ئێستا ئەو شەرمەزارییەش لە مێژووی نوێماندا هەیە و ئایا لەمەودووا چۆن دەبێت! ئەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ پارە و مانەوەی کورسیی لێپرسراوان. |
| جاران کەس نەیدەگووت کەرکوك | ئێستا ئەو دروشمە لەسەر پەڕۆ |

| | |
|---|---|
| شارێکی تورکمانییە. تەنانەت تورکمانەکانیش ئەمەیان بەدەمدا نەدەهات!. | شینەکان لە کەرکووک دەبینرێت. |
| جاران دزیکردن زۆر کەم بوو. | ئێستا دیاردەیەکی زۆر بەربڵاوە و بەڕادەیەك بووەتە پیشە!. بەپێی راپۆرتی هەندێك لە فەرمانگەی پۆلیسەکان, دزی وەکو پەتا بڵاوبووەتەوە!. |
| جاران هەموو ئیمتیازاتێکی رەفیق حیزبییەکی حیزبی بەعسی فاشی بریتی بوولە: وەرگرتنی زەوییەك, ناوی دەخرایە نۆرەی وەرگرتنی ئوتومبیلەوە و لە فەرمانگەی ئەجهیزەی دەقیقە بۆی هەبوو بەبێ وەستان سەللاجەیەك وەربگرێت. (سوپاس بۆ کاك ئاراس کامەلا کە ئەم بەراوردەی بۆناردم). | ئێستا ئەگەر ببیتە هاوڕێ یان هەڤاڵی ئەم حیزبانەی خۆمان, ئەوە ئیمتیازاتت لەوەدا نییە! نەسەرت هەیە و نەحساب. خۆت, هەموو براکانت, ئامۆزا و پورزا و خالۆزاکانت و زۆریتر لەبەرتدا دەحەسێنەوە. لەلاشەوە نزیکەی دەیان کەسی وەهمی دەکەیتە حیمایەی خۆت و وەکو سەرۆك جاشەکانی ئەوسا مانگانەکانیان وەردەگریت. بەوەشەوە ناوەستیت هەر بەزۆری زۆردارەکی خۆت دەکەیتە هاوبەشی ئەم کۆمپانیا و |





| | |
|---|---|
| | ئەو بازرگان و نیوەی قازانجەکانیان لێدەستێنیت. هەر هیچت دەستنەکەوت ئەوا شەبەیخوونێك دەکەیت بەسەر دەوڵەمەندەکانی شاردا و بەبیانووی کارئاسانی بۆیان چەند سەفتە دۆلارێکی ترت دەستدەکەوێت و زۆریتر... |

لاهای – هۆڵندا
2007-10-26

بەشی 12یەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| جاران هیچ هەورامییەك نەبوو خۆی بە کوردی رەسەن نەزانێت و شانازی بەوەوە نەکات. | ئێستا هەندێك هەورامی هەن خۆیان بە کورد نازانن و دەڵێن ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین لە کورد و پێویستە پارتی خۆمانمان هەبێت. دیارە ئەگەر پارتێکی تایبەتیی هەورامی ببێت! ئەوا داوای ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵیی |

هەوراميش دەكەن و لەسايەى ئەم ئازادييەى ئێستادا داواى جيابوونەوەش لە دەوڵەتى داگيركەرى كوردى دەكەن!.

ئەوسا بەنزينخانەى ئيسلامى نەبوو!.

ئێستا بەنزينخانەى ئيسلامى هەيە لە هەولێر. ترسى ئەوەم هەيە لەمەودووا بەنزينخانەى هەورامى و يەزيديش پەيدابن!.

جاران قوتابخانەى توركى و تورانى لە كوردستان نەبوو.

ئێستا بەدەيانە! تەنانەت لە شارێكى وەك سلێمانيدا كە تورك مەگەر بەرێبوارى و داگيركارى رێى تێكەوتبێت! هەر هەيە. ئەوە باسى هەولێر و كەركوك هەرناكەم..

ئەوسا ئەگەر گوێم لێبووايە بگووترايە هەولێر شارێكى توركمانييە. باوەڕم نەدەكرد و بەخەوم دەزانى..

ئێستا رۆژانە گوێمان لەم دەستەواژەيە دەبێت. خۆ باسى كەركوك هەرناكەم!..

ئەوسا حيزبەكان يان باشترواية بڵێم بەرپرسان گوندە ئازادكراوەكانى كوردستانيان

ئێستا لەجياتى ئەو گوندانە نەشارێك و نەدووان و نەسييان بەڕێوەدەبەن. بەڵام چ





بەڕێوەدەبرد.. هەركەسێكيان بەدڵنەبووايە لە حەوزى مزگەوتيان هەڵدەكێشا.. ئەمە سزايەكى شۆڕشگێڕانە بوو بۆ سووككردن و رسواكردنى خەڵكى لادێيى لەلايەن بەرپرسانەوە..

بەڕێوەبردنێك..

ئەوسا خەڵكى بۆ تێركردنى ئارەزووە سێكسييەكانى دەچوون بۆ بەغدا و بەلايەنى كەمەوە رۆژێكيان پێدەچوو و خەرجييەكى زۆريشيان دەويست بۆ رێگا و مانەوە.

ئێستا چ پێويست بەو گەشتە دوورە ناكات. ئافرەتەكانى بەغدا هاتوونەتە گەڕەكەكەى خۆتەوە, يان لەوانەيە بەتەنيشت ماڵەكەتەوە بێت!. ديارە پێويست ناكات بڵێم ئێستا هينى كوردەواريش زۆر زۆر بووە و دەمێكە كەوتوونەتە بازاڕەوە.. ئەمەش لەسايەى ئەو هەموو هەوڵى كارەى كە حيزبە كوردييەكان بۆ خەڵكييان رێكخستووە..

جاران سەماى عەرەبيمان تەنها لەڕێى فيلمە ميسرييەكانى تەلەڤزيۆنەوە دەبينى, يان ئەگەر يەكێك پارەداربووايە لەيەكێك لە

ئێستا لايف لە كوردستان! جوانترين و بەناوبانگترين سەماكەرى شارع–ئەلئەهرامى قاهيرەى وڵاتى ميسر عەلا–

| | |
|---|---|
| نایت–کلاپەکانی بەغدا پێی شاد دەبوو. | وەحدە–ونوس! لە باخی لێپرسراواندا دەبینیت و بەدۆلار شاباش دەکرێن. |
| ئەوسا سەرەڕای ئەو زۆر و زۆردارییەی بەعسی فاشی, کە خۆپیشاندان دەبوو, بەلایەنی کەمەوە نیوەی زۆری خوێندکاران بەشدارییان تێیدا دەکرد. | ئێستا تورک واخەریکە دێتە کوردستانەوە, کەچی لەشارێکی وەک سلێمانیدا چوارکەسولەتێك چوونەسەر جادە!!. |
| جاران بە گەریللاکانی پێ کا کا دەگووترا پێشمەرگە. | ئێستا لە راگەیاندنەکانی حیزبە کوردییەکاندا بوونەتە چەکدار و شەڕڤان!!.. |
| جاران بەدەگمەن لە باشووری کوردستاندا بەرهەمێکی تورکیمان بدیایە. | ئێستا ئەگەر شمەکی بازاڕ سێ چارەکی تورکی نەبێت, ئەوا بەدڵنیاییەوە نیوەی تورکییە! ئەگەر تورک دەرگای سنوورمان لێدابخات! ئەوا دەکەوینە کێشەیەکی گەورەوە, چونکە ئێمە باشترین بەکارهێنی کەرەستە تورکییەکانین.. ئەوانیش ئەوەی لە بازاڕەکانی خۆیاندا نەڕوات و خراپ بێت! بۆ ئێمەی دەکەن بەمدیوودا. |





بانکۆک — تایلاند

2007–11–06

بەشی 13یەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| جاران رێکخراوەکانی ئەمنستی ئنتەرناسیۆنال و هیومان ڕاتیس ۆچ راپۆرتیان لەسەر کارە نامرۆییەکانی داگیرکەرانی کوردستان دەردەکرد. | ئێستا ئەو رێکخراوانە راپۆرتی ئەستوور ئەستوور لەسەر حیزبە کوردییەکان دەردەکەن! بۆ نموونە لە راپۆرتەکانیاندا باسی ئەوە دەکەن کە چۆن ئیسلامییەکان گوێچکە و لووتی کوژراوەکانی یەکێتی دەبڕن. هەروەها چۆن زیندانەکانی ئەو حیزبانە هیچ پەیڕەوی پێوەرە مرۆڤایەتییەکان ناکەن و زیندانی بەخراپترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێت. |
| جاران لەلای خۆمانەوە جگە لە شەڕی براکوژی و گفتوگۆکان, شتی باشمان زۆر بوو. | ئێستا ئەگەر شتێکی باشیش هەبێت! خراپەکان ئەوەندە زۆرن دڵیشت بەشتە باشەکان خۆش |

| | |
|---|---|
| | نییە و هەر باسیشی ناکەیت. |
| ئەوسا ژنانی کورد, بەتایبەتی ئافرەتانی ماڵەوە و ژنانی گوندەکان جلی کوردییان لەبەردەکرد. | ئێستا دەتوانیت بڵێیت جلی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو نەماوە. ژن یان ئافرەتی کورد بەگشتی دزداشەی عەرەبیی خەلیجی لەبەردەکەن و سەرپۆشێکی عەرەبیش دەدەن بەسەریاندا. |
| جاران نەماندەزانی دکتۆری فایلدار هەیە. | ئێستا ئەو دکتۆرە فایلدارانەی کە ئیمزای راپۆرتی تەمەن گەورەیی زیندانییانیان دەکرد! تاوەکو بڕیاری لەسێدارەدانیان بەسەردا پیادەبکرێت! هەر دکتۆرن و چوار چواریش نەخۆش دەکەنە ژوورەوە بۆ پشکنین. |
| جاران شەڕی براکوژی شەڕەتەقە بوو. | ئێستا جۆری تری پەیدابووە! لەوانە شەڕی کۆمپانیاکانی کۆڕەك و ئاسیا-سێڵ کە هەریەکەیان سەربە پارتێکن. |
| ئەوسا ئەگەرچی هێڵی تەلەفوونەکان زۆر خراپ بوون! | ئێستا ئەگەر ئابوونەی یەکێتیت ببێت ناتوانیت تەلەفوون بۆ |





| | |
|---|---|
| بەڵام دەتتوانی راستەوخۆ لە سلێمانییەوە تەلەفون بۆ هەولێر بکەیت و بەپێچەوانەشەوە. | هەولێر بکەیت! بەڵام بۆ بەغدا ئاساییە! پێچەوانەکەشی کۆپییەکی دیجیتاڵە و راستە. |
| جاران سەربڕین لە کلتووری ئێمەدا نەبوو. | ئێستا لە هەولێر شێخ زاناکان گۆشاوگۆش مرۆڤ سەردەبڕن. ئاخۆ ئێستا چەند شێخ زانای تر لە سەنگەردا خۆیی گرتبێت و ئێمە پێیان نازانین. |
| جاران خوێنەرمان زۆرتر بوون. بەڕادەیەك کاتی خۆی رۆژنامەیەکی هەفتانە و دوو تا سێ مانگەنامەی وەك بەیان و کاروان دەردەچوون هەموویانمان دەخوێندنەوە و زۆریش تامەزۆری دەرچوونی ژمارە نوێیەکانیانمان دەکرد. | ئێستا لەباتی رۆژنامەیەك دەیان و لەباتی هەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە بەسەدان! کەچی خوێنەرمان وەکو جاران نییە! ئەگەرچی دەبووایە بەپێچەوانەوە بووایە!. |
| جاران سەددام بهاتایە بۆنموونە بۆ سلێمانی! ئەوا تەنها جادەی سالم دەگیرا!. | ئێستا ئەگەر سەرۆکێکی لەمانەی خۆمان هاتووچۆ بکات ئەوا جادەی نێوان دوو شاریان بۆ دەگیرێت و خەڵکیش بابۆخۆی لە ئاپۆڕای کۆڵانە تەسك و قوڕاوییەکاندا با گیربخۆن!. |

| | |
|---|---|
| | گرنگ ئەوەیە سەرۆک شکۆدار و سلامەت بێت. مێگەلیش گرنگ نییە!... |

نۆم پێن – کەمبۆدیا
2007-11-19

بەشی 14یەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| جاران داگیرکەری بەعس گەمارۆی ئابووریی دەخستە سەر قەندیل و ناوچەکانی تری پێشمەرگە. | ئێستا خۆمان یان باشتروایە بڵێم پارتی و یەکێتی گەمارۆی ئابووری دەخەنەسەر قەندیل و ئابلۆوقەی پێشمەرگەکانی باکوور دەدەن تاوەکو دڵی داگیرکەری تورک رازیبکەن! نەکا هێرش بکاتەسەر باشووری کوردستان. چونکە ئەوان دڵنیان لەوەی کە ناتوانن بەرگری لە تەنها تانکێکی تورک بکەن.. |
| ئەوسا لە کۆمەڵگای کوردەواریدا جاشێك لە لەشفرۆشێك بەڕێزتر بوو | ئێستاش هەروایە و فایلدارێك زۆر لە لەشفرۆشێك بەڕێزترە و ڕەوشت |





| | |
|---|---|
| و ڕەوشتمان گرێدابوو بە ئەندامی مێیینەی ئافرەتەوە. | هەر گرێدراوی ئەندامی مێیینەیە و ئەگەر فایلدار و گەندەڵ بیت ناچیتە ناو خانەی بێڕەوشتانەوە. |
| جاران لە هەندەران دەکرا مەڵبەندێکی کوردیی بێلایەنت بەرچاوبکەوتبا. | ئێستا نەخێر دەبێت ئەو بنکەیە یان سەربە یەکێتی یان سەربە پارتی بێت ئەگەرنا ئەوا شەبەیخوونت لێدەکەن و هەربە زۆر دەتکەنە پارتی یان یەکێتی.. |
| ئەوسا کە بەفر دەباری دەمانگووت "ئەمشەو شەوی پێشمەرگەیە"!. | ئێستا کەبەفر دەبارێت ئەوەی بەبیرماندا نەیەت پێشمەرگەیە!. |
| جاران پاسداری داگیرکەری ئێرانمان دەهێنا تاوەکو لە بیرە نەوتەکانی کەرکوك بدەن و دواییش چالاکییەکە بەناوی خۆیانەوە بە میدیاکان رابگەیەنن!. | ئێستا هەر ئەو پاسدارانە دێنن بۆ کۆیە تاوەکو لە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بدەن. |
| ئەوسا معەسکەر سەلامی سەربە فەیلەقی یەکی شاری سلێمانی جێگای سووکایەتیکردن بوو بە سەربازانی کورد لەبەرئەوەی زمانی ئەنفالیان نەدەزانی. | ئێستاش ئەو شوێنە هەر جێگای سووکایەتیکردن و ئازاردان و هەڵواسینی خەڵکی کوردە, بەڵام لەلایەن جەللادە کوردەکانەوە. |

| | |
|---|---|
| جاران لەهەر شارێکدا بەلایەنی کەمەوە سێ سینەما یان زۆرتری تێدابوو. | ئێستا ئەگەر سینەمایەکت بەچاو بکەوێت ئەوا زۆر مەمنوون بە. دیارە پێویست ناکات بڵێم ژمارە و چۆنایەتیی هاتووچۆکەرانی ئەو سینەمایانە چەندن و چۆنن. |
| جاران لە شارێکی وەك سلێمانیدا شوێنێك هەبوو پێیان دەگووت ناوچەی پیشەسازی و کۆمەڵێك کارگەی تێدابوو و بەردەوام کاریاندەکرد. | ئێستا ئەو شوێنە هەرماوە, بەڵام ژمارەیەکی زۆری ئەو کارگانە داخراون لەبەر هێنانەناوەوەی بێپلانی شمەکی بێگانە. خەڵکیش تاوەکو کەلوپەلی ئێرانی و تورکی وەستابێت نەکا بەلای کەلوپەلی خۆماڵیدا بچن. بۆ نموونەی زۆربەی کارگەی خشتی کاشی و مۆزایك و مەرمەڕی ناوچەی پیشەسازی داخراون و لەکارکەوتوون چونکە بەبێ پلان خشتی مۆزایك و سیرامیکی ئێرانی و تورکی دێتە ناوەوە و خەڵکانێکی زۆری بێکار کردووە. |
| جاران وامزانی نەتەوەین. | ئێستا دەزانم نەتەوە بوون بریتییە لە ئابووری و پاراستنی کەلوپەل و |





| | |
|---|---|
| | وەبەرهێنانی خۆماڵی. |
| جاران دڵمان زۆر ناخۆش بوو و بەردەوام بیرمان لەباشتربوونی بارودۆخەکە دەکردەوە. | دەی خۆ ئێستاش هەروایە... |

لاهای – هۆڵندا
2007-11-28

بەشی 15یەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| ئەوسا ژمارەی خوێنەران زۆر لە نووسەران زۆرتر بوون. | ئێستا ژمارەی نووسەران لە خوێنەران زۆرترە!. نووسەر هەیە رۆژی لەباتی وتارێك دوو یان سێ یان زۆرتر دەنووسێت. هەیە هەربەتەواوەتی تووشی خوێنبەربوونی وتارنووسین بووە. |
| ئەوسا جەژنی رەمەزان سێ رۆژ و قوربانیش چوار رۆژ بوون. | ئێستا چونکە لێپرسراوان تاقەتی کاریان نییە جەژنی رەمەزان زۆر ئاسایی دەبێتە شەش رۆژ و قوربانیش دەبێتە هەفت. لەوەدا هەفت بەردمان داوە بەپشتی |

| | |
|---|---|
| | عەرەبستانی سعودیەدا و لەوان عەرەبترین. |
| جاران لە بادینان بتویستایە ژنت بهێنایە "بکڕیایە" دەبووایە کیلۆیەك زێڕت بۆ بکردایە. | لێ گەلۆ ئێستا لە بادینان بتەوێت ژن "بکڕیت" دەبێت بەلایەنی کەمەوە دوو تا سێ کیلۆ زێڕی بۆ بکڕیت. نرخی ژنیش وەك شمەکی تر وایە بەتێپەڕبوونی کات لەبەرزبوونەوەدایە!. |
| جاران شاری کەرکوك سەرۆکی پۆلیسی هەبوو. ئەگەرچی بەعسیش بوو. | ئێستا کەرکوك سەرۆکی پۆلیسی نییە! چونکە پارتی دەڵێت دەبێت سەربە من بێت و یەکێتیش دەڵێت نا دەبێت سەرۆکی پۆلیس سەربە ئێمە بێت.. |
| جاران ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە گوندییەکانی ئێمە دەپاڕانەوە بۆ پارچەیەك نان. | ئێستا ئێمە لێیان دەپاڕێینەوە بۆ کەرکوك, هەر وەڵامیشمان نادەنەوە و قەشمەریمان پێدەکەن. |
| جاران یەك تەلەڤزیۆن هەبوو لە کەرکوك و پێیان دەگووت تەلەڤزیۆنی تەئمیم, ئەو تەلەڤزیۆنە ناوکۆیی بوو و بەرنامەی تورکمانی و ئاسووریشی | ئێستا خۆشبەختانە تەلەڤزیۆنمان زۆرە, بەڵام بەداخەوە کەم کەس تەماشایان دەکات. خۆ خەڵکی باشووری کوردستان بەگشتی تا تەلەڤزیۆنە عەرەبی و تورکییەکان |





| | |
|---|---|
| پێشکەشدەکرد. ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی کورد تەماشای ئەم تەلەڤزیۆنەی دەکرد. | وەستابێت ئەوە سەیری کوردستان تی ڤی و کوردسات هەرناکەن!. |
| جاران نەمبیستووە کچێك لای ئێمە خەتەنە بکرێت! یان هەبوو بەڵام زۆر کەم و شاردراوە بووە. | ئێستا خەریکە بۆڕی میسر و سۆدان دەدەینەوە لە خەتەنەکردنی کچاندا. زۆر کچی منداڵ بەهۆی ئەم خەتەنەکردنەوە تووشی خوێنبەربوون بوون و ژیانیان لەدەستداوە. دەستەڵاتیش بۆخۆی وەك بینەرە خۆشەویستەکان وایە!. |
| جاران گوندەکانی سەر سنووری ئێران و تورکیا تۆپباراندەکران. | ئێستا هەمان ئەو گوندانە نەك تۆپباران دەکرێن بەڵکو بە فڕۆکەی جەنگیش بۆردوومان دەکرێن. |
| ئەوسا خەڵکی بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل زۆر دەمردن. | ئێستا ئەوەندە زۆر لەباسکردن نایەت. تەنانەت نەخۆشی ناو ئەمبولانسەکانیش بە ڕووداوی هاتوچۆ گیان لەدەست دەدات!. ئەمە وابزانم تەنها لە کوردستاندا ڕوودەدات. |
| جاران زانکۆیەکمان هەبوو ناوی | ئێستا ئەو زانکۆیە ناوەکەی هەر |

| | |
|---|---|
| زانکۆی سلێمانی بوو و بەعس تەعریبی کرد و کردییە سەلاحەددین و گواستییەوە بۆ هەولێر. | عەرەبییە و لە پاڵیشدا چەندین زانکۆی تر هەن. لێ بەهەموویان نابنە زانکۆیەکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو, چونکە زانکۆیەکیان یەکێتی و ئەویتریان پارتی و بەوشێوەیە.. |
| جاران لە خۆپیشانداندا بگیرایتایە هەربەلێدان دەیانکوشتیت و رزگاربوونت ئاسان نەبوو. | ئێستاش هەربەلێدان دەتکوژن بەڵام بەربوونت ئاسانترە. |
| ئەوسا خۆپیشاندان بڤە بوو. | ئێستاش هەروایە و ئەگەر پارتی و یەکێتی خۆیان لە پشتییەوە نەبن ئەوا خۆپیشاندان واتە گێرەشێوێنی و تێکدانی ئاسایشی هەرێم... |

لاهای – هۆڵندا
2008-01-22

بەشی 16یەم:

| ئەوسا | ئێستا |
|---|---|
| ئەوسا لە هەولێر پەڕلەمانێك | ئێستا لە هەولێر ئەو پەڕلەمانە |





| | |
|---|---|
| هەبوو و هەموو ئەندامەکانی کاسەلێسی بەعس بوون و پێمان دەگووت پەڕلەمانی کارتۆنی. چونکە ئەو پەڕلەمانە هیچ دەستەڵاتێکی نەبوو بڕیارەکان لەلایەن بەعسەوە دەردەکرا و ئەوانیش تەنها لەپێش چاوی کامێراکان دەستیان بەرزدەکردەوە بۆ پشتڕاستکردنی یاساکان. | بووەتە پەڕلەمانی هەرێمی کوردستان. کارتۆنیبوونی ئەم پەڕلەمانە تاوەکو ئێستا بگرە و بەردەی لەسەرە. بڕیارەکانی ئەم پەڕلەمانە پەیڕەوناکرێت و زۆرجار پێشتریش دەزانرێت کە بڕیاری پەڕلەمان چییە!. چونکە بووەتە ئامرازێك بەدەست پارتی و یەکێتییەوە, ئەمان چی بڵێن و بڕیاریان چی بێت, بڕیاری پەڕلەمانیش هەربەو جۆرەیە!.. ئیتر بۆچی ئەم پەڕلەمانەش کارتۆنی نەبێت؟!.. |
| جاران ئەگەر بەعسی بوویتایە ئەوا بەهۆی قبول خاسەوە دەتتوانی لە کۆلیژێکی بەرز بخوێنیت. | ئێستاش ئەم قبول خاسە هەرماوە بەڵام وشەی بەعس بووەتە پارتی و یەکێتی! واتە ئەگەر بابت لە پارتی و یەکێتیدا لێپرسراوێکی بەرز بێت ئەوا قبول خاس دەتگرێتەوە و بەبێ ئەوەی سەرە واوێك لە مێشکتدا بێت! دەکرێت بچیتە کۆلیژی یاسا یان |

دەرمانسازی!.

ئەوسا نامەی کراوە لە کلتووری ئێمەدا نەبوو و کەس نەیدەنووسی.

ئێستا نووسەران و خەڵکی بەهەزاران نەخێر بەدەیان هەزاران نامەی کراوە بۆ بەرپرسان دەنووسن, بەڵام کەس نییە گوێیان لێبگرێت یان وەڵامیان بداتەوە.

ئەوسا کە زستانمان لێدەهات بەهۆی گەمارۆی ئابووریی بەعسەوە خەمی سەرما و بێ نەوتیمان لێدەهات..

ئێستا زۆر زۆر لەوسا خراپترە.

جاران دەمانزانی ژنی سەرۆك ناوی ساجیدەیە و کچەکانی ناویان رەغد و رەنا و حەلایە.

ئێستا خواش نازانێت ناوی ژن و کچی سەرۆك چییە! خۆ بینینیان بەرێکەوتیش ئەوە هەر بڤەیە.

ئەوسا خوێندکاران کەم تا زۆرێك بەرێکوپێکی بەشی ناوخۆیی و دەرماڵەیان وەردەگرت.

ئێستا ئەو خوێندکارەی لەبەشی ناوخۆییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردەدا بژی, ئەوە هەفت پەراسووی لە مرۆڤی ئاسایی زۆرترە. چونکە نە نەوت نە دەرماڵە نە هیچ شتێکی شارستانی لەو بەشە ناوخۆییانەدا نییە. لە هەولێر هەندێك باڵەخانەی تورکی





کراون بۆ بەشی ناوخۆیی, بەڵام دیارە پێویست ناکات بڵێم ئەوانە بۆ خوێندکاری سادە و ناحیزبی نین.

ئەوسا گورچیلە فرۆشتنمان هەر لە فیلم و هەواڵەکانی هیندستاندا دەبینی و دەبیست.

ئێستا بەشێوەیەکی بەرچاو خەڵکی گورچیلەی خۆیان دەفرۆشن تاوەکو کەمێك گوزەرانیان باشتر ببێت.

جاران مەلای کورد فەتوای نەدەدا و ئەو شتە لەناوماندا نەبوو.

ئێستا هەفت بەردمان کێشاوە بەپشتی ئەزهەر و عەرەبستانی سعودیەدا.

جاران نەخۆش بوویتایە دەچوویتە لای پزیشك و بۆ دەرمانیش دەچوویتە دەرمانخانە.

ئێستا ئەوە مەرج نییە! چونکە مەلا رۆڵی پزیشك دەبینێت و بەسەدان و زۆرتریش عیادەی تایبەتی دانراون کە خاوەنەکانیان ئەلفوبێی پزیشکایەتی نازانن و هەندێکیشیان هەر نەخوێندەواران. جاریێ ئەوەی پێویست نەبێت بۆ دەرمانفرۆشی تەواوکردنی کۆلیژی دەرمانسازییە. ئەگەرتۆش دەتەوێت برۆ دوکانێك دانێ و

دەرمان بفرۆشە. کێ بەکێیە!!.

لاهای — هۆڵندا
2008-02-19

بەشی 17یەم:

| ئەوسا | ئێستا |
| --- | --- |
| ئەوسا ئەوەی باوکی یان کەسێکی نزیکی لە قادسیەی سەددامدا بکوژرایە، ئەوا خۆی بۆی هەبوو لە کۆلیژێکی بەرز وەربگیرێت و بەهۆیەوە ئاستی زانستیی زانکۆکان زۆر خراپ ببوون چونکە خوێندکاری زیرەك و نازیرەك پێکەوە لە کۆلیژەکانی پزیشکی، ئەندازیاری و یاسا دەیانخوێند.. | ئێستاش هەروایە ئەگەر خراپتر نەبێت. ئەوەی کاتی خۆی خۆی بەشەهیدکردندا مەبەستی کوردستانێکی ئازاد و یەکسان بوو! نەك بۆ ئەو نایەکسانییەی کە نەوەکەی ئەگەرچی ئاستی زانستیی وەك پێویست نییە کەچی لە کۆلیژێکی بەرز وەربگیرێت و پاشانیش بە واستە و واستەکاری خوێندنەکەی تەواوبکات!. |
| جاران باوەژن لە منداڵی دەدا، داخی دەکرد و زۆر شتی تر... | ئێستا باوەژن هەنەزاکانی دەکوژێت.. |
| ئەوسا بەعس هەر لەهەوڵی | ئێستا حیزب و بەرپرسانی خۆمان |





| | |
| --- | --- |
| بڵاوکردنەوەی بێڕەوشتیدا بوو لە کوردستاندا بەڵام خۆشبەختانە زۆر بۆینەدەچووەسەر.. | لەبەعس خراپتر خەریکی بڵاوکردنەوەی بێڕەوشتین و لەبەعس باشتریان بۆچووەتەسەر!. |
| جاران مانگانەی ئیف زۆر بوو.. | ئێستا هەر لەژماردن نایەت! هەیە سێ مانگانەی هەیە. هی پێشمەرگەی دێرین کە لەژیانیدا پێشمەرگایەتیی نەکردووە، هی زیندانی سیاسی کە کاتی خۆی بەعسی بووە و هی شەهیدی کە زرپ و زیندووە!. ماوەیەك لەمەوبەر بەتەلەفون لەگەڵ هاوڕێیەکمدا قسەمکرد و پێم گووت ئەدی خەریکی چیت؟ وتی: "بەخودای مەعاشەکی بێدەوامم هەیە و لە پاریشدا سەرەتەقەکی لۆدەکەم و دەیقەتێنم!". |
| ئەوسا قوتابخانەی ئیسلامی نەبوو. | دەی ئێستا ئەوەمان هەر زۆر زۆرە و هەروەکو ئەفغانستان و پاکستان مەدرەسەی ئیسلامی |

| | |
|---|---|
| | لەلایەن حیزبە ئیسلامییەکانەوە دانراون و وانەی تیرۆر و بەعەرەببوونی تێدا دەگووترێتەوە و حکوومەتی هەرێمیش هەروەکو من و تۆ بینەرە!. |
| جاران لە زیندانەکاندا تلیاك و مادەی سەرخۆشکەری تێدا بەکارنەدەهات و کڕین و فرۆشتنی پێوەنەدەکرا. | ئێستا لە زیندانەکانی هەرێم ئەگەر لەژیانتا بۆنیشت نەکردبێت ئەوا لەوێ فێری دەبیت. ئەگەر لەسەر دزی بگیرێیت ئەوا پاش ئازادبوونت ئەمە جگە لەوەی کە هەر بەدزی ماویتەتەوە چونکە هیچ چاکسازییەکی کۆمەڵایەتیت بۆ ناکەن! هەروەها بووشیتە بەکاربەرێکی مادەی بێهۆشکەر. واتە حکومەت بۆ ردێنت دەتگرێت کەچی سمبێڵیشتی پێوە دەنێتە بانی!... |
| ئەوسا لە باشووری کوردستان یادی 22ی بەهمەن نەدەکرایەوە.. | لێ ئێستا لە یادی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا کۆمەڵێك ئاخووند بانگهێشت دەکەن و |





| | |
|---|---|
| | لێپرسراوان دەکەونە ستایش و ماستاوکردن بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران. |
| جاران سوڵحی عەشایری زۆر بوو و بەڵام زۆر کەم پیاوکوژ لەدەست پۆلیس و دادگا رزگاری دەبوو. | ئێستا ئەوەی پێی بڵێیت یاسا بەهای نییە! تاوەکو سوڵحی عەشایری وەستا بێت کەس کێشەی خۆی ناباتە دادگا! تەنانەت پارتی و یەکێتی بۆ ئەو مەبەستە نووسینگەی کۆمەڵایەتیی تایبەتییان داناوە و کەسانی تایبەتیی سەربەخۆیان خەریکی ئەو سوڵحە عەشایرییانەن و لەسەر تەلەڤزیۆنەکانیش دۆرمان لەگەڵدا دەکەن و پێمان دەڵێن یاسا سەروەرە و کوردستان وڵاتی یاسایە!.. |

لاهای – هۆڵندا
2008-04-02

بەشی 18یەم:

* ئەوسا لە ڕۆژی عاشووورادا لە شارەکانی لای ئێمە کەس خۆیی بەر زنجیر نەدەدا. تەنانەت لە شارە عەرەبییە شیعەنشینەکانی وەك کەربەلا و نەجەفیش, بەعس هەرئەوەی باش بوو کە ئەو دوواکەوتنەی قەدەغەکردبوو.

ئێستا لە سلێمانی لەبەر مزگەوتی حسێنییە! جلڕەشە دوواکەوتووەکان بە زنجیر لەخۆیان دەدەن و لە سکرینی تەلەڤزیۆنەکانیش پیشاندەدرێن.

* جاران گۆڕی دڵداری خاوەن مارشی ئەیڕەقیب لە کۆیە جێی ڕێز بوو و خەڵك دەچوونە سەری.

ئێستا کێلەکانی دەشکێنرێت و سووکایەتیی پێدەکرێت. دەستەڵاتیش دۆزینەوەی تاوانباران بە پێویست نازانێت و هەر باسیشی ناکات.

* ئەوسا نەك ماڵومنداڵی سەرانی بەغدا, بەڵکو خۆیشیان نەیاندەوێرا تەنانەت سەردانی کوردستانیش بکەن.

ئێستا کچەکەی تاوانبار عیززەت ئەلدوری لە هەولێر دەژی!.





* جاران زۆر کەم بمانبیستایە سەرکارێك لە فەرمانگەیەکی میری دەستدرێژیی بکردایەتە سەر ئافرەتێك.

ئێستا ئەوە بووەتە دیاردەیەکی بڵاو و گەر ئافرەتان لە ترسی ناوزڕاندنیان نەبووایە, لەوانەیە تاوەکو ئێستا سەدان داوای لەم جۆرە لە دادگاکاندا تۆماربکرایە!.

* ئەوسا ئەو کوردانەی ئەندامی "ئەنجوومەنی نیشتمانی" بوون لە بەغدا سووك بوون و قسەیان نەدەڕۆی.

ئێستاش هەروان و قسەی ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی یەك مەتر ناڕوات.

* جاران دادگاکان کارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبرد.

ئێستا ئەگەرچی یاسا هەر یاساکەی بەعسە! بەڵام دادگاکان کارەکانیان بەڕێوەناچێت و داوای وا هەیە کە چەندین ساڵی پێدەچێت, کەچی لەڕاستیدا دەبێت بەچەند ڕۆژێك چارەسەر بکرێت.

* جاران ئەگەر قوتابخانەی کوردی هەبووایە ئەوا هەمووی بەیەك زاراوە بوو.

ئێستا دەیانەوێت زمانی کوردی لەتبکەن و قوتابخانەکانی بادینان بەبادینی بخوێنن و ئەوانەی سۆرانیش بە سۆرانی! ڕەحمەت لە کفندز کە ئەمەی بۆنەکرا..

* جاران کچانی خورماڵ کیمیاوییان بەسەردا دەکرا. بەڵام ئەتك نەدەکران. ئەگەر ئەتکیش بکرانایە بە ئاشکرا نەبوو.

ئێستە چەند مامۆستایەکی مێشکعەرەب بە مقەستێکەوە دەکەونە پرچی کچان و دایاندەپاچن..

* جاران ژمارەی وەرگێڕەکانمان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕینەدەکرد!.

ئێستا خوێندەواریشت نەبێت دەگونجێت ببیتە وەرگێڕ. کێبەکێیە...

* جاران گروپێك هەبوو بەناوی کاژیکەوە و پاشتریش ئەو گرووپە ناویان لەخۆیاننا پاسۆك. ئەمانە باوەڕیان بە ئاڵای کوردستان هەبوو و لە زۆر شوێن ئەو ئاڵایەیان هەڵکردبوو. ئەوانەشی ئێستا ئاڵای کوردستان بەهەڵەوگێراوی بڵاودەکەنەوە کاتی خۆی دژایەتیی ئەو گروپانەیاندەکرد.

ئێستا هەرچی هەڵدەستێت ئاڵاکەی بەدەستەوەیە و کەسیش باسی ئەو کاژیك و پاسۆکە ناکات!.

---

تێبینی: ئەگەرچی بەراووردەکان زۆر بوون, بەڵام ناچاربووم لێرەدا کۆتایی بەم زنجیرەیەم بهێنم, چونکە نەمویست بیکەمە زنجیرەیەکی بێهوودە!.





# تەوەرێك لەسەر چەمکی ئازادی[1]

2008–03–07

ئا: ئاگا مەحمود

هەر جارە پرسیارێك تەوەرەیەکی رۆشنبیری رۆژنامەی لێدوانە, کە ئاراستەی چەند نوسەرو رۆشنبیرێك دەکرێت, بۆ دەستپێکی ئەو تەوەرەش یەك پرسیار ئاراستەی نوسەرو روناکبیر (هاورێ باخەوان) دەکرێت بەم شێوەیە: ئازادی وەك چەمك، ئازادی بەمانا بابەتیەکەی، چییەو چیدەگەیەنێت، ستونەکانی ئازادی کۆمەڵگەیەکی ئازاد کامانەن، ئەگەر هەمووشتێ ئازاد بوو ئازادی هیچ مانایەکی دەمێنێ؟..

ئەگەرچی من لێرە و لەوێ کەم تا زۆر باسی ئازادیم کردووە, تەنانەت خودی پەڕتووکی "ئاڵای کورد"م کە ساڵی 2001 لەلایەن دەزگای سەردەمی سلێمانییەوە چاپ و بڵاوکرایەوە لەبارەی ئازادییەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام ئەم تەوەرەی گۆڤاری زنار دەبێتە هەلێکی تر تاوەکو جارێکی تریش لە چەمکی ئازادی بدوێم.

ئازادی تاوەکو ئێستا دیاردەیەکی نامۆیە بە کۆمەڵگەی کوردەواری! ئێمە تاوەکو ئێستا بەتەواوەتی لە واتا و لایەنە گرنگەکانی ئازادی نەگەیشتووین (بەهەڵە تێمنەگەن منیش وەك ئێوە لە کوردستاندا نەمدیوە!). هۆیەکەشی زۆر بەسادەیی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئێمە بەگشتی و باشووری کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێڕاقیشی

---

[1] ماڵپەڕی لێدوان 29–05–2008

لەسەربێت! ژێردەستەین. هەر هەوڵێکیشمان بۆ ئازادی دابێت لەبەرئەوەی لە خودی بنەماکانی ئازادی نەگەیشتووین, سەرئەنجامەکەی یان بەتێکشکان کۆتایی هاتووە یان وەك ئەو گەڕەلاوژێیەی باشووری کوردستانی لێهاتووە!.

نموونەیەکی زۆر گرنگی ئەو تێنەگەیشتنەی ئێمە بۆ ئازادی سەردەمانی داگیرکاریی بەعسی عەرەبی بوو. هەموو خولیای شەو و ڕۆژی ئێمە ئەوەبوو کە رزگارمان بێت لەدەست بەعس و دەمانگووت ئیتر چی دەبێت با ببێت! بەعس نەما! تەنانەت مەرگی کەسی ژمارە یەکیشیمان بینی! بەڵام هەر بەژێردەستەیی ماینەوە!. ئەگەر ئەو کات بەم گەڕەلاوژێیەی ئێستامان بزانییایە, هەرگیز نەماندەگووت "ئیتر چی دەبێت با ببێت"!. بەڵکو دەمانگووت ئیتر کۆمەڵگەی ئازاد دادەمەزرێنین. دیارە من دڵنیام ئەو تێنەگەیشتنە بەشەکانی تری کوردستانیشی گرتووەتەوە و کوردی بندەستی داگیرکەرانی تورك و فارس و عەرەبی سووریش تا ئێستا دەڵێن تەنها رزگارمان ببێت ئیتر چی دەبێت بابێت! ئەمەیە کرۆکی کێشەی ئێمە لەگەڵ ئازادیدا.

من پێم وایە کە ئازادی یەك ستوونی سەرەکیی هەیە ئەویش (یاسای گونجاو)ە. هەر کۆمەڵێکیش ئەو یاسا گونجاوە بەڕێوەیبرد, دەکرێت پێی بگووترێت کۆمەڵگەیەکی ئازاد. ئەگەر نا ئەوا نەك دەوڵەتی نەتەوەیی تەنانەت بوونی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەش نابێتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت نەتەوەی سەردەستیشی تێدا ئازاد بێت. بۆیە هەر لەو روانگەیەوە من کۆمەڵگەی سەردەستی عەرەبی و فارسی و تورکیش لە





دەوڵەتە داگیرکەرەکانمان بە ژێردەستە دەبینم! چونکە یاسایەکی گونجاو ئەو دەوڵەتانە بەڕێوەنابەن. بەڵام دیارە ژێردەستەییەکەی ئەوان رێژەییە و هەرچۆنێك بێت لەوەی ئێمە باشترە.

یاسا کاتێك گونجاو دەبێت کە لەگەڵ گۆرانکارییەکانی سەردەم و کۆمەڵگەدا بگونجێت. پراکتیکردنیشی بەبێ جیاوازی تەواوکەری گونجاوییەکەیەتی. هەر بەوپێیە ئەگەر لە هەر وڵاتێکدا ئەو یاسا گونجاوەی تێدا بوو, منداڵان بەباشی پەروەردە دەبن, ئافرەتان مافی خۆیانیان هەیە و یەکسانی دەبێت. بێکاری کەمە و بێکاران دەستەبەریی کۆمەڵایەتی وەردەگرن. برسێتی و بێدەرمانی نییە ئازادیی رادەربڕینی تێدایە و لەهەمووی گرنگتر کەسی گونجاو لەشوێنی گونجاودایە و زۆریتر..

بەڵام دیارە لە کوردستانی ئێمەدا لەبەرئەوەی یاسای گونجاوی تێدانییە! کۆمەڵگەیەکی ئازادیش بوونی نییە! هەربۆیە ئافرەتمان بلۆکباران دەکرێت! منداڵانمان پەروەردەیەکی سەقەت دەکرێن! زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی بێکارە و دەستەبەریی کۆمەڵایەتی نییە! برسێتی و بێدەرمانییەکی زۆر هەیە و رۆژنامەنووسان زیندانی دەکرێن و پڕشەقیش دەکرێن! ئەوەشی بڵێی کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاودا نییە!.

هەر یاسایەکیش کە لەو وڵاتەدا ببێت, ئەگەرچی گونجاویش بێت! ئەوا نابێتە هۆی ئازادیی کۆمەڵگەی کوردەواری چونکە ئەو یاسایە پراکتیك ناکرێت. هەڵبەت یاسایەکیش پراکتیك نەکرا یان بە بێ جیاوازی

پراکتیك نەکرا! ئەوا بوون و نەبوونی وەك یەك وایە.. نموونەی زۆر ئاسان و سادە هەیە کە ڕۆژانە هەزاران جار ڕوودەدەن, هەندێك یاسای باش لە کوردستان هەیە. ئەو یاسایانە هەندێکجار بەسەر "من و تۆ"دا پراکتیك دەکرێت, بەڵام ئەگەر بەسەر لێپرسراوێکی نەخوێندەواردا پراکتیك بکرێت, ئەوا خودی ئەو پراکتیککەرە بەر شەق دەدرێت و ڕسوا دەکرێت! کەواتە یاساکە بوونی ببێت و نەبێت یەك شتە, واتە ئەو یاسایە نەبووە هۆی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و لەبەرئەوەی بەیەکسانی پراکتیك نەکرا. دیارە کە یەکسانی نەبوو, ئازادی بوونی نییە.

یاسای گونجاو لەلایەن سیستمی گونجاوەوە دادەنرێت تاوەکو کۆمەڵگەی پێ ڕێکبخرێت. کۆمەڵگەی ڕێکخراو کۆمەڵگەیەکی ئازادە. لە کوردستان ئازادی نییە چونکە یاسای گونجاوی بەبێ جیاوازی پراکتیککراو بوونی نییە. ئەویش لەبەرئەوەی سیستمی کوردستان توانا و بەرژەوەندیی دەرکردن و پراکتیککردنی یاسای گونجاوی نییە.

ئازادی وەك هەر دیاردەیەکی تری سروشتی دەبێت سنووردار‌بێت. هەموو شتێك ئازاد نییە! ئەگەر نا ئەوا نەیەکسانی دەبێت نە ئازادیش هیچ بەهایەکی دەمێنێت.

بیرمە ئەو کاتەی لە کوردستان بووم چیرۆکی سەیرم دەربارەی ئەوروپا و ئەوروپییەکان دەبیست, واباسدەکرا کە هەموو شتێك ئازاد بێت و سنوور بۆ هیچ شتێك نەبێت, ئێستا کە هەندێکیانم بیردەکەوێتەوە پێکەنینم دێت. بەڵام هەر زوو زانیم ئەو زانیارییەشمان وەك زۆری ترمان بنچینەکەی هەڵەیە.



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

ئازادی تەنانەت لە کۆمەڵگەی ئەورووپاش سنووردارە, لەو کۆمەڵگانەدا یاسای گونجاو هەیە. هەربۆیە دەکرێت بگووترێت کە کۆمەڵگەی ئەورووپای "خۆرئاوا" بەگشتی کۆمەڵگەیەکی ئازادە, چونکە بەهۆی یاسا گونجاوەکانییەوە یەکسانی هەیە. کە ئازادی و یەکسانیش هەبوو لەو کۆمەڵگەیەدا ڕەوشت و ئاکاری کۆمەڵایەتیش هەیە. ئەگەر نا ڕەوشتیش بوونی نییە.

# ئەگەر ئێمەش دوو تۆپ بتەقێنین! چی دەبێت؟![1]

لاهای – هۆڵندا
2008-05-30

هەموومان ڕۆژانە دەبینین کە چۆن سنوورەکانی باشووری کوردستان لەلایەن هەردوو داگیرکەری تورک و فارسەوە تۆپباران دەکرێن. ئێمەش بەسەرکردە و بنکردەوە بینەرین و جگە لەناڕەزایی هیچی ترمان لەدەست نەهاتووە.

داگیرکەری تورک سنووری باشووری بڕی و ئەوە چەند مانگێکە بە تۆپ و بە فڕۆکە بۆمبارانمان دەکات. هێرشی داگیرکەری تورک لەگەڵ تۆپبارانی داگیرکەری فارسیدا چەند جیاوازییەکی هەیە و لەوانەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان تاڕادەیەك پۆزشێکی هەبێت بۆ بێدەنگبوونی. لەوانە بوونی هێزەکانی پکك لە باشووری کوردستان و هاوپەیمانیی داگیرکەری تورک و ئامریکییەکان و زۆر هۆکاری تر.

بەڵام بێدەنگیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو تۆپبارانەی داگیرکەری فارس هیچ پۆزشێکی نییە و بگرە وەڵامدانەوەی بەدوو تۆپ

[1] ڕۆژنامەی ڕووداو – ژمارە 9ی ڕۆژی 2008-06-02 – لاپەڕە 18 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کوردستان نێت 2008-06-08





بەتەواوەتی بارودۆخەکە یەکالآدەکاتەوە و ئیتر جارێکی تر سنوورەکانمان تۆپباران ناکەن.

دیارە هەڵوێست و پایەی هەردوو داگیرکەری تورک و فارس لە ناوچەکە و جیهاندا زۆر جوودان و بەرپەرچدانەوەی داگیرکەری ئێران وەکو ئەوەی داگیرکەری تورك نییە.

داگیرکەری فارس لە قەیرانێکی نێودەوڵەتیدایە و بوونی هێزەکانی ئامریکاش لە ئێڕاقدا پاڵنەرێکە بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکەری ئێران. هەربۆیە دەبێت وەڵامی تۆپبارانەکانی داگیرکەری فارس بدرێتەوە و چەند تۆپێك بنرێت بە سەربازگەکانییەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت چییتر لەوە زۆرتر خۆی بچووکنەکاتەوە و سیاسەتی مامەڵەی بەرامبەر لە ئاست تۆپبارانەکانی داگیرکەری فارس پیادەبکات.

ئەگەرچی ئاکامەکانی ئەو وەڵامدانەوەیە داخستنی سنوورەکانی هاجی ئۆمەران و پەروێزخان دەبێت و دەبێتە هۆی زیانی ملیۆنان دۆلار بەهۆی وەستانی هاتووچۆی بازرگانی و نەڕۆیشتنی نەوتی خاوەوە بۆ ئێران. بەڵام چ نەبێت دانیشتووانی سنوورەکانمان و بەتایبەتی ناوچەی پشدەر بێخەم دەبن و لەو تۆپبارانەی داگیرکەری فارس ڕزگاریان دەبێت و داگیرکەری فارسیش تێدەگات کە ئەو هەرێمە ئەو ماسییە هاسانە نییە کە بە ئارەزووی خۆی تەپڵی تۆپانی پێوەبکات و کەسیش نرکەی لێوەنەیەت!.

# سکاڵای مەلاکان بۆ گیرفانیانە![1]

لاهای – هۆڵندا
2008-06-03

چەند ڕۆژێك بەرلەئێستا کۆمەڵێك مەلا و ئیسلامییەکانی کوردستان یاداشتێکیان دایە دەست بەرپرسانی باشووری کوردستان لە دژی نووسەران و ڕەخنەگران. مەلاکان لە یاداشتەکەیاندا داوای دادگاییکردنی ئەو نووسەرانە دەکەن کە ڕەخنە لە ئیسلام و ئیسلامییەکان دەگرن.

پەنابردنی ئەو مەلایانە بۆ ئەو سکاڵانامەیە بەهۆی ئەوەوەیە کە لەئێستادا هێزێکی ئەوتۆیان نییە بۆ دەمکووتکردنی نووسەران, ئەگینا لەجیاتی ئەو سکاڵانامەیە چەند نووسەرێکیان سەردەبڕی و بەدەردی ڕەوانشاد مامۆستا عەبدولخالق مەعروفیان دەبردن.

نامەوێت لێرەدا هیچ لاباسێکی تر دەربارەی مەلا و ئیسلامییەکان بکەمەوە و هەوڵ دەدەم هێندەی سەرباسەکەم وشە ڕیزبکەم.

کەم هەڵکەوتووە مەلایەك یان پیاوێکی ئایینیی ئیسلامی, هاوکات لەگەڵ مەلایەتییەکەیدا کارێکی کردبێت و بژێویی خۆیی پێدابین کردبێت.

---

[1] ڕۆژنامەی ڕووداو – ژمارە 10ی ڕۆژی 09-06-2008 – لاپەڕە 18 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 15-06-2008
ماڵپەڕی خوداکان – 15 – 06 – 2008





ئەوانە هەردەم مشەخۆربوون و چاوەڕوانی مووچەی حکومەتی ئێراق یان پارتی یان یەکێتی بوون و دووای ئەمانیش هەرچاولەدەستی هەر میرێکی ترن کە جڵەوی کاری بەدەستەوەبێت. واتە بۆ خۆژیاندنی خۆیان هەردەم چاولەدەستی دەستەڵاتن.

سەرباری ئەوانەش ئەم مەلایانە بەئارەزووی خۆیان خەریکی ڕووتکردنەوەی خەڵکین لە پرسەکان و خوێندنەوەی قورئانی سەر گۆڕستانەکان. هەربۆ نموونە لە ڕۆژی 17ی مانگی مایی ئەمساڵدا لەساڵڕۆژی کۆچی دوایی ڕەوانشادی باوکمدا مەلایەکی قورئانخوێنیان هێنابوو و بۆ ماوەی نزیکەی دوو کاژێر لە خوێندن, پەنجا هەزار دیناری لێوەرگرتین. ئەو بڕە واتە نزیکەی 45 دۆلار لە ماوەی دوو کاژێردا. هەڵبەت لەم بێکارییەی کوردستاندا کەسێك نییە لەماوەی دوو کاژێردا 45 دۆلاری دەستبکەوێت.

یەکێك لەپایە گرنگەکانی خودی ئیسلام بریتییە لە تاڵانی و پارە. هەرئەمەشە کە خەڵکانێکی زۆری بەدرێژایی مێژوو هانداوە تاوەکو هۆگری ببن و زۆرتر بەناوخەڵکیدا بڵاوییکەنەوە. تەنانەت بیرۆکەی حەجیش هەرپەیوەندیی بەپارە و ئابوورییەوە هەیە. بڕواننە ئەمیرەکانی سعودییە کە هیچیان موسوڵمان نین و تەنها لەبەر موجامەلە جارجارێك لەبەرچاوی ڕاگەیاندن نوێژێك یان دووان دەکەن. بەڵام هەرگیز دەربەرداری حەج و حاجی نابن, لەبەرئەوەی دەسکەوتێکی باشیان لێوەیدەبێت.

مەلاکانی لای خۆمان هەریەکێك بەجۆرێك رەخنەیەکی لە ئایینی ئیسلام گرت, یەکسەر بیری موچە و وەرگرتنی پارەی خوێندنەوەی قورئانیان دەکەوێتەوە و بۆ ئەوەی ئەو داهاتەیان نەکەوێتە مەترسییەوە پەنا دەبەنە بەر هەموو شتێك بۆ بەرگریکردن لە ئیسلام. چونکە بەرگریکردن لە ئیسلام بەرگریکردنە لە موچە و بژێویی ژیانیان. زۆربەی کاتیش بەرگریکردنەکەیان درندانە و ناهاوچەرخانە بووە. یان دەتکوژن یان سکاڵایەکی واهیت لە دژ دەنووسن, کە ئەویش جۆرێکە لە تیرۆر.

مەلاکانی لای ئێمە دژی پێشکەوتن و عەولەمەن. بەڵام ئەگەر ئەو زانست و عەولەمەیە لەخزمەتی خۆیان و دەستکەوتی خۆیاندا بێت ئەوا زۆر باش بەکاری دێنن. بۆ نموونە ئێستا زۆربەی مەلا قورئانخوێنەکان بۆ ئەوەی دەستکەوتی باشتری ببێت, لەگەڵ خۆیدا باترییەکی 12 ڤۆڵتیی ئۆتومبیل و ئەمپریفایەرێك و دوو بەرزگۆی پێیە, هەندێکیان نابیناشن کەچی زۆرباش کار بەو عەولەمەیە دەکەن. هەیانە دوو مۆبایلی پێیە و دژی عەولەمەیە. کەچی ئەوەی جێی سەرسووڕمانە پێیان دەگووترێت زانا!. ئەگەرچی هەموویان کۆبکەیتەوە تەنها باترییەکیان پێ دروست ناکرێت, دیارە باسی ئەمپریفایەرەکە هەرناکەم.

بەدرێژایی ئەو 17 ساڵەی فەرمانڕەوایی پارتی و یەکێتی, نووسەران و رووناکبیران زۆرتر لە دەیان هەزاران نامەی کراوە و سکاڵانامەیان دایە دەست دەسەڵاتی کوردی. ئەو نامە و سکاڵایەی نووسەران زۆربەی هەرە زۆریان بۆ پێشکەوتنی ئەو ئەزموونەی کوردستان و باشترکردنی گوزەرانی ئەنفالکراوان و نەهێشتنی شەڕی ناوخۆ و دادگاییکردنی





فایلداران و گەندەڵان و زۆر دیاردەی تری پەیوەست بەو ئەزموونەی کوردستانەوە بوون, بەڵام دەستەڵاتی کوردی بێدەنگ بوو لەوەڵامدانەوە و بەهەندگرتنی ئەو نامە و سکاڵایانەی نووسەران! کەچی لە ئاست ئەم سکاڵایەی مەلا و ئیسلامییەکانی کوردستان لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنرا بۆ ئەوەی لەمەودووا باشتر دەمکووتی نووسەران بکرێت و مەلا بێکارەکانیش بەردەوام دەستکەوتییان هەبێت و بژین. هێشتاش کاکی مەلا نارازییە و بەدەستەڵاتی کوردی دەڵێت عیلمانی! هێشتاش داوای دروستکردنی مزگەوتی زۆرتر دەکەن! هێشتاش داوای بودجەی زۆرتر بۆ وەزارەتی ئەوقاف دەکەن, چونکە زۆرکردنی ئەو بودجەیە زۆرتربوونی موچەکانیانە! هێشتاش داوای کردنەوەی قوتابخانە و کۆلیژی ئیسلامیی زۆرتر دەکەن. هێشتاش داوای هەڵواسینی دروشمی زۆرتر دەکەن بۆ یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر! هێشتاش هەر نووسەران بە دەججال دەزانن و ملپەڕاندنیان غەزایە..

ئەگەر بەپێی ئەو سکاڵایە دادگاییکردنی نووسەران رەوابێت. ئەی دەبێت ئەو مەلا وتارخوێنە چیی لێبکرێت کە رۆژانی هەینی بیری تیرۆر لە بڵندگۆی مزگەوتەکان بڵاودەکاتەوە و دەڵێت ئەوە پێغەمبەر لە دەرگای هەولێر دەدات و کافرەکان نایەڵن بێتە ژوورەوە!. یان دەڵێت بۆتان هەیە لە ژنێك زۆرترتان هەبێت! یان پێی وایە کە نابێت ئازادی بدرێت بە ئافرەتان تاوەکو تووشی هەڵە نەبن..

دژایەتیی گشتیی نووسەران و رۆشنبیرانی کورد لەدژی ئەو سکاڵایەی مەلاکان, دژایەتیکردنی تیرۆرە. دژایەتیکردنی بێگانەپەرستییە.

**دژایەتیکردنی کلتووری دواکەوتووی عەرەبستانی سعودیەیە..**

**دژایەتیکردنی دووبارە کوژرانەوەی عەبدولخالیق مەعروفێکی ترە.**

---

**ئەم کۆمێنتانە لەسەر ئەم نووسینە نووسرابوون:**

3. ئاسۆ | 2008 -06-23 - 00:00

بە داخە وە کوردستان نت شتی وا بلاو دە کاتە وە

2. موتەلیب سەعید | 2008 -06-21 - 08:07

بەداخەوەزورجار لایەنی حەماسیو کاریکەری بیرورای
جیاوازوالەهەندی کەسیوەك بەریزتان دەكات کەنەتوانن بەیام
ونوسینەكانتانبەشیوەي
ەكی ووردوبابەتی بنوسن،لەبەرئەوەی ووتارولیَ‌دوانەكان لایەنیكی
سوزداریوهەلچونی بیوە دیارە بویەزورجارنوسەر وروزنامەنوسەكان
بیئاكاییانەونوسینەكا
نیان دەردەبرن،بەریزت،بەري
زتدەلییتكەم هەلكەوتوەمەلایەك لەبال ئەركە ئاینیەكەیدا كاریكی
تریكردبیت جكەلەكاری خوزینی وبارەبەیداكردن من
بەبەتودەليَم،ئەیبیاو
انی ئاینیوروشنبیریوەكشي
خ محەمەدی خال ومەلاعەبدولكەریمی مودەریس وماموستاعەلادین
سجادیومەحوی ووەفاییو بیرەمیردومەلاویسالی وجروستانی وونالی
وجەندانی ترلای توبایەخیان نیەیان بەریزت ناوت نەبیستون،ئەی
بەج بیوەرو بنەمایەك قسەلەسەرماموستای ئاینی دەكەیت،كاتیك
مەلایئاینیونیشتمانب
ەروەروروشنبیریكورد
رولیان هەبوە وهەستینەتەوەییان تیدابوە دەیانی وەك توو مەریوان





هەلەبجەیی هیشتالەدنیا
نەبون

1. بیرهینانە وە یک | 2008 -06-15 - 11:14

هە ر بژیت کاگی نوسە ر بو روشنبیریێت بە داخە وە.. عە بدوالواحید
نە بوو بە لکوو
عە بد الخالق مە عروف بو.. لە خو بە زیاد بێت روژنامە ئیلکترونیە
کان هە ر هە مووی لە بە ر گراوی یە کترن..واتە کوپی یە کن.. ماووە
یە ک پیش ئیستا بە گە ردوولیان گرتبوو
لە دوایدا بە شە هادە ئیفتخاریە کە ی کاک نیچیرڤان یان گرتبوو
ئیستاش بە مە لا کانیان گرتووە.. هە ر هە مووی جاولیکە ریە.. سە
رکە ووتو بن هە مولایە کتان

**هەروەها لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت ئەم دژە نووسینەی لەسەر بڵاوکرایەوە:**

**نامەیەکی هاوڕێیانە بۆ هاوڕێ باخەوان ... ئاکام کمال. کوالالمبور_مالیزیا**

June 20, 2008, 00:04:53

هەرچەندە بڕیارم دابوو تاماوەیەك بەهۆی سەرقاڵیم بەکاری خوێندنەوە هیچ نەنووسم، بەڵام وەك کوردێك خوێنەرێکی راستەقینەی ڕۆژنامە ئەلەکترۆنیەکانم، لەم ماوەیەدا چاوم بە چەند نووسینێکی هاوڕێ باخەوان کەوت کە نە لەنزیك نەلەدوور نایناسم بەڵام نووسینەکانی شایەنی گفت و گۆ و لێدوانن، چونکە جەنابی خۆی بەکەسێکی ئەکادیمی دەزانێت و کەسانی ئەکادیمیش پێیان دەوترێت دەسەڵاتی شاراوە، چونکە ئەم جۆرە دەسەڵاتە ئەگەر ئەکادیمی بێت هەڵقوڵاوی کۆمەڵگا و بزوێنەری پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکانە و داڕێژەری تیۆری کۆمەڵگایە بۆ ئایندە و بەرپرسیشە لە مێژووی نەتەوەیەك، هەڵبەت

ئیشی ڕۆشنبیرو کەسایەتی ئەکادیمی ئەوەیە، بۆیە بەباشم زانی وەڵامێکی هاوڕێیانەی بەمەوە بۆ ئەوەی نووسینەکانی بچنە ڕیزی حزمەت کردن بە کۆمەڵگاوە و سوود مەند بن نەك قسەی هەڵەشەی و کاتی بێت و سوودی نەبێت، من تەنها لەسەر چەند خاڵێك قسە دەکەم هەرچەند شایەنی زۆر لێدوان و نووسینی زۆرن:
1-لە نووسینێکیدا زۆر بیباکانە قسە لەسەر مەلا (مامۆستای ئاینی) دەکات و بە چەندین بابەتی جۆراو جۆر تۆمەتباریان دەکات و هیچ جیاوازیك ناکات لە نێوانیانداو بە پارە خۆر و مووچە خۆر و مشە خۆر تۆمەتباریان دەکات، بی ئاگا لەوەی کە مێژووی کورد و زانستی کوردی و مانەوەی کورد بەشێکی گرنگی و زۆری بە تەواوەتی بەستراون بە زانای ئاینییە وەوبە دەرکردنی زانای ئاینی لە مێژووی کوردیدا نە سەرکردە دەبێ و نە زاناو نە ڕۆشنبیر، مەگەر کەسێکی وەك شێخ سعیدی پیران و شێخ محمودی حفید و کاك ئەحمەدی شێخ وەك سەرکردەیەکی رۆحی و سیاسی مەلا نەبوون و کەسایەتی ئاینی نەبوون؟.
بۆ کاك هاوری (مەولەوی و نالی و شێخ عمری بیارە و شێخ عبدالعزیز پاڕەزانی) لە حوجرە و مزگەوتەکاندا نەیاخوێندووەو ڕۆشنبیریەکەیان هی مزگەوتەکان نییە؟ بۆ ئەو کات ئاستی ڕۆشنبیری مزگەوتەکان لە ئاستە باڵاکاندا نەبووە؟، کە ئێستا ئاستی زانکۆ کوردی یەکان لە نزمترین ئاستی جیهانیدایە.
بێگومان درووست کردنی ئەو کەڵە پیاوانەی کە پەروەردەی مزگەوتەکانن ئەستەمە درووست بنەوە و بتوانن هێندەی ئەوان گۆڕانکاری ڕیشەی لە کۆمەڵگادا بکەن، منیش دەڵێم و هەموو پێوویستە هاوڕابین لەسەر ئەوەی کە مامۆستایانی ئاینی پێوویستە ئاوڕێکی زیاتر لە خۆیان بدەنەو و خەریکی زانیاری زیاتر بن و هەندێك بنەمای لاوەکی ژیان و سیاسەتی کوردی ئاقاریان نەگۆڕێت و بەردەوام بن لەسەر زانست، چونکە من و کاك هاوری پێمان خۆش بێت یان نا گوێیان لی دەگیرێت و بەرپرسیاریەتی زۆریان لەسەرە بۆیە ئەوانیش پێویستە لە ئاست ئە بەرپرسیاریوتەدا بن دەنا پێوویست نییە پییان بوترێت مامۆستا،
هەروەها قسە کردن لەسەر مامۆستای ئاینی کە گوایە هیچ ناکەن و تەنها مووچە وەردەگرن و لە تەعزیە و شاییەکاندا پارە وەردەگرن، من جەنابت دڵنیا دەکەمەوە زۆرێك لەوانە درووستکراوی دەسەڵاتن لەلایەك بۆ ناشیرین کردنی دین و لەلایەك بۆ ڕازی کردنی ئەو مرۆڤە پاکانە و درووست کردنی ڕێکخراوێك بۆیان بەناوی (قورئان خوێنانی کوردستان)، باشە ئەگەر مرۆڤێك کوێر بێت لە کوردستاندا چی بکات؟ کی پارەی بۆ سەرف دەکات؟زۆر کات لەناچاریدا پەنا بۆ ئەوە دەبات کە





ئەمانەش لە گەڵ مەلادا جیاوازیان هەیە.
بۆیە مامۆستای ئاینی بەشێکن لە کۆمەڵگای کوردی و نکۆڵیان لی ناکرێت و پێوویستە گوێیان لی ڕابگیرێت یەکێك لە نەخۆشیە کوشندەکانی ئێمە ئەوەیە گوی لەکەس ناگیرێت.
2- لە لە نووسینێکی تری کاك هاوڕی باخەواندا قسە لەسەر ئیسلام وەك دین دەکات و بە کۆمەڵێك نموونەو دەقی دینی پاڵپشتی قسەکانی دەکات بەڵام نووسینی ئەکادیمی زیاتر پێوویستی بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە هەیە و پێوویستی بە قسە و قسە لۆکی سەر پێی نییە جا ئەو نموونانەی وەك دەست پڕین و کوشتن و ژن هێنان و... هتد کە تێکڕا ئەمانە شایەنی گفت و گۆن و بە گەڕانێکی زانستیانە حەقیقەتەکان دەست دەکەوێت، بە ڵام بە تێکڕا ئیسلام دینی خودایەو ڕێگەی ژیان وپێشکەوتن و دادپەروەری تێدایە وە دینی ئیسلام خاوەنی چەندین خوێندنگەی جۆراو جۆرە لە بوارەکانی (پەرستن و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و یاسای خێزانی و کۆمەڵایەتی ویاسایی و ئابووری و کاروباری ڕامیاری و زانستیو فیکرو بیر و پەروەردەکردن و پەیوەندیەکانی کۆمەڵگا و تاك و گەل و دەوڵەت و یاسای ئاشتی و جەنگ... ) وە لەبواری زانست و سەردەمی نوێشدا ئیسلام پەروەردەو رێنمای خۆی بۆ ژیان بە فیلمی (فیتنە) ناپێورێت.
جا قسە کردن لەسەر ئیسلام بەو شێوازە لە کۆمەڵگای کوردیدا تاڕادەیەك بابەت گەلێکی دووبارەو کۆنن زیاتر لە شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا باس دەکرا وە ئێستەش بەهۆی کۆچی گەلانی موسولمان بۆ ئەوروپا بەتایبەتی لە ئەوروپا باس دەکرێت و لە کوردوستان لی دەدرێتەوە و بنەماکانی بیری (فیورباخ و مارکس و فیلمی فیتنە) لە کۆمەڵگای ئێمەدا کۆن بووە، چونکە ئیسلام لە بەرزترین شێوەدا چارەسەری ئەوانەی کردووەو لە جوانتریت نیگاردا وێنەی کێشاون و پێوویستە لێکۆڵێنەوەی لەسەر بکرێت، من جەنابت دڵنیا دەکەمەوە کە لەزۆرێك لە کۆمەڵگادا دیراسەی زانستی ئیسلام دەکرێت، بۆ نموونە لە مالیزیا دا (زانکۆی نێودەوڵەتی ئیسلامی مالیزی) (IIUM) کە زیاتر لە 26هەزار خوێندکاری هەیە و نیوەی زیاتری لە ئەوروپاو ئەمەریکاوە هاتوون بۆ دیراسەکردنی ئیسلام و بنەماکانی و کۆمەڵگای ئێمەش پێوویستە بیر لەو ڕۆشنبیریە بکاتەوەو وەلای نەخات تا بیبەش نەبێت لەو خزمەتەی کە ئیسلام بەگەلانی دەکات.
3- برای بەڕێز کاك هاوڕی ئەگەر تۆ بەتەنگ خزمەتکردن بە کورد و کوردەواری ومێژوو ڕۆشنبیری کردیت ئەوا بواری دیکە هەیە هەڵبژێرە بۆ خزمەت کردن چونکە ئەو بوار گەلەی جەنابت خزمەت بە ئەدەب و بیری کوردی ناکات و نەك بەرد ناکاتە سەر بەرد بەڵکو بەردە هەڵچنراواکانیش دەشکێنێت، تۆ خۆت بە کەسێکی ئەکادیمی

دادەنێیت، کۆمەڵگای کوردی ئێستە زیاد لە هەموو کات پێویستی بە خزمەت کردنی هەموو لایەك هەیە و دینەکانیش دینی کۆمەڵگای کوردین و ڕیز گرتنیان ڕێزە لە کۆمەڵگای کوردی، کوردستان پێویستی بە ڕێزی بەرامبەرو زانست و زانیاری و خزمەت هەیە، کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە دەست لەناو دەستی سەرجەم بزاڤ و ڕێکخرا و فیکرو ئادیا جۆر بە جۆرەکان هەیە، بۆ ئەوەی لەو پاشکۆیەتی و بی ئومێدی و دواکەوتنە دەری بهێنین و بیکەینە کۆمەڵگایەکی شکۆمەند و سەربڵند و پێشکەوتوو، کۆمەڵگاکەمان تێر بووە لە توند و تیژی و خوێن وکەپت کردن پێویستە پێکەوە لەو فەوزایە دەریبهێنن و هەموومان بەرپرسیارین بەرامبەری.

**هەروەها لەسەر ماڵپەڕی جودیش ئەم دژە وتارەی لەسەر بڵاوکرایەوە:**

## وەڵامێک بۆ بابەتی"سکاڵای مەلاکان بۆ گیرفانیانە" زرنگ هەورامی

2008 / 6 / 23

ماوەیەک لەمەوربەر لە سایتی کوردستان نێتدا بابەتێک نوسرابوو لە ژێر نانویشانی سکاڵای مەلاکان بۆ گیرفانیانە، لە نوسینی هاورێ باخەوان ، حەز دەکەم سەرەتا ئاماژە بە رۆڵی گەورەی زانایانی ئاینی کوردستان بکەم و بە داخەوە نوسەر ناحەقی ناگرم چونکە بەرێزی لە کوردستان نییە و فیشەک بە تاریکیەوە دەنێت و رۆڵی زانایان لە کوردستاندا نازانێت کە چۆن بەدەم هاوڵاتیانەوەن و چ کاریگەرییەکیان هەبووە لەسەر ئەمنیەت و ئاسایشی وڵات. هەموومان دەزانین خەڵکی مسوڵمان لە سەرتایی لە دایکبوونییەوە هەتا مردن بە هەموو شێوازێک پێویستیان بە زانایان هەیە و مامۆستایانی ئاینی هەر بەدەم هاوڵاتیانی کوردستانەوەن جگە لە تەلەفۆن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی بینراو بیستراو نوسراوەوە، بەردەوام خەریکی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی هاوڵاتیانن، ئەوە جگەلەوەی لەسەردەمی ڕژێمی بەعس هیچ شتێک بۆ زانایانی ئاینی ڕەوا نەبوو تەنانەت کاتی وەرگرتنی موچەی مانگانەش کام پارەیەی زۆر دڕاو خراپ نەبووایە نەدەدرا بە مەلاکان. نازانم ئەو بەرێزە لە دەرەوەی عێراق بە چ جورئەتێکەوە ئەو بابەتەی نوسی و لە چ ویژدانێکەوە توانی ناحەقی بنوێنێ، ئەو ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە، کە زانایانی ئاینی سکاڵاکەیان بۆ گیرفانی خۆیانە منیش دەڵێم لە بێ خەبەران کەشکە سلاوات ،





زانایانی ئاینی هەوڵی ئەوە دەدەن چاکسازی لە وڵاتدا بکەن بە شێوەیەک هاوڵاتیان پەروەردە دەکەن بۆ خۆشەویستی نیشتمان و خاک فتوایی ئەوان بوو خەڵێکی زۆر لە کوردستان سنگیان کرد بە قەڵغان و بوون بە شەهید لە پێناو ئەمڕۆی ئازادی کوردستاندا، زانایانی ئاینی لەو کەسانەنین کە هاوڵاتیان سەر ببرن چونکە ئەوان میراتگری پێغەمبەرن ( ێ ) بەداخەوە کاکە هاورێ کە بەرێزت ئاوا بەو میراتگرانە دەڵێیت بەڵام من ئەوە بە هەڵە دەزانم کە بەرێزت وەکو رۆشنبیرێک ئاوا بە یەک لایەن بریاردەدەیت.
پێویستە سەیری ڕابردوو بکەیت و شیش و کەباب پێکەوە نەسوتێنی زانایانیش بە مافێکی خۆیانی دەزانن وەک هەموو چین و توێژێکی تر سوکایەتی و دژایەتیان پێ نەکرێت چونکە لە بەرامبەردا بێدەنگ نابن و خاوەنی زۆرترین جەماوەری خۆیانن، بۆیە بەرێزەکەم من لێرەوە ئەوە بیر جەنابت دەهێنمەوە کە راستە لە هەموو شوێنێک باش و خراپ هەیە،بەڵام زانایان ئەو کەسە نین وەک جەنابت باسیان دەکەیت

تێبینی: ئەم بابەتەم چوار جار ناردووە بۆ سایتی کوردستان نێت بەڵام بڵاویان نەکردەوە بۆیە بریارمدا بینێرم بۆ جودی نیوز سوپاستان دەکەم ئەگەر ئێوەش بۆم بڵاو بکەنەوە.

# لە هۆڵی "پێشەوا" یادی تاوانەکانی خومەینی کرایەوە![1]

**لاهای – هۆڵندا**
2008-06-10

رۆژی 2008-06-03 کونسوڵخانەی داگیرکەری ئێران لە هەولێر و لە هۆڵی پێشەوا یادی 19هەمین ساڵڕۆژی مردنی خومەینیی کوردکوژی کردەوە. لەو یادەدا کۆمەڵێك بەرپرسی خۆشمان ئامادەبوون و بە "ئاغا ئاغا" کونسوڵخانەی داگیرکەری ئێرانیان "خۆشئامەد"ی دەکرد! و لەگەڵیاندا فاتیحای بەڕەحمیان بۆ ئەو کوردکوژە دەنارد و لە ئیمام کالێتریان پێ نەدەگووت!.

هەڵبەت من نازانم ئەو بەرپرسانە کێن و سەربە چ گەندەڵخانەیەك بوون! بەڵام ئەوەی زۆر لێی دڵنیام, بۆ من چەند بەرپرسێکی گەندەڵ بوون ئەگەرچی حیزبەکەیان لەمسەری چەپ و عیلمانییەوە بێت تاوەکو دەگاتە ئەوسەری ئیسلامی و بنەماڵەیی و خێڵایەتی. چونکە بەو پێوەرەی کە ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان کاری پێدەکرێت, زۆرینەی هەرەزۆری لێپرسراو واتە کەسێکی پیری گەندەڵی دەوڵەمەند کە گوێ بەهیچ بەها مرۆیی و نەتەوەییەکانی کوردستان نادات! ئیتر ئایا ئەو لێپرسراوە سەربە هەر لایەنێك بێت.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2008-06-14





لێرەدا دەمەوێت ئەوە بەبیر ئەو لێپرسراوانە بهێنمەوە کە ئەو دڕندەیەی بەشدارییان لە ساڵڕۆژی مردنەکەیدا کردووە کەسێکی کوردکوژە, ئەو کەسە بوو کە پاش شۆڕشی ئێران دەستەیەکی هەڵبژاردەی کورد چوونە لای بۆ قوم بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی کورد, ئەویش لەوەڵامدا کتێبی قورئانی پیشاندان و وتی چی لەم قورئانەدا هەبێت ئێمە دەیچەسپێنین. دیارە لە قورئانیشدا نەنووسراوە "خودموختاری بۆ کوردستان"!.

ئەو کوردکوژە ئەوەبوو کە خەڵخاڵیی بەردایە گیانی کوردەکانی ئەودیو و کەس نازانێت کە لە ماوەیەکی کورتدا تەنها لە شاری سنە چەند کوژران و چەندیش گوولەباران کران!.



دیمەنێکی کوردکوژیی خومەینی لە شاری سنە

ئەو کوردکوژە ئەوەبوو کە قەسابخانەی گوندیی "قارنێ"ی دروستکرد و زۆرتر لە سەد مرۆڤی بێتاوانی کوردی لە ماوەی تەنها سێ کاژێردا کوشت.



دیمەنێکی کوردکوژیی خومەینی لە گوندی قارنێ

ناکرێت هەموو تاوانەکانی ئەو تاوانبارە لێرەدا بەکرۆنۆلۆژیا بکەم و لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم کە ئەو هۆڵەی ئەو یادەی تێداکرایەوە ناوی پێشەوا بوو و بەناوی قازی محەمەدەوە ناونراوە. ئەو سەرۆککۆمارەی کوردستان هەربە هەمان بیری خومەینیی کوردکوژ لەسێدارەدرا و لەسەردەمی خومەینیی کوردکوژیشدا کێلی گۆڕەکەی شکێنرا و سووکایەتیی پێکرا. بەڵام باوەڕناکەم ئەو لەسێدارەدان و سووکایەتییەی ئەوان هێندەی ئەو یادکرنەوەیەی ئێوە لە هۆڵەکەیدا ناشرین بێت!.







وێنەی پێشەوا, ئەوکەسەی کە ئەو هۆڵەی شاری هەولێری بەناوەنراوە و ئەوکەسەشی بەهەمان پەت و بیری کوردکوژێکی وەك خومەینی لەسێدارەدرا

بەو رەفتارەتان جارێکی تر لاوانی سنەتان گوولەباران کردەوە, جارێکی تر گوندی قارنێتان لەخوێندا خەڵتان کردەوە, جارێکی تریش پێشەواتان لەداردایەوە.

ئێوە هێڵێکی سووری تری ئێمەتان تێپەڕاند و خستانە سەر ئەو سەدان و هەزاران هێڵی سوورەی تر. ئێمەتان ئەوەندەی تر لای

داگیرکەری ئێرانی سووکتر کرد. ئەوەندەی تر بە ساویلکەمان دەزانن چونکە ئەوان زۆرباش دەزانن بۆچی لەیادێکی واهی شوێنێکی واهی و هۆڵی پێشەوا هەڵدەبژێرن. ئەوان دەزانن چۆن سیاسەت دەکەن بەڵام ئێوە فرتان بەسەرییەوە نییە. ئەوان دەزانن چۆن ڕێزی خۆیان و سنوور و دەوڵەت و پیرۆزییەکانیان بگرن, بەڵام ئێوە نایزانن. ئەوان دەزانن چۆن سووکتان دەکەن و لەلایەك تۆپبارانی ناوچە سنووریەکانمان دەکەن و لەلایەکیش لە پایتەخت و لە هۆڵی پێشەوا سووکایەتی بە پیرۆزییەکانمان دەکەن و یادی رابەرەکەیان دەکەنەوە !.





# سزای شەرعیی ناو سکاڵای مەلاکان بەم شێوەیەیە![1]

لاهای – هۆڵندا

2008-06-06



سزادانی دزێك لە عەرەبستانی سعودی بەبڕینەوەی دەستی

لە ساڵی هەشتاکاندا کە لە موسڵ یاسام دەخوێند, دوو وانەمان هەبوو زۆر وشك و قورس بوون, ئەوانیش شەریعەتی ئیسلام و فیقهی

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2008-06-18
ڕۆژنامەی ڕووداو – ژمارە 12ی ڕۆژی 2008-06-23 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.

ئیسلامی بوون. ئەم دوو مادەیە وەك بنچینەیەك وابوون بۆ یاساکانی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان. بەڕادەیەك زۆرینەی یاساکانی کاروباری کۆمەڵایەتی, یاسای سزاکان, یاسا مەدەنییەکان و زۆری تر بە ئایەت و حەدیس و ئیجماعی ئەو شەریعەت و فیقهەوە بەسرابوونەوە.

مامۆستاکەشمان کابرایەکی زۆر ناقۆڵا بوو و من لە پۆلی سێ و چواری یاسادا ناچار بووم هەردوو تاقیکردنەوەی شەریعە و فیقهی ئیسلامی لە خولی دووەمدا دووبارە بکەمەوە چونکە لە خولی یەکەمدا تێیاندا دەرنەچووم. کێشەی من لەگەڵ ئەو دوو مادەیەدا ئەوە بوو کە دەبووایە وەڵامی رەها (موتڵەق) بۆ پرسیارەکان بدرێتەوە و بۆ هەر حوکمێکیش دەبووایە ئایەتێکی قورئان یان حەدیسێکی موحەمەد یان ئیجماعێکی مەلاکان یان فەتوایەکت بۆ بهێنایەتەوە. کێشەیەکی تریش نووسینەوەی وەڵامەکان بوو و ئەگەر لە دیکتەکەشیدا (ئیملا) هەڵەت بکردابا, ئەوا بەهەڵە دەژمێردرا. بەواتای, لۆژیکی خۆت و خەڵکانی تر نەیدەخوارد.

بۆ نموونە ئەگەر پرسیارەکە لەسەر دزی بهاتایەتەوە و داوای ئەوەیبکردایە ئایا حوکمی شەرعی لە دژی دزان چییە؟. تۆ دەبووایە قەسابخانەیەکت لەسەر پەڕەی تاقیکردنەوەکەت دروستبکردایە و بتنووسییایە (والسارق والسارقة فاقطعوا أيديهما)! و ئەو ناوەت هەمووی بکردایە بەگۆمی خوێن! ئنجا دە لەسەر دەت وەردەگرت! بەڵام ئەگەر بتنووسیایە دەبێت بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونیی دزەکە باش بتۆژرێتەوە تاوەکو بزانرێت بۆچی ئەو دزییەی





کردووە و پاشان هەوڵی چاکسازیی بدرێت و هەوڵبدرێت تێکەڵی کۆمەڵگە بکرێتەوە و کارێکی بۆ بدۆزرێتەوە تاوەکو جارێکی تر دزی نەکات! ئەوا سفری رووتت وەردەگرت.

هەندێك لەو سزا شەرعییانەی کە کاتی خۆی لە کۆلێژی یاسا خوێندوومە و لەبیرم ماوە ئەمانەن:

- والسارق والسارقة فاقطعوا أيديهما (دز چ پیاو بێت یان ژن هەردوو دەستی ببڕنەوە)
- الزانية والزاني فاجلدوا كل واحد منهما مائة جلدة (سەد جەڵدە لە گانکەر و گاندەر بدەن)
- من بدل دينه فاقتلوه (ئەوەی ئایینەکەی گۆڕی بیکوژن – ئەمەیان پێموابێت هی خودی موحەمەدە)
- يا أيها الذين آمنوا كتب عليكم القصاص في القتلى (ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە لە کوشتندا قەساستان لەسەرە – واتە مامەڵەی بەرامبەر بۆنموونە ئەوەی کەسێك بکوژێت دەکوژرێتەوە)
- من اعتدى عليكم فاعتدوا عليه بمثل مااعتدى عليكم (ئەوەی تەعەدای لێکردن ئێوەش بەهەمان شێوە تەعەدای لێبکەنەوە)

ئەوە ئەو قەسابخانانەیە کە سکاڵای مەلا کوردەکان داوای دەکات بۆ نووسەران و رووناکبیران. هەڵبەت زۆر حوکمی تریش هەیە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان دەبێت سزا بۆ مرۆڤایەتی و سووکایەتییەکی گەورەیە بە ژنان لەوانە:

- فللذکر مثل حظ الأنثیین (نێرێك هێندەی دوو مێیە – ئەم حوکمە بۆ میراتی و گەواهی لە ئیسلامدا بەکاردێت و ژن دەبێتە نیوەی پیاو. یان بە دوو ژن ئنجا پیاوێك تەواو دەکەن)
- فانکحوا ماطاب لکم من النساء مثنی و ثلاث و رباع (نیکاح, بەواتای گان دێت, واتە: بەئارەزووی خۆتان ژنان بگێن, دوو دوو, سێ سێ یان چوار چوار!)

ئەمانە بەراستی ئەوپەڕی سوکایەتیکردنە بە مرۆڤایەتی.

هەر لەمەوە دەبێت ئەو سزا شەرعییەی کە بۆ نووسەران دانراوە کوشتن بێت, چونکە موحەمەد وتوویەتی: ئەوەی ئایینەکەی گۆڕی بیکوژن. ئەو نووسەرانەش بەهۆی رەخنەکانیانەوە دەچنە چوارچێوەی هەڵگەرانەوەوە لە ئایینی ئیسلامدا و پێیان دەگووترێت مورتەد.

ئەگەر واش نەبوو و نووسەران و رۆشنبیران بەخت یاریان بوو, ئەوا دەبێت لچ و لێو بکرێن و زمانیان بقرێنرێت و هەر دە پەنجەکەشیان ببڕدرێتەوە. چونکە ئەمە حوکمێکی شەرعییە و لەسەر بنەمای قەساسەوە سەرچاوەی گرتووە. لەبەر ئەوەی رەخنەکانیان یان بە





ئۆڕاڵی کردووە لە رێگای دەمەوە و زمان و لچ و لێو تێیدا تاوانبارن! یان بەهۆی نووسینەوە دەبێت, ئەگەر ئەو نووسەرە راستنووس بوو ئەوا پەنجەکانی دەستی راستی ببڕدرێنەوە. ئەگەر چەپنووسیش بوون ئەوا پەنجەکانی دەستی چەپیان ببڕدرێنەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا زۆرینەی نووسەران بەکیبۆردی کۆمپیوتەر دەنووسن و هەردوو دەستی تێدا بەکاردێنن! دەبێت هەردوو دەستیان یان بەلایەنی کەمەوە هەر دە پەنجەکانیان ببڕدرێنەوە.

---

ئەم کۆمێنتانە لەسەر ئەم نووسینە نووسرابوون:

**4.** هیوا | 2008 -06-22 - 23:40

کاکییاخە وان کاتیك بڵندگۆ بە کار هاتوە باسی عە ولە مە لە ئارادا نە بوو !!!
باشە بۆ ڕێگەتدا مەلا لە سە ر قە بری بابت بخوینێت و 50 هە زار دیناریشی بدە نآ؟
ئە گەر مەلا یان موسڵمان کار بۆ پارە بکە ن لەبارەگای حزب و حوکمە تدا باشتریان دەست دە کە وێت نە ك لە مزگەوتدا.
گەر ئاینی ئیسلام وەك تۆ دەڵێیت بۆ پارە بوایە دەبو پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) ڕازی بوایە واز لە دینەکەی بێنێت کاتێك عەرەبە قورەیشەکان وتیان دەتکەین بە دەوڵەمەند ترین کەس ...!
بەنوسینەکەتدا دیار کە نەهیچ لە مێژوو نە هیچ لە ئیسلام دەزانیت.
ئە گینا دەتزانی ئیسلام لەسەرتاوە بە ئیستاشەوە لەلایەن عەرەبی نەفامو نەزانەوە دژایەتی دەکرێت.

**3.** اردشیر شۆرش | 2008 -06-18 - 22:40

سلاَو و ريٍَز و خؤشةويستى:
دةستةكانت خؤش هاوريِ باخةوان، زانيارِيةكان و بؤضوونة جوانةكةت بةسوود بوون هيواى بةردةوامى و سةركةوتنت بؤ دةخوازم لة ئاهورامةزدا دةباريٍَمةوة نةتةوةى كوردمان دلسؤزى وةك بةريٍَزتان زياتربيٍَت. دووبارة دةستةكانت خؤش.

**2.** ريبوار | 18-06- 2008 - 13:14

(سةد خؤزكة بة سعودية)

ئةى بؤ نالَيٍَى كابرايةكى تةمبةل بووم و هةموو سالى بة خولى دووةم بة هةزار حال دةردةجووم؟
برالة: تؤ دةبيت دزو بياو كوز بيت يان دةبيت شةريكيان بيت, بؤية بيت ناخؤشة سزا بةسةر دزو بياوكوزاندا بجةسبينرى! ئةكةرنا لة هةموو دونيا ئةو جؤرة تاوانانة سزايان هةية, ج لة مةسةلةكة دةكورى ئةكةر مروفيك بكوزى بة كورسى كارةبايى يان بة بةتى سيدارة يان بة فيشةك؟
كاكى خؤم ئيمة لة كوردستان كرفتى ئةوةمان نيية كة دزى زور دةستى براوةو ئةوانةى بةسود وةركرتن لة داهاتى ئةم ميللةتة شةرةفى خةلكى ئةتك دةكةن بة بارة زؤريان لى جةلدةباران كراوة, ئيمة كرفتى ئةوةمان نيية كة ئةوانةى بياو دةكوزن بكوزرينةوة زور زورن و خةريكة ميللةتةكةمان قر دةبى.
بةلكو كرفتى ئيمة ئةوةية نة دز نة نة جةتة نة شةروال بيس نة جاش نة خؤ فرؤش نة نة بياو كوز هيجيان هيج سزايةك نايانكريتةوة لة بةريزةكانن....
كاكى خؤم من وةك كورديكى دانيشتوى كوردستان نةوةكو (ئةوروبا حةياتةكةى ئيوة!) تةمةننا ئةكةم ياساكانى سعوديية بؤ ئةم هةمووة دزو جةتةو شةروال بيس و بياو كوزانة بةكاربهينراية، بةخوا حالمان لة ئيستةى زير دةستى ئةم ستةمى عةلمانييانةى كوردستان زور باشتر بوو. تؤش لة خةيالى خؤتا بيكى لة عارةقةكةت بدةو هةر لة





ورينة واز مةهينة... تؤ كة جنيو بة ئيسلام ئةدةى يانى جنيوت بة لايةنى كةمةوة بة ويزدان و ئاينى 3 مليون كورد داوة.

**1.** كةيوان سةعيد | 18-06- 2008 - 08:43

salw kak hawre dast xosh baraste babteke jwana balam
le hoshyar bkretawa.. dast xosh ama hangaweke  zyatr xalke
eslamem... hawl  zor basha... mnesh darchue amadaee
dadam hane run krdnawa lasar feqhe eslame bnusm
xosh dubara dast
kaiwan - slemane

لەبەرتەکی ئەم بابەتەمدا کەسێك بەناوی تاریق مەلا تاهیر لە 27-06-2008 ئەم بابەتی بۆ ناردم, پاشان لە ڕۆژی 02-07-2008 هەمان بابەتی لە کوردستان نێتدا بەدەستکارییەوە بڵاوکردەوە:

## تكايه به پێخواسی بەناو ئیسلام مەکەون

وەڵامێك بۆ كاك هاوڕێ باغەوان و هەموو ئەو کەسانەی کە بە هەڵە لە ئیسلام حاڵی بوونە

تاريق مەلا تاهیر

به پێخواسی بەناو کەتن و گولله به تاریکی وەنان بووەتە دیاردەیەك و مۆدیلێك لە ناو هەندێ کەس کە خۆیان بە ڕۆشنبیر دەزانن، كاك هاوڕێ باغەوان لە بابەتێکیدا بەناوی (سزای شەرعی ناو سکاڵای مەلاکان)، لە هەفتەنامەی (ڕووداو) دا، لە ژمارە (12) 2008/6/23

دا، زۆر بە پێخواسی بەناو ئیسلام و حوکمە شەرعیەکانی کەوتووە، بێ ئەوەی بزانێ راڤەیەکی جوانیان بکاو لێیان حاڵی ببێ، جا هەرچەندە من وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆم بڕوام بە تەشهیر نیە و کەس لەکەدار ناکەم و هەڕەشەش لەکەس ناکەم، بەڵام وەڵامی زانستیانە و ئەدەبیانە شتێکی شەرعیە، لێرەدا بۆ ئەوەی خۆی و خەڵکانی تر بە هەڵە لە ئیسلام حاڵی نەبن و خەڵکان لە خشتە نەبەن، پێش ئەوەی باسی سزا شەرعیەکان بکەن لە ئیسلامدا، دەبێ شارەزای چەند راستیەك بن:

ئایینی پیرۆزی ئیسلام پێش ئەوەی سزاکان بچەسپێنێ، مافەکان دابین دەکات، بۆ نمونە پێش ئەوەی دەستەکان ببڕێت زگەکان تێر دەکات و هەموو رێگاکانی تاوان بنەبڕ دەکات بە شێوەیەك کە ئەگەر کەسێك تاوانی کرد هیچ بەهانەیەکی نەبێت، وەك هەژاری و نەداری و برسێتی و بێ کاری و، یان ستەم لێکراوی، یان هەر شتێکی تر، پاشان وا مەزانە کە ئیسلام یەکسەر سزاکان دەچەسپێنێ و بەدیدی جەنابت قەسابخانە بۆ خەڵك دادەنێ، نەخێر بەڵکو بەرەچاو کردنی پلە پلەی و بە هێمنی و بە چەند قۆناغێك ئەو لادانە راست دەکرێتەوە، ئینجا سزاکانی ئیسلام بۆ پاراستنی پێنج یان شەش شتی گرنگن کە هەموو کەس داوای پاراستنی دەکات ئەویش ئەمانەن ((دین، ژین، ژیری، رەچەڵەك، نامووس، ماڵ و سامان))...

بەڵی/ خوای گەورە بۆ پاراستنی دین و خاك و نیشتمان، بەرگری کردنی بە ئەرك لە سەر موسڵمانان داناوە، بۆ پاراستنی گیان و ئاسوودەیی و ئارامی خەڵك، تۆڵەی داناوە، هەروەکو وەرگرتنی خوێن و





چاو پۆشینیشی داناوە، بۆ پاراستنی عەقڵ و ژیری مرۆڤ، عەرەق و هەموو جۆرە ماددەکی بێ هۆشکەری حەرام کردووە، بۆ پاراستنی ماڵ و سامانی خەڵك، دزی و خواردنی ماڵی خەڵك بەناهەق و زێدەڕۆیی قەدەغە کردووە و ...هتد، هەروەکو سزای دەست بڕینیشی بۆ دز داناوە، بۆ پاراستنی نامووس و رەچەڵەکی خەڵك، هاوسەرگیری شەرعی داناوە و، زیناو داوێن پیسیشی قەدەغە کردووە، هەروەکو سزاشی بۆ زیناکاران داناوە... ، ئەمان پێیان دەگوترێ زەروریات کە پێویستە هەموو تاکێك و گەلێك پارێزگاریان لێ بکات...

ئینجا ئەم سزایانە جێبەجێ ناکرێ، پێش ئەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری کەسەکە نەزاندرێ و توێژینەوەی لەسەر نەکرێ، تاوەکو بزاندرێت بۆچی ئەو دزیە یان ئەو زینایەی کردووە، بەڵگەی ئەم قسەشم بە دوو نمونە دەهێنمەوە:

1ـ لەسەردەمی پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب ((رەزای خودای لێبێت)) لە ساڵی گرانیدا (عام المجاعە) دا سزای دەست بڕینی هەڵگرت و گوتی: بەیت و ماڵێك کە نەتوانێ ژیانی خەڵك دابین بکات و کاریان بۆ بدۆزێتەوە، بۆ دەستیان ببڕێت؟.

2ـ هە لە سەردەمی پێشەوا عومەردا جارێکیان ژنێکیان هێنا بۆ لای بۆ ئەوەی (حد) ی رەجمی لێدەر بکا، ئەویش پرسیاری کرد دەرکەوت ژنەکە زۆر تێنی بووە و داوای ئاوی لەشوانەك کردووە شوانەکەش ئاوی نەداوەتێ و، داوای لێکردووە ئاو بەزینا، ژنەکەش رازی بووە جا ئاوەکەی خواردۆتەوە، ئیمامی عومەر راوێژی بە دانیشتوان کرد، ئایا

ڕەجمی بکات؟ ئیمامی عەلی فەرمووی: ئەو ژنە ناچاربووە، بە بۆچوونی من وازی لێ بهێندرێ، ئیمامی عومەریش قسەکەی پەسند کرد و وازی لێ هێنا))(1).

لێرەدا چەند شتێکمان بۆ دەردەکەوێ، لە نمونەی یەکەمدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ لە حوکمی ئیسلامدا پێش ئەوەی سزای دەست بڕین جێبەجێ بکرێ، دەبێ دەوڵەت ژیانی خەڵك ئاسوودە بکات و کار بۆ بێ کاران بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی کەس لە ناچاری دزی نەکا.

لە نمونەی دووەمدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دەبێ ڕەچاوی بارودۆخی زیناکەرەکە بکرێ، ئایا بە ناچاری ئەو زینایەی کردووە؟، ئایا زۆری لێکراوە؟، چ جای ئەوەی کە دەبێ چوار شاهێدیش هەبێ و هەر چواریش ببینن و، هیچ گومانیشی تێدا نەبێ، پاشان یاسایەکی فیقهیمان هەیە دەڵێ: (إدرؤا الحدود بالشبهات)، واتە: سزاکان بە گومان لا ببەن و لەکاری بێخن، ئەوەش لە ڕەوشت و کردەوەی پێغەمبەری خودا ((درودی خوای لەسەر بێت)) وەرگیراوە کە بابای زیناکەر بە ژن و پیاوەوە بێ ئەوەی زۆریان لێبکرێ، دەهاتنە لای پێغەمبەری و دانیان دەنا بە تاوانەکەیان، کەچی پێغەمبەر ((درودی خوای لەسەر بێت)) هەنجەت و بیانووی بۆ دەدیتنەوە و دەیفەرموو: ڕەنگە ماچت کردبێ، ڕەنگە دەستت لێدابێ، ئەوەش بۆ ئەوە بووە تا سزاکەیان لەسەر جێبەجێ نەکات و پەشێمان ببنەوە لە تاوانەکەیان و تەوبە بکەن، ئینجا

(1) {رواه البيهقي في سننه الكبرى 236/8، (16827)، والحديث صححه الألباني في إرواء الغليل 341/7}.





سەرباری ئەمانە پێش ئەوەی سزای زینا جێبەجێ بکرێ، دەوڵەت دەبێ کار ئاسانی بۆ گەنج و لاوەکان بکا بۆ ئەوەی هاوسەرگیری پێك بهێنن، هەر لە یەکەی نیشتەجێبوون و سلفەی خانووبەرە و ...هتد، وە ڕێگاکانی بەدرەوشتی و داوێن پیسی بنەبڕ بکات، وە کێشەی ئەو ئافرەتانە چارەسەر بکا کە ماونەتەوە و شوویان نەکردووە، یان مێردیان نەماوە، یان تەڵاق دراون، بۆ ئەوەی بیر لە داوێن پیسی نەکەنەوە و ژیانی هاوسەرگیری پێك بهێنن...

ئینجا کاك هاوڕێ لە دوای هەموو ئەمانە بۆ بە چاوێکی دادپەروەرانە تەماشای سەردەمی پێغەمبەر و ((درودی خوای لەسەر بێت)) و چوار جێنشینەکانی ناکەی؟، بۆ ئەوەی بزانی لە ژێر سایەی ئیسلامدا چەند کەس دەستیان بڕاوە؟، چەند کەس سزای زینایان لەسەر جێبەجێ کراوە؟، بێگومان ژمارەیەکی زۆر کەم کە بە پەنجەی دەستان دەژمێردرێن، خەڵك ئەگەر تێر بێ و ژیانی خۆش بێ، بۆ دزی دەکا؟، ئەگەر بە ئاسانی و بێ گرفت ژن بێنێ و ئافرەتیش شوو بکات، بۆ زینا دەکەن؟.

لە کۆتاییدا هیوادارم شارەزابە لە شتێك ئینجا قسەی لەسەر بکە، تۆ و هاو وێنەی تۆ بۆ ڕەخنە لەو دەسەڵاتە ناگرن کە بە درێژایی تەمەنی هەزارەها کەس لە ژێر دەسەڵاتی خەڵتانی خوێن کراوە؟، هەزارەها ئافرەت بێ تاوان بە بلووك سەریان پان کراوەتەوە و بە گوللە کوژراون، تا ئێستاش تاوانبارانیان دەستگیر نەکردووە؟، چەندەها کەس تووشی گەندەڵی بوونە و تا دوا هەناسەیان واز لە کورسیەکەیان ناهێنن، کەچی

داوای زیادکردنی مووچەکەیان دەکەن و لە خەڵکیش زیاتر لە دەسەڵات ڕازی نینە ... هتد، بەڵام ئێوە دێن فس فس پاڵەوان هەر ڕووداوێك ڕوودەدا نەك هەر لە کوردستان، بەڵکو لە بنی دونیا یەکسەر ئۆباڵی تاوانەکەی دەدەنە پاڵ ئیسلام و خۆتان لە ڕاستیەکان دەشارنەوە، وای لێهاتووە کەستەکێك لە ئاسمان بەر بێتەوە و بەسەری یەکێك بکەوێ، دەست دەکەن بە تانەو تەشەر لە ئیسلام و زانایانی ئیسلام، کەچی لە لایەکی تریشەوە ڕۆژانە بە هەزارەها موسڵمان خوێنی بە ناهەق بڕژێ و، بە هەزارەها ئافرەتی موسڵمان دەست ڕێژی سێکسی بکرێتە سەر، ئێوە نوقەتان لێوە نایێ، کەچی باسی مافەکان و ئازادی ئافرەتان دەکەن و، ڕەخنە لە دابەشکردنی میرات دەگرن لە ئیسلامدا، ئەوە دەبی بڵێین: (بانێکەو پەنجا هەوا).

چەندەها ملیۆن کەس بە دەستی وڵاتە زلهێزەکانی دونیا لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و جەنگەکانی تر خوێنیان بە ناڕەوا ڕژا و تا ئێستاش ژینگەی وڵاتانیان تێك داوە و بوونەتە مەترسیەکی گەورە لەسەر ژیانی خەڵك، ئێوە باسی ناکەن، کەچی دێن ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن بەوەی کە سزای بۆ دزی و داوێن پیسی و... داناوە، ڕەخنەکەشتان ئەگەر لە جێی خۆی بایە بەسەر چاوان، بەڵام نەك هەر لە جێی خۆی نیە، بەڵکو ئێوە لە دژی شتێك قسان دەکەن کە خوای گەورە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکان دایناوە، چونکە بەخۆی مرۆڤی دروست کردووە و لە ئێوە باشتر مرۆڤ دەناسێ، ئیتر خۆتان خەریك مەکەن بە شتێك کە شارەزاییتان لێ نیە و بە پێخواسی بەناو شتەکان مەکەون...





2008/6/25

---

**لە کوردستان نێتدا ئەم چەند کۆمێنتە لەسەر ئەم وتارە نووسرا:**

**3.** فاتیح | 04-07- 2008 - 14:45

ده باشه کاکه تاریق ئەمە هەمو جوابە فەلسەفیە دینیەکەی تۆ بوو؟من تەنها دێڕێک لە نوسینەکەی تۆ بەڕاست ئەزانم ئەویش [بەردێک لە ئاسمان بکەوێتە خوارەوە بۆ نەهامەتی دەستی ئیسلامی تێدایە] ئەمە ڕاستییە نەک خەڵکی ئیسلام تاوان بار ئەکات. زۆرم پێسەیرە تۆ بەجنێوو هەڕەشە و فتوای کوشتن دانەبەزیتە سەر ئەو نوسەرانە چونکە ئەوە پیشەی هەمیشەیتانە،مە
بەستم تۆ نییە مەبەستم دینەکەتە وات فێر ئەکات. [قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ] تەوبە 29 بەڕێزم تەنها دینەکەی تۆیە ئیهانە بە دینەکانو مرۆڤایەتیەوە ئەکات، من تەنها چەند سورەتو ئایەتت پێ ئەڵێم مائیدە 51 -تەوبە 123 - موحەمەد 4 - ئەحزاب 61 - مائیدە 33 .....هتد تۆ چۆن شیکاری بۆ ئەم ئایەتانە ئەکەی، ئەگەر بێتو پەیڕەوی ئەم ئایەتانە نەکەیت کەواتە تۆش لەجەهەنم دراوسێی منی.

**2.** بەرزنجی | 02-07- 2008 - 17:48

بەراستی من سەر دەرناکەم بۆ ئەم بەکرێ گیراوانەی بەرام بەر بە ئیسلام ئە نوسن و چاویان وا تیژە بۆ رەخنە گرتن لە ئیسلام و موسولمانان بۆ وا کوێرن بۆ بینینی عەیبی گشت ئاینە کانی تر کە هەرهەمووی پرە لە خورافات و دەستکاری ئینسانبۆ وا کوێرن بۆ بینینی عەیبی ئە هە موو بەرنامە پر لە هەڵە و پەڵەیەهی بە دەیان ناوی چۆراو چۆر وەک سۆسیالزم و ناسۆسیالزم ...چی چی .بۆ وا کوێرن بۆ عەیبی ئەم حوکمە ت و خەڵکەی کوردستان هەر لە بواری

کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ئەخلاقی و تەندروستی و زانستی وهتد

**1.** جەیمز ولیەم | 02-07- 2008 - 02:56

دەستەکانت خۆش بێت مامۆستا. بە ڕاستی بە شێوازێکی زانستیانە و بە ڕێز و ئەدەبەوە بابەتەکەت نوسیوە. بەڵام بە داخەوە کەسانێک هەن کە بە ناوی ڕەخنەوە قسە گەلێک دەکەن بەدوور لە ڕەوشتی مرۆڤایەتی، درۆ و دەلەسە و حقد و جنێو و قسەی سوک کە هەر لە دەمی خۆیان دەوەشێەوە بە پێغەمبەر (د.خ.) و ئیسلام و قورئان دەڵێن، بێ ئەوەی قسەکانیان ئە رزشێکی هەبێت. هیوادارم ئەوکەسانە بە خۆیاندا بچنەوە و کە مێک ژیرانە بێنە گۆ، بە ئەدەبەوە بێنە حزورو، بە ڕێزەوە قسە لەسەر شتەکان بکەن. ئیسلام ئازادی دەدات بە هەموو کەسک کاری پێ دەکات یان گومڕا دەبێت. ئیتر ئەوکەسانەی کە دانوویان لەگەڵ ئیسلام ناکوڵێت با گومڕا ببن و واز لەئیسلام بێنن و بەر پرسیاریەتی ئەو کەرەشیان بۆخۆیا، بەڵام جوێن و درۆو بوختان و قسەی دوور لە ئاداب و وشەگەلی نا زانستی بە کارنەهێنن.

**هەروەها لەبەرتەکی ئەم بابەتەمدا کەسێکی تر بەناوی (هێرش خالید) کە پێدەچێت خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بێت لە 29-06-2008 نامەیەکی هەڕەشاویی بۆ ناردم بەم ناونیشانەی خوارەوە و ئەمەش نامەکەیەتی:**





# سزای کەسانێك دەبێت چی بێت کەبەئارەزووی خۆیان هەستی خەڵکی بریندار دەکەن؟

**بەداخەوە، ئیمرۆ هەندێ کەس پەیدابوینە کەخۆیان باس لەپاراستنی بیروڕای بەرامبەر دەکەن لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە هەستی مرۆڤ بریندار دەکەن و بیرور باوەرەکەی لەکەدار دەکەن وخۆیان دەکەن بە فەیلەسوف و رێ نیشاندەربۆ خەڵك, جائەوەی سەیرە باسی ماف و بیروراو رۆشنبیری و شتی جۆراوجۆردەکەن بۆ مرۆڤ لەهەمان کاتدا خۆیان پێشێلی دەکەن و هەستی مرۆڤ دەجولێنن دەیانەوێ بیرو بۆچونی خۆیان بسەپێنن بەسەرخەڵکیدا, کەسێکی وەك (هاورێ باخەوان) کەلەولاٌتی هۆڵندا دادەژی بەچ یاسایەك بەم شێوە ناپیرۆزیەوە باس لەئایەتە پیرۆزەکانی قورئاندا دەکات و دەیکاتە کاری بێکاری خۆی و تەفسیر لەئایەتە پیرۆزەکاندا دەکات بەبێ ئەوەی پسپۆری لەتەفسیر و لەئایندا هەبێ ودوور لەولاٌتی کوردستان و موسڵمانان بەئاسانی هەستی مرۆڤایەتی بریندارده‌کات بەبێ ئەوەی کەسەنگێك بۆتەنها کەسانێکیش دابنێت کەوا چەندین شۆرش و بەرخودانیان کردوە بۆ ئەم گەلە چەوساوەیە و قوربانیان بۆداوەو لەهەمان کاتدا ئەم سەرکردە بەرێزانە (مەلا و شێخ و قوتابی ئەم ئاینە پیرۆزە) بوونە وە سەرکەوتنی جۆراوجۆریان بەدەست هێناوە بۆگەلی کورد وەئێستاش ئەوەی بەرهەم هاتووە لەکوردستان لەسەردەستی شۆرشگێری کورد (مــەلا مستەفا بارزانی) بووە, وە گەورەترین مێژوو لەجیهان کە کورد**

تائێستا تۆماری کردبێو شانازی پێوەبکات سەرکردە (صلاح الدین ئەیوبی)ە, بەلاَم کەسانێکی وەکو ئێوە زۆرجار هەولَتانداوە بۆبەدیهێنانی مەرامە گلاَوەکانتان لەسەرحیسابی بیرو باوەری خەلَکی بەلاَم بەبێ داخ نایەتەدی, جاکەسانی وەك و ئێوە کەبەیەکتر دەلَن هاوڕێ و هاوڕێ تائێستا چیتان بۆگەلی کورد کردوە جگەلەوەی کەدەتانەوێ خەلَك لەئاین دووربخەنەوە و ڕێگاورێگا بگرێت کەهەر لەسەرزارتانە بۆخودانەناسی تاوەکو سەریان لێ بشێوێو بەدوای خوانەناسانی وەکو ئێوە بکەون, جاکەسێکی کەم شارەزا لەبوارێك بالەدووبواردا چۆن دەتوانێت بەرامبەر بە (قورئانێکی پیرۆز) کەتەواوی زانست و زانیاری و ئامۆژگاری و بەلَگەی تێدایە بەردەوام پێداگری بکات سەرەرای ئەوەی قسەکانت تەنها هەر پروپاگەندەو بێبەلَگەیە, شێوەی وەك ئێوەگەر بیانتوانیبا بەرامبەربە (نوسراوە پیرۆزەکانی ئاسمان) کەلەلایەن خالقی مرۆڤ و کەون و کائینات نێردراوە پێداگریبکەن و سەرکەوتن بەدەست بێنن ئەواپێش ئەوەی تۆ لەدایکت بی و بێیتە دونیاوەو ئەم جۆرە قسانە بکەی بەئەنجام دەگەیشتن, جا ئەو ناعەدالەتی و زولَم وگەندەلَیو دزیوماف خواردن ....هتد کەلەهەندێ ولاَتان و کوردستانی خۆشماندا هەیەو ئاشکرایە کەی ئەوە حوکمی (ئیسلام و قورئانی پیرۆزە) کەتۆ باسی لێوە دەکەی, ئێستا لە ولاَتانی جیهان کە حوکم بە (قورانی پیرۆز) ناکرێت چیان بۆ مرۆڤ کردوە کە بەحوکم و یاسادەستکردەکانی مرۆڤ کاردەکەن جگەلە کۆمەلَ کوژیو تیجارەت کردن بەئافرەتان و کڕینیان بۆ هوتێلەکانیان و رابواردن





بەپارە دزیاریەکانیان کەچی تۆباس لە مافی ئافرەتان دەکەیت, هەموو ئەو کێشەو ڕووداوانەی کەئێستا هەیە لەجیهان دەگەرێتەوە بۆسەر ئەستۆی حکومەتەکان چونکە کار بەیاسا دەستکردەکانی مرۆڤ دەکەن بۆیە پێویست ناکات تۆباسی حوکمەکانی (قورئانی پیرۆز) بکەی, دواتر تۆ لەتواناتدانەبووە وەلاَمی پرسیارەکانی مامۆستاکەی خۆت بەتەواوی بدەیتەوە چی وای لێ کردوی بەتانەوە باس لە حوکمەکانی (قورئانیپیرۆز) بکەی یاخود چۆن دەتوانی ڕووبەرووی چەندەها زاناو مامۆستای ئاینی ببیەوە تاوەك و پێداگری بکەی لەپڕوپاگەندەکانت, بەلاَم کاکی هۆلَندی لەوشەکانتدا دیارە کەوا بیردەکەیەوە و دەلَیت ئەگەر هەرکەسێك لەکۆمەلَگادا باری دەروونی و باری ئابوری باش نەبوو وە کاری نەبوو ئەوادەبێت دزی بکات وزبچێتە سەر مالَی خەلك و تەعەدا بکات چونکە باری دەروونی تێك چووەدواتر سزای نەدەیت و ئامۆژگاری بکەیت و بیگێریەوە ناوکۆمەلَگا جائەگەر وابێت ئەوادەبێت (عاشا) زۆرینەی خەلَکی کوردستان ئەم کارەبکەن چونکەباری دەروونیان تێك چووەوتەواو نیە بەهۆی چەندین کێشەو گیروگرفتی جۆراوجۆر کەئێستا لەکوردستاندا هەن بۆیەدەبێت بزانی کە ئەم جۆرە کەسانەدەبێت سزابدرێن و ڕێگایان لێبگیرێت تاوەك و ئاسایش و ئارامی خەلَی تێك نەدەن, وەئامۆژگاریشت دەکەم کەوا خۆت بەم نوسینە بەتالاَنە گیرۆنەکەیت بەلَکو با تەنهابەیەك وشەبێ بنوسە بۆ بەرگی لەخاکی کوردستان دژی دوژمن و ولاَت نەویستان.

تێبینی:

ناوبراو ئەم نامەیەشی بەناوی (هێرش زەنگەنە)ەوە بۆ ڕۆژنامەی ڕووداو ناردووە و لە لاپەڕە 17ی بەشی (نامەی خوێنەران)دا بەناوی (سزای ئەوانەی هەستی خەڵکی بریندار دەکەن)ەوە کورتەیەکی بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە ڕووداو – ژمارە – 15 – لاپەڕە 17 – 14–07–2008 – کوردستان – هەولێر.





# من و تۆ![1]

2008–06–17

**لاهای – هۆڵندا**

سەدان ساڵە تۆ پێم دەڵێیت من دینی خۆم تۆش دینی خۆت. منیش ویستم وەك تۆ بکەم کەچی وەك کار بەگۆشاوگۆش سەرت بڕیم. زۆر دەمێکە بەمن دەڵێیت لە دینی من نە زەنگ هەیە و نە زەبر. منیش ویستم ئازاد بم و بەبێ ئەوەی هیچ بێڕێزییەکت پێبکەم! کەچی بەزیندوویی سووتاندمت.

زۆر پێتگووتووم لەلای من و هاوبیرانم مرۆ وەك یەك یەکڕەنگن و یەکئاستن و بێ جوودایی دەبێت بژین! کەچی ژنێکی ترت بەسەرهێنام!

لەوەتەی هەم بەمن دەڵێیت دادپەروەرم, کەچی لەدادگادا نیو گەواهم. کە باوکم مرد نیو میرات بووم.

کە منداڵ بووم مافی ئەوەت بەخۆتدا پارچەیەکی زۆرگرنگی لەشم تووڕدەیت. کەچی بەوەش وازت لێنەهێنام هەربەمنداڵی خۆشمت کردە دیلی خۆت و ئەمجار هەموو لەشم و بیر و هۆشت داگیرکردم. کەچی

---

[1] گۆڤاری کۆوار – ژمارە 30 – لاپەڕە 80 – کوردستان – سۆران – دەزگای زاری کرمانجی.

ماڵپەڕی زاری کرمانجی 07–07–2008

ماڵپەڕی کوردستان نێت 12–07–2008

هێشتاش ڕۆژانە لەباتی جارێك چەندین جار بەبێ ئەوەی خۆم بمەوێت گوێت لێبگرم تۆ دەقیژێنیت بەگوێمدا و دەڵێیت من دینی خۆم تۆش دینی خۆت! دینی من دادپەروەرییە و زەبروزەنگی هیچ تیا نییە! پەیامێکی یەزدانییە و مرۆییە و هەروا بووە و هەروا دەبێت!.

ئەگەر ڕۆژێك سەریان نووساندەوە بەلەشمەوە, یان جەستەی هەڵقرچاووی سووتاوم ژیانی تێکەوتەوە! دیسانەوە پارچەگۆشتەکەی لەشمیان پێوەکردمەوە و ژینێکی نوێم بۆ بنووسنەوە, بمهێننەوە بەرامبەرت و سەرپشکم کەن چیت لێبکەم!. هیچ مەترسە و بێباکانە دەڵێم لێتخۆشدەبم! بەڵام تکادەکەم گەر ئەمجارە ویستم ئازاد بم لەدینەکەم بۆ جاری دووەم سەرم مەبڕەرەوە. ئەگەر ویستم لەسەر ڕێسای بێ زەبروزەنگیی دینەکەت بەئازادی بژیمەوە! مەمکەرەوە بەکۆی زوخاڵ.

کەلێتخۆشبووم و جارێکی تر خۆشمویستی! بۆ دووەمجار و سێیەمجار مەمکەرەوە سەربەهەوێ! مەمخەسێنە و ئەوەی سروشت پێمی داوە لێم مەسێنە! منیش وەك تۆ پێویستم بە ئۆرگازمە. من بڵێم چی تۆ پیاویت و منیش ژنم! تۆ ئەو دین و منیش ئەم دین.

تکادەکەم گوێم لێبگرە و سەرم مەبڕە, تکادەکەم لێمتێبگە و مەمسووتێنە, تکادەکەم خوێن مەڕێژە و بمدوێنە, زۆر زۆر لە ئەنجامی دواندن و گفتوگۆمان زویر دەبین نەك سەربڕین.

---

لەسەر کوردستان نێت ئەم کۆمێنتانە لەسەر ئەم نووسینە نووسرا:

**3.** 11:14 - 2008 -07-12 | asokurd-berlin





hake hawre, destxoshit ledekem u her bjit , to hemishe denwwsit rastiekan

**2.** 11:11 - 2008 -07-12 | avin

dest xosh kake hawre baxewan
tenia yek tebinim heye
babeteke zor beheze belam be tka kotaii det seretai
mn legel awe nim mrov tka bkat
boye serishm bbrn tka nakem

dubare destxosh
avin/ hewler

**1.** 01:03 - 2008 -07-12 | فاتیح

دەستت خۆش بێت هاڕێ باخەوان وتەکانت زۆر جوانن هیوا دارم لێت تێگەشتبن بەڵام ئەوانە مێشکیان ژەنگی گرتووە، خەتای ئەوان نییە دینەکەیان وایان پێ ئەڵێت [ إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ] ئەل تەغابن-15 [قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ]تەوبە-29 ........هتد ئەمانە هەر خوای کوشتنو تۆقاندنن. پێویستیمان بە شۆڕشێکی قەڵەم هەیە بۆ سەرکوت کردنی ئەم سەرکوت کەرانە، وشیار کردنەوەی خەڵکی لەم خورافات پەرستانە.

# نەفرەت لە یاسا![1]

**لاهای – هۆڵندا**
2008-07-14

نەفرەت لەو یاسایەی سەرۆك جاشە ئەنفالچییەکانی کوردستان دەپارێزێت و هەمان سامان و دەستەڵاتی سەردەمی بەعسییان پێ ڕەوا دەبینێت و لە بەرامبەریشدا ڕۆژنامەنووسان زیندانی دەکات.

نەفرەت لەو یاسایەی مافەکانی ئەنفالکراوانی پشتگوێخست و ئەوانەشی ئەنفالچی بوون زۆرتر دەوڵەمەندی کردن. لەبەرامبەریشدا ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك باسی ئەم نادادپەروەرییانە بکات هەربەو یاسایە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

نەفرەت لەو یاسایەی چاوپۆشیی لە فایلدارانکرد و نووسینی نووسەرانیش لە کتێبخانەکاندا کۆدەکاتەوە و ژمارەی سپاردن بە نووسینەکانیان نادات. تەنها لەبەرئەوەی لە نووسینەکانیاندا ڕاستییان گووتووە.

نەفرەت لەو یاسایەی تەنها بەشتی لابەلاوە خۆی خەریك دەکات و ئەو هەموو دزی بێڕەوشتییەی کوردستانی بەلاوە یاساییە.

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت 15-07-2008





نەفرەت لەو یاسایەی مرۆڤی کورد دەکاتە کۆیلە, ژن دەکاتە کاڵا, منداڵان دەکاتە کارگەر و پیرانیش پیرتر دەکات.

نەفرەت لەو یاسایەی لە لێپرسراوان ناپرسێتەوە و وشەی نووسەرانیش دەکاتە ترسێك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.

نەفرەت لە یاسا, لەو یاسا بەعسییە لماوییەی کە بەکوردی نووسراوەتەوە و بەناوی پەڕلەمان و ئازادی و دیموکراتییەوە پێمانی دەفرۆشنەوە.

جارێکی تریش نەفرەت لە یاسا بەعسییەکان و سەرچاوە لماوییەکانی..

# ئێمە 1400 ساڵە ژێردەستەی ئەمانەین![1]

**لاهای – هۆڵندا**

2008-06-06



**لێخوڕێکی ئافرەت لەیەکێك لە وڵاتانی کەنداوی فارس**

ماوەیەك لەمەوبەر لە هاوکارێکی لوبنانیمەوە نامەیەکم بۆ هات و هاوپێچێکی بەزمانی عەرەبی لەگەڵدا بوو. هاوپێچەکە گەڵاڵە یان

[1] رۆژنامەی رووداو – ژمارە – 15 – لاپەڕە 18 – 2008-07-14 – کوردستان – هەولێر. (ئەم نووسینە بەناتەواوی لە رۆژنامەی رووداودا بڵاوکرایەوە !).
ماڵپەڕی جودی نیوز – 2008-09-17





ئامۆژگاریکردنی یاسایەکە لە ئەنجوومەنی شوورای عەرەبستانی سعودیەوە بۆ دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەمان وڵات و تایبەتە بە وەرگرتنی مۆڵەتی لێخووڕینی ئوتومبیل بۆ ئافرەتانی سعودی!.

ئەمە هاوپێچەکەیە بەزمانی عەرەبی و لەخواریشیەوە سەرپێییانە دەیکەمە کوردی:

توصيات مجلس الشورى إلى رئاسة ديوان مجلس الوزراء
أنظمة وتعليمات قيادة النساء للسيارات

أ-تنظيم وتعليمات قيادة المرأة للسيارة :
1- ألا يقل عمر السائقة عن 30 سنة .
2- موافقة ولي أمر السائقة على قيادتها للسيارة .
3- الحصول على رخصة قيادة من مركز تعليم القيادة النسائي .
4- أن تكون السائقة محتشمة في لبسها ولا تضع أي مواد للزينة بتاتاً .
5- يسمح لها بالقيادة داخل المدينة فقط ولا يسمح لها بالقيادة خارجها بدون محرم سواء القرى أو الضواحي ..
6- تحدد أوقات السماح بالقيادة من الساعة السابعة صباحا وحتى الساعة الثامنة ليلاً أيام السبت إلى الأربعاء، وفي يومي الخميس والجمعة من الساعة الثانية عشر بعد الظهر إلى الساعة الثامنة مساء .
7- أن تحمل معها هاتفاً للحالات الطارئة ..
8- الإتصال على مركز المرور النسائي في حالات التعديات والمشاكل أوعطل السيارة .
9- دفع مبلغ مالي معين سابقاً في حساب الرخصة لدى المرور النسائي مخصص لتصليح أعطال وبنشر السيارة عند الحصول على الرخصة .

ب- الجهات المسؤولة :
1- إيجاد قسم مرور نسائي مختص بقبول البلاغات عن التعديات على السائقات والاتصال بشركات الإصلاح والبنشر وجر السيارات وكذلك الاهتمام بأمر المخالفات المرورية وتحريرها .
2- إيجاد رقم هاتف مجاني للمرور النسائي .

3- وضع مراكز داخل المدينة للمرور النسائي تشرف عليها جهات دينية مسؤولة .
4- استحداث شركات مختصة بالصيانة الخفيفة والبنشر وجر السيارات بالتنسيق مع المرور النسائي .
5- تجديد رخصة السير كل سنة وأخذ قيمة الإصلاحات وجر السيارة مقدما .
6- على رجل المرور استدعاء المرور النسائي لتحرير المخالفة ضد السائقة وعدم الحديث معها بتاتاً.
7- معاقبة من ينتهك الأنظمة دون إستثناء لان انتهاك أي من هذه القوانين هو انتهاك للأعراض وأمن البلد.

ج-أنظمة العقوبات :

فيما يتعلق بالعامة :-
1- معاقبة من يتحدث إلى سائقة بعقوبة لا تقل عن السجن لمدة شهر مع الغرامة المالية .
2- من يثبت عليه محاولة التحرش أو مطاردة أو معاكسة سائقة يعاقب بالسجن مدة لا تقل عن ثمانية أشهر مع الغرامة المالية .
3- معاقبة من يحاول التضييق على السائقة في السير بالتوقيف لمدة يوم مع الغرامة .

فيما يتعلق بالسائقة :-
عند ثبوت قيام السائقة بما هو مخل للآداب والشرع للمرة الأولى تعاقب بالآتي :
1- سحب رخصة القيادة منها لمدة لا تقل عن ستة أشهر مع الغرامة المالية (500-1000ريال) وأخذ التعهد عليها بعدم العودة تقوم به رئاسة المرور النسائي
2- إبلاغ ولي أمرها رسمياً عن طريق هيئة الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر .

وەرگێڕانە كوردییەكەی بۆ ئەو خۆشبەختانەی كە لەو زمانە ناگەن:

ئامۆژگارییەكانی ئەنجوومەنی شورا بۆ سەرۆكایەتیی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران

یاسا و رێساكانی لێخوڕینی ئۆتومبیل لەلایەن ژنانەوە



وشه پەڕتەوازەكان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

أ- رێكخستن و رێساكانی لێخوڕین لەلایەن ژنانەوە:

1- نابێت تەمەنی لە 30 ساڵ كەمتر بێت.
2- رەزامەندیی بەخێوكەری لێخوڕ بۆ لێخوڕینی ئۆتومبیل.
3- بەدەستهێنانی مۆڵەتی لێخوڕین لە ناوەندێكی فێربوونی لێخووڕینی تایبەت بە ژنان.
4- دەبێت لێخووڕە ژنەكە باڵاپۆش بێت و هیچ مادەیەكی جوانكاریش بەكارنەهێنێت.
5- تەنها لەناو شاردا رێگای لێخووڕینی پێدەدرێت و لەدەرەوەی شار و گوند و دەوروبەرەكانیان رێگای پێنادرێت ئەگەر كەسێكی مەحرەمی لەگەڵدا نەبێت.
6- كاتەكانی رێپێدان بە لێخووڕین لە شەممەوە بۆ چوارشەممە لە كاتژمێر هەشتی بەیانییەوە بۆ هەشتی شەو دەبێت, لە رۆژانی پێنجشەممە و هەینی لە كاتژمێر دوازدەی پاشنیوەڕۆ بۆ هەشتی ئێوارە دەبێت.
7- دەبێت تەلەفونی پێبێت بۆ كاتە پێویستەكان..
8- پەیوەندیكردن بە ناوەندی هاتووچۆی ژنانەوە لەو كاتانەی دەستدرێژی و كێشە روودەدەن یان ئۆتومبیلەكە دەشكێت.
9- دانی برێك دراوی دیاریكراو لەپێشدا لەسەر تێچوونی مۆڵەتەكە لەلای فەرمانگەی هاتووچۆی ئافرەتان كە تایبەت دەكرێت بۆ چاككردنەوەی شكان و پەنچەربوونی ئۆتومبیل لەكاتی وەرگرتنی مۆڵەتەكەدا.

ب– لایەنە پەیوەندداره‌کان:

1– پێکهێنانی بەشی هاتووچۆی ژنانە کە تایبەت دەبێت بە وەرگرتنی سکاڵا لەسەر دەستدرێژی لەسەر ئەو لێخوورە ژنانە و پەیوەندیکردن بە کۆمپانیاکانی چاککردنەوە و پەنچەرکردن و راکێشانی ئوتومبیل و هەروەها گرنگیدان بە کاروباری سەرپێچیی هاتووچۆ و تۆمارکردنی.

2– پێکهێنانی ژمارە تەلەفونێکی خۆڕایی بۆ فەرمانگەی هاتووچۆی ژنانە.

3- پێکهێنانی چەند ناوەندێك لە ناو شاردا بۆ هاتووچۆی ژنان و لایەنی ئایینی بەرپرس چاودێرییان دەکات.

4– پێکهێنانی کۆمپانیای تایبەت بە نۆژەنکردنی سووك و پەنچەریکردن و راکێشانی ئوتومبیل بە رێکخستن لەگەڵ فەرمانگەی هاتووچۆی ژناندا.

5– نوێکردنەوەی ساڵانەی مۆڵەتی لێخووڕین و وەرگرتنی بەهای چاککردن و راکێشانی ئوتومبیل لە پێش نوێکردنەوەکەدا.

6– پێویستە لەسەر پۆلیسی پیاوی هاتووچۆ, هاتووچۆی ژنان بانگبکات بۆ تۆمارکردنی سەرپێچی دژی لێخووری ژن و نابێت بەهیچ جۆرێك قسە لەگەڵ لێخوورە ژنەکەدا بکات.





7- سزادانی هەرکەسێك بەبێ هیچ ریزپەرێك کە سەرپێچی لەم رێسایانە دەکات, چونکە سەرپێچیی هەریەك لەم یاسایانە سەرپێچییە لە ئابڕوو و ئاساییشی وڵات.

ج– رێسای سزاکان:

ئەوەی تایبەتە بە کۆمەڵگەوە:–

1– سزادانی هەرکەسێك لەگەڵ لێخوورە ژنەکەدا قسەبکات بە بەندکردنی بۆ ماوەی یەك مانگ و وەرگرتنی غەرامەی پارە.

2– هەرکەسێك هەوڵی دەستدرێژی و دواکەوتن و تانەوتەشەری لەگەڵ لێخوورە ژنەکەدا بەسەردا بچەسپێت بەلایەنی کەمەوە هەشت مانگ بەند دەکرێت و دەبێت غەرامەی پارەش بدات.

3– سزادانی هەرکەسێك بە تەنگەتاوکردنی لێخوورە ژنەکە لەکاتی لێخووڕیندا بە گرتنی بۆ ماوەی رۆژێك و دانی غەرامە.

ئەوەی تایبەتە بە لێخوورە ژنەکەوە:–

پاش دەرکەوتنی ئەوەی کە لێخوورە ژنەکە هەڵساوە بە کردەوەیەکی بێ ئەدەبانە و بێ شەرعانە, لە جاری یەکەمدا بەم شێوەیە سزا دەدرێت:

1– وەرگرتنەوەی مۆڵەتی لێخووڕینەکەی بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگان و دانی غەرامەیەکی (500–1000 ریاڵ) و وەرگرتنی پەیماننامەیەك لێی لەلایەن سەرۆکایەتیی هاتووچۆی ژنانەوە تاوەکو نەگەڕێتەوە سەر ئەو کردارە.

2- ڕاگەیاندنی بەخێوکەری لێخووڕە ژنەکە لە ڕێگەی دەستەی (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر – فەرماندان بەچاکە و نەهیکردن لە خراپە)ەوە.



کۆمەڵە فەرمانبەرێکی ئافرەت لە عەربستانی سعودیە

هەڵبەت لە پێشدا کە تێکستە عەرەبییەکەم خوێندەوە بە نوکتە و هەڵبەستراوی تێگەییشتم, بەتایبەتی کە لەخاڵی 6ی لکی ئەلیفدا چەند هەڵەیەکی زمانەوانی و لۆژیکیم تێیدا بینی, لەوانە لەبڕگەی یەکەمدا دەڵێت کاتژمێر 8ی شەو و پاشان دەڵێت هەشتی ئێوارە. یان نووسراوە 12ی پاشنیوەڕۆ لە جیاتی 12ی نیوەڕۆ و هەندێك هەڵەی تر. زمانەکەی زۆر تەواو نییە و دووا بڕگەشی هەر ناتەواوە! چونکە باسی جاری یەکەمی سزادانی لێخووڕ دەکات و بەبێ بوونی جاری دووەم یان سێیەم کۆتایی پێدێت.





وشەی پەنچەر (بنشر) دەکرا لە عەرەبیدا وشەیەکی تری بۆ بەکاربهێنرێت و زۆریتر. هەموو ئەوانە وایان لێکردم بە هەڵبەستراوی تێبگەم! تاوەکو لە گووگڵدا بەدوای هەمان چیرۆکدا گەڕام و دەبینم ئەم ئامۆژگارییانە! تەواون و لە زۆربەی ماڵپەڕەکانی عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی کەنداوی فارسدا باسوخواسی لەسەر دەکرێت!. ئەوەشی زۆرتر لایەنە زمانەوانییەکەی لەلا فەرامۆش کردم, کاتی خۆی سپیچێکی میر عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولعەزیزم گوێ لێبووبوو و ئەگەرچی نووسراویش بوو! بەڵام لە خوێندنەوەکەشیدا هەڵەی زۆر زەقی زمانەوانی و دەربڕینی دەکرد!.

هەروەها لە ئامۆژگارییەکانیشدا دەستەی (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر)م زۆر پێسەیر بوو و ئەمیشم بە نوکتە هاتەبەرچاو!, بەڵام پاش گەڕان, بینیم ئەم دەستەیە زۆر کارایە لە وڵاتی سعودییە و وەکو دەزگایەکی هەواڵدەریی گرنگە و گرنگیدەدات بە گرتنی لەشفرۆشان, مەیخۆران و فرۆشان, حەشیشخۆران و ئەو ئافرەتانەی کە زۆرتر لە چاو و دەستییان بەدەرەوەیە!.



## رووخساری ئافرەتانی سعودیە لە دەرەوەدا

زۆر ماڵپەڕی گفتووگۆم لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە هەڵدایەوە و ئەوەی جێگای سەرنجی من بوو, ئەوەبوو زۆرینەی بەشداریکاران هێشتا بەم ئامۆژگارییانە رازینەبوون و سەرباری ئەوەی کە ئەو هەموو سووکایەتییە بە ئافرەت کراوە هێشتا ناڕازین بەوەی کە ئافرەت ئوتومبیل لێبخوورێت!.

هەر بۆ نموونە ئەمە کۆپیی کۆمێنتی یەکێك لەو دوواکەوتووە بەشداربووانەیە:

غلط واكبر غلط
انو الحرمة تسوق سيارة
اصلا اول شي عندنا قايل ما يرضو بهذا الكلام
ولا الدين ولا تقليدنا تسمحلنا بذلك
اي نعم القوانين صعبة والعقوبات اصعب بس هذا كلو لعب في لعب
يوم ياخذ علي الهرجة وقت كلو ينسي القوانين ويسوي الا في بالة
وانا انصح نصيحة طبعا انتو عارفينها
لحد يسوي نفسو متحضر ويخلي امة او اختة تطلع الشارع وهيا كاشفة مو كمان تسوق السيارة
واللة يعينكم علي مشاكلا اهاليكم

ئەم دوواکەوتووە لە کۆمێنتەکەیدا لێخوورینی ئوتومبیل لەلایەن ئافرەتەوە بەگەورەترین هەڵە دادەنێت و دەڵێت ئەمە نە لەگەڵ دابونەریتمان و نە لەگەڵ ئایینمان رێکناکەوێت..








ئافرەتێکی سعودیە لەکاتی چێتکردندا!

منیش قسەم نەمام کەوتمە سەربادان و نەفرەت کردن لەو بیرەی کەبەو شێوەیە ئافرەتی لاسووکە و هێندەی تریش خەفەت بەوە دەخۆم کە ئێمە زۆرتر لە هەزار و چوارسەد ساڵە ژێردەستەی ئەمانە و بیری ئەمانەین!.

# هەڤپەیڤین لەگەڵ ڕووداو[1]

سازدانی:

ئاکۆ محەمەد و هێمن عەبدوڵڵا

هاوڕێ باخەوان تاکە کوردی ئەندامی دادگەی نێودەوڵەتی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی یوگسلاڤیای پێشوو:

## جوگرافیا و بەرژەوەندییەکان جیاوازیان خستە نێو جینۆسایدی بۆسنیا و کوردستان

دادگەی نێودەوڵەتی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی جەنگی یوگسلاڤیای پێشوو، لەهەفتەی رابردوودا بەهۆی گیرانی رادۆڤان کارادیچ، سەرکردەی سربەکانی بۆسنیا، نێوی ئەو دادگەیەی هێنایە نێو هەواڵە پێشینەکانی جیهان. هەفتەیەکە دەزگاکانی راگەیاندن شەو ورۆژ لەبەردەم زیندانی ئەو دادگایە لە دەنهاخ چاوەڕێی هێنانی ئەو تۆمەتبارەن لە سربیاوە بۆ هۆڵەندا.

ئەو دادگەیە لەساڵی 1993 بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دامەزراوە. ساڵی 1993-1995 قۆناخی دانانی و ئامادەکردنی دادگاکە بوو، بەڵام بەکردەوە لە 1995 دەستی بەکار

[1] ڕۆژنامەی ڕووداو – ژمارە – 17 – لاپەڕە 6 – 28-07-2008 – کوردستان – هەولێر.





کردووە. لەکۆی 1200 کارمەندی ئەو دادگەیە یەك کورد هەیە، کە ئەویش (هاوڕێ باخەوان)ە، (ڕووداو) لە دەنهاخ ئەو هەڤپەیڤنەی لەگەڵ باخەوان سازکرد:

ڕووداو–هۆڵەندا

ڕووداو: دادگەکە چەند کارمەندی هەیە؟

هاوڕێ باخەوان:1200 کارمەندی هەیە، لەسەرۆکی دادگاوە تا شوفێرەکانی، کە کارمەندەکانی خەڵکی وڵاتی جیاجیان.

ڕووداو: تۆ تاکە کوردی لەو دادگایە ؟

هاوڕێ باخەوان: بەداخەوە هێندەی من بزانم من تاکە کوردم لە نێو ئەو دەزگا نێدودەوڵەتییەدا.

ڕووداو: میکانیزمی کارکردنی دادگاکە چۆنە؟

هاوڕێ باخەوان:دادگاکە بەپێی کەیس کاردەکات، هەر کەیسە و تۆمەتباری خۆی تێدایە، ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی هەر دۆسییەکیش بریتیین لە تاوانلێکراو، تۆمەتبار،ئەو بەڵگەنامانەی قوربانییەکان پێشکێشی دەکەن.هەروەها بەرگریکاری تۆمەتبارانیش ڕەگەزێکی دیکەیە.هەروەها داواکاری گشتی و دادوەرانیش بەشێکی دیکەی دادگاکەن.

ڕووداو: بودجەی دادگەکە چەندە؟

هاوڕێ باخەوان:ناتوانم بڵێم بنبڕ ئەوەندەیە، بەڵام لەساڵی 1993 بڕی 200 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکرا، ئێستاش بودجەی ساڵانەی لە 200 ملیۆن دۆلار تێناپەڕێت.

ڕووداو: ئەو دادگەیە چەند باڵەخانەی هەیە؟

هاوڕێ باخەوان: پێنج باڵەخانەن، کە چواریان لەشاری دەنهاخ (لاهای)ن لە هۆڵەندا، دوو باڵەخانە ژووری دادگاکان، ژووری بەڕێوەبردنی لێیە. باڵەخانەیەکمان هەیە لە شاری لاهای کە وەرگێڕانی لێدەکرێ و قسەی شایەت و بەڵگەنامەکان دەکرێنە ئینگلیزی. باڵەخانەیەکمان بریتییە لە زیندان. باڵەخانەیەکی دیکەشمان هەیە لە سربیا بە نێوی باڵەخانەی زێگرب. کە کارئاسانی لە نێوان ئێمە و یوگسلاڤیای پێشوو دەکات، زۆربەی توێژەرەوەکان لەوێن و کاری ڕێکخستنی ئیفادە وەرگرتن و ناردنی شایەتەکان دەکەن.

ڕووداو: کاری تۆ چییە لەو دەزگایە؟

هاوڕێ باخەوان: من پرۆگرامەرم، ئەو بەڵگەنامانە دەدۆزمەوە کە لە نێو ئەرشیفەکاندا هەن بۆ دۆسییەی تاوانکارییەکان، چونکە ئێمە چەندان ملیۆن بەڵگەنامەمان هەن بۆیە گەڕان بەدوای بەڵگەنامەکاندا ئاسان نییە.

ڕووداو: لەساڵی چەندەوە لەو دادگا نێودەوڵەتییە کاردەکەی؟

هاوڕێ باخەوان: لەساڵی 2003 وە لەوێ کاردەکەم.

ڕووداو: ئەی چۆن بوو چووی بۆ کەمبۆدیا، لە کاتێکدا دادگاکەتان پێوەندی بەو وڵاتەوە نییە؟

هاوڕێ باخەوان: ئەوە مێشنێکی ڕەسمی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو، من بەفەرمی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نێردرامە ئەوێ لەبەر ئەوەی دادگاکەی ئێمە ئەزموونێکی چەندان ساڵەی هەبوو لە





ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکاندا، چوونی منیش لەڕوانگەی هاوکاریکردنی دادگای بەدادگایی گەیاندنی تاوانبارانی کەمبۆدیا بوو، ئەویش بۆ کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ چەند کەسێك کەمبۆدی بۆ ئەوەی فێری ئەوەیان چۆن باشتر بتوانن کار بەو بەرنامانە بکەن کە بۆ دادگاییکردنەکە پێویستن. خۆشبەختانە چوونەکەشم زۆر سەرکەوتووبوو.

ڕووداو: دادگای تۆمەتبارانی یوگسلاڤیا تا ئێستا چەند شاهێدی هێناوە؟

هاوڕێ باخەوان:هەزاران شاهێد تا ئێستا هێندراون.تا دوو ساڵ پێش ئێستا بەپێی دوکۆمێنتێکی لای خۆمان 8000 شایەتمان هێنابوون.وابزانم ئێستا ژمارەیان گەیشتووەتە 9000.

ڕووداو: ئەو شایەتانە دەهێندرێنە هۆڵەندا؟

هاوڕێ باخەوان: بەڵێ، نووسینگەی زاگرب کاری هێنانیان ڕێکدەخات، شایەتەکان هەمەجۆرن هەیە پیرە و پێویستی بە چاودێری تەندروستی و شوێنی تایبەتی هەیە، هەیە نەخۆشە و پێویستی بە نەخۆشخانەیە لێرە، هەیە دەڵێ دەبێ سەگەکەشم بۆ بێنن و بێ سەگەکەم نایێم، ئەو پێویستی و داخوازیانەیان بۆ جێبەجێدەکرێن.جاری واهەیە هێنانی شایەتێك دەیان هەزار یۆرۆی تێدەچێ.

ڕووداو: تا ئێستا چەند تۆمەتباری جەنگ و کۆمەڵکوژیی لە دادگاکەی ئێوە داواکراون؟

هاوڕێ باخەوان: لەراستیدا تۆمەتبارەکان بە هەزارانن،بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانرێ هەزاران کەس بهێندرێن و دۆسیەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە و دادگایی بکرێن، جگە لەوەی پارە و کاتێکی زۆریشی تێدەچێ. لەبەر ئەوە دادگەکە تەنیا ئەوانەی دیاریکردووە کە بوونەتە هێمای ئەو تاوانانە و ژمارەیان 72 تۆمەتبارە.

ڕووداو: تا ئێستا چەندیان گیراون؟

هاوڕێ باخەوان: ئێستا 44 کەیس لای ئێمە تەواوبوون، 17 کەس نەگیراون. خۆشبەختانە لەمرۆژانەدا رادۆڤان کارادیچ گیرا. کە لەگەڵ میلادیچ بە دوو ماسیە گەورەکە ناودەبرێن لای دادگاکەی ئێمە.

ڕووداو: ئەوانەی دادگاییکردنیان تەواوبووە بە سێدارەدان حوکمدراون؟

هاوڕێ باخەوان: لای ئێمە سزای لە سێدارەدان نییە، زۆرتر زیندانی هەتاهەتاییە، یان چەند ساڵێك.

ڕووداو: کە میلۆسۆڤیج گیرابوو بینیت؟

هاوڕێ باخەوان: من نەمبینی، بەڵام دەمانتوانی هەموو دانیشتنەکانی دادگا لەنێو سکرینەکانی نێو دادگادا ببینین. چونکە سکرینی تایبەتی هەن، بەڵام تاوانباری دیکەی وەك خەلیلۆڤیچ و ئەوانیدیکەم بینین و ئامادەی هەندێ لە دانیشتنەکانی دادگا بووم .

ڕووداو: هیچ جارێك چووی بۆ یۆگسلاڤیا؟

هاوڕێ باخەوان: نەخێر، چونکە هیچ کاری رەسمیم بۆ ئەوێ پێ نەسپێردراوە.





ڕووداو: هەندێك کەس دەڵێن سربیا بە ئانقەست ئێستا کارادیچی داوەتە دەست، بۆ ئەوەی رەنگ و رووی خۆی لای ئەورووپا باش بکات؟

هاوڕێ باخەوان: ئەوە رای زۆربەی چاودێرە سیاسییەکانە، بەخۆشم وای بۆ دەچم . کارادیچ لەوماوەیەدا بەئازادی لە بەلگراد ژیاوەو هاتووچۆی بە باس کردووەو رۆژانە چووە لە دەرەوە شتی کڕیوە، ژیانێکی زۆر ئاسایی هەبووە لەپشت ئەو قژ و سمێڵەی کە بەریدابوونەوە. کە کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی وەرگرت ئەوە تێشکانێکی گەورە و لووت شکانێکی گەورەبوو بۆ سربیا وەك دەوڵەت و نەتەوەیەکی باڵادەست، بۆیە زۆر دژایەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرد، بەڵام یەکێك لە ئامانجەکانی سربیاش بوونە ئەندامی یەکێتی ئەورووپایە، بۆیە پێموایە رادەستکردنی کارادیچ بەشێکە لە هەوڵانەی کە سربیا دەیدا بۆ بوونە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا.

ڕووداو: گیرانی کارادیچ چ کاریگەرییەکی دەبێ بەسەر دادگاکەی ئێوەوە؟

هاوڕێ باخەوان: کاریگەرییەکی گەورەی دەبێ، لەبەرئەوەی لە راستیدا ماوەی ساڵێك دەبێ ئێمە خەریکی بچووککردنەوەی قەبارەی دادگاکەین. کاتی خۆی بریاربوو دادگاکە تا 2008 کاربکات، بەڵام بەهۆی گیرانی چەند تۆمەتبارێکی تازە، ناچار ماوەکەی درێژکرایەوە بۆ 2010، ئێستاش بەڕاستی دیار نییە، بەڵام واپێشبینی دەکەم ماوەکەی تا 2010 درێژبکرێتەوە، هەرچەندە ئەوە بەڕەسمی رانەگەیێندراوە.بەمەرجێك ئەگەر میلادیچ تا 2012 نەگیرێ.

رووداو: ژمارەی قوربانییە خەملێندراوەکانی شەڕی یوگسلاڤیا لای نەتەوەیەکگرتووەکان بە چەند دیاریکراون؟

هاوڕێ باخەوان: لای ئێمە ژمارەی قوربانییان بە 100 تا 150 هەزار خەملێندراون، بەڵام گەلە ستەمدیدەکانی یوگسلاڤیای پێشوو بەتایبەتی کۆسۆڤۆییەکان ژمارەکە بە 300 هەزار کەس دەخەملێنن .

رووداو: ژمارەی قوربانیانی کورد لەوە زیاتر بوو،بەڵام تاوانبارانی ئەنفال و گەلکوژیی کورد نەدرانە دادگەیەکی نێودەوڵەتی، بەڕای تۆ دەکرا کورد هەوڵبدات ئەوە وەدیبێت و ئەوە بکاتە پرسێکی نێودەوڵەتی؟

هاوڕێ باخەوان: بەداخەوە خۆمان کارمان بۆ ئەنفال نەکردووە، ئێمە وەك گەل و وەك سیاسەتکاریش گرنگییمان بەوە نەداوە، دادگاییکردنی سەدام بەوشێوەیە بەڕای من گەمەیەکی نێودەوڵەتی بوو بۆ شاردنەوەی هەموو ئەو گەمانەی لە نێوان سەدام و رۆژئاوادا هەبوون، کە پەیوەندییان بە چەکی کیمیایی و چەکە قەدەخەکراوەکانی دیکەوە هەبوو، بۆ دیارنەبوونی ئەو دەستانەی لە پشت کیمیاباران و ئەنفالەوە هەبوون. بەڵام لەهەمانکاتدا دانانی ئەو دادگایە بۆ تاوانبارانی یوگسلاڤیای پێشوو دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی یوگسلاڤیا، کە دراوسێی یەکێتی ئەوروپایە، چونکە ئەو جینۆسایدانەی لە یوگسلاڤیا روویاندا لە نێو جەرگەی ئەوروپادابوون. بەرژەوەندی نێودەوڵەتان و پێگەی جوگراف وایکرد بۆ ئێمە نەکرێ و بۆ یوگسلاڤیا بکرێ. لەوەش





خراپتر ئەو سزایانەی لەدادگای باڵای تاوانەکانی بەغداش دراون سەبارەت بە تاوانبارانی ئەنفال دیار نییە کە جێبەجێدەکرێن یان نا.

# مەلای ئەوسا و مەلای ئێستا![1]

لاهای – هۆڵندا
2008-07-07

ئیسلامییەکان هەر وتارێکی سوواو لەسەر رەخنەیەکی دژبە خۆیان بنووسن, چونکە هیچیان پێنییە یەکسەر ئەو قەوانە سوواوەت بۆ لێدەدەن, کە کاتی خۆی هەرچی رۆشنبیر و هۆزانەوانی کورد بووە هەمووی مەلا بووە. هەرچی شۆڕشگێڕی کورد هەبووە یان مەلا یان شێخ یاخود سەید و قازی بووە. بەشێوەیەك لەشێوەکان دەیانەوێت پێت بڵێن کوردایەتی و رۆشنبیریی کوردی لە بیابانەوە سەرچاوەی گرتووە!. لەبەرئەوە رەخنەگرتن لە مەلا و بیری مەلا و ئیسلامییان بە هێڵی سوور دادەنێن و مەلا هەرچییەکی گووت نابێت کەس لەسەری بڕوات. ئەوەی ئەو دەیڵێت یاسایە!. بەگوێنەکردن و رەخنەلێگرتنی دەبێتە ئەوەی کە پێی دەڵێن "کوفر".

لەوەدا کە دەڵێن کاتی خۆی هەرچی رۆشنبیر و بیریار و شۆڕشگێڕی کورد هەبووە هەموویان مەلا و پیاوی ئایینی بوون, دەڵێم زۆر راستدەکەن. بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە ئایا هەموو مەلا و شێخ و

[1] رۆژنامەی میدیا – ژمارە 349 – لاپەڕە 10 – 2008-07-29 – هەولێر – کوردستان.





موفتیی ئێستای کورد, تەنانەت دارجگەرەکەی ئەوسای مەلا مستەفای تێدا دەبێت!. کەسیان دەگەنە فرەفرێ نێرگەلە عەرەبییەکەی شێخی بەرزنجە. هەموویان کۆکەرەوە دەگەنە دامێنی سێبەری پەتەکەی ملی قازیی پێشەوا؟!. مەلایەکتان بینی وەك مەلا گوروونی سلێمانی خانوەکەی بڕوخێنن و خۆی و خێزانی کەس نەزانێت تەنانەت تەرمیشیان لەکوێیە!.

موفتی پێنجوێنی چونکە کورد بوو کە بوومەلەرزەکەی ساڵی 1947, پێنجوێنی وێرانکرد, چونکە شارەکەیی خۆشدەویست, ئەو هەڵبەستە بەرزەی "پێنجوێن بەبێ تۆ نزیکە مەرگم – لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم"ی بۆ نووسی. ئەم هەڵبەستە ئەوەندە جوانە کە کەم کەسمان هەیە نەمان بیستبێت یان زۆربەیمان لەبەرنەبێت. کابرا نەك موسوڵمان و مەلا بەڵکو موفتیش بوو!. ئەی ئەو هەزاران مەلایەی ئێستامان چییان بۆ ئەنفال نووسی. بوومەلەرزەکە تەنها پێنجوێنی وێرانکرد و دیاردەیەکی سروشتی بوو. ئەنفال هەموو کوردستانی وێرانکرد و دیاردەیەکی ئیسلامی و عەرەبی بوو, ناوەکەشی لە قورئانەوە وەرگیراوە!. ئەوەیە جیاوازیی مەلای ئێستا و موفتیی ئەوکات.

ئەحمەدی خانی شێخ بوو. مەم و زینی کردە هەڵبەست و لە نەمان رزگاری کرد. لەوکات بەهۆی مەم و زینەوە ویستی مرۆڤی کورد سەربەست بێت و خەڵکی فێرە کوردایەتی دەکرد. هەربۆیە دەیگووت

"شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە – زین و مەمی بکەم بەهانە". ئەی تازەمەلاکانمان چ نووسراو و ئەفسانەیەکی کوردییان لە نەمان ڕزگارکردووە. ئەوانەی ئێستا کتێبێك بەجۆرێکی بزانن لە کتێبخانەکان کۆیدەکەنەوە و دەیسووتێنن. ئەوەیە جیاوازیی مەلای ئێستا و شێخی ئەوکات.

نالی مەلا بوو! پێیان دەگووت مەلا خدری نالی. ئەم کابرایە ئەوکات گوتی "تەبعی شەکرباری من کوردی ئەگەر ئینشادەکا – ئیمتیحانی خۆیە مەقسودی لەعەمدا وادەکا". نالی واهی بیری دەکردەوە و چونکە دەیگووت "کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردیە خۆ کردیە – هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا", بووە شکێنەری یەکەمین تەلیسمی کوردیی – سۆرانی نووسان. بەڵام ئێستا هەموو مەلای کورد کۆبکەیتەوە ناتوانن خەوێکی واهی ببینن و بڵێن "چ ئاوی ڕژابێ و چ ئاوی نەڕژابێ"!. ئەی کە سلێمانی لەلایەن تورکەوە خاپورکرا, نالی سەری خۆیی هەڵنەگرت تاوەکو وڵاتەکەی بەو وێرانکارییە نەبینێتەوە!. ئێوە لە ئەنفالدا کە هەموو کوردستان خاپوورکرا! توانیتان تاکە دێڕێکی لەوەی نالی و سالم بنووسن. سالم وتی: "ڕۆمی ئەوەندە شومە لە شەخسیش دەدا زەرەر". ئەی بەعس مزگەوتەکانی ئێمەی رووخاند ئێوە لەکوێ بوون! بتانگوتایە "بەعس ئەوەندە شوومە لە مزگەوتیش دەدا ژەهر"!, یان "عەرەب ئەوەندە شوومە لە قورئانیش دەدا زەرەر"!. ئەوەیە جیاوازیی مەلای ئێستا و مەلای ئەوکات.





مەلای ئێستا دەتوانێت وەکو مەحوی تەسەوفی بگاتە لووتکە و هۆنراوەی "لە ناکەس کاریا خاکم بەسەر ڕۆی بەبا عومرم" بنووسێت!. ئێستا کەباسی هۆنراوەی تەسەوف دەکرێت, دەبێت بڵێین "مەحوی", کەس نالێت "لەگەڵ ڕێزمدا بۆ حەزرەتی مەحوی" مەلا کرێکار یان مەلا عەلی باپیر!. ئەوەیە جیاوازیی مەلای ئێستا و مەلای ئەوکات.

هەموو مەلای ئێستا کۆبکەیتەوە, بەبەلەمیشەوە ناتوانن لە ئاوی ئاراس بپەڕنەوە!. مەلا مستەفا تاوەکو هەموو بارزانییەکان لە ئاوی ئاراس نەپەڕینەوە خۆی نەچووە ئەوبەر ڕووبارەکەوە. کەچی کە هەڵەبجە ژەهربارانکرا یەکەم کەس مەلاکان رایانکرد بۆ ئێران و بوونە میوانی کۆماری ئیسلامی و یەکەم کەسیش بوون مانگانەیان لە قەرارگاکان وەرگرت!. ئەوەیە جیاوازیی مەلای ئێستا و مەلای ئەوکات.

هەموو مەلای ئێستا کۆبکەیتەوە, شەڕی ئاوباریکی لە دژی ئینگلیزەکان پێناکرێت! ژیریی رامیارییان ناگاتە پزووی سەرخەرمانییەکەی شێخ مەحمود کە فەلەیەکی وەك کەریمی ئەلەکە بکەنە وەزیری دارایی و گوێنەدەنە ئەوەی ئەمە موسوڵمانە و ئەمیش فەلە!. ئەوەیە جیاوازیی مەلای ئێستا و مەلای ئەوکات.

ئەو ڕۆژەی ئاڵای کورد لە کۆماری مەهاباد هەڵکرا, مەلاکان و لەپێشیانەوە پێشەوا قازی بەڕێزەوە دەستلەسەرسنگ بۆ ئاڵاکە وەستان. مەلای ئێستا ئاڵای کوردستانی لا بەڕێز نییە. مەلای ئێستا بەبەرچاوی هەموو کوردەوە بێڕێزی بە مارشی نەتەوەیی کورد دەکات و

لەناو پەرلەمانی کوردستاندا لەبەری هەڵناستێت. ئەوەیە جیاوازیی مەلای ئێستا و قازیی ئەوکات.

زۆربەی هەڵبەستە کلاسیکە دڵدارییەکانی ئێمە مەلای ئەوکات نووسیونی. مەلای ئەوکات هەڵبەستی رۆمانسی دەنووسی! مەلای ئەوکات باسی عەشقی پاك و زوڵفی خاو و باڵای بەرز و چاوی گەش و تەنانەت باسی ساقی و بادەنۆشیشیان دەکرد! مەلای ئێستا جگە لە ترس و تۆقاندن چ دەکەن و چ دەزانن!. ئەوەیە جیاوازیی مەلای ئێستا و مەلای ئەوکات.

جیاوازیی نێوان حاجی قادری کۆیی و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد و حاجیانی ئێستاتان دەوێت! ئەمەیان هەرنەگووترێت باشترە لەبەرئەوەی نەسەری هەیە و نەبن!

ئەگەرچی بەراوردم زۆرە و پشووشم درێژە, دەتوانم زۆرتر درێژە بەبەراوردەکانم بدەم. بەڵام لەهەموو مێژووی رابردووماندا جگە لە خۆفرۆشانێکی وەك خەتێ و بەدلیسی و لەوانەیە چەند کەسانێکی زۆر کەمی تر "کەمن نەمبیستوون", مەلایەك, شێخێك, سەیدێك, قازییەك یان موفتییەك نابینم هێندەی چارەکی تازە مەلایەکی ئێستامان پیاوی ئێران بووبێت! یان بەفیت و پارەی عەرەبستانی سعودیە رۆژانی هەینی ژەهری تیرۆر و دوواکەوتن و ژنکوژی بەناوماندا بڵاوبکاتەوە.

ئێوەی ئیسلامی راستدەکەن رۆشنبیر و شۆڕشگێڕی کورد هەر مەلا و شێخ و سەید و قازی بوون. بەڵام ئەوان وابوون و ئێوەش وا!. ئێوە بۆتان نییە ئەوان بەخۆتانەوە لەکەداربکەن. ئەوان هەموو شت بوون





تەنها ئیسلامی نەبوون. ئێوە هەموو شتن تەنها کورد نین!. لەگەڵ داوای لێبووردن بۆ ئەو زاتانەی کە ناچاربووم بیانخەمە ئەم تەرازووەوە و ئەو تازە مەلایانەی پێبەرم بە حەوادا!.

# کەرکوك, گەرماوگەرم[1]

لاهای – هۆڵندا
2008-08-01

رۆژانی 7 و 8ی مارتی راپەڕینەکەی 1991 لە سلێمانی کۆمەڵە ئەمن و پیاوخراپێکی زۆر کوژران. خەڵکی داخلەدڵ بوون و گەرماوگەرم کێیان ویست لەناویانبرد. ئەوەی کوژرا کوژا و ئەوەشی بەخت یاری بوو و کەوتەوە رۆژی 9ی مارت هیچی بەسەرنەهات و گەڕایەوە بۆ بیابانەکەی خۆی. یان هەربەهۆی خۆمانەوە کەلەبەرێکمان بۆ دروستکردن و رەوانەی وڵاتەکەی خۆیانمان کردنەوە.

ئەگەر ئەو گەرماوگەرمی بەعسیقڕانەی رۆژانی 7 و 8 تاوەکو هەفتەیەك بەردەوام بووایە! ئەوا زۆری تریشیان لێدەکوژرا و ئێستاش هیچی واهیی لە هەڵوێستی ئەمنستی و هیومان رایت ئۆچ نەدەگۆڕی. چونکە راپەڕینی خەڵکی بووە و ئەوانیش هەموویان کەسانی خراپ و سەربە رژێم بوون.

[1] رۆژنامەی رووداو – ژمارە – 18 – لاپەرە 18 – 04-08-2008 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کوردستان نێت 05-08-2008
ماڵپەڕی ئاراس کۆیی.





ئەم گەرماوگەرمە زۆری نەخایاند و هێرش کرایە سەر کەرکوك و عەرەبە هاوردە بەعسییە داگیرکەرەکانیش لەم هێرشەدا لە گوڵ کاڵتریان پێنەگووترا, چونکە لەجیاتی یەکلاییکردنەوە هەر دزیمان دەکرد و بووشنە هۆیەکی گرنگی دووبارە بەدەستەوەدانەوەی کەرکوك.

ئەگەر گەرماوگەرم کۆمەڵێك عەرەبی هاوردە لە ساڵی 1991دا بکوژرانایە لەجیاتی ئەو دزی و راووڕووتەی لە کەرکوك کردمان کۆمەڵێك سوودی زۆری دەبوو. گەورەترین سوودی کوژرانی سەدان عەرەبی هاوردە لە ساڵی 1991دا دەبووە هۆی ئەوەی پاش دووبارە رزگارکردنەوەی کەرکوك لە 2003دا عەرەبی بەهیچ جۆرێك تێدا نەمێنێت و ئێستا رەوتی کەرکوك بەتەواوەتی بەسوودی کوردا بووایە. تورکمانەکانیش ئەو پاڵپشتەی عەرەبە هاوردەکانیان نەدەما و ئێستا کورد بەهەموو شێوەیەك زۆرینە دەبوو.

مەخابن لە 2003شدا هەمان هەڵەی کوشندەمان کردەوە و لەجیاتی کۆمەڵێك پاکژکاریی عەرەبی هاوردە و هەندێك لە تورکمانە بەعسییەکان! ئەمجارەشیان هەرخەریکی دزی و فزی بووین.

ترسی لە دەستچوونی کەرکوك هەر لە یەکەم رۆژی رزگارکردنییەوە دەرکەوت و ئێمەش هیچ پلانێکمان نەبوو. ئەوەتەی بزووتنەوەی کورد هەیە دەڵێین کەرکوك کوردستانە و تاوەکو ئێستا دوو کتێبی رێکوپێکمان لەسەر کەرکوك و کوردستانیبوونی نەنووسیوە. ئێستەش لەو وتەیە نەگەیشتم کە دەڵێن "کەرکوك کوردستانییە بەڵام بە پێناسی

ئێراقییەکەیەوە"! خۆزگە بمزانیایە ئەوە قسەی کێیە و مەبەستی لەو مەتەڵە چییە؟!.

ئێستاش کورد لە کەرکوکدا خەریکی کپکردنی دەنگی کورد خۆیەتی. خەریکی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانی کوردە و عەرەب و تورکیش بە شێوەیەکی زۆر سیستەماتیك خەریکی لووشدانین.

کەرکوك رۆیشت و ئێستاش سەرکردەکان هەر خەریکی پشی پشین بۆ تورك و عەرەب. لە بەغدا کڵاویان لەسەرناین و ئێستاش نوێنەران و وەزیران و گزیران هەر لە بەغدان. ئێستاش بۆم روون نەبووەوە بۆچی و چی دەکەن لە بەغدا!. ئێستاش ئەو مەتەڵەم بۆ هەڵنەهات ئایا جەلال تاڵەبانی بۆ سەرۆك کۆماری داگیرکەری ئێراقە.

زۆر کاری گەرماوگەرمی باشترکردنی بارودۆخی کەرکوکمان لەکیسدا. نازانم لە پاشەرۆژدا چی لەو رووداوانە دەکەین کە دەبێت گەرماوگەرم بیانئافرێنین و کەچی لەباریان دەبەین.

ئێمە زۆر هاوارمانکرد ئەو شارە شاری ئێمەیە و داوای تورك و عەرەب تێیدا ناڕەوایە. ئەگەر هەزار ساڵی دیش هاوار بکەین هەر نایبیستن. ئیتر چاوەڕێی چین. نەدەبوو گەرماوگەرمیی تەقاندنەوەی بۆمباکەی چەند رۆژ لەمەوبەر لەکیس بدەین و دەبووایە زۆر کێشەمان لە کەرکوکدا یەکلایی بکردایەتەوە!.






# چەند خولەکێك لەگەڵ (ئازاد هەورامی)دا[1]

لاهای – هۆڵندا

2008-07-17



من لە هەموو ژیانمدا تەنها یەکجار ئازاد هەورامیم دیوە. ئەویش لە ئێوارەیەکی هاوینی ساڵی 1986 لە گوندی سەفرەی ناوچەی

[1] کوردستان نێت 02-09-2008.

ئەم وتارە نێردرا بۆ یاد و رێزلێنانی ئازاد هەورامی لە لەندەن لە رۆژی 31-08-2008.

هەمان وتار لە ماڵپەڕی ئازاد هەورامیدا بڵاوکرایەوە.

شینکایەتی. ئەو ئێوارەیە ئێمە دەمانویست ئۆتومبیلێکمان دەستبکەوێت و پێی بێینە کەڵکی قامیش هەر لە دۆڵی شینکایەتی. بەڵام لەبەرئەوەی ئێوارە بوو و ئۆتومبیل کەم بوو زۆر وەستاین. لە شوێنی وەستانی ئۆتومبیلەکان نۆرەی ئێمە هات بۆ دووا ئۆتومبیل, ئەو کاتەی ئێمە خەریکی سواربوون بووین, ئازاد هەورامی و چەند کەسێك گەیشتنە ئەوێ و پێم وابێت لە دیوی ئێرانەوە هاتبوونەوە. دەیانویست بەپەلە بچن بۆ دۆڵی جافەتی و لەوێوە بۆ یاخسەمەر. ئێمە نەماندەزانی ئەم کابرایە کێیە و چییە ! بەڵام کە خەڵك و کابرای شۆفێر چاویان پێی کەوت و زانییان پێویستی بە ئۆتومبیلە یەکسەر ئاماژەیان بۆ ئۆتومبیلەکەی ئێمە بۆ کرد تاوەکو بەکاریبێنێت و بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی دەچێت.

بەڵام ئەو پاش چاك و چۆنی و هەرکە زانیی ئێمە لەپێش ئەودا وەستاوین, ئەگەرچی ئەوە دووا ئۆتومبیلیش بوو, یەکسەر وتی "من بەهیچ جۆرێك سواری ئەم ئۆتومبیلە نابم چونکە ئەم برادەرانە پێش من لێرە وەستاون و نۆرەی خۆیانە و دەبێت ئەمان بڕۆن". ئەوە بوو ئێمە سەرکەوتین و ئیتر بۆ هەتا هەتا ئەو کاك ئازادەم نەبینییەوە و بەو چەند خولەکە زانیم کە ئەمە چۆن مرۆڤێکە ! .

لەوانەیە بەڕێزتان بڵێن ئەمە چیرۆکێکی سادەیە و هیچی واهی ناگەیەنێت! بەڵام بۆ من لەو کاتەدا و تەنانەت ئێستاش زۆر واتای جوانی هەیە. چونکە ئەو وردەکارییانەن کە کەسایەتیی مرۆڤێك دروستدەکەن و مرۆڤێکی خراپ لە باش پێ جوودادەکەنەوە.





من دڵنیام لەوەی ئەو ڕۆژە ئەگەر لە جیاتی ئازاد هەورامی هەریەك لەم لێپرسراوانەی ئێستا بووایە, زۆر ئاسایی نۆرەبڕیی لە ئێمەی "کەمهێز" دەکرد و بەبیانووی کاری پەلە یان هەرشتێکی تر ئێمە دەبووایە لە سەفرەوە تاوەکو کەڵکی قامیش بەپێ بەو دۆڵە وشکانەدا بمانکووتایە.

پاش ئەو ماوەیە نزیکەی هەفت مانگ لە دۆڵی جافەتی مامەوە و هاتووچۆم زۆردەکرد. زوو زوو لاندکرۆزەری لێپرسراوانم دەدی و بەلاماندا تێدەپەڕین, جگە لەوەی سواریان نەدەکردین تۆز و خۆڵی دنیاشیان دەکرد بەسەرماندا و ئاوڕیان لێنەدەدایەنەوە. هەربۆیە هەرجارێك لەو ناوچەیەدا ئۆتومبیلێکی تیژڕەوی لێپرسراوێکم بدیایە ئەو هەڵوێستەی ئازاد هەورامیم بیردەکەوتەوە. ئەو ئۆتومبیلانە لەبەرئەوە واهی ڕەفتاریان نەدەکرد لەبەرئەوەی ئێمە پێشمەرگەی پاسۆك بووین. بەڵکو پێشمەرگەی یەکێتیشیان لەڕێگا سووار نەدەکرد.. ئەگەرچی ئەوان لەناو ئەو ئۆتومبیلانەدا کەسیان لەیەکدی جوودانەدەکردەوە.

پاش ڕاپەڕین لە ڕێی سووریاوە بەرەو هەندەران کەوتمەڕێ, لە سووریا بوومە دۆستی کاك "سامی"ی برای کاك ئازاد هەورامی. ئەو ئەوکاتەش هێشتا لە شۆکی کوژرانی براکەی ڕزگاری نەبوو بوو و بەردەوام باسی دەکرد. لە چیرۆکەکانی کاك سامیدا بۆم دەرکەوت ئازاد هەورامی کابرایەکی سەرڕاست و کوردێکی باش بووە و ئەو هەڵوێستەشی من لەو کاتە کەمەدا لە گوندی سەفرە لێیم دی تنۆکێکی دەریای ڕەوشت و ئاکاری ئازاد هەورامییە, یادی بەخێر..

# هەڤپەیڤین لەگەڵ گۆڤاری هەڵبوون – سازدانی شەنکار عەبدوڵڵا![1]

سڵاو من شەنکار عەبدوڵڵا. لەگۆڤاری هەڵبونەوە خۆشحاڵەبین بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کەئاراستەی جەنابت دەکرێت، وەکو گەنجێکی ڕۆژنامەنوس و زۆر جار بابەتەکانتم بینیوە هەرلەوێوە ئەم پرسیارانەت ئاراستە دەکەین هیوادارین لەماوەی هەفتەیەکدا وەڵاممان بەیتەوە سوپاست دەکەین.

## پ1/ گەنج کێیە؟ یان گەنجێتی چییە؟ ئایا گەنجێتی تەمەنێکی بایۆلۆژییە یان سۆسیۆلۆژییە؟

بەداخەوە هەندێك پێناسە و پێوەر هەن کە ناتوانرێت بەتەواوەتی بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا بچەسپێنرێت. ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی, رامیاری و ئابوورییەی کە سەدان ساڵە کوردستانی پێدا تێپەڕبووە. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا منداڵ, بەواتای وشەی "منداڵ" زۆر کەمە. لەبەرئەوەی هەر لە منداڵییەوە رەفتاری گەورەت لەگەڵدا دەکرێت. هەر لە دوو ساڵییەوە پێت دەڵێن تۆ

[1] گۆڤاری هەڵبوون – ژمارە 18 – لاپەڕە 38-39 – 2009-01-10 – کوردستان – هەولێر. هەمان دیمانە لە ماڵپەڕی هەڵبووندا وەکو تێکست بڵاوکرایەوە.
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-02-15





گەورەیت. وامەکە دانیشە. مەکە عەیبە تۆ هێندەی گایەکیت, سمێڵت گووگرە بووە, واخەریکیت شوودەکەیت, تۆ لەڕێی ئەوەدا ماویت! و زۆری تر. هەربۆیە لەباری دەروونییەوە وات لێدەکەن گەورە و گەورانە رەفتاربکەیت.

ئنجا ئەگەر ئەمە بۆ منداڵ وابێت دیارە ئەوەی پێی دەگووترێت مێرمنداڵ و گەنج زۆر خراپترە. گەنجانیشمان بەهەمان شێوە هەرزوو بەگەنجی گەنجێتییان لەدەستداوە. هەموومان دەمانبینی زۆرێك لەگەنجەکانمان کەتەمەنیان لەخوار هەژدە ساڵییەوە بوو, تەمەنەکانیان زۆردەکرا تاوەکو لەلایەن داگیرکەری بەعسی عەرەبییەوە بڕیاری زیندانی یان لەسێدارەدان بیانگرێتەوە. جگەلەوەش کۆمەڵگەی ئێمە زۆرکەم حسابی بۆ گەنج کردووە. کوڕی لادێ بە چواردەساڵی ژنی هێناوە و بە پازدەساڵی کە گەرمەی هەرزەکاری و دانانی کەسایەتی و گەشەی بایۆلۆژیی بووە کەچی ئەو بووە بە باوك. زۆر رەویم نەکردووە کە بڵێم تا ماوەیەك لەمەوبەر زۆرینەی پیاوی چل ساڵەی لادێکانمان باپیربوون. دیارە بۆ ئافرەتان ئەم تەمەنە زۆر لەخوارتر بووە.

من کە منداڵ بووم زۆرچاك بیرم دێت یەکێك لە دروشمەکانی شۆڕشی هەفتاکان کە ئێمەی منداڵ دەمانگووتەوە ئەوەبوو: "بژی هێزی گەلاڵە پێشمەرگەی چواردەساڵە". واتە شۆڕش و پارتە کوردییەکانیش گەنجیان بە گەنج نەزانیوە. زۆرینەی پرۆگرامی پارتەکوردستانییەکانی پێش راپەڕین تەمەنی وەرگرتنی ئەندامەکانیان لە شازدە ساڵییەوە بوو, زۆرجار بیستوومانە یان بینیوومانە نارنجۆکێك یان دەمانچەیەکیان

داوەتە دەست گەنجێکی دوازدە یان سیازدە ساڵی و ناردوویانەتەوە بۆ شار تاوەکو چالاکییەکیان پێ ئەنجام بدەن!. بەڵام بۆ ئێستایان نازانم!. دیارە ئەو پارتانەش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی کوردەوارین و سەیری ئەو بەیتی گۆرانییە بکەن کە دەڵێت "بۆچ بۆچ بۆچ بۆچ, ئای بۆ کچێکی چواردەساڵی"! ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کچ لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەربە چواردەساڵی ئامادەبووە بۆ سێکس و شووکردن و ماڵبەڕێوەبردن. کەچی لەڕاستیدا سێکسکردن لەگەڵ کچێکی چواردەساڵیدا تاوانێکە و پێی دەڵێن پیدۆفیلێتی و لەو وڵاتانەی یاسا تێیدا سەروەرە دەچێتە ناو تاوانی سێکی منداڵەوە. واتە منداڵبازی.

هەربۆیە من پێم گرانە بڵێم گەنج کێیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. هەرچۆنێك بێت گەنج گرنگترین هەنگاوی ژیانی مرۆڤە لەدوای منداڵییەوە و بەڕای من دەکەوێتە نێوان تەمەنی 12 ساڵی بۆ 22 ساڵی و بڕبڕەی پشتی دانانی کەسایەتی و پێکەوەنانی ژیانی دوواترە. هەنگاوێی هەستیارە لەبارەی یاخیبوون و چلوورەبەستنی ڕێڕەوی بیرکردنەوە و سێکس و زۆر دیارەگەلی ترەوە. هەربۆیە گەنجێتی تەمەنێکی گرنگی بایۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییە و بەداخەوە لای ئێمە نە ئەوسا و نەئێستا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە, هەربۆیە کۆمەڵگەی ئێمە بەدواکەوتوویی ماوەتەوە.

## پ/2 ئایا هەستدەکەیت ململانێیە لەنێوان نەوەی کۆن ونەوەی نۆێدا هەیە؟ تاچەند گەنج سەرکەوتووبووە





## لەوململانێیە و تاچەندیش توانیویەتی ببێتە هەڕەشە لەسەرکۆمەڵگای پیر؟

ململانێی هەنگاوی گەنجی ململانێی نێوان نەوەی کۆن و نوێیە. بەڵام دەبینیت بەدرێژاییی سەدان ساڵ ئەم ململانێیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەك پێویست نەبووە. کۆمەڵگەکەی ئێمە وەك کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی دواکەوتوو بەدرێژاییی سەدان ساڵ ململانێیەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە. گەنج لەتەمەنی نێوان 14 تا 18 هاوسەرگیریی کردووە و وەك باوانی خەریکی کشتوکاڵ بووە و هاتووچۆی مزگەوتی کردووە. ململانێی نەوەی نوێ لە پێشکەوتنیدایە, بەڵام دەبینی نەوەکانی ئەوسامان هەر گاسنەکەی بابوباپیری بەکارهێناوە بەبێ ئەوەی هیچ پێشکەوتنێکی تێدا ئافراندبێت و کیژانیش هەر هەمان تەشی دایکان و داپیرانیان ڕێساوە بەبێ ئەوەی بیریان لە ئامێرێکی باشترکردبێتەوە. هەربۆیە ململانێی لەنێوان نەوەی کۆن و نوێی ئەوکاتەدا یان نەبووە یان زۆر کزبووە. ئێستاش ئەگەر ململانێیەك هەبێت دیاردەیەکی نوێیە. دیاردەی نوێش بەدەر نییە لە کەموکوڕی و نەزانی. هەربۆیە زۆرجار ئەو ململانێیەی نێوان نەوەی ئێستامان و نەوە کۆنەکە ململانێیەکی تەواو نییە. هەربۆیە سەرکەوتنی تەواوی بەدەستنەهێناوە.

هەڵبەت ئەو ململانێیەی ئێستای نەوەی نوێمان هەڕەشەیەکە بۆسەر نەوەی پیر, چونکە نەوە پیرەکە ململانێیەکی ئەوتۆی نەوەی پێش خۆیی نەکردووە تاوەکو بەهەڕەشەی نەوەی نوێ بسازێت. لێرەشەوە

تەواوی پێکدادانەکان دروست دەبن. چونکە نەوەی کۆن خۆی بەخاوەنی هەموو شتێك دەزانێت و وابەو هاسانییە دەستبەرداری دەستکەوت و دەستەڵاتەکانی نابێت. ژیرێتیی کۆمەڵگەی ئێمەش نەگەیشتووەتە ئەوەی کە لە چەمکی خانەنشینی و پشوودان تێبگات. هەربۆیە پیاوانی دەستەڵاتی وڵاتەکەمان رۆژانە مووەکانی دەموچاویان رەشدەکەنەوە! بەڵام دەستبەرداری کورسییەکانیان نابن.

## پ3/ ئایا گەنج دەبێت بەردەوام بێت لەوململانێیە یان چاوەڕێ بکات تا پیرەکان بەهەرشێوەیەك بێت کورسی یەکانیان بەجێدەهێڵێن؟

پیرەکان مەگەر مەرگ کورسییەکانیان پێ بەجێبهێڵێت! وەك پێشتر باسمکرد ئەمە نەبووەتە ژیرێتی ئێمە.

بڕوانە زۆرینەی پارتە کوردییەکان, دەبینین سەرۆك یان سکرتێر موڵکی هەتاهەتایی و تادەمرێت بەکورسیی سەرۆکایەتی و سکرتێرایەتییەوە لەحیمکراوە!. بۆنموونە گەر قاسملۆ لەلایەن داگیرکەری ئێرانەوە تیرۆرنەکرایە, تاوەکو ئێستا سکرتێری حیزبی دێموکرات دەبوو. ئەمە بۆ شەرەفکەندیش هەرڕاستە. ئەو گۆڕانکارییانەشی لەم دواییە بەسەر سکرتێری حیزبی دێموکرات هاتووە. سەرئەنجامی دووبەرەکیی خودی حیزبەکەیە نەوەك نەوەی پیر بڕوای بەهاتنە سەرکاری نەوەی نوێ هەبێت!. باسی پارتی و یەکێتی هەرناکەم. بەڵام دەمەوێت حیزبێکی وەك حیزبی زەحمەتکێشان وەك نموونە بهێنمەوە, کە زۆر خۆی لەوانیتر





بەپێشکەوتنخواز دادەنێت. ئەم حیزبە لەوەتەی هەیە قادر عەزیز سەرۆکییەتی و تاوەکو دەشمرێت هەر سەرۆکە!. تیتر دەبێت چ هیوایەکت بەم حیزبە و بەم سەرۆکایەتییەی ببێت.

هەربۆیە نابێت گەنجان چاوەڕێی بەجێهێشتنی خۆویستانەی! پیران بن لە کورسییەکانیان و دەبێت بەردەوامی ململانێی گۆڕانکاری و دەستەڵاتگرتنەدەست بن.

## پ4/ پەراوێزخستنی گەنج بۆ ناهۆشیاری گەنج دەگەڕێتەوە یان ئەمە دەسەڵاتێکی پیرە و ئەوەی پێ تەقەبول ناکرێت؟

لە وڵاتی ئێمە نەك گەنج زۆر شت پەراوێزخراوە. ئەدی منداڵان پەراوێز نەکراون!. پێم بڵێ لە ئەنفال هۆشیارتر هەیە لە وڵاتی ئێمە. ئەدی ئەنفال لە هەموو شوێنێك نابینرێت؟ ئەی نابینن کە چۆن ئەنفالیش پەراوێزخراوە. گەنجیش وەك ئەوان پەراوێزخراوە و هۆیەکانیشی هەر لەپرسیارەکەتەوە هەڵدەهێنجم. ئەویش ناهۆشیاریی خودی گەنجی ئێمە و دوواکەوتوویی پیری دەستەڵاتداری ئێمەیە.

## پ5/ تاچەند گەنجی کورد توانیویەتی یاخی بێت؟ یاخیبوون بەهەموو ماناکانییەوە.

خودی گەنج یاخیبوونە. بەڵام مەرج نییە هەموو یاخیبوونێك لە ژیرێتییەوە بێت. بۆ نموونە منیش کاتی خۆی گەنجێکی یاخیبووم,

لەزۆر شتدا خۆمم پێ لەهەموو کەس راستتربوو. ئێستا کە ئاوڕێك لە رابردووی خۆم دەدەمەوە هەندێك لەو یاخیبوونانەم بەژیرێتی نابینم. هەندێکجار باوکی رەوانشادم بەرەورووی ئەو یاخیبوونەم بووەتەوە وەك ئەوەی لە ساڵی 1987 بەتوندی لەگەڵ ئەوەدا نەبوو لە رۆژێکی ئاگرباراندا بچمەدەرەوە و ببمە پێشمەرگە. ئەو دەیگووت باشە بەڵام چ نەبێت چاوەڕێبکە تاوەکو ئەو شوێنەی لێوەیدەڕۆیت شەڕەکەی تێدا دەوەستێت. بەڵام منی یاخی بەگوێیم نەکرد. ئێستا بەخۆم دەڵێم باشە ئەگەر دوو رۆژێك یان هەفتەیەك پێشمەرگایەتییەکەمم دوابخستایە چ دەبوو؟ خۆ بەوە کورد رزگاری نەدەبوو و دڵی باوکیشمم نەدەئێشاند و ئێستاش پێکەنینم بەو یاخیبوونەم نەدەهات و ئەو خەفەتەی باوکیشمم لەدڵدا نەدەما.

هەربۆیە دەمەوێت بڵێم گەنج لەو کاتەدا هەست ناکات ئایا یاخیبوونەکەی تەواوە یان نا! ئایا لەژیرییەوەیەتی یان لە سۆزەوە یانیش لە بێهۆشییەوە. هەر لەبەرئەمەیە پێویستە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات "ئەگەر ببێت" زۆر گرنگی بەو یاخیبوونەی گەنجان بدات و ئاڕاستەیان بکات تاوەکو یاخیبوون و لۆژیکی سەردەم و کۆمەڵگاکەمان یەکبگرنەوە.

## پ6/ چ جۆرە خەباتێك باشە بۆگەنجان بۆڕووبەڕووی ئەوهەموو نەهامەتییەی کەڕۆژانە یەخەیان دەگرێت؟ یان هەڵهاتن لەنیشتمان تاچەند ڕێگەچارەیە؟





هەڵهاتن لە نیشتمان ئەگەرچی لەوانەیە وەك تاك کەمێك لە مەبەستەکانت وەدیبهێنیت! بەڵام خۆکوشتنێکی لەسەرخۆیە و من بەهەڵەیەکی گەورەی دەزانم. گەر پێم دەڵێیت ئەدی ئەوەنییە بەخۆت شازدە ساڵە لە هۆڵندا پاڵتداوەتەوە! دەڵێم منیش هەڵەبووم و ئێستا لێرە لە بارودۆخی خۆکوشتنێکی لەسەرخۆدام. تاراوگە چەندت پێ ببەخشێت هەزار ئەوەندە باجی دەروونیت لێدەستێنێت. بەڕادەیەك هەموو کاتێك حەز بەو رۆژانە دەکەیت کە لە وڵات بوویت. بەڵام گەر ئێستا بگەڕێیتەوە وڵات, لەبەرئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بەچاك و خراپییانەوە بە ئامادەیی تۆ نەبووە, نە وڵات وڵاتی جارانە, نەتۆش تۆی جاران و نە خەڵکیش ئەوەی ئەوسایە.

من ئەگەر ئێستا گەنج بم و لە کوردستان بژیم و هەمان گڕوکفی گەنجایەتی و کوردایەتیی ساڵانی هەشتاکانم ببێت. ئەوا دەبمەوە گەنجێکی یاخی, بەڵام ئەمجارەیان نابمەوە پێشمەرگە! بەڵکو دەبمە خەباتکارێکی دژی دوواکەوتوویی و بیری بێگانە, گەندەڵی و پیرسالاری و تاوەکو سەرئێسکیش دژی بیری ئێراقچێتی دەبم.

# هەڤپەیڤین لەگەڵ ڕۆژنامەی بەدرخان – سازدانی هەڵۆ مەرگەیی[1]

سازدانی هەڵۆ مەرگەیی
2008-08-28

**پ/ زۆر دەگمەن یا ڕونتر بڵێم کەمترین شت ئەوەی هاوڕێ باخەوان قسەی دەربار کردبێ، منالّی و ئەزموونی ژیانی تایبەتی خۆیەتی بۆ؟..ئایا ناکرێ تیشکێك بخەنە سەر لایەنە گرنگەکانی ئەو ڕابردووە؟..**

وەڵام: وەکو خەو دوو شتی زۆر منداڵیم بیردێت, یەکێکیان ئەوەیە کە ماڵمان لە کۆڵانێکی سەربە ئەسحابەسپیی شاری سلێمانی بوو و لەبەردەرکی ماڵەکەماندا گاسنێکی لێبوو, لەسەری ئەسپ ئەسپێنەم دەکرد. ئێستاش لە هەر شوێنێك گاسن ببینم تێر تێر لێی دەڕوانم,

[1] ڕۆژنامەی بەدرخان – ژمارە 103 – لاپەڕە 9 – سازدانی هەڵۆ مەرگەریی – کوردستان – سلێمانی.
بەداخەوە ئەم هەڤپەیڤینە هەندێك ڕستە و دەستەواژەی لەبلاوکردنەوەدا پەڕیبوو, بەجۆرێك کە وەڵامەکانی منی زۆر لەنگ و تێکەڵاو کردبوو. هەربۆیە جارێکی تر هەڤپەیڤینەکەم لە ڕۆژی 13-09-2008 لە ماڵپەڕی کوردستان نێتدا بلاوکردەوە. کاک هەڵۆ مەرگەیی دووجار بە ئیمێڵ داوای لێبووردنی لەو تێکدانە کرد و هۆیەکەی گەڕاندەوە بۆ ڕۆژنامەی بەدرخان.





لەوانەشە هەربەهۆی ئەوەوە بێت کە ئەسپم لە هەموو گیاندارێك پێ جوانترە و زۆرم خۆشدەوێت. ئەوی دووەمیان ئەوەیە زۆرچاك بیرمدێت کە دایکم لە نەخۆشخانە کەوتبوو لە بەغدا, چووینە سەردانی. ئەو دوو بیرەوەرییەی منداڵیم هی نێوان سێ ساڵی و چوار ساڵیمە. گەر باس لە منداڵیم بکەم دەبووایە لەو دوو بیرەوەرییەوە دەست پێبکەم. ئەگەرچی لەوانەیە بۆ خوێنەر چ بایەخێکی نەبێت بەڵام بۆ من زۆر گرنگن. بەتایبەتی ئەوەی دووەمیان کە دایکم بەهۆی نەخۆشیی سنگەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە بەغدا کەوت و ئێمەش پەڕیوەی ماڵە باپیر و پوورم بووین و خێزانەکەمان دابەش بوو.

ئەو ڕۆژەی ڕەوانشادی باوکم بردمی بۆ قوتابخانەی دەرگەزێنی سەرەتایی کوڕان تاوەکو بمخاتە بەر خوێندن, هێشتا پێنج ساڵانم تەواو نەکردبوو. بەڕێوەبەرەکە هاوڕێی باوکم بوو و دەیگووت "بەخوا کاك قایەر ئەمە هێشتا منداڵە بۆ خوێندن"! بەڵام باوکم پێداگیریی کرد و خرامە پۆلی یەك. چاکم بیردێت یەکەم ڕۆژی خوێندن جانتاکەمم لێونبوو و دوایی بۆیان هێنامەوە!. ئەوەندەی نەبرد لێی ڕاهاتم و لەو یەکەم ساڵی خوێندنەمدا دوو شتم بەسەرهات کە تاوەکو ئێستاش بەدەستییەوە دەناڵێنم, ناتوانم لەبیریان بکەم و هێزکارێکی زۆریشیان کردووەتە سەر دروستبوونی کەسایەتیم.

یەکەمیان: لەیەکەم هەفتەی خوێندندا بەوانەی وێنە ئاشنا بووم لە خۆشیاندا گەشکە بووم, چونکە زۆر حەزم لە وێنەکێشان دەکرد و لە ماڵەوە بەردەوام خەریکی وێنەکێشان بووم. پاش ماوەیەك مامۆستای

وێنەمان کە ناوی تایەر بوو پێیان دەگووت تایەرە سوور, کابرایەکی قەڵەوی سەر رووتاوەی سوورفل بوو, پێی وتین لە ماڵەوە هەریەك وێنەیەك دروست بکات. منیش خواخوام بوو بگەمە ماڵەوە تاوەکو وێنەیەك بکێشم و بۆ بەیانی بیدەمە دەست مامۆستا تایەر و بەحیسابی خۆم ئافەرینێك وەرگرم. شەوێ لەماڵەوە زۆر چاك بیرمە وێنەی زۆپایەکی عەلادین و قۆرییە چایەکم لەسەر دروستکرد و بۆ بەیانی بردم بۆ قوتابخانە. لەو وێنەیەدا هەرچی وەستایەتیی ئەو کاتەی خۆم هەبوو بەکارم هێنابوو!. داخی ئەو رۆژەم ئەوە بوو وانەی وێنە دەکەوتە یان چوارەم وانە یان پێنجەمەوە و دەبووایە زۆر بوەستامایە. هەرچی چۆنێك بوو نۆرەی وانەی وێنە هات و تایەرە سوور هاتە ژوورەوە, ئێمەش وەکو شێر لەبەری هەڵستاین و پاشانیش وەکو شێر دانیشتینەوە! و داوای وێنەکانی لێکردین. منیش خێرا بەشانازییەوە وێنەکەم خستە سەر مێزەکەم. دەستی کرد بە گەڕان بەسەر وێنەکاندا و کۆیی دەکردنەوە و ناوی لەسەر دەنووسین. کە نۆرە هاتە سەر من و سەیری وێنەکەی کرد, وتی "هەستە سەرپێ", منیش یەکسەر هەڵستام و ئەویش بەهەموو هێزێکییەوە زللەیەکی لێدام, وتی "ئەمە خۆت دروستت نەکردووە". منیش بەگریانەوە وتم "بەخوا مامۆستا خۆم دروستم کردووە". ئەو هەر باوەڕی نەکرد و وتی "برۆ هیوای براتم بۆ بانگ بکە". منیش بەگریانەوە چوم بۆ پۆلی پێنج و کاك هیوام بۆ بانگکرد و وتی "کێ ئەم وێنەیەی دروستکردووە؟", ئەویش وتی "خۆی مامۆستا". وتی "نابێت! دەبا بەم دەباشیرە لەسەر تەختە رەشەکە





بۆم دروستبکاتەوە"!. منیش بەگریانەوە دەباشیرم وەرگرت و هەمان زۆپا و هەمان قۆریم دروستکردوە و پاشان باوەڕی کرد و کاك هیواشم گەڕایەوە بۆ پۆلەکەی خۆی. منیش بەدڵشکاوییەوە گەڕامەوە سەر تەختە رەقەکەی خۆم و دانیشتمەوە. تایەرە سوور دەبووایە داوای لێبووردنی لێبکردمایە کەچی هێشتا بەتووڕەییەوە وتی "برۆ دانیشە"!. منیش ببڕای ببڕ نەچوومەوە بەلای وێنە و وێنەکێشاندا. لەوانە بوو ئەگەر ئەو رووداوە روونەدایە یان تایەرە سوور لەباتی ئەو لێدانە ئافەرینی بکردمایە, پاشتر ببوومایەتە وێنەکێشێکی بەناوبانگی وەك رێبوار سەعید و ئەوانی دیکە. پاش ماوەیەکی زۆر کە چوومە ناوەندی و ماڵمان لە گەڕەکی گۆیژە گواستییەوە بۆ رزگاری, ئەو تایەرە سوورە گرگڕ هات بەرامبەر ئێمە خانوویەکی کرد, منیش ئەگەرچی گەورە بووبووم بەڵام هەرپێم خۆشنەبوو ئەو کابرایە ببێتە دراوسێمان! بەڵام خۆشبەختانە زوو خانووەکەی فرۆشت و ئیدی بۆ هەتاهەتا چاوم بەچاوی نەکەوتەوە. کە زۆرتر خۆمم ناسی ئەو وتەیەم بیست کە پێم وابێت هی ماوسی تۆنگە و دەڵێت "تووڕەبوون رەشەبایەکی بەهێزە چرای بیرکردنەوە دەکوژێنێتەوە", بەڕاستی زۆر ڕاستە و زللەکەی تایەرە سوور ئەو رەشەبا بەهێزە بوو کە چرای وێنەکێشانی منی کوژاندەوە. هەر دەربارەی ئەم رووداوە پاش ساڵانێکی زۆر لە وانەی کوردیدا هەڵبەستی "مامۆستا گیان تۆ لای من زۆر پیرۆزی"مان وەرگرت و بەو هەڵبەستەدا هەربیری تایەرە سوورم دەکەوتەوە و بەخۆمم دەگووت: "باشە تایەرە سوور لای من زۆر پیرۆزە, ئەی ئەو لەباوکم

زۆرتر بۆ من دڵسۆزە"؟!.. ئەم تایەرە سوورە و زللەکەی ئێستاش بووەتە تەوقی عەزازیل و لە گەردنم نابێتەوە..

دووەمیان: هەر لە پۆلی یەکی سەرەتایی بووم و زستانەکەی زۆر سارد بوو, بەرۆژێکی زستان کە دنیا هەمووی بەستبووی لەگەڵ کاك هیوامدا دەچووین بۆ قوتابخانەی دەرگەزێن و لە رێگا چەند حەسحەسێك "پاسەوانی گەڕەك" وەستابوون, کە چووینە پێشەوە بینیم کەسێك لەسەر پشت پاڵکەوتووە و فیشەکێك بەر سەری کەوتووە و خوێن رژابوو و چونکە دنیا زۆر سارد بوو بەستبووی. کابراکە دەستکێشی رەشی لەدەستدا بوو و قژیشی لوول بوو. بیرمە کچێکی منداڵیش هات و لەولاوە وتی "دەیناسم ئەوە فلان کەسی تەنەکەچییە". ئیتر ئێمە ئەوانمان بەجێهێشت و بەرەو قوتابخانە رۆیشتین. من لەو رۆژەوە تاوەکو ئێستا ئەو تەرمە هەر لەبەرچاومدایە! ئەو رووداوە ئەو ساڵە ببووە گەورەترین گرێی دەروونی بۆ من, ئەو کابرایە کێ بوو؟ بۆچی کوشتیان؟ ئەی ئایا ئیتر زیندوو نابێتەوە؟ و زۆری تری لەم باسانە کە تاماوەیەکی زۆر خەریکی بووم.

ئەگەرچی دەتووانم زۆری تر لەسەر منداڵیم بنووسم و هەڵوێستەی ترم زۆرە, بەڵام لێرەدا وازیان لێدەهێنم و زۆرتر سەرتانی پێوەناهێشێنم و هەڵیاندەگرم بۆ بوارێکی تر و بازێکی گەورەی 37 ساڵی دەدەمە سەر ئێستام کە تەمەنم 42 ساڵە و نزیکەی 16 ساڵە لە هۆڵندا دەژیم, ماوەی 6 ساڵیشە کارمەندی نەتەوەیەکگرتووەکانم لە دادگای





نێونەتەوەیی بۆ تاوانەکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو. لەم دادگایەدا لەبەشی کارگێڕیی دادگاییەکە کاردەکەم.

**پ/ چۆن و کەی ئاوێتە بەکاری سیاسی بوون، دواجار دەکرێ سەبارەت بەبیروباوەڕی ئەمڕۆتان بۆ خوێنەری نووسینەکانت قسەبکەی**؟..

وەڵام: من وەك هەر هاوتەمەنێکی خۆم سیاسەت, تەقە, شەڕ و ماڵوێرانیم بەشیرەوە خواردووە. زۆرباش گفتووگۆی 70 بۆ 74م بیردێت, شەڕکردنەوە و نسکۆش وەك دوێنێ وایە لام. لەوساشەوە تاوەکو ئێستا بەناشکوری "بێت" هەر شەڕ بووە و هەر تێشکان! ئیتر دەبووایە ئاوێتە بە کاری سیاسی ببیت. ساڵی 1974 لە کۆڵان منداڵ بووین و هاوارماندەکرد: "ئەم دینارە بەووردە, شیوعی قۆنەرەی کوردە" یان دەمانگووت "نە کەر ماوە و نەماین, دەستکەن بە شیوعی ..ین". ئەمانە تێکەڵبوونێکی هەڵە و دوواکەوتووانەی من بوون بە سیاسەت. بەڵام پاش ململانێی زۆری نێوان مارکسیزم و بیری نەتەوەیی و خوێندنەوەیەکی چڕوپڕی تەمەنی لاوییم, تای تەرازووی بیری نەتەوەییم لە عەردی دا و بوومە کەسێکی نەتەوەیی و پاشانیش لە ساڵی 1985 بوومە پاسۆك, ساڵی 1987یش بوومە پێشمەرگە. پاشان بەهۆی کێشەیەکی ناوخۆیی پاسۆکەوە وازم لە پێشمەرگایەتی هێنا, بەڵام هەر بە پاسۆکایەتی مامەوە تاوەکو مانگی نۆڤەمبەری 1991 بەشێوەیەکی فەڕمی خۆمم کەنارگیرکرد و ئیدی بەلایدا نەڕۆیشتمەوە.

هەڵبەت تاکی کورد زۆرکەم بەخواستی خۆی ڕێچکەی سیاسیی خۆیی دیاریکردووە, دەتوانم بڵێم زۆتر لە ٪95ی ئەو هەڵبژاردنە پەیوەندیی بە مەیلی بنەماڵەییەوە هەیە. بنەماڵە هەیە هەموویان پارتین و ئەوەشی هێشتا لەدایك نەبووە هەر پارتییە! بنەماڵە هەیە هەموویان یەکێتین.. بنەماڵەکەی من لە باوکەوە زۆرینەیان کۆمۆنیست بوون و شیوعی بوون. مامێکم "مەولود رەسوڵ" ئەندامێکی بەرزی حیزبی شیوعی بووە و لەسەریشی زیندانی و چەرمەسەریی زۆری بینیوە. باوکم "قادر رەسوڵ" لە پەنجاکاندا ئەندامی بەڕێوەبەری سەندیکای کرێکارانی سلێمانی بووە, تەنانەت پوورەکانیشم شیوعی بوون. هەربۆیە ناوم نراوە "هاوڕێ"!. بەڵام بنەماڵەی دایکم زۆرتر مەیلی پارتییان هەبووە و کاژیك و پاسۆکیشی تێدا بووە. من لەو نێوانەدا کەمینە لاوازەکەم هەڵبژارد و بوومە پاسۆك!.

بیروڕای ئەمڕۆم لەگەڵ ئەوسادا جیاوازییەکی تێکەوتووە, ئەوسا نەتەوەیی بووم, ئێستا نەتەوەیی ترم, لێ ئەوسا ئەوەم بەڕەوا دەبینی کە کورد دەوڵەتی هەبێت, بەڵام ئێستا ئەوە بە کورد ڕەوا نابینم, چونکە ئێمە موستەحەقی دەوڵەت نین هێشتا. ئێمە دەبێت پێش ئەوەی داوای دەوڵەت بکەین دەبێت ببین بە نەتەوە, کەی بووینە نەتەوە ئەوکات حەقی ئەوەمان هەیە داوای دەوڵەت بکەین. ئەوەیە جیاوازیی بیرکردنەوەی ئەوسام و ئێستام. بەڵام لێرەدا نامەوێت بچمە نێو وردەکاریی ئەم گفتووگۆیەوە, چونکە خەریکی کتێبێکم بۆ





وەڵامدانەوەی ئەوە و دەشبێتە تەواوکاری کتێبی "ئاڵای کورد"م کە ساڵی 2001 لەلایەن دەزگای سەردەم لە سلێمانی بڵاوکرایەوە.

**پ/ ناسیۆنالیزم یەکێك لەبنەما بنچینەییەکانی دەوڵەتی مۆدرێن لەئێستادا ئەژمار دەکرێ، دوێنێش عەرەب بکوژە تا گەلی بژی! ئەوەی بەنانی گوت خوبز بیکوژە! دەرهاویشتەی پاسۆك بوون، ئێستا هاوڕێ باخەوان چیمان پێدەڵێ**؟..

وەڵام: هەڵبەت بڕگەی یەکەمی پرسیارەکەت زۆر تەواوە و ناسیۆنالیزم بنەمای بنچینەیی دەوڵەتە, تەنانەت بنچینەی دامەزراندنی دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤیەتیش ناسیۆنالیزمی رووسی بووە. هەروەها بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی ئێرانیش ناسیۆنالیزمی فارسییە. هەموو دەوڵەتە ئەوروپییەکانیش لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراون و هۆکاری بەردەوامیشین تاوەکو ئێستا. بڕوا بکەن ئەو رۆژەی هۆڵندا یاریی تۆپانێی هەبێت, هەموو هۆڵندا دەبێت بەرەنگی نارنجی و کەس بەدەرەوە نییە و هەموویان روویان لە سکرینی تەلەڤزیۆنەکانیانە. بڕۆ لە پاریس بە ئینگلیزی پرسیار لە یەکێك بکە هەر وەڵامت ناداتەوە! چونکە بەفەڕەنسی پرسیارت نەکردووە!. لە ئەڵمانیا بە زمانێکی تر پرسیار بکەیت هەر سەیریشت ناکەن!. کەچی لەلای ئێمە وەستایەکی کورد بە عەرەبی لەگەڵ شاگردە عەرەبەکەیدا قسەدەکات!. چونکە ئێمە هێشتا لەوە نەگەیشتووین زمانی کار زمانی وەستاکەیە!.

هەرچۆنێك بێت چ کاژیك و چ پاسۆکیش بیری ناسیۆنالیان هەبوو. بەڵام هیچیان نەیانتوانی ئەو بیرە بکەنە سیاسەت, کاژیك کاتی خۆی ببووە دوواکەوتەی پارتی و پاسۆکیش بووە دوواکەوتەی هەموویان. کێشەی ئەو دوو حیزبە کێشەی فۆرمەلەنەکردنی بیری نەتەوەیی و سیاسەت بوو. هەربۆیە کەسانێك هەبوون دەرهاویشتەی ناراستیان بۆ هەڵدەبەستن, یان ئەوەندە بێهێزبوون نەیاندەتوانی تەنانەت ئەندامانی خۆشیان رامبکەن تاوەکو دەرهاویشتەی لەو جۆرەیان نەبێت. پاسۆك هەرگیز نەیگووتووە عەرەب بکوژە تاوەکو گەل بژی. بەڵام عەرەبی ئێراق کوردی دەکوشت تاوەکو عەرەب بژی. پاسۆك هەرگیز نەیگووتووە ئەوەی بە نان بڵێ خوبز بیکوژە. بەڵام عەرەبی ئێراق ئەوەی بە خوبزی بگووتایە نان دەیکوشت, دەیگرت, لاقەیدەکرد و ئەنفالی دەکرد. ئەوانە قسەی پاسۆك نەبوون بەڵکو لە کەسانێکەوە دادەکەوتن کە پاسۆك بوون یان لەسەر پاسۆك دەژمێردران. کاشکی ئێمە عەرەبمان بکوشتایە تاوەکو خۆمانمان بژیاندایە. کاشکی ئێمە پاش ئەنفال ئەوەندە هێژابووینایە ئەوەی بەنانی بگووتایە خوبز بمانکوشتایە. بەڵام ئێمە ئەوەندە دەبەنگین هێشتا دڵمان بە ئێڕاقی فیدڕاڵ خۆشە و خەو بەیەکپارچەییەوە دەبینین, عەرەبیش زۆر سیستەماتیك و ئاقڵانە خەریکی ئەوەن چۆن لە زاخۆوە تاوەکو فاو بکەنەوە خاکی عەرەب.

**پ/ وەك یەکێك لەنزیکی ڕووداوەکان پاسۆك بۆ ڕۆژی بەمە گەیشت**؟..





وەڵام: ئێستا کە کەمێك لەوسا دنیادیدەترم کە پاشەوپاش سەیری پاسۆك دەکەم, ناڵێم پاسۆك پارتێك بووە, بەڵکو زۆرتر وەك گروپێك دێتە پێش چاوم. دیارە بیری نەتەوەیی کوردی چەندێك داگیرکەران دوژمنی بوون, حیزبە کوردییەکانیش هەزار ئەوەندە. پاسۆك دەبووایە نەمایە, چونکە نە بەرنامەی کاری ئەوە بوو, نە سەرکردایەتییەکی لێوەشاوەشی هەبوو. ئێمە ئەو کاتە لاو بووین و دەمانویست رەوشی پاسۆك بەرەو باشتر ببەین و لەو قەیرانە رزگاری بکەین, خودی خۆم و چەند هاوبیرێکی تر خۆمان کاندیدکرد لە کۆنگرەی یەکەمی! پاسۆك لە ساڵی 1991دا ببینە ئەندامی سەرکردایەتی, هەڵبەت دەنگیشمان دەهێنا و کەسانێکی زۆرمان لەگەڵدابوون, بەڵام ریشسپییەکانی پاسۆك بەوە نەسازان و دەیانگووت ئێمە 30 ساڵمان تێپەڕنەکردووە و بۆ ئەندامی سەرکردایەتی ناشێین. لەم سەرئەنجامەیانەوە بڕواننە رادەی بیرکردنەوە و رۆشنبیرییان!. من ئەوکات تەمەنم 25 ساڵ بوو و ئاستی خوێندنیشم لە هەموو ئەندامانی ئەوسای سەرکردایەتیی پاسۆك بەرزتر بوو. دیارە ترسی ئەوان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئێمە ئەگەرچی بەتەمەن لەوان خوارتر بووین بەڵام لەوان زاناتربووین و دەترسان لەوەی دەستیان لە هەمانەکە دەربچێت. پاسۆك ئەگەر لەناو پارتیشدا هەڵنەوەشایەتەوە, ئێستا وەکو حیزبی زەحمەتکێشان, حیزبێکی بێهێز دەبوو و کەس هیچی بەکڵاوی نەدەپێوا, چونکە ئێمە زۆر شتمان لە بنەواندا سەقەت بوو.

من خودی خۆم ئەو کۆتاییەی پاسۆك دەدەمە پاڵ سەرکردایەتییەکەی کە بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئەو تەڕنەیان بە خۆشیان و پاسۆکیشدا. تێڕامێنن یەکێك لە دیارترین سەرکردە نوێیەکانی پاسۆك عەبدوڵڵا ئاگرین بوو. ئەم کابرایە ئەو کات من لە نزیکەوە نەمدەناسی چونکە تاوەکو دوو ڕۆژیش بەسەر ڕاپەڕینی سلێمانیدا تێپەڕیبوو نەهات بۆ بارەگا بۆ لامان! لەوەدەچوو چاوەڕێ بکات تاوەکو بزانێت بارودۆخەکە بەکوێ دەگات. پاشان دوایی هات و بووە خاوەنی زۆر بڕیاری گرنگ, چونکە ئەوانەی لە شاخ هاتنە خوارەوە هیچیان لە شەڕە تفەنگ زۆرتر چییان نەدەزانی و پێویستیان بەیەکێك هەبوو ناوێکی ببێت, ئەمیش کۆنە کاژیك و نووسەر بوو. زۆرجار بە ڕەوانشاد سەعید گەوهەرم دەگووت: "مام بەختیار, ڕات چییە بەرامبەر بە کاك عەبدوڵڵا"! ئەویش لەوەڵامدا دەیگووت "عەبدوڵڵا ئاگرین لەلای سیاسیەکان ڕێزی دەگرن چونکە ئەدیبە و لەلای ئەدیبانیش ڕێزی دەگرن چونکە سیاسییە"!, منیش دەمگووت "کەواتە مام بەختیار هیچیان نییە!", "ئەویش دەیگووت ئیتر خۆت تێبگە!". لەمەوە بڕوانە ئاستی سیاسەت و لێوەشاوەیی سەرکردایەتیی پاسۆك. بەڕاستی کۆڵەوار بوون.

تێبینی: بەختیار – ناوی نهێنیی کاك سەعید گەوهەر بوو لە ڕێکخراوی کاژیکدا.

**پ/ زۆر لەنووسەرو ڕۆشنبیرانی ئێستا کەدوێنێ لەشاخ پێشمەرگە بوون باس لەخولیاو ئارەزوویەکی سەرسوڕهێنەر بۆ بوونە پێشمەرگەیان دەکەن بەڵام**





**ئێستا پێچەوانەوە، ئایا ئێوەش دووچار بەو نائومێدیە بوونەتەوە**؟..

وەڵام: ئەگەرچی من تەمەنی پێشمەرگایەتیم کورت بووە بەبەراورد بەکەسانی تر, بەڵام هەرگیز لێی پەشیمان نیم. یەکەمین هۆی ئەوەی من بوومە پێشمەرگە, دەرکرانم بوو لە زانکۆ. ئەو ماوەیەی لە سلێمانی بووم باری دەروونیم گەلێك خراپ بوو, بۆیە ناچار چوومە دەرەوە. خۆشم زۆر حەزم پێی دەکرد. بەڵام هەندێکجار دەڵێم بەس نەبوو لەو هەموو تۆپەی کە ڕۆژانە مالوومەی پێ تۆپباران دەکرا, تیایدا نەچووم!. چونکە من زۆربەی کات لە گووندی مالوومەی دۆڵی جافایەتی بووم و بارەگای "سەرکردایەتی"ی پاسۆك لەوێ بوو. ئەو دۆڵە زۆر مەترسیدار بوو و تەنانەت پراکتیکی کۆلیژی فڕینی سەربازیی فڕۆکەخانەی کەرکوك لەسەر ئەو دۆڵە بوو, قوتابییە عەرەبەکان کە تازە فێری فڕینی سەربازی دەبوون دەهاتن بەئێمە خۆیان تاقیدەکردەوە و ڕۆژانە ئەو دۆڵەیان دەدایە بەر بۆمبای هێشوویی و هیی تر!. بەدی ئەوان کوردیان دەکوشت تاوەکو عەرەب بژی!.

**پ/ ئەزموونی نووسین و بڵاوکردنەوەی هاوڕێنامە، چەند پێشوازی لێکراوەو دەکرێ ئەوەندەش دژایەتی کراو دەکرێ، ئەمە بۆ؟ ئایا پڕۆژەی هاوڕێنامە کەی تەواو دەبێت**؟..

ئەگەرچی بەمدووایییە لەهەندێك شوێنی تر و هەڤپەیڤینی تردا باسی هاوڕێنامەم کردووە, بەڵام دەیڵێمەوە هاوڕێنامە تەنها لەلایەن خەڵکی

سادەی بێ پلەوپایەی حیزبییەوە بەخێرهاتنی کراوە, کە ئەمەش مایەی شانازییە بۆ من. بەڵام لەلایەن هەردوو حکومەتەوە کتێبێکی یاساغ بووە. هەر هاوڕێنامەش بوو کە منی کردە نووسەرێکی یاساغ و ئەوە دوو ساڵە دەمەوێت بەشێوەیەکی یاسایی و دوور لە "خەڵك راسپاردن"! ژمارەی سپاردن بۆ نووسینێکی ترم بەدەستبهێنم نامدەنێ!.

ئێستا هاوڕێنامە دوو هێندەی ئەوەیە کە ساڵی 1999 دەزگای سەردەم چاپیکرد. ماوەیەکیشە بەشێوەیەکی کاتی لێی وەستاوم تاوەکو بزانم ئەوەی کە ئێستا هەمە چاپ دەکرێتەوە یان نا. ئایا کە چاپکرایەوە ئەمجارەش لە کتێبخانەکان کۆیدەکەنەوە! وەك ئەوەی لە سلێمانی دەزگای زانیاری کردی!. کەسیش نەیزانی کتێبەکەمیان چی لێکرد! سووتاندیان! هەڵیانگرتووە یان چی؟!. کۆکردنەوەی کتێبی هاوڕێنامە لە کتێبخانەکان, هەمان زللەیەکی تری تایەرە سوورە و دیسانیش داوای لێبووردنم لێنەکرا.. بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم کە کۆکردنەوەی کتێبەکە خزمەتێکی زۆری بە هاوڕێنامە و خودی منیش کرد. پاش کۆکردنەوەی خەڵکانێکی زۆر دەیانویست ئەو کتێبەی من بەدەست بهێنن و بزانن چیی تێدایە و بۆچی لە کتێبخانەکان کۆکرایەوە.

بەهۆی کۆکردنەوەی ئەو کتێبەوە خەڵکیش دەیویست بزانێت "هاوڕێ باخەوان" کێیە! بۆ نموونە چەند ساڵێك لەمەوبەر لەگەڵ هاوبیری برامدا لە جادەی پیرەمەگروونی سلێمانی دەهاتینە خوارەوە, لەلای کتێبخانەیەك لاماندا و ئەوکات تازە کتێبی "پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی"م چاپکرابووەوە, من لە خاوەن کتێبخانەکەم پرسی ئایا ئەم کتێبە





سەرفیاتی هەیە؟ ئەویش بەبێ ئەوەی بزانێت من کێم, دەستی بۆ ناوی "هاوڕێ باخەوان" لەسەر کتێبەکە راکێشا و وتی "هەر کتێبێك ئەم ناوەی بەسەرەوە بێت لە بازاڕدا نامێنێتەوە"!. بەڕاستی موچووڕکەم پێدا هات و زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم. لەوەوە زانیم کە دەزگای زانیاری بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بێگومان بێ ئەوەی خۆیان خوازیاربن! چەند خزمەتی منیان کردووە!.

**پ/ ئەوەی لەفەلسەفەی مارکسیزمدا گرنگی پێنەدراوە، ڕۆڵی تاکە لەکۆمەڵدا، ئەم بۆشیاییە هزریە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە**؟.. **باوەڕناکەی خودی مارکسیزم بۆ کوردو بزاوتەکەی هەمیشە لەمپەرو خۆرەی بیری نەتەوەیی بوون**؟..

وەڵام: دەکرێت پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە مارکسیزم بگووترایە فەلسەفە, بەڵام من پێموایە پاش ئەو شۆڕشە ئەویش لە فەلسەفەیی کەوت و بووە سیاسەت و کەوتە خزمەتی نەتەوەی رووسەوە. گەورەترین بۆشایی ئەو هزرە ئەو ئەندێشە گەورەیەیە کە دەڵێت "کرێکارانی جیهان یەکگرن" ئەمە لە کاتێکدا یەکگرتنی کرێکارانی کۆریای باکوور و باشووریش بووەتە کارێکی ئەستەم. دیارە رۆڵی تاك زۆر گرنگە, چونکە هەر خودی تاکە دەبێتە سەرچاوەی کۆمەڵ. ئەم سیاسەتە هەروەك سیاسەتی ئیسلامیزم باوەڕی بەتاك نییە و ئەمیش وەك مارکسیزم هەردەم لە خزمەتی عەرەبدا بووە و هەموو نەتەوەکانی تری کردووەتە پرد.

مارکسیزم و ئیسلامیزم لەو ناوچانەی کۆمەڵە نەتەوەیەکی تێدا پێکەوە دەژین, ڕۆڵی نەتەوە بچووکەکانی وەك تاك لێکردووە و زۆرجاریش جینۆسایدی کردوون. ڕووداوەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی ستالین باشترین نموونەن.

من پێم وایە مارکسیزم لە دەیان ساڵی سەدەی بیستەمدا خۆرەی کوردایەتی بووە. چونکە خودی ئەم سیاسەتە جگە لە بەرژەوەندیی یەکێتی سۆڤیەت بەگشتی و نەتەوەی رووسی سەردەست, باکی بە هیچی تر نەبووە. ئەوەشی کە دەیانگووت "یەکێتیی سۆڤیەت دۆستی بەوەفای گەلانە"! لە درۆیەکی رووت بەولاوە هیچی تر نەبووە و نییە. نموونەش بۆ سەلماندنی ئەوە بە هەزارانە و لێرەدا تەنها ئاماژە بە کۆماری مەهابادی ساڵی 1946 دەکەم, کەچۆن ئەو دۆستە بەوەفایەی گەلان بۆ ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێران پشتی کردە کورد و ئازەری و پاشانیش خۆشبەختانە لەلایەن داگیرکەری ئێرانەوە ئەو ئیمتیازەی لێسەندرایەوە.

ئەگەرچی ئەو بیرە لە سەردەمانێکدا ڕۆڵی ترسناکی لەسەر چارەنووس و بیری کوردایەتی گێڕاوە, بەڵام ڕێبەرانی کوردایەتیش نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی زانستییانە و ئەقڵانییانە بەرەنگاری مارکسیزم ببنەوە. لێرەدا دەبێت ئاماژە بە کاژیکنامە بکەم, کە ئەوکات وەك مانیڤێستی نەتەوەییەکان وابووە و نیوەی زۆرتری ئەم نووسینە دژایەتیی کۆمۆنیستەکانە, بەڵام بەشێوەیەکی زۆر سادە و لاواز کە لەزۆر شوێندا





مرۆ شەرمەزار دەبێت بەو خوێندنەوەیەی کاژیك بۆ مارکسیزم و کۆمۆنیستەکان.

**پ/ تاکە کوردێکی ناو دادگەی نیودەوڵەتی بۆ دادگەیی تاوانباران کە سەر بەدادگەی لاهای ئێوەن، ئەگەر سەرانی ڕژێم لەنێو ئەو دادگەیەدا و دوور لەعیراق دادگەیی کرابان ئاڕاستەی کێشەی کوردی لەو گێژاوەیی تائێستاش تێی کەوتووە نەدەگۆڕی؟..**

وەڵام: دیارە من پێشتر لە هەردوو بڵاوکراوەی میدیا و ڕووداودا باسی ئەم گرفتەم کردووە. ماتریاڵم زۆر کۆکردووەتەوە بۆ باسێکی بەراوردکاریی نێوان دادگای یۆگۆسلاڤیای پێشوو و ئەوەی بەغدا کە زۆرتر تیشك دەخاتە سەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە. بەتایبەتی پاش ئەوەی کە هەندێك زانیاریی نەبیستراوم لەسەر دادگای بەغدا زانی لە ڕێی هەندێك پەیوەندیی تایبەتیمەوە و لێرەدا کاتی بڵاوکردنەوەی نییە. دادگای بەغدا! نابێت پێی بگووترێت دادگا. ئەوە گەمەیەکی سیاسی بوو تاوەکو سەددام زوو نەمێنێت و فایلەکانی ئەنفال و جەنگی کۆکوژیی کورد و گرێبەستە نێودەوڵەتییەکان بۆ رای گشتی دەرنەکەوێت.

هەڵبەت ئەگەر ئەو دادگاییە لە دەرەوەی ئێراق و لەژێر چاودێریی لاهایدا بکرایە هێزکاری دەبوو بۆ گۆڕینی ئاراستەی کێشەی کورد. بەڵام من پێم وایە ئەو گێژاوەی ئێستامان نە دادگاکەیە, نە عەرەبی ئێراقە و نە ئامریکاشە. بەڵکو نەزانیی خۆمانە. ئێمە یان باشتر وایە بڵێم سەرکردەکانمان هێشتا هەڕی لە بڕی ناکەنەوە.

دەربارەی دادگاکەی بەغدا هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەویش فیفتی فیفتی بوو لەنێوان یەکێتی و پارتیدا, هەروەک ئەوەی ئێستا لە کەرکوک روودەدات. فیفتی فیفتییەکەی دادگای بەغدا تەنانەت پارێزەر و وەرگێڕەکانیشی گرتبووەوە! ئیتر ئێمە گلەیی چی بکەین لە لایەنەکانی دەرەوە.

**پ/ لەوڵاتی ئێمەدا، ڕۆژنامە چاودێری حکومەت دەکات یان بەپێچەوانەوە؟.. بڵێی نەخشی ڕاگەیاندنی کوردی لەپەراوێزدا هەڵدەسوڕێ یان توانیویەتی خاوەن پێگەو دەنگی ڕاستەقینەی خۆی بێت؟..**

وەڵام: بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە ئەوەی من بزانم و هەستم پێی کردبێت نەک حکومەت بەڵکو حیزب چاودێریی ڕۆژنامە دەکات. چونکە حکومەت نییە و حیزب هەیە. ئەو پارەیەشی تەرخان دەکرێت بۆ ڕۆژنامەکان لەرێی حیزبەکانەوەیە, بەڵام دەبینیت لەسەر هەندێکیان دەنووسرێت "ڕۆژنامەیەکی ئەهلییی سەربەخۆیە"!. ئەمە راست نییە. هیچ ڕۆژنامەیەک لە کوردستان تەنانەت پڕفرۆشترینیشیان مایەکەی خۆی دەرناهێنێتەوە. هەربۆیە هەندێک لەو ڕۆژنامانە دەبێت لەسەر رێچکەی سەرچاوە مادییەکەیانەوە کاربکەن و جارجاریش بۆ چاوبەستی ئەمە هەندێک بابەتی رەخنە ئامێز بڵاودەکەنەوە.

نەک ڕۆژنامەی کوردی, کورد خۆشی لە پەراوێزدایە. چونکە ڕۆژنامەوانی و زۆربەی دیاردە ژیارییەکانی ترمان پەیوەستە بە دۆزەکەمانەوە. دۆزەکەمان پەراوێزکراوە و گرنگترین هۆکارەکانیشی خۆمانین.





دیارە ڕۆژنامەوانیی کوردی بەبەراورد بە پێش راپەڕین گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە, بەڵام وەک پێویست نییە. ڕۆژنامەوانیی کوردی ئێستاش هەر وەرگێڕە. زۆرینەی هەواڵ و بابەتەکان وەرگێڕانی عەرەبی, فارسی و تورکییە. بەڵام هەندێک باسوخواسی گرنگیشی وروژاندووە وەک کێشەی فایلداران و گەندەڵی. ئەگەرچی کێشەی فایلدارانیش بابەتێکی سیاسی بوو لەلایەن خودی حیزبەکانەوە دزەی پێکرایە ناو ڕۆژنامەکان. واتە دەمەوێت بڵێم دڵۆپەی حیزب بوو بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی نەک لێزانیی ڕۆژنامەوانی کورد و گەشەسەندوویی ڕۆژنامەگەریمان!.

**پ/ لەدەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو ژمارەیەکی زۆر لەڕۆژنامەنوسانانی ئەمریکی پشکنینی ڕۆژنامەنوسییان لەبەرژەوەندی حکومەتەکەیان و تەنانەت لەخزمەتی ئاژانسی هەواڵگری CIA ئەنجامدا، هەروەک چۆن ڕۆژنامەنوسە ئەفریقیەکانیش ڕۆڵێکی بابەتیانەیان لەسەربەخۆیی وڵاتەکەیاندا گێڕا، بەبڕوای ئێوە و بەپێوەری عورفی کاری ڕۆژنامەوانی هەمەکارەیەکی لەوچەشنە دەچێتە خانەیەکی کارو ئادای کارکردنەوە؟..**

وەڵام: بەبڕوای من کاری لەو جۆرە دەچێتە خانەی موخابەراتی و بەکرێگیراوییەوە. بەڵام ئەگەر ئەو کارە ڕۆژنامەنووسییە لەپێناوی رزگاریی نەتەوەیەک و خۆشبەختیی مرۆڤایەتی و سەرهەڵدانی

راستییەکان بێت, ئەوا پێم وایە کاری رۆژنامەنووسییە و بەخێرهاتنی دەکەم.

**پ/ نەخشی ڕاگەیاندن و میدیا بەگشتی لەوڵاتی ئێمەدا سەبارەت بەپرسی ئافرەتان هەست ناکەی نەیتوانیوە موخاتەبەکردنێکی جەوهەری ڕەنگ پێبداتەوە**؟.

وەڵام: رەوشی ئافرەتانی ئێمە لە خراپترینی رەوشەکانی ئێمەیە. ئێمە کۆمەڵگەیەکی باوکسالاریی ژنکوژین. ژن کاڵایە لامان. هێشتا نەمانتوانیوە ژن لە کۆتە کۆمەڵایەتی و ئیسلامییەکان ئازاد بکەین. ژن هێشتا هەر نیو مرۆڤە. ژن هێشتا هەر هێمای ئابڕووی بنەماڵەیە.

ئێمە چونکە بەهەڵە لە رەوشت گەیشتووین, بۆیە رەوشت هێشتا هەر پەیوەستە بە نێوڕانی ژنانەوە. رۆژنامەگەرییەکەشمان وەك هەر دیاردەیەکی تر پیاوسالارە. ئێوە سەیری ئەو چەند رۆژنامەنووسە ژنە مەکەن, چونکە ئەوانیش زۆرینەیان رامدەستی پیاون و وەك پیاوان دەنووسن. لەبەرئەوەی بەبیر و نووسینی پیاو گۆش بوون.

نەخێر رۆژنامەگەریی کوردی نەیتوانیوە وەك پێویست خزمەتی دۆزی ژنی کورد بکات. چونکە ئێستا ژن لە جاران زۆرتر دەکوژرێت. ئێستا ژن لە جاران زۆرتر دەستووتێن. ئێستا ژن لە جاران زۆرتر خەتەنە دەکرێن. ئێستا ژن لە جاران زۆرتر سەرپۆش و بالاپۆشن. من نازانم ئەوە تا چ رادەیەك راستە بەڵام لەم رۆژانەدا لە راپۆرتێکدا ئەوەم بەرچاوکەوت کە 60٪ ژنی باشووری بندەستی داگیرکەری ئێراق خەتەنەکراون. ئەمە





ژمارەیەکی ترسناکە لەبەرئەوەی خەتەنەکردن هۆیەکی گرنگی ناجێگیریی دەروونیی ئافرەتانە.

**پ/ کورد لەباشوور، برسیەکانی لەمەترسییەکانی سەر دۆزەکەی زیاترن، ئایا ئەوە ڕەنگدانەوەی گەندەڵی حکومەتەکەیەتی یان کاریگەریەکانی پشتخانی کەلتوری**؟...

وەڵام: بێگومان من پشتخانی کلتووری بەهێزکارێکی گرنگ دەزانم. پارتی و یەکێتی لە هەسارەیەکی ترەوە بۆ کورد نەهاتوون, بەڵکو هەڵقووڵاوی مێژوو و کلتووری کوردن. هەر کێشەیەکیش لەواندا رەنگدانەوەی ئەو کلتوورەیە.

بڕوانە مێژووی میرنشینەکانی ئێمە. ئەو مێژووە دەتوانێت لە چەند وشەیەکی (دژایەتیی یەکتر, سازشی بۆ سەفەوی یان ئوسمانی, تێکشکان و یەکتر لاوازکردن و یەکتر تالانکردن..) کورت بکەیتەوە. ئەم حکومەتەی ئێستا لەو حیزبانە پێکهاتوون و ئەوانیش بەردەوامی ئەو کلتوورە سەقەتەن. من نازانم جیاوازیی پارتی و یەکێتی و دوو میرنشینی وەك سۆران و بادینان دەبێت چی بێت. لێرەدا مەبەستم لە پێهاتەی ئەو حیزبانەیە, رەفتاری ناوخۆیی و دەرەکییان لەگەڵ دراوسێکاندا. سووککردنی یەکتری و سازشکردن بۆ بێگانە بۆ مانەوەی خۆیان. دەستەڵاتی پشتاوپشت و بەئیسلامترکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری و زۆریتر..

**پ/ پرسی کەرکووك وەك دوا پرسیاری ئەم گفتوگۆیەمان ئێوە وەك چاودێرو نووسەرێکی دیار چۆن دەخوێننەوە**؟..

وەڵام: بەداخەوە من پێشتریش گووتوومە زۆر رەشبینم لە بارودۆخەکە و بەتایبەتی کەرکوك. هیوادارم ئەو رەشبینییەم هەڵە بێت و کەرکوك بگەڕێتەوە سەر ئەوەی پێی دەڵێن هەرێم. بەڵام بە مینتاڵیتیی خێڵەکی و بنەماڵەیی ئەو حیزبە کوردییانە هەرگیز ناگەڕێتەوە. هۆکەشی زۆر ئاسانە. کەرکوك بەو حیزبانە ناگەڕێتەوە چونکە ئەوان کورد نین! ئەوان ناویان پارتی و یەکێتییە. کەی ئەوان توانییان لەو بازنە تەسکە خۆیان رزگارکەن, ئەوا دەکرێت شتێکی لێ شین ببێت. بەڵام دیارە ئەوکاتیش درەنگ دەبێت.

من لە زۆر نووسینمدا زوو هاوارم لەوانە کرد و نموونەی ئیسرائیلم بۆ هێنانەوە, باوەڕناکەم هیچ کۆمەڵگەیەك هێندەی جوو بەربەرەکانێ و چەند دەستەیی تێدابێت. هەریەکەیان لە کونجێکی ئەم جیهانەوە روویان کردووەتە ئیسرائیل, بەڵام کە باس دێتەسەر دۆزی جوولەکە و دژایەتیی عەرەب, هەموویان دەبنە یەك تەنی یەکگرتوو. ئەوان هێشتا شەڕی دامەزراندنی سەرۆك فەرمانگەیەکی کەرکوك دەکەن, ئیتر من چ دڵێك بە رەفتار و گووفتاریان خۆشبکەم.

---

تێبینی: ئەم کۆمێنتانە لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت لەسەر ئەم بابەتە نووسرا:





**1.** کوردێکی نیشتیمان پە ... | 15-09-2008 - 21:27

کاک هاورێ لە هەڤپەیڤینەکەی سەرەوە دەڵێت "کاشکی ئێمە عەرەبمان بکوشتایە تاوەکو خۆمانمان بژیاندایە، کاشکی ئێمە پاش ئەنفال ئەوەندە هێژابووینایە ئەوەی بەنانی بگووتایە خوبز بمانکوشتایە"
ئەمە چ فکرێکی رەگەز پەرستی و میکیافیلی و شۆفینی و دژ بە مرۆڤە کە کاک هاورێ و هاوبیرەکانی پێی پەروەردە بوون؟ زۆر سەیرە تۆ ئەوەندە نائینسان بی خۆزگە بخوازی کە ئەوەی بە نان بلێ خوبز بیکوژی..!!! ئەمە تیرۆرە، تیرۆری مرۆڤ و زمان و نەتەوە و فەرهەنگ،.... ئێوە دەتانەوێ بەم فکرە ناقۆڵایە گەلی کورد و کوردستانی گەورە رزگار بکەن ؟ ئێوە پێش ئەوەی هەر کارێک بکەن هەر نووسینیک بنووسن کەمێک بە خۆتان و فکرەکانتاندا بچنەوە، کەمێک دڵ و دەروونتان لەم رک و کینەی دژ بە ئینسانەکان پاک بکەنەوە، فێرە دەرسی خۆشەویستی ئینسانەکانی وەک خۆتان بن.
من هەرگیز ناتوانم بە کەسێک باوەڕ بکەم نیشتمان پەروەور بێ ئەوەی بۆ خۆی بە راست دەزانی بۆ خەڵکی دی بە راست نەزانێ.
وەک ئەو قسە باوەی کە دەڵێ: تۆ ناتوانی ئازاد بی ئەگەر ئازادیت بۆ خەڵکانی دی نەوێت.

# ئیتر ئیسلامییەکان چییان دەوێت![1]

لاهای – هۆڵندا
2008-09-02

لە هەشتاکاندا بەهۆی خوێندنەوە ماوەی چوار ساڵ لە شاری موسڵ ژیام, لەو چوار ساڵەدا لە جارێك زۆرتر ڕێکەوتی مانگی ڕەمەزانم کرد. ڕەمەزان لەو شارەدا زۆر جیاواز بوو لە سلێمانی. ئەوکات لە سلێمانی تەنها بەهۆی پەردەی ڕێستوڕانتەکان لە ڕۆژدا و تەراویحی شەوانەوە دەتزانی ڕەمەزانە. بەڵام لە موسڵ شەو تا بەیان قەرەباڵغی و یاریکردن بوو. ئەو دیاردەیە بۆ من نوێ بوو, لە چاخانەکاندا یارییەکیان دەکرد پێیاندەگووت "محێبس". بەکورتی هەرچی موسڵ بوو خەریکی ئەو مانگە بوو و زۆر تایبەت بوو بۆیان.

کە هاتمە هۆڵندا, دیارە ئەوسا نەك ئێستا ! جاری وا هەبوو ڕەمەزان تەواو دەبوو و جەژنیش دەڕۆیشت هێشتا من پێم نەدەزانی! بەڵام

[1] ڕۆژنامەی ڕووداو – ژمارە 23ی ڕۆژی 2008-09-08 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی جودی نیوز – 2008-09-09
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2008-09-10
بەڕێکەوت هەمان بابەتیشم لە گۆڤاری نێوەندا بینی. بڕوانە نێوەند – ژمارە 55 – لاپەڕە 47– ئەیلوولی 2008 – کوردستان – سلێمانی.



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

ئێستا لەسایەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و میدیای کوردییەوە پێش مانگێك دەیزانیت ! .

ئێستا ڕەمەزان زۆر خۆشەویست بووە, یان خۆشەویست کراوە. سەدان هونەرمەندی کورد پێش چەندین مانگ خەریکی پڕۆڤەکردن و دروستکردنی زنجیرە درامایەکن تاوەکو لەو مانگەدا پیشانبدرێت.

حکومەتی هەرێم ماوەی کارکردنی فەرمانبەرەکانی کەم دەکاتەوە بەهۆی مانگی ڕەمەزانەوە,! دیارە باسی ئەندامانی پەڕلەمانی کوردستان ناکەم, ئەوان لە هەموو کەسێکی کارکەری ئەم سەر ڕووی زەمینە پشوویان زۆرترە ! .

پاش تەواوبوونی مانگی ڕەمەزانیش بەهۆی جەژنەوە, جەژنانە دەدرێتە فەرمانبەران.

پارێزگاری هەولێر دەست لە کاروباری پۆلیس و دادگا وەردەدات و بڕیاری ئەوە دەردەکات کە هەرچی لە مانگی ڕەمەزاندا جگەرە بکێشێت یان شتێك بخوات دەبێت 5 ڕۆژ زیندانی بکرێت ! .

لەو قەیرانی قەرەتەپە و خانەقینەدا وەزارەتی ئەوقاف هەموو کوردی بەبینینی مانگەوە خەریك کردبوو ! . وەك بە بینینی مانگ مادەی 140 بێتەدی و کێشەکانمان چارەسەر ببێت.

ماوەیەکی تریش حیزب و حکومەت ئێواران دەست دەکەن بە پێشکەشکردنی خوانی بەربانگ بۆ مەلا و سەرۆك خێڵەکان! وەك ئاوارەکانی کەرکوك و ناوچەکانی تر برسی نەبن ! .

بەکورتی ئەوەی لە مانگی ڕەمەزان لە کوردستان ڕوودەدات لە عەرەبستانی سعودیەش ڕوونادات. ئیدی بۆچی درۆی عیلمانی بە ئێمە دەفرۆشن و باسی دیموکراتی دەکەن. ئیتر بۆچی ئەو حکومەتە ناونانێن "حکومەتی هەرێمی ئیسلامیی ئێراق"!.

ئەگەر ئێمە پێش ئەوەی کورد بین, ئیسلام بین! ئیتر ئەم درۆی کورد و کوردستانییە بۆ و چ کێشەیەکمان لەگەڵ ئێراقی عەرەبی هەیە! هەمووما‌ن برای ئایینین و پێکەوە بەبێ هیچ کێشەیەك دەژین! دەبێت شانازیش بکەین بەو پێکەوەژیانە چونکە ئەوان لە ئێمە ئەفزەڵتر و چاکترن, ئەی قورئان ڕوو لە عەرەب ناکات و دەڵێت "كنتم خير أمة أخرجت للناس - ئێوە باشترین نەتەوەن کە تاوەکو ئێستا دروست بوون"! ئەی ئەوە خێر و بەرەکەت نییە ئێمە بووینەتە دراوسێی ئەو عەرەبانە!.

ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە ئایا حیزبە ئیسلامییە کوردییەکان! چییان دەوێت؟!. وڵاتێکی ئیسلامی, بیرکردنەوەی ئیسلامی, دابونەریتی ئیسلامی و قوتابخانەی ئیسلامی! بەڕاستی ئەوەی ئەوان چەند ساڵە بانگەشەی بۆدەکەن و گوێی کوردی بۆ دەبڕن! ئەوەی کە پێی دەگوترێت حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق بە دەستپاکییەوە بۆیی کردوون! هەربۆیە دەتوانم بەبێ دوودڵی بڵێم سەرکەوتووترین حیزبی کوردستان, حیزبە ئیسلامییەکانن و بەباشترین شێوە ئاواتەکانی خۆیان و بەرنامە عەرەبییەکانی عەرەبستانی سعودیەی ڕابەریانیان هێناوەتەدی!.





تێبینی: ئەم کۆمێنتانە لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت لەسەر ئەم بابەتە نووسرا:

**.8** شـةنكار عـةبدولآ | 15-09- 2008 - 12:44

ئيَمة ئةبيَت وةك بنةمايةكى ديموكراتى رِيَزلةهةموئايدؤتؤذ يايةك بطرين، بةتايبةتى ئاينى ئيسلام جاءةمةش ئةوةناطةيةنيَت كةئيدى بةبؤنةىئةم مانطةوة هةمومان بةرمالَ لةشانكةين وكؤنجى مزطةوتةكان بةرنةدةين، بةلآمسةيرئةوةية ئةوةى لاىئيَمة ئةطوزةريَت ثيَضةوانةىبنةما ديموكراسيةكانة، ضونكة موسولَمانانيش يان راستر ئىةانةى كةخؤيان بةميراتطرو بانطةشة كةرى ئيسلامدةزانن سادةترين شتيان ثى قبولَناكريَت هةتا دراماكانيش كة كؤمةلَطاىكوردى نيشاندةدات،بؤية هاورىَ باخةوان وبرادةرة موسولَمانةكانيش ثيويستناكات تةتةروف بكةن لةممةسةلةيةدا،

**.7** dari | 14-09- 2008 - 15:51

kaka gian blenu nalen mn kurdm nak muslmana wesh ray dwai blem muslmanm har aw islamatia bu wai  xoma agar dagrin balam awan rez  basar eme hena itr rez la muslmanan la ema nagrn her banawi islameti aman kujnu anfalman akan . haa aweta awa careki tr deyanewe bmannernewa shaxakan

**.6** هاورێ | 14-09- 2008 - 13:56

دە ست خۆش زۆر جوانت نوسیوە

**.5** کوردێک | 13-09- 2008 - 00:46

کاکی برا ئەوە بۆ ئەوەندە لە گەڵ دینی میللەتەکەت داخ لە دڵی، بۆ وا خۆت سەغڵەت کردووە؟ چاوت پێهەڵنایە نەتەوەکەت موسڵمانە و مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو دەبێ، تۆ چۆن کوردایەتیەک دەکەی کە

ناتوانی رێز لە دینی نەتەوەکەت بگری؟ دیموکراسیەکەتان جیگەی ئیسلام و مانگی رەمەزنی تێدا نابیتەوە..؟تۆ نەتەوەیی نی تۆ دژ بە نەتەوەکەتی، چونکە لە هیچی نەتەوەکەت تێنەگەیشتوی، پروپاگەندە بۆ شتێک دەکەی کە هی نەتەوەکەت نیە، ئیوە لە دەرەوەی مێژوو دەژین..!!
ئێوە تاکەی بەو بیرە تەسکە نەتەوایەتییە خۆتان دەکەن بە دەمراستی کورد، تۆ دەتوانی دەمڕاستی خۆت و ئەو چوار پینج کەسە بی کە وەکو خۆت بیر دەکەنەوە، ئیدی بەناوی هەموو کوردەوە قسە مەکەن واز لە گەلی کورد بێنن، کورد موسڵمانە بە هەموو شتێک بە میژووەکەی، بە ئەدەبەکەی، بە دابونەریتەکەی، بە عەقلیەتەکەی، بە رابەر و شاعیرەکانی،...سڕینە
وەی ئەمانە سڕینەوەی نەتەوەیەکە، کەمێک هۆش بە خۆتان بێننەوە.

**.4** pala salih | 2008 -09-12 - 16:08

mrovn er eew hemw twreiye chie le yek bo hende dji srwshti

**.3** رێوار عومەر | 2008 -09-11 - 22:49

کاک باخەوان مەسەلەی کورد لەلای تەنها بووە بەوەی کە ئێمە لە پێشدا کوردین یان موسڵمانین؟ بە راسیتی ئەمە تەرحیکی زۆر سادە و ساکارا، ئەمە نەک هەر باخەوان بەلکو زۆربەی نەتەوەییەکان توشی هاتون. من پرسیاری ئەوە لە کاک باخەوان دەکەم لە 80% جیهانی ئیسلام عەرەب نین نەتەوەی جۆر بە جۆرن، ئاخۆ ئەوانیش هەمان کێشەیان هەیە یان ئەمە نە خۆشیەکە تەنها توشی کورد هاتووە؟ بەو پێودانگە بی ئەوا ئێمە دەبی لە هەرچی مێژوو و رابردوو هەیە خۆمان داماڵین تەنها بۆ ئەوەی ببین بەو کوردەی کە کاک باخەوان دەیەوێ. ئایا ئەمە راستە؟

**.2** yad | 2008 -09-10 - 23:10

ئەرێ هیچی ترت پێ نەبوو باسی بکەیت هەی خەوت و ی دڵ پر لە دەرد ئاگات لێنیە چۆن ئیسلامیەکانمان لە کونی بەندینخانە ناوە





ئاگات لێنیە چۆن بە دڕاماکان موسوڵمانان بێ گا ئەکەین لە خوا پەرستی ئاگات لێنیە ئەوەی ماف بێت نایدەین بە موسوڵمانان ئەوروپا زۆر ڕێزیان زیاتر لێ ئەنێ نەک حوکمەتی کوردستان ئەوەتا فەرەنسا دادگای تاوانبارێکی دواخست لەبەر ئەوەی بە رۆژوبوو ئێمە لە کوردستان ڕێز لە ڕەمەزان نانێین هەی نەفام ئەوەتا بۆ زیاتر تێکدانی ڕەوشتی کورد هەموو ڕۆژانی هەینی تیپی مۆسیقا بە خۆڕای لە پاڕلی منارە خەڵک هەڵ ئەپەڕێنێ وەکو بڵێی بوین بە حوکمەت تەنها هەڵپەڕێن مان کەمە ئێمە میلەتی هەڵپەرینین کاکی برا مەترسە ڕێز لە موسوڵمان نانێین

تێبینی: ئەو تاوانبارەی ئەم خوێنەرە باسی دەکات, موسوڵمانێکی بەڕۆژوو بوو و لەسەر دزی گیرابوو بەزمانی بەڕۆژووەوە ! . ه.ب.

**.1** kwrdy xorbat | 2008 -09-10 - 13:35

هەرچەندە دڵنیانیم بڵاو ئەکرێتەوە یان نا بەس پێم خۆشە وەک ئیسلامیەک پیێت بڵێم چیمان ئەوێ:

1/لابردنی ئەو هەموو زنجیرە درامییانەی تۆ باسیان ئەکەی کە دونیایەک پارەو پولی ئەو میللەتە رەش ورووتەی بۆ بە هەدەر ئەدرێ بێ ئەوەی خزمەت بە کەس بکا جگە لە فەساد بۆۆنی کۆمەل و گاڵتە کردن بە عەقلی ئەو میللەتە کەوا پیشانمان ئەدەن کە کۆمەڵگەی کوردی زۆر لە گۆمەڵگە بازرگانییەکان دەوڵەمەند ترن ،وە داڕشتنی بەرنامەیەکی بەهێزو تۆکمە کە لەوێوە بتوانین زیاتر میللەتەکەمان ئاشنا بکەین بەو ئایینەی کە جگە لە خۆشگوزەرانی و سەربەستی هیجی تری پێشکەش بە خەڵک نەکردووە

2/گرتنە دەستی دەسەڵات و لابردنی ئەو هەموو گەندەڵ و کورد فرۆشەی کە ڕۆژ لە دوای رۆژ شکست و داڕووخانیان بە چاوی خۆمان ئەبینین.

ئەوا هاتین چاوەڕوان بە بەم نزیکانە

تێبینی: ئەم خوێنەرە هەمان کۆمێنتی بە ئیمێڵ بۆ ناردم, بەڵام لە ئیمێڵەکەیدا ئەمەشی خرابووەسەر:

ئەبینین, کە لای من و تۆ و هەر هەموو دونیاش ئاشکرایە کە جێگری ئەو دز و ئابروو چووانە کە لای تۆ بە (دەسەڵات) ناسراوە تەنها و تەنها (ئیسلامییەکانن) بۆیە دڵنیات ئەکەم و با باسی سەر نەیتە سەر سەرین بە هیچ حوکم کە حوکم بەو قورئانە ئەکا کە خوای گەورە بۆی داگرتووین. دڵنیابە و چاك بخەوە

ه.ب.

**هەمان بابەت لەسەر ماڵپەڕی رووداو کرایە کرمانجیی ژووروو و بە پیتی لاتینی بڵاوکرایەوە.**

Êdî îslamî çi dixwazin?
Hawrê Baxewan - Holenda

Di hestiyan de ji ber xwandinê ez çwar salan li bajarê Mûsil jiyam, di wan çwar salan de, ji carekê bêtir ez rastî heyva Remezanê hatim. Remezan li wî bajarî cûdatir bû ji Silêmanî. Wî demî li Silêmaniyê ji ber perdeyên xwaringehan bi roj û terawîhên êvaran, mirovî dizanî ku remezane. Lê li Mûsil, sev ta sibihê qerebalex û yarîkirin bû.

Ew diyarde ji bo min nû bû, di çayxanan de yariyek dikirin, jêre digotin "Mhêbis". Bi kurtî her çi Mûsil bû, bi wê heyvê ve mijûl bû û gelek taybet bû ji bo wan. Dema ez hatime Holenda, diyare wê demê ne niha, carna remezan derbas dibû û cejin jî diçû û hîna min pê ne dizanî! Lê niha, li saya televizyonên kurdî û mediyaya kurdî, berî heyvekê tu dizanî.

Niha remezan gelek xwes bûye, an hatiye xwes kirin. Bi sedan hunermendên kurd berî çend heyvan mijûlî pirove kirin û dirust kirina zincîre diramayekî dibin, ta ku di wê heyvê de nîsan bidin. Hikûmeta herêmê, dema karkirina fermanberên xwe kêm dike ji ber heyva remezanê, diyare ez behsa endamên perlemanê Kurdistanê nakim, ji ber ew ji hemû kesan karê wan





bêtire. Pistî bidawî hatina heyva remezanê jî, ji ber cejinê, cejinanê-diyarî- dide fermanberan. Parêzgarê Hewlêrê dest dixe nav karûbarên polîs û dadgehê û biriyarê derdixe ku her kesekî di heyva remezanê de cigarê bikêse an tistekî bixwe, wê 5 rojan bikeve di zindanê de.!

Di wê qeyrana Qeretepe û Xaneqîn de, wezareta ewqafê hemû kurd bi dîtina heyvê re mijûl kiribûn!. Heger weku dîtina heyvê, maddeya 140 bidîta, wê kêseyên me çareser bibana. Demeke dî jî hîzb û hikûmet, êvaran dest bi pêskêskirina xwarina berbangê dikin ji bo melan û serok xêlekan, da ku awareyên Kerkûk û navçeyên dî birçî nebin.!

Bi kurtî, ewa ku li heyva remezanê li Kurdistanê rû dide, li Si'ûdiya erebistanê rû nade. Êdî ji bo çi derewên îlmanî-gilopalîzim- difirosine me û behsa demokrasiyê dikin. Êdî ji bo çi wê hikûmetê bi nav nabin "hikûmeta herêma îslamiya Îraqê"!. Eger em jî, ew ên kurd bin, îslam bin! Êdî ev derewên kurd û Kurdistanî bo û çi kêseyekî me li gel Îraqa erebî heye! Em hemû birayên ayinin û pêkve bêyî çi kêse dijîn!

Divê em sanaziyê jî bikin bi wê pêkve jiyanê, ji ber ku ew ji me bastirin û çaktirin, ma ne Quran dibêje "kuntum xeyre ommetin uxricet lilnas- win bastirîn neteweyin ku ta niha çê bûne"! erê ma ew ne xêr û berekete ku em bûne cîranên wan ereban!. Niha bîr li wê dikim, aya partiyên îslamî yên kurdî çi dixwazin?!. Welatekî îslamî, bîkirineke îslamî, dabûnerîtên îslamî û xwendingehên îslamî

Bi rastî ewa ku ew ev çend sale bangewaziyê ji bo wê dikin û guhên kurdan pê qul dikin! Her ji bo wê û bê dudilî dikarim bibêjim, serkeftîtirîn partiyên Kurdistanê, partiyên îslamî ne û bi bastirîn sêwe awatên xwe û bernameyên erebên erebistana Si'ûdî înan.

# هەولێر, گوندێکی گەورەی دوواکەوتوو![1]

**لاهای – هۆڵندا**

2008-08-07

زۆرجار لێرە و لەوێ, گوێبیستی پێشکەوتنی ڕێگاوبان و بیناسازیی هەولێر دەبم, بەتایبەتی لە کاتێکدا کە بەراووردی هەولێر و شارێکی وەك سلێمانی یان جێگەیەکی تر دەکرێت. دیارە من بەخۆشم هەندێك لەو جیاوازییانەم بینیوە. ئەگەرچی بەو پێشکەوتنەی پیرە هەولێر گەلێك شادمانم, لێ لەلایەکی ترەوە بەخۆم دەڵێم, "سندان لەو پێشکەوتنەی"!, خۆ شارێکی وەك ڕیازی عەرەبستانی سعودیەش پێشکەوتووە و ڕێگاکانی های وەین و هەزاران باڵەخانەی بەرزی بەجوانترین ئارکیتێکت لێدروستکراوە. بەڵام ئایا شاری ڕیاز پێشکەوتووە؟!.

هەمان پرسیاریشم بۆ پیرە هەولێر هەیە. من چی لە جادەی پانی هەولێر بکەم! لەکاتێکدا هەولێر یەکەمی شارەکانی کوردستانە لە ژنکوشتندا. باڵەخانەی بەرزی هەولێر بەمن چی! کە زۆرترین ڕێژەی خۆسووتاندنی ژنانی نەتەوەکەم لەو شارەدا بێت. ئەدی چی لەو پارکە زەبەلاحە بکەم! کە هەولێر وەکو کابولی پایتەختی ئەفگانستان وابێت.

[1] کوردستان نێت – 2008-09-20





کۆگا و سوپەرمارکێتەکانی هەولێر چ نرخێکیان هەیە! لە کاتێکدا کە زۆرێکیان بە عەرەبی لێیان نووسراوە و ناوەکانیشیان عەرەبییە.

شۆستە پانەکانی چی لێبکەم! کە ئەوانەی پاکی دەکەنەوە خەڵکانێکی بێگانە بن و ئەو هەموو بێکارە خۆماڵییەشمان هەبێت!.

هەر دیاردەیەکی بیناسازیی تر بەمن چی! کە هەولێر کەسێکی وەك شێخ زانای تێدابووبێت و ئێستاش بووبێتە مەڵبەندی جادوگەری و فاڵگرتنەوە و جندۆکان لەلەش دەرهێنان و مەلای دادوەر و چارەساز...

پێشکەوتن جادەی پان و باڵەخانەی هەوربڕ و پارکی لەوەی سامی نییە! پێشکەوتن ژننەکوشتنە, ئەوەیە ئافرەتان ناچار نەبن بەخۆسووتاندن. پێشکەوتن نەمانی یان کەمبوونەوەی تاوانی شەرەفە! پێشکەوتن خوێندنەوەیە و بەرزکردنەوەی بیری دروستبوون و بەرەو دەوڵەتبوونە. پێشکەوتن ئەوەیە ئەو منداڵانەی لە هەولێر لەدایك دەبن ناوی کوردییان لێبنرێت. نەك ئەو ناوانەی لە بیابانەوە بەزۆری شمشێر بۆمان هاتوون. پێشکەوتن ئەوەیە ڕووی گەشی کچانی هەولێری ببینم, نەك داپۆشینیان بە چارشێوی بیایان.

پێشکەوتن ئەوەیە کە لە هەولێر یاسا سەیوان بێت. نەك بارەگای حیزبان و مزگەوتان و فەتوای مەلایان.

---

لەسەر کوردستان نێت ئەم کۆمێنتانە لەسەر ئەم نووسینە نووسرا:

**6. هیوا برزنجی سلیمانی** | 2008-09-27 - 01:18

کاك باخە وان سلاو

من هاولاتی یە کی شاری سلیَمانیم دانیشتووی شاری هە ولیَرم

زوَر شورە یی یە بوَتو بە وشیوە یە بیناسە ی ئە م شارە بە شە رە
ف و نیشتیمان بە روە ر
ە دە کە یت تە نها هە ولیرە ئە مرو لە کوردستانی کە ورە دا کە
جیکە ی شە رە ف و بە های بە رزی کوردانە و مروف دوستی و رە
سە نایە تی کوردستانی بی وە دیار بیت هە ولیر
ئە مرو قوتابخانە یە بو هە موو کورد دیاردە ی زن کوشتن تە نها لە
هە ولیر نیە بکرە لە سلیمانی زورترە یان لە دهوك و بادینان ئە مە
کیشە یە کی کشتی یە لە نیو کومە لکادا کاتی دە ویت جارە سە
ربکریت ئە مە ئە قلی مروفی کوردە ئە م زولمە دە کات نە ك هە
ولیرو دە ستە لاتی ولات تو ئە کە ر دە تە ویت بارودوخی امریکاو
ولاتانی ئە وروبا بە راورد بکە ی بیرە ئەِ وە بیکومان تو نە خویندە وارو
مروفیکی روشنبیر نیت ئە وە ی لە وی َ بە دە ست هاتووە زور
جیاوازیمان هە یە و ناکریت بە دریزی بوت باس بکە م ئە وە ی زانای
تاوانبار کردی مروفیکی وحشی بوو کە لە هە موو کومە لکایە کدا بە
ولاتانی ئە وروباوە هە تا ئە مریکا نموونە ی زانایان لی نە براوە و
تاوانی لە وە کە ورە تر روویداوە و بە ردە وام رووده دات غە درە لە
سە ر برزنجی و شیخ و کورد ئە م وە حشە بیناسە بکریت نموونە
ی ئە م درندانە هە میشە هە بووە و هە یە هە ولیر شە رە فی هە
مووانە و هە رکە س بە تانە و تشر باس لە هە ولیرو هە ولیریە کان
بکات روو رە شی بو دە مینیتە وە دە بینیت لە ناوندی شاری هە
ولیردا شیخِ محمودی نە مر مە لیکی کوردستان تە ماشای قە لابە
رزوو بر شکوَکە ی هە ولیری هولاکو بە زین دە کات عە یبە بو تو
تاریخی نەتەوەیەك بینرخ تە ماشا دە کە یت .

## 5. سلیَمان دلاوەر | 23-09- 2008 - 21:42

منیش دەلیَم تارادەیەك قسەکانی هاوریَ باخەوان راستن.. ئەزانی
بۆ؟ جونکە کەشەکردنی هەولیَر تەنها لە شکلەوەیە، نەك لە عەقل
و هوشیاری .. ئاخر بەو حکومەی هەولیَر شاریَکی دیَرینە و
سالاَنیَکی زۆرە زانکۆی تیَدایە و سەدان دامەزراوی ئیداری و
ریَکخراوەکانی کۆمەلَی مەدەنی و سەنتەر و دەزکای هونەری و
رِۆشنبیری و کەنالَی میدیای هەیە، کەجی خەلَکەکەی وەك
بیویست خاوەن هوشیاری نین... ئەوە بەو مانایە نییە خەلَکی





هەولیَر خراب بن، بیَکومان خەلَکیَکی خیَرخواز و ئینسان دۆست و
بەریَزن .. بەلاَم زۆریش داخراو و کۆنەخوازن... وەك جۆن لەجاکە و
بیاوەتی یەکەمن لە زن کوزی و بابەندبوون بە نەریتی دواکەوتوانە و
خورافاتیش یەکەمن... بە هیوای ئەوەی لە ئایندەدا خەلکی
هەولیَري زیاتر روو لە کرانەوە بکەن و ریَز لە زنانەکانیان بکرن، نەك
بیان کوزن... جاو لە بیشکەوتنی دونیا بکەن و بایتەختەکەیان جوانتر
بکەن..

## 4. shayankoye | 22-09- 2008 - 09:32

سڵاو کاک باخەوان
بە هیوام وەڵامی ئەو چەند پرسیارەم بدەیتەوە
1-پشتت بە کام سەرچاوە و ئاماری باوەڕپێکراو بەستووە ئەوە
دەربخات بەرزترین رێژەی کوشتنی ژنان لە هەولێرە؟
2- چەند جار خۆت سەردانی پارکی هەولێرت کردووە تا بزانی
کابولە؟
3- تۆ کە باسی هەولێر دەکەیت شێخ زانا دەکەیتە نموونە بۆ
سیمای ئەو شارە ئەی بۆ باسی ئەوە ناکەیت هەولێر زێدی شەهید
عەبدولخالق مەعروف و مەلاشەریفی رەنگەڕێژانی و ملافەندی و
عەبدوڵڵا پەشێو و دەیان رووناکبیری ترە؟
4-ئایا تا چەند شارەزای مێژوو و کولتوری هەولێری تۆ ئەوە دەزانیت
لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوو لە خۆپێشاندان و
مانگرتنەکان لە دژی سیستەمی پاشایەتی ژنانی هەولێر لە ریزی
پێشەوەی خەباتکارانی ئەم شارە بوون؟
لە کۆتاییدا دەمەوێ یەک زانیاریت پێبدەم دەبێ ئەوە بزانی بنەچەو
رەچەڵەکی شێخ زانا بەرزنجی
لە ناوچەیەکی تری کوردستانە نەک هەولێر بەڵام نیشتەجێی
هەولێر بوون.

## 3. هەولێریەک | 22-09- 2008 - 02:56

بە راستی جیگەی شورەییە کە نوسەریک ئیدیعای رۆشنبیری و
پێشکەوتن و کوردایەتی و نەتەویی بکات ئەوەندە تەسک بین و
کورت بین بێت بەرامبەر بە شارێکی دیکەی کوردستان.ئەوەندە
داخ لە دڵ بیت بەرامبەر بە شارێکی دێرینی کوردستان، بچوکی
بکاتەوە بۆ گوندێکی گەورە. نوسەر هەتا ئەو رادەیە نوقمی جەهل و

نەفامی بێ، پێشکەوتنی شارێک لەم شتانە کۆبکاتەوە: لە جۆری جلوبەرگ و ناوی مندالان و ناوی بەرهەمی سوپەرمارکیت بە عەرەبی بێ یا بە کوردی،... بە راستی ئەمە رۆشنبیری سەدمەیە!!

**.2** karwan | 2008 -09-20 - 21:45

وا دیارە نوسەر کاتی زۆرە ئەمجۆرە مەقالانە دەنوسێ کە لە رووی مەعریفیەوە بێناوڕۆکە! رک و کینە لە نێوان شارەکان دروست دەکات. مەگەر دیاردەی ژن کوشتن هەر لە هەولێر هەیە ؟ لە سلێمانی و دهۆک و شارەکانی دی نییە ؟ تۆ دەڵێ لە هەولێر زیاترە، بەڵی رەنگە وابێ چونکە هەولێر لە شارەکانی دی دانیشتوانی زیاترە. کاک هاوڕێ پێیوایە ئەگەر شار چەندە ئاوەدان و پێشکەوتو بێ و چەندە پارکی جوانی تێدا بێ، بە پێشکەوتوی دادەنێ چونکە ژنان بە مەیلی ئەو جلی نیوە رووت و مۆدێرنی ئەوروپی ناپۆشن، خۆیان بە چارشێوی بیابان داپۆشیوە، یانش منداڵان ناوی کوردی لە منداڵەکانیان نانێن، وەک بڵێ ئەگەر ناوی منداڵان کوردی بوو ئەوا هەموو کوردستان بە کەرکوکەوە دەبێ بە هی کورد، یانیش پی قەڵس دەبێ کە لە شاری هەولێر مزگەوت هەیە،....تۆ بەم قسانەت بە خۆت دژایەتی پێشکەوتن و ئازادی تاکەکان دەکەی، دەتەوێ ئیرادەی خۆت بەسەر خەڵکی هەولێر بسەپێنی. یەکێک لە بنەماکانی پێشکەوتن ئازادییە، تۆ رێ لە ئازادی خەڵک دەگری کە چ جل و بەرگێک دەپۆشن، تۆ ئازادی لە خەڵک دەستێنیەوە کە نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان ناو لە منداڵەکانیان بنێن چونکە بە قەولی تۆ و لە مێژووەکەی تۆ ئەو ناوانە لە بیابانەوە بەزۆری شمشێر بۆمان هاتوون. تۆ ئەگەر هەولیر بە جلوبەرگ و مزگەوت و ناوی منداڵان بە دواکەوتو بزانی، ئەوا من تۆ بە بیر و بۆچوونەکانت بە دواکەوتو دەزانم..!!! بۆیە منیش هەقمە بڵێم (سندان لەو پێشکەوتنەی) کە تۆ دەتەوێ...!!!

**.1** alan80 | 2008 -09-20 - 12:05

براکەم دیارە تۆ نەک هەر لە هزرو هۆش و بیرکردنەوە کۆلەواری بەلکو گوندئکی لە دوواکەوتئن . هیوادارم زۆر بخۆنیەوە کەمتەر بنووسی.





**کەسێك بەناوی فرسەت رۆژبەیانی ئەم ئیمێڵە تووڕەیەی لەسەر ئەم نووسینە بۆ ناردم:**

kak baxawan
amkatat bash
men fersat rojbayanim
1-bragyan to awanay xalki sharakatn u wak to bir dakanawa takay bau aqliyata
duakautua bir dakanawa u chawtan ba hawler halniet?
2-to la chaupekatnekda dawai kushtni xalk dakai ! sayr awaia to "yasanasi"darchui
zankoi musli,ke darsi pe daguti arab nabun ,to la holandai awash bezana ka holanda
awa bezanet skandaleka bataybati to wak xot daleit la dadgai lahai kar dakit xuda
dazanet ch dakait,lawanaya la arshiv karbekait ay qabila hakem bit!
3-to mawaieka xot bawa xarik kerdwa mezhu danusiwa nusinakant hich qimateki zansti
nia ,chunka awa kari to nia, awash wak awa waia men kari parezgari bekam,jan bbm ba
andaziar.
4-bra gian to salaneka la holandai liberalda dzhit hichiyan lewa fernabuit,harwak
zalameq qssa dakait ka lakolaneki tariki slemani zhiabet u duniai nadi bet

rosbeiani@yahoo.de

**کەسێکی تر بەناوی کارزان بابان ئەم ئیمێڵەی بۆ ناردم:**

slaw,,   aw babatay tom xindawa ka shari hawlert ba gundu dwa kawtu zaniwa,  esta

babatakatm xindawa abwaya zutr bmxwendbawa,, mn asaf daxom to kaseki roshanbir
buyt, pem sayra ka awa baw shewa be mstawaw be ma3rifatya hawlert ba 2wakatu wasf
krdya, kaka baxawan to agar nusinakat ba 3unsryatawa nabet, la slemanish
karakari byani chadaw shar pak dakanawa tanha la hawler niya,, badaxawa disan bo
mstawattttttt,,,, dlnyaba wallamt dadretawa ba nusinnnn, karzan baban- swed

baban80@hotmail.com





# دیمانەیەك لەگەڵ ڕۆژنامەی میدیا – سازدانی ئیبراهیم عەباس[1]

بەپێچەوانەی هەموو مەزندەیەکی کورد لە(5) ساڵی ڕابردوودا سەڕای هێزو چەك و دەستوور نەتوانرا شاری کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگەڕێنرێتەوەو لە (22) تەموزیشەوە، داوای پەسەندکردنی یاسای پارێزگاکان لەئەنجوومەنی نوێنەران بەیەکجاری پرسەکە زیاتر ئاڵوزکاو ئێستا لەهەموو کات زیاتر قسەو باسێکی زۆر لەسەر پرسی کەرکوك دەکرێت کەیەکێك لەو پێشنیارانەی بۆ بەلاداخستنی کێشەی کەرکوك دەدرێن داوای چەند پەرلەمانتارێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ سپاردنی ئەم کێشە بەدادگای دادی نێودەوڵەتی.

ڕۆژنامەی میدیا لەسەر ئەم ئەگەرو پێشهاتانە هاوڕێ باخەوان دەدوێنێ، ناوبراو جیالەوەی بەوردی شارەزایی مێژووی کوردە، لەسەر پرسە هەنوکەیەکانی ئێستای کوردستانیش کەسێکی بەئاگایەو بەدەر لەهەموو ئەمانە ماوەی (6) ساڵە لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

---

[1] ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە 357 – 23-09-2008 – لاپەڕە 7 – کوردستان – هەولێر.

هەمان دیمانە لەلایەن کاك ئیبراهیم عەباسەوە لە ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 25-09-2008دا بڵاوکراوەتەوە.

ماڵپەڕی کوردستان نێت – 28-09-2008

کاردەکات و چەند ساڵێکیشە کارمەندی دادگەی نێودەوڵەتی دادگایکردنی تومەتبارانی یۆگسلافیای پێشووە.

ئیبراهیم عەباس: دوای ئەو هەموو ئالۆزییەی بەهۆی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە(22)تەموز لەسەر پرسی کەرکوك ڕوویدا، چۆن تەماشای پێشنیاری ئەو پەرلەمانتارانەی عێراق دەکەی کەداوا دەکەن چارەسەری کەرکوك بەدادگای دادی نێودەوڵەتی بسپێردرێت؟

هاورێ باخەوان: سپاردنی کێشەی کەرکوك بە دادگای دادی نێودەوڵەتی جۆرێکە لە گەمەی رامیاری. گەمە رامیارییەکەش لە کاتدایە. فاکتەری کات لە سوودی ئێمەدا نییە و دوواکەوتنی چارەسەرەکە رۆژانە زیانمان پێدەگەیەنێت. لە ناو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا رۆتینێکی سەیر و کوژەر هەیە. ئەگەر نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێتە ناوبژیکاری یاسایی کێشەی کەرکوك, ئەوا چەند ساڵێك دەخایەنێت! . لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا عەرەبەکان دەتوانن گەلێك شت بگۆڕن, ئەگەر نەتەوەیەکگرتووەکان چاودێریی بارودۆخەکە نەکات. چونکە ئەوانە هەردەم بەشێوەیەکی سیستەماتیك کاریان بۆ بچووکترکردنەوەی ناوچە کوردییەکان کردووە. گووتم عەرەب! ئێتر بەعسی بێت, شیعە, سووننە یان سائبی و هەرچییەکی تر هیچ جیاوازیی نییە, تەنانەت عەرەبە کۆمۆنیستەکانیش هەمان شێوەن. چونکە عەرەب بەرامبەر کورد هەر عەرەبە و هەمان بیری هاوربەشیان هەیە!.





ئیبراهیم عەباس: خودی داوایەکە بەچ مانایەك دێت و ئەو جۆرە پێشنیارانە لەکاتێك دەروازەی چارەسەری کێشەی کەرکوك لەنێوان لایەنە عێراقی و کوردییەکاندا ماون چ واتایەك دەبەخشێت؟

هاورێ باخەوان: کێشەکە ئالۆزە, هەردوولایەنی کوردی و عەرەبی هیچ بڕوایەکیان بەیەکتری نەماوە. عەرەب هەرگیز بڕوای بە کورد نەبووە و نییە, هەردەم بەخەنجەرێکی دەزانن بۆ پشتی خۆیان. لێ کورد چونکە خۆشبڕوایە!, باوەڕی بەعەرەب ماوە. ئێستاش داگیرکەری ئێراقی لای کورد هەر دەوڵەتی ئێراقی فیدراڵە! پەرڵەمانەکەشی, ئەوەی کە ئەو هەموو بڕیارە دژە کوردەی تێدا دەردەچێت, هەرلای کورد یان دەستەڵاتی کوردی پەرڵەمانی ئێراقی فیدراڵە!.

باوەڕناکەم چارەسەری کێشەکە لای لایەنی کورد و عێراقی بێت بەتەنها, کێشەکە پەیوەستیشە بە ئامریکا و داگیرکەرانی تورك و فارس و هەروەها عەرەبستانی سعودیەوە!. ئەوەی من هەستی پێبکەم چارەسەری کێشە لەلای خۆمان کاتی بەسەرچووە!. دەبووایە پێش ئەوەی کورد ئێراق دروستبکاتەوە و بچێت بۆ بەغدا مەرجی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی دابنایە. پاش گەڕانەوەیان ئنجا بچووایەتە بەغدا و بەشداری دروستکردنەوەی ئێراقی بکردایە, ئەگەرنا هەر لەسەرەتاوە بەشداریی نەکردایە, ئێستا زۆر شت دەگۆڕدرا. من زوو هاواری ئەمەم کرد. بەڵام کێ گوێم لێدەگرێت! خۆ پڕۆپۆزەڵ و تەندەری پڕۆژەی بازرگانیم پێنەبوو! تا گوێم لێبگرن و بەقسەم بکەن!.

ئیبراهیم عەباس: لەئەگەری ڕێکنەکەوتنی هەموو لایەنەکان بەچارەسەری دەستوریانەی پرسی کەرکوك، پێتوایە سەرەنجام ئەم پرسە بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی دەنێردرێت و ئایا بەڕاست دەبێت کێ ئەم داوایە بکات؟

هاوڕێ باخەوان: پرسی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان دەستوور چارەسەری ناکات. چونکە دەستوورەکە زۆر سەقەتە. دیارە ئەوە گەورەترین کێشەیە. نوێنەرانی کورد لە بەغدا فریان بەسەر دەستوور و دەستووروانییەوە نەبوو، بەڵام عەرەبەکان شارەزای دەستوور بوون. هەربۆیە خودی دەستوورەکە گەورەترین کێشەی ناوەتەوە و لەزۆربەی شوێنەکاندا مادەکانیان بەسوودی عەرەب و ئێراقدا داڕشتووە! خودی مادەی 140 کە کورد قوڕی بۆدەپێوێت گەورەترین هەڵەی کورد و سەرکەوتنی عەرەبە!. ئەوان هەربەپێی دەستوور هێزدەنێرن بۆ خانەقین و سووپای ئێراق بەهێزدەکەنەوە. ئێمەش سەرەڕای ئەوەی هەمان ئەو دەستوورەمان واژۆ کردووە، رەخنەی ئەو کارانەیان لێدەگرین! کە بەپێی بەندەکانی هەمان دەستوور ڕوودەدەن.

لە نووسینەوەی دەستووری ئێراقدا، عەرەبەکان لەبەرئەوەی لە کورد بەئەزموونتر و ژیرتر بوون، چوون راوێژێکی زۆریان بە عەرەبی میسر کرد، چونکە ئەوان مێژوویەکی درێژیان لەگەڵ دەستوور و یاساوانیدا هەیە. بەڵام کورد وایدەزانی رەبایە دەگرێت و چەند کەسێکی بەبیری شاخەوە ناردە بەغدا بۆ نووسینەوەی دەستوور! دیارە ئەنجامەکەی هەروا دەبێت.





ئەوەی من بزانم ئەو کێشەیە ناچێتە دادگای دادی نێودەوڵەتی. چونکە بەپێی برگەی یەکەمی مادەی 34ی یاسای دادگای دادی نێودەوڵەتی، لایەنەکانی ئەو کێشانەی کە ئەم دادگایە ناوبژیی دەکات دەبێت دەوڵەت بن. دیارە ئێراق دەوڵەتە بەڵام هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە. لەبەرئەوە کێشەکە کێشەیەکی ناوخۆییە. لەبەرئەوە ئەو لایەنانەی دەیانەوێت کێشەکە بخەنە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی لەلاهای، شارەزای یاسای دادگاکە نین. من ئامۆژگارییان دەکەم لە پێشدا بچن یاساکەی بخوێننەوە ئنجا داوایەکی واهی بکەن!.

بەڵام دەکرێت نەتەوەیەکگرتووەکان ئاژانسێکی تایبەتی بۆ ئەم کێشەیە دابمەزرێنێت. ئەمە شیاوە و لە بروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا هەیە. بەڵام خودی دامەزراندنی ئەو ئاژانسە، ئەمە جگە لەوەی دەبێت ئەنجوومەنی ئاسایش، یان ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر بدەن! هەروەها بەلایەنی کەمیشەوە ساڵێکی دەوێت تاوەکو لەلایەنی ئنفراسترەکچەرەوە دادەمەزرێت و دەستبەکار دەبێت. بەڵام دیارە کات لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە و دەبێت زۆر باشتر بیری لێبکرێتەوە.

ئیبراهیم عەباس: بەو پێیەی دیکۆمینتاری لەدادگەی باڵای تاوانەکانی سەرانی یوگسلافیای پێشوو با ئەو پرسیارەت لێبکەم: ئەگەرچی بەڵگەنامەگەلێکی بێشوومار لەسەر کوردستانییەتی کەرکوك هەن، بەڵام ئایا لەدوای ڕووخانی بەعسەوە دەسەڵاتی سیاسی کورد کارێکی ئەو

تۆی کردووە بۆ سەلماندنی کوردستانیەتی کەرکوك بەدکۆمێنت و ئایا لەوەی کراوە ڕازی؟

هاوڕێ باخەوان: دیارە بەڵگەنامە زۆرە لەسەر کوردبوونی کەرکوك. بەڵام ئێمە کەنگێ گوێمان داوەتە دۆکومێنت و تۆماری ڕووداوەکان! بۆ ئێستەش ئەو حیزبانە دەزانن چەند شەهیدیان هەیە! ئەگەر بیانزانیایە لیستی شەهیدان تژی نەدەبوو لە جاش!. نەخێر من بەهیچ جۆرێك لەوەی کراوە ڕازی نیم. دەبووایە ئەو بەڵگانە هەر لە سەرەتای هەفتاکانەوە ئەو کاتەی گفتووگۆی مەلا مستەفا و سەددام لە ئارادا هەبوو ئەو بەڵگانە کۆبکرانایەتەوە و بۆ هەردوو زمانی عەرەبی و ئیگلیزی وەربگێڕدرانایە. نەك لە بەغدا بەسەددامیان بگووتایە بچن سەیری گۆڕەکانی کەرکوك بکەن کە زۆرینەیان کوردن, هەربۆیە ئێمە داوای کەرکوك دەکەین!. دەبێت ئەوانەی گفتوگۆ دەکەن زمانی گفتوگۆ و سیاسەت بزانن, چونکە ئەوە سوڵحی عەشایری و خوێنبایی و شیربایی نییە! ئەوە چارەنووسی نەتەوەیەك و وەرگرتنەوەی هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشەی خاکی ئێمەیە.

ئیبراهیم عەباس: ئەو شێوازو ڕێگایانە چین کەکورد بتوانێت بەیاسای نێودەوڵەتی کەرکوك بەدەست خۆی بخاتەوە؟

هاوڕێ باخەوان: وەك پێشتر باسم کرد, پەنابردنەبەر دادگای دادی نێودەڵەتی ICJ لە لاهای بێسوودە, کاتێك سوودی دەبێت کە هەرێم ببێتە دەوڵەتێکی دانپێدانراو. ئەوکات دەتوانێت پەنابەرێتەبەر دادگاکە و





وەك دەوڵەتێك شکات لە دەوڵەتی هەڵوەشاوەی ئێراق بکات. دیارە ئەگەر ئەمە ڕوویدات, ئەوا عەرەبەکانی ئێراق هەرزوو کوردێك بۆ دەرمانیش لە ناوچە دابڕاوەکاندا ناهێڵێن و لەو ڕووەوە ریفراندۆمیش سوودی نابێت. تەنها دۆکومێنتە مێژووییەکان نەبێت. من ئەم ڕێگەیەیان بەدوور دەزانم.

ڕێی دووەم بەدۆکومێنتکردنی کوردبوون یان کوردستانیبوونی شاری کەرکوکە لەلایەن لیژنەیەکی لێهاتووی شارەزاوە و وەرگێڕانێتی بۆ هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و پێشکەشکردنیەتی بە کۆمیتەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان. تاوەکو لەسەر بنچینەی ئەوە ئاژانسێکی چارەسازی بۆ کێشەی ناوچە دابڕاوەکان دابنرێت. ئەوانە تاکە ڕێگای فەرمین بۆ کارکردن لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

ئیبراهیم عەباس: کۆتایی ساڵی (2007) لایەنە عێراقییەکان پێشنیاری چارەسەری کەرکوکیان بە (U.N) سپارد، بەڵام هەر خۆیان هاوکاری (U.N) ناکەن، ئایا ئەو پێشنیارەی ئەو چەند پەرلەمانتارە ناچێتە هەمان خانەی ئەمەوە و نایەنەوێت گەمەیەکی دووبارە بێتەوە؟

هاوڕێ باخەوان: ئەو نێردەیەی ئێستا لە ئێراق و کوردستاندا کاردەکات و پێی دەگووترێت یونامی, نێردەیەکی کاتییە و بەهۆی کوژرانی (سێرجۆ دێمیللۆ)وە لە کۆتاییی 2003 دروست بوو. نێردەکە ساڵانەیە و ئەگەر پێویست بوو نوێدەکرێتەوە. ئەم نێردەیە زۆرتر وەك

نوێنەرایەتیی نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ کاروباری تەشریفات و مرۆڤایەتی. پێشنیاری چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئاڵۆزی وەك کەرکوك کە کێشەیەکی سیاسییە ناکرێت بە یونامی چارەسەربکرێت. من پێم وایە نەتەوەیەکگرتووەکان نەدەبووایە لە ڕێی یونامییەوە دەستی لەو کێشە ئاڵۆزە سیاسییانە وەربدایە و ئاژانسێکی تایبەتیی بۆ تەرخانبکردایە. هەربۆیە ئەستەمە هەوڵەکانی یونامی چارەسەرێکی باشیان لێبکەوێتەوە. هاوکاریکردنی یونامیش دیارە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان هۆ. هەموومان بیرمانە کە چۆن نەتەوەیەکگرتووەکان سەددامی مەجبوورکرد مل بۆ پشکنەرە نێودەوڵەتییەکان بدات و هاوکارییان بکات. بۆ؟ چونکە ئەو ئاژانسەی ئێراقی دەپشکنی پسپۆڕ بوو و لەو لایەنەوە نوێنەرایەتیی تەواوی نەتەوەیەکگرتووەکانی دەکرد. بەڵام یونامی بۆ شتێکی تر دامەزراوە و ئێستا شتێك دەکات کە لە دەستەڵاتی ئەودا نییە !.

ئیبراهیم عەباس: ئایا دەسەڵاتی دادگای دادی نێودەوڵەتی بای ئەوەیە چارەسەری کێشەی کەرکوك بکات، لەکاتێکدا ئەم دادگایە بۆ چارەسەری سنووری کێشەی وڵاتانەو ئەوەش دەزانین کە کێشە سنووریەکانی هیچ کام لەوڵاتانی ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو دادگایە نەسپێردراون؟

هاوڕێ باخەوان: نەخێر پێشتریش ئەمەم باسکرد. راستە ئەو دادگایە لە وڵاتانی ئاسیا و رۆژهەڵاتی نێوین کارێکی ئەوتۆی نەکردووە. بەڵام





دووبارەیدەکەمەوە تاوەکو هەرێم دەوڵەت نەبێت دادگای نێودەوڵەتی چارەسەر نییە.

ئیبراهیم عەباس: ئەو ڕۆڵەی ئێستا بە ستیڤان دیمستۆراو نەتەوەیەکگرتووەکان بەخشراوە، بەنێودەوڵەتکردنی پرسی کەرکوکە، یان سپاردنی بەکات و خۆدزینەوە لەچارەسەر؟

هاوڕێ باخەوان: دیارە سپاردنی ئەو رۆڵە بە یونامی دەکرێت لەو رووەوە سوودی ببێت کە پرسەکە ببێتە پرسێکی نێودەوڵەتی. بەڵام ئایا چارەسەر بێت ئەوە وەك پێشتر باسمکرد, یونامی بۆ ئەو مەبەستە دانەمەزراوە. بەڵام دەکرێت لایەنی کوردی لە کێشەکەدا بێگومان پاشئەوەی بەڵگەکانی خۆیان دەخەنەسەر کاغەز داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن کە ئاژانسێکی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دروستبکەن. چونکە من خودی خۆم پێم ئەستەمە یونامی بتوانێت چارەسەر بێت.

ئیبراهیم عەباس: لەتازەترین هەنگاویدا دیمستۆرا گەیشتە تارانی پایتەختی ئێران و وەکو لەهەواڵەکانیش بڵاوکرایەو بریارە سەردانی تورکیاش بکات، پێتوایە ئەم سەردان و ڕاوێژانەی نوێنەری سکرتێری گشتی (U.N) بۆ تورکیاو ئێران لەسەر پرسی کەرکوك بێت؟

هاوڕێ باخەوان: لەراستیدا ئەمە تاکە کلاوڕۆژنەیە کە رووناکایی چارەسەری بەبەرژەوەندیی خۆمانی تێدا ببینم. چونکە ئەگەر

چارەسەرەکەی دیمستۆرا لە دژی بەرژەوەندیی ئێران و تورکیا نەبێت! بۆچی سەردانیان دەکات. ئەگەر کەرکوك نەخرێتەوە سەر کوردستان, ئەوا خواستی ئێرانیش و تورکیاشە و پێویست بەو سەردانانە ناکات. بەڵام لەوانەیە ئەمە خۆشباوەڕییەك بێت لەمنەوە. دیارە سیاسەتیش واهییە, من وەك چاودێرێك هەر دەتوانم گریمانەکان شیبکەمەوە! ئیتر دیمستۆرا چیی بە مەلاکانی ئێران گووتووە! ئەوەیان من نازانم!.

ئیبراهیم عەباس: ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان سەرنجام چی پێدەکرێت، چونکە زۆرن ئەو دەنگانەی دژی سپاردنی چارەسەری کەرکوك بوون بە(U.N) و بەچاوی گومانەوە لەڕۆڵی ئەم ڕێکخراوەیان دەڕوانی؟

هاوڕێ باخەوان: نەتەوەیەکگرتووەکان "ئەگەر بیەوێت" زۆر شت دەتوانێت بکات. هەموومان باکگراوندی کێشەی موسڵ دەزانین. لەراستیدا کێشەی کەرکوك بچووکراوەیەك و درێژکراوەی کێشەی موسڵە. کێشەی موسڵ کە ئەوسا هەموو باشووری کوردستان بوو, لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە نەتوانرا چارەسەر بکرێت, یان نەیویست چارەسەری بکات. دیارە ئەو کات بارودۆخێکی تر بوو. ئەگەرچی دەبووایە ئێمە کێشەی موسڵمان زووتر زیندووبکردایەتەوە. بەڵام ئێستاش دەتوانرێت کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تر بەرەوڕووی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێتەوە. دیارە ئەمە هەڵبژاردنێکی باشترە لەوەی کە نوێنەرانمان لەبەغدا دەیکەن. چونکە کەرکوك و شوێنەدابڕاوەکانی تر نەبەو دەستوورەی ئێستای ئێراق دەگەڕێتەوە,





نەبە لێزانینی نوێنەرەکانیشمان!. نە عەرەبی ئێراقیش "عەلا بابئەڵڵا" ئامادەیە دەستبەرداری بستێکیان بێت. هەربۆیە من بە گومانەوە سەیری ئەو هەوڵانە ناکەم بەمەرجێك هەوڵەکان لەلایەن ئاژانسێکی پسۆڕی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بێت کە بەتایبەتی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دروستبووبێت. بەڵام دەیڵێمەوە دەبێت ئەم دەستپێشخەرییەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەستوبردانەبێت. چونکە لایەنی عەرەب زۆر سیتەماتیك لە بەعەرەبکردندا بەردەوامن. هەربۆیە دەبێت پێش هەر چالاکییەکی نەتەوەیەکگرتووەکان, چاودێردی نێودەوڵەتی لەو شوێنانەدا دابنرێن تاوەکو هیچ گۆڕانکارییەکی ئەتنیکیی تر روونەدات.

لاهای

2008-09-17

# ئەگەر حکومەتەکەی شێخ مەحموود سەریگرتبا![1]

**لاهای – هۆڵندا**
2008-09-23

سەرەتای سەدەی بیستەم لە شاری سلێمانی شێخ مەحموودی حەفید حکومەتی پادشانشینی دامەزراند. ئەم حکومەتۆکەیە کە هەر سلێمانیی گرتبووەوە ! , بەهۆی نەزانیی خۆمان لە پلەی یەکەمدا و بارودۆخی ئەوکاتە لە پلەی دووەمدا گەشەی نەکردوو و پاشانیش رووخا.

زۆرجار لەخۆم دەپرسم ئەگەر حکومەتەکەی شێخ سەریبگرتبا ! ئێستا چ دەبوو؟

دیارە کەم تا زۆر هێزکارێکی باشی بۆسەر نەتەوەکەمان دەبوو. کورد بۆ ماوەی یەك سەدە دەبووە خاوەن حکومەت و ئێستا کەمێك لە سیاسەت و بەرژەوەندیی هاوبەش و مامەڵەی بەرامبەر گەیشتبوو. هەر چ نەبووایە ئەنفال لە باشووری کوردستاندا روونەدەدا و بۆردوومانی کیمیاویمان نەدەدی, لەوانەبوو بەهۆشییەوە بەشەکانی تری کوردستان رزگاربیبوونایە یان چ نەبووایە بارودۆخیان لەوەی ئێستا باشتر بووایە. لێ چونکە کۆمەڵگەکەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی خۆرهەڵاتیی دوواکەوتووە و بیری هۆز و هۆزایەتی بەرێوەیدەبات ! , پێشبینیی ئەمانەشم دەکرد:

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2008-10-09





- بنەماڵەی شێخ مەحموود دەبوونە دەوڵەمەندترین بنەماڵەی کوردستان, منداڵی شیرەخۆرەیان دەبووە مولتی ملیۆنێر, دەبوونە خاوەنی هەموو کوردستان و ئێستا لە ریزی بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی جیهان دەبوون.
- گەندەڵی هەروەکو ئێستا و لەوانە بوو خراپتریش ببێت.
- سەرت بکردبایە بەهەر فەرمانگەیەکی حکوومەتدا بەرێز هەروەك عەرەبستانی سعودیە, وێنەی شێخ مەحموود, شێخ لەتیف, شێخ باباعەلی, شێخ کاوە و کۆمەڵێك شێخی ترت بەسەر دیوارەکانەوە دەبینی. یەکێك بەخەنجەرەوە, یەکێك بە مشکییەوە, یەکێك بەسواری ئەسپەوە و هتد..
- گوندەکانی پیران و داری کەلی دەبوونە شوێنی پیادەکردنی دەیان ڤیستیڤاڵ.
- ساڵانە لە دەربەندی بازیان و بەهۆی برینداربوونی شێخەوە, بەزۆر قوتابیان و فەرمانبەران دەبران بۆ بەشداریکردنی ڤیستیڤاڵی بەردەقارەمان یان ڤیستیڤاڵی شەڕی دەربەندی بازیان. لەو ڤیستیڤاڵەدا گەندەڵان چەند ملیۆن دۆلارێکیان تێدا دەخوارد. ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان و هۆزانەوان و نووسەران بەشدارییان تێدا دەکرد و پارەیەکی باشیان وەردەگرت.

- سلێمانی دەبووە پایتەختی کوردستان! هەمووی دەکرایە باڵاخانە و جادەی پان. هەولێر, کەرکوک و دهۆك بەتەواوەتی فەرامۆشدەکران, چونکە دووربوون لە چاوی پادشاوە.
- گەڕەکی شێخانی سلێمانی دەبووە پێشکەوتووترین گەڕەکەکانی شاری سلێمانی, وەکو ناوچەی سەوزی بەغدای لێدەهات و بەچواردەوریدا کۆنترۆڵ دادەنرا. ئەگەر پێناسی تایبەتیت پێ نەبووایە نەتدەتوانی بیبینی!.
- مەلیکی نوێی ئێستا کە دەبێتە یەکێك لە کوڕەزاکانی شێخ, جێنزرگەی ناوچەی قەراخ دەبوو و چۆلەکەش نەیدەتوانی بچێت بەوێدا. دەیان پرسگە و راسپاردن و چاوەڕوانیی زۆرت دەویست تاوەکو بگەیتە مەکتەبی پادشا. ئەگەر بیگەیشتیتایەتێ, یان پارەیەکی باشت وەردەگرت, یان پۆستێکی باشیان بۆ دەئافراندیت و دەبووە خێر و بەرەکەت بۆ خۆت و کەسوکارت.
- هەزاران کتێب لەسەر خەباتی شێخ و ئەو ماوەیەی بۆ هندستان دوورخرابووەوە دەنووسرا. زۆرینەی ئەو کتێبانەش وەردەگێڕدرانە سەر زمانانی تر.
- سەرەکیترین مەرزی کوردستان دەبووە مەرزی باشماخ یان گۆخلان, بەدی لە پایتەختەوە نزیك بوو. کەس نەیدەزانی سەروحیسابی ئەو مەرزە چۆنە و چەندە.





- کەس نەیدەزانی بودجەی دەوڵەت چەندە و پارەی نەوت چەندی بۆ بنەماڵەیە و چەندی بۆ حکومەتە.
- حیزبەکەی شێخ دەبووە یەکەم حیزبی کوردستان, سەرۆکایەتیی حکومەتی دەکرد و زۆرترین ئەندامیشی لە پەرلەمانی کوردستاندا دەبوو.
- سەرۆکی حکومەت برای پادشا نوێیەکەی ئێستا دەبوو. سەرۆکی سوپا کوڕی پادشا دەبوو. دەزگای هەواڵدەری و وەزارەتی نەوت و پەرلەمانیش هەر خزم و کەسی وان دەبوون.
- نازناوی حەفید یان بەرزنجی دەبووە گەورەترین پلەوپایە. گەر هەو بوویتایە نانت لە ڕۆندا دەبوو. ئەگەرنا فەیلەسوفیش بوویتایە هەر فەرمانبەرێکی سادە دەبوویت.
- فرۆکەخانەی سلێمانی دەبووە گەورەترین فرۆکەخانەی وڵات و ماڵی پادشا ئاوی خواردنەوەشیان لەو فرۆکەخانەیەوە بە فرۆکەی تایبەتی بۆ دەهات.
- ئەشکەوتی جاسەنە دەبووە مۆزەخانە و جادەی جووتسایدی بۆ دەڕۆیشت. ساڵانەش لەوانەبوو بەهۆی زیکرو حەیئەللاکەی شێخەوە لەو ئەشکەوتەدا, ڤیستیڤاڵی دەروێشەکانی کوردستانی تێدا بگێرایە.
- نیوەی بنەماڵەی شێخ لە لەندەن دادەنیشتن و لەوێش موڵك و ماڵی زۆریان دەبوو. بریتیش ئێرلاینز هێڵی تایبەتیی نێوان

سلێمانی و لەندەنی دەبوو, ئەمە ئەگەر فرۆکەخانە لە داری کەلی نەکرابایەتەوە !.

- مزگەوتی گەورە منارە و گومەزەکانی بە زێڕ رووکەش دەکران, چونکە جێنزرگەی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحموودی نەمرە.
- گردی سەیوان پاسەوانی دەبوو و هەموو کەس بۆی نەبوو بچێتە ناوی, بەهۆی ئەوەی گۆڕی شێخ مارف نۆدێی لێیە !.
- باوەڕناکەم کێشەی ئاو و کارەبا ببووایە, بەڵام ئەگەر بشبووایە ئەوا گەڕەکی شێخان و مزگەوتی گەورە و گوندی داریکەلی شەووڕۆژ ئاو و کارەبای دەبوو.
- ئەو رۆژەی پادشا لە داریکەلییەوە بهاتایە بۆ پایتەخت, رێگاکان هەموویان بە پاسەوانی شاهانە دەگیران و کەس بۆی نەبوو ئەو رێیانە بەکاربهێنێت.
- تەریقەتی قادری دەبووە تەریقەتی رەسمیی وڵات. نەقشبەندی و ئەوانی تر بەتەواوەتی فەرامۆش دەکران.
- بەردەقارەمان ناوێک بوو بۆ زانکۆ, رێکخراوی خێرخوازی, خەڵات و دەزگای چاپەمەنی و زۆر شتی تر بەکاردەهات.
- ئەوەی سەربەماڵی شێخ بووایە یان بیویستایە لەوانەوە نزیک بێتەوە, دەبووایە مشکی و جامەنەی بەسەرییەوە تێکەڵاوکردایە. چونکە شێخ مەحموود مشکی و جامانەی تێکەڵاودەکرد !.





- عەشیرەتی هەمەوەند ئەنفال دەکرا و هەرچییان هەبوو بەتاڵانی دەبرا, چونکە لە راپەڕینەکانی شێخ دژی شێخ وەستابوونەوە.
- شێخ مەحموودی حەفید دەبووە باوکی رۆحیی کورد.
- یەکێك لە خزمانی شێخ مەحموود دەبووە رێکخەری کاروباری کۆمەڵایەتی و سوڵحی عەشایەریی نێوان هۆزەکانی کوردستانی بەڕێوەدەبرد.
- هەرچی کۆمپانیای تەلەفۆن و تەندەری گرنگی وڵات دەبوو سەربەوان دەبوو و لەوانەوە دەبوو.
- زۆریتر و زۆریتر...

# کورد و .. تێڕوانینی کوردناس و گەڕیدەکان[1]

(بەشێکی زۆری مێژوونووسانی کورد لەو بڕوایەدان بەشی زۆری مێژووی کۆنی کورد لەسەر دەستی گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسە بیانییەکان نووسراوەتەوە. بۆیە کۆوار دەپرسێ: ئاخۆ بە بڕوای ئەوانەی مێژووی کوردیان لە قۆناخە جیاجیاکان نووسیووەتەوە، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوە مێژوویەکان کردووەو تاچەند وەك خۆی و بە چاوی ڕاستییەوە ڕووداوەکانیان تۆمار کردون؟ چۆن لە واقیعی کۆمەڵگای کوردی دواون و وێنەی کوردیان لە ڕابردوودا چۆن پیشان داوە؟.. تۆبڵێت ئەوان لە ژێر کاریگەری بۆچوونی دەوڵەت و هێزە داگیرکارەکانی ئەوکات لەنەتەوەی کورد دواون، یان ڕاستی و ڕاستبێژیان کردۆتە پێوەری نووسین؟ ئەی ئەوان لە بواری مێژوویەوە چ خزمەتێکیان بەکوردستان کردووەو چیان پێ بەخشیووە؟).

دیمانەی محەمەد حاجی کەریم بۆ گۆڤاری کۆوار

2008/9/4

وەڵام:

[1] گۆڤاری کۆوار – ژمارە 33 – لاپەڕە 40 بۆ 43 – کوردستان – سۆران – دەزگای زاری کرمانجی.

تێبینی: ئەم وەڵامەی من لەو تەوەرەدا بەتێکەڵی لەگەڵ هەندێك وەڵامی بەشداربووی هەمان تەوەر بڵاوکراوەتەوە.





کوردستان بەوپێیەی دەبێتە یەکەیەکی پەیوەندیی نێوان گەلێك هەرێم و وڵاتانی دوور و نزیك, هەرلە کۆنەوە جێ گووزەری گەلێك لە بێگانان بووە. زۆرینەی ئەو بێگانانە لە هەردوو سەدەی هەژدە و نۆزدەدا ڕوویان کردووەتە کوردستان. ئەمانە دەکرێت پۆلێن بکرێن بۆ:

- بازرگانەکان
- نێردراوە ئایینییەکان یان ئەوەی پێیان دەگووترێت میسیۆنێر – میشنەر
- نێردراوە سیاسییەکان
- نێردراوە سەربازییەکان
- نێردراوە سیخوڕییەکان, ئەمانە زۆرجار لەژێر پەردەی بازرگان یان نێردراوی کڵێساکاندا کارەکانی خۆیانیان لە کوردستاندا جێبەجێ کردووە.
- ڕۆژهەڵاتناسان, ئەم پۆلە ئەوانە دەگرێتەوە کە تەنها بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی هاتوونەتە کوردستانەوە.
- کەسانێك کە تەنها بەڕێکەوت و بەبێ مەبەست ڕێیان کەوتووەتە کوردستان و هەندێك شتیان تۆمارکردووە.

ئەم بێگانانە بە مەبەستەوە یان بەبێ مەبەست و وەك یاداشتی ڕۆژانەی خۆیان گەلێك شتیان لەسەر مێژووی وڵاتی ئێمە تۆمارکردووە و بمانەوێت یان نا, دەبنە سەرچاوەگەلێکی گرنگی ڕابردووی خاك و نەتەوەکەمان. دیارە چاریشمان ناچارە کە یاداشت و نووسینەکانی

ئەوان بەکاربهێنین و بچینەوە سەریان بۆ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵاتی یان مێژوویی, چونکە خۆمان هیچمان تۆمار نەکردووە. ئێستاش نەگەیشتووینەتە ئەو رادەیەی کە گرنگیی تۆمارکردن و یاداشتی رۆژانەی خۆمان بزانین. هەربۆیە زۆر رووداوی نوێی تری کوردستانیش تەمومژی زۆری بەسەرەوەیە.

ئەو بێگانانە هەریەکەیان لەدیدی تایبەتیی خۆیەوە, یان لەدیدی نوێنەرایەتییەکەیەوە مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکانی کوردستاندا کردووە. هەیانە زۆر بەخراپە باسی کوردیان کردووە و بەدڕندە و کێوی ناوی بردوون. هەشیانە بەباشە. هەیانە زۆر لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر ژیانی کوردەواریی ئەوسا کردووە و ئێستاش بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی زۆربەی ئەو نووسینە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی لەسەر کورد کراون.

دیارە نموونەی نووسینی ئەو بێگانانەی کەبە درێژایی مێژووی هەردوو سەدەی هەژدە و نۆزدە و تەنانەت بیستیش هاتوونەتە کوردستانەوە بەسەدانە. من لێرەدا ئاماژە بەدوو سەرچاوەی زۆر گرنگ دەکەم. گەشتەکەی مستەر ریچ بۆ کوردستان, کە نموونەی ئەو نێردراوە سیاسییانەیە کە ماوەیەکی باش لە کوردستان بووە. ئەم نوێنەرەی بەریتانیا میسەر ریچ, زانیاریی زۆر وردی لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری و بەتایبەتی لەسەر ژیانی میری بابان و بڕیارە رامیارییەکانیان و پەیوەندییان بە هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانییەوە بۆ تۆمار کردووین, بەڕادەیەك هەر کەسێك بیەوێت باسی میرنشینەکان و بەتایبەتی میری بابان یان پەیوەندیی کورد و بێگانەی ئەوکات بکات,





دەبێت گەشتەکەی ریچ وەك سەرچاوە بەکاربهێنێت, ئەگەرنا ئەوا لێکۆڵینەوەکە ناتەواو دەبێت. ریچ ئەوەندە ورد بووە تەنانەت پلەی گەرمی رۆژەکانی ئەو کاتەی ناوچەکانی کوردستانیشی تۆمارکردووە.

نموونەیەکی تر کتێبی ئاغا و شێخ و دەوڵەتی مارتن فان براونسنی هۆڵندییە. مارتنیش وەك ریچ زانیاری گەلێك گرنگی لەسەر مێژووی کۆن و نوێی ئێمە و بەتایبەتی چۆنیەتی بیرکردنەوەی کورد و هێزکاری ئاغا وشێخەکانی لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ تۆمارکردووین و ئەمیش دەکرێت بکرێتە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی مێژووی کوردستان.

دیارە مرۆ دەکرێت ناوەکای وەك مینۆرسکی, نۆئیل, سۆن, ئەدمۆنز و زۆری تر بهێنێت, کە بەهۆی نووسینەکانیانەوە کەم و زۆر بوونەتە سەرچاوەی گرنگی مێژووی کوردستان و کورد. لێرەدا بەپێویستی دەزانم باسی پەرتووکی کوردناسی لە ئەورووپا بکەم کە کۆمەڵێك مامۆستای کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا نووسیوویانە, لەو نووسینەدا داپۆشینێکی باشی ئەو رۆژهەڵاتناسە دیارانەی تێدایە کە هاتوونەتە کوردستان و لەسەر کوردستان و کورد نووسیویانە.

دەکرێت نووسین یان لێکدانەوەی ئەو بێگانانەی کە کاتی خۆی هاتوونەتە کوردستانەوە بکرێت بە دوو بەشەوە: یەکەمیان ئەو نووسینانەی ئەکادیمین و باس لە چیرۆکە راستینەکانی ئەو کاتەی مێژووی وڵاتەکەمان دەکەن, کە دەکرێت ببنە سەرچاوەیەکی باشی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر کوردستان و کورد دەکرێت. دووەم ئەوانەی بە خراپە باسی کوردستان و کوردیان کردووە, ئەمەشیان من

دەیانکەم بە دوو لکەوە: لکی یەکەم, ئەو نووسینانەی کە باس لە دیاردەیەکی درێوی کورد یان کوردستانیان کردووە و پێشینە و راستینەیان هەیە و من ئەمە زۆر بەباش دەزانم و ناکرێت بخرێنە خانەی خراپەوە. لکی دووەم ئەوانەن بەمەبەستەوە بەخراپە باسی کوردیان کردووە و بەبێ ئەوەی بەڵگەیەك یان پێشینەیەکیان هەبێت. بەڵام دەکرێت لەمانەشەوە نیازی ئەو حکومەت و لایەنانە هەڵبهێنجرێت کە ئەو کەسانەیان ناردووەتە کوردستان. واتە ئەمانەش بەشێوەیەك لە شێوەکان سوودی خۆیی هەیە!.

دەکرێت زۆر و زۆرتر لەسەر ئەو خۆرهەڵاتناس و بێگانانە بگووترێت و بنووسرێت, بەڵام لە کۆتاییدا دەمەوێت دیوێکی هەڵگەڕاوەی بیرکردنەوەی کورد و ئەو خۆرهەڵاتناسانە بخەمە روو, ئەویش ئەوەیە زۆرینەی زۆری ئەو بێگانانە باس لە ئازادیی ئافرەتی کورد و رێزی کۆمەڵگەی ئەوسای کوردەواری بۆ ئافرەت و بەهێزیی کەسایەتیی ئافرەتی کورد دەکەن! کەچی ئێستا کورد بووەتە یەکەمین نەتەوەی ژنکوژ! زۆر بەداخەوە...

2008-09-05





# بۆ ئەوانەی کوردستان ناناسن!

لاهای – هۆڵندا

2008-10-07

تایبەتە بۆ رووداو دۆت ئێن ئێڵ: ئەم نووسینە لەسەر داوای رووداو دۆت ئێن ئێڵ بۆ ئەو مەبەستە نووسرا کە رووداو نێت بیکاتە هۆڵندی, بەڵام هیچ شوێنەوارێکیم نەبینی!.

- کوردستان ئەو وڵاتەیە کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی نێوینەوە و کەوتووەتە نێوان هێڵی پانیی 34 و 39 و هێڵی درێژیی 37 و 46ەوە.
- کوردستان ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی وڵات نییە و دابەشکراوە بەسەر دەوڵەتەکانی تورکیا, ئێران, ئێڕاق, سووریا و ئەرمینیادا.
- سنووری کوردستان تاوەکو ئێستا کێشەی زۆری لەسەرە و بەتەواوەتی دیارینەکراوە, بەهۆی ئەو شاڵاوە بەتورککردن, بەعەرەبککردن و بەفارسکردنەی بەدرێژایی مێژوو روویداوە. کێشەی کەرکوکیش لە ئێستادا هەر درێژکراوەی ئەو کێشانەی رابردووە.
- تاوەکو ئێستا ئامارێکی گشتگر بۆ کورد لەو وڵاتانەدا نەکراوە, بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان ژمارەی کورد بە 30 تا 40 ملیۆن دادەنێن کە زۆربەیان دەکەونە ئەو بەشەی کە ژێردەستەی تورکە.

- ئەو زمانەی خەڵکی کورد ئاخافتنی پێدەکات پێی دەگووترێت کوردی, ئەم زمانە پێکهاتووە لە دوو شێوەزمانی سەرەکی. ئەوانیش کرمانجیی سەروو و کرمانجیی خواروون. زۆرینەی کورد بە کرمانجیی سەروو ئاخاوتن دەکات کە بریتین لە کوردەکانی ژێردەستی تورکیا و سووریا. بەڵام ئەوانەی ژێردەستەی ئێران و ئێراق بە شێوەزمانی خواروو ئاخاوتن دەکەن. هەندێك شێوەزمانی ناوچەیی تریش هەن. زۆربەی ئەدەبیاتی کوردی بە شێوەزمانی باشوور تۆمارکراوە.
- یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی کوردستان لە 28-04-1898 لە قاهیرە لەلایەن میقداد مەدحەد بەدرخانەوە دامەزراوە.
- گەورەترین شاری کوردستان ناوی ئامەدە و کەوتووەتە ئەو بەشەی ژێردەستی تورکەکان. بەڵام شاری ئەستەمبوڵ زۆرترین ژمارەی کوردی تێدایە و نزیکەی دوو ملیۆنە.
- کوردستان هەر لە کۆتایی چاخی بەستەڵەکەوە بووەتە لانکەی مرۆڤایەتی و مرۆڤی کۆنی تێدا ژیاوە, لە زۆربەی ئەشکەوتەکانی وەك شانەدەر, هەزارمێردا شوێنەواری مرۆڤی نیاندەرتاڵی تێدا دۆزراوەتەوە.
- یەکەمین گوند لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە ناوچەی چەرموی نزیك چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە. مێژووی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی هەفتەمی پێش زایین. گوندەکە بریتی بووە لە چەند ماڵێك و ئاژەڵی وەك بزن و سەگی تێدا ماڵی کراوە و دانەوێڵەی





بەبەردبووی وەك گەنم و جۆی تێدا دۆزراوەتەوە. هەروەها هەر لەم گوندەدا یەکەمین شوێنەواری ڕەوڕەوە دۆزراوەتەوە کە بووەتە سەرەتای تەکنۆلۆژیای مرۆڤایەتی.

- لە پێش زاییندا لەو چوارچێوەیەی کە ئێستا پێیدەوترێت کوردستان, ڕەگەزەکانی وەك لۆللۆ, کاشی, میتانی, خوری, کاردۆئین و ماد و هیی تری تێدا ژیاوە. مادەکان توانیان لە 700 پ.ز ئیمپراتۆرێکی بەهێز لە ناوچەکەدا دابمەزرێنن و لە 612ی پ.ز ئیمپراتۆری ئاشووریەکان بڕوخێنن و نەینەوای پایتەختیان داگیربکەن.
- ئایینی کوردەکان لە ئێستادا زۆرینەی ئیسلامە, بەڵام کریستیان, زەردەشتی, کاکەیی, عەلەوی و بێئایینیشی تێدایە. پێش داگیرکارییەکانی ئیسلام زۆرینەی هەرە زۆری کورد ئایینی زەردەشتییان هەبووە. ئایینەکانی یەزیدی و کاکەیی بەشێکی درێژکراوەی ئەم ئایینەن.
- ئیمپراتۆری مادەکان لەلایەن پارسەوە ڕووخا و پاشان مادەکان کە زۆرینەی مێژوونووسان بە باپیرەی مادی دادەنێن بوونە ژێردەستەی پارس.
- داگیرکارییەکانی عەرەب لەژێر ناوی بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا چوارده سەدە لەمەوبەر پارس و کوردیشی گرتەوە و کوردەکان بوونە ژێردەستەی دەوڵەتی ئیسلامیی عەرەبی.

- لەو کاتەوە کوردەکان لە شێوەی میرنشینی هەرێمی و جیاجیادا نیمچە سەربەخۆییان هەبووە. بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی یان سەربە دەوڵەی خەلافەتی ئیسلامی بوون لە بەغدا یان سەربە دەوڵەتی سەفەویی ئێرانی بوون. یانیش سەربە ئیمپراتۆری ئیسلامیی عوسمانی بوون. گرنگترین دەوڵەت و میرنشینە ناوچەییەکانی کورد لەو سەردەمەدا بریتین لە دەوڵەتی حەسنەوی، شدادی، دۆسکی و میرنشینی بۆتان، بابان، سۆران، بادینان و ئەردەڵان.
- زۆرجار میرنشینەکان بۆ پارێزگاری سەربەستیی خۆیان لەگەڵ خەلافەتی ئیسلامی و دەستەڵاتی سەفەوی و عوسمانی کەوتوونەتە جەنگەوە، بەڵام ئەو هەوڵانە هیچیان کوردستانێکی ئازادی لێوەنەهاتووەتەدی.
- ئەم بارودۆخەی کورد بەو شێوەیە مایەوە تاوەکو هاتنی سەدەی بیستەم. ئەم سەدەیە گۆڕانکاریی زۆر ترسناکی بەسەر نەخشەی رامیاریی کوردستانەوە بینی. لە 10-08-1020 پەیمانی سیڤەر بەسترا، لەم پەیمانەدا بڕیاری جیابوونەوەی کورد لە تورک درا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان.
- بەندەکانی ئەو پەیمانە بە هەڵواسراوەیی مانەوە تاوەکو بەستنی پەیمانی لۆزان لە 24-07-1923 لە بەرژەوەندیی تورکەکان و ئەو مافانەی کە لە سیڤەردا بە کورد درا لێیان سەندرایەوە و دابەشکردنی کوردستان بۆسەر وڵاتەکانی تورکیا، ئێران، ئێڕاق،





سووریا و یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوسا چووە نێونەخشەی نوێی خۆرهەڵاتی نێوینەوە.

- سەدەی بیستەم کۆمەڵێك هەوڵی گرنگی بەخۆیەوە بینی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لەوانە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی بەرزنجی دژی ئینگلیزەکان لە بیستەکانی سەدەی بیستدا، شۆڕشی دەرسیم 1937 لە دژی تورکە کەمالییەکان، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە 1946، شۆڕشی ئەیلوولی 1961 لە دژی داگیرکەری ئێراق. بەڵام ئەو هەوڵانە نەیانتوانی کوردستانێکی سەربەست دروستبکەن. شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1970دا توانی چەند مافێکی کەم بۆ کوردەکانی باشوور بەدەستبهێنێت و داگیرکەری ئێڕاقی دانبە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیی دیاریکراو بۆ کوردەکان دابنێت. بەڵام هەر زوو لەمە پەشیمانبووەوە و کورد دەستیکردەوە بە شەڕکردن.
- لە 06-03-1975 هەردوو ئێڕاق و ئێران رێکەوتنامەی ئەلجەزائیریان مۆرکرد تاوەکو چیدی ئێران یارمەتیی پێشمەرگە کوردەکان نەدات و ئێڕاقیش بەشێك لە ئاوی شەتولعەرەب بداتە ئێران. لە ئەنجامدا بزووتنەوەی کورد هەرەسی هێنا.
- لە سەدەی بیستەمدا ژمارەیەکی زۆری کورد لەلایەن تورك و عەرەبەوە لە شوێنەکانی خۆیان راگوێزراون و لە شوێنیاندا تورك و عەرەبی تێدا نیشتەجێ کراوە.

- ساڵی 1988 داگیرکەری ئێراقی ئێراقی نزیکەی 5 هەزار گوندی کوردستانی سووتاند. شاری هەڵەبجەی بەگازی کیمیاوی وێرانکرد و 5 هەزار کەسی تێدا کوژرا و 15 هەزاریش برینداربوون. هێرشەکانی ساڵی 1988 بۆسەر کورد ناوی نرا ئەلئەنفال کە ناوی سوورەتێکی قورئانە. لەو هێرشانەدا نزیکەی 180 هەزار کورد رەوانەی بیبانەکانی باشووری ئێراق کراون و لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا زیندەبەچاڵکران.
- لە باشووری کوردستاندا دوو هێزی سەرەکی هەیە, پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەمانە هەریەك لەلاوە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردستانی کردووە. زۆرجاریش شەڕی ناوخۆیان پیادەکردووە و خەڵکێکی زۆریان لەیەکتر کوشتووە.
- ساڵی 1991 پاش داگیرکردنی کووەیت, راپەڕینێکی جەماوەریی گەورە لە باشووری کوردستاندا روویدا و زۆربەی کوردستان ئازادکرا, تەنانەت کەرکوکیش. بەڵام داگیرکەری ئێراق هەموو هێزێکی خۆیی بەکارهێنا بۆ کپکردنەوەی راپەڕینەکە. لە ئەنجامدا نزیکەی 2 تا 3 ملیۆن کورد لە ترسی گازی کیمیاوی و رەشە کوژیی سوپای ئێراق بۆ سنوورەکانی ئێران و تورکیا هەڵهاتن.
- لە ئەنجامی ئەو رەوە مێژووییەدا ناوچەی دژە فڕین تاوەکو هێڵی 36 پانی لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ کوردەکان دروستکرا و لەو ماوەیەدا کورد بووە خاوەنی قەوارەیەکی بچوکی تایبەت





بەخۆی. ساڵی 1992 پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا. بەڵام هەرزوو هەردوو پارتی و یەکێتی جەنگی ناوخۆیان هەڵگیرساند و بووە هۆی وێرانکارییەکی زۆر. پاشان لە کۆتایی سەدەی بیستدا هەردوولا لە واشەنتۆن رێککەوتننامەی ئاشتییان مۆرکرد و ئێستا هەردوولا بەشدارن لە حکومەتەکەدا و هەروەها پاش رووخانی بەغدا لە 2003ەوە نوێنەریشیان لە پەرلەمانی ئێراقدا هەیە. بەڵام کێشەی زۆر هەیە لە نێوان کوردەکان و حکومەتی ئێراقدا. ئەویش بەهۆی نەگەڕانەوەی ناوچە دابڕاوە کوردییەکانەوەیە بۆسەر هەرێمی کوردستان. لەوانە شارەکانی کەرکوك, خانەقین, شەنگار و مەخموور.

- ساڵی 1979 پارتی کرێکارانی کوردستان دامەزرا و رابەرایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لە باکووری کوردستاندا کردووە. پکك هەر زوو توانی سۆزی کوردان بۆ خۆی رابکێشێت و زەبری کاریگەر لە سوپای تورك بوەشێنێت. پکك زۆرجار بۆ پیشاندانی نیاز پاکیی خۆی شەڕی لەگەڵ سوپای تورکدا راگرتووە, بەڵام تورکەکان هەرگیز دەستی ئاشتییانەیان رانەکێشاوە و تاوەکو ئێستا زمانی کوردی و کلتوورەکەی لە تورکیادا قەدەغەن. تورکەکان بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد تاوەکو ئێستا هەزاران گوندیان سووتاندووە و سەدان هەزاران کوردیشیان بۆ قوڵایی تورکیا راگوازتووە.

- کورد لە هەردوو بەشی بندەستی ئێران و سووریاشدا چەندین ڕاپەڕینی بەرپاکردووە, بەڵام بەداخەوە هیچیان سەرکەوتوو نەبوون و کورد لەو دوو وڵاتەدا بە هاونیشتمانی ناژمێردرێت. بەتایبەتی لە سووریا تەنانەت ڕەگەزنامەی سووریشیان نییە و پێناسی تایبەتیان هەیە بۆ بێگانەکان.
- کورد گەورەترین نەتەوەیە لە جیهاندا کە تاوەکو ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە. زۆرجار بەهۆی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەیەوە پێیان گوتراوە تیرۆریست, بەڵام خەباتی ئەوان, خەباتێکی ڕەوایە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و یەکسانی بۆ وڵات و خەڵکەکەی.

سەرچاوەکان:

هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم – زنجیرە (16) – چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

ئاڵای کورد – چاپی یەکەم – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – زنجیرە (117) – سلێمانی – 2001.





# من ئەو وتارەم نەنووسیوە![1]

2008-10-30

لاهای – هۆڵندا

ئەم بەیانییە هاوڕێی بەڕێزم کاک ئاکۆ محەمەدی سەرنووسەری هەفتەنامەی ڕووداو بەتەلەفون پێی ڕاگەیاندم کە نووسینێکی منی لە دوا ژمارەی ئاڵای ئازادیدا خوێندووەتەوە. منیش گووتم ئاگام لێی نییە, لەوانەیە هەر ئەو نووسینانەی پێشترم بێت کە لە ڕووداو یان کوردستان نێتدا بڵاومکردووەتەوە و ئەوانیش سەرلەنوێ بڵاویانکردووەتەوە. چونکە زۆرجار بڵاوکراوەکانی کوردستان بەبێ پرس نووسینی من یان هی هەر نووسەرێکی تر بڵاودەکەنەوە. ڕوویداوە نووسینم لە باتی شوێنێك لە "سێ" شوێن بەبێ پرسی خۆم سەرلەنوێ بڵاوکراوەتەوە, زۆرجاریش شتم لەملاولا سەرلەنوێ بڵاوکراوەتەوە, بەڵام یان نەمدیوە یان هەر نەمبیستووە. دیارە منیش لەو جۆرانە نیم هەرکە وشەیەکم نووسی بە ئیمەیڵێکەوە هاوپێچی بکەم و هەرچی کەس و بڵاوکراوە و ماڵپەڕی کوردی هەیە ! بۆیان بنێرم.

[1] کوردستان نێت – 2008-10-30

هەمان وتارم نارد بۆ ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی, بەڵام لە بڵاوبوونەوەی ئاگادار نیم.

من ماوەیەکی زۆر لە هەفتەنامەی میدیادا نووسیوومە و ئێستاش زۆرترین بۆ هەفتەنامەی رووداو دەنووسم و لەسەر ئنتەرنێتیش زۆربەی کات نووسینەکانم دەنێرم بۆ کوردستان نێت.

نزیکەی دە ساڵێك لەمەوبەر چەند جارێك لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادیدا شتم بڵاوکردەوە, ئەو کات ئیمێڵ بەکارهێنان وەك ئێستا نەبوو و نووسینەکانم لەڕێی کاك فەتاح زاخۆییەوە کە لە پەیوەندییەکانی زەحمەتکێشان لە شام کاریدەکرد دەنار بۆیان و بڵاویاندەکردەوە.

ئەگەرچی ماوەی مانگێك دەبێت هیچ نووسینێکم بڵاونەکردووەتە, بەڵام پاش ئەو گفتوگۆیەم لەگەڵ کاك ئاکۆدا لەسەر ئنتەرنێت گەڕام بەدوای ئاڵای ئازادیدا تاوەکو بزانم چ نووسینێکی منیان بڵاوکردووەتەوە. لەسەر ماڵپەڕی هەتاو, ژمارە 781ی رۆژی 29-10-2008م بینی و لە لاپەڕە 18یدا نووسینێکم بەرچاوکەوت بەناوی "کورد و رێککەوتنی ستراتیژیی عێڕاق و ئەمریکا" نووسەرەکەشی "هاوڕێ باخەوان"ە. پێم سەیر بوو و یەکسەر هەربە ناونیشانەکەیدا زانیم هەڵەیەك روویداوە و من هەرگیز نانووسم "عێڕاق" بەڵکو هەردەم وشەی ئێڕاق بەکاردێنم و پێم کوردیترە. بەڵام بیروڕا و وتارەکەی ئەو کاك "هاوڕێ باخەوان"ەم زۆر پێباشبوو و زۆر باش بۆ شتەکان چووە.

تکام لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی ئەوەیە کە ئەگەر ئەوە هەڵەی چاپە لە ژمارەی داهاتوودا بەخوێنەرانی رابگەیەنێت, واشبزانم هەروایە چونکە هەر لەم ژمارەیەدا دوو هەڵەی تری ژمارەی رابردوو چاککراوەتەوە!. ئەگەریش نا ئەوە من ئەو وتارەم نەنووسیوە و من ئەو هاوڕێ باخەوانە





نیم, من هەوەم کە هاوڕێنامەی نووسیوە و زۆربەی نووسینەکانیشم لە دامێنیدا ئەدرەسی ماڵپەڕەکەی خۆم و ئیمێڵەکەمی لەسەرە و سوپاس.

# دەسڕی توالێت![1]

لاهای – هۆڵندا
2009-01-21

زۆر جاران لێرە و لەوێ, لە سکرینی تەلەڤزیۆنەکان یان لە ماڵپەڕ و ڕۆژنامە کوردییەکانەوە, دیمانە یاخود بابەتی کەسانێکم بەر چاو و گوێ دەکەوێت کەبە وتەی خۆیان کەسانێکی ئەکادیمی و خاوەنی ئەو پیتی "دال"ەن کە ڕەوا بێت یان ناڕەوا کردوویانەتە پێشگری ناوەکانیان. زۆرینەی ئەوانە نە دەتوانن دوو وتەی بەسوود لە دەمیانەوە بێتەدەرەوە, نە دەشتوانن تەنانەت دوو دێڕی بێ هەڵەی کوردی بنووسن! کەچی پێیشیان دەگووترێت دکتۆر و ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ و پێگەیەنەری نەوەکانی دواڕۆژ!.

زۆر جاریش لە دڵی خۆمدا بەراووردێکی ئەوانە دەکەم بە زمانزانێکی بێدکتۆرای وەکو مەسعود محەمەد و دەڵێم ئەگەر ئەوان دکتۆر و

[1] هەفتەنامەی ڕووداو – ژمارە 41 – 2009-01-26 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.
تێبینی: ئەم وتارە لە ڕووداودا نازانم بە چ هۆیەکەوە بووبێت ناوەکەی بەبێ پرسی من کراوەتە "بێ کەڵك".
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-02-01





ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ و پێگەیەنەری نەوەکانی دواڕۆژ بن! ئەدی دەبێت کەسێکی وەك مەسعود محەمەد چ بێت!.

کە دەبیستم فلان مامۆستای زانکۆ بەو شێوەیە ڕەفتاری کردووە و قوتابییەکانی دەڵێن هیچ نازانێت و کەچی دکتۆرایشی هەیە! لام سەیر نییە, چونکە دەزانم زۆرینەی ئەو مامۆستایانەی لە دەرەوە خوێندنیان تەواوکردووە, لە یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوسای بلۆکی ڕۆژهەڵات بوون و سەرجەمی ماندووبوونیان زۆرینەی زۆریان بە هەموو خوێندنەکەیانەوە ناگاتە ماندووبوونی مانگێکی خوێندنی ئەورووپای خۆرئاوا! دەشزانم ژمارەیەکی باشیان بە بەرتیل و بوتڵە ویسکی و دۆلار بوونەتە خاوەنی بڕوانامەی "ئەکادیمی". ناوی کەس ناهێنم, دکتۆرێکی زۆر بەناوبانگ کە ساڵانێکە مامۆستای زانکۆیە, بەدڵنیاییەوە بە فەرشێکی کاشان لە یەکێتیی سۆڤیەت نامەی دکتۆراکەیان بۆ نووسیوەتەوە. دیسانەوە نای کەس ناهێنم یەکێکی تریان نامەی دکتۆراکەی لە هەشتاکاندا بە هەزار دۆلار خودی پرۆفیسۆری بەرپرس بۆیی نووسیوە و زۆریتر.

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لەگەڵ خانمێکی "گانا"یی کەوتمە گفتوگۆ و باسی بڕوانامەماندەکرد, زۆرجار لە گفتۆگۆکانیدا دەسڕی توالێتی بۆ بڕوانامەی ئەو کەسانە بەکاردەهێنا کە چیی واهییان پێنییە و کەچی خاوەن بڕوانامە و پلەوپایەشن. پاشانیش دەیگووت دەسڕی توالێت زۆر لە بڕوانامەکانی ئەوان باشتر و بەبەهاترە, چ نەبێت ئەو دەسڕە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات, بەڵام بڕوانامەکانی وان کەسانێکی کردووەتە

مشەخۆر بەسەر مرۆڤایەتییەوە بەبێ ئەوەی شتێك پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەن. کاریان هەر تێکدانی کۆمەڵگەکانە.

بەپێی پێوەری ئەو خانمە گاناییە, دەکرێت نیوەی زۆرتری دکتۆرا و ئەکادیمییەکانی کوردستان بە دەسڕی توالێت بزانرێت. ئەوانە نەك پێگەیەنەری نەوەی داهاتوومان نین, بەڵکو یەکێکن لە کارەساتەکانی کۆمەڵگەی ئێمە.

خۆزگە بڕوانامەش بۆ ماوەیەکی کاتی بووایە و هەر چوار ساڵ جارێك خاوەنەکەی پاش بڕینی چەند ئەزموونێك نوێی بکردایەتەوە. ئەوسا دەمانزانی زۆرینەی ئەو خاوەن دکتۆرایانەی کە بۆ نموونە لە مۆسکۆ خوێندنیان تەواو کردووە, تەنانەت زمانی رووسیش نازانن!.





# لێدەن دوو رۆژی دیش پشووە![1]

لاهای – هۆڵندا
2009-01-27

ئێمە بە وڵاتەکەی خۆمان دەڵێین کوردستان, دوژمنان دەڵێن باکووری ئێراق و هەندێکیش دەڵێن باشووری خۆرهەڵات و ئیدی لە دوژمنیشەوە بۆ دوژمن دەگۆڕدرێت!. بە هەر سێ شارەکەی هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش و دەگووترێت "هەرێمی کوردستانی ئێراق". ئەم ناوەیان تاچەند راستە ئەوەیان لێرەدا گفتوگۆناکەم, بەڵام من لەو ناوە راستر و باشترم بۆ ئەو هەرێمە دۆزیوەتەوە, ئەویش وشەی "پشووستان"ە!.

پێتان سەیر نەبێت ئەو ناوەم لەهی تر پێ راستر و باشترە! چونکە هەر وادەکەی دەبیستیت ئەوە دوو رۆژ پشووە, یان سێ رۆژ پشووە. ئەوە جەژنی رەمەزانە لەم شەممەیەوە تاوەکو شەممەکەی تر پشووە. یان جەژنی قوربانە لەم یەکشەممەیەوە تاوەکو سێشەممەکەی تر

[1] هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 42 – 2009-02-02 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.

تێبینی: ئەم وتارە لە رووداودا نازانم بە چ هۆیەکەوە بووبێت ناوەکەی بەبێ پرسی من کراوەتە "لێتاندا!".

ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-02-05

پشووه, بەدی جەژنی قوربان چوار ڕۆژه ! . ئەوه نەورۆزه یەك هەفته پشووه. شەشی کانوونه و جەژنی دامەزراندنی سوپای ئەنفاله, یەك ڕۆژ پشووه و زۆریتر! . لەوانەیه هەمانبێت له ڕۆژی 7 و 28 نیسانی دامەزراندنی پارتی پێشڕەو و لەدایکبوونی سەرۆك کۆماریشدا بلێت ڕەحمەت له کفندز! ئەگەر وانەبووایه ئەو دوو ڕۆژەشمان پشوو دەبوو.

ئەگەر هەموو ئەو پشووانەی هەرێم بخەیتەسەریەك, ئەوا دڵنیام دوو دانه مانگی ساڵ دەکات. هەندێك لەو پشووانه تەنها بەهۆی ئەوەیه کە لێپرسراوان تاقەتی کارکردنیان نییە و لە خوت و خۆڕایی بۆنەیەك دەکەنە پشووی فەرمی و لە دەرگای قوتابخانەوە تاوەکو پەرلەمان دایدەخەن.

تێناگەم بۆچی بەهۆی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە دوو ڕۆژ پشوو بێت! بۆچی لە وڵاتانی ئەوروپا تەنانەت ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانیش پشووی فەرمی نییە ! .

بەڵام لە یەك شت زۆر باش تێدەگەم, ئەگەر ئەو دوو ڕۆژەش پشوو نەبێت, نە پەروەردەی منداڵانمان باشتر دەبێت, نە پەرلەمانیش بڕیارەکانی باشتر و سەربەخۆ دەبێت, نە پایەی پیشەیی وڵاتیشمان هەورازتر دەبێت.

وڵاتێك لە ساڵێکدا نزیکەی دوو مانگ پشووی بێت, دەبێت پلانی پاشەڕۆژ و ئاستی فەرمانڕەوایی تێیدا چۆن بێت! .

لێدەن لەو دوو ڕۆژەش, هێشتا سەرەتای ساڵە و زۆری تریش بەڕێوەیە..





# چیرۆکە نهێنییەکانی بەیانیانی یەکشەممە![1]

لاهای – هۆڵندا
2009-02-02

ماوەی دوو ساڵێك زۆرتر بوو, هەموو بەیانیانێکی ڕۆژانی یەکشەممە, کاتژمێر هەفتی بەیانی, خۆم و میتانی کوڕم دەبووایە بچووینایە بۆ شاری لایدن بۆئەوەی ڕاهێنانی مەلەکردن وەربگرێت. لەو کاژێرەی کە میتان خەریکی ڕاهێنان دەبوو, منیش بەدەم جگەرە و قاوە خواردنەوەوە خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەی گۆڤارە هۆڵندییەکانی ناو فرۆشگای مەلەوانگەکە دەبووم.

نازانم ئایا ژمارەی گۆڤارە هۆڵندییەکان زۆرترە یان کوردییەکان. بەڵام ئەوەی لێی دڵنیام کە گۆڤارە هۆڵندییەکان هەموویان خوێنەری خۆیانیان هەیە و ئاستی بیر و بێلایەنی و کوالیتیی تەکنیکییشیان لەهی کوردییەکان باشترە.

دیسانیش نازانم بۆچی لەنێو ئەو هەموو گۆڤاری ئافرەتان, ڕامیاری, وەرزش, ئۆتومبیل, زانست و چەندانی تردا, گۆڤارێك بەناوی "ماین

[1] هەفتەنامەی ڕووداو – ژمارە 43 – 2009-02-09 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.
کوردستان نێت – 2009-02-11

خەایم" زۆر سەرنجی ڕاکێشام. Mijn Geheim بە کوردی واتە
"نهێنییەکەم". ئەم گۆڤارە کەسانێکی نادیار چیرۆکێکی ژیانی خۆیان
بەناوێکی خواستراوەوە دەنووسن. چیرۆکەکان زۆربەیان پەیوەندییان بە
پەیوەندیی دوو هاوڕێی کوڕ و کچ، ژن و مێرد، دۆستایەتیی ژنی مێردار و
بەپێچەوانەوە و هەروەها ژمارەیەکی باشی ئەو چیرۆکانەش
تەرخانکراون بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لاقەکراون. لاقەکەرانیش بەپێی ئەو
چیرۆکانە کەسانی نەدیو و نەناسیوون، خاوەنکارن، تەنانەت کەسی
نزیکی وەك باوك، برا، مام و خاڵ و هیی تریشن.

یەکێك لەو چیرۆکانەی کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام چیرۆکی کچێکی
هەڤدەساڵە بوو کە ڕۆژانە لەتەنیشت خوێندنەکەیەوە لە کارگەیەك کاری
کردووە و بەڕێوەبەری کارگەکە بەزۆر هەوڵی لاقەکردنی داوە، بەڵام
خۆشبەختانە خۆیی لەدەست ڕزگارکردووە. ئەم کچە لە چیرۆکەکەیدا
باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو ڕووداوە بووەتە مۆتەکەی ژیانی و
دایکیشی لە ڕووداوەکە تێدەگەیەنێت.

کچە و دایکە لەلای پۆلیس سکاڵا لەسەر بەڕێوەبەری کارگەکە
تۆماردەکەن و پاش ئەوەی کەیسەکە چەند مانگێك دەخایەنێت،
کەیسەکە لە دادگا دەبەنەوە و تاوانەکە بەسەر بەڕێوەبەرەکەدا
دەسەپێت. بەڕێوەبەرەکە لە ئاکامدا کارەکەی لەدەستدەدات و دایکی
دوو منداڵەکەشی لێی جوودا دەبێتەوە.

پاش خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە، بەخۆمم گووت "بژی دادپەروەری"
و بیرێکیشم لەو کەچە ولاتەی خۆمانکردەوە، کە ڕۆژانە چەند





دەستدرێژی دەکرێتە سەر ئافرەتان. هەندێك بەڕێوەبەران و لێپرسراوان
چۆن لاقەی کارمەندەکانیان دەکەن و ئەو کارمەندە هەژارەش لەبەر هەر
هۆیەك بێت توانای بەرگری و سکاڵاکردنی نییە. پاشانیش بەراووردی
ئەوەم بە سەردەمی داگیرکاریی بەعس کرد، کە چۆن لە هیچ لایەکەوە
نەمبیستووە سەرکارێك یان لێپرسراوێك دەستدرێژیی کردبێتە سەر
ئافرەتێك، چ نەبێت بەو شێوە بەرچاوەی ئێستا نەبووە. تەنانەت یەکێك
لە مەرجەکانی هەندێك لێپرسراوان بۆ دامەزراندنی سکرتێرێك لەلای خۆی
سێکسکردنە. هەندێکیان منداڵبازی تەواون و دەبێت سکرتێرەکانیان لە
خوار تەمەنی هەژدە ساڵییەوە بێت..

پاشانیش بیرم لەوە دەکردەوە کە گۆڤارێکی لەو چەشنە چەند بۆ
ئێمە پێویستە، بەڵکو بەهۆیەوە ئافرەتە لاقەکراوەکان بتوانن کەمێك لە
باری دەروونییەوە ئاسوودە ببن و چیرۆکەکانی خۆیانیانی تێدا
بگێڕنەوە، کاکی لێپرسراویش بەهۆیەوە شەرمەزار ببێت و واز لە
سێکسی بەزۆر بهێنێت و هەست بکات کە سێکس کردن لەگەڵ کەسێکی
خوار هەژدەساڵی، خۆی لەخۆیدا تاوانە و ئەگەر بەزۆریش بێت، ئەوا
دەبێتە هەزار ئەوەندە..

هەمان وتار لە ماڵپەڕی ڕووداودا کرایە کرمانجی و پیتی لاتینی و لە
10-02-2009 بڵاوکرایەوە:

Çîrokên Nehenî yên Sibehên Yekşemê

**Hawrê Baxewan**

Ew dû salin, hemû sibehên roja yekşemê, demjimêr heftê sibehê, ez û Mîtan’ê kurê xwe diçin Bajarê Layden, da ku ew rahêna melevaniyê bibîne. Di wê dema ku Mîtan mijûlî rahênê dibe, ez jî, li gel cixarê û vexwarina qehwê mijûlî xwendina govarên Hollandî yên li van firoşgeha melvangehê dibim.
Nizanim, hijmara govarên Hollandî zêdetirin, ya yên Kurdî? Lê ewa ku ez jê dilniyame govarên Hollandî hemû xwênerên xwe hene û astê bîr û bêlayenî û qalîteya teknîkî jî, ji yên Kurdî baştir in. Dîsa jî nizanim ji bo çi di nav wan hemû govarên jin, siyaset, werziş, otombîl, zanist û çendên din govarekî bi navê ‘Mijn Geheim’ gelek bala min kişand ku bi Kurdî wateya wê ‘nihêniya min’ e. Ev govar çîroka kesên bi navên ku ew dixwazin dinivîsin diweşîne. Piraniya çîrokan girêdayî pewendiyên kur û keçan, jin û mêran, dostatiya jinên bi mêr û berûvajî wê û herwiha hijmarekî baş ya wan çîrokan jî terxankirîne ji bo çîrokên jinên ku destdirêjî li wan hatine kirin.
Kesên ku destdirêjî kirine di wan çîrokan de nediyar û nenasin. Xwedankarin, herwiha kesên wek bav, bra, mam û xal û hineke din jî.
Yek ji wan çîrokên ku gelek bala min kişand, çîroka keçeke hevdeh salî bû, ku rojane li tenişta xwendingehê li kargehekî kar kiriye û rêvebirê kargehê xwestiye bi zorê destdirêjiyê bike ser wê. Lê, wê xwe jê rizgar kiriye. Vê keçe di çîroka xwe de behs dike ka çawa ew rûdaw bûye bingeha jiyana wê û rûdawê ji dayika xwe re jî dibêje.
Keç û dayika xwe li cem polîsan giliyê rêvebirê kargehê dikin û piştî çend mehan ku vekolîn dirêj dibe û tawan li ser rêvebir tê sepandin. Rêvebir di encam de karê xwe ji dest dide û dayika her dû zarokên wî jî, jê cûda dibe.
Piştî xwendina vê çîrokê, min ji xwe re got; “bijî dadperwerî” û min hizra kêçên welatê xwe kir ku rojane çend destdirêjî li wan tê kirin. Hinek rêvebir û berpirs çawa destdirêjiya karmendên xwe dikin û ew karmendên hejar jî, ji ber her sedemekî nikarin bibin hêza bergiriyê ji xwe û û çi gilî jî nakin. Piştre jî min berawerdî li gel serdemê Baas kir ka çawa di wî demî de û min qet nebihîst ku berpirsekî destdirêjî kiribe ser jinekî, her çi nebe bi wî şêweyê niha yê berbiçav nebû. Herwiha yek ji mercên hinek berpirsan ji bo damezirandina sekretêrekî li cem xwe seks e li gel wê û divê temenê wê jî di bin hîjdeh salî de be.
Piştre jî min hizir kir ku govarekî wek wê çend ji bo me pêwîste, belkî bi rêya wê jinên ku rastî destdirêjiyê bûne hinekî ji aliyê derûnî





ve asûde bibin û çîrokên xwe têde vegirin, ew kekê berpirs jî, ji ber wî tiştî şermezar bibe û dev ji seksa bi zorê berde û hest bike ku seks li gel kesekî ji hîjdeh salan kêmtir, xwe bi xwe tawane û eger ji xwe bi zorê be, wî demê hezar caran ew tawan mezintir dibe.

# دیمانە لەگەڵ هەفتەنامەی بارزان – سازدانی شوان سدیق[1]

1– سەرەتا با لە پرسیاری دۆسییەی تاوانبارانی ڕژێمی پێشووە قسە بکەین، تاوانێکی لەو شێوەیە کە سەرانی حکومەتی عێراق دەرهەق بەمیللەتی خۆیان ئەنجامیان دا، لەرووی یاسا نێو دەوڵەتیەکانەوە، چۆن لێک دەدرێتەوە؟، ئەی ئەو کەسانەی هەستاون بەئەنجامدانی ئەو کردەوانە سزاکەیان بەچ شێوەیەک دەبێت؟

بەکارهێنانی دەستەواژەی "میللەتی خۆیان"م پێ سەیرە لەم پرسیارەدا. ئەگەر میللەتی خۆیانبایە بەو شێوەیە رەفتاریان نەدەکرد! . من پێم باشترە ئێمە زۆر وردتر بین لەبەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەدا, بەتایبەتی کە ئێراق لە چەند گەلێك پێکهاتووە و باشترە بگووترێت گەلانی ئێراق, تاوەکو خۆمان وەك ئێراقییەك جوودابکەینەوە. هەڵبەت من بەناوی خۆم و بیروباوەڕی خۆمەوە قسەدەکەم و ئێراقایەتیم زۆر پێ شەرمە.

هەرچۆنێك بێت ئەوەی ئەوان بە گەلانی ئێراق و بەتایبەتی بە گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا کردیان, دەچێتە خانەی تاوانی دژبە مرۆڤایەتی

[1] هەفتەنامەی بارزان – ژمارە 103 – لاپەڕە 14 – 2009-02-15 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی چاك نیوز – 17-02-2009.





و ژینۆسایدەوە. ئەو دوو تاوانەش جیاوازییان هەیە لە رووی یاساییەوە. تاوانی دژبە مرۆڤایەتی, ئەو تاوانەیە کە مرۆڤ بەگشتی لێی زیانبەخش دەبێت. بۆ نموونە دەکرێت ئەوەی داگیرکەری بەعس لە ناوچەی زۆنگاوەکاندا کردی تاوانی دژبە مرۆڤایەتی بێت, چونکە زۆنگاوەکانی وشککرد و خەڵکانێکی زۆر زیانمەند بوون لێی. نەك ئەوەش بەڵکو بووەهۆی تێکدانی ژینگەی ناوچەکەش و زیانێکی زۆریشی بە ئاژەڵ و پەلەوەری ناچەکە گەیاند. هەروەها سەرکوتکردنی راپەڕینەکەی باشووری ئێراقیش دەکرێت وەك نموونەیەکی تری تاوانی دژبە مرۆڤایەتی دابنرێت. رژێم لەو هێرشانەیدا هەوڵی سەرکوتکردنی راپەرینەکەی ئەوانیدا, بەڵام ئەو هەوڵانە نەبووە هۆی پاکتاوکردنی رەگەزیی عەرەب یان رەگەزی شیعەی عەرەبی. هەربۆیە بەو کردەوانە ناگووترێت ژینۆساید.

بەڵام بەبێ دوودڵی ئەوەی بەرامبەر کورد کرا, تاوانی ژینۆسایدە, چونکە لەو هەڵمەتانەدا هەوڵی نەهێشتنی رەگەزی کورد دەدرا. گوند وێراندەکران, کانییەکان وشکدەکرانەوە, دار و بەرد و ئاژەڵی ناوچەکە ژەهرباران دەکران, لەسەروو ئەوانەشەوە مرۆڤی کورد دەکوژرا بەبێگوێدانە ئەوەی ئەوان, پێشمەرگەن, گوندنشینن, شارنشینن, گەورەن, منداڵن, نێرن یان مێ. لەوەوە تێدەگەین کە تاوانی ژینۆساید لە تاوانی دژبە مرۆڤایەتی گەورەترە, چونکە ژینۆساید جگەلەوەی تاوانێکە دژبە مرۆڤایەتی, هەروەها تاوانێکیشە بۆ پاکتاوکردنی رەگەزیی نەتەوەیەك یان گرووپێکی ئەتنیکی.

سزای کوشتن لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ هیچ تاوانێك نییە, زۆر زۆر زیندانی هەتاهەتایی, ئەویش زۆر روونادات. بەڵام لێرەدا گرنگ گەورەیی سزاکە نییە, بەڵکو کاریگەریی دادگای نێودەوڵەتییە کە سەیری تاوانێك دەکات. چونکە ئەو تاوانە فەرمییەتێك وەردەگرێت و تا هەتاهەتایە لە ئەرشیڤی دادگاکەدا دەمێنێتەوە و ورد و درشتی دادگاییەکەش بڵاودەکرێتەوە, تاوەکو هەر کەسێك بزانێت لە دادگاکەدا چی گوتراوە و چی کراوە.

2– دادگاییکردنی سەرانی رژێمی پێشوو پێتوانیە قۆرغکرابێتەوە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکتردا وەك لە وەی دادگاییەکە بەشێوەیەك بێت، کە ئەم کەسانە تاوان گەلێکی گەورەیان ئەنجام نەدابێت؟

بەدی, من لەسەداسەد پێم وایە. تاوان هەر تاوانە لە رووی چەندایەتیی قوربانییەکانی تاوانبارەوە, واتە کوژەرێك لە رووی یاساوە بە کوژەر دادەنرێت ئیتر کەسێکی کوشتبێت یان هەزار. من لە شوێنی تریشدا چ وەك نووسین یان دیمانە و کەناڵی تری راگەیاندندا نووسیوومە و گووتوومە, ئەوەی بەعس لە دوجەیل کردی تاوان بوو و تاوانێکی گەورەش بوو, دەکرێت لەباتی سەددام دەیان و سەدانی تریشی لەسەر سزابدرابایە. بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە سەددام تاوانی زۆر لە دوجەیلی گەورەتری کردووە و نەدەبووایە وابەزوویی لەناوببرایە !. لەسێدارەدانی سەددام لەسەر دوجەیل و هێشتنەوەی تاوانبارانی ئەنفالیش بە





هەڵواسراوەیی بەڵگەیەکە بۆ بچووککردنەوەی تاوانەکانی ئەنفال و ژەهربارانی هەڵەبجە و ئەوانی تر. هۆیەکی تریش چۆنێتیی بیرکردنەوەی عەرەبەکانە, ئەوان نایانەوێت کەسێکی وەك سەددام یان عەلیی ئامۆزای لەسەر کەیسێکی کورد سزابدەن, بەڵام پێیان ئاساییە لەسەر کەیسی راپەڕینی شیعەکان یان ئەوەی دوجەیل بیکەن. هەربۆیەشە عەلی و سوڵتان تاوەکو ئێستا ماونەتەوە, من وای بۆدەچم لەسەر کەیسی سەرکووتکردنی راپەڕینی شیعەکانی باشوور عەلی بکەن بەداردا نەك لەسەر هەڵەبجە..

3– بۆچی لایەنی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەئاست دادگایی و دۆسییەکی لەم شێوە بێ دەنگن، ئایا لەدوورەوە سەیری بارودۆخەکە دەکەن یان، نایانەوێت خۆیان لە کێشەیەکی لەم شێوەیە تێوە گلێنن؟

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچارە بێدەنگ بێت و بەئاشکرا خۆیی تێوەنەگلێنێت, چونکە ئەو کۆمەڵگەیەش وەکو سەددام و دارودەستەکەی بەشدار و هاوبەشن لەو تاوانانەدا. هەموو عەرەب بخەرە سەریەك تاکە بۆمبایەکی کیمیاوییان بۆ دروستناکرێت. ئەدی سەددام ئەو هەموو بۆمبە کیمیاوییەی لە کوێ بوو. ئەدی ئەو هەموو تاوانانە بەبەرچاوی ئەو کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەوە نەکران, ئەدی ئەوکات بۆ دەنگیان لێوەنەهات.

ئەوەی من بزانم و بیستبێتم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ژێربەژێر زۆر باش ئاراستەی دادگاییەکە دەکەن, تەنانەت یەکێك لە هۆیەکانی لەسێدارەدانی سەددام لەسەر دوجەیل هەر ئەو کۆمەڵگە نێودەوڵەتییە بوو, چونکە ئەوان نەیاندەویست سەددام تاوەکو دەستپێکردنی دادگاییەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و داگیرکردنی کووەیت لە ژیاندا بمێنێت. نەوەکو لێیان بەلەسە ببێت و ئەوەی نەدەبووایە بووترایە, بگووترایە!. بەتێڕوانینی من هەردوو کوڕەکەی سەددامیش لە زۆر رووەوە شتیان دەزانی, هەربۆیە زووبەزوو لە موسڵ لەناویانبردن, ئەگینا دیلکردنیان لە ئاوخواردنەوە هاسانتر بوو بۆ ئامریکییەکان.

4- ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان فشارێکیان بۆ مەسەلەی دادگایکردنی سەرانی رژێم بۆ لایەنی نێو دەوڵەتی بهێنایە، ئەوان پشتگیرییان لێ نەدەکرد؟

دەسەڵاتدارانی "بێدەستەڵات"ی هەرێمی کوردستان فشاریان لەسەر حکومەتە شەقوشڕەکەی بەغدا نەبوو و نییە!, ئیتر دەبێت چ فشارێکیان بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببێت. ئەمەیان من پێم باشترە لەبیر خۆمانی ببەینەوە!. هەربۆیە لەسەری نارۆم و لە کورتی بڕاندمەوە!.





5- دەکرێت دەسەڵاتدارانی رژێمی پێشووی عێراق بەراورد بکەین، لەگەڵ دەسەڵاتەکەی (سالوس سار – پۆل پۆت)ی پێشوی کەمبۆدیا کەهەزارەها مرۆڤ بوونە قوربانی سیاسەتی دەسەڵاتەکەیان، پرسیارەکەم ئەوە ئایا ئەو حوکمەی ئێستا لەو وڵاتە پیادە دەکرێت، بۆ داگاییکردن، حکومەتی تازەی عێراق توانیەوەیەتی بەو ئاراستەدا بڕوات؟

دەستەڵاتی سەرکووتکەر و دیکتاتۆر زۆر رووی لەیەکچوویان هەیە, سەددام زادەی بیری شۆڤێنزمی عەرەبی و پۆل پۆتیش زادەی بیری کۆمۆنیزم, کە هەردووکیان دوو بیری دژبە مرۆڤایەتین. بیری هەڵە کە دەستەڵاتی بکەوێتە دەست, دیکتاتۆر دەئافرێنێت. لەناو عەرەبدا جەمال عەبدولناسر و سەددام وەك نموونە و لە کۆمۆنیزمیشدا لینین و ستالین و پۆل پۆت وەك نموونە.

لە راستیدا قوربانییانی دەستەڵاتی کۆمۆنیزم لە کەمبۆدیا هەزاران نییە, بەڵکو ملیۆنانە. کەمبۆدییەکان خۆیان دەڵێن لەو چوار ساڵ کەمترەی دەستەڵاتی کۆمۆنیزم نزیکەی سێ ملیۆن کەسمان لێکوژراوە, بەڵام بەپێی ئاماری نیمچە فەرمیی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ژمارەی قوربانییانی دەستی کۆمۆنیزم لە کەمبۆدیا لە نێوان ملیۆنێك و نیو تاوەکو دوو ملیۆندایە!. بەعسییەکان زۆرتر لە سی ساڵ فەرمانڕەواییانکرد و نزیکەی ملیۆنێك مرۆڤیان کوشت, کەچی کۆمۆنیزم تەنها لە کەمبۆدیا و لە ماوەی کەمتر لە چوار ساڵ ملیۆنان

مرۆڤیان کوشتووە, لەمەوە بەراووردی دڕندەیی کۆمۆنیزم بکەن لەگەڵ بەعسییەکاندا. من ساڵی 2007 بە گەشتێکی فەرمیی نەتەوە یەکگرتووەکان چوومە کەمبۆدیا بۆ یارمەتیدانی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانبارانی کەمبۆدیا و دەربارەی گەشتەکەشم لە هەفتەنامەی میدیادا وتارێکی نیمچە درێژم بەناوی "نەفرەت لە کۆمۆنزم!"ەوە نووسی. ئەگەرچی ئەوەی لەو گەشتەمدا بینیم و بیستم, ئەوە هەڵدەگرێت نەك وتارێك بەڵکو کتێبێکی لەسەر بنووسم, بەڵام کاتی خۆی لەو وتارەمدا بەڵێنی بەدواداچوونی زۆرترم بەخوێنەرانمدا و هیوادارم لە داهاتوودا کاتم هەبێت و ئەوەی لەو وتارەدا باسم نەکردووە, باسیبکەم.

دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانبارانی کەمبۆدیا لەگەڵ ئەوەی کە پێیدەڵێن دادگای باڵای ئێراقی زۆر جیاوازیی هەیە. دادگاکەی کەمبۆدیا دادگایەکی نێوکۆییی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی کەمبۆدییە, بەڵام ئەوەی ئێراق دادگایەکی ئێراقیی لەژێرەوە ئامریکییە!. چونکە زۆربەی ژێرخان و بزوێنەری دادگاکە لەلایەن ئامریکییەکانەوەیە. لەبەرئەوە دادگای باڵای ئێراقی سەربەخۆ نییە و کەیسەکانیشی زۆر ئاڵۆزن و پەیوەندیی بە چەند گروپێکی ئەتنییەوە هەیە. هەرچی ئەوەی کەمبۆدیایە زۆر جیاوازە و سەربەخۆترە, ئەگەرچی ئەوەی کەمبۆدیاش لە کەیسێك زۆرترە, بەڵام هەموویان لە خولگەی تاوانەکانی رژێمی کۆمۆنیزمدا دەسووڕێنەوە. لە باری تەکنیکییەوە ئەوەی کەمبۆدیا زۆر ترانسپەرانتە و ئەوەی ئێراق کەس نازانێت چیی تێدا روودەدات. من ئەگەرچی بەهۆی هەندێك پەیوەندیی تایبەتیمەوە, ویستوومە لە هەندێك





لە کارەکانی باشتر بگەم, بەڵام ئەوەی روودەدات ناتوانم پێی بڵێم دادگایی, یان دادگایەکی سەربەخۆ!.

6- فرۆشتنی چەکی کۆمەڵکوژی تاساڵی 1985 یاساغ نەبووە، بەڵام لەدوای ئەوە بەپێی بریارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان، فرۆشتنی چەکی کیمیاویان بە عێراق قەدەغەکردووە، بێشك ئەو کۆمپانیایانەی پێش یاسا کە چەکیان بە عێراق فرۆشتووە، ناتوانرێت تاوانبارکرێن، بەڵام ئەو کۆمپانیانەی دوای رێککەوتنامەکە چەکیان بە عێراق فرۆشتووە، تا ئێستا دادگای نەکراون، پرسیارەکەم ئەوە ئایا لێرەدا ئەرکی کێیە ئەم مەسەلە زیندووبکاتەوە و هەوڵی بەدادگایی کردنی ئەو کۆمپانیایانە بدات؟

من پێموانییە ئەو کۆمپانیایانەی پێش ساڵی 1985 چەکی فرەکوژیان بە ئێراق فرۆشتووە نەتوانرێن تاوانبار بکرێن. چونکە ئەوانە بەشێکن لە ئافرێنەری تاوانی دژبە مرۆڤایەتی و پاشتریش ژینۆسایدی گەلی کورد. ئەو تاوانانەش هەر لە بەرایی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە تاوانی گەورە دانراون و یاسا و رێساگەلێکی زۆری لەسەر نووسراوە.

دەربارەی دووای ئەو مێژووەش ئەرکی هەریەکێك لە ئێمەیە, بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەرکی سەرەکیی دەستەڵاتی کوردییە. بەڵام ئەوەی من بینیبێتم و هەستم پێی کردبێت, دەستەڵاتی کوردی زۆر باری بەم

کێشەیەوە هەڵنەگرتووە و تەنانەت نەیشیتوانیوە یەك بۆ سەدی ڕێکخراوی "چاك" بکات!.

7– هەڵهاتنی فرۆکەوانەکەی نێو بەندیخانەی ئاسایش، چی کاریگەریکی هەبوو بۆ دۆسییەی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق؟

دیارە کاریگەریی زۆرە, یەکەم ئەو تاوانبارە دەکرا لە رووی یاساییەوە لە دادگاییەکەدا زۆر سوودی لێوەربگیرێت, چونکە خودی خۆی بەشداریکی کارای تاوانەکە بووە. دووەمین کاریگەریی ئەوەیە کە کەسانێك هەن لەخۆمانن و زۆر بە هاسانی هێڵی سووری خۆشیان و ئێمەش تێدەپەڕێنن. ئەو رووداوە حەیاچوونێکی گەورە بوو نەك بۆ ئەوانەی بەشداریی "هەڵهاتن" یان "ئازادکردن"ی ئەو فڕۆکەوانە تاوانبارەیان کردووە, بەڵکو بۆ منیش و تۆش!. من ئەو رۆژەی ئەو چیرۆکەم بیست تفم لەخۆم کرد!. نەتەوەیەك ئەندامەکانی بەو شێوەیە رەفتار لەگەڵ بوویەرە گرنگەکانیدا بکەن, هەردەبێت بەدرێژایی مێژوو ژێردەستە بووبێت و بەژێردەستەییش بمێنێتەوە!.

8– لەڕوانگەی یاسای نێو دەوڵەتییەوە هەر زیندانییەك لەسەر دۆسێیەکی لەو شێوەیە ئازاد بکرێت، یان خۆی دەرباز بکات، پاسەوان و بەرپرسانی ئەو بەندیخانەیە چ مامەڵەیەکیان لەگەڵدا دەکرێت؟





پێم وانییە یاسای نێودەوڵەتی بچێتە ناو وردەکاریی واهییەوە, ئەو جۆرە تاوانانە دەبێت یاسا و دادگای ناوچەیی و هەرێمی چارەسەری بکەن. هەڵبەت بەپێی هەموو یاسایەك ئەو تاوانە لەو جۆرانەیە کە پێیان دەگووترێت تاوانی باڵا, بەڵام دەسەڵاتی کوردی دیسان بەمەشەوە زۆر باری هەڵنەگرتووە و وەڵامی پرسیارەکانی من و تۆش ناداتەوە..

9– هەرێمی کوردستان تاچەند پێویستی بەگۆڕینی یاسا کۆنەکانی رابردووە، لەکاتێکدا دەسەڵاتداریتی ئێرە باس لە بەمەدەنی کردن و مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەکات؟

دیارە گۆڕینی یاسا کۆنەکان زۆر پێویستە, دەسەڵاتی کوردی هەوڵی جدیی نەداوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە, ئەگینا نەك هەژدە ساڵ فەرمانڕەوایی, بەڵکو پێنج ساڵ بەسە بۆ گۆڕینی یاساکانی هەر وڵاتێك.
ئەو بەمەدەنیکردن و مافی مرۆڤ و دیموکراسییەی ئەوان باسی دەکەن راست نییە. ئەگەر باسی بەمەدەنیکردن دەکەن, ئەی نووسینگە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆچی داناوە و بۆچی یاسای وڵات فەرامۆش دەکەن و ئەو نووسینگانە سوڵحی عەشایەری دەکەن. ئەگەر باسی مافی مرۆڤ دەکەن! بۆچی بووینەتە یەکەمین نەتەوەی ژنکوژ لەو هەژدەساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا!. ئەگەر باسی دیموکراسی دەکەن! بۆچی کەسی گونجاو لە شوێنی گونجاودا نییە!.

لە زۆرلا باسی یاسا و پراکتیککردنیم کردووە. یاسا تێکستێکی مردوو و بێدەسەڵاتە, ئەگەر ئەو یاسایە پراکتیك نەکرێت هیچ کەڵکێك ناگەیەنێت. دەکرێت یاسایەك زۆر باش بێت, زۆر لایەنی گشتگر و کات و شوێنی تێدا لێکدرابێتەوە, بەڵام ئەگەر چوونیەك بەسەر من و تۆ و ئەودا پراکتیك نەکرێت, دەبێت ئەو یاسایە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوەی حامورابیدا هەبێت کە جگە لە تێکستێکی مێژوویی کەس هیچی پێ ناپێوێت!.

10- لەماوەی چەند مانگی رابردوودا لە کوردستان چەند یاسایەك بەپێی گۆران دووبارە هەموارکرایەوە، بەڵام ئەوەی جێگای تیروانینە تا ئێستا کاری پێنەکراوە، ئێوە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێننەوە، پێتان وایە دەسەڵاتدارانی هەرێم نایانەوێت یاسا سەر وەربێت، ئایا کارنەکردن بەو یاسا تازانەی ئێستا هەموار دەکرێت یان گۆرانی بەسەردادێت، تاچەند لەبەر ژەوەندی هەردوو ئەحزابی دەسەڵاتدارە؟

ئەو یاسایەی لە کوردستان کاری پێدەکرێت یاسای هۆزە, ریشەی ئەم یاسایە لە کوردستان هەزاران ساڵە. هەربۆیە کورد هەمیشە بەوە بەناوبانگ بووە کە یاساشکێن بوون. ئەو یاسا نوێیانەشی کە هەموارکراون, بەو شێوە ئاسانە ناچنە ناو چوارچێوەی پراکتیکەوە. لەبەرئەوەی خودی دەسەڵاتی کوردی لەو سەری چەپییەوە تاوەکو ئەو سەری راستی, لەو سەری پێشکەوتوویەوە تاوەکو ئەم سەری





کۆنسێرڤاتیڤی, دەسەڵاتێکی هزرهۆزییە و ئێستاش دەسەڵاتی کوردی لە سەردەمی میرنشینەکاندا دەژی و گۆڕانگارییەکی سەرتاپایی ئەوتۆی تێدا روونەداوە, هەربۆیە ئەوەی لە کوردستان دەیبینین هەمان میرنشینی ئەردەڵان و بابان و بادینانە بەڵام بەناوی جوودا جوودا.
لە راستیدا ئەم پرسیارەی کۆتاییانم لەباری هزرییەوە لە هەموویان پێ گرنگترە و وەڵامەکەشی بەدرێژی لەو کتێبەمدایە کە ئێستا خەریکی دووا پێداچوونەوەییم و بەهیوای ئەوەی بەمزووانە بکەوێتە بەرچاوی خوێنەرانی بیری ئازادی و یەکسانی.

تێبینی: بەپێیەی هەندێك زانیاری لەسەر جەنابتم زانی ئارەزوومکرد چاوپێکەوتنەکە لەسەر مەسەلەی یاسا بێت، هەرچەندە پرسیارەکانیشم بەخێرای نووسیوە داوای لێ بووردن دەکەم، لەهەر کەم و کورییەك، بۆ وەڵامی پرسیارەکانت ئازادیت، هیچ بەربەست و سانسۆرێك نییە لەبەردەم بڵاو نەبوونەوەی وەڵامی پرسیارەکانی بەرێزتدا، بەپێی دەفەت هەرکات ئارەزوتکرد وڵامەکان رەوانە بکەرەوە.. زۆر سوپاس
شوان سدیق.. هەولێر

# ئیدی لۆمەی فەلەکانی عەینکاوە ناکەم![1]

لاهای – هۆڵندا
2009-02-10

دەڵێن زۆرینەی کوردە فەیلییەکانی بەغدا و دەوروبەری لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا دەنگیان بە لیستەکەی مالکی داوە. تا ئێرە زۆر قسەم لەسەری نییە, چونکە دەزانم زۆربەی کوردە شیعەکان, پێش ئەوەی هەر شتێك بن بەداخەوە شیعەن, ئنجا کورد یان خۆیان بە شتێکی تر دەزانن. من نەك ئەم هەڵبژاردنەی ئێستا, بەڵکو ئەوەی پێشووش کە بۆ پەرلەمانی ئێراق بوو, باوەڕم پێی نەبوو و خۆشبەختانە دەنگم بۆینەدا. لەوەش دەگەڕێم و ئەم هەڵبژاردنەش دەکەمە هەلێك و کۆمەڵێك شت بەسەردەکەمەوە کە ماوەیەکە لە مێشکمدان.
فەلەکانی عەینکاوەی تەنیشت هەولێر, کورد نین, پێموابێت یان ئاشووری یان کلدانین. ئەمانە هەزاران ساڵە لەو عەینکاوەیە بەتەنیشت کوردەوە دەژین. هەردەم شوێنی رێزی کوردە هەولێرییەکان بوون و نەمبیستووە هەرگیز کێشەیەکیان لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکاندا

[1] هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 44 – 2009-02-16 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.
تێبینی: لە رۆژنامەی رووداودا وشەی فەلە کرابووە کریستییان.





بووبێت. پاش راپەڕینیش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوپەڕی رێزی لێگرتوون, بەڕادەیەك زۆربەی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی هەولێر بەشی شێری بۆ ئەو عەینکاوەیە بووە. لە تەنیشت ئەمیشەوە گەڕەکی کورانی عەینکاوەی کوردە موسوڵمانەکانە, کە تا چەند ساڵێك لەمەوبەر وەك کەلاوە وابوو. هیوادارم ئێستا دەستی کەرەمی لێپرسراوانی گەیشتبێتێ و کەمێك ئاسوودە بووبن!. بێگومانم کە کوردە موسوڵمانەکانی گەڕەکی کوران, ئەوساش و ئێستاش دەنگیان بۆ لیستە کوردییەکان داوە و دەدەن, بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراقدا ئەو فەلانەی عەینکاوە زۆرینەیان دەنگیان بۆ لیستەکەی ئەیاد عەللاویی کۆنە بەعسیدا!. لە ناو عەینکاوە خەڵکانێك هەن تاوەکو ئێستا تەنانەت کوردیش نازانن. لەلای هەندێك خێزانی عەینکاوە عەرەبی نەزانیت ناتوانیت ئاخاوتنیان لەگەڵدا بکەیت. پێم سەیرە شارۆچکەیەکی واهی کە لەناو جەرگەی کوردستان و دەستەڵاتی کوردیدا بێت, بەوشێوەیە بێت!. عەینکاوەییەکان ماڵپەڕێکیان هەیە لە ئەلفەوە تاوەکو یێ عەرەبییە, زۆر گەڕام بەشوێن ڤێرشنێکی کوردیی ماڵپەڕەکەیاندا نەمدۆزییەوە!.
عەینکاوە جیدەهێڵم و دەچمە بناری سەفین, منداڵ بووم لەگەڵ باوانمدا چووینە شەقڵاوە بۆ سەیران, لەوێ دیاردەیەکی سەیرم بینی کە بۆ من نوێ بوو, خەڵکانێکم دەبینی بەجلی کوردییەوە و بەکوردی قسەیان دەکرد و لە قسەکانیاندا کە سوێندیان دەخوارد دەیانگووت "بە خودا و بە ئینجیل". فەلەکانی شەقڵاواش کورد نین, لێ لەزۆر کاتوباردا لە کورد

دڵسۆزتر بوون بۆ کوردستان و ژمارەیەکی باشیشیان لە بزووتنەوەکانی کوردا وەك پێشمەرگە گیانپاکبوون.

کۆیە ژمارەیەکی باشی فەلەی تێدایە, گوند هەیە هەمووی فەلەیە, بەڵام خۆشبەختانە فەلەکانی کۆیە دەستوپەنجەیەکی دیاریان بەسەر کلتووری کوردییەوە هەیە. باشترین نموونەش هونەرمەندان سێوە و باکوورییە کە دوو ئەستێرەی گەشی مەقام و گۆرانیی کوردین.

فەلەکانی سلێمانی تەنها بە ناوەکانیان و کڵێسەکەیاندا دەزانیت فەلەن, ئەگینا لە من و تۆ کوردی باشتر قسەدەکەن, لەوەتەی لەو شارەدان وەك دڵسۆز و خاوەنێکی بەئەمەکی شارەکە رەفتاریانکردووە, هەرگیز لە بەرەی دژە کوردا خۆیانیان نەبینیوەتەوە. خودی خۆم نەمبیستووە فەلەیەکی ئەو شارە خراپەیەکی کردبێت. هێزکارێکی باشیان لەسەر مێژووی کلتووری شارەکە و تەنانەت هونەری کوردیش هەبووە. مامۆستا ولیەم یوحەننا کە فەلەیەکی کلدانیی سلێمانییە, گەورەترین مامۆستای موزیکی ئەو شارە بووە و زۆرینەی ئەندامانی تیپی موزیکی سلێمانی و مەولەوی لەسەردەستی ئەمدا پەروەردەبوون.

ئەم سێ بەراووردەی فەلەکانی خۆشناوەتی و کۆیە و سلێمانیم بەپێویست زانی بە فەلەکانی عەینکاوە. پێمسەیرە ئەوانیش فەلەن و ئەمانیش فەلە! ئەوانیش کوردستانین و ئەمانیش کوردستانی!.

پێشتر لۆمەی فەلەکانی عەینکاوەم دەکرد کە دەنگییان دایە ئەیاد و کوردی نازانن و ماڵپەڕەکەشیان بە زمانی عەرەبییە و هەندێك شتی تریش. بەڵام پاش ئەوەی بیستم هەندێك لە ئەندامی پارتە کوردییەکان





لە بەغدا دەنگییان بە مالکی داوە, لە لۆمەی عەینکاوەییەکان پەژیوانبوومەوە.

پارتە کوردییەکان نەتوانن خەڵکی کورد و تەنانەت ئەندامەکانیشیان واهی لێبکەن دەنگیان بۆ بدەن, ئیدی بۆچی داوا لە بێگانەکانی عەینکاوە بکەین. ناچارم بڵێم بێگانە! ئەوانە وەك ئەوانەی شەقڵاوا و کۆیە و سلێمانی دڵیان بە وڵاتەکەی ئێمە ناسووتێت!.

# دیمانە لەگەڵ هەفتەنامەی سۆلیدارێتی خوێندکاران – کامەران برایم[1]

* ڕۆژ نییە خوێندکاران خۆنیشاندان و ڕێپێوان نەکەن، ئایا ئەمە بە هۆی نەبوونی پیلانە یا خزمەت گوزاری؟

دیارە ئەوە دەکرێت بگووترێت هەردووکیانە. ناکرێت بگووترێت پلان نییە, بەڵام ئەو پلانانەشی کە هەن زۆرینەیان وەکو خودی خوێندکارن پەڕتەوازەن. خوێندکارانیش وەکو هەر شتێکی تری ئەو وڵاتەی ئێمە کەوتوونەتە نێوان بەرداشی حیزبایەتییەوە. ئەگەرچی من هیچ بەپێویستی نازانم کە بزووتنەوەی خوێندکاران سەربە پارتێك یان دەستەیەکی ناو دەستەڵات بێت, چونکە بەهۆیەوە خوێندکار ئەرك و مافەکانی خۆی لەدەستدەدات و دەبێتە وابەستەیەکی ئەو حیزبەی کە بووەتە کلکی و حیزبیش چیی پێ بڵێت دەبێت بیکات. واتە ئەوە خوێندکار دەکاتە فەرمانبەری دەستەڵات و مافە خوێندکارییەکانی خۆیی لەبیردەباتەوە..

نەبوونی خزمەتگووزاریش هۆیەکی تری زۆریی ئەو خۆپیشاندانانەیە, خوێندکاران ناچاربوون بە هەق و بەناهەق بچنە سەر شەقامەکان.

[1] هەفتەنامەی سۆلیدارێتیی خوێندکاران – ژمارە 92 – لاپەڕە 6 – 17-02-2009 – لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی سۆلیدارێتیی خوێندکاران – کوردستان.





ئەمەش وایکردووە کە لەگەڵ دەستەڵاتدا سیواییان بێتەوە و هیچ دەستکەوتێت وەدینەهێنن.

ڕوویەکی خراپی تری خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران ئەو ناڕێکوپێکی و پچڕپچڕییەیەتی, من پێموایە ئەگەر هەموو خوێندکارانی کوردستان بەیەك ڕۆژ بچنە سەر شەقامەکان بۆ داواکردنی مافەکانی خۆیان, سەرئەنجامی باشتر وەدەستبهێنن, نەك ئەمڕۆ لێرەوە کۆلیژێك و سبەینێش لەوێ یەك دوو لکی پەیمانگایەك!.

*ئایا تاچەند کار بە ئەکادیمی و کەسی پسپۆڕ دەکرێت لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان؟

زانکۆکانی کوردستان بۆ دەستەڵاتی کوردی لە پەرڵەمانی کوردستان گرنگتر نییە, تا چەند کەسی گونجاو و لێهاتوو ئەندامی لیستی پەرڵەمان و وەزیر و بەڕێوەبەری گشتین, ئەوەندەش کار بە ئەکادیمی و پسپۆڕ دەکرێت لە زانکۆکانی کوردستاندا. بەڵام ئەوە هەیە, ئەو کەسانەی لە زانکۆدا کاردەکەن بە پەردەی ئەوەی پێیدەڵێن "ماستەر" و "دوکتۆرا" رووپۆشکراون و ئاستی ئەکادیمی و پسۆڕییان ونکراوە. زۆریشن ئەوانەی لە دروستیی زۆرێکیان بەگومانن. کەسانێك هەن لەو زانکۆیانەدا و پێیاندەگووترێت دوکتۆر! بەڵام لەڕاستیدا هەڕی لە بڕی ناکەنەوە!. بەرلە چەند ڕۆژێك کوورتە وتارێکم لەسەر هەندێك لەو مامۆستایانە نووسی و تێیاندایە لە رووسیا دوکتۆرای هێناوە و ماوەیەکی زۆریشە لە

زانکۆکان وانە بە خوێندکاری کورد دەڵێتەوە، کەچی زمانی رووسی نازانێت؟!. ئەمە کارەساتە.

* وەزارەتی خوێندنی باڵا ژمارەیەکی زۆر مامۆستا و خوێندکاری ڕەوانەی دەرەوە کردوون بۆخوێندن، ئایا ئەمانە چی یان لێ چاوەڕوان دەکریت؟

ئەوە کارێکی زۆر باشە لە لایەن ئەو وەزارەتەوە، بەڵام دەبێت ئەو مامۆستا و خوێندکارانە زۆر بەباشی ئاڕاستە بکرێن، بەتایبەتی ئەوانەی دەچنە وڵاتانی پێشووی سەربە یەکێتی سۆڤیەت، سیستمی ئەو وڵاتانە زۆر گەندەڵن و لەوێ دەتوانیت بەرزترین بڕوانامە بە پارە بکڕیت، یان بە بەرتیلدان ئاسانکاریی زۆر بکەن تاوەکو خوێندکار بەبێ خۆهیلاککردن بڕوانامەکەی بەدەستبهێنێت. مەرجیش نییە ئەوەی خوێندنی باڵای تەواوکرد ببێتە مامۆستای زانکۆ. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەو کەسانەی لە کۆمپانیا و ڕێکخراوەکاندا لەسەر ئاستی بەرز کاردەکەن بەلایەنی کەمەوە ماستەریان هەیە.
ئەو تیمە 14 کەسییەی من لێرە کاریان لەگەڵدا دەکەم، دوو پۆستی دکتۆرا و 4 ماستەری تێدایە و کەسیشیان مامۆستای زانکۆ نین!.

*ئایا پێتوایە حیزب دەبێت بەشداربێت لە بەڕێوەبردنی ئیدارە و کارەکانی زانکۆ وەك ئێستا کە دەبینرێت؟





نەخێر هەرگیز پێموانییە. بەتایبەتی کە حیزبەکانی ئێمە کۆڵەوار و نەخوێندەوارن لە زۆر رووەوە، چ نەبێت لە رووی ئەکادیمییەوە. حیزب لای ئێمە وەك ئەو ئەسکوێیە وایە کە پێشینانمان باسیان کردووە و لە هەموو دیزەیەکدان. بۆ نموونە ئەو حیزبانە نووسینگەی کۆمەڵایەتییان هەیە بۆ چارەسەری کێشە و مەسڵەحەتی عەشایەری، ئەدی یاسا و دادگاکان کاریان چییە!. زانکۆکانیش بەو شێوەیەیە و دەستنێژی خۆیان، هەربۆیە بەڕەوای دەزانن بەڕێوەیشی ببەن. بەڕێوەبردنەکەشیان زۆرتر لە بەرژەوەندیی حیزبایەتی و بنەماڵەیی خۆیاندا خۆی دەنوێنێت، تاوەکو لەو بەڕێوەبردنەوە بگەنە ئەوەی کێیان بوێت بیخەنە خوێندنێکی بەرز. ئەم بەرژەوەندیی حیزبایەتی و فرەدەستەڵاتییە وایکردووە کە خوێندنی باڵاش ببێتە گەڕەلاوژێ. لە وڵاتێکی وەك هۆڵەندادا ژمارەی دانیشتوانی 18 ملیۆنێك دەبێت، کەچی ژمارەی زانکۆکانی ناگاتە ئەوەی لە کوردستاندا هەیە. نازانم دەبێت کۆیە، رانیە، خانەقین، زاخۆ و ئەو شارۆچکانەی تر زانکۆیان جارێ بۆچی بێت و بۆچی ئەو گوڕ و خەرجییەی بۆ ئەوانە دابیندەکرێت زانکۆی شارە گەورەکانی پێ باشتر ناکرێت!.

*بوونی میتۆدێکی سواو چی لێ چاوەڕان دەکرێت؟

میتۆدی سواو هەردەبێت سەرئەنجامێکی سوواوی پێشتر وەدەستەوەبدات, زۆرینەی ئەو میتۆدانەی لە زانکۆکانی کوردستاندا کاریان پێدەکرێت هی ئەوەی کاتی داگیرکەری بەعسە, هەربۆیە پاش هێنانەبەرهەمی یەك نەوەی هەژدەساڵی دووای ڕاپەڕین, کە دەبێت ئەمساڵ زانکۆ تەواوبکەن. هیچی واهییان لەوەی سەردەمی ئێمە ئەگەر خراپتر نەبێت باشتر نییە! ئەمەیە پاشاگەردانی.

*ژمارەیەکی زۆر لەدەرچوانی زانکۆ و پەیمانگا هەیە و حکومەتیش دایاننامەزرێنیت و پێیان دەڵێت لە کەرتی تایبەتە کاربکەن، ئایا ئەمە بۆئێستای کوردستان دەبێت، ئەگەر نابێت ئەلتەرناتیڤی ئەمەچىیە؟

لەڕاستیدا ئەوە کاری حکومەت نییە هەموو دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دابمەزرێنێت. حکومەتیش بەشێوەیەك لە شێوەکان کۆمپانیایەکە و ئەگەر پۆستی ئازادی نەبوو دەتوانێت بڵێت ناتوانم و بەسە.

بەڵام حکومەت کۆمپانیایەکە لە جۆرێکی تایبەت, کە دەڵێت لە کەرتی تایبەت کاربکەن, دەبێت بزانێت کە کەرتی تایبەت ناتوانێت ئەو هەموو دەرچووی زانکۆ و پەیمانگایە دابمەزرێنێت. یاخود بەشێوەیەك لە شێوەکان کەرتی تایبەت باشتر چالاکبکرێت. بەڵام ئەوەی من بینیوومە و هەستم پێی کردووە, حکومەت نەك کەرتی تایبەتی چالاکنەکردووە, بەڵکو لە زۆر لایەنیشەوە ڕێگرە. بۆ نموونە زۆر کەرەستەی خۆماڵی





هەیە و لە کوردستان دەهێنرێتە بەرهەم, کەچی حکومەت ڕێیانپێدەدات لە دەرەوە بهێنرێنەوە ناوەوە و ببێتە ڕکەبەری بەرهەمە نێوخۆییەکان!.

بەهیوای بەرەو باشتربوونی بارودۆخی خوێندکارانم..

# وامزانی مۆتەکیش بەدەردی ڤیلدەرز دەچێت![1]

لاهای – هۆڵندا
2008-02-17

رۆژی 12ی فێبریوەری, "یان ڤیلدەرز"ی ئەندام پەرلەمانی هۆڵندا بەگەشتێك روویکردە بەریتانیا, دەستەڵاتدارانی بەریتانی نەیانهێشت لە فرۆکەخانە بێتە خوارەوە و پاش ماوەیەکی کورت بە فرۆکەیەك ناردیانەوە بۆ هۆڵندا. ئەم رووداوە گێرمە و کێشمەیەکی زۆری لە نێوان هۆڵندا و بەریتانیا لەسەر دروستبوو. بەتایبەتی کە هۆڵندا و بەریتانیا دوو وڵاتن مێژوویەکی کۆنیان لە پەیوەندیی دیپلۆماسی و هاوڕێیەتی هەیە. هەر لە کۆنیشەوە پەیوەندیی ئابووریی گرنگ بەیەکیەوەی بەستوونەتەوە. تەنانەت هەردوو بنەماڵەی پادشای هەردوو وڵات بەیەکسانی پشکیان لە کۆمپانیای شێڵدا هەیە کە کۆمپانیایەکی زەبەلاحە و لایەکی نەوتی جیهانی مۆنۆپۆڵکردووە.

ئەگەرچی هۆڵند و بەریتانیا بەرامبەر خۆرهەڵات و ئیسلام و تیرۆریزم تا ڕادەیەك هاوبیرن, کەچی ئەمجارەیان بەریتانیا بەهۆی فیلمی فیتنەوە نەیهێشت یان ڤیلدەرز لە خاکەکەیدا بمێنێتەوە و وەك کەسێکی

[1] هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 45 – 2009-02-23 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.





نەخوازراو لە بەریتانیا کردیانە دەرەوە. نەوەکو بەهۆی بوونی یان ڤیلدەرز لەسەر خاکی بەریتانیا رووداوی گێرەشێوێنی و تیرۆر رووبدات.

ئەوروپا جێدێڵم و دەچمەوە وڵات, ئەو وڵاتەی کە چەند ساڵێکە سنوورەکانی لەلایەن تۆپخانەکانی ئێرانەوە تۆپباران دەکرێت و بەهۆیەوە خەڵکانێکی زۆری ناوچەکانی قەندیل و پشدەر ئاوارە بوون و زیانێکی زۆریان پێکەوتووە.

لەم رۆژانەدا وەزیری دەرەوەی ئێران لە بەغداوە هاتە هەولێر و لەوێ پاش رێز و حورمەتێکی زۆری ئەو تۆپهاوێژە! لەکردنەوەی کونسوڵی داگیرکەری ئێران لە هەولێردا چەپڵەشمان بۆلێدا. ئەمە لە جیاتی ئەوەی نەهێڵین فرۆکەکەی بنیشێتەوە وەك نارەزاییەك بەرامبەر داگیرکەری ئێران بۆ ئەو تۆپبارانە بەردەوامەی سەر سنوورەکان. ئەمە تەنها یەك شت بەمن دەڵێت, ئەویش ئەوەیە: خەڵکانی ناوچەکانی قەندیل و پشدەر وەك مرۆڤ لەلایەن دەستەڵاتی کوردییەوە تەماشاناکرێن و هیچ گوێیەکیش بەو تۆپبارانە نادەن, چونکە تۆپەکانی ئێران ناکەوێتە ناو ماڵەکانی خۆیانەوە و لە خۆیانەوە دوورە. ئەگەر نا بۆچی ئەو هەموو رێزە لەو کابرایە گیرا و بۆچی یەکەم شت پێی نەگووترا ئیدی تۆپبارانمانمان مەکەن!.

هەر لەمە رۆژانەدا یادی دامەرزاندنی کۆماری نائیسلامیی ئێران و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو و خودا هەڵناگرێت تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان تی ڤی و کوردسات گرنگییەکی تەواویان پێیدابوو و پەخشی ئەو یادانەیان لە تەلەڤزیۆنەکانیان بڵاودەکردەوە,

بەڵام لە هەمووی رووداماڵراوتر لە کاتی ئەو پەخشانەدا لە دامێنی خوارەوەی سکرینەکانیان دەنووسرا "سوپای ئێران بەردەوامە لە تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان"!. هەربۆیە دەڵێم ئەگەر من ئێران بم و ئاوا رەفتاری دەستەلاتی کوردی ببینم, بەردەوام دەبم لە تۆپباران!.





# پاش 21 ساڵی کارەسات و 18 ساڵی ئازادی![1]

2009-03-16

هۆڵندا

ئەمڕۆ منیش وەکو زۆربەی خەڵکی لە خەمی کارەساتی هەڵەبجەدا بووم, ئەگەرچی بەهۆی باری تەندروستییەوە نەمتوانی بەشداریی ئەو خۆپیشاندانەی بەردەمی رێکخراوی OPCW لە شاری لاهای بکەم. بەڵام بەناچاری لە ماڵەوە کەوتمە سەیرکردنی کەناڵە کوردییەکانی حیزبەکان. کەناڵەکان هەندێکیان بەشێوەیەکی زیندوو یادی هەڵەبجەیان لە شاری هەڵەبجەوە پەخشدەکرد. یادێکی تابلێی بێسەرووبەر, کە بەڕای من نەکردنی گەلێك باشتر بوو. ئەوەی جێی سەرنجی من بوو, ئەو خەڵکەی لەوێ بەشداربوون, زۆربەیان ئەوەندەی خەریکی مۆبایلەکانیان و ناردن و وەرگرتنی SMS بوون, یەك بۆ هەزاری ئەوە خەریکی ئەوە نەبوون کە بۆچی لەوێ لەو شوێنەدا و لەو کاتەدا ئامادەن!.

لەلای هەرگۆڕێکەوە کچێکی رەشپۆش وەستابوو, ئەو کچانە هەموویان جلی بیابان و بیری کیمیاوییبارانیان لەبەردابوو. گۆڕەکانیش

[1] ماڵپەڕی چاك نیوز – 16-03-2009

ماڵپەڕی کوردستان نێت – 17-03-2009

هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 49 – 30-03-2009 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.

ئەگەرچی ئەوە تێبینیی دەمێك ساڵمە, ڕێنووسی ناوەکانی بەهەمان زمانی بیابان و کیمیاوییباران لێیان نووسراوە. بۆ نموونە لەباتی بنووسرێت "عەلی مەحموود ئەحمەد", نووسراوە "علی محمود احمد".

راخەرێکی سوور لە ناوەڕاستی سەکۆی سیرەمۆنییەکەدا دانرابوو و بووبووە جێ سەرنجی من و دڵنیام تۆش, ئەو راخەرە وەکو سنووری بازبازێنی بەشداران, رۆژنامەنووسان و پۆلیس و ئینزیباتەکانی لێهاتبوو, هەرچی بیویستایە بچووایە ئەوبەرییەوە دەبووایە بازێکی یەك مەرتر و نیویی بدایە.

کاتی خۆی پاش کیمیابارانەکە ئەو کەمە هەڵەبجەییەی لە ئێرانەوە گەڕانەوە دیوی ئەمدیو, داگیرکەری ئێراقی هەربەو جلی ئینزیباتانەوە سوواری زیلی کردن و ناردنی بۆ ئۆردوگای بەرحوشتر و ئەوانی تر, ئەگەر کەمێك رێزی ئەو کارەساتانەمان لەلابووایە نەدەبایە بەهۆی ئەو جلە پیسانەوە سیرەمۆنییساڵیادەکەمان رێکبخستایە.

کە هەر ئەو تێبینییانەم لادروستبوون یەکسەر تەلەڤزیۆنەکەمم کوژاندەوە و بەخۆمم گووت, دەبێت رێکخستنی ئەو یادە و چوونی ئەو هەموو بەرپرسە بۆئەوێ چەندی پارە تێچووبێت و ئەگەر نیوەی بدرایە بەو برینداراانەی کە توانای چارەسەریان نییە باشتر نەبوو. بەڵام دیسانیش بەخۆمم گووت لەوە زۆرتر وڕێنە مەکە, تۆ بڵێی جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی هەرێم و پارێزگاری سلێمانی و لێپرسراوە بەشداربووەکانی تر ئەو تەوازوعە بنوێنن و گوێ لە هاوڵاتییەکی سادەی وەکو من بگرن!..





پاش 21 ساڵی کارەساتی هەڵەبجە, پاش 18 ساڵ "ئازادی", ئەگەر ئەوە یاد و رێز و رێکخستنمان بێت بۆ رۆژی 16ی مارت!, ئەوە پەروەردەی 18 ساڵ ئازادیمان بێت بۆ ئەو لاوە بەشداربووانەی ئەوێ, ئەوە من پێموایە لە خودی کارەساتەکە کارەساتترە.

---

هەمان وتار لە ماڵپەڕی رووداو نێت بە دەستکاریی خۆیانەوە کرایە کرمانجیی ژووروو و پیتی لاتینی و بڵاوکرایەوە:

## Ji Dêlva Wan Gorsitan Diaxife

**Hawrê Baxewan**

Îsal jî, ez wek piraniya xelkê di xema karesata Helepçe de bûm. Herçend min ji ber rewşa xwe ya tendirustiyê nikarî beşdarê çalakiya beramber Rêxirawa OPCW li Bajarê Lahey’ê bibim, lê ji neçarî li malê min temaşeyî kanalên Kurdî yen hizban kir. Hinek kanalan bi şêweyekî zindî bîranîna komkujiyê li Bajarê Helepçe pexşdikirin. Bîranînekî bêserûber bû ku bi nêrîna min, nekirina wê gelek baştir bû ji kirina wê. Tiştê balkiş, xelkên beşdar, piraniya wan mijulî telefon û şandin û wergiritna SMSan bûn. Yek ji beşdarên amede, mijulî wê yekê nebûn bê ka çima li wêderê ne û li wê şûnê û wî demî amade ne!

Li gel her gorekî, keçeke reşpoşkirî rawestiya bû. Li ber hemû keçikan cilên biyanî û bîranîna kîmyabaranê hebûn. Navên li ser goran jî bi heman zimanê biyanî û kîmyabaranê hatibûne nivîsîn. Mînak her bi rêzimana Erebî hatiye nivîsîn, ne li gor rêzimana Kurdî. Herçend ku bi tîpên Erebî jî hatibana nivîsandin, diviyabû bi gor rêzimana Kurdî bên nivîsîn.

Li dema xwe û piştî kîmyabaranê, ew hijmara kêm ya Helepçeyiyên ku ji İran’ê vegeriyane vî alî, dagîrkeriya İraq’ê her bi wan cilên polîsî ew şiarî wan zîlan kirin û ew şandin bo ordûgehê, eger kêmek rêz ji bo wê karesatê hebuya, diviyabû bi wan cilan di wê rojê de li hember seremoniya salvegera Helepçê nehatibûna kirin. Dema ku min ev tişt dît, min yekser televîzyon girt û min ji xwe re got, ‘dibe ku rêxistina vê bîranînê û çûna wan hemû berpirsan ewqas pere lê çûbin û xerçkirin, ma eger nîvê wan dabûna brîndarên Helepçê yên ku hêza wan ya çareseriyê nînê, wê ne baştir bana!’ Lê dîsa jî min ji xwe re got, dev jê berde, ma tu bêjê ku Cenabê Serokê Parlamena Herêma Kurdistan’ê û Parêzgerê Silêmaniyê û berpirsên beşdar, wê dilzimiyê nîşan bidin û guh li hemwelatiyekî sade wek min bigrin!

Piştî 21 salan ji karesata Helepçe, piştî 18 salên azad, eger ev bîranîn û rêxistina me be ji bo roja 16ê Adar’ê û ev perwerda me ya 18 salên azadiyê be, li gor min ev ji wê karesatê karesatir e.





# ئەگەر پەکەکە لە قەندیل نەبایە![1]

لاهای – هۆڵندا
2009-03-24

هەرچییەك دەخەنە ئەستۆی پەکەکە بەلایەك, بەڵام ئەوەی کە دەگووترێت پەکەکە بووەتەهۆی ئەوەی نزیکەی 500 گوندی باشووری کوردستان ئاوەدان و نۆژەن نەکرێتەوە, ئەوەیان درۆیەکی شاخدارە.

یەکێك نەزانێت گوندەکانی کوردستان بێجگە لەو 500 گوندەی ژێر کۆنترۆڵی پەکەکە هەموویان ئاوەدان و پڕژیانن! لەماوەی ئەو هەژدە ساڵەی رابردوودا هەموویان خزمەتگوزارییەکانی وەك, رێگاوبان, قوتابخانە, نەخۆشخانە, کتێبخانە و بنکەی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییان تێداکراوەتەوە. بەڕادەیەك کوردستانی کردووەتە وڵاتێکی خودبژێن و بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵیش بۆ دەرەوە رەوانە دەکات.

بەڵام لە راستیدا زۆرینەی گوندە "ئاوەدان"ەکانی کوردستان, جگە لە شڕە مزگەوتێکی ناشرینی دەستنێژی عەرەبستانی سعودیە زۆرتر هیچی تری واهییان بۆ نەکراوە. تەنانەت هەندێك گوندی

[1] ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-03-31
رۆژنامەی میدیا – ژمارە 381 – 2009-03-31 – لاپەڕە 11 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کلاوڕژنە – 2009-04-04

ئاوەدانکراوە سەرلەنوێ چۆڵکرانەوە و لەبەر بێ ئاوی و بێ خزمەتگوزاری ئەنفالکرانەوە و خەڵکەکەی چوونەوە بۆ شار و شارۆچکەکان.

دیارە ئەگەر پەکەکە لە ناوچەکانی قەندیل و هەرکاریشدا نەبوونایە، ئەو 500 گوندەی ژێر کۆنترۆڵی ئەوان لەمانی تر باشتر نەدەبوون، چونکە ئەو گوندانە شوێنەکانیان زۆر چەپەك و سەختن. دەستەڵاتی کوردی نەیتوانیوە گوندە تەخت و نزیکەکانی بندەستی خۆی بەباشی ئاوەدانبکاتەوە، ئنجا دەبووایە و دەبێت چی بۆ ئەو 500 گوندەی لەمەڕ پەکەکە بکات.

پەکەکە زۆر باش دەزانێت دەستبەرداربوونی قەندیل خۆکوشتنێکی حەتمییە، ئیتر با ئەو ئامراز و کەرەستەی ئاوەدانکردنەوەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو 500 گوندە لە سنووری ئەو ناوچانە دایناوە ! با هەر ژەنگ لێیان بدات و بفەوتێن. با ئەو گرێبەستانەشی لەگەڵ کۆمپانیا تورکی و ئێرانییەکاندا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو  گوندانە و دروستکردنی ئۆڤەرپاس  و ئەندەرپاس بۆیان هاتۆتە واژۆکردن، ئێکسپایەر ببن و دەستەڵاتی کوردیش پارەی سزای ئەو کۆمپانیایانە لە ئەستۆ بگرێت ! . ئەو کتێبانەشی بۆ قوتابخانەکانی ئەو 500 گوندە هاتوونە چاپکردن ! ، با مۆرانە لێیانبدات و بفەوتێن.

گوندێکم پێ بڵێن کە سەرەتاییترین کێشەی ژیاریی نەبێت، ئنجا باسی ئەو 500 گوندەی ژێر کۆنترۆڵی پەکەکە بنکەن.





# باش بوو پاسۆك نەما، ئەگینا ئەویش چەند کەرت دەبوو![1]

لاهای – هۆڵندا

2009-04-01

کەرتبوون، دووبەرەکی، هەرکەس و بۆخۆی، ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە و زۆر دیاردەی تر، بەداخەوە بوونەتە تایبەتمەندیی نەك حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان، بەڵکو تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردەواریشە.

ڕێکخراوە کوردییەکان هەر لە تەعالی و تەرەقیی کوردەوە تاوەکو حیزبی "زەحمەت"کێشان و لەوانەیە ئەو ڕێکخراوەشی کە هێشتا دروستنەبووە هەمان مێنتاڵیتییان هەبووە. ئەوانە یان با وردتر بڵێم سەرکردەکانیان وەکو گیاندارە دڕندەکانی ناو جەنگەڵ وان، هەموو بیرکردنەوەیان تەنها مانەوەی خۆیان و بەشە لەوەڕی خۆیان بووە، ئیتر

[1] هەفتەنامەی ڕووداو – ژمارە 50 – 2009-04-06 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-04-07
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 2009-04-07

جەنگەڵستان دەسووتێت یان ئاو دەیبات, کێشەی ئەمانە نەبووە و نییە.

لەو مێژووە کورتەی حیزب و حیزبایەتیی ناو کوردا, گەورەترین و زۆرترین کەرتبوون و لێکدابڕانی بەخۆیەوە بینیوە. بەهانەی سەرانی هەر دابڕانێك لەڕێلادانی سەرانی تری حیزبەکە بووە لە ڕێی ڕاست و پاش کەرتبوونەکەش هەزار و یەك بەڵێنی درۆیان بە جەماوەرداوە. کەچی هەر پاش ماوەیەکی کورت ئەوەی ڕابەرانی ئەو دابڕانە کوردوویانە, زۆر لەوەی پێشتر خراپتر بووە. نموونەش لێرەدا کارێکی ناپێویست و درێژدادڕییە, لە هەر بەشێکی کوردستان بڕوانیت بە شێوەیەکی زیندوو لەگەڵماندایە. ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کەرتبوون و دووبەرەکیدا ژمارەی پێوانەیی نەك کوردستان, بەڵکو جیهانیشی شکاندووە !.

لەو وڵاتەی ئێمە بێپەرواترین سەرکردە, سەرکردەی لێکدابڕان بووە, هەربۆیە پاش هەر لێکدابڕانێك ناچاربووین بڵێین "ڕەحمەت لە کفندز" !.

لەو ڕۆژانەدا بەردەوام بەدوای لێکدابڕانەکانی ئەو حیزبەوە بووم, کەبەخۆیان دەڵێن "زەحمەت"کێشان!, ئەو سیناریۆیەشم لەبەرە کەچۆن ئەمانیش پاش ماوەیەکی دی لە قادر عەزیز خراپتر دەبن, ئەمە ئەگەر قادر عەزیز "خراپ بێت" !.

هەرچی لێکدابڕانی ناو حیزبە کوردییەکان هەیە, بۆ پلە و پایە و بەرژەوەندیی تایبەتیی سەرکردە لێکدابڕاوەکانە و بەدرێژایی مێژووی





ئەو لێکدابڕانانە هێندەی پووشێك سوودیان بە بزووتنەوەی کوردی نەگەیاندووە.

ئێستا دەڵێم زۆر خۆشحاڵ بووم بەنەمانی پاسۆك, ئەگینا ئەویش ئێستا چەند حیزبێکی دیکەی لێدەکەوتەوە..

---

هەمان بابەت لەسەر ماڵپەڕی ڕووداو نێت کرایە شێوەزاری کرمانجی و پیتی لاتینی:

PASOK Bimana, Wê Ew Jî Perçe Bûna

Hawrê Baxewan

Perçebûn, dûberikî, herkes û ji xwe re… Agirê sor ji min dûr e! Gelek diyardeyên din mixabin êdî bûne taybetmendî, ne ku hizb û rêxirawên Kurdî, .belku taybetmendiyên civaka Kurdewarî jî

Rêxirawên Kurdî her ji Tealî û Tereqî heta hizba “zehmet” kêşan û heta ew rêxirawên ku hîn jî dirust nebûne xwedî heman mêntalîteyê bûne. Ew, an ku serkirdên wan wek giyandarên dirinde, hemû bîrkirina xwe, tenê mayina wan e û beşê deskeftiyê xwe bûye. Edî cengilistan dişewite yan ava dibe, ne .pirsigrêka van e û ne jî bûye

Di wê dîroka kin ya hizb û hizbatiya nav Kurdan de, mezintirîn perçebûn û ji hev cudabûn bi xwe ve dîtiye. Bahaneya serokên her perçebûnekî di rakirina serokên din yên hizba xwe di rêya rastgeriyê de û piştî perçebûnê jî .hezar û yek erêniyên derewker dane xelkê

Herçend ku piştî demekî kurt ew yên ku ew serok dane aliyekî, ji wî kesê berê nebaştir dibin. Mînakdayin jî li vêderê karekî ne pêwîst e û dirêj e. Li her beşekî Kurdistan’ê tu temaşe bikî, bi şêweyekî zindî li gel me ne. Partiya Demokrata Kurdistan di perçebûn û dûberkiyê de hijmara perçebûnê ne ku !tenê li Kurdistan’ê belku li cîhanê jî şikandiye

Li wî welatê me bêperwartirîn serkirde, serkirdên jihevcûdabûyî bûye. Her ji bo wê jî, piştî her jihevcûdahiyekî, em neçar bûne bibêjin; “rehmet li ”!kefendizê be

Di van rojan de berdewam ez li dû jihevperçebûna wê hizbê bûm ku ji xwe re dibêjin Zehmetkêşan! Ew senaryo jî li ber çavê min e bê ka wê çawa ev ”!jî, di demekî kin de ji Qadir Ezîz xirabtir bibin, eger Qadir Ezîz “ne baş be

Her cûrê perçebûna nav hizbên Kurdî, ji bo pile û paye û berjwendiya taybetî ya serkirdan e û bi dirêjahiya dîrokê wê perçebûnê biqasî darikekî pûş .sûd ne gihandiya doza Kurdî

Niha dibêjim, gelek kêfxweşim bi nemana PASOKê. Eger bimana, wê .niha çend hizb jî ji nav vê derketibana

Nivîskar û dîroknivîs: Hawrê Baxewan, kadir û pêşmergê şaxê Partî

.Sosyalîst Kurd (PASOK) bû. Ev çend sal in li Dadgeha Lahey’ê kar dike

لەسەر ئەم بابەتە هەندێك لە کۆنە پاسۆکەکان لێم تووڕە بووبوون, بەڵام ئەوانە ئێستاش جیاوازیی نێوان پاسۆك و بیری نەتەوەیی ناکەن و پێیان وانییە کە پاسۆکیش دەبێت ڕەخنەی لێبگیرێت.

ئەمە یەکێکە لەو ئیمێڵانەی کە لەسەر ئەم بابەتە بۆم هات:

Baxawan Gian,

Boya PASOK nama wak xot aylet chunke andamy wak toy habo wa zorbay andamakany wako mabdaey nabon boya naman wak rexraw agina biry Pasok la zorby taky kurda haya . Balam awash bzane Agar kasany wak kak Azad la jianda bmaya awokate to lajyaty tane grten le PASOK, ba shano bany pasokda halet ada. itr supas XANDA





# چەند نووسەر هەیە, هێندە ڕێنووسیش هەیە![1]

لاهای – هۆڵندا

2009-04-07

بە ڕێنووس دەستپێدەکەم و ناچمە گێژاووی ئەو زمانەی کە من و تۆ و ئەو پێی دەنووسین, چونکە ئەگەر ئەو سەرباسەم ڕاست بێت, ئەوا چەند نووسەر هەیە, هێندە زمانی نووسینیش هەیە!. دیارە مەبەستم بەلایەنی کەمەوە کورد و نووسینی کوردییە.

پێش هەرشتێك من زمانزان و ڕێنووسزان نیم, بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت تێبینیم لەسەر ئەو دیاردە سەیرانەی ناو نووسینە کوردییەکان نەبێت, بەتایبەتیش لە باری ڕێنووسەوە.

لە هەفتاکاندا ئەو چەند گۆڤارەی کۆڕی زانیاریی کورد یەکێك بوو لە باشترین دەستکەوتەکانی گفتووگۆی کورد و بەعس. لەو گۆڤارانەدا کەم و زۆر باسی ڕێنووسی کوردی دەکران. ئەوانە بەڕاستی زۆر بەسوود بوون. لە هەشتاکانیشدا, چونکە باسی سیاسەت و گەندەڵی لە بڵاوکراوە

[1] هەفتەنامەی ڕووداو – ژمارە 51 – 2009-04-13 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر. ئەم وتارە لە هەفتەنامەی ڕووداودا سەرباسەکەی کرابووە "بەتەمای وەزارەت مەبن".

ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 2009-04-15

ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-04-15

کوردییەکاندا ڕێگای پێنەدەدرا, هەریەك لە وێژە و بابەتی زمانەوانی بەشی شێریان هەبوو. زۆرجار لەسەر "پایەکی مراوی" بگرە و بێنەیەکی زۆری لەسەر دروست دەبوو.

ئێستا ئەوەی باسی نەکرێت ڕێنووسی زمانی کوردییە, ئەو ڕێسایانەشی کەکاتی خۆی کۆڕی زانیاریی کورد داینان, هەموویان چوونەوە و کەس بەگوێیان ناکات. زۆری گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکانیش بووە هۆی زۆریی نووسین و نووسەران, ئەوانیش هەریەك بەئارەزووی خۆی ڕێنووسی تایبەت بەخۆیان دادەهێنن, بەبێ ئەوەی لێپرسینەوەیەك ببێت و کەسێك گوێ بە ڕێساکانی نووسین بدات. بارەکە لەدوای ڕاپەڕین هێندە ئاڵۆزبوو, زانای ڕەوانشاد مەسعود محەمەد دەیگووت: کورد لەسەر هەموو شتێك ڕێکبکەون لەسەر ڕێنووس ڕێکناکەون.

ئێمەی نووسەر وەکو گوێ بە ڕێساکانی ڕێنووسی کوردی نادەین, دیارە ئەگەر هەبن!, ئەوا ڕێسا گشتی و نێودەوڵەتییەکانیشمان پشتگوێخستووە. بۆ نموونە نووسینی واهیت بەرچاو دەکەوێت ئەڵێی بیردۆزێکی ماتماتیکییە, ئەوەندە کەوانە و هێماکانی وەك <>[]#»«{}٪=+ ی تێدا بەکارهێنراوە!. ئەمە لە کاتێکدا بەپێی ڕێسا گشتییەکان, لە نووسینە ئاساییەکاندا دەبێت تەنها کەوانەی لە جۆری (...) بەکاربهێنرێت.

کەم نووسین هەیە لە باری ڕێنووسەوە نیشانەی پرسیار و سەرسوورمان و کەوانەی بەدرووستی تێدا بەکارهاتبێت. زۆرینەی ئەو





نووسینانە هێمای "سپەیس" واتە پیتی بەتاڵ دەخەنە پێشیانەوە, کە ئەمە بەتایبەتی بۆ تێکستە دیجیتاڵەکان نابێت و زۆرجار ئەو هێمایانە لە وشەکان جوودا دەبنەوە و بەتەنها دەکەونە سەری دێڕ, کە دیارە ئەمە خواستی نووسەر نییە و هیچ سەری دێڕێکیش بە هێماکانی نیشانەی پرسیار و سەرسوورمان و کەوانەی داخراو دەستپێناکات!.

کێشەیەکی تری ناو نووسینە کوردییەکان پیتی "واو"ە. ئەم پیتە لە زۆر جاردا کە وەك ئامرازی پەیوەندی بەکاردێت, بەهەمان شێوە و واتای "واو"ی عەرەبی بەکاردێت! کە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. واتە دەنووسێنرێت بەدوای ئەو وشەیەی کە لەپێشییەوەیەتی. پیتی واو لە کوردیدا جگەلەوەی ئامرازی پەیوەندییە, دەکرێت وەك وشەیەکی سەربەخۆش وەك هاوواتایەك بۆ وشەی "لەگەڵ" بەکاربهێنرێت, هەربۆیە دەبێت ئەو تیپە کە کەوتە نێوان دوو وشەوە بەتەنیا و سپەیسێك لە پێشییەوە و سپەیسێك لەدوایەوە بنووسرێت.

ئەگەرچی ڕێسای ڕێنووسەکان دەبووایە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە دابنرانایە! بەڵام ئەگەر ئەو وەزارەتە بۆ ماوەی هەژدە دانە ساڵ نەیتوانیبێت فۆنتێکی کوردیی یەکگرتوو دروستبکات!, چۆن دەتوانێت گرنگی بە ڕێنووسی کوردی بدات. کۆڕی زانیاریش هەر هیچ کە ئێستا بووەتە ئەکادیمیا و هەر دەنگی نییە.

هیوادارم نووسەران باشتر خەریکی ڕێنووس و دیکتەی نووسینەکانیان بن و بەهیوای وەزارەتە ساوا تەمەن هەژدەساڵییەکەی ڕۆشنبیری نەبن.

ئافەرین کاک هاوڕێ.. لەمێژ بوو سەردانی کڵاورۆژنەم نەکردبوو. دڵم بە .نووسینەکەت خۆش بوو. هیوام لەشساغیتە

موحسین جوامێر
Thu, April 16, 2009 4:04 pm

وێرای رێز
وتارەکەتم سەبارەت بە رێنووس خوێندەوە دەس خۆش
خۆتان بە باشی دەزانن دەسەڵات زمان دەپارێزێ.
جا خۆ ئەگەر دەسەڵاتێکی کوردی ببوایە تەواوی کێشەکان چارەسەر دەبوو.
بە سپاسەوە
مەهدی سەیدی
www.hozhan.blogfa.com
Sat, April 18, 2009 2:42 pm



وشە پەڕتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

# دیمانە دەربارەی لیژنەکانی پەڕلەمان[1]

سڵاو بەڕێز هاوڕێ باخەوان ، ویستم راو گلەیی تۆ بەرامبەر بە کاری لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان وەربگرم بۆ راپۆرتێك کە لەسایتی چاوی خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە، پرسیارەکە وایە لیژنەکە تاچەند لەبواری یاسایەوە کاریانکردوە، کارەکانیان بەگوێرەی پێویستی کۆمەڵگایە؟ راپۆتەکە رەخنەئامێزە تۆ وەك کەسێکی رۆشنبیر رات چیە لەم بارەیەوە، ئەگەر زۆر بەکورتی بێت سوپاست دەکەم بەهەمان ئیمێڵ بۆ بنێریتەوە سوپاست دەکەم لەکورتترین ماوەدا. پۆستو ناوی تەواوی بەڕێزت دیاری بکەیت جێگای رێزە.

ستارە عارف

سلێمانی، سایتی چاوی خەڵك

2009/4/8

وەڵام

هاوڕێ باخەوان

2009-04-09

[1] بەشێکی ئەم وەڵامی من بەتێهەڵکێشی چەند وەڵامێکی تری چەند رۆشنبیرێك لە ماڵپەڕی چاوی خەڵکدا لە مانگی ئاپریلی 2009دا بڵاوکرایەوە.

چەند مانگێك لەمەوبەر ئەندامێکی پەڕلەمانی کوردستان لە هۆڵندا هاتە میوانیم, لەگەڵ ئەو میوانەدا گەلێك باسی کار و کێشەکانی پەڕلەمانی کوردستانمان کرد. میوانەکەم پێشئەوەی بڕوات لەسەر ستیکێك هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لە پەڕلەمانی کوردستانەوە دەرچوون بەشێوەی دیجیتاڵ دامێ. هەڵبەت من ناڵێم هەموو یاسا و بڕیارەکانم خوێندەوە, بەڵام بەپێی توانا و کاتم چاوێکی باشم پێیاندا خشاند. من بەو کەمە باکگراوندە یاساییەی کە هەمە دەتوانم بڵێم زۆرێك لە یاسا و بڕیارەکان لەجێی خۆیدابوون, کە ئەمەش کەم و زۆر دەگەڕێنەوە بۆ لیژنەی یاسایی لە پەڕلەمانی کوردستان. بەڵام بەلای منەوە پێویست هەیە و پێویستتر هەیە. دیارە پێویستتر لە پێویست لەپێشترە. لیژنەی یاسایی پەڕلەمان دەبێت ئاگاداریی خەمەکانی خەڵکی بێت, یاسای قەدەغەکردنی جگەرەکێشان یاسایەکی پێویستە. بەڵام لەو پێویستتر یاسای نەهێشتنی گەندەڵییە بۆ نموونە. یاسای هێنانەکایەی ژیانێکی ئازاد و یەکسانە بۆ خەڵکی وڵاتەکەمان, یاسای ترانسپەرانت خەرجکردنی بودجەی کوردستانە و زۆر یاسای تر کە دەبووایە پەڕلەمانی کوردستان پێشتر بیری لێیانبکردایەتەوە, یان لیژنەی یاسایی گەڵاڵەی بکردایە بۆ پەڕلەمانی کوردستان. بەڵام ئەوەی من بزانم و هەستم پێی کردبێت, ئەندامانی پەڕلەمان بەگشتی خەریکی خەمەکانی خۆیان و زۆرکردنی مانگانە و باشترکردنی ژیانی خۆیانن, وەك لەوەی گوێ بەخەڵکی بدەن. هۆیەکەشی ئەوەیە ئەندامانی پەڕلەمانی کوردستان نوێنەرانی حیزبن نەك خەڵکی.





کێشەکان زۆر لەوە قووڵترن کە ئایا لیژنەی یاسایی لە پەڕلەمانی کوردستان کارەکانیان بەگوێرەی پێویستیی کۆمەڵگەیە یان نا! بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ خودی حیزب خۆی. حیزبێك کە نەتوانێت پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی پیادەبکات, چۆن نوێنەرەکانی لە پەڕلەمان دەتوانن یاسایەکی گونجاو دابڕێژن و پیاوانی حیزبیش پراکتیکی بکەن!. حیزبێك کە نەوێرێت کۆنگرەیەك ببەستێت! چۆن گوێدەداتە کۆبوونەوەکانی پەڕلەمان و کاروباری لیژنەکانی!.

من لە هەندێك نووسینی تریشمدا باسی ئەوەم کردووە, کە یاسا بەتەنها بەس نییە. من تۆش دەتوانین چەند رۆژێك پێکەوە دابنیشین و یاسایەکی تاڕادەیەك ڕێکوپێك بخەینە سەر کاغەز. بەڵام پرسیارە لێرەدایە ئەی دوایی؟ یاسا دەبێت پراکتیك بکرێت بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا. نووسینەوەی یاسا نیوەی یاساکەش نییە, بەڵکو کاتێك دەبێتە یاسا کە بخرێتە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە. بەڵام بەداخەوە نەك یاساکان جێبەجێناکرێن, یان چ نەبێت چونیەك جێبەجێناکرێن, بەڵکو فەرمانبەرێکی نەخوێندەواری یەکێك لە دەزگای مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکانی سەربە یەکێك لە حیزبەکان کە خەریکی سوڵحی عەشایەرین, لە دادوەرێك زۆرتر دەست لە یاسا و یاساوانی وەردەدات.
لە وڵاتی ئێمە ئەندامێکی بەرزی حیزبێك لە شەقڵاوە ئەندامێکی بەرزی حیزبێکی تری کوشت. کەچی بە سەدهەزار دۆلار سوڵحی عەشایەریی لەسەرکرا. ئەمە کارەساتە.

حیزب لای ئێمە هزری هۆزی هەیە. هەر هەمان حیزبیشە دەستی بەسەر پەرلەماندا گرتووە. واشە پەرلەمانیش و کارەکانیشی بە لیژنەی یاسا و ئەوانی تربییەوە، لەسەر شێوازی خێڵایەتی بەڕێوەدەچن. هزری هۆزیش تەنها هۆزەکەی خۆی دەبینێت و ئەوانی تر بۆ ئەو لە دەرەوەی بازنەکەدان.

سوپاس.





# دەنگ بەکێ دەدەم؟[1]

لاهای – هۆڵندا
2008-04-15

لەم وەرزی دەنگدانەدا لە خۆم دەپرسم، ئەگەر لە کوردستان بوومایە دەنگم بەکێ دەدا؟ پرسیارێکە و دەبێت هەموو دەنگدەرێك لە کاتی دەنگدانەکاندا لەخۆیی بکات.

خودی خۆم دەنگ دەدەم بەو لایەنەی:

- شەڕی براکوژیی نەکردووە !
- بەوەی سازشی لەگەڵ دوژمناندا نەکردووە !
- بەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی بۆ گێڕاینەوە، یان بەردەوام خەریکی گێڕانەوەیەتی !
- بەوەی تەرمی هەموو ئەنفالکراوەکانی بۆ هێنایینەوە بەبێ جیاوازی !

[1] هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 52 – 2009-04-20 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە 2009-04-21
ماڵپەڕی کوردستان نێت 2009-04-22

- بەوەی بەردەوام لە خەمی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستاندایە !
- بەوەی یەك فلسی ئەم میللەتەی نەدزیوە و بودجەی وڵاتەکەم ترانسپەرانتانە بۆ پرۆژە پێویستەکان خەرج دەکات و دز و گەندەڵ نییە !
- بەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەییم دەخاتە سەروو لایەنەکەیەوە !
- بەوەی ژەهری بیابان لە مێشکمدا ناچەسپێنێت و بەردەوام ئەنفالم ناکاتەوە !
- بەوەی بازرگانی بەدەنگەکانمانەوە ناکات و ئەوەی بەڵێنی داوە پاشان جێبەجێی دەکات !
- بەوەی خزم خزمێنە ناکات !

بەڵام لەمسەری راست بۆ ئەوسەری چەپ, لەمسەری کۆنسێرڤاتیڤ بۆ ئەوپەڕی پێشکەوتنخواز, بەتەواوەتی ئەو مەرجانەی منی بەسەردا ناچەسپێت! لەبەرئەوە ئەمجارەش دەڵێم دەنگ نادەم.

aween.kader@yahoo.com
Tue, April 28, 2009 9:38 pm

aw katat bash barezm, amro babatakatm la kurdistan net xwendawa ka darbarai dangdan nwsibwt, barasty dasxoshyt .ledakam.chwnka ama waqay amroy kurdstana

هەمان بابەت لەسەر ماڵپەڕی رووداو نێت کرایە شێوەزاری کرمانجی و پیتی لاتینی:





**Dengê Xwe Bidim Kê?**

**Hawrê Bexewan**

Di vî werzê dengdanê de ji xwe dipirsim, eger ez li Kurdistan’ê bûma, min ê dengê xwe bidana kê? Pirsiyareke û divê hemû dengder li dema dengdanê ji xwe bikin.
Ezê bi xwe deng bidim wî aliyê:
- Bi wî yê ku şerê brakujî nekiribe!
- Bi wî yê ku destên xwe nekiribe destê dijminan!
- Bi wî yê ku kar kiribe ji bo navçeyen qutkirî yan berdewam mûjîlî vegernadina wan be!
- Ewên termên hemû Enfalkiriyan anîbin û bê cûdahî!
- Bi wî yê ku berdewam di xema avakirina gundên Kurdistan’ê de be!
- Bi wî yê ku yek filsê vî miletî nedizîbe û budçe ya welatê min ji bo projeyên pêwîst xercdike û ne diz û gendel e!
- Bi wî yê ku berjwendiyên netewî dike ser her tiştî re!
- Bi wî yê ku jahra colan di mejiyê min de naçespîne û berdewam min Enfal nake!
- Bi wî yê ku bazirganiyê bi engên me nake û tişta ku soz li ser daye paşê bicîh bîne!
- Bi wî yê ku xizimparêziyê nake!
Lê ji rast û heta wî serê çep, ji vî serê konsêrvatîv bo wî cîhê pêşkeftinxwaz, bi giştî ew şertên min bi serde naçesipe! Ji ber wê, vê carê jî dibêjim, ez deng nadim.

# من لە دهۆکیش هەر ناوم "هاوڕێ"یە!

لاهای – هۆڵندا
2009-04-23

بەڕێز گۆڤاری لڤین سڵاو:

ئەگەرچی من خوێنەرێکی باشی بادینی نیم, بەڵام ئەمڕۆ چاوێکم بە ژمارە یەکی لڤینی کرمانجیدا خشاند. ئەو ژمارەیە لە ئۆگەستی ساڵی 2008دا دەرچووە و بەداخەوە لەوەناچێت ژمارەی تری بەدوادا هاتبێت. لەو ژمارەیەی لڤیندا کۆمەڵە باسێکی زۆر باشم تێیدا بینی, دەستانخۆش. یەکێك لە باسەکان بەشی یەکەمی راپۆرتێکی "نەبەز گۆران"ە بەناوی "خیانەتێن یەکێتی و پارتی ژ 66 ئان ڤە, تا 31ی ئابێ". ئەوەندەی من بزانم ئەم راپۆرتە وەرگێڕدراوە لە سۆرانییەوە بۆ بادینی. چونکە هەمان راپۆرتیشم لەسەر ماڵپەڕی کوردستان پۆست بە سۆرانی بینیوە.

باسەکانی ناو راپۆرتەکەی کاك گۆران بۆ من زۆر ئاشنا بوون, چونکە "هاوڕێنامە"کەی منی وەك سەرچاوەی راپۆرتەکەی بەکارهێناوە. هاوڕێنامە کرۆنۆلۆژیایەکی مێژووییە و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی 1999 چاپ و بڵاویکردەوە.

لەکۆتایی راپۆرتەکەدا کاك گۆران لە لاپەرە 20دا نووسیوویەتی, یان وەرگێرەکەتان بەم شێوەیە وەریگێڕاوە:





تیبینی: ژ بۆ ڤی بەشی مـن گەلـەك سـوود ژ بیرەوەریا کومەلـەکا پێشمەرگەیێن کەڤن ورگرتیە, دگەل کتێبا (هاوڕێنامە) یا هەڤاڵ باخەوان و کتێبێن (نەوشیروان مستەفا) لێ من ئیشارەت نەدایە لاپەڕان, پشتی لێبوردنێ ژ هەردوو نڤیسکاران دکم, من هەولدایە کو بوویەران وەك خوە ڤە گوهێزم بیێ کو دەستکاری تێدە بکم.

ئەوەی جێی سەرسووڕمانە ناوەکەی منیشی وەرگێڕاوە, کە ئەمە دوورە لە سەرەتاکانی وەرگێڕانەوە!. مـن نـاوم هاوڕێیە و لـە دهۆکیش هەر هاوڕێم و نابمە هەڤاڵ, هەروەکو چۆن لـە لەندەنیش نابمـە فرێند!. ئەگەر وابووایـە دەبووایـە نازناوەکەشمی وەربگێڕایـە و هەمووی بەسەریەکەوە بکردایەتـە "هەڤاڵ باخڤـان" و نـاوی نەوشیروانیشـی بکردایەتە "نەڤشیرڤان"! بەڵام مستەفا بە بادینی دەبێتـە چـی ئـەوەیان نازانم!.

تکایە ئاگاداری وەرگێڕانەکانتان بن و زۆر سوپاس.

---

slaw kak hawre baxawan
tebeneakatman xwendawa . la nokta dachw . balam aw bradarae wargeranakae krdbo kurde bakor bo wae zanebo hawrae ka har naznawe bangkrdna wako awae shewaeakani lae xoman bakare dahenn boea hawrekae krdbwa haval lagal dawae lebordnman.
lagl rezmanda

lvinpress@yahoo.com
Sat, April 25, 2009 8:01 am

# چی بە پارتی و یەکێتی دەگووترێت![1]

لاهای – هۆڵندا
2009-04-16

حیزبە ئیسلامییەکان دەڵێن: یەکێتی عیلمانییە, هەندێکجاریش دەڵێن: کافرە. کەچی یەکێتی لە ماڵپەڕەکەی خۆیدا خشتەی کاتی نوێژەکانی داناوە!. ساڵی نەوەدەکان نەک لە سلێمانی, تەنانەت لە هەولێریشدا بەو پێیەی کە فرەمزگەوتترین شاری کوردستانە, حوسەینییە نەبوو! کەچی حوسەینییەیان شارێکی وەک سلێمانی دانا. ئیتر عیلمانیی چی!.

هەمان ئەو حیزبە ئیسلامییانە بە پارتی دەڵێن عیلمانی و پیاوی ئەمریکا و ئیسرائیل. کەچی زۆرینەی کۆبوونەوەکانی پارتی بە سوورەتی ئەلفاتیحا دەستپێدەکات!. تەنانەت "وەک دەڵێن" کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیشیان!. ئیتر چۆن حیزبێکی عیلمانییە! ئەوەیان بەرەوڕووی ئیسلامییەکانی دەکەمەوە.

[1] هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 53 – 2009-04-27 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-04-28
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 2009-04-28





حیزبە چەپە مارکسییەکان بە یەکێتی و پارتی دەڵێن: نەتەوەیی!. کاشکی ئەو وشەیەشیان بەکوردی بەکاربهێنایە, بەڵکو دەڵێن "قەومی"!. ئەمەیان لە هەڵبەستراوی عیلمانیی ئیسلامییەکان سەیرترە, چونکە ئەوانە تاسەر ئێسک ئێڕاقی و ئێڕاقچین, ئەدی نیوەی زۆری ئێڕاق بەوان دروستنەکرایەوە. ئەدی سەرۆک کۆماری ئێڕاق هەمان سکرتێری یەکێتی نییە. ئیتر نەتەوەیی چی و حاڵی چی؟!. ئەدی هەردوولایان بەردەوام ناڵێن چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێڕاقی "فیدڕاڵ"دا دەبێت و بەس!.

حیزبە ئێڕاقی و عەرەبەکان پارتی و یەکێتی بە نەتەوەپەرست دادەنێن, چونکە بە رای ئەوان نیازی پارچە پارچەکردنی ئێڕاقی عەرەبییان هەیە. ئەمەیان هەڵبەستراوی تەواوە بۆ خراپترکردنی ناوی کورد لەلای عەرەبەکان, ئەگینا بیری پارچە پارچەکردنی ئێڕاق بەخەویش بەلای پارتی و یەکێتیدا ناڕوات. ئیدی نەتەوەپەرستیی چی؟!

ئەوکاتی هاوپەیمانان خەریکی رووخاندنی رژێمی بەعس بوون, بەئاشکرا دووپاتیاندەکردەوە کە دەستەڵاتی کوردی کە لە خودی پارتی و یەکێتیدا خۆیدەنوێنێت, دیموکراتییە و دەکرێت ببێتە باشترین نموونە بۆ ئێڕاقی ئازاد. بەڵام ئەوان چونکە لە ئیسلامییەکان و مارکسی و حیزبە ئێڕاقی و عەرەبەکان ژیربوون و دەیانزانی بنەماکانی دیموکراسی چییە, هەرزوو راستینەکەیان بۆدەرکەوت و لەو رایەی خۆیان پەژیوان

بوونەوە و ئێستا دەزانن کە پارتی و یەکێتی فریان بەسەر تەنانەت سەرەتاکانی دیموکراتیشەوە نەبووە و نییە.

لە خۆم و لە ئێوەش دەپرسم: ئەگەر ئەو حیزبانە عیلمانی نەبن, نەتەوەیی نەبن, نە دیموکراسی و لە خراپترین باریشدا نەتەوەپەرستیش نەبن!. ئەدی دەبێت چ بن!.





# کێ بکرێتە وەزیری ئەنفال و شەهیدان![1]

لاهای – هۆڵندا
2009-04-28

ماوەیەکی زۆرە کۆمەڵە نووسینێکی رەخنەئامێز لەسەر خانمی وەزیری ئەنفال و شەهیدان دەنووسرێن. بەجۆرێك یەکێکم نەبینی دانێکی خێر بەم خانمەدا بنێت!. دیارە زۆرێك لەو نووسینانە لەجێی خۆیدایەتی و هەشە بەئارەزووی خۆی دەستی لێدادەگرێت و بڵاویشدەکرێتەوە!. ئەو وەزیرە داماوە چونکە ئافرەتیشە, ئەوەندەی تر بووەتە نیشانی تیری نووسەران. دیارە ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە ئێمە ئێستاش بە ئافرەت دەڵێین زەعیفە و بۆ ئێمەی پیاو رەخنەگرتنمان لە ئافرەتێك زۆر پێ ئاسانترە وەك لەوەی بۆ نموونە لە وەزیری ناوخۆ و پێشمەرگەی بگرین. بەڵام ئەوەی گومانەکەی چڕکردووەتەوە, نووسەرە ئافرەتەکانیش بەباشە لەسەری نانووسن!.

[1] هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 54 – 2009-05-04 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 2009-05-04
ماڵپەڕی چاك نیوز – 2009-05-04
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-05-05

وەزارەتی ئەنفال و شەهیدان, یەکێکە لە وەزارەتە گرنگەکان. ئەو خانمەش کە پارتی کردوویەتییە وەزیری, تەنها لەبەرئەوە بووە کە کچی سەعد عەبدوڵلا بووە و باوکی لێپرسراوێکی پارتی بووە و هیچی تر, ئافرەتبوونیشی لەوانەیە هۆیەکی تر بێت بۆدانانی بۆ ئەو پۆستە وەك چاوبەستێك بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان لە ئەنجوومەنی وەزیراندا!. نەك خوانەکردە لەبەرئەوەی ئەو خانمە ئەنفالزان بێت و کەسێکی نزیکی خەمی ئەنفال و خانەوادەی شەهیدان بێت. هەربۆیە دانانی ئەو خانمە بۆ وەزارەتێکی واهی, دانانی کەسێکی نەگونجاوە بۆ ئەو کارە. چونکە بەدڵنیاییەوە و هەر بۆ نموونە چارەکی چارەکی زانیاریی ئەو کەسەی نییە کە کتێبەکانی رەشەبای ژەهر و ئەنفالی نووسیوە.

وەزیر, بەلایەنی کەمەوە دەبێت دوو مەرجی گرنگی تێدابێت. یەکەم شارەزایی لە کارەکەی خۆیدا و دووەم زانستی کارگێڕی زۆرباش بزانێت. بەڵام ئەوەی تێبینیکراوە کە ئەم دوو مەرجە لەو خانمەدا نییە و بەزۆری حیزبەکەی سواری کۆڵی وەزارەت بووە. ئەگەر ئەم خانمە لە خەمی ئەنفال و شەهیدانی بزانییایە, لیستی شەهیدان تژی نەدەبوو لە جاش و ئەنفالکەران. مۆنومێنتی شەهیدیشی بە کۆمپانیایەکی تورکی دروستنەدەکرد!. ئەگەر بە گۆچانیش بووایە, دەبووایە بەشداریی هێنانەوەی تەرمی ئەنفالکراوەکانی گەرمیانی بکردایە.

زۆرن ئەوانەی دەزانن ئەنفال چییە و کێشەکانی خانەوادەی شەهیدان چییە. گەرمیانییەکی کەسوکار ئەنفالکراو بکەنە وەزیری ئەنفال و شەهیدان, ئەو دەزانێت ئەنفال چییە, بەعسی و ئەنفالچی کێن.





نەوەی شەهیدێکی بێناو بکەنە وەزیری ئەنفال و شەهیدان. ئەو دەزانێت بێباوکی چ کارەساتێکە و دایکی بە چ ئازار و دەردەسەرییەك گەورەی کردووە. ئەو دەتوانێت خزمەتی خانەوادەی شەهیدان بکات, نەك ئەو نەوەی شەهیدانەی کە ملیۆنەرن و شەهیدبوونی باوکیان بووەتە بەرات و شاباش بۆیان!. بچن کەسێك لە رێکخراوی چاك هەڵبژێرن, ئەوان لەو خانمە باشتر دەزانن ئەنفال چییە و شەهید کێیە.

---

لەسەر ئەم نووسینەی من هاوڕێی بەڕێز کاك کاوە ئەمین لە ژمارە 55ی 11-05-2009ی هەفتەنامەی رووداودا وتارێکی جوانی بەناوی "پێویستمان پێ نییە!" دەربارەی ژیانی خۆی و خێزانەکەی نووسی. کاك کاوە هەربە منداڵی باوکی شەهید دەبێت و ناچار بەبێ باوکی خۆیان گەورە دەکەن.

# دیمانە لەگەڵ گۆڤاری شەقام – سازدانی شەنگار عەبدوڵڵا[1]

* ئەگەری ئەوە هەیە هەڵبژاردن دوابکەوێت لەوادەی خۆی، ئایا دواکەوتنی ئەم پرۆسەیە چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر سیستەمی سیاسی؟ ئایا ئەمە نیشانەی پرسیار دروستناکات لەسەر سیستەمی سیاسی کوردستان؟

وەڵام: دیارە نیشانەی پرسیار دروستدەکات, نەك هەر لەسەر هەڵبژاردن! بەڵکو سیستەمی سیاسیی کوردستان خۆی بریتییە لە نیشانەیەکی پرسیاری گەورە. ئەم سیستەمە و پێشتریش کە خۆیی لە بزووتنەوەی رزگاریدا دەنواند, هەرگیز کارێکی لە کاتی خۆیدا بەئەنجام نەگەیاندووە, ئەوەی ئەمڕۆ دەبێت بکرێت نەیکردووە و بۆ کاتێکی نادیاری هەڵگرتووە. هەندێکجار وەکو نەیشی کردووە, هیچ پلانێکی واهیی نەبووە کە کەنگێ پێی هەڵدەستێت. ساڵی 2003 باشترین هەل بوو بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان. بەڵام ئەو سیستمە نەك هەر نەیکرد بەڵکو وای تێك ترشاند بەسەریەکدا کە تاوەکو ئەو رۆژەی هەین بڵێین شارێکمان هەبوو بەناوی کەرکوك!.

بەبڕوای من دواکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن دەستەڵاتەوە, یارییەکی ئەو دەستەڵاتەیە بۆ یاریکردن بە پرۆسە و ئاکامی

[1] گۆڤاری شەقام – ژمارە 122 – مایی 2009.





هەڵبژاردنەکان. دەستەڵاتیش هیچ بەهانەیەکی سازێنەری رانەگەیاندووە بۆ دوواکەوتنی ئەو پڕۆسەیە. وتم "دەستەڵات" ئەگەرچی دەستەڵات خۆشی نیشانەیەکی پرسیارە و وشەیەکی هەڵەیە. ئەگینا لە جیاتیی ئەو وشەیە پارتی یەکێتی بەکاربهێنرێت زۆر راستترە.

* گرنگیی بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا چییە؟ ئایا هاووڵاتییان دەتوانن هەڵبژاردن بکەنە سەکۆیەك بۆ گۆڕانکاری؟ ئەگەر هاووڵاتییان بەشداربن گۆڕانکاری دروست دەبێت؟

وەڵام: هەڵبژاردن بەگشتی, واتە بەشداریکردنی خەڵك و دەنگدان. ئەگەر بەشداری نەبێت ئەوا هەڵبژاردن هیچ واتایەکی نامێنێت. بەڵام لەلایەکی ترەوە بەشدارینەکردنی تەواوی هەڵبژاردن, خۆی لەخۆیدا پەیامێکی ناڕەزاییە بۆ دەستەڵات. دەکرێت هەڵبژاردن بکرێتە سەکۆیەك بۆ گۆڕانکاری بەو مەرجەی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی یاسایی و دوور لە گەمەی دەستەڵات بڕوات بەڕێوە. بەڵام ئەگەر وانەبوو ئەوا هەموو هاووڵاتیانیش بەشداربن ئەوا هیچی واهیی لێوە دروستنابێت کە شایانی باس بێت. خودی خۆم هەستناکەم ئەمجارەش گۆڕانکارییەکی واهی بێتەکایەوە, چونکە دەستەڵاتی کوردی دەستەڵاتێکی خێڵەکییە و باوەڕی بەگۆڕان نییە و لەخۆی زۆرتر مافی دەستەڵات بە کەسی تر رەوا نابینێت.

*زیانەکانی بەشدارینەکردنی خەڵك لەهەڵبژاردندا چۆن دەبینیت، ئایا بەشدارینەکردنی خەڵك لەهەڵبژاردندا درێژەدان نییە بەو دۆخەی ئێستا لەکوردستان؟ کاریگەریی هۆشیاریی هاووڵاتییان لەئاست گرنگیی دەنگدان‌و بەکار هێنانی سندوقی هەڵبژاردن بۆ گۆڕانکاری چۆن دەبینیت؟

وەڵام: کاتی خۆی لە هەڵبژاردنی ئێراقدا, عەرەبە سوونەکان بەشداریان نەکرد و زیانێکی زۆریانکرد. بەڵام پاشتر بەهەڵەکەی خۆیاندا چوونەوە و ئەمجارەیان بەهۆیەوە موسڵیان لەدەست کورد دەرهێنا. دیارە ئەوەشیان هەر بەهۆی نەزانیی دەستەڵاتی کوردییەوە بوو.

من پێموایە خەڵکی لەکاتێکدا زیان دەکات کە بەشداری بکات و هیچ یارییەکیش بەدەنگەکانییەوە نەکرێت. بەڵام وەك پێشتر گووتم هیچ متمانەیەکم بە دەستەڵات نییە کە بەشێوەیەکی یاسایی لێگەڕێت ئەو هەڵبژاردنە بەڕێوەبچێت.

* رۆڵی رێکخراوە مەدەنیەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و دواجاریش پرۆسەی گۆڕان و بڕیار چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ هەندێکجار رێکخراوە مەدەنیەکان پەنا دەبەنە بەر بایکۆتکردن، ئایا لەم قۆناغەدا پەنا بردنە بەر بایکۆت کاریگەریی دەبێت بۆ گۆڕانکاریی سیاسی؟

وەڵام: پێش هەموو شتێك ئێمە جاریێ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی نین تاوەکو رێکخراوی مەدەنیمان ببێت!. زۆرینەی رێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان سەربە دەستەڵاتن و لەلایەن ئەوانەوە بەخێودەکرێن و





چۆنیشیان بوێت بەکاردەهێنرێن. ئیتر دەبێت چ رۆڵێکیان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن ببێت. ئەوانەشی کە بایکۆتدەکەن, لەلایەن دەستەڵاتەوە بەبێ پاروو ماونەتەوە و هیچ بنکەیەکی جەماوەریی واهییان نییە. بەڵام ئەگەر لەم پرسیارەتدا مەبەستت لیستەکەی کۆمپانیای وشە بێت, ئەوا ئەم رێکخراوە رێکخراوێکی مەدەنی نییە و سیاسیی تەواوە, هۆکاری دروستبوونیشی سیاسیی تەواوە و رەگیشی دەگەڕێتەوە بۆ ململانێیەکی سیاسیی نێو نەك هەر یەکێتی بەتەنها بەڵکو پەیوەندیی بەتەواوی پارتەکانی دیکەی کوردستانەوە هەیە, بەتایبەتی پارتی.

* بوونی لیستی داخراو پێویستە؟ ئایا لیستی داخراو گەمەیەکی سیاسیی داخراو نییە کە هاووڵاتیان نازانن کام کەس بەچ پرۆژەیەکە، چ باکگراوندێکی سیاسی، بە چ ئاستێکی خوێندەواری‌و هۆشیاری لەپاش تەواوبوونی پرۆسەکە دەبێت بەنوێنەریان؟

وەڵام: ئەم لیستە داخراوە یەکێکە لە گەمەکانی دەستەڵات و پرۆسەی هەڵبژاردن دەکاتە قومارخانە. کە دەچێتە گازینۆیەك بۆ قومار زۆر کەم دەبەیتەوە و خاوەن قومارخانەکە هەردەم براوەیە. لیستی داخراو وەك ئەو تورەکەی یانسیبە وایە کە کاتی خۆی لە جەژناندا پێیاندەگووت "یانسیب" و خۆت و بەختت بەرامبەر چەند فلسێك دەستت پێیدا دەکرد و هیچیشت بۆ دەرنەدەچوو, یان دیارییەکی بێنرخت وەردەگرت. پارتی و یەکێتی پاش سەرکەوتنی لیستە داخراوەکانیان, ناچن کەسانێکی

گونجاو لە پۆستەکاندا دابنێن, بەڵکو دەچن خەڵکانێك دادەنێن کە هەر بڵێن ئەشەدەوبیللا سەرۆك راست دەکات و سەرۆك واهیی فەرمووە و ئەویش وەك کوێر پیادەی بکات. واتە ئەوانەی دادەنرێن جگە لە جێبەجێکاری بڕیاری حیزبەکان هیچی تر نین. کە زۆربەیان لە سەرۆك خێڵ و کەسانی پیر و خزمی ئەم لێپرساو و کچی ئەو شەهید و ئەو وەزیرە. هەربۆیە لەو یانسیبەی لیستی داخراوی ئەمجارەشیاندا هیچی واهیی لەوانەی پێشوو باشتر نابێت.

* ئایا لیستی داخراو دەتوانێت نوێنەری راستەوخۆی خەڵك بێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە دواجار حیزب نوێنەرەکان دیاری دەکات، واتە حیزب کێی پێ خۆش بێت ئەوە دادەنێت بەناوی خەڵکەوە؟ ویستو ئیرادەی کەسانی دەستنیشانکراو کە لەلایەن لیستی داخراوەوە دەنێردرێنە پەرلەمان تا چەند ویست و ئیرادەی خەڵك و خۆیەتی؟

وەڵام: حیزبەکان بریتین لە کۆبوونەوەی کەسانێك کە بەرژەوەندیی کەسیی خۆیان پێکییەوەی گرێداوون, نەك بەرژەوەندیی نەتەوەیی و تەنانەت حیزبیش! . هەربۆیە لەو حیزبانەدا کەسانی جاش, بەعسی, ئەنفالچی و زۆریتر دەبینین. هەربۆیە زۆر ئاساییە ئەو جاش و بەعسی و ئەنفالچییانەش پاشتر ببنە نوێنەری خەڵکی. دەستەڵات ئەنفالچییەکی سەرشۆڕی پێباشترە, وەك لە گەنجێکی سەرکەش تاوەکو بیکاتە نوێنەری خۆی و خەڵکیش. ئەنفالچییەکە سەری شۆڕە و حیزب چیی پێگووت جێبەجێی دەکات. بەڵام لاوە رۆشنبیرە سەرکەشەکەیی بۆ





رامناکرێت و دەیەوێت لەبەرژەوەندیی ئەو خەڵکانەی دەنگیان بۆیداوە رەفتاربکات. هەربۆیە لیستی داخراو گەمەیەکی چەپەڵی ئەو حیزبانەیە و هیچی تر.

* ئایا لەئێستادا لیستی کراوەمان پێویستە یان لیستی داخراو؟ ئێوە لەوبڕوایەدان بوونی لیستی کراوە دەتوانێت قۆناغێکی دیکە بێت لەو گۆڕانە کە چاوەڕوان دەکرێت؟

وەڵام: لیستی کراوە لەهەموو کاتێکدا پێویستە. ئەگەر لیستەکان کراوەبن, دەکرێت ببێتە سەرەتایەك بۆ گۆڕان. ئەگەر خەڵکی نەزانن دەنگ بۆ کێ دەدەن و کێ لە پاشەڕۆژدا دەبێتە نوێنەریان, دەنگ نەدەن باشترە. چونکە لە توورەکەی یانسیبەکەدا یان پووچ دەردێنیت یان لە هەزاردا یەکی باش. جەماوەر نابێت بەشداریی ئەو قومارەی لیستی داخراو بکەن.

* بوونی لیستی سەربەخۆ چ گرنگییەکی هەیە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا؟ ئایا لیستی سەربەخۆ دەتوانێت دەنگە نارازییەکان لەخۆی کۆبکاتەوە و ببێتە هێزێك رکەبەری لیستەکانی تر بکات؟ بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا نارەزایی گەشتووەتە لوتکە؟

وەڵام: بۆ کورد لیستی سەربەخۆ گرنگییەکەی لەوەدایە کە ئەگەر ئەو لیستە سەرکەوت, دوور لە حیزبایەتیی دواکەوتوو و کلاسیکی کوردی, کورد نوێنەری راستینەی خۆیی ببێت. دەکرێت لیستی سەربەخۆ

چەندین دەنگی جوودای نارازی لەخۆی کۆبکاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر لیستەکەی نەوشیروان مستەفا بە لیستی سەربەخۆ دابنرێت, ئەوا چەندین دەنگی جوودا و ناڕازیی تێدایە. بەتایبەتی کە من زانیاریی تەواوم لەسەر ئەوە هەیە کە نەوشیروان مستەفا پەیوەندیی کردووە بە ئەندامە کۆنەکانی پاسۆك و کاژیکەوە, تاوەکو بەشداربن لە لیستەکەیدا. ئەمە دەکرێت بکرێتە باشترین نموونەی کۆکردنەوەی دەنگە ناڕازییە تەنانەت دژبەیەکەکانیش. بیرتانە کاتی خۆی نەوشیروان مستەفا سەرکردایەتیی شەڕەکانی قرناخە و پشتئاشانی کرد و پاسۆکیش بەهۆیەوە ئاودیوی ئێران و پاشان سووریێن کرا. کەچی ئێستا لە یەك لیستدا دەیانەوێت بەشداریی هەڵبژاردن بکەن.

کێشەی ئێمە لەوەدایە, جگەلەوەی لە سیاسەتدا هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆمان نییە, لە هەڵبژاردنیشدا کلتووری لیستی بێلایەن یان سەربەخۆمان نەبووە. بەڵکو خودی پڕۆسەی هەڵبژاردن لەلای کورد تەمەنی تەنانەت بیستساڵیش نییە. ئەو کلتوورانە پێویستی بە ماوەیەکی کاتیی زۆر باشە تاوەکو ببێتە نەریتێکی کۆمەڵگەی ئێمە.

* چۆن دەڕوانیتە پێویستی بوونی لیستێکی ئۆپۆزسیۆن؟ لیستی ئۆپۆزسیۆن چۆن دەبێتە دەنگی دەنگە جیاوازەکانی درەوەی لیستی دەسەلات؟

وەڵام: پێویستە لێرەدا جیاوازی بکرێت لە نێوان لیستی ئۆپۆزیسیۆن و لیستی داخلەدڵ. لیستی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە کە دەیەوێت بەڕاستی





گۆڕانکاری بهێنێتە ئاراوە و دڵسۆزی ئەوانەیە کە دەنگی بۆ دەدەن. لیستی داخلەدڵیش ئەوەیە کە بەهۆی کێشە و ململانێی کەسیی نێوان حیزبەکانەوە دێتە کایەوە. ئەمەیان ئەگەر سەرکەوت, ئەوا هیچی لە نوێنەرەکانی پارتی و یەکێتی باشتر نابێت و بگرە خراپتریش دەکەن.

کۆمەڵگەی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی وا بەئاسانی دەستبەرداری پارتی یەکێتی ببێت. کۆمەڵگەی ئێمە دوای قەرەباڵغی دەکەوێت و لیستە سەربەخۆکانیش جارێ نەبوونەتە خاوەنی ئەو بنکە جەماوەرییە. شارێکی وەك سلێمانیش کە ناوجەرگەی لیستە سەربەخۆکانە, بەتەنیا بەس نییە بۆ گۆڕانکاری. بەڵکو ئەو پڕۆسەیە پێویستی بەکاتی زۆرترە و لەوانەیە ئەم هەڵبژاردنە ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ گۆڕانی زۆرتر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو. بەڵام ئێمە بمانەوێت هەموو شتێك لە شەووڕۆژێکدا بێتە دی ئەوەیان ئەستەمە.

* ئەوەی تائێستا دیارە چوار حیزبەکە بەیەکەوە دادەبەزن ونەوشیروان مستەفاش لیستی دەبێت، بەبۆچونی جەنابت هەریەکە لەم دولیستە چ ڕۆڵێکیان دەبێت؟ ئایا ئەم دوو لیستە دەتوانن هاوکێشە سیاسیەکان بگۆڕن؟

وەڵام: ئەوەی کە پێی دەگووترێت چوار حیزبەکە من بە ئۆپۆزیسیۆنیان دانانێم. ئەوانە ئامادەی هەر سازشێکن بۆ مانگانەیەکی زۆرتر و وەزیر یان کورسییەکی زۆرتر. ئەوانە تاوەکو ئێستا مانگانە لە پارتی و یەکێتییەوە وەردەگرن! ئیتر ئۆپۆزیسیۆنی چی؟!. ئەوانە بەگشتی

چەند گروپێکی کۆنسێرڤاتیڤ و وردەبۆرژوای کوردن و جگە لە بەرژەوەندیی خۆیان و دەوڵەتانی ناوچەکە, ئاگاداری خەمەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری نین. ئەوەی کەمێك تیایاندا باش بووبێت, حیزبی زەحمەتکێشان بوو و ئەویشیان کردە سینەما ! .

دەمێنێتەوە سەر لیستەکەی نەوشیروان مستەفا کە بە بڕوای من پاش یەکێتی و پارتی دەبێتە لیستی سێیەم. بەڵام لەوە دەچێت ئەم لیستە دووای قەرەباڵغی بکەوێت و تەنانەت دەنگۆی ئەوەش هەیە کە لەگەڵ ئیسلامییەکانیشدا ببنە بەرەیەك. نەوشیروان مستەفاش پێشتر کەسێکی کارای ناو سیاسەتی کوردی و بڕیارە گرنگەکان بووە و ئەویش بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشدارە لەو کێشانەی کە ئەمڕۆ ئێمە تێیکەوتووین. چۆن ئەو کێشانەمان بۆ چارەسەر دەکات, ئەوا من بینەرم و هیوای سەرکەوتن بۆ ئەویش و کۆنە هاوبیرەکانیشم دەخوازم کە ئێستا لەگەڵیدا لیستی گۆڕانیان پێکهێناوە.

* پێت وایە ئەم هەڵبژاردنە گۆڕان دەکات؟

وەڵام: من هیوادارم هەڵە بم, بەڵام لەو بڕوایەدانیم گۆڕانێکی ئەوتۆ دروستبکات! . بەڵام بەدڵنیاییەوە سەرەتایەکە بەرەو گۆڕان.

2009-04-27

**لاهای – هۆڵندا**



وشه پەڕتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

# هەڵبژاردنی پیران و بەکارهێنانی گەنج و ژن![1]

**لاهای – هۆڵندا**

2009-05-20

گەنجی کورد, بەدرێژاییی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەردەم یەکەمین سووتەمەنیی بووە. لە شارەکاندا کاری رێکخراوەییی کردووە و لە شاخیش نارنجۆکێك بەدەستییەوە و تفەنگەکەشی بەدەستەکەی ترییەوە هێرشی کردووەتەسەر پایەگاکان. زۆرینەی ئەوانەی لە شارەکاندا چالاکییان ئەنجامدەدا لە راستیدا گەنج نەبوون! بەڵکو خوار تەمەنی هەژدە ساڵ بوون و مێردمنداڵ بوون. هەموومان برایەکمان, خزمێکمان, ناسیاوێك یان دراوسێیەکی خوار هەژدە ساڵیمان بەهۆی کاری رێکخراوەییەوە گیراوە و ئەشکەنجە دراوە, لەسێدارەدراوە یان سەرونگوونکراوە. هەموو ئەمانە بەویست و زانینی سەرکردە سەروو هەژدە ساڵەکانی کورد بوون. بەواتایەکی تر گەنجی کورد و بەتایبەتی مێرمنداڵانی, هەردەم سووتەمەنیی ویستەکانی سەرکردە سەروو هەژدە ساڵەکانی کورد بوون. ئەو ویستانەش لە هەموو بارودۆخەکاندا بەرگی

[1] هەفتەنامەی ڕووداو – ژمارە 57 – 2009-05-25 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-05-26
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 2009-05-26

شۆڕش و کوردایەتی و رزگاربوونی کراوەتەبەر, تاوەکو زۆرتر هانی گەنج و مێرمنداڵی کورد بدەن بۆ درێژەدانی جێبەجێکردنی ویستەکانیان.

هاوینی ساڵی 1987 کوڕێکی زۆر گەنج بەناوی "هاوژین"ەوە کە لە رێکخستنی سلێمانیی پاسۆکدا کاریدەکرد, پەیوەندیی کرد بە پێشمەرگەکانی پاسۆکەوە. ئەو کوڕە یادی بەخێر ناوی راستینەی "بەختیار ئومێد" بوو و هەر زوو بووینە هاوڕێ. پاش چەند رۆژێك ئەوانەی هاوژینیان بەکوشتدا, فێری دەمانچە تەقاندنیانکرد. من زوو هەستمکرد کە ئەم کارە بۆ ئەم گەنجە ناڕەوایە و کەوتمە ناڕەزایی, بەڵام بەداخەوە بەهۆی ململانێیە ناوخۆییەکانەوە گوێیان لێنەگرتم و هاوژینیان بە دەمانچەیەکی شازدەخۆرەوە ناردەوە بۆ سلێمانی و لە یەکەم یان دووەم کۆنترۆڵی داگیرکەری بەعس بەدەمانچەکەوە گیرا! کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا پرسیارێکە!. هاوژین ئەشکەنجەیەکی زۆردرا و فززە لە دەمییەوە نەهاتەدەرەوە. تەنانەت وەك دەڵێن لە کاتی لێکۆڵینەوەدا سووراحییەك ئاو لەبەردەمی جەللادەکەیدا بووە و کێشاوییەتی بەسەری جەللادەکەیدا. پاشان کە لە سێدارەش دەدرێت و تەرمەکەی دەدەنەوە بەباوکی, بە باوکی دەڵێن "کوڕەکەت خۆفرۆش بوو, تەنانەت قسەشی لەگەڵدا نەکردین – أبنك خائن، حتی الحچی ماحچا ویانا"!. ئەم هاوژینە, بە مەبەستەوە بووبێت یان بەبێ مەبەست, بەناڕەوا بەکوشتدرا و نموویەکی زیندووە بۆ هەزاران گەنجی تری ئەو سەردەمەی مێژوومان.





ئەگەر ئەوە بارودۆخی گەنج بووبێت, ئەوا ژنانیش لەوان باشتر نەبوون. ژنی کورد هەردەم لە خزمەتی ویستەکانی سەرکردە سەروو هەژدە ساڵییەکانەوە بووە. بەجۆرێکی وا بەکاریانهێناون کە لە گێڕانەوە نایەت. زۆرینەی ئەو سەرکردانە پاش راپەڕین تەنانەت ئەمەکیان بۆ هاوسەرەکانی خۆشیان نەبوو و کردیاننە سەربە هەوێ. هەر ئافرەتێکیش لە خزمەتی ئەواندا نەبووبێت بە بیانووی تاوانی "شەرەف" بە گەنجێکی کورد کوشتوویانە. نموونەی ئەمەیانم بەخەروار لەلایە, لە سەرەتای راپەڕین ئافرەتگەلێکی زۆر بە بیانووی تاوانی لەشفرۆشی تیرۆرکران..

سەرکردەکان بەشێوەیەکی کاراش بەشدارن لە تاوانی ئەو هەزاران ئافرەتانەی کە دوای راپەڕین بەو تاوانە بێ بەهایانە کوژراون یان سووتێندراون.

گەنج و ژن هەردەم دوو قوربانیی دەستی سەرکردەکانی کورد بوون بۆ هێنانەدیی ویستەکانی خۆیان بە بەرگی کوردایەتییەوە. هەربۆیە لەم گەمەی هەڵبژاردنەی ئەم سووڕەدا گەنجان و ژنانی کورد نابێت چیدی بە دروشمی سەوز و سووری سەرکردە پیرەکان هەڵبخەڵەتێن. ناوکێشکردنی هەر گەنجێك یان هەر ژنێکیش لە لیستی حیزبە پیرەکاندا تەنها لە خزمەتی سەرکردە پیرەکاندایە و چاوبەستێکیشە بۆ راگەیاندن و فشەدیموکراسێتیی ئەو حیزبانە.

حیزبەکان پیرەکان, گەر دڵسۆزی گەنجی کورد و ژنان بوونایە, سەدان هەزار گەنج وڵاتی چۆڵندەکرد! هەزاران ژنیش نەدەکوژران... ئێمە

بەتەنیا نەتەوەیەکی ژنکوژ نین, وەك میدیا خۆرئاواییەکان پێماندەڵێن. ئێمە گەنج کوژیشین!.





# مێژوو ئەو "گومڕایینامە"یە نییە کە دەستەڵات دەینووسێتەوە![1]

لاهای – هۆڵندا
2009-05-27

زۆربەمان زۆرباش یادەکانی 8ی شوبات و 17 و 30 تەممووزمان لەبیرە, کە چۆن بەعسییەکان خۆیان چۆنیان پێ باش بووبێت باسیان لێوەیدەکرد, ئەو رۆژانە و ئەو یادانەیان بەسەرەتای مێژووی عروبە و پێشکەوتن و رەوشت و زۆر شتی تر دەناساند. سەددامی دیکتاتۆریان تێیدا دەکردە پاڵەوانی عەرەب و ئێراق و ئەندازیاری هەموو "پێشکەوتن"ەکانی ئێراق. تەنانەت بە شکستەکانیشیان دەگووت "ئومولمەعارك"!. لێ ئەو مێژووەی ئەوان دەیاننووسییەوە لە گومڕایینامە زۆرتر هیچی تر نەبوون و پاش کەوتنی رژێمی بەعس, هەمووی بووە تۆزوبا و ئێستا کەس بەوانە هەڵناخەڵەتێت.

[1] هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 58 – 2009-06-01 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر. تێبینی: ئەم وتارە هەفتەنامەی رووداو دەستکاریی سەرباسەکەیی و سەرەتاکەیی کردبوو. بەڵام لێرەدا چۆنم نووسیوە واهیی بڵاودەکەمەوە.
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-06-05
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 2009-06-02

ئەوەی من لەدوای راپەڕینەوە فێری بووم ئەوەیە کە "ئازادبوون چەند گران بێت, خۆڕزگارکردن لە هێزکار و بیری داگیرکەر گەلێك گرانترە". ئەو خۆڕزگارکردنەش دەبێت سیستمێکی فەرمانڕەوا پێی هەڵبستێت کە لەهەر هێزکارێك و بیری داگیرکەرێك خۆیی شوشتبێتەوە, ئەگەرنا ئەوا ناکرێت بەو ئازادییە بگوترێت ئازادی, بەڵکو هەمان درێژەپێدانی داگیرکارییە بەڵام بە شێوازێکی تر, زمانێکی تر, یان هەر شێوەیەکی دی.

زۆرجار لە میدیاکانی حیزبەکانی لەمەڕ خۆمانەوە هەمان قەوانی بەعسییەکانم گوێلێدەبێت. بەڵام هی ئەوان بە عەرەبی بوو و هی ئەمان بە کوردییە و هەندێك جاریش بە کوردییەکی زۆر ناڕێك!. هی ئەوان باسی عروبە و جەنگی قادسیە و ئومولمەعارك و هی ئەمانیش باسی کوردایەتی و شکست و هەڵستانەوە و گفتوگۆ و دیسانیش شکست و هەڵستانەوە. لای ئەوان ئەندازیاری سەرکەوتنەکان رێبازی بەعس و سەددامی دیکتاتۆر بوو و لای ئەمانیش ئەوانەی لای خۆمان!.

بەڵام ئەوەی زۆر بەئاشکرا تێیاندا جیاوازە, بەعس رکەبەری نەبوو, خۆی تاکە ئەندازیاری سەرکەوتنەکان بوو, پاسەوانی عروبە و خۆرهەڵاتی نیشتمانی عەرەب بوو, سەددام سەرکردەی نەتەوە بوو و زۆری تر. بەڵام ئەوانەی لای خۆمان لەباتی یەکێك دوو گومڕاییینامەیە. لای یەکەم پاش نسکۆی ئەیلوول, ئەو یەکەمە بوو کە شۆڕشی هەڵگیرساندەوە, هەر ئەو یەکەمە بوو کە بووە ئەندازیاری هەموو سەرکەوتنەکان و هەرچی نسکۆ و هەڵەکانیشە چەندینساڵە دەیداتە





پاڵ دووەم. بەڵام لای دووەمیش بەپێچەوانەوە, هەر دووەم بوو شۆڕشی هەڵگیرساندەوە و کوردی لەو هەنگاوە نائومێدییە هێنایە دەرەوە, هەر ئەو دووەمە بوو کە بووە ئەندازیاری هەموو سەرکەوتنەکان و هەرچی هەرەس و هەڵەکانیشە دەیداتە پاڵ یەکەم!.

ئەوەی ئەوانە بە شێوەی قەوانی بەعسییەکان بانگەشەی بۆدەکەن مێژوو نییە, گومڕاییینامەیە. مێژوو ئەوە نییە کە دەستەڵات دەینووسێتەوە. مێژوو رابرووەدی ئێمەیە و ئێمە لە دەستەڵات باشتری دەبینین و هەستی پێدەین. رابردووی ئێمەش هەر سەرکەوتن و شانازی نییە!. رابرووی ئێمە بە ئێستاشمانەوە کە دەبێتە مێژووی سبەینێمان بریتییە لە زنجیرەیەك نسکۆ و تێکشکان, سازش, براکوژی و کارەسات و گەندەڵی! تا کارێکی جوانی تێدا دەدۆزینەوە, هەزاری خراپی تێدا بەدی دەکەین.

چیدی ئێوەش وەکو بەعس مەکەن, دەنا بەدڵنیاییەوە گومڕاییینامەکانتان لە داهاتوودا دەبێتە تۆزوبا!.

# دەنگدان بە پڕۆژەیاساکان لە ماوەی درێژکراوەی پەڕلەماندا نایاساییە – رادیۆی نەوا –
## ئامادەکردنی هادی رەحمان[1]

رۆژی 2009/6/4 دوادەی پەرلەمانی کوردستان بوو ،بەڵام بە بڕیارێك پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنێکی خۆیدا ئەو ماوەیەی درێژکردەوە بۆ کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو کە وابڕیارە لە 25 ی تەمموزی ئەمساڵدا ئەنجام بدرێت.
هەرچەندە بە بۆچونی یاساناسان و چاودێرانی سیاسی درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە یاسایی نیەو گفتوگۆکردن و بڕیاردان لە پرۆژەیاساکان شەرعیەت وەرناگرێت، چونکە بەپێی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان پەرلەمان لە کوردستاندا بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێرێت، هەروەها هەر سەبارەت بەو بابەتە رۆژی 6/10 نزیکەی 25 پەرلەمانتار لە پەرلەمانی کوردستان یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان کرد ، کەداوای ئەوەدەکەن درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان یاسایی نیە چونکە هیچ حاڵەتێکی نائاسایی لە هەرێمدا بوونی نیە.
ئایا پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی هەیە؟ وەئایا ئەو پرۆژەبڕیارانەی کە لەو ماوەیەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و دەنگی لە سەر دەدرێت لە رووی یاسایی و دەستوریەوە شەرعیەتی هەیە؟
پارێزە(تەها عومەر) لە لێدوانێکیدا بۆ نەوا جەختی لەوە کردەوە کە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان لە دەسەڵاتی گەلدایە و ئەو بڕیارانەی لە ماوەی درێژکراوەی پەرلەماندا دەنگی لەسەردەدرێت بەنایاسایی ئەژمار دەکرێت.

لە ماددەی 87 ی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتوە[دەکرێ خولی بەستنی پەرلەمان لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان بیست و پێنچ ئەندامی پەرلەمان کە لە 30 رۆژ زیاتر نەبێت درێژبکرێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو

[1] درێژەی ئەم تەوەرە لەسەر رادیۆی نەوا لە رۆژانی 11 بۆ 12ی جونی 2009 بڵاوکرایەوە. ئەم کورتەیەیشی لەسەر ماڵپەڕی رادیۆکە بڵاوکرایەوە.





ئەرکانەی پێویستیان بەماوەکە هەیە]، بەڵام سەرە ڕایی ئەوەی کە هیچ حاڵەتێکی نائاسایی لە هەرێمدا بوونی نیە ماوەی پەرلەمانیش زیاد لە 30 رۆژ درێژکراوەتەوە.
(کەمال سەعید) پرۆفیسۆری یاریدەدەر و دکتۆرا لە یاسایی نێودەوڵەتی و دەستوری لەو بارەیەوە لە لێدوانێکیدا بۆ نەوا رایگەیاند:
ئەو شەرعیەتەی کە پەرلەمانی کوردستانی پێ درێژکراوەتەوە شەرعیەتێکی زۆر لاوازو بێ هێزە.

هاوکات (هاورێ باخەوان) یاساناس و ئەندام لە دادگای لاهای سەربە نەتەوەیەکگرتوەکان بەتایبەت بە نەوای راگەیاند:
کەماوەی یاسایی پەرلەمان کۆتایی هات ئەوکاتە هیچ رەوایی نامێنێت بۆ ئەوەی دەنگ لەسەر پرۆژە یاساکان بدات.

هەروەها 25 ئەندامی لیستەکانی پەرلەمانی کوردستان لە راگەیاندنێکدا هەڵوێستی خۆیان دەربارەی ماوەی یاسایی پەرلەمان و پەسەندکردنی پرۆژەیاساکان راگەیاند و ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانی کورردستانیان کرد.
(ئاری هەرسین) چاودێری سیاسی سەبارەت بە هەڵوێستی ئەو پەرلەمانتارانە لە لیدوانێکیدا بۆ نەوا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد:
ئەو پەرلەمانتارانە بۆچی لەبەردەم پەرلەماندا دانانیشن و نەچنە ناو کۆبونەوەکانی پەرلەمان بۆئەوی میتۆدێکی دیموکراسی هەڵبژێرن.

هەندێك لە چاودێرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان و گفتوگۆکردن لە سەر پرۆژە یاساکان لەبەر ئەوەیە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان پەسەند بکەن و دەنگی لەسەر بدرێت.
(کەمال سەعید) پرۆفیسۆری یاریدەدەر و دکتۆرا لە یاسایی نێودەولەتی و دەستوری لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردو ووتی:
چەند ساڵە ئێمە بێ دەستور ژیاوین با لە ئێستادا پەلەپەلی تێدا نەکرێت و بە پەلە نەخرێتە بەردەم خەڵك بەمەبەستی راپرسیکردن.

کەواتە ئێستا بە پێی لێکدانەوەو بۆچونی شارەزایانی بواری یاسایی و دەستوری پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی ئەوەی لە دەستداوە کە دەنگ لەسەر پرۆژەیاساکان بدات و پەسەندیان بکات ، دواکەوتنی ئەو پرۆژانەی ئێستا لەبەردەم ئەندامانی پەرلەماندایە وەکو پەسەند

کردنی بووجە و ڕەشنوسی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ خەمساردی پەرلەمانی کوردستان.
Thursday, June 11, 2009





# دیمانە لەگەڵ گۆڤاری کۆوار – سازدانی محەمەدی حاجی کەریم[1]

بە هۆی ئاگاداریتان لە مامەڵەی میدیای بیانی لەگەڵ پرسی هەڵبژاردنەکان، ئێمە لە گۆڤاری(کۆوار) خۆشحاڵ دەبین، ئەگەر بەکورتی بۆچوونی خۆتمان لەسەر تەوەری ئەم ریپۆرتاژە بۆ بنووسن، کە بریتییە لە:

(ئایا لە دونیای دەرەوەدا میدیا چۆن دەچێتە نێو بانگەشەی هەڵبژاردن؟ زیاتر لەسەر پلان و بەرنامەی داهاتووی حزب و کوتلە سیاسییەکان دەوەستێ و قسەی لەبارەوە دەکات؟ یان زیاتر چالاکی و کاری رابردووی حکومەت دەخاتە روو؟ ئەی لە پێشبڕکێی بەر لە هەڵبژاردنەکاندا میدیا چۆن مامەڵە لەگەڵ کاندید و پاڵێوراوەکان دەکات؟.. لە ژیانی تایبەتییان نزیك دەبێتەوە.. یان تەنها باس لە هەڵەو بەرهەم و تواناکانیان دەکات؟ کێ پاڵپشتی ماددی کاندیدەکان دەکات، خودی حزبەکانیان؟ یان لە حکومەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پاڵپشتی ماددی وەردەگرن؟ لەم رووەوە هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ لەوڵاتانی ئەورووپا و وڵاتانی پێشکەوتوو چۆن دەبینی؟ )

[1] گۆڤاری کۆوار – ژمارە 42 – لاپەڕە 3 – کوردستان – سۆران.
وەڵامەکەی من لەگەڵ تێکهەڵکێشی چەند نووسەرێکی تردا لە سەرەتای گۆڤارەکەدا بڵاوکرابووەوە.

وەلام:

ڕۆڵی میدیا بەگشتی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا, پێویستە بەشێوەیەکی واهی بێت کە جەماوەری دەنگدەر هۆشیاربکاتەوە. ئاڕاستەیان بکات بۆ بەرەو هەڵبژاردنێکی تەندروست, هەڵەی لایەن و نوێنەرەکان بۆ رای گشتی روونبکاتەوە و چاك و خراپیان بۆ لەیەك جوودابکاتەوە.

ئەم رۆڵە دەکرێت لە دوو لایەنەوە بێت. لایەکیان هەڵسەنگاندنی خولی پێشووی دەستەلاتە تاوەکو هەرچی هەڵە و کەموکوڕییەکانی پێشوو هەیە بخرێنە روو و جەماوەریش ئاگاداری ئەوە ببێت کە دەنگدان بە لایەنەکانی ناو ئەو دەستەلاتەی پێشوو, گومانی ئەوەی لێدەکرێت هەمان هەڵە و کەموکورتی دووبارە ببێتەوە. هەندێکجار رۆڵی ئەم میدیایە ئەوەندە گرنگە کە دەبێتە هۆی رووهەڵماڵینی زۆربەی خراپەکارییەکانی دەستەلات و سەرکەوتنێکی گەورەش دەبێت بۆ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن.

لایەنەکەی تری شەنوکەوکردنی نوێنەرانی نوێ و دەستەلاتی پاشەڕۆژە, ئەمەشیان میدیا دەتوانێت رۆڵێکی گەورەی تێدا ببینێت, تاوەکو دیسان خەڵکی ئاڕاستە بکات تاوەکو بزانن کێ هەڵدەبژێرن و دەستەلاتی پاشەڕۆژیان کێیە و چییە !.

لایەنێکی گرنگی تری میدیا کە دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەو دوو لایەنەی پێشوو, ئەو "دبات – debate"انەیە کە لە نێوان تاك و لایەنەکانی ناو هەڵبژاردنەکە رێکدەخرێن و میدیا رۆڵی سەرەکیی تێیاندا دەبینێت و لایەنەکان بەرەورووی یەکتر دەکرێتەوە. بەداخەوە کلتووری دبات لەناو





ئێمەدا نییە. من تاوەکو ئێستا لە هیچ هەڵبژاردنێکدا نەمبینیوە دوو کەس بەرەورووی یەکتری بکرێنەوە, تاوەکو بزانین چییان پێیە. کاندید و لایەنەکانی ئێمە بۆ هەڵبژاردن وەکو بلاك بۆکس وان و کەس نازانێت چییان تێدایە و چۆنی بیردەکەنەوە و پلان چییە بۆ پاشەڕۆژی ئەو وڵاتە.

لەم کاتەدا کە کۆمەڵێك لیستی دژبەیەك ئامادەییان بۆ چوونە ناو هەڵبژاردنەوە پیشانداوە, ئەم لیستانە زۆربەیان بۆ خودی من نەناسراون, پێویستە ئەو لیستانە بە کۆمەڵێك دبات هەڵبستن تاوەکو بزانین چییان پێیە. هەروەها زۆریشم پێ گرنگە کە کاندیدەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم دبات بکەن. تاوەکو خەڵك بیانناسێت چین و کێن و دەیانەوێت چی بکەن. تا ئەم کاتە هێشتا بەفەرمی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانییە. بەلام خەڵکانێکی زۆر زانیارییەکی زۆر کەمیان لەسەری هەیە. من تەنها ئەوەندە دەزانم کە ناوی مەسعودە و کوڕی مەلا مستەفایە و هەندێك زانیاریی گشتیی کەمی تری لەسەر دەزانم و بەس! کە ئەمە بەس نییە. دەبێت ئەوانە دڵی خۆیان بۆ خەڵکی بکەنەوە, تاوەکو بزانن چۆن بیردەکەنەوە و دەیانەوێت چی بۆ ئەو خەڵکە بکەن.

پێشبڕکێی هەڵبژاردن لە ئەوروپا تەنها لایەن و لیستە هاوبەشەکان خۆیان دەیکەن. لایەنەکانی ئەوروپا بەگشتی وەکو ئەوانەی لای ئێمە نین تەلەڤزیۆن و رادیۆ و چەکداریان ببێت. زۆرینەی کات ئەو لایەنانە سەکۆیەك لە ناوجەرگەی شارەکاندا دادەنێن و بانگەشەکانی خۆیان

دەکەن. هەندێك جاریش لە تەلەڤزیۆنەکان ڕێکلام بۆ خۆیاندەکەن. ئەو ڕێکلام و پێشبڕکێیانە حکومەت لێیان بەرپرسیار نییە و تەنها تایبەتە بە لایەن و لیستەکانەوە.

بەکورتی من کلتووری دبات زۆر بەگرنگ دەزانم و دەبێت جەماوەر ئاگادارین رابردوو و پلانی پاشەڕۆژی ئەو لیست و کەسانە چییە. هیوادارم سەرۆکی هەرێم ئەو دەستپێشخەرییە بکات و لەگەڵ کاندیدەکانی تردا چەند دباتێك سازبکات.

لێرەدا دەمەوێت ئەوەش بڵێم لە ئەوروپا هیچ لیستێك و لایەنێك پێش هەڵبژاردن جادە قیرتاو ناکات! جادەکان پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش بێ تاسە و چاڵوچۆڵییە و بەگشتی پاکژیشن.

2009-06-15





# بەشداریکردنی تەوەرێك لە ماڵپەڕی "ئیلاف"ی عەرەبیدا – سازدانی ڤینۆس فایەق[1]

2009-07-18

**أكراد الخارج يعترضون على حرمانهم من التصويت**

فينوس فائق من لاهاي: رغم إجراء التعديل على قانون الإنتخابات في العراق، و رغم عدم إجراء الإنتخابات البرلمانية في كردستان العراق و تأجيلها شهران و نصف، إلا أن قراراً من المفوضية العليا للإنتخابات في العراق حرم الأكراد المقيمون خارج الإقليم من التصويت، رغم أن قانون التصويت خارج بلدانهم يسري في تجارب غالبية الدول في العالم، و آخرها في الإنتخابات الإيرانية حيث تمكن الإيرانيون المقيمون حتى داخل إقليم كردستان من ممارسة حقهم في التصويت لقوائمهم..
مشاركة المقيمين خارج إقليم كردستان في التصويت الإنتخابات المزمع إجراءها في الخامس و العشرين من تموز القادم كانت موضع جدل و إستياء من قبل الكورد المقيمون في الخارج، و رغم أنه كان للناخب الكردي حضوراً فعالاً أثناء التجربتين العراقية خارج العراق..
و في تصريح سابق للدكتور أسامة عبدالمجيد لوسائل الإعلام: تمت دراسة هذا الموضوع بدقة لكن ثمة مشاكل مالية واخرى فنية تحول دون مشاركة هؤلاء وسوف تعمل المفوضية من اجل مشاركة هؤلاء في الدورات القادمة. هذا يعني أن العائق مادي، و في بلد غني مثل العراق.. حول هذا الموضوع أبدى الكثير من المواطنين الكرد المقيمين في الخارج..

هاورێ باخەوان

---

[1] ماڵپەڕی ئیلاف – 2009-07-18

ماڵپەڕی عەرەبیی باب نیوز – 2009-07-18

ماڵپەڕی عەرەبیی گەمییا کوردا – 2009-07-18

كاتب و باحث مقيم في هولندا حول حرمان الجالية الكردية من التصويت و المشاركة في الإناخابات البرلمانية في إقليم كردستان العراق يقول: كان بإمكان الإدارة السياسية الكوردية أن تؤمن للكرد المقيمين خارج الإقليم ذلك الحق من خلال الضغط على المفوضية العليا للإنتخابات، ففي الإنتخابات العراقية تمكن الكرد من ممارسة حقهم الشرعي في المشاركة في التصويت، مثلما تم وضع أربعة صناديق إقتراع الشهر المنصرم في كل من مدن السليمانية، أربيل و سوران و مناطق أخرى، حيث تمكن الإيرانيون المقيمون من المشاركة في الإنتخابات الإيرانية بالتصويت لمرشحيهم..

و يقول باخوان، رغم أن فتح صناديق الإقتراع يحتاج إلى إمكانيات لوجستية و ليس من السهل تأمينها، لكن بدون شك كان بالإمكان وإنشاء مواقع ألكترونية خاصة، على غرار ما يتبع في أوروبا.
بتقديري أنه لم يكن من مصلحة السلطة الكردية أن يصوت أكراد خارج الإقليم، لأن غالبيتهم غاضبون و متذمرون، وخوفاً من أنهم سيصوتون لقائمة التغيير، حيث أنه و حسب إحصائية غير رسمية فإن 90% من أعضاء الإتحاد الوطني الكردستاني في أوروبا يؤيدون قائمة التغيير و كانوا عازمين على التصويت لصالحها، لذلك فإن تصويت أكراد خارج الإقليم كان سيكون بمثابة ضربة للقائمة الكوردستانية و إنتصار لقائمة التغيير..

---

**هەمان تەوەر بەزمانی کوردی لە ماڵپەڕی "سبەی"یشدا لەلایەن ئامادەکارییەوە بە سەرباسێکی جوداوە بڵاوکرایەوە.**

لە میدیاکانەوە

### لە ترسی ئەنجامەکەی، کوردەکانی هەندەران لەمافی دەنگدان بێبەشکران

ڤینۆس فایەق

لە ریپۆرتاژێکدا کە لەسەر سایتی (ئیلاف)ی ئەلەکترۆنی کە پرخوێنەرتین سایتی عەرەبی باوەڕ پێکراوە بڵاوبۆتەوە، گوایە حکومەتی کوردستان کەمتەرخەمیەکی زۆری کردووە لەبارەی پێدانەگرتن لەسەر بەشداریکردنی کوردەکانی هەندەران لە دەنگدانەکاندا..





لەگەڵ ئەوەی یاسای دەنگدان دەستکاریکراوە بەو مەبەستەی کە رێگە بدرێت کوردەکانی هەندەران بەشداری دەنگدان لەو هەڵبژاردنە چارەنوسسازەدا بکات، لەگەڵ ئەوەشی هەڵبژاردنەکان دواخران بۆ ماوەی دوو مانگ و نیو لە کاتی دیاریکراوی خۆی کە 19ی مایس بوو بۆ رۆژی 25ی جولای حازری..
بەڵام بیانووی ئیدارەی سیاسی کوردی و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵژاردنەکان گوایا نەبوونی ئیمکاناتی ماددی و لۆجستی و کەمی کات بۆ خۆسازدان بۆ هەڵبژاردنەکان بوو.
لە میانەی بەشداری کۆمەڵێک لە رۆشنبیری نیشتەجێی هەندەران لەو ریپۆرتاژەدا کە سایتی ئیلافی ئەلەکترۆنی ئەمڕۆ 18ی جولای بڵاویکردۆتەوە. داخوا دەسەڵاتدارانی ئیستای کوردستان لەچی دەترسان وا رێگەیان نەدا کوردەکانی دەرەوە بەشداری لە دەنگداندا بکەن، بەمەرجێک هەمان ئەو کوردانە لە دوو ئەزموونی عێراقیدا بە ئەرکی نیشتیمانی خۆیان هەڵساون لەبەرژەوەندی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی.. لەو بارەوە کۆمەڵێک رۆشنبیری کوردی نیشتەجێی هەندەران لەو بارەوە را و باری سەرنجی خۆیان لەم ریپۆرتاژەدا دەردەبڕن:
سازادنی ریپۆرتاژەکە بەزمانی عەرەبی و وەرگێرانی بۆ کوردی: ڤینۆس فایەق لە هۆڵەنداوە..

هاوڕی باخەوان، نوسەر و لێکۆڵەرەوە: دەڵێ: دەستەڵات دەیتوانی ئەو هەلە بۆ کوردەکانی دەرەوە دابینبکات لەڕێی جەختکردنی لەسەر کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان. لەوەی ئیراقدا ئەوە کرا و خەڵکێکی زۆر بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان کرد. مانگی پێشووش هەر بەبەرچاوی دەستەڵاتەوە ئێرانییەکان 4 بنکەی دەنگدانیان لە سلێمانی، هەولێر، سۆران و شوێنێکی تر کردەوە.
ئەگەرچی کردنەوەی ئەو بنکانە لە دەرەوە پێویستیی بە پاڵپشتی لۆجیستی هەیە و بەو ئاسانییە نییە، بەڵام هەر چ نەبووایە دەیانتوانی چەند بنکەیەکی ئەلەکترۆنییان دابنایە، وەك ئەوەی لە ئەوروپا پەیرەوی دەکرێت.
ئەوەی من بۆی بچم لە بەرژەوەندیی دەستەڵات نەبوو کە کوردەکانی دەرەوە دەنگ بدەن. چونکە زۆربەیان تووڕەن و دەنگ دەدەن بە دژەکانی لیستی کوردستانی و بەتایبەتی گۆڕان. بەپێی ئامارێکی نافەرمی 90%ی کۆنە ئەندام و هەواددارانی یەکێتی و جەلال تاڵەبانی لە ئەوروپا دەنگ دەدەن بە لیستی گۆڕان کە پێموابێت بەڕێزیشتان یەکێکن لەوانە. هەربۆیە دەنگدانی کوردانی دەرەوە لە بەرژەوەندیی دەستەڵات

و لیستی كوردستانیدا نەبوو و دەبووە سەركەوتنێك و پاڵپشێكی گەورە بۆ لیستی گۆڕان.

ماڵپەڕی سبەی – 2009–07–18 – لەو تەوەرەدا ژمارەیەك لە نووسەران و رۆشنبیریانی تاراوگە بەشداریی كردبوو.





# ئایا پەرلەمانی داهاتوو لە كوردستان چۆن دەبێت - رادیۆی نەوا – ئامادەكردنی هادی رەحمان[1]

ئێستا خەڵكی هەرێمی كوردستان سەرقاڵی بانگەشەكردنە بۆ لیست و قەوارەسیاسیەكانی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا ، لەم دەورەوی ئێستادا بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەكانی رابردوو كە لە هەرێمی كوردستاندا بە ڕێوەچوە كۆمەڵێك لیست و قەوارەی نوێ و كەسایەتی چالاك لە بواری سیاسیدا هاتونەتە ناو پرۆسەكەوەو دەخوازن بگەنە ناو پەرلەمان و لەوێوە نوێنەرایەتی خەڵكی هەرێمی كوردستان بكەن ،لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی كە.
ئایا پەرلەمانی داهاتوو چ جیاوازیەكی لەگەڵ پەرلەمانی ئێستای هەرێمی كوردستاندا دەبێت.
ئایا دەتوانرێت پەرلەمانی داهاتوو بە پەرلەمانێكی گەرم و گوڕو چالاكتر بەبەراورد بەپەرلەمانی ئێستا حساب بكرێت یاخود بە پێچەوانەوە.
(بورهان یاسین) لێكۆڵەرەوەو شارەزای سیاسی و مامۆستای زانكۆی لۆند لە سوید لەو بارەیەوە لە لێدوانێكدا بۆ نەوا ئەوەی ڕاگەیاند:
بەشێوەیەكی گشتی پەرلەمانی داهاتوو گۆڕانكاری تێدا بەدی دەكرێت لەچاو پەرلەمانی ئێستادا ،چونكە گۆڕانكاریەكە لە وەدایە بۆیەكەم جار پەرلەمانی كوردستان ئۆپۆزسیۆن بەخۆیەوە دەبینێت.

لیستە كۆن و نوێ كانی بەشدار لە پەرلەمانی داهاتووی كوردستان كە لە هەموو قەوارەسیاسیەكانی گۆڕەپانی كوردستان پێكهاتوون تاچەندە جێگای ئومێدن بۆ ئەوەی بتوانن لە پەرلەمانی داهاتوودا نوێنەرایەتی خەڵكی كوردستان بكەن.
(هاوڕێ باخەوان) یاسا ناس و ئەندامی دادگای لاهای لە نەتەوەیەكگرتوەكان لە لێدوانێكدا بۆ نەوا ئاماژەی بۆ ئەوەكرد:
كۆمەڵگای كوردی كۆمەڵگایەكە هۆز بەڕێوەی دەبات و ئەوەش وایكردوە كە هۆز كارێكی وابكات نوێنەری هۆز هەڵبژێرێت نەك نوێنەری خەڵك.

[1] درێژەی ئەم تەوەرە لەسەر رادیۆی نەوا لە رۆژانی 24 بۆ 25ی جونی 2009 بڵاوكرایەوە. ئەم كورتەیەیشی لەسەر ماڵپەڕی رادیۆكە بڵاوكرایەوە.

هاوکات سەبارەت بە بەراوردی پەرلەمانی ئێستاو پەرلەمانی داهاتوی کوردستان کە ئێستا قەوارە سیاسیەکان کەوتونەتە بانگەشەکردن بۆ ئەوەی دۆست و لایەنگر بۆ لیستەکانیان پەیدابکەن.
(کامەران مەنتك) مامۆستایی زانستە سیاسیەکان لەزانکۆی سەلاحەدین بەتایبەت بە نەوای ڕاگەیاند:
پەرلەمانی داهاتوو ئەکتیف تر دەبێت، بەڵام ئەو جیاوازییەی لە نێوان پەرلەمانی ئێستاو داهاتوودا دەبێت ، نابێت خەڵك بە گەشبینیەکی زیادلە پێویست سەیری بکات.

هەروەها (عەدالەت عەبدوڵڵا) ڕۆژنامەنوس و لێکۆڵەری سیاسی ڕای وایە پەرلەمانی داهاتووی کوردستان ئەو پەرلەمانە نابێت کە ئێستا بوونی هەیە ، چونکە لەم قۆناغەدا هێزو لیستی تازە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکەن کە ئەنجامێکی تازە بەدەست دەهێنن.

وا بڕیارە ڕۆژی 25ی مانگی داهاتوو لە هەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم بکرێت ، چاودێرانی سیاسیش پێیان وایە ئەو پەرلەمانەی لە کۆتایی مانگی تەممووزدا لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە هەڵدەبژێرێت پەرلەمانێکی جیاوازتر دەبێت لە پەرلەمانی ئێستای هەرێمی کوردستان.

Wednesday, June 24, 2009





# دیمانە لەگەڵ گۆڤاری چاوگ – سازدانی فەرمان[1]

**ئەگەر قورئان ناسنامەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و شانامەی فیردەوسی ناسنامەی ناسیۆنالیزمی فارسی بێت ئەوا کوردستان چی بکات بۆ دروست کردنی هێزێکی ناسیۆنالیزمی ؟**

وەڵام: ڕاستە ئێستا پەڕتووکی قورئان بووەتە ناسنامەی یەکەمی ناسیۆنالیزمی عەرەبی, بەڵام پێش ئەویش عەرەب کەرەستەی زۆری تری هەبووە بۆ بوون و بەهێزکردنی ناسۆنالیزمەکەی. عەرەبەکان پێش قورئان, بازاڕیان هەبووە و کاروانە بازرگانییەکانیان لە دەرگاکانی یەمەن و شامی داوە. ئەوکاتیش خاوەنی هۆزانگەلێکی زۆر بوون و بازاڕی عوکازیش باشترین گەواهی ئەوەیە و کۆمەڵێك تێکستی ئەدەبی زۆری ئەوکاتەیان بۆ بەجێماوە کە هەندێکیان باس لە عەرەبایەتی و بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکەن. بەواتایەکی تر دەمەوێت بڵێم کە عەرەب قوئانیشی نەبووایە هەروەك عەرەب دەمانەوە, بەڵام بەم بەهێزی و بەربڵاوییەی ئێستایان نا.

شانامەی فیردەوسی بۆ فارسەکان ناکرێت بەتەنیا وەك قورئانی عەرەب بۆ فارس بکرێتە ناسنامەی ناسیۆنالیزمی فارسی, شانامە زۆرتر ناسنامەی ئەدەبی فارسییە و دەبێتە بەشێکی ناسنامەی ناسۆنالیزمی فارسی, شانامە کەرەستەیەکی نوێیە. فارسەکان پێشتریش خاوەنی

[1] گۆڤاری چاوگ – ژمارە 3 – 07-2009
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 27-07-2009

ئیمپراتۆری بەهێزبوون و ماوەیەکی زۆر تاکە فەرمانڕەوای ناوچەیەکی بەرینی خۆرهەڵاتی نێوین بوون. دەکرێن ئایینزای شیعەگەرایی بکرێتە کۆڵەکەیەکی بەهێزی تری ناسیۆنالیزمی فارسی.

دەربارەی ئەوەی کوردستان چی بکات بۆ دروستکردنی هێزێکی ناسیۆنالیزمی, ئەگەرچی من کەم تا زۆر لە هەردوو پەڕتووکی "ئاڵای کورد" و "بەراووردەکانی ژیان"دا وەڵامی چڕوپڕی ئەمەم داوەتەوە. بەڵام لێرەدا لەمەدا چڕی دەکەمەوە کە: هێزی ناسیۆنالیزمی کوردی پێکنایەت ئەگەر ئەو هۆزانەی کە لە ژێر سەیوانی کوردا خۆیانناساندووە, واز لە هزری هۆزایەتیی خۆیان نەهێنن و هەموویان بەتەواوەتی خۆیان بەکورد نەزانن!. کەنگێ ئەوە روویدا ئەوا دەکرێت هێزی ناسیۆنالیزمی کوردیش دروستببێت. تاوەکو ئەوە نەیەتەکایەوە, بیری کوردایەتی و دەوڵەتی کوردی هەردەبێت لە ئەندێشەی هۆزانەوانەکاندا بێت!.

بە مەبەستی ئەفراندنی دیموکراسی زۆرێك لە وولاتە دیموکراسی خوازەکانی دونیا لیستی جیاوازو فرە حیزبیان هەیە ئایا ئەمە بۆ ئەمرۆی کوردستان تاچەند رەوایە

وەڵام: دیارە ئەوە ناتوانرێت بگوترێت بۆ ئەمڕۆی کوردستان رەوا نییە. ئەگەرنا ئەوا دەبێتە بەرپەرچدانەوەی سەرەتاکانی دیموکراسی. بەڵام ئەوەی من پێم نارەوایە ئەو لیستانە کە زۆرینەی دەنگیان بەدەستهێنا, ببنە ئەو دیکتاتۆرەی کە چەند ساڵە ئەو ئەزموونەی باشووری کوردستانی سەرکووتکردووە.





هەمیشە کورد بەوە ناسراوە کە خۆشەویستی بۆ خاك زۆربوەو هەموو پلانەکانی دوژمنان بە مەبەستی کاڵکردنی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان نەزۆرك بووە بەڵام هۆی لە بەین چوونی ئەم نیمچە حکومەتانە چی بوە کەبە درێژایی مێژوو لە کوردستان دروست بوون؟

وەڵام: ئەم پرسیارە زۆر گشتییە و دیسان ناچارم باسی پەڕتووکی ئاڵای کورد بکەمەوە کە دەتوانم بڵێم لەوێدا تاڕادەیەك وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە. من گومانم لەوە هەیە کە ئێمەی کورد خۆشەویستیمان بۆ خاکەکەمان هەبووبێت, یان نەتەوەیەکی زرنگ و ئازا بین. ئەگەر نا دەبووایە دەمێك بووایە حکومەتی خۆمانمان ببوایە. ئێمە تاوەکو ئێستاش بەتەواوی نەبووینەتە نەتەوە و بریتین لە کۆمەڵە هۆزێکی دژبەیەك و بەرژەوەندیی هۆزەکەی خۆمان بە بەرژەوەندیی کورد ناگۆڕینەوە و باریش بە سووتان و دەربەدەربوونی هۆزەکانی ترەوە هەڵناگرین و گرنگ ئەوەیە ئاگرە سوورەکە لە هۆزەکەی خۆمان دووربێت. ئەمەیە بیرکردنەوەی کوردی بەگشتی زۆر بەداخەوە.

لە سەردەمی شاخدا تەواوی حیزبەکان لە پێناوی ئازادی بۆ کوردستان خوێنیان رشتوە ئایا لە واقیعی بەدەست هێنانی کەمێك لە ئامانجی خەباتەکانیان تونیویانە چی پێشکەش بە گەلی کورد بکەن؟

وەڵام: من دیسان بەداوای لێبووردنەوە دەڵێم گومانیشم لەوە هەیە کە تەواوی حیزبەکان لە پێناوی ئازادی بۆ کوردستان خوێنیان رشتبێت. لەبەر چەندین هۆ کە لێرەدا باسکردنی گونجاو نییە. دیارە مەبەستم لەو

پێشمەرگە سادە و دڵسۆزانە نییە کە دەیان ساڵ بوونە خۆراکی ئەو جەنگانە.

ئەگەر تا دەمەدەمی راپەڕین ئەوانە توانیبێتیان شتێك پێشکەشی گەلی کورد بکەن, ئەوا لەو کاتەوە و بەرەوپاش هەزار ئەوەندەیان لێسەندووەتەوە. تێڕامێنە هەستی کوردایەتیی پێش راپەڕین و ئەوەی کە ئێستا لە باشووری کوردستاندا هەیە. بەعس ئەنفالی ئێمەی کرد و زۆری لێکوشتین و هەزاران گوندی خاپوورکردین, بەڵام نەیتوانی مێشکمان ئەنفال بکات. حیزبە کوردییەکان لە بەعس خراپتریانکرد, ئەوان ئەنفالی مێشکی کوردیان کرد. ئەنفالێکی واهی کە من خودی خۆم خۆزگە بە گوڕوتین و کوردایەتی و رەوشت و ئەدەبی ساڵانی هەشتاکان بخوازم.

هەستی نەتەوایەتی و خاکپەرستی ئەمڕۆ لە کوردستان لەچاو پێشوو واتا هەشتا حەفتاکانی سەدەی رابردوو تاچەند گەرمو گووڕی هەیە؟

وەڵام: وەك پێشتر باسمکرد زۆر رووی لەخواری کردووە. من ساڵی 1987 کە لە شاخ بووم, چەند جارێك بۆ ئەوەی هاوبیرانی رێکخستنمان ببینم چوومە گوندی شەدەڵەی ناوچەی مێرگەپانی سوورداش, ئەو گوندە سنووری نێوانی پێشمەرگە و رژێم بوو, بڕوابکەن هەر ئافرەتێك لە شارەوە بهاتایە و ئێمەی ببینیایە دەستی دەکرد بە گریان و هەزاران جار خۆیی و چی و چیی تری دەکردە قوربانمان. ئێستا ئەوەیە کە خۆتان دەیبینن, ئەوەی ئاساییشی حیزبەکان دەیکەن, ئەمنی سەردەمی ئەوسای بەعس نەیدەکرد!.





بە بۆچوونی تۆ ئەو هۆکارانە چین کەلە سنوری کوردستان دەبنە هۆیس لەبار بردنی دەسەڵاتی کوردی؟

وەڵام: بەپلەی یەکەم, ئەوانەی بڕیاریان بەدەستە دەبێت باوەڕی تەواو بەوە بهێنن کە بەرژەوەندیی کورد بەگشتی لە سەرووی بەرژەوەندیی هۆز و بنەماڵەکەیانەوەیە. ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی بکەوێتە مەترسییەوە, ئەوا چ زوو یان درەنگ هۆز و بنەماڵەکەی ئەمیش دەکەوێتە مەترسییەوە.

چ جیاوازیەك دەبینی لە نێوان بەیاننامەی 11ی ئاازری 1970و رێکەوتنی ئەم دواییەی کوردو عەرەب؟

وەڵام: ئەگەرچی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینم, بەڵام ئەوکات کەمێك قورستر بووین و ئێستا بەتەواوەتی بەدەم عەرەبەکانەوە خۆمان سووك و رسواکردووە!.

بەرای تۆ ئەمە راستە کە دوژمنانی کورد لە کورد زۆر نەزانترو دواکەوتو تربونە کەچی لە مەوقیفی واشدا بووە بەسەرکوردا سەکەوتونە؟

وەڵام: ئەمە بەهیچ شێوەیەك راست نییە. تورك لە ئێمە ژیرترن, هەربۆیە دەوڵەتیان هەیە و یەکگرتوون لەناو خۆیاندا. فارسەکان لە ئێمە ژیرتر و شارستانیترن. بچن شاری ئەسفەهان ببینن هەردەڵێی مۆزەخانەیە. عەرەب زۆر زۆر لە ئێمە ژیرترن, ئەوەنییە هەزار و چوارسەد ساڵە حوکممان دەکەن و هەموو رۆژێك لە بەغدا نوێنەرەکانی ئێمە دەخەڵەتێنن!. یەکێك لە کێشە گەورەکانی ئێمە ئەوەیە کە

دوژمنەکانی خۆمان ناناسین و نازانین تا چەند لە ئێمە ژیرترن و ئێمەش خۆمان چین و چیمان پێیە.

دەوتری ' دووژمن چەندە بەهێز بێت ناتوانێتا بەرامبەر ئیرادەو بیری نەتەوایەتی گەلێك بوەستێت ، هەست ناکەیت بۆ رۆژگاری ئەمرۆ بیری نەتەوەیی لای کورد لاوازە بووە ئەمەش بەمانای ناتوانین رووبەری دوژمن ببینەوە؟

وەڵام: من پێموایە کە بیری نەتەوەیی کوردی نەبووە تاوەکو لاواز ببێت. کچێکی جەزائیری بەناوی جەمیلە, کاتی خۆی لە شۆڕشی جەزائیردا لەبەردەم تانکێکی فەڕەنسیدا وەستا و بەرەنگاری بووەوە و لانەچوو تاوەکو تانکەکە پانیکردەوە!. ئێمە لە راپەڕینەکەی بەهاری 1991دا هێشتا تانکەکانی رژێم نەگەیشتبوونە چەمچەماڵ, زۆربەمان لەودیو سنوور تۆزماندەکرد!. ئێمە وڵاتێکمان چۆڵکرد!.

ئەگەر سەردەمانێك ریکخستنی حیزبەکان دڵاو گیانی شرۆشو راپەرینەکان بوو پێتوایە دەبێ ئەمرۆ رێکخستن چ رۆلێك ببینێت؟

وەڵام: رێکخستن بەواتا گشتییەکەی دەبێت جەماوەر رێکبخات بۆ ئەو پرنسیپانەی کە هەر لایەنێك بڕوای پێی هەیە. بەڵام رێکخستنەکانی ئێستای حیزبەکانی ئێمە خەریکی سیخووڕیکردنن و رۆڵی دەزگاکانی ئاسایش و زانیاری و پاراستن دەبینن.

کەی کورد دەتوانێت ببێتە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ؟





وەڵام: ئەو کاتەی بەتەواوەتی ببێتە نەتەوە و یەکێك لە گرنگترین پایەکانی نەتەوەی تێدا دروستببێت کە ئەویش "بەرژەوەندیی هاوبەش"ە.

بە ختیار عەلی لەدیمانەیەکدا دەڵێ لەم دۆخەی ئێستا دوژمنەکانی پارتی پارتی دروست دەکەنەوەو دوژمنەکانی یەکێتیش یەکێتی دروست دەکەنەوە ئەمە راستە؟

وەڵام: بەشی یەکەمیم زۆر پێ راستە. بەڵام بەشی دووەمیم پێ راست نییە. یەکێتی چ لەلایەن دوژمنەکانییەوە و چ لەلایەن دۆست و ئەندامەکانییەوە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی دژایەتیی دەکرێت و هێزکاری خراپیشی کردووەتەسەری و هاکا بووە چەند حیزبێکی لاواز.

بەشداری کردنی نەوشێروان مستەفا بە لیستێکی سەربەخۆ لەم هەلبژاردنەوەی پەرلەامنی کوردستان رات چۆنەو لە بارەیەوەوە تاچەند بە حاڵەتێکی تەندورستی دەزانی؟

وەڵام: گۆڕان بەواتا گشتییەکەی تەندروستە. بەڵام من لەو گۆڕانە تەندروستترم دەوێت کە لیستی گۆڕان بانگەشەی بۆ دەکات. ئەوەی ئێستا لە کوردستاندا روودەدات سەرەتایەکی زۆر سادەیە بۆ بەرەو گۆڕان. بەڵام باوەڕناکەم پێشەنگەکانی لە خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا دەربکەوێت. چونکە جارێ هەموو لیستەکان لە پۆخڵەواتی شەڕەنگێزی و هۆزهزی رزگاریان نەبووە. کێشەکە لێرەدا لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی نییە. کێشەکە بیزنز و ملیاران دۆلارە!. هیچیشیان

بەو هاسانییە دەستبەرداری نابن و ترسی ئەوەم هەیە خوێنی تێدا بڕژێت.

ڕێکخراوە کوردیەکانی دەرەوە یاخوج ئێوەی ڕۆشنبیرانی کورد لە تاراوگە تاچەند هەوڵی دروستکردنی لۆبییەکی بەهێزی کوردیتان داوە؟ هەست ناکەیت کەمتەرخەمن لەم روەوە؟ یاخود ئایا حکومەتی هەرێم کەم تەرخەمە لەم روەوە؟ هیچ هەوڵێکتان لەم بارەیەوە هەیە؟

وەڵام: دروستکردنی لۆبی پەیوەندیی بە حکومەتی هەرێمەوە نییە و دەبووایە زۆر پێش دامەزراندنی حکومەتی هەرێم ئێمە لۆبییەکی توند و تۆڵمان ببوایە. هەر هەوڵێکیش درابێت, ئەو حیزبانەی کە نوێنەری هۆز و بنەماڵەکانن, هەوڵەکانیان پوچەڵکردووەتەوە. بەکورتی تاکی کورد کە لە کوردستان هاتە تاراوگە, بیری دابڕان و هۆزایەتی و بنەماڵەییشی لەگەڵ خۆیدا هێنایە دەرەوە. هەربۆیە هیچ کۆبوونەوەیەکی کوردیی سەرتاسەری بوونی نییە. هەر کۆمەڵەیەك سەربە یەکێك لەو حیزبانەیە. کاتی خۆی لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر لۆبیی کوردی نووسی کە دەبێتە یەکەمین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە و لە گۆڤاری زووروان و سەربەخۆییدا بڵاوکرایەوە. پاشتریش لەلایەن هەندێك نووسەرەوە چەند لێکۆڵینەوەیەك لەسەر هۆیەکانی بوون و نەبوونی لۆبیی کوردەوە کرا..

دیارە کە هەڵبژاردن یەکێکە لە کۆلەگە ئەساسیەکانی دیموکراسی بەڵام زۆر جاریش دەبێتە شانۆگەریەك بۆ خزمەتی بەرژەوەندی تایبەت رات لەو بارەیەوە چۆنەو پێت وایە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەیس کوردستان چۆنە؟





وەڵام: کێشەی دیموکراسی لە کوردستان و تەواوی وڵاتە دوواکەوتووەکان قبوڵنەکردنی یەکترییە. هەرکاتێك ئەو دیاردەیە هاتەکایەوە و حیزبێك بەوە بسازێت کە ئەم لە هەڵبژاردندا بردوویەتییەوە, ئەوکات هەڵبژاردن سەردەگرێت, ئەگەرنا ئەوا وەك هەڵبژاردنەکانی 1992ی لێدێت کە مۆدێلی پەنجا بە پەنجا و شەڕی پارتی و یەکێتیی بەدواداهات!. بەڵام ئەوەی من دەیبینم کەس کەسی قبوڵ نییە و هەریەك خۆی بە کەڵەگای سەر گۆڕەپانەکە دەزانێت!.

ئەمرۆ یەکێتی و پارتی توانیویانە پێشبکرێی نێوانیان هەڵپەسێرن و بەرژەوەندیەتایبەتەبکەنە هاوبەش پێتوانیە لەسەر ئەرزی واقیع هەردولا لە گوتاریەکانیان سیستەمی تاکرەویان لا هەیە ؟

وەڵام: چ شەڕ چ ئاشتی پەیوەستە بە بەرژەوەندیی لایەنەکانەوە. ئەوکات بەرژەوەندییان وابوو شەڕ بکەن, بەڵام ئێستا بەرژەوەندییان لەم ئاشتییەدایە. بەڵام کاتێك ئەمە بەتەواوەتی باوەڕی پێدەکرێت و بەرجەستە دەبێت کە ئاشتییەکەیان لە بەرژەوەندیی گشتی بێت نەك هۆز و بنەماڵە. ئەوان لەوانەیە ئێستا گووتارێکی هاوبەشیان لەسەر ئاستی سەرەوەیان هەبێت. بەڵام ئەم هەستەیان دانەبەزاندووە بەرەوخواری خۆیان و ئێستاش ئەندامەکانی خوارەوەیان گاڵتەیان بەیەکتر دێت.

دەوترێ دەسەڵاتی کوردی لە پەنای پاساوی کێشەی نەتەوەیی و دەرەکی چارەسەری کێشە بنەرەتیەکانی هەرێم ناکات و دەیەوێت خەلکەکەی لەگەڵ گەندەلی و ئەمانە رابێنیت؟

وەڵام: دەستەڵاتی کوردی گەر بیویستایە لەو ماوەیەی رابردوودا نەك زۆربەی کێشە گەورەکانی چارەسەر کردبوو, بەڵکو دەوڵەتیش بوو. گەندەڵیش لەناو دەستەڵاتی کوردیدا لە ترۆپکی پیرامیداکەوە دەستپێدەکات. تا ئەوان خۆیان چاك نەکەن, ئەستەمە فەرمانبەرێکی سادە واز لە بەرتیل وەرگرتن بهێنێت.

ئەو مەترسیانە چین بەرای تۆ لەم بارودۆخەی ئێستا روبەڕەووی دۆزی کورد دەبێتەوە؟

وەڵام: خەمساردی و ناپڕۆفیشناڵیی دەستەڵاتی کوردی گەورەترین مەترسییە کە بەرەوڕووی دۆزی کورد دەبێتەوە. باسی داگیرکەران و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی ناکەم. چونکە ئەمانە هەرهەبوون و هەن.

لە سەر بنەمای وتارەکانیان پێتوایە گورزی یەکێتی و پارتی لەم هەڵبژاردنەی داهاتوو بەر گۆران دەکەوێت یان حیزبە ئیسلامیەکان؟

وەڵام: پێموایە پارتی و یەکێتی لە خولی داهاتووی پەرلەماندا هەر بە زۆرینە دەمێننەوە. ئەوەشی دەمێنێتەوە لەوانەیە بەنیوەیی بەر گۆڕان و ئیسلامییەکان و حسك و زەحمەتکێشانی کلکی ئیسلامییەکان بکەوێت. پێموایە کە لیستی کوردستانی نزیکەی 60 کورسی و گۆڕان 15 و ئیسلامییەکانیش 15 و ئەوەشی دەمێنێتەوە بۆ تورکمان و فەلە و لیستەکانی تر. ئەگەر واهی بێت ئەوا کارەساتە کە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی پارتی و یەکێتیدا ئیسلامییەکان کورسیگەلێکی واهی بەدەستبهێنن و پارتی و یەکێتیش خۆیان هەربە زۆرینە بمێننەوە.





دیارە کە مەشخەڵی بزوتنەوەی کوردی بەدەستی پێشمەرگە هەڵگیرساوە بەلام هەموو کاتێك کورد نەیتوانیوە بەهۆی پێشمەرگەوە رووبەروی دوژمنەکانی ببێتەوە بەرای تۆ چەکی ئەم بارودۆخەی ئێستاجیا لە پێشمەرگە بۆ روبەرووبونەوەی دوژمنانی کورد چیە

وەڵام: لەگەڵ رێزمدا بۆ پێشمەرگەی جاران, پێشمەرگەی ئێستا ئەو رووبەڕووبوونەوەی پێناکرێت. هەموومان ئاگاداری رووداوەکانی پاری ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی بووین و هیچیان پێنەکرا. دەستەڵاتی کوردی کارێکی واهیی کردووە, ئەو مالیکییە بە چەند تانکێك دەزگای زانیاریش و پاراستنیش لە کەرکوك راوبنێت. کوردایەتی نەماوە و هەمووی بووە بە "بیزنز"! زۆر بەداخەوە...

2009-06-30

لاهای – هۆڵندا

# سوودەکانی ئەم هەڵبژاردنە – ئەوە چی بوو ڕوویدا![1]

لاهای – هۆڵندا
2009-07-28

ئەگەرچی هەڵبژاردن و دیاردە دیموکراسییەکان لەناو ئێمەی کوردا مێژوویەکی ئەوتۆی نییە و شارەزاییەکی ئەوتۆمان تاڕادەیەك لە هەڵبژاردن و لایەنە هەمەجۆرەکانی و هێزکارە باش و خراپەکانیدا نییە, بەڵام دەکرێت بەم هەڵبژاردنەی ئەم دواییەی باشووری کوردستان بڵێین, جیاواز!. لەبەرئەوەی دەکرێت بکرێتە خاڵێکی وەرچەرخانی

[1] هەفتەنامەی ڕووداو – ژمارە 72 – 2009-08-03 – لاپەڕە 18 – کوردستان – هەولێر.
هەفتەنامەی ڕووداو کەمێك دەستکاریی ئەم وتارەی کردبوو. بەڵام لێرەدا چۆنم نووسیوە هەرواهیش بڵاومکردووەتەوە.
ئەم وتارە ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەشێکی لەلایەن کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی KNN خوێندرایەوە.
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 2009-08-04
ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ – 2009-08-04
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-08-07

گرنگ بۆ هەنگاونان بەرەو پرۆسەی دیموکراسی و گۆڕانکاریی ڕەگوریشەیی لەو بەشە بچووکەی وڵاتدا.

هەڵبەت هەر دیاردەیەکی لەو چەشنە دەکرێت لایەنی باش و لایەنی خراپیشی ببێت. باش و خراپیش بەپێی بۆچوون و بەرژەوەندییەکان بەواتای جوودا جوودا لێکدەدرێنەوە و ڕێژەیین. خودی خۆم, بەپەرۆشەوە و بەپێی کات و توانام چاودێریی ورد و درشتی ئەو پرۆسەیەم لە دوورەوە دەکرد. سەرباری ئەو هەموو هەڵە و پێشێلکارییانەی تێیدا روویدا, دەتوانم بڵێم ئەم سوودانەی لێکەوتەوە:

- پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی تر چووە سەر بانکە هەژارەکەی کوردستان بۆ هەڵبژاردن و دیموکراسی و بووە هەنگاوێکی باش بۆ بەرەو دەوڵەمەندبوونی ئەو بانکە. بەهۆی ئەمەوە لە چوار ساڵی داهاتوودا لیستەکان دەتوانن باشتر ئاگاداری هەر کەموکوڕی و ساختەکارییەکی پرۆسەی هەڵبژاردن بن.
- لە رووی چۆنایەتییەوە دەکرێت بگوترێت ئەم هەڵبژاردنە لە زۆر رووەوە لەو دوو ئەزموونەی تری ئەم هەژدەساڵەی ژێر دەستەلایەتی کوردی باشتر بووە.
- بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە تاکی کورد توانی ئەو تەلیسمی ترس و تۆقاندنەی دەستەڵاتی کوردی بشکێنێت و بە دەستەڵات بڵێت "نا", بڵێت ئێوە گەندەڵن و لە هەژدە ساڵی رابردوودا دەتانتوانی کاری زۆر باشتر بکەن بەڵام نەتانکرد!. دەتانتوانی سنووری کوردستان بە فەرمی دیاری بکەن, بەڵام لەبەر پاراستنی کورسییە





بێنرخەکانتان و ململانێی لاوەکیتان, هەموو بویەرە گرنگ و چارەنووسسازەکانتان پشتگوێ خست. تاکی کورد بەهۆیەوە توانی بە دەستەڵات بڵێت شوێن چوڵکەن بۆ کەسانی تر, بەڵکو ئەوان لە ئێوە باشتری بکەن و دەمانەوێت کەسانی تر تاقیبکەینەوە, نەك ئەوانەی کە تاوەکو ئێستا لە دەستەڵاتدا ئەزەلی بوون.

- سوودوەرگرن لە خەباتی دیموکراسیی گەلان, لیستی گۆڕان لە راستیدا کۆپییەکی کوردێنراوی لیستی "پیم فۆرتاون"ی هۆڵندی بوو بە کۆمەڵێك خواست و مۆتیڤی جیاوازەوە. بەڵام راستییەکەی شێوازی کارکردن و درووستبوونیان زۆر پێکدەچن, ئەم لیستە وەك بزووتنەوەیەك بەبێ ئەوەی پارتێکی سیاسی رابەرایەتیی بکات لە ساڵی 2002دا کەوتە ململانێیەکی توندی گەورە پارتەکانی هۆڵندا و پێشبینیی ئەوە دەکرا کە لیستەکە سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنێت و سەرلیستەکەشی ببێتە سەرۆکوەزیرانی هۆڵندا, بەڵام بەهۆی تیرۆکردنی سەرلیستەکەیەوە بەتەواوەتی بارودۆخی لیستەکە تێکچوو و ئەو سەرکەوتنەی کە بۆی پێشبینی کرا وەدەستی نەهێنا. بەڵام بەداخەوە پیم تیرۆرکرا و خۆشبەختانە تاوەکو ئێستا لە لیستە کوردییەکەدا ئەو تیرۆرکردنە روونەداوە.
- ململانێی نێوان گەنج و پیری دەستەڵاتدار بەتەواوەتی لەم هەڵبژاردنەدا دەرکەوت. ئەوەی گەنجان بە چەند مانگێکی کەم

توانییان بەدەستی بهێنن, پیرەکان بە نیوسەدە ئەوەشی هەیان بوو, نیوەیان لەدەستچوو. ئەگەرچی ئەو گەنجانەش کۆمەڵێك پیری کۆنە دەستەڵاتدار لە پشتیانەوەن, ئەمەشیان دەبێت زۆر بەهەند وەربگیرێت و چاودێریی زۆر بکرێت.

- لەرزاندنی بیری کۆنسێرڤاتیڤی چەقبەستووی زلحیزبی لە کوردستاندا. بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە یەکێتی وەك یەکێك لە زلحیزبەکانی کوردستان تاڕادەیەکی باش هەڵوەشایەوە و ئێستا لە زلحیزبی یەکەم یان دووەمەوە بووەتە حیزبێکی مامناوەندیی پلە سێ و چوار. ئەم هەڵبژاردنە بوومەلەرزەیەکیش بوو بۆ پارتی. ئەگەرچی پێگەی ئەمیان لە یەکێتی هەندێك باشترە بەڵام, دەکرێت بەو پێوەری ئەم هەڵبژاردنە, ئەگەر لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی ئاییندەدا لە کەلی ئاڕۆگانتیی خۆی نەیەتە خوارەوە, ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەویش لە یەکێتی باشتر نابێت.
- هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ئەوەی پێیدەگووترێت ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی بەهۆی سەرئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنەوە, چونکە یەکێتی بەتەواوەتی لە سلێمانی دۆڕا و بەهۆیەوە تەرازووی هێزەکان بەتەواوەتی بەلای پارتیدا داکەوت لەو هاوسەنگییەدا. ئەگەرچی ئەم هەڵوەشاندنەوەیە بە فەرمی نییە. بەڵام هەموو چاودێرەکان ئاماژە بەوە دەکەن و تەنانەت کەسانێکی زۆر لەو باوەڕەدان پاشماوەکانی یەکێتی بچنەوە ناو پارتییەوە !. هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە زۆر گرنگە,





ئیدی لەمەودووا بەو شێوەیەی جاران لە ژوورە تاریکەکانی پارتی و یەکێتیدا شتی ترسناك ڕوونادەن و پارتیش بەتەنیا نابێتە بڕیاردەر.

- خەڵکی کورد باشتر لە گرنگیی هەڵبژاردن و بوونی نوێنەری خۆیان لە پەرلەماندا تێگەیشتن و بەم پێودانگەی ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابردوو, دەکرێت هەڵبژاردنی چوار ساڵی داهاتوو ببێتە گۆڕانی سەرتاسەری لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسیی باشووری کوردستاندا, چونکە ئەوەی تاوەکو ئێستا قبوڵکراوە, لەمەودوا قوتدانی بۆ جەماوەر بەو ئاسانییە نییە. هەربۆیە دەکرێت بگووترێت ئەم هەڵبژاردنە بووە هەنگاوێکی گرنگ بەرەو گۆڕان و گۆڕانکاری.
- لەم هەڵبژاردنەدا پارتە ئیسلامییەکانی دەستکەلای ئێران و تورکیا و عەرەبستانی سعودیە, خۆشبەختانە ئەو دەنگە زۆرەیان نەهێنا کە خۆیان و چاودێران و خودی خۆشم پێشبینییان بۆیدەکرد. ئەمەش نەك بەهۆی لاوازیی پێگەی ئیسلام و ئەو داگیرکەرانەوە بێت, بەڵکو بەهۆی بەهێزیی لیستی گۆڕانەوە بوو.
- دەکرێت بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە ئۆپۆزیسیۆنێکی سەرەتایی, ئەگەرچی بەس نییە, بکەوێتە ناو پەرلەمان و سیاسەتی کوردەوە و بەهۆیەوە چاودێرییەکی تاڕادەیەك باشی پرۆسە سیاسییەکانی ئەم چوار ساڵەی داهاتوو بکرێت.

- بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە, دەکرێت لەمەودووا پێداگیریی زۆرتر لەسەر داواکارییەکانی کورد لە بەغدا بکرێت, لەوانە گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان و نووسینی دەستوورێکی باشتر بۆ کوردستان.
- ئەگەرچی لە هەولێر و ناوچەکانی بندەستی پارتی, کۆمەڵێك پشێوی و دەستدرێژی بۆسەر دامەزراوەکانی لیستەکانی تر روویدا, بەڵام دەکرێت بگووترێت کە هەڵبژاردنێکی تاوەکو ئێستا سپی بووە و خوێنی تێدا نەڕژاوە. کە دەڵێم سپی, تەنها مەبەستم یەکترکوشتنە, ئەگینا لەباری ساختەکارییەوە ناتوانرێت بەتەواوەتی پێی بگووترێت سپی!. هەڵبەت ئەگەر یەکێتیش هەڵوێستی هێزی وەك پارتی یان نیوەشی بووایە, ئەوا لە پارتی خراتری دەکرد!. پۆزشهێنانەوەی سەرۆکی ئێستای حکومەتیش بۆ ئەو گێرەشێوێنییانە بە دیاردەیەکی شارستانی دەزانم. بەو هیوایەی کە سەرۆکی ئێستای حکومەت پێش روودانی ئاگاداری نەبووبێت.
- زۆرینەی پێشێلکارییەکان لەلایەن چاودێرە خۆماڵی و نێونەتەوەییەکان تۆمارکران و دەتوانرێت تاڕادەیەك بەتەواوەتی بزانرێت, لەکوێدا گزیی دەنگدان کراوە. ئەمە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتردا بەو شێوەیە نەبووە.
- دوور لەو سەرکردایەتییە تەقلیدییە دەیان ساڵەییەی کورد, کەسانێکی تر خۆیان هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم کە تاڕادەیەك پەیوەندییەکی ئەوتۆی هەنووکەییان بە زلحیزبەکانەوە





نییە. ئەم هەڵبژاردنە ئەوەی سەلماند کە دەکرێت هەرێم سەرۆکێکی هەبێت, لە پارتی یان یەکێتی نەبێت و نازناوەکەشی بارزانی یان تاڵەبانی نەبێت. لەوانەیە ئەمە ببێتە هەنگاوێك بۆئەوەی لە چوار ساڵی داهاتوودا سەرۆکی کوردستان ئەو کەسە بێت کە بە سەرۆکی لەدایکنەبووە!.

- بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە کەسانێك دەچنە پەرلەمانەوە, کە پێیان ناگووترێت, کوڕی فلان کەسە, یان برا, کچ, زاوای فیسار کەسە و یانیش لە هەمان هۆزە و نازناوەکەی ناسراوە. کەسانێك دەچنە پەرلەمانەوە کە وەکو من و تۆ کەسانی سادەن لەو رووەوە. کەسانێکن کە بە ئەندام پەرلەمانی لە دایکنەبوون!.
- دیسانیش بەهۆی ئەم هەڵبژاردنەوە بۆمان دەرکەوت کە هێشتا ترسی شەڕی براکوژی و مۆتیڤەکانی لە ناخماندا هەرماون و بەهێزن, کەسانێك هەن پێیان ئاساییە خەڵکی بێتاوان لەسەر بیروڕای سیاسی بکوژن, تاڵانیان بکەن, ئەمەش هەر سوودە و دەبێت بەهەند وەربگیرێت. لەم خاڵەدا تەنانەت مەبەستم لیستی گۆڕانیشە.
- بیری هۆزایەتی و خێڵایەتی هەر لە لووتکەی هێزدان و دەتوانن رێڕەوی هەڵبژاردن و زۆر شتی تریش بە بەرژەوەندیی خۆیاندا بەرن و دەبێت ئەمەشیان زۆر بەهەند وەربگیرێت.
- بۆ دەستەڵاتیش و جەماوەریش دەرکەوت, ئەگەر خزمەتگووزارییەکانی دەستەڵات بەسەر ناوچەکاندا چوونیەك

نەبێت، ئەوا لەو کاتە ناسکانەدا ناوچە بێبەشکراوەکان یەکەم شوێن دەبن کە پشت بکەنە دەستەڵات و بەدوای ئەڵتەرناتیڤدا بگەڕێن، یەکێك لە هۆیەکانی سەرکەوتنی لیستی گۆڕان لە سلێمانی و گەرمیاندا بەو هۆیەوە بوو.

- تاکی کورد بە گشتی گرنگیی دەنگەکەی خۆیی زانی، بێبەشکردنی دەنگدانی کوردەکانی دەرەوە و ناڕەزایی زۆر بۆ بەشداریکردنی دەنگدانیان ئەو گرنگییە دەردەخات.
- یەکێتی وەك زلحیزبێکی دوێنێ، دانی بە دۆڕاندنی خۆیدانا و ئێستا دەیانەوێت بزانن "ئەوە چی بوو روویدا"!.
- ساختەکاری لە هەڵبژاردندا زەنگێکە ئەوە دەگەیەنێت کە دەستەڵاتی پارتی و یەکێتی ترسی دەرنەچوونی هەبوو. دەستەڵات بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆن و دەنگدەران بەگشتی باوەڕی بەخۆی نەبوو.

دەکرێت زۆر سوودی تریش لەو هەڵبژاردنەوە هەڵبهێنجین، بەڵام بەڕای من ئەمانە هەرە گرنگەکانی بوون و بەو هیوایەشم ئەو سوودانە لە هەڵبژاردنی چوار ساڵی داهاتوودا ببنە چەند ئەوەندە و منیش ئەوکات پەڕەی زۆرتری پێ ڕەشبکەمەوە و کاتی ئێوەش بە داوای لێبووردنەوە زۆرتر بگرم. بەهیوای ئەو ڕۆژە.





# لایەك درۆ دەکات![1]

لاهای – هۆڵەندا
2009-08-03

هەر لە کاتژمێری چواری پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەڵبژاردنەوە، کەم و زۆر دەنگوباسی گزی و پێشێلکاریی هەندێك لە بنکەکانی دەنگدان بڵاوبووەوە. یەکەم لایەنیش کە بانگەشەی ئەم گزی و فزییانەی کرد، لیستەکانی گۆڕان و چوارحیزبەکە بوون. بەرامبەر ئەمانیش لیستی کوردستانی، کە ئەو لایەنانەی تر ناویان لێناوە لیستی دەستەڵات، ئەم گزی و پێشێلکارییانەی دەدایە دوواوە و بەردەوام و ئێستاش بانگەشەی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردیان دەکرد کە تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا هەر بەو شێوەیەی کوردستان ڕوودەدەن.
من لێرەدا هیچ کارێکم بەسەر ئەو لایەنە بەشداربووانەوە نییە و ئەوانە خۆیان یاریکەری ناو گەمەی هەڵبژاردنەکە بوون و هەر گزی و فاوڵێکیش لە گەمەیەکی ئاواهی و لە شوێن و کاتێکی ئاوهاییدا ئەگەرچی ناڕەوایە

[1] هەفتەنامەی ڕووداو – ژمارە 73 – 2009-08-10 – لاپەڕە 19 – کوردستان – هەولێر.
هەفتەنامەی ڕووداو سەرباسی ئەم وتارەی کردبووە "لایەك ڕاست ناکات!".
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 2009-08-10
ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ – 2009-08-10

بەڵام چاوەڕوانکراوە. بۆ من هیچ لایەکیشیان پەریی ئاسمان و فریشتەی ناو کتێبە پیرۆزەکان و تولفی مەعسوم نین, تاوەکو بە دەستپاکییەوە و بەبێ هیچ گزی و فزییەك بچنە ناو جەنگی هەڵبژاردنەوە. لەو وڵاتەی ئێمە لەسەر ریزە دوکانێك شەڕی ناوخۆ دروستبوو, ئیدی چۆن لەسەر دەستەڵات و پەرلەمان و ئەو ملیاران دۆلارە گزی و فزی نەکرێت!.

ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە راپۆرتی جیاجیای ئەو هەزاران چاودێرەیە کە "چاودێری"ی پرۆسەکەیان دەکرد. لای هەندێکیان یان پێشێلکاری نەکراوە, یانیش شتێکی ئەوتۆ نییە کە شایەنی باسکردن بێت و ئەمەش زۆرتر لە زۆرینەی راپۆرتی چاودێرە بیانییەکاندا دەردەکەوێت. هەرچی چاودێرە نێوخۆییەکانیشە باسی گزی و پێشێلکاریی زۆر ترسناك دەکەن و هەندێکیشیان دەڵێن گەر کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان وەڵامی راپۆرتەکانی ئێمە نەداتەوە و لەسەر بنچینەی راپۆرتەکانی ئێمە ئەنجامەکان هەڵنەسەنگێنێتەوە, ئەوا ئێمە گومان لە بێلایەنی و دەستپاکیی تەنانەت کۆمیسۆنیش دەکەین.

سەیرەکە لەوەدایە کە لەو دوو بەشەی چاودێرەکاندا میانڕەوییەکی ئەوتۆ بەدیناکرێت!. یان رەشە وەك ئەوەی کە زۆربەی چاودێرانی ناوخۆ دەیلێن, یانیش تاڕادەیەك سپییە وەك ئەوەی بێگانەکان دەیلێن.

ئەگەرچی زۆرینەی راپۆرتی چاودێرە بیانییە نێودەوڵەتییەکان با درۆش بن, بەشێوەیەك لە شێوەکان بەباشە بەسەرماندا دەشکێتەوە بۆ پیشاندانی رووی سپی و گزینەکردنمان لە هەڵبژاردنەکاندا, بەڵام ترسی ئەوەم هەیە کە ئەو چاودێرانە بەمەبەستێکی خراپ ئەو راپۆرتە باشانە





بنووسن, تاوەکو رای گشتی ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانەی کوردستان نەبن و بەشێوەیەك لە شێوەکان دژی ئۆپۆزیسیۆن و پێشکەوتنی ئەو بەشەی وڵات بوەستنەوە و هەر بیانەوێت کوردستان چۆن حوکم کراوە هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە.

ناکرێت ئەو هەزاران چاودێرە خۆماڵییە درۆ بکەن و ئەوانەی دەریشەوە راستگۆ. هەربۆیە نەدەبوو پرۆسەی چاودێریکردن بەو شێوەیە بووایە و چاودێرانی ناوخۆ و دەرەوە ئاگایان لە کارەکانی یەکدی نەبووایە و وەك دوو دوورگە کاریان بکردایە!. باشترین چارەسەر بۆ روونەدانی ئەم جۆرە پشێوی و تێکەڵ و پێکەڵییە, لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا پێویستە چاودێرە ناوخۆییەکان ببنە دەمڕاستی چاودێرە نێودەوڵەتییەکان و لەهەر گزی و پێشێلکارییەك ئاگاداریان بکەنەوە, یاخود تیمی تێکەڵ لە هەردوولا پێکبێن و هەردوولاشیان بەشداربن لە نووسینی راپۆرتەکان, یاخود راپۆرتەکان بەشێوەیەکی ناوکۆیی بنووسرێن, تاوەکو ئەو دیوارە رەش و سپییەی نێوانیان دروست نەبێت و ئێمەش بەتەواوەتی باوەڕ بەوە بهێنین کێ راستگۆیە و کێش درۆزن!.

---

هەمان وتار لەلایەن هەفتەنامەی رووداو کرایە کرمانجی و تیپی لاتینی و لە ماڵپەڕی رووداودا بڵاوکرایەوە.

**Aliyek Rast Nabêje!**

Hawrê Baxewan

Her demjimêr çarê piştî nîro, gotegota kêmasî û binpêkirinan di hinek navendên hilbijartinan de belav bûn. Yekem aliyê ku ev gotegot belav kirin Lista Goran û herçar partiyên din bûn. Li

aliyê din jî Lîsta Kurdistanî bû ku wayên din bi nav kiribûn lîsteya desthilat, ev gotinên wek fêl û tevlîhevî û binpêkirin di ser guhê xwe re diavêtin, herwiha bi berdewamî û niha jî belav dike ku tiştên wiha wek çawa di hilbijartinên welatên derve de tên kirin bi heman awayî li Kurdistanê jî pêktên.

Dî vir de, tiştekî ku min bi wan aliyên beşdarbûyên hilbijartinan ve girê dide tune. Ew bi xwe leyîstikvan in û tevlî leyîstika hilbijartinê bûne. Her kêmasî û nerewayîyek di vê leyîstikê de hebe, di cih û demeke wiha de ne rewaye, lê dihat çaverêkirin. Ji bo min yek alî jî ji esman ne hatine, ne jî firîşteyên di nav pirtûkên pîroz de ne û ne jî zarokên bê guneh in heta bê kêmasî û fêlbazî tevî vê cenga hilbijartinê bibin. Di welatê me de li ser çend dikanekê şerê navxweyî çêbû, wê çawe li ser deshilat, parlamen û milyar dolar fêlbazî neyê kirin.!

Mebesta min di virde nirxandina wan raporên cuda cuda ye yên ku çavdêriya proseya hilbijartinê dikirin. Li gor hinekan qet binpêkirin çênebûne, yan jî tiştekî wiha tune wek tê behs kirin, ev jî di raporên çavdêrên bîyanî de derket holê. Ji aliyê çavdêrên navxweyî ve jî behsa binpêkirineke bi tirs tê kirin û hinek jî dibêjin ger Komisyona Bilind a Hilbijartinan bersiva raporên me nedê û tu encam ji wan têbiniyên me dernekeve, wê demê emê gumanê; ji bê alîbûna destpakiya komisyonê bikin.

Ya balkêş ew e nerîna herdû beşên çavdêran hev nagrê!, yan reş e wek çawa piraniya çavdêrên navxweyî dibêjin, yan jî heta astekî sipîye wek çavdêrên biyanî tînin ziman.

Ger piraniya raporên çavdêrên bîyanî derew jî bin, bo me baş e jiber rûyekî sipî û pak di hilbijartinên me de nîşan didin, lê tirsa min ew e ku çavdêrên derve bi mebesteke xirab ew raporên baş nivîsî bin, da haya raya giştî ji guherînên Kurdistanê nebe, bi awayekî ji awayan li dijî opozîsyon û pêşketinên di vî beşê welat de rawestin, her bixwazin Kurdistan çawa hatiye birêvebirin her wiha jî bimînê.





Nabê bi hezaran çavdêrên navxweyî derewan bikin û ewên derve jî rastbêj bin. Lewra nedibû proseya çavdêrîyê bi vî awayî be, hayê çavdêrên navxwe û biyanî ji hev nebe û wek dû dûrêyên ji hev cûda bimana!.. Çareseriya herî baş bo van rewşan hevkarî û hevparî ye. Pêwîst e di hilbijartinên dema pêş de çavdêrên navxweyî raserî çavdêrên bîyanî rawestin û her kêmasiyek yan binpêkirinekê bibînin wan agehdar bikin. Yan jî tîmên hevbeş ji herdû aliyan pêkbînin û raporan jî bi hevre bi awayekî hevahengî binivîsin, da di warê reş û sipî de di navbera wan de pirsgirêk çênebe û em jî bikaribin bi tevahî baweriya xwe bînin, ka kî rast dike û kî derewan!.

# فایلەکان هەڵدەنەوە![1]

لاهای – هۆڵندا
2009-08-05

لە دوایەمین گۆڕانکاریی ململانێکانی نێوان بزووتنەوە یان کۆمەڵەی گۆڕان و نەیارەکانیاندا, سەرەتای ئەم مانگە بزووتنەوەی گۆڕان بەیانێکی هەڕەشەئامێزی دژی دژایەتیکردن و تیرۆرکردنی ئەندامانی گۆڕان دەرکرد. ئەم بەیانە زۆر سەرنجی راکێشام و تێیدا لە بڕگەیەکیدا دەڵێت:

... ئەگەر رکابەرەکانمان بیانەوێت پەنا بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتی مەعنەوی و کەسایەتییە دیارەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ببەن، ئەوا دەکەوینە هەڵدانەوەی مەلەفی ئەوانەی کەماڵیان لە شوشەیە و کەس حەسودی بە مێژوی شەخسییان نابات...

باس لەوە ناکەم چ لایەك دەستپێشکەرە, بەڵام کە ئەم بڕگەیە دەخوێنیتەوە, ناچار دەبیت بڵێیت, خودایە ئاممان!. دەرکردنی

[1] هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 399 – 11-08-2009 – لاپەڕە 5 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 17-08-2009
ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ – – 19-08-2009
ماڵپەڕی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان KNC





بەیانێکی واهی جگەلەوەی قوڵیی رکەبەرایەتیی نێوان ئەو دوولایەنە دەردەخات, لەهەمان کاتیشدا ئاماژەیە بۆ لێکترازان و خراپتربوونی رەوشی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێراق.

من جارێ واز لەم بەشەیان دێنم و دێم ئەم بڕگەیەی گۆڕانخوازان پێچەوانە دەکەمەوە ! واتاکەی بەم شێوەیەی لێدێت:

... ئەگەر رکابەرەکانمان پەنا بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتیی مەعنەوی و کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان نەبەن, ئەوا ئێمەش مەلەڤی ئەوانەی کە ماڵیان لە شووشەیە و کەس حەسوودی بە مێژووی شەخسییان نابات, هەڵنادەینەوە...

بەواتایەکی تر, بزووتنەوەی گۆڕان کۆمەڵێك مەلەڤ مەلەفدارانی لەلایە و هەڵیگرتووە بۆ رۆژی خۆی. ئەمەش پێچەوانەی نەك هەموو ئاکارێکی جوانە, بەڵکو پێچەوانەی بانگەشەکانی بزووتنەوەی گۆڕانیشە.

هیوادارم ئەوانیش وەك حەمەی حاجی مەحموود نەکەن کە ساڵانێکە دەڵێت چەند جانتایەك مەلەفم لایە و بڵاویدەکەمەوە و هیچیشی دیار نییە. تۆ بڵێی حەمەش گوڵەخانەکەی لە شووشە بێت!.

هیوادارم بزووتنەوەی گۆڕان ئەو مەلەفانەی لەلایەتی بیخاتە بەردەمی گۆڕانخوازان و نەیبەستێتەوە بە ئەگەری تیرۆرکردنی کەسایەتیی مەعنەوی و کەسایەتییە دیارەکانی, چونکە هەڵدانەوەی ئەو مەلەفانە بەشێکە لەو بانگەشە ئەخلاقییانەی کە خودی گۆڕان خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد و دەکات. جگەلەوەی گۆڕان دەبێت بەرژەوەندیی گشتی و

**ئەندامە بنچینەییەکانی بخاتە سەروو ژیانی کەسایەتییە مەعنەوی و کەسایەتییە دیارەکانییەوە.**

**بیرتاندەخەمەوە, فایدار واتە: کەسێك پەیوەندیی بە رژێمی بەعسەوە هەبووە, کەسێك دەستی چووەتە ژیان و خوێنی مرۆڤی ئێمەوە, کەسێکە بەشداریی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستانی کردووە. هەڵنەدانەوەی ئەو مەلەفانە بەهەر هۆیەکەوە بێت لە خودی کردەوەی فایلهەبوون ترسناکترە. تکایە سەرانی گۆڕان ئەگەر لاتانە هەڵیدەنەوە...**





# هەوڵی پێکهێنانی دادگای ئازاد لە کوردستان – رادیۆی نەوا – ئامادەکردنی هادی رەحمان[1]

لە پێناوی پێکهێنانی دادگای ئازاد لە هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی دەسەڵاتی حزب لە دادگاکاندا ناوەندی چاك کەمپێنێکی ئیمزا کۆکردنەوەی بەرێخستوە و لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکی بڵاو کردۆتەوە کە لە بەیاننامەکەدا هاتوە، [ئەگەر تەواوی دەسەڵاتەکان لە یەکتر جیانەکرێنەوە و هەردەسەڵاتێکیش فەرمانی جێبە جێکردن بدات وەکو ئێستا ئەوا سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا توشی ئیفلیجی دەبێت ]
هەروەها لە بەشێکی تری ئەو بەیاننامەیەی ناوەندی چاك بۆ ئیمزاکۆکردنەوە لە پێناو پێکهێنانی دادگای ئازاد دا بڵاوی کردۆتەوە هاتوەو دەڵێت:
[ئەم پرۆسەیە زۆر گرنگە بۆ بە دادگایی گەیاندنی تاوانبارانی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد] دەربارەی ئەو هەوڵەی ناوەندی چاك بۆ پێکهێنانی دادگای ئازاد لە هەرێمی کوردستاندا داویەتی.
(عەلی مەحمود) ئەندامی ناوەندی چاك لە هۆڵەندا و هەڵسوڕێنەری کەمپینەکە لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ نەوا ڕایگەیاند:
بەهۆی ئەوئەزمونەی لەوڵاتانی دەرەوە هەمانە پێمان وایە هەتا سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆلە هەرێمی کوردستاندا نەبێت کە جیاواز بێ لە دەسەڵاتەکانی تر ئەوا ناتوانرێت هیچ هەنگاوێك بنرێت بۆ گۆڕێنی سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا.

ئایا دادگاکانی هەرێمی کوردستان لەچ قۆناغێکدان لە کاتێکدا داوای پێکهێنانی دادگای ئازاد دەکرێت، دادگای ئازاد دەبێت چۆن بێت بۆ ئەوەی بتوانرێت حزب دەست وەرنەداتە کاروبارەکانی و سەربەخۆی خۆی بپارێزێت.
(هاوڕێ باخەوان) لێپرسراوی بەشی داتاکان لە دادگای لاهای نێودەوڵەتی لە لێدوانێکدا بۆ نەوا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد:

[1] درێژەی ئەم تەوەرە لەسەر رادیۆی نەوا لە رۆژانی 12 بۆ 13ی ئۆگەستی 2009 بڵاوکرایەوە, هەمان ئەم کورتەیەیشی لە ماڵپەڕی رادیۆی نەواو ماڵپەڕی چاودێری کوردۆساید – چاك نیوزدا بڵاوکرایەوە.

ئێمە هێشتا نەگەیشتوینەتە ئەوەی پێی دەوترێت حکومەتی دامەزراوەی یاخود موئەسەساتی کەواتە ناتوانین بڵێین دادگا سەربەستە لەبەر ئەوی هەتا ئێستا وڵاتەکەی ئێمە حزب بەڕێوەی دەبات نەك حکومەتی موئەسەساتی.

هەندێك لە یاساناسان و ئەوانەی لە کەمپینی ناوەندی چاکدا بەشداریان کردوە بۆ پێکهێنانی دادگای ئازاد، ناوەند و مەکتەبە کۆمەڵایەتیەکانی حزبەکان لە کوردستاندا بەرێگری سەرەکی دەبینن لە سەربەخۆنەبونی دادگا و دەست وەردانی حزب لەرێگەی ئەوناوەندانەوە لە کاروبارەکانی دادگادا.
(حاکم شێخ لەتیف) پسپۆر لە بواری یاسایدا دەربارەی ناوەند و مەکتەبە کۆمەڵایەتیەکانی حزبەکان و رێگریان لەبەردەم سەربەخۆبونی دادگاکانی هەرێمدا ، لە لێدوانێکدا بۆ نەوا ئەوەی ڕاگەیاند:
دانانی مەکتەبی کۆمەڵایەتی و بەردەوام بون لەسەر ئەوەی کێشەکان لەو رێگانەوە چارەسەربکرێت ئەوا متمانە نەبونە بە دەسەڵاتی داد وەری.

ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی دادگای ئازاد لە هەرێمی کوردستان پێکبێت و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆبێت و دور لە دەست تێوەردانی حزبی کاروبارەکانی بەرێوە بەرێت.
(چیمەن ساڵح) رۆژنامەنوس و یاساناس لەبارەی هەنگاونان بۆ پێکهێنانی دادگای ئازاد ئەوەی بە نەوا ڕاگەیاند:
دادگای ئازاد بە گوشاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەڵمەتی جەماوەری دەتوانرێت پێکبهێنرێت کە دور بێت لە دەست تێوەردانی حزبی، هەروەها پەرلەمانی داهاتو دەبێت رۆڵی کاریگەری هەبێت لەوەی حزب دەست تێوەردان لەکارو باری دادگادا نەکەن.

ئایا بە پێکهێنانی کەمپینێك دەتوانرێت دادگای ئازاد پێکبهێنرێت یاخود هەنگاوی گەورەتری پێویستە بۆ ئەو کارەو هەوڵی زیاتری دەوێت.
(هاورێ باخەوان) لێپرسراوی بەشی داتاکان لە دادگای لاهای نێودەوڵەتی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ نەوا ڕایگەیاند:
ئەوە کارێکی هۆشیار کردنەوەیە بۆ ئەوەی دەسەڵات و خەڵك لە سەربەخۆنەبونی دادگاکان ئاگاداربکرێنەوە ، ئەوەش پرۆسەیەکی دورو درێژەو بەتەنها کەمپینێك دەستەبەرنابێت.
لە هەمو وڵاتێکی دیموکراسی و حکومەتی دامەزراوەیدا دادگاکان و دەسەڵاتی داد وەری دورن لە دەست تێوەردانی حزبی،





سەربەخۆنەبونی دادگا هۆکارێکە بۆ ئەوەی پێشێلکاریەکان بنەبڕبکرێن و مافەکانی مرۆڤ بەرقەرار بکرێن و دەوڵەت و حکومەتێکی دیموکراسی دابمەزرێنین.

2009-08-13

# گەندەڵانی بێسنوور![1]

لاهای – هۆڵندا
2009-08-12

ئەمجارەیان خەڕەکەکە چووەتەسەر ئەو پەرڵەمانتار و لێپرسراوە خاوەن دوو رەگەزنامانەی کە سەرباری دزی و راووڕووتی کوردستان و مانگانە زۆرەکانیان! سنووریان بەزاندووە و لە ئەورووپاش بەهەر کەڵەك و کڵۆکێك بێت مانگانەی خانەنشینی یان مانگانەی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی وەردەگرن.

دیارە ئەو ناوانەی کە لە میدیاکاندا بەرچاومان کەوتوون هەموویان نین, چونکە لێپرسراوگەلێکی زۆری خاوەن دوو رەگەزنامە لە کوردستان هەن. هەندێکیشیان خاوەنی دوو بنە یان زۆرترن. واتە لە ژنێك زۆرتریان هەیە و لە ئەورووپا کاروباری دزی و فزییان بۆ رادەپەڕێنن و وەك بیستوومە واژۆی کاروبارە فەرمییەکانیشیان بۆ دەکەن. واتە سەرباری ئەوەی مێردەکانیان سەربەهەویەیان کردوون! پێشێلکاریی یاساییشیان بۆدەکەن!.

[1] هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 74 – 2009-08-17 – لاپەڕە 18 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 20-08-2009
ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ - – 20-08-2009





ئەگەر بەشێوەیەکی سەرپێیی لێکیبدەیتەوە هەریەك لەو لێپرسراوە ساختەچییانەی کەمن ناوم لێناون گەندەڵانی بێسنوور! دەکرێت ئەم داهاتانەی ببێت:

- مانگانە فەرمییەکەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە
- چەند مانگانەیەکی تری وەك شەهیدانە, زیندانی سیاسی و هیی تر..
- چەند مانگانەیەکی پاسەوانە درۆیینەکانی. ئەمەیان بووەتە دیاردەیەکی باوی ترسناك و بەهۆیەوە دزییەکی زۆری پێدەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر لێپرسراوێك بە فەرمی چوار پاسەوانی هەبێت کە من نازانم بۆچییەتی!, ئەوا لە راستیدا تەنها دووی هەیە و مانگانەی ئەو دووەی تری دەدزێت.
- خەڵات و قاچوقوچی تر لەوانە زەوی وەرگرتن و بەنزین و نەسرییە و شتی تر..
- هاوبەشیی بازرگانەکان و وەرگرتنی بەرتیل لێیان بۆ کارئاسانی
- لەوانەیە هەندێك سەرچاوەی تری ناڕەوا کە من نەیانزانم
- سەرباری ئەوانەش پارەی سۆسیاڵ لە ئەورووپا !

کەسانێك دەستیان بچێتە مانگانەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و بەرتیل وەربگرن و مانگانەی پاسەوانە درۆیینەکانیان بخۆن, زۆر بەلایانەوە ئاساییە لە ئەورووپاش بە فێڵ و تەڵەکەبازی لرف لە پارەی سۆسیاڵ و کەنەفتیی درۆیینە بدەن.

خۆشبەختانە ئەم باسە هەروەك چۆن لە میدیاکانی خۆماندا گرنگیی پێدەدرێت, لە میدیای وڵاتە ئەوروپییەکانیشدا گرنگییەکی باشی پێدراوە. بەڵام داخی گرانم بەوانە دەگووترێت کورد و بەو کەسانەش دەگووترێت کورد کە بەیانی تاریك لەخەو هەڵدەستن و تا تاریك دادێتەوە لە ئەوروپا کاردەکەن تاوەکو سەربەرزانە بژێویی ژیانیان بەدەست بهێنن.

بەڵام دیسانیش خۆشبەختانە چونکە ئەم باسە کەوتووەتە دەمی میدیای خۆرئاوا, ئەوا بەدڵنیاییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و ئەو گەندەڵە بێسنوورانە رسوا دەبن. بەدی, خۆ لای خۆمان نییە هەموو دنیا هاواریکرد ئەو فرۆکەوانەتان بۆ ئازاد کرد, ئەوە تاوانبارە و منداڵی کوردی ژەهرباران کردووە! بەڵام کەس هەر گوێیشی لێنەگرتین!.





# دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی ئاڵای ئازادی سەبارەت بە هەڵبژاردن[1]

## ئامادەکردنی: کارگەر عەلی

پرسیار: تا چەند ئەم هەڵبژاردنەی دوایی پەڕلەمانی کوردستان بە خاڵی گۆڕینو چاکسازی کوردستان دادەنێیتو ئەو تێبینیو سەرنجانەت کامانەن کە لەسەر خودی پرۆسەکە هەتە؟

وەڵام: ئەگەرچی من هەر لەم رۆژانەدا و چ بەشێوەی وتار و چ بە رووبەڕوو کەم و زۆر وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە, بەڵام دیسانیش دەڵێم, ئەم هەڵبژاردنەی ئەمجارە جیاوازە لەوانی دی و دەکرێت بکرێتە خاڵێکی گرنگی سەرەتایی بۆ گۆڕان و چاکسازی. بەڵام ئەگەر بمانەوێت کە ئەو هەڵبژاردنە لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا زۆر شت بگۆڕێت و زۆر چاکسازی بکات, ئەوە لەوەیاندا بەگومانم. بەڵام دەکرێت پێشبینیی ئەوە بکەین کە هەڵبژاردنی ساڵی 2013 دەبێتە هۆی گۆڕان و چاکسازییەکی سەرتاسەری ئەگەر ئەو دەستانەی کە ئێستا ناویان لەخۆیاننناوە ئۆپۆزیسیۆن, بتوانن مامەڵەیەکی ژیرانە لە ماوەی ئێستا تا کاتی هەڵبژاردنی داهاتوودا بکەن.

---

[1] ئەم دیمانەیە لە لاپەڕە 5ی ژمارە 819ی رۆژی 19-08-2009 لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادیی ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستاندا بڵاوبووەتەوە. هەروەها لە ژمارە 818ی رۆژی 12-08-2009شدا رێکلامی بۆکراوە.

تێبینی و سەرنج زۆرن, زۆربەیشیان لە خولگەی گزی و پێشێلکاریدا دەخولێتەوە. ئەو راپۆرتانەشی کە دەربارەی پرۆسەکە تاوەکو ئێستا نووسراون هەندێکیان بە پاك و بێگەردی ناودەبەن و هەندێکیشیان بە بوونی گزی و پێشێلکاریی ترسناك. دیارە لایەکیان راست ناکەن و منیش باوەڕم بەوە هەیە کە گزی و پێشێلکاری روویداوە. هەڵبەت خۆم لەوێ نەبووم و نەمدیوە.

بەڵام ئەوەی من لێرەوە لە سکرینی تەلەڤزیۆنەکانەوە دەمبینی, زۆرشت ئاسایی بوو. تەنها ئەوە نەبێت کە زۆرینەی تابلۆکانی سەر بۆکسەکان و ناو مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن بە عەرەبی نووسرابوون و دەبووایە بە کوردی بوونایە!. ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێشێلکارییە.

پرسیار: کۆمەڵێك هێزو لیستو قەوارەی جیاواز بەریەککەوتنو لەململانێکەدا بەشدار بوون، بەڕای تۆ ئەو هێزو قەوارانە تەنها لەفۆڕمدا لەیەك جیاوازن یاخود لەسیاسەتو ئەجنداو بیرکردنەوەشدا؟

وەڵام: ئەم پرسیارە بە بەڵێ و نەخێر وەڵام دەدەمەوە! دەڵێم بەڵێ لیستەکان جیاوازن, چونکە ناوی جوودا و بیرکردنەوەی جوودایان هەیە. کەسانی جوودا و دەوڵەتانی جوودایان لە پشتەوەن, بەرژەوەندیی هۆز و بنەماڵەیی و تاکەکەسیی جیاوازیان هەیە. دەشڵێم نەخێر جوودا نین چونکە هەموویان ئامانجیان دەستەڵات گرتنەدەستە. بەڵام ئایا چ لایەکیان دەبێتە هۆی گۆڕان و چاکسازی, ئەوا هێشتا زووە بۆ وەڵامی ئەوە و بزانین جارێ چی دەکەن و دەبێت زۆرباش چاودێرییان بکەین.





بەڵام بەلای منەوە ئەگەر هەر یەکێکیان جیاوازبێت لە هەموویان, ئەوەیان دەکرێت پشتی پێببەستین. چونکە لەلایەنی خزمەتەوە تاوەکو ئێستا هەموویان تاڕادەیەك چوونیەك بوون.

پرسیار: تاچەند پێتوایە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بیلایەنو سەربەخۆ بوون، ئایا دەتوانین بڵێین پرۆسەکەیان بە دیموکراسی بەڕێوەبرد؟

وەڵام: بۆ من ئاستەمە بتوانم مەتەڵی پشتی پەردەی ئەو کۆمسیۆنە هەڵبهێنم, بەتایبەتی بەهۆی ئەوەی کە دەڵێن سەرۆکی کۆمیسیۆن پاراستن بووە و زەوی و سامانی لە پارتی وەرگرتووە. ئەمەیشیان تا چەند راستە نازانم!. بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا کە خاوەنی یەکێك لە کۆنترین پەرلەمانەکانی دوونیایە هەڵبژاردن گەمە و گزیی تێدابکرێت, دەبێت لە وڵاتێکی دوواکەوتووی وەك باشووری کوردستان, چی بکرێت!. بەو پێوەرە دەتوانم بڵێم ئەو کۆمیسیۆنە بێلایەن و سەربەخۆ نەبووە. بەڵام تازە ئەوە تێپەڕی و ئەو لیستانەشی کە گلەییان هەبوو بە سەرئەنجامەکە سازان. گرنگ هەڵبژاردنی داهاتووە و دەبێت هەموو ئەو شتانە باشتر لەبەرچاو بگیرێت. دیارە ناشبێت کۆمیسیۆنێکی تر بەسەر کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەوە دروستبکرێت. ناچارییە و دەبێت بڕوا بە کۆمیسیۆن بکرێت!.

پرسیار: ئەوەندەی ئاگادار بیت سیاسەتمەدارانو کەسە ناسراوەکانی ئەورووپاو ڕێکخراوە مەدەنییەکان چۆن دەڕواننە پرسی کوردو بەتایبەت دەنگو سەدای ئەم هەڵبژاردنە لەمیدیاکاندا چ ڕەنگدانەوەیکی هەبوو؟

وەڵام: پرسی کورد تاوەکو ئێستا پرسێکی ناوخۆیی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانە لای ئەوان و زۆرجاریش لەلایەنە مرۆڤایەتییەکەوە سەیری دەکرێت نەك وەك سیاسەت. دیارە ئەمە بەگشتییە و دەکرێت بگوترێت لای هەندێك وڵاتی تری, وەك بەرژەوەندییەکی ئایندەییش لێیدەڕوانرێت.

هەڵبژاردنەکە بەگشتی لەلایەن میدیای خۆرئاواوە باسی لێوەکرا و دەتوانم بڵێم بەگشتی بە پۆزەتیڤ باسی لێوەکرا. هەندێك راپۆرتی کەم نەبێت کە باسی لە گزی و پێشێلکاریی بەتایبەتی هەولێر و بادینان دەکرد, بەڵام بەگشتی راپۆرتەکان زۆر جیاوازیی هەبوو لەگەڵ ئەوانەی ناوخۆدا. دیارە ئەو پۆزەتیڤە ئەگەر واش نەبێت! بۆ ئێمە بەشێوەیەك لە شێوەکان سوودی هەیە.

پرسیار: بەرای بەرێزت گرنگترین ئەو کارانە کامانەن کە دەبێت پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراو ئەنجامیان بدات؟

وەڵام: چونکە تاوەکو ئێستا کاری زۆر گرنگ نەکراوە! دەبێت ئەوەی گرنگە بیکەن! لەوانە:

- گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان
- نووسینی دەستوورێکی باشتر بۆ کوردستان





- بەهێزکردنی پێگەیەکی بەهێز لەگەڵ بەغدا
- دانانی هێڵەسوورەکان و سزادانی تێپەڕاندنیان
- دژایەتیکردنی گەندەڵی
- ترانسپەرانتکردنی بودجەی کوردستان
- سامانی دزە گەورەکان بگەڕێننەوە بۆ من و تۆ و ئەو!
- ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و پەرەپێدانی کشتوکاڵ
- هاندانی کەلوپەلی خۆماڵی
- دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال و فایلداران و سزادانی ئەو لایەنانەی کە دادڵدەیاندەدەن
- دەستەبەرکردنی یەکسانیی کۆمەڵایەتی
- پێداچوونەوەی سیستمی پەروەردە
- جووداکردنەوەی ئایین لە فەرمانڕەوایی و پەروەردە
- هەوڵدان بۆ لابردنی خوێندن بە دوو شێوەزمان و هەڵبژاردنی یەك شێوەزمان. بۆ من ئەگەر شەبەکیش بێت رازیم و تەنها یەك شێوەزمان بێت.
- پتەوکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان

دیارە دەتوانم کاری گرنگی تریش ریزبکەم, بەڵام من لەو چوار ساڵەی داهاتوودا هەر ئەوەندەم بەسە. لەوانەیە کەسانێك هەبن پێکەنینیان بێت, بەڵام دڵنیابن ئەگەر ئیشکەربن چوارساڵ زۆریشە بۆ بەدیهێنانی ئەو خاڵانە.

2009-08-10

# لەسەر دوا بڕیار لەسەر ئانرات – سازدانی عەلی مەحموود محەمەد[1]

ڕۆژی 30-6-2009 دوا بڕیار لەسەر سزای فرانس ڤان ئانرات لەلایەن دادگای باڵای هۆڵەندییەوە درا, بە باشمان زانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی پسپۆڕی کورد لەو بوارە لە وڵاتی هۆڵەندا ساز بکەین, بۆ خوێندنەوەی زیاتری ئەو ئەزموونە و هەنگاونان بۆ کاری باشتر لە ئایندە.

تاوانبارانی جینۆسایدی کورد ئەوانەی تاوانکارن بە ئەنجامدانی تاوانە گەورەکان بەشێکیان هەندەران بۆتە شوێنی هەڵاتنیان لە دەست دادپەروەری, بە ئەزموون وەرگرتن لەم دادگاییە دەتوانرێت هەنگاوی باشتر بنرێت لە ئایندە.

هاوڕێ باخەوان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کەیسی یۆگۆسلاڤیا کار دەکات و شارەزایە لە بواری پرسی جینۆساید و دادگایی تاوانکاران, بۆ زانیاری زیاتر بە پێویستمان زانی سەبارەت بە دوا بڕیاری دادا کۆمەڵێك پرسیاری ئاڕاستە بکەین.

پ1: چۆن دەڕوانیتە دەقی دوا بڕیار ؟, ئایا ئانرات بە ئەنجامدانی چ تاوانێك ئەنجامدراوە؟.

[1] ڕۆژنامەی هەواڵ – ژمارە 342 – 22-08-2009 – لاپەڕە 5.





وەڵام: کەیسی فرانس ڤان ئانرات, یەکێك بوو لەو کەیسە ئاڵۆزانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا دادگای هۆڵندیی لە شاری لاهایدا بەخۆیەوە خەریککردبوو. کەیسەکە ئەگەرچی لەباری نێودەوڵەتییەوە گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدرا, بەڵام ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بێئاگا نەبوو لێی و دەتوانم بڵێم تاڕادەیەك چاودێریی دەکرا, چونکە ئەگەرچی ئەم کەیسە سیفەتێکی هۆڵندی و بۆ هۆڵندا نێوخۆییی وەرگرتبوو لە ڕووی یاساوە, بەڵام لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی گرنگی هەبوو بە چەندین دەوڵەتەوە کە بەرگێکی نێونەتەوەیی پێ بەخشیبوو, لەوانە ئێراق و ئێران. لەسەر ئاستی کوردستانیش, گرنگییەکی زۆری هەیە. لەبەرئەوەی هەزاران کەس قوربانیی دەستی بازرگانییە چەپەڵەکانی کەسانی وەکو ئانراتن.

تاوانبار ئانرات, تاوانباری جەنگە و ئەمەش بە ڕوونی لە بڕیاری دادگای هۆڵندیدا هاتووە. هەڵبەت سزای ئانرات ڕۆژێك بێت یان زیندانی هەتاهەتایی ئەو گرنگە نییە, بەڵکو ئەوەی گرنگ بوو لە دادگاییەکەدا ئەوە سەپا کە نێوبراو وەك بازرگانێکی مەرگ بەشداریی کردووە لە کوشتنی کەسانی سیڤیلی کوردا و لە دەقی بڕیارەکەش بە ئاشکرا ناوی شوێنەکانی وەك هەڵەبجە و زێوێ و گۆپتەپە هاتووە کە لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە بەو گازەی کە ئانرات بۆیی بەدەستخستوون, ژەهربارانکراون.

ئانرات بازنەیەکی گرنگی نێوان کۆمپانیا خۆرئاواییەکان و داگیرکەری ئێراق بوو بۆ وەدەستهێنانی مادەی کیمیاویی بۆ مەبەستی دروستکردنی چەکی کۆکوژ لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە. ئەو چەکانەش لە هەڵمەتی

جینۆسایدی کوردا بەکارهاتن. هەربۆیە دەبووایە تاوانبار سەرباری تاوانباری جەنگ, لەسەر تاوانی جینۆسایدیش دادگایی و بڕیاری لەسەربدرایە.

پ2: ئەو تاوانانەی لێرەدا هاتۆتە پێشەوە زۆر کەمترە لە تاوانی ئەو شوێنانەی کە بەعس کیمیابارانی کردون,چی بکرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەر دادگایەکی لەم چەشنە هاتە پێشەوە بتوانرێت کەیسێکی گشتی ئامادە بکرێت,کێ موقەسرە بەرامبەر بەمە.

وەڵام: لەراستیدا تاوانەکان زۆر لەوە زۆرتر بوون, من لە بڕیارەکەدا تەنها ناوەکانی هەڵەبجە و زێوێ و گۆپتەپەم بینی. ئەمەی کۆتاییان لە دەقی بڕیارەکەدا بە هەڵە نووسرابوو گوک تەپە.

هەڵبەت کەمتەرخەمییەکان لە هەموو لایەکمانەوەیە, ئێمە شارەزاییەکی ئەوتۆمان لەو پرۆسانەدا نەبووە و ئەوەشی کراوە دەبێتە سەرەتایەك تاوەکو لە داهاتوودا باشتر خۆمان بۆ هەر کارێکی لەو جۆرە ئامادە بکەین. من هەر کەمتەرخەمییەك لە کەیسی ئەم تاوانبارەدا دەگێڕمەوە بۆ دەستەڵاتی کوردی. ئەوان دەبووایە گرنگییەکی تەواویان پێی بدایە و هەموو بەڵگەیەکی تەواویان بخستایەتە بەردەمی دادگاکە, لەوانە دۆکومێنت و هێنانی چەندین شاهێدحاڵ لە کوردستانەوە بۆ لاهای و زۆریتر کە دەبوونە باشتر خستنەڕووی ئەو تاوانە دژێوەی کە کەسێکی وەکو ڤان ئانڕات لە دژی خەڵکی سیڤیلی کورد کردوویەتی. بۆ کەیسی ئەم تاوانبارە دەستەڵاتی کوردی بەلایەنی کەمەوە دەبووایە چەندین ئاماری ئەو ناوچانەی کە بەر شاڵاوی گازی کیمیاویی کەوتوون و ژمارەی





قوربانییەکان و بەڵگە مادییەکانیانی پێشکەشی دادگا بکردایە. بەڵام ئەوان دادگای ئەنفال و هەڵەبجە لە بندەستیاندا بوو, چیی واهییان نەکرد, دەبێت بۆ ئەمە چییان لێ چاوەڕوان بکرێت!.

پ3:چی بکرێت بۆ ئەوەی پرسی جینۆساید لە دادگایەکی ئەورووپی,یان پارلەمانێکی ڕۆژئاوایی بە فەرمی بناسرێت,ئایا لەم بوارەدا دادگای ئانرات ئامانجەکەی نەپێکا؟.

وەڵام: کێشەی ئێمە, کێشەی نەبوونی دۆکومێنتەیشنە. ئێمە دەیان ساڵە دەڵێین کەرکوك کوردستانە, کەچی تاوەکو ئێستا دوو کتێبی باشمان لەسەر ئەو رەوشە نییە!. بۆ پرسی جینۆسایدیش دەبێت هەرچی هەیە و نییە تۆماری بکەین و بە زمانی پەرلەمانەکانی ئەورووپا بیانخەینەڕوو. هەوڵەکانیش دەبێت بەردەوام بن و دیسان دەبێت دەستەڵاتی کوردی باشتر بیر لە گرنگیی ئەو کارەبکاتەوە.

ناتوانم بڵێم دادگایی ئانڕات ئەو ئامانجەی پێکاوە, چونکە خودی دادگاییکردنەکە پەیوەندیی بە ململانێی حیزبە هۆڵەندییەکانیشەوە هەبوو. ئەو دادگاییەش جینۆسایدی گەلی کوردی نەسەلماندووە, بەڵکو وەکو تاوانبارێکی جەنگ سەیری تاوانباری کردووە. ئەگەر دادگای هۆڵندا هێرشەکانی ئەنفالیش بە جینۆساید ناوزەد بکات, هێشتا هەر بەس نییە و پێویستە لەسەر ئاستی بەرزتری وەك پەرلەمانی ئەورووپا هەوڵەکان چڕبکرێنەوە.

پ4:ئەو وڵاتانە کێن  بە پێی ئەم دۆسیەیە دەچنە پای هاوکارانی بەعسەوە لە قڕ کردنی کورددا.

هەموو ئەو وڵات و کۆمپانیا بازرگانییانەی بەشێوەیەك لە شێوەکان پشتگیریی لۆجیستییان پێشکەشی داگیرکەری بەعس کردووە لە قڕکردنی کوردا, تاوانبارن و دەبێت هەوڵی دادگاییکردنیان بدرێت. پشتگیرییەکانیش هەر تەنها بە پێشکەشکردنی گازی کوشندەوە نییە, بەڵکو ریسێپتی چۆنێتیی دروستکردنیشی هەر دەچێتە خانەی تاوانەوە. لەو رووەوە کۆمپانیاگەلێکی وڵاتانی ئەڵمانیا و هۆڵندا دەبێت دادگایی بکرێن.

پ5:پەند و ئەزمونێك  لەو دادگاییەوە.

وەك پێشتر گووتم, وڵاتانی ئەوروپا, وڵاتی تۆمار و بەڵگە و رۆتینن. دەبێت بۆ هەر کارێکی ئاییندە باشتر پلانی ئەو شتانە دابنرێت و دەستەڵاتی کوردیش بۆ هەر کارێکی واهی کە دێتە پێشەوە, ژوورێکی عەمەلیاتی پسپۆڕی بۆ دابینبکات و کە کەسانێکی پسپۆڕ بەڕێوەیبەرن بۆ سەرکەوتنی ئەو کارەی کە هاتووەتە پێش. چونکە بەڕاستی لەگەڵ رێز و پێزانین بۆ رێکخراوی چاك و هەموو ئەو کەسانەی بوونە هۆی دروستکردنی ئەو بڕیارە, ئەوانە بەس نین و دەبێت ئەو کارانە لەلایەن دەستەڵاتی کوردییەوە بە فەرمی پشتیوانیی لێبکرێت.

2009-07-08

**لاهای – هۆڵندا**





# پڕۆژەیاسایەکی نوێ بۆ پەڕلەمانی نوێ![1]

**لاهای – هۆڵندا**

2009-08-19

ئەگەرچی پەڕلەمانی نوێ لەم رۆژانەدا هێشتا لە دامەزراندنیدایە و جارێ رێژەی ئاستی یاسایی و هەستکردنی بە پێویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی نازانم, لێ ئەگەر ئاستی سەد هێندەی ئەوەکەی پێشوویش بێت! هێشتا هەر لە ئاستی پێداویستییەکانماندا نەبوون و نین.

بۆ کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێم, پێشنیازی دامەزراندنی وەزارەتی رەوشتم کرد, چونکە رەوشت بە واتا فەلسەفییەکەی ئەوەندە رووی لەخوارە ناچاری ئەو پێشنیازەی کردم. بەڵام کابینەکە نزیکەی چل و ئەوەندە وەزیری دانا و رەوشتی هێندە پێ بێ بەها بوو هەر گوێیشیان پێینەدا!.

[1] هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 75 – 2009-08-24 – لاپەڕە 18 – کوردستان – هەولێر.

هەفتەنامەی رووداو – چاپی ئەوروپا – ژمارە 8 – لاپەڕە 9 – 25-08-2009 – ئەڵمانیا – کۆڵن.

ماڵپەڕی کوردستان نێت – 24-08-2009

ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 24-08-2009

ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ – 25-08-2009

بۆ پەرلەمانی ئەمجارەی کوردستان پێشنیازی پرۆژەیاسای "یاسای تێنەپەڕاندنی هێڵەسوورەکان" دەکەم. هەڵبەت هۆیەکەیشی ئاشکرایە و باوەڕیش ناکەم هیچ نەتەوەیەك و وڵاتێك هێندەی کورد و حکومەتی هەرێم هێڵەسوورەکانی خۆیی تێپەڕاندبێت!.

لەو یاسایەدا پێویستە پێناسەیەکی گشتگری هێڵەسوورەکانمان بکرێت, یەکبەیەك دیاری بکرێن و بۆهەر یەکەیشیان سزایەکی گونجا دابنرێت. بەڵام دەبێت ئەم یاسایە بەتەواوەتی بخرێتە جێبەجێکردنەوە, نەك وەك ئەوانی دی تۆزی کتێبخانەکەی پەرلەمانیان لێبنیشێت و کەس نەیخوێنێتەوە!.

ئەگەر پەرلەمانە نوێیەکە بەگشتی پێی وانییە هێڵی سوورمان پەڕاندبێت, ئەوا دیارە پێناسەی هێڵی سووری نەتەوەیی نازانێت بەری لەکوێوەیە, یان هێشتا پەییان پێیان نەبردووە!. بۆیە روو لە پەرلەمان دەنێم و دەڵێم هێنانی سووپای داگیرکەر تێپەڕاندنی هێڵی سوورە. ئازادکردنی فرۆکەوانە تاوانبارەکەی هەڵەبجە تێپەڕاندنی هێڵی سوورە. پەنادانی ئەنفالچییان و بەرگریکردن لەوانەی دەستیان لە کوردکوژیدا هەبووە و تێکدانی میزاجی کوردەواری لە دوای راپەرینەوە و دزینی سامانی ئەو خەڵکەش هەر هێڵی سوورە. ئەگەر زۆر دەتانەوێت بزانن هێڵی سوور چییە بچنە گەرمیان, بچنە لای ئاوارەکانی کەرکوك, بچنە لای کەسوکاری ئەو کوردە خۆرهەڵاتییانەی کە لە باشووری کوردستان تیرۆکران.. چ زۆرە هەر هێڵی سوور زۆرە! هەربۆیە ئەم پرۆژە یاسایە





بە گرنگترین کارەکانی پەرلەمانی نوێ دەزانم. هیوادارم ئەمجارەیان بەقسەم بکەن..

# دەستووری هەرێم بۆچی ئامانجێکی سیاسی نوسراوەتەوە؟[1]

ئامادەکردنی تەوەرە :ئاسۆ عوسمان

پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە بەتۆبزیی لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستانەوە لەپەرلەمان تێپەڕێنرا، لەزۆر ڕەهەندو گۆشەنیگاوە جێگەی تێبینی وهەڵوەستە لەسەرکردنە، تا ئەو ئەندازەیەی بەکەمێك دیقەتدان لەناوەڕۆك وهەندێك برگەی جەوهەریی ناو دەستوورەکە مرۆڤ بەقەناعەتێك دەگات ئەم پڕۆژە دەستوورە هێندەی مەرامێکی سیاسیی هەردوو حزبی باڵادەستی کوردستانی لەپشتەوەیە بەچارەگی ئەوە سیما ورەهەندی دەستووری هەرێمێکی وەك کوردستانی پێوە دیار نییە.. بەهەرحاڵ ئەگەرچی پارتی ویەکێتی ویستیان لەگەڵ ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەستووریش بخرێتە بەردەم جەماوەری خەڵك بۆئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، بەڵام خۆشبەختانە ئەو بڕیارە نەبووە ئەمری واقیع وکۆمسیۆنی

[1] ئەم دیمانەیە لەلایەن خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری نێوەند و بۆ گۆڤاری نێوەند سازدرا، بەڵام کاك ئاسۆ عوسمان لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا بڵاویکردەوە. بڕوانە: ڕۆژنامەی ڕۆژنامە – لاپەڕە 6 – ژمارە 540 – 25-08-2009 – کۆمپانیای وشە – کوردستان – سلێمانی.

هەمان دیمانە لەلایەن ئامادەکارەوە لە ماڵپەڕی کوردستان نێت لە 06-10-2009دا بڵاوکرایەوە.





هەڵبژاردن بەهۆکاری تەکنیکی وادەکەی دواخست. لەگەڵ ئەوەشدا پرسی دەستوور هێشتا پرسێکی بنەڕەتی وگرنگە بۆ خوێندنەوەو تاوتوێکردن وناسینی کەموکورییەکانی، ئێمە بۆ ئەمجارە ئەم پرسە ئاڵۆزو پڕ ناکۆکییە بکەینە تەوەرەی ئەم ژمارەیەی نێوەند، کە ئاخۆ دەستوور بۆ کام مەرامی سیاسیی نوسراوەتەوە؟ خاڵە لاوازەکانی ئەم دەستوورە کامانەن؟ یان چۆن ئیشکالییەتی هاودژیی دەستووری هەرێم ودەستووری عێراق چارە دەکرێت؟

ئاسۆ: لە ماددەی (64)دەستووردا هاتووە ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوار ساڵە, لەڕۆژی سوێندخواردنی دەستوورییەوە دەستپێدەکات، دەکرێ بۆ ویلایەتی دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە, لەرۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە. بەپێی ڕەشنووسی دەستوور بارزانی ماوەی ئەم چوارساڵەی پێشووی سەرۆکایەتی بۆحیساب نەکراوەو دەتوانێت ماوەی " 8"ساڵی تر سەرۆکایەتی هەرێم بکات. ئەم ماددەیە بۆتە جێگای ڕەخنەو نیگەرانی لەلای بەشێك لەسیاسەتمەداران ویاساناسان، پێیانوایە ئەم ماددەیە لەبەرژەوەندیی لایەنێکی سیاسیی داڕێژراوە ئەمە سەرباری ئەو ڕەخنانەی لەبڕگەو ماددەکانی تر هەیانە دەڵێن دەسەڵاتێکی ڕەها بەسەرۆکی هەرێم دراوە. پێتانوایە ئەم ماددەیە مەرامێکی سیاسیی لەپشتەوەیە وەك بەشێکیش لەچاودێرانی سیاسیی هێمای بۆدەکەن کەلەبەرژەوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان وسەرۆکەکەیەتی، ئێوە چ بۆچوونێکتان هەیە؟.

وەڵام: دیارە ئەم مادەیە مەرامێکی سیاسیی لە پشتەوەیە, نەك لە بەرژەوەندیی پارتییە بەڵکو بەتەواوەتی بۆ خودی سەرۆکی ئێستای هەرێم نووسراوە و خاتروخۆترانەیەکی زۆری تێدایە! بەپێی ئەم مادەیە دەکرێت سەرۆکی ئێستای هەرێم بۆ ماوەی 12 ساڵ "یان زۆرتر" فەرمانڕەوای کوردستان بێت. ئەمەش دوورە لە بنەما دەستوورییەکانەوە. هەر لە هەمان دەستووردا زۆر لە مادەکانی, هێزە جێبەجێکارییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش تێپەڕاندنی ئەم دەستوورە, لەوانە باج و کۆکردنەوەی هەندێك رسومات. بەڵام ئەمەیان چونکە لەبەر خاتری سەرۆکی ئێستای هەرێم نووسراوە! دەڵێت لە رۆژی هەمووارکردنییەوە کاری پێدەکرێت! واتە ئەو چوار ساڵەی پێشوو هیچ. بۆ زانیاریشتان هێشتا دەستوورەکە هەموار نەکراوە, واتە هێشتا ویلایەتی دوومی سەرۆکی ئێستای هەرێم ناکەوێتە ناو پراکتیککردنی ئەم مادەیەوە!. واتە تا ئەو رۆژەی ئەو دەستوورە هەموار دەکرێت, ویلایەتەکانی سەرۆکی ئێستای هەرێم حیساب ناکرێت!. کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین سەرۆکی ئێستای هەرێم بۆ ماوەی زۆرتر لە 12 ساڵ سەرۆکی هەرێم دەبێت.

ئاسۆ: لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە یاساناسان ورۆشنبیران و سەرجەم چین وتوێژەکانی ترەوە داوای دەستوورێك دەکەن بۆ دیاریکردنی ئەرك ومافەکان.وەلێ ئێستا تێبینی دەکرێت دوای پەسندکردنی رەشنووسی دەستوور لەرێگای پەرلەمانی کوردستانەوە





لە24-6-2009 لەلایەن زۆرێك لەیاساناسان و رۆژنامەنووسان تەنانەت لەلایەن بەشێك لەسیاسەتمەدارانیشەوە ئەم دەستوورە رەتدەکرێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ناوەرۆکی ئەم دەستوورە ئەوەندە دواکەوتوو وکۆنەخوازانەیە ئەم هەموو هەلآیەی لەسەردروستکراوە؟، ئایا یەکەم رەشنووسی دەستوور لەمێژووی کوردستاندا دەبێتە سەرەتایەك بۆ دروستبوونی قەوارەیەکی دیموکراتی لەهەرێمی کوردستاندا یان بەپێچەوانەوە؟.

وەڵام: من هەندێکجار رەتکردنەوە یان نەکردنەوەی بە بڕیار و بەرژەوەندیی سیاسی دەزانم. خودی خۆم هەروەك لە پەڕتووکی "دەستوورم واهی خوێندەوە"دا باسمکردووە, ناتوانم هێڵێکی راست و چەپ بەسەر ئەو دەستوورەدا بهێنم و هەمووی رەتبکەمەوە. چونکە رەتکردنەوەی تەواوی دەستوورەکە, رەتکردنەوەی ئەو پرنسیپە دەستوورییە نێودەوڵەتییانەشە کە دەستوورەکە کەم و زۆر باسیکردوون, دیارە زۆرینەی ئەو پرنسیپە نێودەوڵەتییانەش زادەی چەندین سەدەی هزری مرۆڤایەتییە بەگشتی. باشتر وایە ئەو کەس و لایەنانە دوور لە بەرژەوەندیی سیاسییانەی خۆیان سەیری دەستوورەکە بکەن و وەك بابەتێکی گشتگر لێی نەڕوانن, بەڵکو مادە بە مادە و بڕگە بە بڕگە لێی بڕوانن. ناشکرێت تەواوی دەستوورێك لەسەر چەند مادەیەکی رەتبکرێتەوە. بەڵکو دەکرێت هەندێك مادەی لاببرێت یان دەستکارییان بکرێت. هەڵبەت لابردن و دەستکاریکردنی هەندێك لە مادەکانی زۆر ئاسانترە لە رەتکردنەوەی هەموو دەستوورەکە. چ لە

باری تەکنیکییەوە و چ لە باری بەرژەوەندیی ئەو لایەنانەی کە لە پشت نووسینەوەی ئەو دەستوورەوەن.

ئاسۆ: لەبڕگەی"10" ماددەی"19" رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان–عێراق، هاتووە هەموو کەسێك مافی ئازادیی رادەربڕینی هەیەو پێویستە ئازادیی رۆژنامەگەریی وهۆکارەکانی راگەیاندن و رادەربڕین فرەلایەنیان مسۆگەربکرێت. لەهەمان بڕگەدا هاتووە ئەو مافە توانج وتەشەرەو دەستدرێژیی بۆ سەرمافی خەڵکی دیکەو سوکایەتی بەپیرۆزییە ئاینییەکان وهاندان بۆ توندوتیژیی برەوپێدانی رق وکینە لەنێو پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان ناگرێتەوە. پرسیارەکەم ئەوەیە ئەم بڕگەیە لەماددەی"19" ئازادیی رۆژنامەوانی ورادەربرین بەرتەسك ناکاتەوە، مەرجدانانێکی لەمجۆرە لەدەستووردا نامانگەیەنێتەوە بەخاڵی سفر؟.

وەڵام: ئەو کاتی لە کۆلیجی یاسا دەمخوێند, مامۆستایەکمان هەبوو دەیگووت: "یاسا ئێڕاقییەکان زۆر باشن, بەڵام ئەوەی کوشتوویەتی ئیستیسناکانێتی!". ئەم بڕگەیەش بەشی یەکەمی زۆر باشە, بەڵام ئەوەی کوشتوویەتی ئیستیسناکەی بەشی دووەمیەتی!. لە راستیدا ئەم بڕگەیە تاکە بڕگە نییە لە دەستوورەکەدا پرنسیپی دژبەیەکی تێدابێت, بەڵکو لە هەندێك شوێنی تریش ئەم دژبەیەکییە هەست پێدەکرێت. دەربارەی ئەم بڕگەیەیان نەدەبووایە ئەو کلکی مافی خەڵك و پیرۆزیی





ئایینیی پێوەبرکایە. ئەمە وەکو ئەوە وایە من بڵێم: باوەڕم بە مافی ژنان هەیە و بەڵام ژنی دووەمیش دێنم!.

بەکورتی ئەو ئازادیی رۆژنامەگەرییەی بۆ ئەوە تێکراوە کە بڵێین ها ئەوا لە دەستوورەکەماندا باسی ئازادیی رۆژنامەگەری و هۆکارەکانی راگەیاندنمان کردووە, بەڵام لە راستیدا بەکۆمەڵێك کۆتی واهی بەستوویەتییەوە کە نەبوونی باشتربوو. هەمان وەڵامیش راستە بۆ پرنسیپەکانی دیموکراسی و حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام لە مادەی شەشی دەستوورەکەدا.

ئاسۆ: لەماددەی( 2) رەشنووسی دەستووری هەرێمدا هاتووە: یەکەم:کوردستانی عێراق قەوارەیەکی جوگرافیی مێژووییە, پێکدێت لەپارێزگای دهۆك بەسنووری کارگێڕی ئێستایەوەولەپارێزگاکانی کەرکووك وسلێمانی وهەولێر وقەزاکانی ئاکرێ وشێخان وسنجارو وتلکێف وقەرەقوش وناحیەکانی زمارو بەعشیقەو ئاسکی کەڵەك لەپارێزگای نەینەواو هەردوو قەزای خانەقین ومەندەلی لەپارێزگای دیالە. ئەمانەش بەسنووری کارگێڕیی پێش ساڵی 1968یانەوە. دووەم: سنوورە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان–عێراق, بەپشت بەستن بەجێبەجێکردنی ماددەی (140)ی دەستووری فیدراڵی, دیاردەکرێن. پرسیارەکەی من ئەوەیە ئێوە چ خوێندنەوەیەکتان بۆئەم ماددەیە هەیە پێتانوانییە یەکلانەکردنەوەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان و جێبەجێ

نەکردنی ماددەی 140و ناڕوونی لەئایندەی ئەم ناوچانە کێشەیەك لەم ماددەیە دروستدەکات، لەکاتێکدا لەبڕگەی دووەمی ماددەکەدا ئاماژە بەسنووری سیاسیی کراوە نەك جوگرافی؟.

وەڵام: لێرەدا سنووری باشووری کوردستان بەشێوەیەکی زۆر نادیار و ناپرۆفیشناڵانە دیاریکراوە. ریزکردنی ئەو شوێنانە هەر لەوەدەچێت کە لای سەوزە فرۆشێك بلێی ئادەی "یەك دوو کاڵەك و چوار پێنج بۆڵە ترێ و هەندێك تەڕەی ترم بدەرێ" بەبێ ئەوەی دیاریی بکەیت بەتەواوەتی چیت دەوێت.

سنوورکردنی وڵاتێك بەم شێوەیە دیاریناکرێت. من ترسی ئەوەم هەیە ئێستاش دەستەڵاتی کوردی نەزانێت کوێ کوردستانە و کوێش ئێراق. ئەمە جگەلەوەی باسی ئەو شوێنانەی تری کورد نەکراوە کە سەربە پارێزگای کوتن وەك بەدرە و جەسان و بەپێی ئەم دەستوورەش بەهەموو شێوەیەك واز لە کوردستانیی شاری نەینەوا دێنن. ئیتر پێویست بەوەش ناکات لیستی برایەتی گلەیی لە لیستی حەدبای عەرەبەکان بکات لە شاری نەینەوادا. ئەگەر موسڵ شارێکی عەرەبی بێت بەپێی دەستووری هەرێمی کوردستان, ئیدی لیستی برایەتیی پارتی و یەکێتی چی دەکەن لە موسڵ!.

دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە مادەی ئێکسپایەربووی 140ی دەستووری هەمیشەی ئێراق کارێکی گێلانەیە و ئەمە ئەوەندەی تر کارەکان ئاڵۆز دەکات. جگە لەوەی دەبووایە لە



وشه پەڕتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

دەستوورەکەدا وەك پەراوێزێك مادەی 140ی دەستووری ئێراقی دابنرایە تاوەکو بیری خەڵکی بهێننەوە کە ئەم مادەیە بەتەواوەتی چی دەڵێت.

ئەمە دەقی مادەی 140ە:

المادة 140

أولاً – تتولى السلطة التنفيذية اتخاذ الخطوات اللازمة لاستكمال تنفيذ متطلبات المادة (58) من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية , بكل فقراتها.

ثانياً – المسؤولية الملقاة على السلطة التنفيذية في الحكومة الانتقالية , والمنصوص عليها في المادة (58) من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية , تمتدوتستمر الى السلطة التنفيذية النتخبة بموجب هذا الدستور , على ان تنجز كاملة ( التطبيع , الاحصاء , وتنتهي باستفتاء في كركوك والمناطق الاخرى المتنازع عليها , لتحديد ارادة مواطنيها ) في مدة اقصاها الحادي والثلاثون من شهر كانون الاول سنه الفين وسبعة.

ئاسۆ: لەبڕگەی یەکەمی ماددەی (6)دا هاتووە نابێت هیچ یاسایەك دابنرێت ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام. هەوەها لەبرگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ناشبێت هیچ یاسایەك دابنرێت ناکۆك بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی. پرسیارەکە ئەوەیە ئیشکالاتێکی گەورە بەدیدەکرێت لەم ماددەیەداو هەمان ئەو کێشەیەش لەدەستووری عێراقدا هەیە. لەگەڵ ئەوەی برگەی یەکەم بۆ رازیکردنی

حزبە ئیسلامییەکان لەدەستووردا دانران ولەرەشنووسی ئابی2006 نەبووە، بەڵام چاودێران پێیانوایە ئەم بڕگەیە پێشێلکردنێکی ئاشکرای دیموکراتیەت وئازادییە فەردییەکان وپێشلکارییەکی ئاشکرای مافەکانی ژنانیشە ئێوەش وای دەبین یان بەپێچەوانەوە؟.

وەڵام: من لەسەداسەد بە پێشێلکردنێکی ئاشکرای دیموکراسی و ئازادییەکانی مرۆڤی دەزانم. بوونی بڕگەیەکی واهی لە دەستوورەکەدا نەك هەر هەڵەیە, بەڵکو عەیبیشە! . ئەگەر باوەڕمان بە بنەماکانی دیموکراسی ببێت, دەبێت باوەڕیشمان بەوە ببێت ئافرەتی کورد, مرۆڤی کوردە و نیوەی کۆمەڵگەی ئێمەیە, بەڵام لەم دەستوورەدا و بەپێی حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام دەکرێت دوو دوو و سێ سێ و چوار چوار مارەبکرێن! . ئافرەتی کورد نیوەی پیاوی کوردە لە دادگاکاندا و لە میراتیشدا نیوەی براکەیەتی و زۆر کاری تر کە حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام! پێش چواردەسەدە دایناون و ئێمە پاش چواردەسەدە دەڵێین نابێت یاساکانمان لەگەڵ ئەو حوکمە نەگۆڕانەدا ناکۆك بن! ئەمە نە دیموکراسییە و نە باوەڕبوونە بە بنەماکانی دیموکراسی. ئەو لیژنەیەی ئەم عەیبە گەورەیەی خستووەتە ئەم دەستوورەوە, پێش هەموو ئافرەتێکی کوردستان, سووکایەتیی بەخۆی, بە دایکی, بە خوشکی, بە کچی کردووە. دەبێت هەرچی چۆنێك بێت یەکێك لەو دوو بڕگەیە دەربهێنرێت. یان ئەوەتا حکومەتی هەرێم حکومەتێکی ئیسلامییە و بڕگەی بنەماکانی دیموکراسی لابرێت. یانیش حکومەتێکی دیموکراتییە و بڕگەی حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام لابرێت. چونکە ئەو دووانە بەهیچ





شێوەیەك یەکناگرنەوە. ئەگەر ئیسلامی بیت, دیموکرات نیت. ئەگەر دیموکرات بیت, ئیسلامی نیت.

لە مادەی :118:دەستوورەدا هاتووە " دەستوورەپاش ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگدارانی گەلی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسیەکی گشتیدا بەپەسەندکراو دادەنرێت".واتە ڕیژە دیاری نەکراوە بۆ پەسەند کردن یاخود ڕەت کردنەوەی دەستور ،چاودیران و یاساناسان ئەمە بەکێشەیەکی گەورە دەبینن و پێیان وایە دیاری نەکردنی بەبەڵیی ڕێژەی دوو لەسەر سێی خەڵکی کوردستان بەدەستور فێڵێکی سیاسیەو بۆتێپەراندنی دەستور.من دەمەوێت ئەوە بپرسم تاچەند ئەم ڕەخنانە لەجێگای لەجێگای خۆیدایە ؟.

وەڵام: ئەم ڕەخنانە لە جێی خۆیدان. من لەو پەڕتووکەی کە پێشتر ئاماژەم بۆیکرد و ئامادەیە بۆچاپ, باسی ئەم کێشەی بەڵێ و نەخێرەی دەستوورم کردووە. دەستەڵات یان دەستوورەکە, هەر باسی بەڵێی بۆ دەستوورەکە کردووە! . ئەی ئەگەر خەڵکی وتیان نەخێر! ئەو کاتە چ دەبێت. هەروەها ئەوەش گرنگە ئایا هەمووارکردنی دەستوور بە ٪51ی دانیشتووانی هەرێم دەبێت یان دوو بۆ سێی! . ئەمە بێجگە لەوەی ئەگەر هەموواریش بکرێت بەڕای من هێشتا هەر ناچێتە خانەی یاسا و دادەوە, چونکە نیوەی دانیشتوانی باشووری کوردستان لە دەرەوەی هەرێمن و هێشتا بەفەرمی توانای دەنگدانی ئەو دەستوورەیان نییە. بۆچی من

دەنگ بۆ کەرکوکییەك بدەم. ئەدی بۆچی هەولێرییەك لەجیاتیی مەخمورییەك و زاخۆییەك لەجیاتیی شەنگارییەك بلێت بەڵێ یان نەخێر بۆ دەستوور!.

دیارە بە ئەنقەست حەزناکەم زۆر درێژی بکەمەوە, چونکە بەڕای خۆم بە دووروودرێژی وەڵامی ئەو پرسیارانەم لە پەڕتووکی "دەستوورم واهی خوێندەوە!"دا داوە.

2009-08-12

لاهای – هۆڵندا





# جاش و باش و پرسیارێك![1]

لاهای – هۆڵندا

2009-08-27

من ئێستاش ئەوەم بۆ ناچێتەوە سەریەك, بۆچی تاوانبارێکی وەك شێخ جەعفەری پارێزگاری سلێمانی لە شارێکی وەك هەولێر داڵدە بدرێت و پاشانیش لەوێوە بنێردرێتە دەرەوەی کوردستان و ئێستا لە شوێنێکی نادیار بژی. بێئەوەی نەك هەر دادگایی بکرێت, بەڵکو تەنانەت تاکە لۆمەیەکیش بکرێت. ئەمە دەبێت تەنها لە ئێمە بوەشێتەوە!.

دیارە یاشێخ تەنها نموونەیەکە و لە شێخ جەعفەراندا زۆر دەوڵەمەندین. یەك لە گەورەترین هەڵەی راپەڕینەکەی ساڵی 1991ی باشووری کوردستان داڵدە و لێبووردنی گشتی بوو بۆ ئەو جاش و خۆفرۆشانە,

[1] هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 76 – 2009-08-31 – لاپەڕە 18 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 2009-09-01
ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ– 2009-09-01
ماڵپەڕی کوردۆساید ۆچ – 2009-09-01
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-09-05
ماڵپەڕی پێنووسە ئازا و ئازادەکان – 2009-09-07

بەتایبەتی سەرۆك جاشەکان و هێما کوردەکانی رژێم لە کوردستاندا. من نەك ئەوەم پێ هەڵەیە بەڵکو ئازادکردنی ئەو دەیان هەزار سەربازە عەرەبەشم پێ هەڵەیەکی گەورە بوو. لێرەدا سەرباز مەبەستم ئەفسەر و بەرەوژوورە. ئەوانە تاوانباری جەنگ بوون و کەم و زۆر بەشداریی سەرکووتکردنی بزووتنەوەی کورد و ئەنفال و ماڵوێرانییەکانی ئێمەیانکردووە. نەدەبووا وا بەئاسانی و بەڕێزەوە رەوانەی بیابان بکرابانایەوە. دەبوو بەلایەنی کەمەوە دادگایەکی تایبەتی دابمەزرێنین بۆ دادگاییکردن و سزادانی ئەفسەرە پایە بەرزەکان و هەموو ئەو سەرۆك جاش و هێما کوردانەی رژێم.

دیارە ئەوە رووینەدا, وەك وەمان نەکرد, جاشەکانمان کردەوە بە "باش"! باشێکی واهی کە زۆر لە من و تۆ, رێزی زۆرتر بێت لای دەستەڵات, ئێستا یەکێك لەو جاشە باشانە زۆر ئاسایی دەتوانێت لەسەر ئەم نووسینە من بداتە بەر شەق و کەسیش نەوێرێت لەسەرم هەڵبداتێ!. سەرۆکجاشەکان هاتنە باوەشی حیزبە کوردییە "شۆڕشگێڕەکان"ەوە. هەندێکیان پیربوون و ئێستا خانەنشینکراون, هەندێکیشیان لە شەڕی ناوخۆدا کوژران و ئێستا شەهیدن! ئەوانەشی ماونەتەوە ئێستا کاربەدەستن.

ماوەیەکە رێکخراوی کوردۆساید ۆچ و هەندێکی تر کەوتوونەتە کامپین بۆ دادگاییکردنی ئەو سەرۆکجاشانە, بەتایبەتی ئەوانەی بە بەڵگەوە بەشداریی ئەنفال و کوردکوژییان کردووە و ئێستاش لە ریزەکانی





دەستەڵاتدان. لەگەڵ هەموو هیوایەکم بۆ سەرکەوتنی ئەو هەوڵ و کامپینانە, پرسیارێکیان ئاڕاستە دەکەم و بەهیوای وەڵامیانم:

ئایا کامیان تاوانترە, تاوانباری یان داڵدەدانی تاوانبار و شۆردنەوەی تاوانەکانیان؟. بەلەجیاتی دانان! سەرۆکجاشێکی تاوانبار یان لایەنێکی داڵدەدەر؟.

لە خۆم و لە ئێوەش دەپرسم! کێ دەتوانێت بیسەلمێنێت کە کەسێکی وەك عیززەت ئەلدوری لە کوردستان داڵدە نەدراوە! یان کێ دەتوانێت بۆم بسەلمێنێت کە ساجیدەی ژنی سەددام لە یەکێك لە هاوینەهەوارەکانی کوردستاندا موعەززەز و موکەررەم ناژی!.

بەلای منەوە سەرۆکجاشەکان تاوانبارن, لێ لەوان تاوانبارتر داڵدەدەرانیانن..

---

هەمان بابەت لەلایەن رۆژنامەی رووداوەوە کرایە کرمانجی و تیپی لاتینی و لە ماڵپەڕی رووداوی کرمانجی و چاپی ئەوروپای کرمانجیدا بڵاوکرایەوە:

## Caş û Baş û Pirsek!

**Hawrê Baxewan**

Ez niha jî nikarin fam bikim, çima tawanbarekî wek Şêx Caferê Parêzgeha Silêmaniyê yê Serdemê Beesê, li Bajarekî wek Hewlêrê tê vehewandin û piştre ji wir bo derveyî Kurdistanê bê şandin û niha li cihekî nediyar bijî.

Bê wê ya were dadgehkirin, belkî heta gazinek jî jê bê kirin. Ev dibe ku tenê ji destê me were!

Diyar e ya şêx tenê mînakek e û di Şêx Ceferan de em pir dewlemend in. Yek ji şaşiyên herî mezin ên serhildana sala 1991an a Başûrê Kurdistanê vehewandin û lêborîna giştî bû bo wan caş û xwefiroşan, bi taybetî serokcaş û hêma Kurdên rejîmê di Kurdistanê de. Ez ne tenê wê şaş dibînim, herwiha azadkirina wan deh hezar serbazên Ereb jî şaşiyek mezin dihesibînim, li vir mebesta min efser û derceyên ber bi jor e. Ew tawanbarên şer bûn û kêm û zêde di qirkirina Tevgera Kurd û Enfal û malwêranî ya me de beşdar bûne. Nediviya wiha bi hesanî û rêz û hurmet ve bo newalan bihatana şandin. Divabû ji aliyê kêm bo dadgehkirin û cezakirina efserên payebilind û hemû ew serokcaş û hêmayên Kurdan ên Rejîma Bees, li dadgeheke taybet bihatana darizandin.

Diyare wiha çênebû, wek me wisa nekir, me caş kirin ‘Baş’! Başekî wiha ku rêz û hurmeta wî li cem desthilatê gelek ji ya min û te zêdetir be, pir normal e niha yek ji wan caşên baş dikare li ser vê nivîsînê min bide ber pehînan û kes jî newêre li ser min bike! Serokcaş hatin hembêza partiyên Kurdî ên ‘Şoreşger’. Hinek ji wan pîr bûne û niha hatine xaninşînkirin, hinek jî di şerê navxwe de hatin kuştin û niha şehîd in! Yên ku mane jî, niha karbidest in.

Ev demeke Rêxistina ‘Kurdosaydoch’ û hinek saziyên din kampanyayek bo dadgehkirina wan serokcaşan dane destpêkirin, bi taybet ên ku bi belge di Enfal û Kurdkujiyan de başdar bûne û niha jî di refê desthilatê de





ne, li gel hemû hêvî ya min bo serkeftina wê hewl û kampanyê, ez pirsekê raberî wan dikim û li benda bersiva wan im:

Gelo kîjan tawantir e, tawanbarî yan penadana tawanbar û şuştina sûc û tawanên wan? Serokcaşekî tawanbar an aliyekî penahder? Ez ji xwe û we jî pirs dikim! Kî dikare îspat bike ku ksesekî wek Izet El-durî li Kurdistanê nehatiye penahdan û veşartin! Yan kî dikare ji min re îspat ke Sacîde ya Hevsera Sedam di yek ji havîngehên Kurdistanê de ‘muezem’ û ‘mûkerem’ (bi qedirgiranî) nejî!

Bi ya min, serokcaş tawanbar in, lê ji wan tawanbartir penader û piştîvanên wan in...

# دۆبلاج یان ژێرنووس؟![1]

**لاهای – هۆڵندا**
2009-08-13

ئەو دەمی کە هێشتا ئەو ئامرازە دانەهاتبوو کە پێیدەڵێن نەڤیگەیشن و بە ئاسانی ڕێگاکانت بۆ دەدۆزێتەوە, ناچار دەبوویت بەهۆی نەخشەوە لە هەر وڵاتێکی ئەورووپیدا شوێنی ئامانجەکەتت بدۆزییایەتەوە. ئەگەر نەخشەکەش یارمەتیدەر نەبووایە, ناچار دەبوویت بکەوتیتایەتە پرسیار. ئەگەر ئەو وڵاتەی کە بۆی دەچوویت, خوانەکردە ئەڵمانیا یان فەڕەنسا بووایە, ئەوا کێشەکەت گەورە بوو. چونکە ئەگەر پرسیارەکانت بە زمانی خۆیان نەکردایە, ئەوا زۆر بە ئاستەم کەسێکت دەستدەکەوێت کە شتێك ئیگلیزی بزانێت, یان بیەوێت بە ئینگلیزی قسەبکات!. ئەو دیاردەیەم لە هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و فەڕەنسا زۆر پێ سەیر بوو. دیارە دەمزانی بیرکردنەوەیان واهییە کە هەر زمانی خۆیان بەکاردێنن. بەڵام پێیشم سەیر بوو کە لەکاتێکدا لە شارێکی وەکو بۆن لە ئەڵمانیا بە زمانی ئینگلیزی پرسیارم لە چەند خوێندکارێکی گەنج کرد بۆ

[1] گۆڤاری کۆوار – ژمارە 44 – لاپەڕە 48 – ئۆگەستی 2009 – کوردستان – سۆران.
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە – 2009-09-07
ماڵپەڕی پێنووسە ئازا و ئازادەکان – 2009-09-07





دۆزینەوەی شوێنێك, کەچی یەکێکیان لێم تێنەگەیشت و کەسیشیان نەیانتوانی بەیەك وشە ئینگلیزی وەڵامم بدەنەوە!. لە ئەستەمبوڵ تورکی نەزانیت, جگەلەوەی هیچ شوێنێکت بۆ نادۆزرێتەوە, چونکە کەسیان لە تورکی زۆرتر هیچ زمانێکی تر نازانن! ئەوا دەستیشت لەبندا دەبڕن بۆ هەر شتێك کە پێتی بفرۆشن. ئەگەر بەختت بوو, ئەوا تووشی کرمانجێك دەبیت تاوەکو یارمەتییەکت بدات!. ئەمە ئەگەر کورد بیت, ئەگەرنا ئەوا بۆ خەڵکی تر هەمووی هەر کێشەیە.

دواتر بۆم روونبووەوە کە سیستەمی پەروەردەیی تەلەڤزیۆنی ئەڵمانییەکان و فەڕەنسییەکان و تورك و هەندێك وڵاتی تر زۆر خراپە. ئەمانە هەرچی فیلمی کارتۆنی منداڵان و زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکانی گەنجان و فیلمە ئەمریکییەکان هەیە, دۆبلاجی دەکەن بۆ زمانەکانی خۆیان و منداڵیان هەر لە منداڵییەوە بە زمانی ئینگلیزی ئاشنا نابێت و بێجگە لە زمانەکەی خۆیان بە زمانانی تر شارەزا نابن. بەڵام بۆ نموونە وڵاتێکی وەك هۆڵندا تەنانەت هەندێك فیلمی کارتۆنیش دۆبلاج ناکەن و بە زمانەکەی خۆیان ژێرنووسی بۆ دەنووسن, نەمدیوە هیچ زنجیرەیەکی تەلەڤزیۆنی یان فیلمێك دۆبلاج کرابێت, ئەگەر بشبن زۆر کەمن. هەربۆیە, زۆر بەئاسانی هۆڵندییەکان زمانی ئینگلیزی قسەدەکەن و لە پاڵیشیدا ئەڵمانی و زۆریشیان فەڕەنسی دەزانن.

ئەم دۆبلاج و ژێرنووسی فیلمانە بۆ ئێمە دیاردەیەکی نوێیە. تەلەڤزیۆنە کوردییەکان کەمە کەمە خەریکن پیادەی دەکەن. تەلەڤزیۆنەکانی باکوور لەوانە رۆژ تی ڤی, هەمان دەردی تەلەڤزیۆنەکانی تورکی تووش

بووە و لەجیاتی ژێرنووس, دۆبلاج دەکەن. تەلەڤزیۆنەکانی باشووریش کەمینەیەکیان دۆبلاج دەکەن و بەڵام زۆرینەی فیلمەکان خۆشبەختانە ژێرنووسکراون. ئەم دۆبلاجکردنە کارێکی زۆر خراپە و خۆزگە تەلەڤزیۆنە کوردییەکان جگە لە فیلمی کارتۆن بۆ خوار منداڵی دە ساڵان, وازی لە دۆبلاجکردنی ئەوانی دی دەهێنا کە بۆ سەروو دە ساڵن.

کەسانێکی زۆر ڕۆژانە چەند کاژێرێکی خۆیان بە تەماشاکردنی تەلەڤزیۆنەکان و لەوانە فیلمەکانییەوە خەریکدەکەن. دەکرێت ئەو ژێرنووسی فیلمانە وەك قوتابخانەیەکی پەروەردەییی بۆ زمان و ڕێنووسی کوردی لێبێت. بەڵام بەداخەوە ئەو ژێرنووسانەی کە من بۆ نموونە لە کەناڵی تەلەڤزیۆنیی کۆڕەك دەیبینم, نە ئاستی ڕێنووسیان, نە ئاستی ڕێزمانیان, نە ئاستی ستانداردییان وەك پێویست نییە. تەنانەت هەندێکجار ژێرنووسەکان لە ئەمانەتی وەرگێڕانیشەوە دوورن. بە ئینگلیزییەکەی گوێت لە شتێك دەبێت و ژێرنووسەکەی شتێکی ترە!.

زۆرجار ژێرنووسی فیلمێك لە فیلمێکی تر ئەوەندە جیاواز, دەڵێی وەرگێڕەکانی هەریەکە و لە هەسارەیەکی جیاوازەوە هاتوون!. بۆ نموونە هەندێك ژێرنووس یەکسەر دەزانیت کەسانێك کردوویانە کە خەڵکی سلێمانین. ئەوانەی هەولێر زۆربەی پاشگری "تن" بە وشەکانییانەوە دەنێن. وەلحاڵ هەریەکە و بۆخۆی زمانێکی ستاندارد, ڕێنووسی تایبەت بەخۆیی دروستکردووە و فیلمەکانیش پیشاندەدرێن و کەسیش نییە سنوورێك بۆ ئەو بەڕەڵڵاییە دابنێت.





ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بیڵێم, ژێرنووسکردنی فیلم کاری تەلەڤزیۆنەکان نییە. بەڵکو کاری چەند کۆمپانیایەکی وەرگێڕانە کە لە ژێرنووسکردنی فیلمدا پسپۆڕن, ئەوانیش دەبێت لەلایەنێکەوە پەیوەست بن بە کۆمەڵێك بنەمای زمانەوانی و ڕێنووسییەوە تاوەکو مەبەستی فیلمەکان بەباشی بگەیەننە ئێمە, ئەگینا زمانەکەمان هێندەی تر دەبێتە فیلم!. ژێرنووسەکانیش لەجیاتی مەبەستی تێگەیاندن و پەروەردەیی, دەبێتە گەڕەلاوژێیەکی تری زمانەوانی, هەروەکو ئەوەی کە ئێستا لە کوردستاندا زمانی کوردی کراوەتە دوو زمان و لە بادینان بە بادینی و لە سۆرانیش بە سۆرانی دەخوێنرێت!. هیوادارم ژێرنووسەکانیش نەبنە دوو زمانی بادینی و سۆرانی بۆ هەر فیلمێك.. ئەگەر بەوشێوەیە بڕوات ئەویش دوور نییە!..

# دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی رومالٚ – ئەسەلان مەحمود[1]

رۆشنبیری جددی و، مۆدێرن، لە بنەمادا هێندەی کە دەبێ هێزێك بن بۆ بەرهەمهێنانی جیاوازی‌و دۆزینەوەی رووبەری جیای بیرکردنەوەو روانین لەدەرەوەی ترادسیۆنە داخراوەکانی کۆمەڵگە، ئایدولۆژیا، خەیاڵگە نەریتییەکان، ئەوەندە خولانەوە لە بازنەیەکی دیاریکراو، یان خۆبەستنەوە بە ئاین و ئایدیۆلۆژیەتێکی حزبی و ڕێسا باوەکانەوە نیە، کەچی نوخبەو رۆشنبیرە هەرە دیارەکانی هەرێم تا ئێستا نەیانتوانیوە لەو دۆخە دەربازیانبێ، هەندێك دەڵێن لە بازنەکەدا خنکاون، ئەمە بۆ؟..

وەڵام: ئەگەر رۆشنبیر بەوانە بڵێین کەتا دوێنێ بوو بەرمیلە وشەی نەوتاوییان دەنا بە شەڕی براکوژییەوە و ئێستا هەر لە خانەی رۆشنبیرییدان!, یان بەوانە بگووترێت کە کاتی خۆی بۆ بوتڵێك عارەقی فەل وتارێکیان دەنووسی, یان ئەوانەشی ئێستا زووڕناژەنن و ئاغاکانیان چییان پێ بڵێن, قەڵەمەکانیان دەنووسن بەڵێ گەورەم! ئەوا بەڵا لەو رۆشنبیرانە.. ئەویشی لەو بازنەیەدا دەخوولێتەوە, نابێت پێیان بگووترێت رۆشنبیر.

[1] رۆژنامەی رووماڵ – ژمارە 1 – 06-09-2009





خودی خۆم بۆ وەڵامدانەوەی ئەم تەوەرە, لە هەنگاوی یەکەمدا سەیری رۆشنبیر ناکەم, بەڵکو سەیری رۆشنبیرییەکەی دەکەم وەك بەرهەمەکەی, ئیدی ئەو بەرهەمە هونەر بێت, نووسین بێت یان هەر پاشەرۆکێکی تری هزری. لە هونەردا شانۆی ساڵی هەشتاکان بە نموونە دێنمەوە, کە دەکرێت پێی بگووترێت سەدەی زێڕینی شانۆی کوردی. ئەدی ئێستا چمان هەیە, دەکرێت پێی بڵێین شانۆ! بێگومان نەخێر. هۆیەکەشی ئەوەیە کە شانۆی هەشتاکان شانۆی مەسەلەی نەتەوەیەك بوو, بەڵام باشتر بووە شانۆی حیزب, شانۆی ئایدۆلۆژیایەکی هەرێمی. کە رۆشنبیر بووە دەروێشی حیزب, ئایین یان هەر ئایدۆلۆژییایەکی بەرتەسکی تر, ئەوا دەبێتە فەرمانبەرێکی ملکەچ, حیزبەکەی, ئایینەکەی یان ئایدۆلۆژییاکەی چیی پێگووت, دەبێت وەك فەرمانبەرێك جێبەجێی بکات و هیچ مەودایەکی بیرکردنەوەی نییە و رێی پێنادرێت. بەڵام ئەوکاتەی کە رۆشنبیر خۆیی بە موڵکی نەتەوەکەیی و مەسەلە رەواکە زانی, ئەوکات دەتوانێت زۆر تەندروستانەتر بیربکاتەوە, بەرژەوەندچی و کوڕی رۆژ نابێت و ئەوکاتیش داهێنانی دەبێت. بەڵام لەو وڵاتەی ئێمە چونکە زۆرینەی رۆشنبیر بووەتە دەروێشی لایەنێك و خۆیی بچووککردووەتەوە, هەربۆیە ناشێت ئەوەیشی بەرهەمی دێنێت بەتەواوەتی پێی بگووترێت رۆشنبیری و هێزکارێکی ئەوتۆی لەسەر کۆمەڵگەی ئێمە ببێت. هەر لەو روانگەیەوە دەبینین چەندین یەکێتیی هونەرمەندان, خوێندکاران و نووسەران هەیە. هەندێکی تریش لە رۆشنبیرانمان کە خۆیان بە سەربەخۆ و خەڵکیش پێیان وایە

سەربەخۆن, بەڵام لە ڕاستیدا هەردەم لایەنێك دەستی بە پشتییانەوەیە و لەبۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان دێنن.

کەواتە ڕۆشنبیر بەلای منەوە ئەو کەسەیە کە بێ هیچ هەستێکی خۆژییێنانە کار بۆ ڕۆشنبیرکردنی نەتەوەکەی دەکات. بەڕادەیەك ئەوەی هەستی پێدەکات دەریدەبڕێت و ئەوەشی لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەیدایە دەیخاتە بەردەستیان. بەبێ گوێدانە ترسی لایەنێك, کۆتێکی کۆمەڵایەتی یان ئایینێکی دوواکەوتوو. ئەگەر نا ئەوەی دەریدەبڕێت ناکرێت بخرێتە خانەی ڕۆشنبیرییەوە و دەبێتە خنکاوێکی ئەو بازنە تەسکەی حیزب و ئایدۆلۆژیا و ئایین..

2009–08–24





# لیستەی گۆڤار, ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان

ئەو کەناڵانەی ئەو کورتە لێکۆڵینەوە و وتارانەی بەرگی دووەمی تێدا بڵاوکراوەتەوە, ئەمانەن:

تێبینی: هەندێك لەم ماڵپەڕ و کەناڵانە بەبێ پرسی من نووسینەکانیان وەرگرتووم و بڵاویانکردوونەتەوە.

مەرج نییە هەموو ئەو ماڵپەڕ و کەناڵە ڕاگەیاندنانەی کە نووسینەکانی منیان بڵاوکردووەتەوە لەم لیستەیەدا بێن.

- ماڵپەڕی کوردستان نێت
- هەفتەنامەی میدیا, کوردستان – هەولێر
- ماڵپەڕی کڵاوڕۆژنە
- هەفتەنامەی نێوەند, کوردستان – سلێمانی
- ماڵپەڕی کورد ئای تی لە ئیتالیا
- ماڵپەڕی ژننامە
- ماڵپەڕی خاك نێت
- ماڵپەڕی پشدەر
- ماڵپەڕی ئازادی بەزمانی هۆڵەندی
- ڕۆژنامەی ئاڵا – کوردستان – هەولێر
- گۆڤاری نێوەند – کوردستان – سلێمانی
- گۆڤاری لڤین, کوردستان

- گۆڤاری زنار, کوردستان
- ڕۆژنامەی ئاڵا, کوردستان – هەولێر
- ڕۆژنامەی بونیاد, کوردستان – سلێمانی
- ڕۆژنامەی ڕووداو, کوردستان – هەولێر
- ماڵپەڕی لێدوان
- ماڵپەڕی خوداکان
- ماڵپەڕی بێورانی سەرسەوز
- ماڵپەڕی ڕووداو نێت
- ماڵپەڕی خازر
- ماڵپەڕی زاری کرمانجی
- گۆڤاری کۆوار
- ماڵپەڕی ئاراس کۆیی
- ڕۆژنامەی بەدرخان
- ماڵپەڕی جودی نیوز
- ماڵپەڕی ئازاد هەورامی
- گۆڤاری هەڵبوون
- هەفتەنامەی بارزان
- هەفتەنامەی سۆلیدارێتیی خوێندکاران
- ماڵپەڕی چاك نیوز
- ماڵپەڕی چاوی خەڵك
- گۆڤاری شەقام





- ماڵپەڕی ئیلاف – بەزمانی عەرەبی
- ماڵپەڕی سبەی – کۆمپانیای وشە
- گۆڤاری چاوگ
- کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی سەحەر – ئێران
- ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ – کوردستانان نێت
- کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی KNN
- ماڵپەڕی ڕادیۆی نەوا
- ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی – ئۆرگانی زەحمەتکێشان
- ماڵپەڕی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان KNC
- ڕۆژنامەی هەواڵ
- ڕۆژنامەی ڕۆژنامە
- ماڵپەڕی پێنووسە ئازا و ئازادەکان
- ڕۆژنامەی ڕووماڵ

# پەڕتووکەکانی نووسەر

1: لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994.

2: پرۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994. چاپی دووەم – هۆڵندا – 1995. چاپی سێیەم – هەولێر – 2002 – لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا – چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر.

3: کوردستان... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1996. چاپی دووەم – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – کوردستان هەولێر – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – ژمارەی سپاردن: 91 – 2003.

4: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم – زنجیرە (16) – چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

5: ئاڵای کورد – چاپی یەکەم – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – زنجیرە (117) – سلێمانی – 2001.





6: ڕۆژی شۆڕش یان ڕۆژی تیرۆر – چاپی یەکەم – ئۆکتۆبەری 2003 – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – ژمارەی سپاردن: 301 – کوردستان – هەولێر.

7: وشە پەڕتەوازەکان – بەرگی یەکەم – سەرجەمی 100 وتار و کورتە لێکۆڵینەوەیە کە لە نێوان ساڵانی 1995 و 2005دا لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردی و بێگانەکانی کوردستان و هەندەراندا بڵاوکراونەتەوە – ژمارەی سپاردنی (1994)ی ساڵی (2008)ی پێدراوە – چاپخانەی سیما – 2009 – کوردستان – سلێمانی.

وشە پەرتەوازەکان (بەرگی دووەم) هاوڕێ باخەوان

**Hawrê Baxewan**

# Wişe Pertewazekan

**Bergî Dûem**

**Sercemî ew witar u kurte lêkolînewaneye ke le salî 2005ewe taweku salî 2009 le gowar u rojname u malpere Kurdîykanî Kurdistan u Henderanda bilawkirawnetewe**